# گوتار له نێو گوتاردا

## (کۆچی سوور) بەنموونە لەنێو شۆڕشدا

# گوتار لە نێو گوتاردا

## (کۆچی سوور) بەنموونە لەنێو شۆڕشدا

نووسینی

غازی حەسەن

هەولێر ـ ٢٠٢٣

## دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

**بابەت: لێکۆڵینەوە**

**گوتار لە نێو گوتاردا (کۆچی سوور) بەنموونە لەنێو شۆڕشدا**

- د. دلێر فەرحان
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: .......
- نرخ: (.........)  ...... هەزار دینار
- چاپی یەکەم ٢٠٢٣
- تیراژ: (......) دانە
- چاپخانە: چاپخانەی (..........)
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (......) ساڵی (........)ی پێداوە.

**زنجیرەی کتێب (..........)**

**ماڵپەڕ: www.mukiryani.com**

**ئیمەیل: info@mukiryani.com**

# نێوەڕۆک

ناوی لێکۆڵینەوە ........ ١٠
ڕێبازی لێکۆڵینەوە ........ ١١
هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ........ ١١
کێشەی سەرچاوە ........ ١٥
پێکهاتەی لێکۆڵینەوە ........ ١٦
یەکەمیان/ تیۆرریيە ........ ١٦
دووەم/ شیکردنەوەی پراکتیکی دەقەکەیە ........ ١٦
**بەشی یەکەم ........ ١٧**
تیرۆر و شیکردنەوەی فکرییەکان ........ ١٧
شۆڕش ........ ١٧
شۆڕش و هاوواتای شۆڕش ........ ٢٠
شۆڕشگێر کێیە؟ ........ ٣٢
شۆڕش لە ئەمەریکا ........ ٣٨
ئەدەب و هونەر لەسەردەمی شۆڕشدا ........ ٤٢
ئەوەی مندالانی کۆلۆنیالیزم دەیخوێننەوە ........ ٤٩
شیعر و شاعیری شۆڕشگێڕانە ........ ٥٢
شۆڕشگێڕی خەیاڵی ........ ٥٨
جەستە وەکو ناسنامە ........ ٦٣
توانەوە و بوونە کەسی شۆڕش ........ ٧١
ئەدەب و شۆڕش ........ ٧٦
ڕۆمان ........ ٧٨
گوتار ........ ٨٢

گوتاری ڕۆمان........................................................................ ٨٨
گوتاری ئەدەبی .................................................................... ٩٠
گوتاری شوێن........................................................................ ٩٦
دە ڕۆمانی شۆڕشگێڕانە .......................................................... ٩٨
دابەشبوونی هیندستان و پاکستان ................................................ ١٠٠
جەنگی سەربەخۆیی ئیرلەندا .................................................... ١٠١
ئەپارتایدی ئەفریقای باشوور.................................................... ١٠٢
شۆڕشی ئێران...................................................................... ١٠٢
شۆڕشی مەکسیک................................................................. ١٠٣
شۆڕشی ئۆتۆبەری ڕووسیا..................................................... ١٠٣
جەنگی ئەمەریکا لە ڤێتنام ...................................................... ١٠٤
شۆڕشی کولتووری چین ......................................................... ١٠٤
شۆڕشی میسر..................................................................... ١٠٥
شۆرشی فەرەنسا.................................................................. ١٠٥
کوشتن............................................................................... ١١١
**بەشی دووەم** .......................................................... ١٢٣
شیکردنەوەی دەق ................................................................ ١٢٣
ڕۆمانی کوردی لەشاخ............................................................ ١٢٣
ناوونیشانی ڕۆمانەکە ............................................................. ١٢٨
ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی .................................................. ١٣٧
کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە.................................................... ١٤٤
تێکەڵبوون و ئاڵۆزکان............................................................ ١٥٩
خۆفرۆشی و لەشفرۆشی......................................................... ١٧٠
فرە دەنگی ........................................................................ ١٧٩
کوشتن و خۆکوشتن.............................................................. ١٨٨
فرە سەنتەریی و فرە هێزیی و فرە گوتاری................................. ١٩٨
شەڕ و شۆڕش ..................................................................... ٢٠٥
ڕۆشنبیر کە دەبێتە بەشێک لە ئەرکە گشتییەکە............................ ٢٢١

پێشمەرگە و شۆڕش ........................................ ٢٢٩
ئیستغلالکردن ........................................ ٢٥٠
ڕەخنەگرتن و بڕوا بەخۆبوون ........................................ ٢٦٧
فەشەل ........................................ ٢٧٠
بێ متمانەیی ........................................ ٢٧١
ڕەتکردنەوە و سڕینەوە ........................................ ٢٧٢
مرۆڤی یاخی، دەقی یاخی و گوتاری یاخی ........................................ ٢٨٠
پاکتاوکردن ........................................ ٢٩٨
گوتاری پاشکۆ بوون و کۆیلە بوون ........................................ ٣٠٠
بەها ........................................ ٣٠٨
گوتاری ژانی گشتی ........................................ ٣٢٥
یاخیبوونی شۆڕشگێڕانە ........................................ ٣٣٩
گوتاری کۆچی سوور ........................................ ٣٤٩
مەبەست لەنێو گوتاری (کۆچی سوور)دا چییە؟ ........................................ ٣٤٩
**پوختە و ئەنجام** ........................................ **٣٥٣**
**سەرچاوەکان** ........................................ **٣٦١**
**بەڵگەنامە** ........................................ **٣٧٤**

**هونەر نییە چ دەنووسی، بەڵکو هونەر لەخوێندنەوەی بیری ئەوانی دیکە دایە**

**ناوی لێکۆڵینەوە**

دوای لێکدانەوە و تەتەرەکردنێکی زۆر، گەیشتمە سەر تخوبی ئەم ناوونیشانە (گوتار لەنێو گوتار، (کۆچی سوور) بەنموونە کەنێو شۆڕشدا)دا، بەواتای ئەوەی گوتارێکی ڕەخنەگرانەی ئەدەبی، لەنێو گوتارێکی شۆڕشگێڕانەی خەبات و شۆڕشی چەکداریدا. لێتان ناشارمەوە ئەم هەلبژاردنە هەندێک هاوبەشی لەگەڵ (شۆڕش لەنێو شۆڕشی) رۆجییە دۆبرێی تێدایە. هەرچەندە ئەو تەنیا باسی ئەدەب و ئەرکی ئەدەبی و پەیوەندیی بەشۆڕشەوە ناکات، بەڵام من وەکو لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی گوتارەوە ئەم بەیەک بەستنەوەم دروستکردووە.

لێکۆڵینەوەکەی من پەیوەندی بە گوتار، دووجۆر گوتارەوە هەیە. گوتارێک بەوشە و ئاخاوتن و گێڕانەوەی ئەدەبی، گوتارێکیش لەسایەی هێز و چەک و توندوتیژی و فکری شۆڕشگێڕانەوە.

گوتار ئەرکێک ڕادەپەرێنێت، ئەرکێکی هەمەجۆری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی و ئابووری و ئەدەبی هەیە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە

ڕێبازێکی وەسفیی شیکارییە، پشت بە بۆچوونە فیکرییەکانی (ئەلبێر کامۆ) و (ڕۆجیە دۆبرییە) بەستراوە، کە هەردووکیان سەر بە قوتابخانەی چەپ و مارکسی بوون و یەکێکیان باسی ئەدەب و ئەوی دیکەشیان باسی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکداری دەکات. لەهەر شوێنێکیش پێویست بووبێت، سوود لە بۆچوونە فکرییە زمانەوانییەکانی زانایەکانی دیکەش وەرگیراوە.

تیۆری پەیوەندیکردن و گوتار، تیۆری کردە قسە و شیکردنەوەی پراگماتیکی و بۆچوونەکانی (فۆکۆ) لەبارەی گوتار و سزا و زیندان... تاد.

## هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە

لەڕێگەی ڕۆمانی (کۆچی سوور)ی ڕۆماننووس و وەرگێڕ (حەمەکەریم عارف) دەگەڕێینەوە سەردەمێک، کە پڕە لە ڕووداو و بەسەرهاتی مێژوویی، ڕۆمانەکە وەکو بەشێک لەسەردەمی ئەو کاتی شۆڕشی چەکداری ژمارەیەک بابەتمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بۆ ئەو کات کەم کەس سەرنجی لێداون و بۆ دوای ئەو کاتەش دەبێتە بەشێک لەمێژووی سیاسی و چەکداریی و شۆڕش. بۆیە شیکاری پێکهاتە و بۆچوون و کردەوە و کارەکانی شۆڕشی ٧٦-١٩٩١ دەبێت بەشێک لەشیکردنەوەی گوتاری ئەو کات، لەتەک ئەوەشدا (سەگوەڕ) سەرچاوەیەکی دیکەیە، کە دەکرێت بەخاوەنی گوتارێکی ئەدەبی جیاواز لەنێو شۆڕش دابنرێت.

ڕۆمان دەقێکی کۆمەڵایەتییە (کۆچی سوور) دەتوانم بڵێم تاقە دەقی (فکریی ئەدەبییە) لەشاخدا لەنێو شۆڕشی چەکداری لە کوردستانی عێراقدا نووسرابێت. ئەم ڕۆمانە لە دەرەوەی ئازادیی و ڕێزگرتنی جیاوازیی بیروڕا نووسراوە، دەڵێی لەشار و لەکەشی ئازادانە و بێ سانسۆر و نیمچە بێ چاودێری ناو شار لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ نووسراوە، مەبەستم

(تەکنیک و بیرۆکە و شێوازی ڕەخنەگرتن و دەربڕین و گوزارشت و گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ئەو ڕەخنە فکرییانەیە)، کە لەخودی دەسەڵاتدارانی شۆڕش و هەڵە ستراتیژییە باوە کلاسییەکانی خودی شۆڕشی (نوێی!!) شۆڕشگێڕانەی چەکداری نووسراوە. بەقووڵی ئاماژە بە مەسەلە فکرییە هەڵگەڕاوەکان و هەڵسوکەت و ڕەوشت و ڕەفتاری بەرپرسانی چەکداری نێو شۆڕش دەکات و کاری لەبارەی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و نەریتی کۆمەڵگە و خەباتی شۆڕشگێڕانەی (شۆڕشی نویێ !!) کردووە. دەتوانرێت دەقەکە لەنێو کات و شوێنی جیاوازدا هەمان ئەرک و گوتار و مەبەست بگەیەنێت، لەدەروەی کاتی نووسین و بڵاوکردنەوەی خودی دەقەش بژیت.

گریمانەی ئەوە دەکرێت بیرکردنەوە لەنووسینی دەقێک لەسەردەمێکی سەختی شاخدا، بیرکردنەوەیە لەسنوور بەزاندنی شتە ئاساییە باوەکان، هەموو کاڤێکیش سنوور بەزاندن وەکو دەرچوون لەیاسا گشتییە باوەکان سەیرکراوە، بۆیە بیرکردنەوە لەم جۆرە دەقە، سەرکێشی و یاخیبوون و ڕەتکردنەوەی واقیعی تێدایە. ڕەخنەگرتنی واقیعی ڕیالیزمانەیە، ڕەخنەکان بریتیین لەهەقیقەتی کردەوەکانی خودی شۆڕش، داماڵینی ماسکی هەقیقەتی ئەو کەسانەیە، کە بەناوی شۆڕشەوە، خۆیان سەپاندووە. واتە لێکدانەوەی بابەت و گوتار و پێکهاتەکانی نێو ئەم دەقە لێکدانەوەی بەشێک لەهەڵسکەوت و نەریت و کاری توندوتیژیی و ڕەفتاری خراپی مێژووی کەسانێکە، کە شۆڕشیان کردۆتە ئامراز بۆ بەدیهێنانی مەرامێکی کەسی و خودی.

(رۆجیە دۆبریە) لەبارەی هاوچەرخبوون دەڵێت "ناتوانین هەرگیز ناتوانین سەد لەسەد ببینە کەسانێکی هاوچەرخی سەردەمی هاوچەرخی خۆمان". (رۆجیە دۆبریە، ١٩٨٣، ٣١). هیچ شۆڕشێکیش ناتوانێت سەد لەسەد ببێتە هاوچەرخی سەردەمەکەی خۆی و هیچ گوتارێکیش و دەقێکی ئەدەبیش سەد لەسەد ناتوانن ببنە هاوچەرخی سەردەمەکەی خۆیان، بەڵام دەتوانن ببنە تۆمارێکی مێژوویی گێڕانەوەی ئەو شتانەی بەسەرهاتەکانی

سەردەمی خۆیان لەئایندەدا دەگێڕنەوە. (گوتاری شۆڕشی نوێ) کە ژمارەیەک پرسیار و گریمانە و گومانیشی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، وەکو گوتاری شۆڕشێکە، کە بانگەوازی (مۆدێرنە و هاوچەرخبوون و سەرکردایەتی نوێ و جیاوازتر لەشۆڕشی پێشەخۆی دەکات)، ناتوانێت ئەو سنوور و شێواز و نەریت و هەڵسوکەوتانە ببەزێنێت، کە ڕەخنەی لێ دەگرێت و خۆی بەئەلتەرناتیڤی دەزانێت.

بۆیە دەبینین لەنێو ئەم زەمەنە هاوچەرخەدا، گوتارێکی ئەدەبی جیاواز لە گوتارە ئاساییە سروشتییە باوەکەی خودی شۆڕش دێتە ئاراوە و ئەم گوتارە جیاوازە دەبێتە گوتارێکی جیاواز لەنێو گوتارە سروشتییە ناسروشتییەکەی ئەو کاتدا. بۆیە من ناوم ناوە (گوتار لەنێو گوتار)دا، چونکە بەکردەوە ئەوەمان نیشان دەدات ئەم گوتارە ئەدەبییەی ڕۆمانێک، یان دەقێکی ئەدەبی بەرهەمیهێناوە، دەبێتە گوتارێکی کاریگەر لەنێو گوتارێکی گشتیدا و کاردانەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

گوتاری شۆڕشی کوردستان (شۆڕشی نوێ) گوتارێکی چاولێکەرانەی دووبارەی وەکو گوتاری شۆڕشەکانی دیکە جیهانە، گوتارێکە لەسەر بنەمای (مارکسی- لینینی) لە قسەکردن لەسەر ڕەوشی پرۆلیتاریا و (ماوی) لەسەر بەستنەوەی بەدۆخی جووتیاریی و کشتوکاڵی لە کوردستاندا ڕۆنراوە و لەبواری جەنگدا خوێندنەوەی (بنەماکانی شەڕی پارتیزانی گیڤارا) ئاسا و لەدروشمی کاتی و ڕەچاوکردنی هاوپەیمانە عەرەبەکانیاندا دروشمی (دژی زایۆنیزم و ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و کۆنەپەرستی)یان هەبووە. واتە گوتارێکی کوردستانی تایبەتمەندی دوور لەکاریگەریی دروشم و تیۆر و کردەوەکانی شۆڕشەکانی دەرەوەی کوردستانیان نەبووە. بۆیە گوتارە گشتییە باوەکەی شۆڕشی کوردستان ڕەچاوی ئەوەی نەکردووە، کە "خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانە مەرجی تایبەت بەهەر کیشوەرێکی هەیە". (روجی دوبریە، ١٩٨٣، ٣٢). لەکاتێکدا گوتاری ئەدەبی ڕۆمانی (کۆچی سوور) تایبەتە بە هەڵومەرجی

کوردستانی و پێکهاتە و کەلتوور و کەسایەتی کوردیی و ڕەچاوی ئەو تایبەتمەندییەی کردووە، هەرچەندە دەیەوێت لەهەندێک شوێن لە (کەشوهەوای کامۆ) و (تیۆری پرۆلیتاریی و چەپخوازی) نزیک بکەوێتەوە، بەڵام نەبۆتە چاولێکەر و کۆپی ئەو فکرانەی، کە لەدەرەوەی کوردستان هاتوون. لەبیری نەکەین فکری مرۆڤایەتی هەموو بەیەکەوە بەستراون، ئەگەر لەیەکتریش وەرنەگیرابن، بەڵام دەکرێت لێکچوون و هاوبەشیان دوور لەمەبەستی پێشینە و پێشوەختە تێدا بێت.

هۆکارێکی دیکەی هەڵبژاردننی ئەم بابەتە ئەوەیە چۆن لەنێو شۆڕشێکی خوێناویی و چەکداری (دەقێکی ئەدەبی جیاواز) ی (سەگوەڕ و کۆچی سوور) دەردەکەون و چۆن لەنێو ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی) گفتوگۆیەکی سیاسی و فکری دەست پێ دەکات و کۆتاییەکەی بە سەرکوت و سانسۆر و بڕیاری سڕینەوەی "ئەوانی دیکە" کۆتایی دێت؟.

هۆکاری دیکە ئەوەیە چۆن لەنێو شۆڕشێکدا، کە گوتارەکەی بەدیهێنانی دیموکراسییە نەک تەنیا بۆ خۆی، بەڵکو بۆ گشت عێراق و پێیان وایە بێ بەدیهاتنی ئەم دیموکراسییە کوردستان و کورد نە ڕزگار دەبن و نە ئازاد، بۆچی نووسەر، دەزانێت (دروشمی دیموکراسی) خەونێکە بۆ ئایندە و ستراتیژیشە، پەنا وەبەر گوتارێکی جیاواز دەبات، کە هێز و چەک و بەخائین تاوانبارکردن و سڕینەوە لە ئارادایە؟.

هۆکارێکی دیکە گریمانەییە، نووسەر گریمانەی (فەشەل و نسکۆ) دەکات، ئەم دەرەنجامەش دوور نییە، بووبێتە سەرەتا و هۆکار بۆ بیرکردنەوە لە تۆماری هۆکار و هەڵسوکەت و شێوازە خراپەکانی خودی شۆڕشەکە و لەئەنجامیشدا بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە گوتارە جیاوازە ئەدەبییە، تاکو لەسیاسییە دەسەڵاتدارەکانی نێو شۆڕش و خەڵکیش بگەیەنێت ئەمە (شۆڕش نییە)، بەڵکو (شەڕە) شەڕیش ئاساییە لەهەر کات و سەردەم و لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی ڕووکەشانە، یان شتی پێشهات

نەکراودا کۆتایی پێ بێت و دەرەنجامێکی ناخۆش و تراژیدی و خراپی هەبێت.

هۆکارێکی دیکە ئەوەیە نووسەر پەیام و مەبەستێکی ڕوون و جیاوازیی هەیە، کە جیاوازیی دروستکردووە، بۆ تێگەیشتن لە عەقڵ و فکر و شێوازی نووسینی ئەو کاتدا، پێویستیمان بەپشکینین و لێکدانەوەی ئەم دەقە هەیە، بۆ ئەوەی باشتر لەجۆری گوتار و تەکنیک و ڕاپەڕاندنی بگەین.

**کێشەی سەرچاوە**

وەکو زۆر بواری دیکە کتێبخانەی کوردی ئەم جۆرە ناوونیشانانەی کەمە، یاخود هەر نییە. لەهەمان کاتدا هەندێک بابەت لەبارەی شۆڕش و ئەدەب و ڕاگەیاندن بڵاوکراونەتەوە، مرۆڤ هەست دەکات ئەم بابەتانە لایەنە دیار و ڕووکەشەکانی لەخۆ گرتووە. بابەتەکان هێندەی لەشێوە و قالب دەدوێن، هێندە نەچوونەتە نێو شیکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی ئەو بەش و پێکهاتانەی بابەتەکانەی لایەنە کۆمەڵایەتی و فکری و ئابووری و دەروونییەکانیان دروستکردووە.

گوتاری شۆڕش، یان گوتاری ئەدەبی لەنێو شۆڕشدا بۆ من بابەتێکی نوێیە و دوای پشکنین شتێکی تایبەتم لەم بوارە هیچ سەرچاوەیەکی لەم جۆرەم بەرچاو نەکەوت.

بۆیە لەزۆر شوێندا بۆ دۆزینەوەی هەندێک بابەت و پشتڕاستکردنەوەی هەندێک بەسەرهاتی دیکە پەنام وەبەر ئەو بیرەوەریانە بردووە، کە دوای چەندین ساڵ لەبارەی خودی ئەم شۆڕشە نووسراون. بیرەوەرییەکانیش بریتین لەگێڕانەوەکانی ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ بەرپرسیاریەتیان لەنێو خودی شۆڕشەکە ١٩٧٦- ١٩٩١ هەبووە.

هەروەها بۆ لێکدانەوەی هەندێک بابەتی فکری و تیۆری پەنام وەبەر سەرچاوە جیهانییەکان و بۆچوونی تیۆریستە دیارەکانی جیهان بردووە.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوە

### یەکەمیان تیۆرییە

لەم بەشەدا کارمان کردووە لەڕووی تیۆرییەوە شیکاری واتاکان و مەبەست و ئەرکی شۆڕش و شۆڕشگێڕیی و ئەدەب و پەیوەندی بەشۆڕش و کەسایەتی شۆڕشگێڕ و ئەو بابەتانە بکەین، کە پەیوەندییان بەدروستکردن و بەرهەمهێنانی گوتاری شۆڕشگێڕییەوە هەیە.

### دووەمیان شیکردنەوەی پراکتیکی دەقەکەیە

بریتییە لەشیکردنەوەی دەقی (کۆچی سوور) بەپێی ئەو بنەما و پێکهاتە فکری و واقیعیی و کۆمەڵایەتییەی لەبەرهەمهێنانی خودی گوتارێکی ڕەخنەگرانەی ئەدەبی لەنێو گوتاری شۆڕشگێڕانەی خەباتی چەکداری دروستی کردووە.

# بەشی یەکەم


## تیۆر و شیکردنەوە فکرییەکان

### شۆڕش

شۆڕش وشەیەکی ئەستێرەناسییە، ئەم وشەیە لەڕێگەی (کۆبرنیکۆس) لە کتێبەکەی بەناوی **De revolutionibus orbium colestium** ەوە هاتووە نێو زمان و بوارە جیاوازەکانی دیکەی فکر و لێکدانەوە. ئەمە زاراوەیەکی زانستییە پەیوەندی بەڕیشە لاتینیەکەیەوە هەیە، بەواتای بزاڤێکی بازنەیی ئاسایی ئەستێرەکانەوە دێت، کە لەدەرەوەی کارتێکردنی مرۆڤەکانە. ئەم بزاڤە نە شتێکی زۆر جدییە و نە توندوتیژیشە. بەپێچەوانەوە ئاماژەیە بەبزاڤێکی بازنەیی دووبارە بۆوە. لەوشە لاتینیەکە وەرگیراوە و وەرگێڕانی کوتومتی وردی ئەو زاراوەیە، کە (نۆلیبیۆس) داینا‌وە و پەیوەندی بەوشە فەلەکناسییەکەوە هەیە. دواتریش لەسیاسەتیشدا بۆ هاوشێوەی ئەو بەکارهێنراوە. وەکو گوتمان پاش ئەوە زاراوەکە بۆ گوزارشت لەکاروباری مرۆڤ لەسەر زەوی بەکارهێنراوە، بەو واتایەی کێشەی چەند حکوومەتێکە لەنێوان مرۆڤدا بەشێوەیەکی دووبارەی ئەزەلی و بەهێزی خودییەوە دەخوولێتەوە، وەکو چۆن وا دەکات ئەستێرەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لە ئاسماندا بخوولێنەوە. بەکارهێنانی وشەی (شۆڕش)یش پاشان وشەی شۆڕشگێڕەکانی لێ بەرهەمهێنراوە، بێ دوودڵیش کردەیەکە لەنێو دەچێت و

کۆتایی هەیە. لەجیهانی کۆندا و لەگەڵ خۆشیدا جیهانێکی نوێ دروست دەکات. لەسەدەی حەڤدەهەم ئەم وشەیە لەبواری سیاسەتدا بەکارهێنراوە و یەکەمجار لە ئینگلتەرا لەساڵی١٦٦٠ لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕش کەوتۆتە سەرزاران و ئەو کاتەی بۆیەکەم جار (کرۆموێل) یەکەمین دیکتاتۆری شۆڕشگێڕ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و هەر لەو ساڵیدا پەرلەمانی لەکارخست و حکوومەتی پاشایەتی گێڕایەوە سەر دەسەڵات. بۆیە لەساڵی ١٦٨٨ وشەکە بۆیەکەم جار پڕ بەپێستی واتاکەی ئێستای بەکاهێنراوە. ئەمەش دوای ئەوەی خانەوادەی (ستیوارت) لەکار لادران و دەسەڵاتی پاشایەتی درایەوە دەستی (ولیام و ماری). هەر لەو کاتدا زاراوەی (شۆڕشی پیرۆزیش) بەکارهێنراوە، بەواتا زمانەوانییە سیاسی و مێژووییەکە. هەرچەندە ئەو کات وەکو شۆڕش سەیری زاراوەکە بەواتای ئێستا نەکراوە، بەڵکو بەواتای گێڕانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ سەردەمی زێڕینی کۆنی خۆی و ئەخلاقە چەسپیوەکانی پێشوو بەکارهێنراوە. (حنا ادریبت، ٢٠٠٨، ٥٧ – ٥٨).

(ئەلبێر کامۆ) زۆر بەکورتی و پوختی لەبارەی سیاسەت دەڵێت "سیاسەت گوتاری مرۆڤێکە بۆ مرۆڤێکی تر. من لایەنگیری سیاسەتی شکۆ و شەرەفم نەک سیاسەتی حزب و ئایدیۆلۆژیا". (رامین جەهانبەگلوو، ١١ی ئایاری ٢٠٢١، **(https://jineftin.krd/2021/05/11/%D8%A6%DB%95%D9%84%D8).**




گەلێک پێناسەی شۆڕشیان واکردووە، لایە هەندێکیان بریتییە لەگۆڕانکاریی لەکۆمەڵگە و گۆڕینی سیستەمی حکومڕانی و چەند جۆرێک لەشۆڕشیان ئاماژە پێ کردووە. گرنگ مرۆڤ دەتوانێت لەنێو خودی خۆشیدا وەکو تاک شۆڕش بکات، لە ئەدەب و زمان و دەربڕین و گۆڕانکاری لەشێوازی داهێنانی ئەدەبیشدا شۆڕش بکات، بەواتایەکی دیکە مرۆڤ لەخۆ نوێکردنەوە لەڕووی فکریی و کەلتووریی و هەڵسوکەوت و نەریتیشدا دەتوانێت شۆڕش بکات.

شۆڕشی ئەدەبی بریتییە لەو گوتارە تازەیەی سنوورە کۆنەکان دەبڕێت و شێواز و بیرکردنەوە و زمانێکی نوێ و گوتارێکی جیاواز بەرهەم دەهێنێت. ئەدەبی ڕاستەقینە و مرۆڤانە هەمیشە لایەنگیری شکۆ و کەرامەتی مرۆڤانەیە. ئەدەب چیرۆکی ناخ و دەرەوەی مرۆڤەکان دەگێڕێتەوە، ئەم گێڕانەوەیە دەبێتە سەرەتا و بنەمای دروستکردنی شێوازی گوتار و هەروەها چیرۆکی

مرۆڤەکان دەبێتە بابەت و بەها و واتا و ئەرک و پەیامی خودی گوتارەکە. بۆیە مرۆڤ لەڕێگەی ئەدەبەوە دەتوانێت هەمیشە شۆڕش بکات.

### شۆڕش و هاوواتای شۆڕش

بەشێوەیەکی سادە ناوی ڕووخان و ڕەتکردنەوە و گۆڕینی سەرتاپایی حکوومەتێکی دامەزراوەیی، یان سیستەمێکی سیاسی، کە لەلایەن خەڵکی بەڕێوەدەچێت دەگرێتەوە. لەبواری کۆمەڵناسی شۆڕش بریتییە لەگۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و بەربڵاو، لەنێو کۆمەڵگە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا دەبێت و بەتایبەتیش گۆڕانکارییەکە لەناکاو دەبێت و زۆرجاریش توندوتیژیی لەگەڵدایە.

گۆڕانکارییەکی لەناکاو، هەروەسا سەرتاپایی و ئاشکرا و دیار لەشتێکدا دەبێت: لەڕووی فەلەکەوە ڕێکارێک، یان خولێک وەک ئەوەی لەبازنەیەکدا بێت، بگەڕێتەوە بۆ خاڵی دەستپێک . یەک وەرچەرخان لەم جۆرە لەڕووی میکانیکییەوە سووڕانەوەیەکە، یان خوولانەوەیەکە لەسەر یەک میحوەر. جووڵەیەک بەڕێڕەوێکی بازنەیی، یان کێشراو ڕوودەدات، لەڕووی فەلەکناسی (لەبەکارهێنانی تەکنیکیدا نییە) خوولانەوەی تەنێکی ئاسمانییە بەدەوری تەنێکی تردا. یەک ڕێڕەوی بزووتنەوەیەکی لەو جۆرە خوولێک، یان خوولێک لەڕووداوەکان لەکاتێکدا دەگرێتەوە، یان ماوەی دووبارەبوونەوەی کاتە بەواتا جیۆلۆژییەکە بریتییە لەسەردەمێکی بەستراوە بە شاخەکان و جیهانی شاخسازی لەسەرتاسەری جیهاندا. **(https://www.dictionary.com/browse/revolution)**

یاخود وەکو لەفەرهەنگی **Macmillan dictionary** " هاتوود دۆخێک دەگرێتەوە، کە خەڵک بەتەواوی حکوومەت، یان سیستەمی سیاسی خۆیان لەڕێگەی بەکارهێنانی هێز دەگۆڕن" **(https://www.macmillandictionary.com/us/dictionary/american/revolution).**

بەپێی فەرهەنگی **Britannica Dictionary** شۆڕش بریتییە لەوەی "زۆر کەس لەڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی کار بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حکوومەتێک و دەستپێکردنی حکومەتێکی نوێ دەکەن".

**(https://www.britannica.com/dictionary/revolution).**

لەفەرهەنگی **Cambridge English Dictionary**واتای شۆڕش بەم شێوەیە پێناسە کراوە "گۆڕانکارییە لەشێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتێک، کە بەزۆری بۆ سیستەمێکی سیاسی جیاواز و زۆرجار ئەم گۆڕانە بە بەکارهێنانی توندوتیژی یان شەڕ دەبێت".

**(https://dictionary.cambridge.org/us/dictionary/english/revolution)**

هەروەها بەپێی فەرهەنگی **Oxford Advanced American Dictionary** بەم شێوەیە پێناسەکراوە، کە شۆڕش "هەوڵێکە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکەوە دەدرێت، بۆ گۆڕینی حکوومەتی وڵاتێک، بەتایبەت ئەم کارە بەکردەی توندوتیژیانە دەبێت"، یان "گۆڕانکارییەکی گەورە لەبارودۆخ و شێوازی کارکردن و بیروباوەڕ و هتد دەبێت، کە کاریگەری لەسەر ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک دروست دەکات"، یاخود "شۆڕش خوولانەوەیە/ لەسەر شتێک) جووڵەیەکی بازنەیی تەواوە بەدەوری خاڵێکدا، بەتایبەت هەسارەیەک بەدەوری هەسارەیەکی تردا، خولگەی زەوی بەدەوری خۆردا، یاخود "جووڵەیەکی بازنەییە، کە لەلایەن شتێکەوە ئەنجام دەدرێت و بەخاڵێکی ناوەندیدا جێگیرکراوە، بۆ نموونە لەبزوێنەری ئۆتۆمبێلدا بەخێرایی ٣٠٠ خول لەخولەکێکدا دەسوڕێتەوە".

**(https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/us/definition/american_english/revolution).**

لەفەرهەنگی عەرەبی و ئەنتۆلۆجیادا بە زمانی عەرەبی بەم جۆرە پێناسەی شۆڕش کراوە: لەڕووی سیاسییەوە شۆڕش هاندانێکی توندوتیژانەیە لەلایەن جەماوەری گەلەوە بەرەو گۆڕانکاریی لەهەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییەکە بنەڕەتیی دەبێت، یاخود شۆڕش ئاڵوگۆڕ و گۆڕانێکی بنەڕەتییە لەلایەنێک لەلایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و

فکری و پیشەسازیی. شۆڕشی زانیاریی بریتییە لەپێشکەوتنێکی گەورەی زانیاریی و پەیوەندیکردن و هێزێکی زۆری لەئاستی دونیا بە بزاڤی زانیاریی بەخشی، یاخود گوتراوە شۆڕش گۆڕنکارییەکی بنەڕەتییە لەوەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەڵ لەنێو دەوڵەتێکدا پێی ڕادەبن. شۆڕش ڕاپەڕینی زۆرینەی خەڵکە دژی دەسەڵات، یان گۆڕانکارییەکی جەماوەرییە لەوەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە گەڵ پێی هەڵ دەستێت. بریتییە لەهەڵچوونێک بۆ ڕەتکردنەوەی زولم و هەروەها لەهەمان فەرهەنگدا هاتووە: کە شۆڕش گۆڕانکارییەکی نێوەڕۆکدارە لەدۆخی کۆمەڵگە، کە بنەما دەستوورییەکانی تێدا جێبەجێ ناکرێت. جیاوازیی لەنێوان شۆڕش و هەڵگێڕانەوەی دۆخەکە لەدژی ڕژێم ئەوەیە شۆڕش گەل پێی ڕادەبێت و هەڵگێڕانەوە دژی ڕژێمەکانیش هەندێک لەپیاوەکانی دەوڵەت ئەنجامی دەدەن، یان هاتووە کە شۆڕش گۆڕانکارییەکی دیارە لەژیانی کۆمەڵگە بۆ هەڵگێڕانەوەی ڕژێمی کۆن و جێگرتنەوەی بە ڕژێمێکی نوێی پێشکەوتنخواز. ئەمەش ئەو جیاوازییە، کە لە کودەتای جیا دەکاتەوە.

**(https://ontology.birzeit.edu/term/%D8%A7%D9%84%D8%AB%D9%88 %D8%B1%D8%A9 ).**

لە (محجم المعاني الجامع- معجم عربی عربی)دا بەم جۆە پێناسەی شۆڕش و جۆرەکانی کردووە: شۆڕش ناوە و چاوگەکەی (تۆڵەکردنەوەیە/ ثار) بریتییە لەگۆڕانکارییەکی بنەڕەی لەدۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە گەل لە دەوڵەتێکدا پێی ڕادەبێت. جۆرەکانیشی بەم شێوەییە دیارکردووە:

شۆڕشی کشتوکاڵی: گۆڕانکاریی ڕیشەییە، کە پەیوەندی بەکەرەستەکانی کارەوە لەبواری کۆنینەی کشتوکاڵەوە هەیە. شۆڕشی ئەهلی: مەدەنییەکان پێی هەڵدەستن. شۆڕشی سپی: شۆڕشێکی ئاشتیخوازانەیە، بێ چەک ئامانجەکانی بەدەست دەهێنێت. شۆڕشی چەکدارانە: پشت بەچەک لەپێناو گۆڕانکاری دەبەستێت. شۆڕشی پێچەوانە: شۆڕشێکە دژی شۆڕشێکی دیکە دەبێت. ئەمە لەبواری زانستیدا گۆڕنکارییەکی گەورەیە هەر لەکودەتا دەچێت. شۆڕشی زانیاریی: بریتییە

لەپێشکەوتنێکی یەکجار زۆری تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن. شۆڕشی ئەهلی: بریتییە لە شەڕی ناوەخۆیی.

(https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D8%AB%D9%88%D8%B1%D8%A9 /).

لەزمانی کوردیشدا لە (ویکیپیدیا)دا بەم جۆرە پێناسەی وشەی شۆڕش کراوە "**شۆڕش** بە ئینگلیزی:**Revolution** وشەکە لەلاتینیدا بەمانەی وەرچەرخان دێ"، جگە لەچەمک و واتای کۆمەڵناسی کە بریتییە لەگۆڕینی (ژێرخانی کۆمەڵایەتی **Structure sociale**)، لە واتا سیاسیەکەیدا بریتییە لەگۆڕینی دامەزراوەی سیاسی و دەسەڵات. شۆڕش مافی دیاریکردنی دەسەڵات (فەرمانڕەوایی) و بەرپرسیاریەتییە. شۆڕش زۆر جار کاتێک ڕوو دەدات، کە خەڵکانێک هەبن وابزانن، یان وادیاربێت دەچەوسێنرێنەوە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی، یان ئابوورییەوە.

ئەرستۆ دوو جۆر شۆڕش دەستنیشان دەکات.

١. گۆڕانکاری تەواو لەدامەزراوەیەک بۆ دامەزراوەیەکی تر.

٢ .گۆڕینی دامەزراوەی ئێستا. .

(https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%B4%DB%86%DA%95%D8%B4).

لەزمان کوردیدا، کە دەڵێین شۆڕش یەکسەر بیرمان بۆ شەڕ و جەنگێکی ڕەوا دژی دەسەڵات و کوشتوبڕ و خۆسەپێنی و داگیرکاری ناڕەوا دەچێت، لای ئێمە شۆڕش بەواتای خەبات و قوربانی و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و داگیرکەر و خەباتی چەکداری و شەڕی درێژخایەن دێت. لای کەسانێکی پسپۆر لەزمانە بیانییەکان "شۆڕش وشەیەکە بەشێوەیەکی نادیار وەسفی تێدایە. شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، شۆڕشی ئەمەریکا، شۆڕشی پیشەسازیی، شۆڕشی هایتی، شۆڕشی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی ڕەشەکانی ئەمەریکا، شۆڕش لەبیرکردنەوەکانماندا، یان لە بازرگانی بە جلوبەرگی ئافرەتان، یاخود لەپیشەسازی ئۆتۆمبێل، دەکرێت لیستێکی بێ کۆتایی لێرەدا بنووسین. بەڵام شۆڕش لەکۆتاییدا

هاوواتایە لە گەڵ (گۆڕان)، یان ڕەچاوکردنی گۆڕانکارییەکی لەناوکاو و ڕەچاونەکراو. دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (فۆرتشن) لە نووسینێکیاندا لەبارەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و شۆڕشی بەردەوام، کە ناوونیشانەکایان لە (لیون تروتسکی) وەرگرتووە، ئەوان هیچ مەبەستێکیان نەبووە تەنیا ئەوە نەبێت ئاماژە بەگۆڕانی بەردەوام لەشێوەیەکی نوێ، یان پێشکەووتن و گەشەکردن بکەن. (کرین برینتن ،٢٠٠٩، ٢٣ ).


چەند جۆرێک شۆڕش لەجیهاندا هەیە بەناوی شۆڕشی میللی و دیموکراتی و ئازادی لەپێناو زۆرینە دژی کەمایەتی ئەنجام دراون، سەرکەوتوو بوون و شۆڕشگێڕەکان حکوومەتی شەرعیان دامەزراندووە. لەتەک ئەوانەشدا شۆڕشی فاشستی و کەمایەتی و کۆنەپارێزەکان، یان شۆڕشی ڕاستڕەویی و شۆڕشی هەرێمایەتی و نەتەوەیی و شۆڕشی فاشیلیش هەیە. (کرین برینتن، ٢٠٠٩، ٤٥). مەبەست لەم شۆڕشانە هەر چوار شۆڕشی فەرەنسا و ئەمەریکی و ئینگلیزیی و ڕوسییە، شۆڕشی فاشستی لە ئیتالیا و ئیسپانیا و شۆڕشی نەتەوەیی سۆسیالیستی لە ئەلمانیا و هەندێکی دیکە لە ئاسیا و ئەفریقیا. شۆڕشی ڕوسیا وەکو میراتگرەوەی بزاڤی بوژانەوە و ڕێنسانسە لەسەدەی هەژدەهەمدا، بەلام شۆڕشی ئیتالیا و ئەلمانیا پشتیان لەم جۆرە بزاڤە کردووە. (کرین برینتن، ٢٠٠٩، ٤٥).

لەفەرهەنگێکی کوریدا بەم جۆرە پێناسەی ئەم وشەیە کراوە و ئاماژە بە ڕیشەی وشەکە لەڕووی مێژووی سەرهەڵدانی زاراوەکە کراوە: وشەیەکە بەمانی گۆڕان لەحالەتێکەوە بۆ حالەتێکی تر، ئەم زاراوەیە یەکەم جار لەلایەن (کۆپرنیک) بەمانای جموجۆڵی ئەستێرەکان و هەتا لەزانستی ئەستێرەناسیدا بەکاربراوە. دواتر لەسەدەی ١٧ لەئەوروپا واتایەکی تازەی بەخۆوەگرت و بەمانای ڕابوونی سیاسی و کۆمەلایەتی بەکارهێنراوە. ئینجا بەواتای سووڕانێکی بنەڕەتی لەشێوازی بەرهەمهێنان وەکو شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی تەکنەلۆژی، یان وەرچەرخانێکی بنیاتنەرانەی کۆمەلایەتی و سیاسی وەکو شۆڕشەکانی فەرەنسا و سۆڤیەت و ئێران و

یان لایەنێک لەژیانی کەلتووری و فیکری وەکو شۆڕشی زانستی و شۆڕشی کەلتووری لێک دراوەتەوە.

لەسەدەی نۆزدەهەم فەیلەسوفان و لێکۆڵەرانی کۆمەڵایەتی ئەوروپا لەبارەی دەوری کۆمەڵایەتی و مێژوویی شۆڕش و هەلومەرجی ئەم دیاردەیە بیروڕای جۆراوجۆریان گۆڕیوەتەوە، بەگشتی ئەم تیۆریانەی لەڕوانگەی سیاسی، نەک کۆمەڵایەتی سەیری مەسەلەکە دەکەن دووجۆرن: یەکەم بۆچوونی چەپی گەشبینانەیە. دووەم: ڕاستڕەوە ڕەشبینەکانە. لەڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە تیۆرەکانی شۆڕش بۆ پێنج ڕێباز دابەشکراون: یەکەمیان لەڕاونگەی مارکسەوە. دووەم: شۆڕشی ئاراستەکراو. سێیەم: تیۆری دۆرکهایمە کە بەناوی فانکشنالیزم و کۆمەڵگەی جڤاتی لێک دەداتەوە. ئینجا تیۆری ڤێبەر کە ڕەفتاری جڤاتی و هەروەزیی جەماوەر دەگرێتەوە. ئەوی دیکەشیان کە پێنجەمە ڕوانگەی ڕیالیستی (پارتۆ)یە باسی سەرهەڵدانی شۆڕش و هەرەوەزیی سیاسی دەکات، کە دوایین قۆناغی لاوازبوونی دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکوومەتە. (ئەحمەد شەبانی،٢٠١٠، ٢٠٥)

ئێمە لەباسکردنی شۆڕشدا لایەنەکانی پێکهاتە و هۆکار و شێواز و فکر و کەرەستەکانی شۆڕش شی ناکەینەوە، بەداخەوە زۆربە لەسەر ئەوە دەوەستن، کە قسە لەبارەی فۆرم و کات و شوێن و هەڵگیرسێنەر و کارەکتەرەکانی شۆڕش دەکەن، نەک خودی شۆڕش، ئەوانەی قسە لەبارەی شۆڕش دەکەن، شیکاری گوتاری خودی شۆڕشەکە ناکەن، بەڵکو کار لەبارەی چیرۆک و هەقایەت و ڕووداوە زارەکی و بەسەرهاتە کەسییەکان دەکەن، ئەمەش وایکردووە شۆڕش لەخودی شۆڕش و لەگوتارەکەی و لەبنەمای یاخیبوون و ئاراستە فکرییەکان و کاریگەریی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی بخرێنە خانەی لەبیرچوونەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت هیچ گۆڕانکارییەک بێ بوونی گوتاری گۆڕانخواز سەرناکەوێت.




بەسەدان لاپەڕە لەبواری ئەکادیمی و سیاسی و مێژوویی و بیرەوەری لەبارەی شۆڕش نووسراون، سەدان شیعر لەپێناو پێناسە و پیاهەڵدان و هاندان و وەسفی شۆڕش و پێشمەرگە و سەرکردە و ڕێبەرەکانی نووسراون، هیچێکیان نەچوونەتە نێو خودی پێکهاتە وەردە هەقیقییەکانی گوتاری شۆڕش. دوو دەقی (سەگوەر) و ( کۆچی سوور) یەکێکن لەم دوو دەقە ئەدەبییەی بەقووڵی چوونەتەوە نێو گوتاری خودی شۆڕش و شیکاری ئاراستە و پێکهاتە و بیرکردنەوە و ڕەفتاری کارەکتەرە یاخییەکان لە یاخیبوون و کارەکتەری خۆسەپێن بەناوی یاخیبوون و سەرکوتکار بەناوی بەدیهێنانی ئازادی و بکوژ و خۆکوشتن و سڕینەوەی ئەوانەی دیکە بەپێچەوانەی کارەکتەرە سەرەکییەکان بیر دەکەنەوە.

"شۆڕش خەڵک ئەنجامی دەدات لەپێناو گۆڕانکاریی سەرتاسەریی لەکۆمەڵگەدا و دانانی سەرکردەی سیاسی نیشتمانی لەشوێنی ئەو سەرکردانەی فەشەلیان هێناوە لە بەدیهێنانی خواستەکانی خەڵک". (سعید سراج، ١٩٨٦، ٢٤٧). هەندێکیش پێیان وایە "بزاڤێکی میللییە لەدەرەوەی دەستوور و شەرعیەتدا دەبێت، ئامانجی گۆڕینی ڕژێمی دەوڵەتە". (عزمی

بشارة، ٢٠١١، ٢١ ). لەهەمان کاتدا ئەوانەی لەفکری مارکسیزم نزیکن و پێیان وایە "شۆڕش بزاڤێکی دینامکییە بەوە جیادەکرێتەوە، کە بنەمایەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی بۆ بنەمایەکی دیکەی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت". (یوری کرازین، ١٩٧٥، ٣١). هەشە پێی وایە "شۆڕش گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسییە لەتوێژێکی کەمینە بۆ جەماوەری گەل". (حیدر محمود عمرو، ١٩٨٥، ١). لەڕوانگەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی و دادپەروەریی پێناسەی شۆڕش کراوە بەوەی کە "هەولێکە بۆ تێپەڕاندنی ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەنێوان حاکم و حووکمکراوەکاندا هەیە، کە بریتییە لەیەکسانی لەنێوان حووکمکراوەکان و یەکسانی لەنێوان ئەوان و حاکمەکاندا لەگێڕانەوەی بەها بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتی". (سلمان العودة، ٢٠١٢، ٣٦).

شۆڕش لەپێناوی دیموکراسی و ئازادیی و ڕزگاریی تاکی کورد لەچیاکان دەستی پێکردووە، بەڵام هەر سێ چەمک بەکردەوە لەدژی یەکتر و سڕینەوەی ئەوانی دیکە لەچوارچێوەی گوتاری (خیانەت و پاراستنی ڕیزەکانی شۆڕش بەپاکی و بێ ڕکابەر و بێ ڕەخنەی ڕوخێنەر، یان ڕەخنەی ئاراستەکراو) دەبینرێت گوتارێکی پێچەوانە دەردەکەوێت.

ئەم هەقیقەتە لەدەقی (سەگوەڕ و کۆچی سوور) و گفتوگۆ و نووسینەکانی سەردەمی ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی) و سزا توندەکانی هەندێک لەبڕیار بەدەستەکانی شۆڕشی چەکداریی تاکو ئاستی ئیعدامی شۆڕشگێڕانە و دەمکوت و سزادان هەڵ دەکشێت. سەرباری سزادانی ئەوانەی بەهۆی جیاوازی لەبیرکردنەوە و پێکهێنانی ڕێکخستنی جیاواز تووشی سەرکوت و بەخیانەت پێناسەکردن و زیندانی و هەڕەشە و کوشتنیش بوونەوەتەوە. ئەمانەش بەشێکی زۆریان بەستراونەتەوە بە (پیرۆزیی ئایدیۆلۆژیای حزب، هێڵی سنوور لەتێکدانی ڕیزەکانی حزب و شۆڕش، سوکایەتی بەپیرۆزییەکانی حزب.. تاد).

گوتاری ئیعدامی شۆڕشگێڕانە هیچ لەهەقیقەتی کوشتن و سڕینەوە و سزادانی بەمەرگ ناگۆڕێت، چونکە سزای مەرگ بەهەر ناوێک و شێوازێک

بێت یەک هەقیقەت بەرجەستە دەکات، ئەویش کۆتایی پێهنانی ژیان و دەستپێکردنی مردنە. بڕیار و فەرمانەکە پیرۆز و شۆڕشگێڕانە بێت، یان ئاسایی و دیکتاتۆریی و ملهوڕانە. مەرگ یەک هەقیقەت بەرجەستە دەکات ئەویش کۆتایی کات لەژیان و کەسایەتی و مێژووی خودی کەسێک نیشان دەدات، یان هەر شتێک، کە گیانی تێدایە.

لەدیمەنێکی سامناک و خەمناکدا کە باسی (بڕیاری کۆمەڵەیە لەپێناو ئیعدامی سەرکردەکانی ئاڵای شۆڕش) لەنێو زینداندا دەردەچێت (پشکۆ نەجمەدین) دیمەنەکانیی ئەم ساتە و کاریگەریی ئەم بڕیارە دەگێڕێتەوە، کە دەربڕی ترس و تۆقاندن و سوکایەتی پێکردنە لەنێو شۆڕشێکدا لەپێناو ئازادی و ڕزگاریی دژی ژێردەستەیی و کۆیلەبوون و چەوسانەوە بەرپاکراوە و دەڵێت "حەمە تۆفیق ڕەحیم و جەبار فەرمان و دوو پێشمەرگە بەرەو لای من لەژووری زیندان دێن. من هەڵدەستم و دەست بۆ حەمە تۆفیق ڕەحیم ڕادەدەم و ئەویش دەستم دەگوشێت و بەگەرمی هەواڵپرسیم دەکات. دەمەوێت هەمان ڕەفتار لەگەڵ جەبار فەرمانیش دووپات بکەمەوە، کەچی ئەو دەستی دەکێشێتەوە و بەدەنگێکی پڕ لەکینەوە فەرمانی دانیشتنم پێ دەدات!. و دەڵێت: ئەوی بۆت دەخوێنمەوە، بڕیاری پیلنۆمی کۆمەڵەیە و ئێوە وەکو ناپاک حووکمتان لەسەر دەرکراوە و ئیعدام دەکرێن، بەڵام ئەگەر خۆتان وەرامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە و ددان بەوەدا بنێن کە خیانەتتان لە کۆمەڵە و یەکێتی نیشتمانی کردووە، هەوڵتان داوە ڕیزەکانی یەکێتی بشێوێنن و پەیوەندیتان بە پارتییەوە کردووە، ناو و ناوبانگی کاک ئارامتان بۆ بەرژەوەندی خۆتان بەکارهێناوە و دژایێتی کۆمەڵەتان پێکردووە. ئەگەر ئەم شتانە بسەلمێنن ، ئەوا سەرکردایێتیی کۆمەڵە بڕیارەکە دەگۆڕێت و ئیعدام ناکرێن!. جەبار پارچە کاخەزێکی پێ دام کە ئەو پرسیارانەی تێدا نووسرابوون. من گوتم ناتوانم ئەمانە بسەلمێنم، هیچ نەبێت ڕێگام بدەن مەلا بەختیار و شێخعەلی ببینم و پێکەوە بڕیارێک بدەین.

جەبار گوتی : ئەوان بەتەنیا بڕیاری خۆیان داوە. گوتم: من ناتوانم بەتەنیا بڕیار بدەم. دوای هەندێک گفتوگۆی دیکە لەدرێژەی گێڕانەوەکە دەڵێت: جەبار گوتی: یەک کاتژمێر مۆڵەتت پێ دەدەین، یەک کاتژمێر و دێینەوە، ئەگەر وەها نەکەیت هەر ئەمشەو دەتبەینە سەر جادەی قیر، وەکو خایین و پیاوی بەعس ئێعدامت دەکەین و خیانەتنامەکەشت لەسەر لاشەکەت جێ دەهێڵین! ئەوان ڕۆیشتن و منیش بەتەنیا وەکو پاڵەوانی ئەو ڕۆمانانەی لەژووری ئیعدامدا چاوەڕێی جەللاد دەکەن. لەگەڵ شریتی یادەوەرییەکانی ژیانی خۆمدا چاوەڕێ بووم". (پشکۆ نەجمەدین، ٢٠١١، ٢٦٤).

گرنگ نییە شۆڕش چ دروشم و بانگەشەیەکی هەیە، گرنگ ئەوەیە چ جۆرە ڕەفتار و کردە و پیشەیەک دروست دەکات، کە دەبێتە سەرەتا و بنەما بۆ گۆڕانکاریی بەرەو باشتر، یان وەکو ئەوەی ئێستا بۆتە بەشێک لەگوتاری مێژوویی بزاڤی چەکداری ئەوان سەردەم و چۆنیەتی چارەسەری ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە جیاوازیی و ململانێی فکری و سیاسییەوە هەیە، لەڕێگەی گوتاری توندوتیژانە، تا دەگاتە گوتاری سڕینەوەی جەستەیی ئەوانی دیکە.


هەندێک جار دەستەواژەی "شۆڕش" بەمانایەکی بەهێزتر بەکاردێت، وەک ئەوەی نەک تەنیا هەوڵێکی دەرەوەی دەستوور بۆ گۆڕینی حکوومەتێک بە حکوومەتێکی دیکە بێت، بەڵکو بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەجۆری حکوومەتدا، وەک لەشۆڕشێکدا بۆ ڕووخاندنی خۆسەپێنێک و لەبڕی ئەو دیموکراسییەک دروست بکات. بەم شێوەیە هەندێک لەزانایانی چەپ پێیان وایە کە بەناو شۆڕشی ئەمەریکی لەڕاستیدا شۆڕش نەبووە، چونکە جگە لەفۆرمێکی نوێی دەوڵەتی بۆرژوازی هیچ شتێکی دیکەی دروست نەکردووە و تەنانەت ئامانجیشی نەبووە- دەوڵەتێک کە لەلایەن و لەبەرژەوەندیی ئەو چینەی کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کۆنترۆڵ دەکات بگۆڕێت. ( **Zinn 1980, Jennings 2000**) زۆر لەمێژوونووسانی ئەمەریکی بە پێچەوانەوە گەیشتوونەتە ئەو

ئەنجامە و جەخت لەوە دەکەنەوە ئەوەی ڕوویداوە شۆڕشێک بووە بەمانا بەهێزەکەیەوە، چونکە سیستەمی حووکمڕانی بەکۆماری پاشایەتیی گۆڕیوە. (**Nash wood, 2005, 193**). ئەم تێگەیشتنە بەهێزە لەبارەی شۆڕشەوە، کە پێی وایە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەجۆری حکوومەتدا دروست دەکات، جیاخوازەکان شۆڕشگێڕیش دەبن، ئەگەر ئەو حکوومەتە نوێیەی کە هەوڵی دامەزراندنی دەدەن لەبەشێک لەخاکی دەوڵەتەکەدا بەڕێوەبچێت و بەشێوەیەکی بنەڕەتی جۆرێکی جیاواز لە حووکمڕانی دروست بکەن. دیارە ئەم چەمکە بەهێزترە بۆ شۆڕش لەچاو هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی بنەڕەتی جۆرە جیاوازەکانی حکوومەت، ئەمەش کارێکی ڕوون و کەمتریش جێگەی مشتومڕە. (هەر لێرەوە مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکرێت، کە ئایا شەڕی سەربەخۆیی کۆلۆنییەکانی ئەمەریکا لە بەریتانیا "بەڕاستی" شۆڕشێک بووە، یاخود نا؟). بۆ درێژەدان بەباسەکە من بە مانا لاوازەکەی "شۆڕش" بەکاردەهێنم، بەو تێگەیشتنەی دەتوانێت شۆڕشەکانیش بەمانا بەهێزەکەی بگرێتەوە، بەڵام شایەنی باسە ئەخلاقی شۆڕش بەمانا بەهێزترەکەی، ئەگەر شتێک هەبێت، ئاڵۆزترە لە مانا لاوازەکەی، چونکە یەکەمیان نەک تەنیا ڕووخاندنی دەرەوەی دەستووری حکوومەتی لەخۆگرتووە، بەڵکو پێکهاتەی دەرەکی دامەزراوەی دەستووریی جۆرێکی نوێی حکوومەت نیشان دەدات.

**(Stanford Encyclopedia of Philosophy, Aug 21, 2017, https://plato.stanford.edu /entries/revolution)**.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بۆچوونیەکانی (ڕۆجییە دۆبریە) لەبارەی شۆڕش و تیۆر و چالاکی و ناکۆکی دەبینین ئەو لە کتێبی (شۆڕش لەنێو شۆڕشدا) دەڵێت "مرۆڤ ناتوانێت لەیەک کاتدا ڕابکات و سەیری سێبەری خۆشی بکات. هاوبەشی لەنێوان تیۆر و جێبەجێکردندا هیچ تیۆرێک بەناوی جێبەجێکردن لەئارادا نییە، چالاکی ناکۆکیدار لەگەڵ تیۆر نییە، بەڵکو ناکۆکی لەگەڵ ناکۆکییەکانی خودی تیۆر و جێبەجێکردنە، یاخود

ناکۆکە لەگەڵ ئەو تیۆرەی لە جێبەجێکردنی شۆڕشگێڕانە جیابۆتەوە، ئینجا ئەم شۆڕشە چەکداری بێت، یاخود بێ چەک". (روجی دوبریە،١٩٨٣، ٢٣).




ئەمە ئەوەمان بۆ باشتر ڕوون دەکاتەوە، کە شۆڕش چۆن خۆی لە مانا و مەبەستی شۆڕشگێڕانە دادەبڕێت، شۆڕش چۆن لە پراکتیکدا لە بنەما تیۆرییەکانی خودی شۆڕشەکەدا دادەماڵرێت، چۆن شۆڕش خۆی خۆی دەخواتەوە و چۆن شۆڕش دەبێتە گۆڕستانێکی ترسناکی کوشتار و یەکتر برینەوە و یەکتر قڕکردن لەژێر ناو و دروشم و گوتاری جیاوازەوە. واتا بنەما و نێوەڕۆکی بنەڕەتی ناکۆکییەکانی نێو خودی شۆڕش پەیوەندیی بە گوتارەکەیەوە هەیە، چونکە گوتار بەواتای پراگماتیک و بەکردەوە ڕاپەڕاندنی مەبەست و خواست و ویست و فکرەکان دێت.

کاتێک دوای چەندین ساڵ بیرەوەریی و بەشێک لەلایەنە مێژووییەکانی شۆڕشی چەکداری لە کوردستان دەخوێنینەوە، لایەنە تاریکەکانی ئەم شۆڕشە شۆڕشگێڕییەمان بۆ ساخ دەبێتەوە، کە چۆن هەموو شتێک کراوەتە قوربانی (هێز و خۆسەپاندن و سزادانی ئەوانی دیکە و سڕینەوە هێزەکانی دیکە). هیچ شێواندن و تۆمەتێکیشی تێدا نییە، کە شۆڕشی چەکداری لەسایە و فکری چەک و هێزی هێزداردا بەڕێوەدەچێت و حووکم و یاسا و ڕەفتار و ئەخلاقەکانیش چەک پێورەیان دەبێت و چەک

بەڕێوەیان دەبات. بەواتایەکی دیکە گوتارەکە قوربانی ڕەفتارە و نەریت و کردەوەکانی خودی شۆڕشەکەیە.

لەبەر ئەوە لەتەک هەموو ئەو کارە شۆڕشگێڕیی و قوربانی ئەو هەزاران کەسەی لەپێناو ئازادی چووبوونە ڕیزی شۆڕشەوە، یان سوتامکی خاک و ڕاگواستن و سوتاندنی هەزارەها گوند و گیان لەدەستدانی هەزارەها لەچوارچێوەی تاوانەکانی کیمیاباران و ئەنفالدا، شۆڕش بەشێوەیەکی نادیار چەمکی شۆڕشی لەخۆی دادەماڵی، شۆڕش لەپێناو سڕینەوەی شۆڕشەکەی پێشەخۆی و سڕینەوەی هێزە ڕکابەرەکانی دیکە گەرم و گوڕ بووە، نەک بەدیهێنانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فکری و سیاسی و شێوەی حووکمڕانی و ڕۆشنبیریی لەنێو کۆمەڵگەدا. ئەمەش ئەوەمان بۆساخ دەکاتەوە کە شتێک بەڕێوەبراوە، کە لەشۆڕش دەچێت، نەک خودی شۆڕش. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوەی بەناوی شۆڕش لەڕووی کردارییەوە بەڕێوەچووە، جیایە لەتیۆرەکانی خودی شۆڕشەکە.

**شۆڕشگێڕ کێیە؟**

بۆ شیکردنەوەی ئەم زاراوەیە دەبێت بگەڕێینەوە سەر چەمکە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فکریی و سیاسییەکان، تەنیا لەهەندێک قۆناغدا ڕەنگە ئەم زاراوەیە بەشێوازێکی دیکە ڕەنگدانەوەی ئاینیشی تێدا هەبێت. گوتمان شۆڕش بەواتا سەرەکییەکەی "گۆڕانکاری" و کارکردن بۆ بەدیهێنانی "گۆڕان" دێت. واتە شۆڕشگێڕ ئەو کەسەیە کار بۆ بەدیهێنان و ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکاریانە دەکات، کە شۆڕشی لەپێناو دەکرێت. گۆڕانکاریی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەسەڵات و هونەریی و ئەدەبیی و فکریی. لەبیری نەکەین دەق هەیە بەکردەوە شۆڕشێکی فکری و ئەدەبی دروست دەکات،

خاوەنەکانشیان لەکردەوەدا کە گۆڕانکاریی فکری و ئەخلاقیی و ئەدەبی دروست دەکەن، دەچنە خانەی شۆڕشگێڕە گۆڕانخوازەکانەوە.

هەموو ئەمانە پەیوەستن بەو پێوانانەی زاراوەی شۆڕشگێڕیی دەیانگرێتەوە. دەکرێت ئەمانەش پۆلێن بکرێن لەڕوانگەی "ئابووری و سۆسیۆلۆژی لەڕێگەی دەروونزانی و دەرک کردنێکی شیاو. نابێت ئەوەش لەبیر بکەین شۆڕشگێڕەکان و سەرکردە شۆڕشگێڕەکان بەتایبەتی ئەوانەن، کە ڤایرۆسی نەخۆشیان لەنێو شۆڕشیشدا هەڵگرتووە". (کرین برینتن، ٢٠٠٩، ١٣١). لێرەدا واتا و مەبەستێکی پێچەوانەش دروست دەبێت، کەسانێک خۆیان لەژێر ناوی گوتاری شۆڕشگێڕانە پێناسە دەکەن، هەر ئەوان ڕەنگە ببنە هۆکار بۆ سەرلەنوێ پێداچوونەوە بەم پێناسە و شیکردنەوەی ئەو گوتارەی لەم چوارچێوەیەدا هەیە و ڕەفتارێکی پێچەوانەی گۆڕانکاریی ئەنجام دەدەن، یان گوتارێک ڕادەپەڕێنن کە کورد گووتەنی سەد خۆزگە بە کفن دز بێت.

لەفەرهەنگێکی کوردیدا شۆڕشگێڕیی **Revolutionism** بەم جۆرە پێناسەکراوە: "هەر جۆرە کردار و شێواز، یان تیۆرییەک خوازیاری پشتگیری لەگۆڕینی بنەڕەتی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، یان کەلتووری بێت، بە شۆڕشگێڕی لەقەڵەم دەدرێت. شۆڕشگێڕان بەدژی کۆنەپەرستین و تەنانەت ڕیفۆرم خوازەکانیش بەسازشکاری لەگەڵ ڕژێم و سستی لەکردەوەدا تاوانبار دەکەن". (ئەحمەد سەبانی، ٢٠١٠، ٢٠٦). واتا کردەیەکی ڕادیکلانەیە و ئامادە نییە سازش لەگەڵ ڕیفۆرمخوازەکانیش بکات، یان ئەوانەی بڕوایان بە چاکسازیی هەیە، چونکە هەندێک لەهەڵگرانی فکری گۆڕانخواز، ئەمانە بە خۆبەدەستەوەدەر و لاواز و دوور لەشۆڕشگێڕی حیساب دەکەن. شۆڕشگێڕەکان هێندە توند فکرەکانیان و تەنیا خۆشیان نمایس دەکەن، ئامادە نین هیچ چەشنە کارێکی جیاواز لە فکر و ئایدیۆلۆژیای خۆیان قبووڵ بکەن و بەدوورکەوتنەوە لە پێشوازیی لە جیاوازییە فکری و

کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان خۆیان دەخزێننە چوارچێوەی بادانەوە بەرەو تاکڕەویی و خۆسەپێنی و چەقبەستن.

ئەم زاراوەیە لەفەرهەنگی ئینگلیزیدا بەم جۆرە پێناسە کراوە "بریتییە لە باوەڕبوون بە شۆڕش، یان بیرۆکەی شۆڕشگێڕییە، یان دۆخی شۆڕشگێڕبوونە".

**(https://www.collinsdictionary.com/us/dictionary/english/revolutionism#:~:text=noun,the%20state)** .

هەروەها لەزمانی ئینگلیزیدا ئەم زاراوە و گوزارشتانەش بەکار دەهێنرین: (شەڕی شۆڕشگێڕانە، زەوقی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشگێڕانە شۆڕش بکەن، شۆڕشێک لەبواری پیشەسازییدا بکەن).

**(https://www.collinsdictionary.com/us/dictionary/english/revolutionism#:~:text=noun,the%2)** .

یاخود لەپێناسەیەکدا بەزمانی ئینگلیزی هاتووە: "باوەڕێکە لەبارەی چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی بنەما شۆڕشگێڕییەکان و جۆرێکیشە لە باوەڕ، کە ناوەڕۆکێکی مەعریفی بەشێوەیەکی ڕاست لەخۆ گرتبێت".

**(https://www.vocabulary.com/dictionary/revolutionism).**

لەڕوانگەی ڕۆژنامە ڕاستڕەوە توندڕەوەکانیشەوە "شۆڕشگێڕ"یی پیشەیە. (بەربڵاوە، ڕیشدارە، جەنجاڵ و ڕەوشتێکی باشی هەیە، حەزی لە گوتار پێشکەشکردنە، سندوقێک سابوونی دزیوە، پیلانگێڕە دژی حکوومەت و ئامادەیە بۆ توندوتیژی. کەسە فاشیلەکانی سەردەمەکانی پێش شۆڕشن، هەست بەکەموکورتی زاتی خۆیان دەکەن، حەسودی بەوانی دیکە دەبەن، کە لەخۆیان باشترن، یان لەبیروباوەڕ و ململانێکاندا لەوان بەجووڵە و کێشەدارترن. لەهەمان کاتدا هەندێک لەنووسەرانی پرۆلیتاریش دەڵێن شۆڕشگێڕ خاوەنی ئیرادەیەکی پۆڵاینە، درۆکانی بۆرژوازی کاری تێ نەکردووە، بەڵکو خاوەنی فکری مارکسی و لینینیە، خاوەن حەماسەتە و

سۆزدارە و گیانی بەرەنگاربوونەوەی تێدایە، هاوشان لەگەڵ گیانی قوربانیدان. (کرین برینتن،٢٠٠٩، ١٣٣).

ئەم پێناسە و وەسفانەی لەبارەی شۆڕشگێڕەکان گوتراون، ڕێک دەیان جار لەنێو کوردستانیشدا چ وەکو فۆرم و شێوە، چ وەکو هەڵسوکەوت و نەریت و ڕەنگ و بیرکردنەوە و توندڕەویی لەبیرکردنەوەدا بینراون و بەرجەستەن. ڕەنگ و ڕیشداری و تەزبێحی درێژ و جۆری جەمەدانی بەستن و ڕەنگی کڵاو و ئەو زاراوانەی بەکاریان هێناون، یان جلوبەرگیان نیشانەی جیاوازیی و هەندێکجار پێوانەش بوون بۆ دیاریکردنی پلە و ئاستی شۆڕشگێڕیی و جۆر و ئینتماکانیشیان.

لێرەدا ناتوانرێت هەوڵێک بدرێت بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسییەک لەبارەی بۆچوونەکان سەبارەت بە شۆڕش لەسەرانسەری مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا، بەراورد بەوەی زۆر کەمتر بێت لەوەی نەریتەکانی دیکە بگرێتەوە، بەڵکو دەبێت واز لەوە بێنین و چی دیکە نەڵێین هەڵوێستی تایبەت کەسایەتییە سەرەکییەکان و نەریتی ڕۆژئاوایی پێش سەردەمی مۆدێرن بەرامبەر بە شۆڕش چی بووە. ئیدانەکردنی، یان دانانی بەڕێگەپێدراوە ئەخلاقییەکانی تەنیا لەهەلومەرجێکی زۆر بەر تەسکدا بووە.
**(Morkevicius, Valerie, 2013, (4): 401–411)**

مۆدێرنیتە لەبنەڕەتدا بەهۆی پاڵنەرە شۆڕشگێڕییەکانەوە پێناسەکراوە و حووکمدانی ئێمە، چ ستایشکردن بێت یان ڕەخنەگرانە، بۆ نموونە لەبارەی شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩ هیچ لەڕەوشی ئەو کاتی شۆڕشەکە ناگۆڕێت. مەسەلەکە لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەست بوو بەسەرتاپای بزووتنەوە ڕادیکاڵیی و کۆماریی و شۆڕشگێڕییەکانەوە، لەوانە تاکو کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم، ڕووخانی گەلێک لە تاج بەسەرە پێشەنگەکانی ئەورووپا بوو، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان، کە ڕووخاندنی لویسی شانزەهەمیان بەرهەمهێنا لەسەرەتاوە بەناچاری دژە پاشایەتی لەڕاستیدا دژ بە دیکتاتۆریەتی ئیمپراتۆریی

لەلوتکە نەبوو، بەڵام لەپەیوەندی لەگەڵ سەربەخۆیی ئەمەریکادا، بیرۆکەی شۆڕش لەگەڵ بنەمای سەروەری جەماوەری خۆی لەخۆیدا یەکسانیی بوو، هەروەها پەیوەست بوو بەتەقینەوەی ئاواتە ناسیۆنالیستییەکان کە بوونە یەکلاکەرەوە بۆ ئەو قۆناغەی ئاماژەی پێکراوە. سەرباری هۆکارەکانی کاردانەوە و دروستکردنی کۆنەپەرستی مۆدێرن، کە دەبێتە هۆکار بۆ بەرهەمەکانی بێرک و بۆناڵد و ئەوانی دیکە. ئەگەر مۆدێلی بەریتانیای پاشایەتی سنووردار و دەستووریش بێت، کە لەسەر بنەمای سەروەری یاسا وەستابوو، لەشوێنەکانی دیکەدا ببووە ناوەندی چاکسازیخوازانی سەدەی هەژدەم، بەم جۆرە دواتر لەسەدەی نۆزدەهەمدا زیاتر ئەو ئایدیایانە جێگەیان گرتەوە، کە لە شۆڕشەکانی ١٧٧٦، ١٧٨٩ خودی 'شۆڕش' ، کە سەردەمانێک بەمانای گەڕانەوە، یان گەڕانەوەی خوولانەوەی بۆ بارودۆخی پێشوو دەهات ڕەچاو بکرێت، دواتر دێتە سەر ئەوەی بەمانای ڕووخاندنی توندوتیژانەی ڕژێمە سەپێنراوەکان ئەنجام بدرێت و بەناوی سەروەری جەماوەریی، خۆسەلماندنی نەتەوەیی و نەتەوەیی بوون، یان هەردووکیان شۆڕش بکرێت و چوارچێوەی هۆشیارانە بەپێی بنەماکانی عەقڵ بینابکرێت، کە تاکو ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر وەک نەزمێکی سروشتی و ئۆرگانیکی وەرگیراو و ئیلهامبەخشی خودایی سەیر دەکرا، هەروەها بۆ نەیارەکانی زۆرجار پەیوەست بوو بە داواکارییەکی وەسوەسەیی سەبارەت بەسەربەخۆیی تاکەکەسی، گەشەکردنی تاکگەرایی بازرگانی و کۆمەڵایەتی و خواستی جیابوونەوە لەفۆرمەکانی دەسەڵاتی نەریتی، بەتایبەتی باوکسالاری و ئایین.

**(Gregory Claeys and Christine Lattek, ,2011 )**


بۆیە کاتێک باسی شۆڕش و شۆڕشگێڕی دەکرێت، نابێت ئەو گۆڕانکاریی و کارتێکردن و نەریت و هەڵسوکەت و ئازار و مەینەتی و کێشە و ململانێیە فکریی و کۆمەڵایەتی و هەتا ئەخلاقیانەشمان لەبیر بچێت، کە خودی شۆڕش لەچوارچێوەی پێناسەی کەسەکانەوە بەرهەمی دەهێنێت. شۆڕشگێڕەکان

ئەوانەن، کە یاسا و ڕێسا و فۆرمی شۆڕش دادەنێن، لەوەش پتر بەرپرس دەبن لەهەڵسوکەت و چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەندامەکانی شۆڕش. واتە هەموو شتێک دەبەستنەوە بە گوتاری حزب و شۆڕشەوە، لەکاتێکدا ئەو گوتارە سنووری خودی خۆیان نابەزێنێت و هەموو شتێک لەچوارچێوەی قسە و بەرژەوەندیی و بیرکردنەوەی ئەوان دایە.

شۆڕشی فەرەنسا کۆمەڵێک سەرەتا و چەمکی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی لەگەڵ خۆیدا هێنا، لەکاتێکدا شۆڕشەکان لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕ و فکرەکاندا بوون، فکرەکانیش بەرهەمی ڕاستەوخۆی کەسەکان بووە. ئەوانیش لەتوندوتیژیی و سڕینەوەی یەکتر و کوشتوبڕ و برسیەتی و تاریکستانی و کوێرەوەریی بەدوور نەبوون. واتە هەر کاتێک شۆڕشگێڕەکان دەسەڵات وەکو شتێکی پیرۆز لەچوارچێوەی بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیان پێناسە دەکەن و شیکار دەکەن، شۆڕش بەرەو (توندوتیژیی و تاکڕەویی و لادان و خۆخواردنەوە و خۆسەپاندن و پێناسەی هەڵە و دەسەڵاتی سەرکوتکارانەی ناوەخۆیی) دەچێت.

شۆڕشی کوردستان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (بەرەی !!) یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ١٩٧٦- ١٩٩١ لەژێر کاریگەریی لێکدانەوە و بڕیار و فەرمانی تاکڕەویانەی هەندێک لە سەرکردە دیارەکانی بووە. تەژی بووە لەدروشم و گوتاری چەپخوازانەی دادپەروەرانە، لەکاتێکدا (توندوتیژیی و خۆسەپاندان و ڕەتکردنەوە و سڕینەوەی ئەوانی دیکە)ی لەسەر ڕژاوەتەوە. ئەمەش بێگومان بەستراوەتەوە بە (دەسەڵات و پلە و پایەی کەسە شۆڕشگێڕەکان)، ئەو کەسانەی (خۆیان بەرەو پیرۆزبردن بردووە، خۆیان لەسەرووی ململانێ و هێزەکان بینیوە). بەواتایەکی دیکە ڕەخنەگرتن لە (سەرکردە) بەواتای (ئیهانە و سوکایەتی و تێکدانی ڕیزەکانی شۆڕش پێناسەکراوە) ئەمانەش خزێنراونەتەوە نێو گۆزەی (خیانەت)ەوە. نە کەس دەتوانێت (دەست بخاتە نێو گۆزەکەوە و فەرمانی بەخیانەت کردنەکە لەنێو گۆزەکە دەربهێنێت و بیگۆڕێت) و (نە دەتوانن گۆزەکە بشکێنن و فەرمانەکە

هەڵبوەشێننەوە). واتە کەسی خۆ بەخاوەنزانی شۆڕش (شۆڕشگێڕە، فەرماندەیە، خاوەنهێز و بڕیارە، هەقە و ڕەوایە).




لەکاتێکدا لەکاتی هەڵسوکەوت و فەرمان و بیرکردنەوەدا (مەسەلە بنەڕەتییەکانی گوتاری شۆڕش بەپێی مەزاج و هێز و خواستی ئەو کەسە شۆڕشگێڕە شیکار کراوەتەوە).

**شۆڕش لە ئەمەریکا**

لەکۆمەڵگەی ئەمەریکیدا هەستی دژایەتی شۆڕشگێڕان هۆکارێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئارامی کۆمەڵایەتی. (کرین برینتن، ٢٠٠٩، ١٣٣). واتە هاندان و لایەنگیریی کاری شۆڕشگێڕی بەجۆرێک لەتێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بۆیە شۆڕش کردەیەکە خەڵک زۆر مەیلی ناکەن. لەکردەوەشدا

شۆڕش نائارامییەکی هەڵچوونەیە، یان ڕێکخراوە لەلایەن جەماوەرەوە ئەنجام دەدرێت لەپێناو نەهێشتنی نائارامییەکی سەرکوتکارانەی دەسەڵاتداران (حکوومیی، یان چینایەتی).

نووسەرانی شۆڕشگێڕ سەرەڕای نیشتمانپەروەری ڕاستەقینەی خۆیان، بەپێویستی دەزانن خۆئاگابوون وەکو سەرەتایەکی گرنگ بەرجەستەتە بکەن و کێشە ئەوەیە هەرگیز نەیان دەتوانی ڕەگ و ڕیشە لەهەستیاری ئەمەریکییەکاندا بدۆزنەوە. نووسەرانی کۆلۆنیالیزمی نەوەی شۆڕشگێڕ بە ئینگلیزی لەدایک بوون، وەک هاووڵاتییەکی ئینگلیزی گەشەیان کردبوو، تاکو پێگەیشتن و شێوازی بیرکردنەوەی ئینگلیزی و مۆدەی ئینگلیزییان لە جل و بەرگ و ڕەفتاردا، لەهەڵسوکەوتیاندا چێنرابوو. دایک و باوک و باپیرانیان ئینگلیزی (یان ئەوروپی) بوون، هەروەها هەموو هاوڕێکانیشیان ئینگلیز بوون. هۆشیاری ئەمریکییەکان لەمۆدە و ستایلی ئەدەبی هێشتا لەدوای ئینگلیزەکانەوە بوو، هەمیسان و چەندبارە دواکەوتن، چاولێکەری لایی ئەمەریکییەکان چڕتر کردەوە. ئەوانەی پتر لەپەنجا ساڵ بوو لە ئینگلتەرا ناوبانگیان دەرکردبوو، کەچی تازە بەتازە نووسەرانی نیۆکلاسیکی ئینگلیزی وەک جۆزێف ئەدیسۆن، ڕیچارد ستیل، جۆناسان سویفت، ئەلێکساندەر پۆپ، ئۆلیڤەر گۆڵدسمیت و ساموێل جۆنسۆن لە ئەمەریکا بەتامەزرۆییەوە لاسایی دەکرانەوە.

**(http://www.let.rug.nl/usa/outlines/literature-1991/de.).**

مەبەستم لەم ئاماژەیە ئەوەیە ئەدەبی وڵاتە کۆلۆنیالییەکان، دوور نین لە کاریگەریی و لاسایی و چاولێکەری وڵاتە زلهێزە کۆلۆنیالیستییەکان. ئەدەب لە ئەمەریکا کە ئێستا خاوەنی هێزێکی یەکجار گەورەیی خۆیەتی، پێناسە و ناسنامە و زمان و گوتاری تایبەتی خۆی هەیە، سەردەمانێکی زۆر لەژێر کاریگەریی ئەدیبەکانی ئینگلیستان بووە. ئەم کاریگەرییە ڕەنگی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و تێڕوانیان بۆ شۆڕش و پێناسەیان بۆ شۆڕشیش هەبووە. بۆیە دەبینرێت سەرەتا ئەوان لە ئەمەریکا شۆڕش بە

نائارامی دەبەستنەوە، چونکە هەر شۆڕشێک دژی دەسەڵاتی ئینگلتەرا بووایە بە کردەوە بە تێکدانی ئارامی وەسف دەکرا.

ئەدەبی کوردی لەنێو شاخدا ئەگەر لەژێر کاریگەریی گوتاری داگیرکەرانەی دوژمنیش نەبووبێت، بەڵام لە ئایدیۆلۆژیای شمولی و خۆبەستنەوە بە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بەدوور نەبووە، چونکە ئەدەب لەنێو شۆڕشدا بەستراوەتەوە بە خەباتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای شۆڕشەوە.

هیچ دەقێکی ئەدەبی نادۆزیتەوە ڕاشکاوانە بانگەشەی (جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان) لەدژی دەسەڵاتی حکوومەتەکانی ناوەند بکات. بۆ؟ بێگومان ئەمە پەیوەندیی بە هۆکاری فکری و سیاسی و بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕی لە قۆناغە جیاوازەکان هەیە. چۆن سەردەمانێک بڤەبوو بە (بەغدا بگوترێت داگیرکەر)، دەقی ئەدەبیش کەم خۆی لەم ئاراستە و وێناکردن و پێناسەیە داوە. بۆ ئەوەی زیان بەچەمکی (برایەتی کورد و عەرەب) نەگەیەنێت و ئەو نائارامییە دەروونی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەی حکوومەتەکانی ناوەند درووستیان کردبوو، لەڕێگای (دەقی نائارام) تێک نەچێت. تاکو دەگاتە ئەوەی ئەدەب و هونەر لەنێو شۆڕشدا بەجۆرێکی دیکە دەخرێتە نێو (سانسۆری شۆڕشگێڕەکانەوە).

وەکو (مەسعود محەمەد) دەڵێت "بەلای منەوە مرۆڤ لەئەزموونی (امتحان)ی چاکە نومرەی دەرچوون وەرگرێت خۆشرە نەک مرۆڤ تێ بشکێ فەلسەفە سەرکەوێت. هەزار فەلسەفە دەکەم بە قوربانی یەک مرۆڤ". (مەسعوود محەمەد، ٢٠١٠، ١٤٤).

واتە شەرەف و کەرامەتی مرۆڤ لەلایەنەکانی دیکەی نێو شۆڕش و فەلسەفە گرنگترە. دەق کار دەکات پەیوەندییەکانی مرۆڤ وەکو مرۆڤ بەرجەستە بکات و بەسەرهاتی مرۆڤانەیان بگێڕێتەوە، یان بەپێچەوانە لایەنی خراپ و دڕندەیی خودی مرۆڤ شی بکاتەوە. بۆیە دەق ئەرکی پاراستن و بەهێزکردنی گیانی مرۆڤە، نەک فەلسەفەی مرۆڤ. لەکاتێکدا

شۆڕش ئەرکی پاراستن و بەهێزکردنی فەلەسەفەیە، نەک خودی مرۆڤەکان، مرۆڤ وەکو کەرەستەیەکی ئاسایی و سروشتی لەپێناو سەلماندن و سەرکەوتنی فەلسەفەکەیان بەکاردەهێنن. ئەمەشە لەئاکامدا گوتاری توندوتیژی پاکانە بۆ هەموو شێواز و ڕێگە و هۆکارێک دەکات، کە بەشێوەیەکی خراپ و نەگونجا و هەتا دڕندانەش بەکاریان دەهێنن.

شۆڕشگێڕەکان بەگشتی ئەوانەن، کە بڕیاری توند و یەکلاکەرەوە لەپێناو سزادانی ئەوانی دیکە بەمەبەستی سنووردانان و ترسناندنی خەڵکی بەکاردەهێنن، کە پێیان وایە لەفەلسەفەی گشتی ئەواندا دەرچوون، یان بانگەشەی گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەرێچکە و فەلەسەفەی تایبەت و دیاریکراوی خۆیان دەکەن، بێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ ئاراستە و فەلسەفەیەکی دیکە بکەن. ئامادە نین دان بە کەسانی چاکسازیخواز و مینارەو بنێن، ئەمەش بەواتای پیرۆزکردنی فکر و فەلسەفە و دەسەڵات و خۆسەپێنی دێت، چونکە لەکردەوەدا دادپەروەریی و یەکسانی بەواتای سڕینەوەی ئەم سنوورانە دێت، کە بوونەتە سەپاندنی سزا و ترساندن و سڕینەوەی ئەوانی دیکە، نەک دەسەڵاتی گروپێک بەسەر گروپێکی دیکەدا.

سەردەمی مۆدیرنە و چەپایەتی باو بوو، بەڵام ئەمانە ناتوانرێت وەکو مولکی کوردی سەرنجیان لێ بدرێت، وەکو چۆن ئەمەریکییەکان لەسەرەتادا ئەدەبەکەیان و سیاسەتەکەیان لەژێر کاریگەریی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز بووە، تەنیا گوتوویانە لەنێو هیچ دەقێکدا باسی (سەربەخۆیی) ئەمەریکاش نەکراوە.

بێگومان لە کوردستاندا خەباتی چینایەتی و ڕزگاری نیشتمانی بریتی بوون لە دوو فەلسەفەی خۆبەستنەوە بەوانی دیکە، واتە داماڵینی خۆماڵیی بوون بووە، لەتەک ئەوەشدا لە هەندێک ناوچەدا بانگەشەی (ماویزم و مارکسیزم و لینینزم و گیڤاراچیەتی و عێراقچیەتی لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی شۆڕشگێڕیی چەپخوازانە و کوردستانیەتی) کراوە. ئەمانە لەکردەوەدا داماڵینی تاکی کورد بووە لەگیانی شۆڕشگێڕیی هەقیقی و

واقیعیی. دەتوانم بڵێم لەڕووی فکریی و سیاسییەوە خۆبەستنەوە بوو بەفکری باڵادەستی نەتەوەی حووکمڕان.

لامان ڕوونە (کۆمەڵەی رەنجدەڕان) و (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بەئاشکرا ئەم ناکۆکیی و ڕکابەریی و کاریگەرییە فکریی و سیاسییەیان پێوە دیار بووە، تەنیا بۆ نموونە گۆڕینی ناوی (ئێزگەکەیان) پەیوەندیی بە ستراتیژی بیرکردنەوەی سیاسی و فکریانەوە هەبووە لەنێوان (ئێزگەی شۆڕشی عێراق و شۆڕشی گەلی کوردستان)، کۆمەڵە تاکو بەفەرمی هەڵوەشێنرایەوە کێشەی (عێراقچیەتی و کوردستانی) تێدا ئاشکرا و و زەق بووە، ئەم ململانێیە خەڵکەکەی بەرەو جیابوونەوە و لێکدابران و توندوتیژی فکری و جەستەیی و چەکداریش بردووە.

### ئەدەب و هونەر لە سەردەمی شۆڕشدا

تا سەردەمی شۆڕشی ئەمەریکا (١٧٧٥-١٧٨٣)، نووسەرانی ئەمەریکی لەشێوازی ئەدەبی پیوریتان و تەوەرە ئاینییەکانی تێپەڕین و شێوازی نووسینیان پەرەپێدا، کە لەئەزموونە دیارەکانی ئەمەریکاوە گەشەیان کردبوو. (پیوریتانەکان کۆمەڵێک پرۆتستانت بوون لە کەنیسەی ئینگلتەرا جیابوونەوە؛ پێیان وابوو ڕێوڕەسمەکانی کڵێسا دەبێت سادە بکرێنەوە و خەڵک دەبێت دیسیپلینێکی توندی ئایینی پەیڕەو بکەن). سەرسامی کۆلۆنیالیزم بەزانست، سروشت، ئازادی و داهێنان لەنووسینەکانی سەردەمی شۆڕش ڕەنگی دایەوە. کۆلۆنیالیستەکان شێوازی قسەکردنی خۆیان پەرەپێدا، چیتر شێوازە فەرمییەکانی نووسەرانی بەریتانییان کۆپی نەکرد. (کتێبی سپێلەری پشتگیری شین لە نووسینی نوح وێبستەر کە لە ساڵی ١٧٨٣ بڵاوکرایەوە، یارمەتیدەر بوو بۆ ستانداردکردنی وەشانی نوێی ئەمەریکی ئینگلیزی). نووسەر (دەیڤید هۆک) لەکتێبی ئەزموونی کۆلۆنیالیزمدا نموونەیەکی لەشێوازی ئەدەبی ئەمەریکی پێشکەشکردووە.

باوکی دامەزرێنەر (بنیامین فرانکلین ١٧٠٦-١٧٩٠)، ئاماژەی بەوەشکردووە، "ئەو قسەیەی لەسەدەی حەڤدەهەم وەرگرتووە کە دەڵێت (سێ کەس دەتوانن ئامۆژگاری بهێڵنەوە، ئەگەر دوو کەس دووربن) و ئەویش ئەم قسەیەی گۆڕیووە و دەڵێت (سێ کەس ڕەنگە نهێنی بهێڵنەوە، ئەگەر دوو کەسیان مردن)، هەندێک لەباشترین ئەدەبیاتی سەردەمی کۆلۆنیالیزم باسی ژیانی ڕۆژانەی نێو ئینگلاندیان کردووە و لەپرۆسەکەدا لایەنەکانی کارەکتەری تازەپێگەیشتووی ئەمەریکییان وێناکردووە. ئەو کۆلۆنیالیستانەی نەتەوەیەکی نوێیان پێکدەهێنا، باوەڕێکی پتەویان بەهێزی عەقڵ هەبوو؛ ئەوان خۆپەرست و پرسیارکەر و گەشبین و پراکتیکی و زیرەک و زیرەکی سیاسی و پشت بەخۆبەست بوون **(https://www.encyclopedia.com/history/educational-magaz)**

لەمەش پتر ئەوانەی شیکاری دۆخی شۆڕش و شۆڕشگێڕەکانی ئەمەریکایان لەکاتی کۆتایی پێهێنانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیی بەریتانیای مەزن کردووە، پێیان وایە "ئەو بزاڤەی شۆڕشی کرد، بەشێوەیەکی مەبەستدار شۆڕشگێڕ نەبوون، تەنیا (بنیامین فرانکلین)، کە زانیاریی زۆر وردی لەبارەی ناوچە کۆلۆنیالکراوەکان هەیە لەپاشتر زۆر بەوردیی و وریاییەوە نووسیویەتی: بەهیچ شێوەیەک لەگفتوگۆکانی کەسەکانی دیکە گوێم لەوە نەبووە پیاوێکی بەئاگا، یان سەرخۆش هیچ ئارەزوێکی جیابوونەوە (سەربەخۆیی) هەبووبێت، یان هیچ ئاماژەیەکی لەم جۆرە هەبووبێت، کە ببێتە سوودبەخشین بە ئەمەریکا". (حنا ادرینت، ٢٠٠٨، ٦٠). بۆ زانیاری پتر بڕوانە (**Clinton Lawrence Rossiter, , 1956, p 4**). تەنیا لەشۆڕشی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمی فەرەنساشدا بەپێی بۆچوونەکانی (توکفیل) بۆچوونێکی لەم جۆرە هەیە، کە شۆڕش لەکردەوەدا "ئامانجی ڕووخاندنی ڕژێمی کۆنینە نەبووە، بەڵکو گێڕانەوەی ڕژێمە کۆنەکە بووە". (حنا اردینت، ٢٠٠٨، ٦١).

ئەدەب و هونەر لەم دۆخەدا دەبێت چ جۆرە ئەرک و گوتار و پەیامێکیان دروست کردبێت، لەکاتێکدا دەزانین ئەدەب و هونەر بنەماکانی گۆڕانکارییان لەنێو کۆمەڵگەدا پێکهێناوە. ڕێنسانس و ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتی و ڕیشەییەی لە ئەورووپادا دێنە پێشەوە پەیوەندییان بە ئەرک و گوتاری هونەرەوە هەبووە. لەشۆڕشی کوردستاندا ئەدەب و هونەر کاریگەرییان لەسەر پەرەپێدانی توانای شۆڕش و شۆڕشگێڕیی هەبووە.

لەکاتێکدا چەپەکان ئەوەی ئەمەریکا بە شۆڕش و گۆڕانکاریی لەسیستەمی بۆرژوازی دانانێن، لەهەمان کاتدا هەندێکیش پێیان وایە ئەمە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە و ئەوەی قەوماوە بەکردەوە شۆڕشە و لە ئەمەریکا ڕوویداوە. "زۆر لەمێژوونووسەکانی ئەمەریکی بەپێچەوانەوە گەیشتوونەتە ئەنجام و جەخت لەوە دەکەنەوە کە شۆڕشێک بووە بە مانا بەهێزەکەیەوە، چونکە دەسەڵاتی پاشایەتیی بە کۆماریی گۆڕیوە".

**(Nash, Gary B, Viking2005,** ) .(**Wood, Gordon S., Vintage, 1993).**

ڕاستە هیچ پارچە هونەرێکی شێوەکاری نییە، کە بووبێتە هۆی شۆڕش، بەڵام زۆر بەرهەمی هونەری هەن بەشدارییان لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکاندا کردووە و گوزارشت لەگۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانەیان لە کۆمەڵگەدا کردووە.

بۆ نموونە ڕامبرانت **Rembramdt** (١٦٠٦-١٦٦٩) وەک یەکێک لەگەورەترین هونەرمەندەکانی ئەورووپا، بەرهەمی شۆڕشی ئەڵمانیا بوو لەدژی دەسەڵاتی ئیسپانیا لەسەدەی شانزەهەمدا، هەروەها دیدگای ڕەخنەیی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەڵمانیایش لەدایکبوو – لەو کاتەدا – وەک بەڵگەی وێنەکێشانەکان، کە هاوسۆزییەکی قووڵیان بۆ سواڵکەرەکان هەبوو.

لە فەرەنسا لەسەردەمی شۆڕشدا هونەرمەند دەڤید **Jacques Louis) David)**(١٧٤٨-١٨٢٥) کە ئەندامی مەجلیسی شۆڕشی نیشتمانی بوو، تابلۆی "مەرگی مارا"ی تەواو کرد، ژان پل مارا (١٧٤٣-١٧٩٣) کە ڕۆژنامەنووسێکی شۆڕشگێڕی ڕاپەڕیوو بوو، بە جۆش و خرۆشەوە لەلایەن دژە شۆڕشەوە کوژرا.

لەساڵی ١٨٣٠دا هونەرمەندی فەرەنسی دۆلاکروا(**Delacroix**) (١٧٩٨-١٨٦٣) بە شێوەیەکی ڕەمزی شۆڕشی سووتاوی دەربڕی، لەو ساڵەدا لەتابلۆ بەناوبانگەکەیدا "ئازادی سەرکردایەتی گەل دەکات". پاشان، لەماوەی شۆڕشی ١٨٤٨دا، هونەرمەند لەگەڵ خۆیدا لەبازنەکانی هونەری پاریسدا زریانێکی دروستکرد تابلۆی نایابی "کرێکارانی کانگای بەردین"ی بەرهەمهێنا. لەسەدەی بیستەمدا، هەم شۆڕشی ڕوسیا لەساڵی ١٩١٧ و هەم شۆڕشی ئەڵمانیا لەساڵی ١٩١٨-١٩٢٣ بزووتنەوەی هونەری بەهێزی ئاڤانگاردیان دروستکرد، پڕۆژە - تەواونەکراوەکە - تاوەری تاتلین، کە بڕیار بوو مۆنۆمێنتێک بێت، بۆ ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست.

له ئەڵمانیا ئۆتۆ دیکس (**Otto Dix**)(١٨٩١-١٩٦٩) و جۆرج گرۆز **George) grosz)** (١٨٩٣-١٩٥٩) بەرهەمی هونەرییان بەرهەم هێنا، کە بەتوندی هێرشیان کردە سەر چینە دەسەلاتدارەکان، دواتر جان هارتفیلد(**John Heartfield**) (١٨٩١-١٩٦٨) کە تەکنەلۆژیای فۆتۆ-مۆنتاژ بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی هونەری بەکارهێنا، بەتوندی و بوێرانە هێرشی کردە سەر هیتلەر و نازیزم.

سەبارەت بەبزووتنەوەی سوریالیستی، کە لەسەر دەستی (ئاندرێ بریتۆن) لەدایک بوو، بزووتنەوەیەک بوو ئامانجی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕانەی ئاشکرای هەبوو. لەوانەش هونەرمەندانی وەک ماکس ئێرنست، و جۆن میرۆ - بە پێچەوانەی سەلڤادۆر دالی، کە لەلایەن ئەوانی دیکەوە دوورخرایەوە بەهۆی مەیلە فاشیستەکانییەوە.

هونەرمەندانی سوریالیست هەوڵیان دەدا ئاگاییی بۆرژوازی ئاشنا بەوێنەکانی نائاگایی کێشراو لەناوببەن. هەندێک لەبەهێزترین هونەرە شۆڕشگێڕەکان لە مەکسیک، لەقۆناغی نێوان جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمدا، بەهەمان شێوە هاتنە بەرچاو، لەلایەن دیوارنووسەکانی وەک (مانۆنا ئۆرۆزکۆ، دەیڤید سیکویرۆس و دییێگۆ ریڤێرا). لەسەردەمی شۆڕشی مەکسیکدا، (ریڤێرا) وێناکردنی کێشا، کە مێژووی مەکسیکی لەفەتحی ئیسپانیاوە تاکو سەردەمی مۆدێرن بەرجەستە دەکرد، لەکاتێکدا

بەرهەمەکانی هاوسەرەکەی (فریدا کاهلۆ) زیاتر خۆجێی و خودی بوون، بەڵام کەمتر ڕادیکاڵ بوون.

لەقۆناغی دوای جەنگی جیهانیی دووەمدا، بزووتنەوە ڕادیکاڵەکانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەنگدانەوەیەکی بەهێزیان لەهونەردا بیست. خەباتی ڕەشپێستەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەکارەکانی هونەرمەندانی وەک ڕۆمار بیاردێن (**Romare Bearden**)(١٩١١–١٩٨٨) و بێتی سار (**Betye saar**)(١٩٢٦–) ڕەنگدانەوەی هەبوو، لەکاتێکدا (لیۆن گولبێ) بەرهەمێکی بەهێزی بەرهەمهێنا، کە هێرشی کردە سەر جەنگی ڤێتنام.

ئەو قۆناغە لەمانگی ئایاری ١٩٦٨، لە پاریس، لەکاتی ڕووداوە مێژووییەکانی مانگی ئایاردا – ڕاپەڕینی خوێندکاران و مانگرتنی گشتی و داگیرکردنی کارگە – خوێندکارانی هونەر فاکەڵتی هونەرە جوانەکانیان داگیرکرد و کردیان بەکارگەیەکی خەیاڵی بۆ بەرهەمهێنانی پۆستەری شۆڕشگێڕانە، هێرشکردنە سەر سەرۆک (دو گۆل)، پۆلیسی ئاژاوەگێڕی ڕقی لێبووەوە و ئاهەنگگێڕانی ئەو کرێکارانەی ڕژانە سەر شەقامەکانی پاریس، درەوشانەوەی هونەری نایاب و پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕانە بوو.

(نووردەین جاڤ، هونەر و شۆڕش، ٦ی ئابی ٢٠٢٢،
**(https://jineftin.krd/2022/08/06/%D9%87 ).**

لەکاتێکدا (مارکیوز) لەبارەی هونەر و شۆڕش دەئاخڤێت، مەسەلەکە قووڵتر دەبەسترێتەوە بە فکر و ڕەهەندە فکرییەکانی هونەر و نووسین و داهێنان لەمبارەوە دەڵێت "هونەر لەسروشتی خۆیدا یاخیبوونە، هونەرمەندی داهێنەر یاخیبوون بەکاردەهێنێت، ئینجا ئەمە نەریتێکی هونەری (شێوە و نێوەڕۆک) بێت، یان نەریتێکی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی. هونەری نوێخواز بەشێوەیەکی سروشتی لەکۆنینە یاخیی دەبێت. بۆیە ئاسان نییە بڵێین ئەمە شۆڕشگێڕییە و ئەوی دیکە شۆڕشگێڕیی نییە. (بریخت) شانۆگەری بۆ هوشیارکردنەوەی چینی کرێکار بەکاردەهێنێت، ئەمەش وایکردووە زۆر جێگەی بایەخی چینیی

بۆرژوازیی نەبێت. (سارتەر)یش پێی وابووە نووسەر، کە دەنووسێت پێش هەر شتێک جەماوەرەکەی هەڵدەبژێرێت، چونکە پێی وابووە هەڵبژاردنی بابەت لەیەکەم هەنگاو بەواتای هەڵبژاردنی جەماوەرکەشی دێت". (د. حسان حماد، ١٨ی نۆڤێمبەری ٢٠١٣، ڕۆژنامەی الاهرام، ژمارە ٤٦٣٦٨، **https://gate.ahram.org.eg/daily/News/1007/59/243205**

(گرامشی) پێناسەیەکی تایبەتی بۆ ڕۆشنبیر کردووە، کە تارادەیەک جیاوازە لەبۆچوونی فەیلەسوفەکانی پێش خۆی. لەهەمان کاتیشدا هەتاوەکو ئەمڕۆش بەیەکێک لەپێناسە گرنگەکان دادەنرێت، کە بۆ ڕۆشنبیر کرابێت. بەبڕوای (گرامشی) دووجۆر ڕۆشنبیر هەیە، یەکەمیان (ڕۆشنبیری تەقلیدیی)، ئەمەش ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانە دەگرێتەوە خۆیان لە جەماوەری گشتی خەڵکی بەدوور دەگرن و زیاتر خۆیان بەنوخبەیەک دادەنێن و بەچاوێکی کەمەوە سەیری ئەوانیتر دەکەن و خۆیان لەقەرەی کێشەکانی ناو کۆمەڵ نادەن.

جۆری دووەمی ڕۆشنبیر ئەوانەیە (گرامشی) ناوی (ڕۆشنبیری ئۆرگانی) لێناون، ئەمانە ئەو ڕۆشنبیرانە دەگرێتەوە، کە خۆیان بە بەشێک لە کۆمەڵگەکەیان دادەنێن و هەڵگری ئازار و مەینەتییەکانی گەلەکەیانن و داکۆکی لەمافەکانیان دەکەن. لەهەمانکاتیشدا ئەو ڕۆشنبیرانە دەبنە ڕابەری بزووتنەوە جەماوەریی و شۆڕشگێڕییەکان و هەوڵی ڕێکخستنی خەڵکی دەدەن، لەهەمووشی گرنگتر هەوڵ دەدەن چینی جووتیار و کرێکاران لەیەکتری نزیک بکەنەوە، هەروەها ئەرکی سەرەکیشیان هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەبێت و هەوڵدان بۆ دژایەتیکردنی هەژموونی کەلتووری سەرمایەداریە. (ئەردەلان عەبدوڵڵا، **https://www.rwangauraxna.com/detail.a**).

نووسەرێکی چەپ لەشیکردنەوەی بابەتێکی ئەدەبیدا بەم شێوەیە پێناسەی ئەدەب و شۆڕشگێڕیی کردووە "ئەدەب وەک چالاکییەکی فیکریی ئینسان هەمیشە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی جیاوازەوە دێتە نمایش کردن. لەوەتەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دابەش بووە بەسەر دوو چینی دژ بە یەک،

شوناسی ئەدەبیش لەسەر بنەمای ململانێی نێوان ئەو دوو چینە دێتە پێناسەکردن. بەواتایەکی تر ئەدەبێک نییە غەیرە چینایەتی بێت. چونکە لەکۆمەڵگەیەکدا کە ئێستا ئێمە بەناچاری ژیانی تێدا بەسەر دەبەین و لەسەر ناکۆکی چینایەتی و دەسەڵاتی چینایەتی بنیاتنراوە، توانای دەربڕینی هەستە پەتییە مرۆییەکان سەبارەت بەپەیوەندییەکانی خۆمان بەکەسانی دیکەوە بەڕادەیەکی یەکجار کەمە. لەم سەردەمی سەرمایەدارییەی، کە ئەمرۆ مۆرکی خۆی بەهەموو شتێکەوە ناوە (بەسەردەمی نووسینی چیرۆکەکەشەوە)، ئەدەب و هونەر یان سەرمایەداریی (بۆرژوازی) یان کرێکارییە." (عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ، ١٦-١-٢٠١٨، ماڵپەڕی پیام،
**https://payaam.net/ku/%D8%AF%D9%86%DB**

لەکاتێکدا باسی ئەدەب و هونەر لەنێو شۆڕشدا دەکەین، دەبێت ئاماژە بە ئەدەبی مولتەزیم و وابەستە بە ئامانجە گشتییەکانی شۆڕش بکەین و ناویان ناوە (ڕیالیزمی سۆسیالسیتی)، پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە ئەدیبانی ئەمەریکا سەرەتا لەژێر کاریگەریی و سەرسامی بە ئەدیبەکانی ئینگلتەرادا بوون. مارکسییەکان مەیلیان بەلای ئەدەبی مولتەزیمە و شتەکان بەدۆزی چینایەتی و ئایدیۆلۆژی و فکری شۆڕشی سۆسیالیستی و چینی کرێکارەوە دەبەستنەوە. واتە پێداگرن لەسەر ئەوەی ئەدەب دەبێت بەهەمان ئاراستە و گوتار و بیرکردنەوەدا بچێت، کە شۆڕشی چینایەتی و کۆمەڵایەتی دیاریی کردووە و ئەدیب وەکو هەر شۆڕشگێڕێکی دیکە دەبێتە وشە و ئەدەب و شێوازی بیرکردنەوە و دەربرین و گوزارشتەکانی ببەستێتەوە بە پەروەردە و هوشیاری و بنەما سەرەکییەکانی خودی شۆڕشگڕەکانەوە.

دوور کەوتنەوە لەخود و خۆویستی و خۆشەویستی و شێوازی ڕەمزی هونەریانە، کە کرێکاران و چینە هەژارەکان بەئاسانی تێی ناگەن، واتە زمانی گوتاری دەقەکانیان دەبێت بەهەمان ئاراستە و ئاستی زمانە سیاسییە گشتییە باوەکەی شۆڕشە چینایەتییەکە بێت. ئەگەر نا دەخلیسکێنە نێو فکری بۆرژوازیی و چاکسازیخوازیی بۆرژوازیی و

میانڕەوی لادەر. ئەمەش پێناسەیەکی گونجاو نییە، چونکە کەسە خلیسکاوەکانی نێو ئەم پێناسانە، وەکو کەسانی لاواز و هەڵپەرست و خۆپەرست و خودیی و دژ بەبنەما و مافە گشتییەکانی چینی شۆڕشگێڕی کرێکاران دادەنرێن. بەواتایەکی دیکە لەنێو شۆڕشدا ئەدەب و هونەر وەکو کارێکی فکری و هونەریی سەیر ناکرێن، بەڵکو بە بەشێک و کەرەستەیەکی کاریگەری شۆڕش دادەنرێن. واتە فەلسەفاندنی دەق دەبەسترێتەوە بە فەلسەفەی شۆڕشەوە.

### ئەوەی منداڵانی کۆلۆنیالیزم دەیخوێننەوە

تا نزیکەی بیست و پێنج ساڵ پێش دەستپێکردنی شەڕ و شۆڕش، مادەی خوێندنەوە بۆ منداڵانی ئەمەریکی لەبنەڕەتدا تەنیا لەکتێبی پیرۆز و بەرهەمە ئایینییەکانی دیکەدا سنووردار بوو. وردە وردە پتر کتێب بڵاوکرایەوە و بەشێوەیەکی بەرفراوانتر خوێندرایەوە. ڕکابەری کتێبی پیرۆز لەڕووی جەماوەرییەوە ئەلماناکەکان بوون. منداڵان ئەو چیرۆکانەیان زۆر خۆشدەویست بیانخوێننەوە، پێشبینییەکانی کەشوهەوا، شیعر، ڕووداوە هەواڵییەکان، ئامۆژگارییەکان و زانیارییە جۆراوجۆر و بەسوودەکانی دیکە، بەناوبانگترینیان کتێبی (ئەلماناکی ڕیچاردی هەژار)ی (بنیامین فرانکلین) بوو، کە بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٧٣٢دا بڵاوکرایەوە، ئەم کتێبە زیاتر لەجارێک هەڕەشەی سووتاندنی لێکراوە... باسی ئەوە دەکات هەندێک لەشتە بەکارهێنراوەکانی نێو دەقەکە لەقازانج و چاکەی خێزانەکەم بەکاربهێنم. ئێمە ڕیچاردی هەژارمان هەیە، کە سوپاسی بکەین بۆ ئەو وتانەی بەکاری هێناون وەکو: "بخۆ بۆ ئەوەی بژیت، نەک بژی بۆ ئەوەی بخۆیت"؛ "ئەو کەسەی لەگەڵ سەگەکان پاڵ دەکەوێت، لەگەڵ مێرووله هەڵدەستێت"، "زوو خەوتن و زوو هەستان/ پیاو تەندروست و دەوڵەمەند و ژیر دەکات." هەموو کۆلۆنییەکانی ئەمەریکا تاکو ساڵی ١٧٦٠

چاپخانەیان هەبوو، بەڵام ئەمەریکییەکان و منداڵەکانیان بەردەوام بوون لەپشتبەستن بە ئینگلتەرا وەک سەرچاوە بۆ زۆربەی کتێبەکانیان. دەوترێت بڵاوکەرەوەیەکی لەندەن بەناوی (جۆن نێوبێری ١٧١٣-١٧٦٧) هەبووە و زۆرترین کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتی منداڵان لە ئەمەریکای پێش شۆڕشدا هەبووە. لە ساڵی ١٧٤٠ دا دەستی بەچاپکردنی کتێبی منداڵان کردووە. زۆربەیان پەروەردەیی بوون، بەناوونیشانەکانی وەک مۆزەخانەیەک بۆ گەنجان و خانمان یان مامۆستایەکی تایبەت بۆ وەستا و شاجوانە بچووکەکان (١٧٥٠ کتێبی لەبارەی چۆنیەتی ڕەفتاری دروست) بڵاوکردۆتەوە و دواتریش کتێبە جوانەکانی بۆ منداڵان و کتێبی ڕێنماییەک بۆ زمانی ئینگلیزیی بڵاوکردۆتەوە.

**https://www.encyclopedia.com/history/educational-magazi.**

ئەگەر دیقەت لەم بۆچوونە لەبارەی ئەمەریکا بدەین، دەبینین هەموو ئەو وڵاتانەی داگیرکراون و کۆلۆنیالیزم بەڕێوەی بردوون، لەدۆخی دواکەوتن دابوون. لە کوردستاندا تەنیا سەد ساڵێکە قوتابخانەی زانستی دەستی پێکردووە، پێشتر هەموو کەسێک نەیتوانیوە منداڵەکانی بنێرێتە بەر خوێندن و بەرنامەی پەروەردە و فێرکردنیش یان بەزمانی تورکی عوسمانی بووە، یان بەزمانی قورئان و عەرەبی. کتێبی کوردی بۆ منداڵانی کورد نەک دەگمەن بووە، بەڵکو قاتی بووە و هەر نەبووە. لەباسێکی جوودا لەوەی ئێمە باسی دەکەین (مەسعود موحەمەد) لەساخکردنەوەی بوون و مردنی حاجی قادری کۆیی و ئەو فەلسەفەی کە بڕوای پێی هەیە لەبارەی مزگەوت و کرانەوەی قوتابخانەی میریی (زانستی) دەڵێت "بیرکردنەوە لەفێرگەی میری نەک ئەوسا بەڵکو لەوکاتەدا کە مەلای گەورەش بەهۆی پێشبینی خۆیەوە کردی بەداخوازییەکی ناوچەیی و گرنگ هێشتا بەلای خەلقەوە کارێکی پەسند نەبووە، چەندین ساڵ دوای کردنەوەشی بەرە و تاقمی وا هەر هەبوو بە کفرخانەی دانێن. خولاسەی

گوتە ئەوەیە لەسەردەمی دەست پێکردنی حاجی بە خوێندن هەر مزگەوت هەبوو تێیدا بخوێندرێ". (مەسعوود موحەمەد، ٢٠١٠، ١٢٦).

وابزانم هێندەی نێو ئەم هەمبانە بەسە بۆ ئەوەی ساخ بێتەوە لە ئەمەریکاش سەرەتا لەڕێگەی فێرگە ئایینەکانەوە خوێندەواری دەستی پێکردووە و لە کوردستانیشدا سەرەتای خوێندەواری کە بەشێوەیەکی کەم و ژمارەیەکی زۆر دیاریکراو بووە و ژمارەیەکی ئێجگار کەم چوونەتە بەر خوێندن لە مزگەوتەکان و دواتریش ئەدەبیاتی نوێ لە زمانی عەرەبی لە عێراق و سوریا و فارسی لەئێران و تورکی لە تورکیا وەکو وڵاتی داگیرکەری کوردستان بەکارهێنراوە.


هێندە بەسە بڵێین نەک بایەخدان بە ئەدەبی منداڵان هەر نەبووە، بەڵکو خوێندن بەزمانی کوردیش قەدەغە و بڤە بووە، بۆیە باسی ئەدەبی منداڵان دەکەم چونکە ئەم جۆرە ئەدەبە لەدوارۆژدا کەسانی پسپۆر و ئەدیب و شارەزا لەنووسین و فکر و بیرکردنەوە و داهێنان و شۆڕش دروست دەکات. بەپێی زانیارییەکان ڕادەی خوێندەواری کورد لەسەردەمێکدا بەم جۆرە بووە ٩٥٪ کورد لەئێران و ٩٠٪ی کورد لە تورکیا و ٨٥٪ی کورد لە عێراق و ٨٠٪ کورد لە سوریا نەخوێندەوار بوون. لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەدەگمەن یەکێک لەنێو کوردەکان دۆزراوەتەوە خوێندنەوە و نووسینی زانیبێت. (غازی حەسەن، خوێندەواری ڕێگەیەکی سەخت و درێژ لە کوردستاندا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، ٩).

وەکو (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد) ئاماژەی پێکردووە "یەکێک لەڕووە هەرە گرنگە نوێیەکانی خەباتی ڕۆشنبیریی کۆمەڵ و ڕێکخراو و پیاوە سیاسییە ناودارەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان بریتیی بوو لەبایەخدان بەبڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری لەناو منداڵ و لاوی تازە پێگەیشتووی کوردا لەگەڵ خزمەتکردنی زمان و ئەدەبی گەلی کورد وەکو دوو هۆی کاریگەری پاراستن و پەرەپێدانی نەریت و هەستی نەتەوەیی

لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا". (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد،١٩٧٥، ٣٥). بۆ زانیاریی پتر لەبارەی قوتابخانەی کوردی و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بڕوانە (غازی حەسەن، خوێندەواری، ٢٠٠٨).

## شیعر و شاعیری شۆڕشگێڕانە

لەنێو ئەدەبی کوردیدا شیعر پێگەی یەکەمی وەکو ئەدەبی شۆڕشگێڕی و بەرەنگاربوونەوە هەیە، بۆیە هەر کاتێک باسی ئەدەبی شۆڕشگێڕانە و ئەدیبی شۆڕشگێڕ دەکرێت یەکسەر زەینمان دەگەڕێتەوە سەر دەقی شیعری و ئەو پەیام و گوتار و ڕەهەندانەی شیعر لەقۆناغە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جیاکانی بەخۆیەوە گرتووە. شیعر هەر تەنیا هۆکار نییە بۆ ئاسان ئەزبەرکردن، بەڵکو ڕیتم و هاندان و خرۆشێکی زۆریشی لەڕێگەی ئاوازەکەیەوە لەخۆگرتووە. ئەمەش وایکردووە شیعر لەم بوارەدا پێشەنگ بێت.



"ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕی کوردی بەشێکە لەئەزموونی شیعریی ئەو وڵاتە ژێردەستانەی جیهانی سێهەم، کە ناچارییەک لەدۆخی سیاسیی وڵاتەکەیان وای کرد کە ڕوو بکەنە شیعری شۆڕشگێڕی. کاکڵی مەبەستی ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕی دروستکردنی ناسنامەی نەتەوایەتییە". (عەبدولخالق یەعقووبی،١١-٩-٢٠١٩، **https://hawcharkh.net/11/09/2019/246/**). کەواتە شیعری شۆڕشگێڕی لەم بۆچوونەدا بەستراوەتەوە بە بنەمای خواستە نەتەوەییەکان و کەسایەتی و ناسنامە و ئەو هەڕەشانەی لەدژی ئەم بنەمایە لەلایەن داگیرکەر و هێزە دوژمنکارە کۆنەپەرستەکان بەڕێوەدەچێت. لەکاتێکدا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پێناسەکانی پێشووتری (شۆڕش و شۆڕشگێڕیی) ئەوە بۆمان ساخ دەبێتەوە و دەکرێت دەقی شۆڕشگێڕی مەسەلە (کۆمەڵایەتی و ئابووری و فکرییەکانیش) بگرێتەوە. دەقێک، کە دژی (بەکارهێنانی ئایین وەکو سەرچاوەیەکی هەڵە) و (دەروێش و نووشتە و دواکەتن) بێت، جۆرێک لەگوتاری شۆڕشگێڕیی لەپێناو (گۆڕان و بەدیهێنانی هەڵگێڕانەوەیەکی بنەڕەتی لەفکرە کۆن و کۆنەپەرەستییەکان دروست بکات) سەرباری ئەوەش (فکر و کەسایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نەریت)ی تازەشی لەخۆگرتووە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم دەکرێت بنەمای پێناسەی دەقی شۆڕشگێڕیی سنووری (شیعر و سنووری تەنیا نەتەوە) تێپەڕێنێت و بواری دیکەش بگرێتەوە.

(بیرسی شیلی ١٧٩٢- ١٨٢٢) کە شاعیرێکی ڕۆمانتیکی ئینگلیزییە ئەو کەسایەتییەکی بەنێوبانگە و لەسەردەمی لاوێتیدا دەمرێت. یەکێکە لەو شاعیرانەی وەکو جۆرێک لەقوربانیدانی شۆڕشگێڕانە هەمیشە بەنموونە دەهێرنێتەوە، یان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر لاپەڕەکانی دادگای (کیروف) کە لەسەردەمی (ستالین)دا ئەنجام دراوە، مەسەلەکە بەستراوەتەوە بەو بانگەشەیەی گوایە ژمارەیەک لە بەلشەفییە کۆنەکان بە هاوکاری ڕۆژئاوا ویستیویانە کودەتا دژی (ستالین) ئەنجام بدەن و بەم تۆمەتەوە دادگایی دەکرێن. (کرین برینتن، ٢٠٠٩، ١٣٣). بۆیە دادگای (کیروف) بەنێوبانگە و

وەکو نموونەیەک لە نادادپەروەریی و بەدرۆ دادگایی کردن و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی دادەنرێت.

هەندێک لەتوێژەران پێیان وایە "ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕی کوردی بریتییە لەجیهانێکی شیعریی کە تێیدا ناسنامەیەکی نەتەوەیی دەبێتە گوتاری زاڵی دەق، ئەو ناسنامەیەی لەجیهانی دەرەوەی دەقدا لەبەردەم هەڕەشەی سڕینەوە و توانەوەی (ئەوی تر) دایە". (عەبدولخالق یەعقووبی، ٢٠١٩، **https://hawcharkh.net/11/09/2019/246/**). بەو واتایەی کردەی سڕینەوە دەبێتە سەرەتایەکی ئاشکرا بۆ دەرکەوتنی شۆڕش و ئەو کەسانەی بانگەشەی شۆڕشگێڕی دەکەن. (حاجی قادری کۆیی) یەکێکە لەو شاعیرانەی لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا لەڕێگەی ئەشعارەکانییەوە ڕێبەرایەتی دەقی نەتەوەیی شۆڕشگێڕانە و دەقی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕانە دەکات. (بێکەس) بە دەقی (بیست و حەوت ساڵ)ەکەی دەقێکی شۆڕشگێڕانەی لەکردەوە و ڕەفتارێکی شۆڕشگێڕانە بەرهەمهێناوە. (قانع) لەڕێگەی (شیعری بەرەنگاریی و شیعری ڕەخنەگرانەی چینایەتی) بەرگێکی شۆڕشگێڕانەی بەباڵای شیعرەکانی بڕیوە. (هەژار و هێمن) دوو دەنگی شۆڕشگێڕانەی ئەدەب و شیعری کوردین. بێگومان ناوی دیکەش زۆرن کە وەکو شاعیر کاریان لەبارەی بزوواندنی هەست و نەستی تاک لەڕێگەی شیعرەکانیانەوە کردووە، لەپێناو هاندانی شۆڕش و کاری شۆڕشگێڕییەوە. هەندێک ڕاستەوخۆ گوتارەکەیان خستۆتە خزمەتی شۆڕشگێڕی و نزیکبوونەوەتە لە (شیعری دروشم ئامێز) و هەشیانە (پێگە و دەسەڵاتی شیعرییان پاراستووە و ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی ڕەمز و نیشانە و هێماکانەوە فوویان لە ژیلەمۆ کردووە لەپێناو بوژاندنەوەی هەستی شۆڕشگێڕی و هوشیارکردنەوەی فکری خەڵک.

لەبەر ئەوە هەر کاتێک بمانەوێت لەبارەی کەسایەتی شۆڕشگێڕەکان بدوێین دەبێت لەڕوانگەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی قووڵەوە سەیریان بکەین و بزانین ئەوانە لە چ ڕوانگە و گۆشەنیگا و هەلومەرجێکی

دیارکراودا گەشەیان کردووە و لەبواری دەروونییەوە چۆن هەڵسوکەوت دەکەن و هەست و دەرک کردنیان چۆنە. هیچ مەرج نییە کەسانی شۆڕشگێڕ هەر هەموویان لەهەموو ئاستەکاندا یەک بیرکردنەوە و کەسایەتی و نەریت و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و لێکدانەوەیان هەبێت. بەپێی دەوروبەری پێکهاتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن، ئەم گۆڕانەش دەبێتە مایەی پێناسەکردن و وەسفکردنیان. کەسێکی توند، یان میانڕەو، خوێنرێژ، یان ئاشتیخواز، بڕوای بە بەکارهێنانی هێز هەیە، یان عەقڵ، ئاستی ڕۆشنبیریی و خوێندەوارییان چەندە کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیان هەیە.

پێش ئەوەی بگەڕێمەوە سەر شیعر و پەیوەندیی شۆڕشگێڕانە و بەرهەمهێنانی گوتاری ئایدیۆلۆژی هەندێک لەبۆچوونەکانی ئەدیب (لو ئێکسون) چینی لەبارەی (ئەدەب لەسەردەمی شۆڕشدا) ئاماژە پێ دەکەم، کە ئەو لەکاتی ئاخاوتنی لەبارەی ئەم ناوونیشانەی سەرەوەدا پێشکەشی کردووە و گوتیەتی "بەرێزان لەڕاستیدا من ئەوە نیم زۆر لەئەدەب بزانم، من لەبارەی کانگاکانەوە خوێندوومە، داوام لێبکەن لەسەر کانگای خەڵوز قسەتان بۆ بکەم، ئەو لەبارەی بابەتە سەرەکییەکەی دەڵێت: سروشتییە بەهۆی حەز و ئارەزووی خۆمەوە جارجارە هەندێک ئەدەبیاتم خوێندبێتەوە، بەڵام هەرگیز شتێک فێر نەبووم، تاکو بۆ ئێوەی بەڕێز سوودی هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزموونی من لەم چەند ساڵەی ڕابردوو لە پەکین وردە وردە وای لێکردم دەست بکەم بەگومانکردن لەهەموو ئەو گوتارە ئەدەبییە کۆنانەی کە ئێوە پێی ئاشنان. کە تەقەیان کرد و خوێندکاریان کوشت و بەتایبەتیش سانسۆرەکان توندترکران. بیرم کردەوە: ئەدەب، ئای ئەدەب، تۆ بێ سوودترین شتی. تەنیا ئەوانەی دەسەڵاتیان نییە باسی ئەدەب دەکەن؛ کەسێک کە هێزی ڕاستەقینەی هەبێت خۆی بەقسەکردنەوە سەرقاڵ ناکات، تەنیا خەڵک دەکوژن. چەوساوەکان تەنیا لەبەر ئەوەی چەند قسەیەک بکەن، یان چەند وشەیەک بنووسن دەکوژرێن.

تەنانەت ئەگەر بەختیان وابێت نەکوژرێن، و هاوار بکەن و گلەیی لەدەست ئازارەکانیان بکەن و هەموو ڕۆژێک لەدژی نادادپەروەرییەکان هاوار بکەن، ئەوە هیچ لەمەسەلەکان ناگۆڕێت و ئەوانەی هێزی ڕاستەقینەیان هەیە بەردەوام دەبن لەستەمکردن و سووکایەتیکردن و کوشتن؛ هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان. کەواتە ئەم ئەدەبیاتە چ بەهایەکی هەیە بۆ مرۆڤ؟". ( **Lu Xun, 2017, https://lithub.com/lu-xun-what-is–**). ئەو دەگاتە بڕوایەک کە ئەدەب هی بێ دەسەڵاتەکانە، ئەوانەی دەسەڵات و هێزیان هەیە هیچ بایەخێک بەبوونی ئەدەب نادەن. بەواتایەکی دیکە ئەو ڕەخنە دەگرێت ئەگەر ئەدەب نەتوانێت وێنە و خواست و هەقیقەتی ستەم دژی مرۆڤ بگوازێتەوە، چ سوودێکی بۆ مرۆڤایەتی نابێت. بەکردەوەش وایە ئەدەب و شیعری شۆڕشگێڕی بتوانێت یان نا، هەمیشە بانگەشەی گواستنەوەی هەقیقەتی معانات و چەوسانەوەی مرۆڤەکان دەکات. دەق کە خۆی دەبەستێتەوە بە خواست و چارەنووس و ئازار و مەینەتییەکانی خودی مرۆڤەوە، شتە کۆنە باوە سواوەکان، یان فکری کۆنەپەرستی و چەوسانەوە ڕەت دەکاتەوە، ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ بانگەشەی گوتاری نوێبوونەوە دەکات، ئەم گوتارە جۆرێکە لەکارکردنی بەکردەوە بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی، ئەم گۆڕانکارییەی داوای دەکات بریتییە لەگوتاری کردەی شۆڕشگێڕیی، لەکاتێکدا دەزانین ئەوانەی داوای گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە دەکەن، ڕووبەڕووی توندوتیژی و سەرکوت و ڕاونان و چەوسانەوە و ڕەتکردنەوە دەبنەوە، هیچ نەبێت دژە گوتارێکی توندوتیژانە و تۆقێنەر و ترسناکیان لەدژ بەگڕ دەخرێت.

لەهەمان کاتدا دەبێت دان بەوە دابنێین وەکو (سارتەر) ئاماژەی پێکردووە "نووسینیش ڕێبازێکی گشتییە بۆ پەیوەندییکردن". (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ١٥٤). وەکو گوتمان شیعر لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا پتر لەژانرەکانی دیکە مۆرک و ماکی شۆڕشگێڕیی پێوە دیارە، لەبەر کۆمەڵێک هۆکار لەوانە: ئاسانە بۆ لەبەرکردن و گواستنەوەی زارەکی لەنێو خەڵک،

دروشم و هێما و هاندان و وروژاندنی زۆری تێدایە. زمانەکەی گوتاری فکری و ئایدیۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانەیە بەئاسانتر لەژانرەکانی دیکە و خێراتر و سوکتر وەردەگیرێت. بۆیەشە لەبواری پەیوەندیکردندا کاراتر دەردەکەوێت و ئەم کاراتر بوونە لەڕاپەڕاندنی کردی پەیوەندیی کردندا وای کردووە ماکی ئایدیۆلۆژیش ڕوونتر و فراوانتر لەخۆ بگرێت. "لەسۆنگەی ئەوەی شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی بەگشتی سەرنجدانە بەناوەڕۆک نەک فۆرم، ئاراستەکەی زیاتر ئایدیۆلۆژی – تەوەرە، ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیزم. ئەم دۆخی تەوەرییە جۆرێک پارادۆکس لەناخی شیعری شۆڕشگێڕی چێ دەکات: لەلایەکەوە دەخوازێت وەکو شیعر بمێنێتەوە و بەهایەکی جوانیناسی هەبێت، لەلایەنی تریشەوە دەیەوێت واتایەکی ئاشکرا و جەماوەری بگەیەنێت، یان پەیامێکی خێرا و کاریگەر بەدەستەوە بدات".

(عەبدولخالق یەعقووبی، ۲۰۱۹، **https://hawcharkh.net/11/09/2019/246/**)

بۆیە دەتوانین بڵێین نووسین کارێکی ئاڵۆزە، بەتایبەتی لەدۆخی ئاڵۆز و نائاساییدا کارێکی قورسە دەقێک بەرهەم بێت، گوتاری ڕەخنەگرانەی ڕاستەوخۆی هەبێت، یان دەقێک بێت ناکۆک و نەگونجاو بێت لەگەڵ سیستەمە گشتییە باوە کلاسیکەی نێو شۆڕش، کە خاوەنی گوتارێکی گشتگیری بێ گفتوگۆ و جێبەجێکارە.

"بێگومان کوتانەوەی دەنگوباسی سەر بە کۆمەڵ و سیاسەتی دەوڵەتان و گوزارشتی ناوەخۆیی و جیهانی زیهنی مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە و سرنجی دەبا بۆ بیرکردنەوەی ئەوتۆ کە لەخۆوە ناپژێ، یا هەر نەبێت ئەو کوتانەوەیە خێرایی دەکات لەپژانی؛ لەوەش زیاتر، ترسی مرۆڤ دەشکێنێت لەباسکردنی مەوزووعی نازک و پڕ (حەساسیە) و زاری رادێنێت لەڕەخنەگرتن و پێوانە و کێشانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەموو بارێکی ژیان". (مەسعوود موحەمەد، ۲۰۱۰، ۱۳۷).

لەنێو شۆڕشی چەکداری شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا، کە پێویستی بە شیعرە تاکو زۆرترین زەمینە و جوگرافیا لەمێشک و دەروونی گوێرەکانی خودی شۆڕش داگیر بکات، کەچی پێچەوانەی ئەم خواستە زەقە، دوو دەقی ڕەخنەگرانەی (ڕۆمان) دەردەکەون، کە خاوەنی گوتاری ڕەخنەگرانەن لەنێو خودی گوتارە باوەکەی شۆڕشدا و کاریگەریش دروست دەکەن. ئەمە دیاردەیەکی جیاوازە لەنێو دیاردە سروشتییەکەی شۆڕشدا دەردەکەوێت. گوتارێکی ڕەخنەگرانەی شۆڕشگێڕانە لەنێو گوتاری شۆڕشگێڕانەی پیاهەڵدانی خودی شۆڕشدا بەرجەستە دەکات. ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات پێناسە و ناسنامە دەقی شۆڕشگێڕی و شیعر و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە پێداچوونەوەی پێدا بکرێت. بەکردەوە ئەمە دیاردەیەکی چاوەڕوانەکراوە چۆن دەبێت لەنێو هەناوی شۆڕشدا، دەقێکی پێچەوانەی شۆڕش، یان ڕەخنەگر لە شۆڕشەکە بەرهەم بهێنرێت؟. چۆن شۆڕشی چەکداری دەتوانێت لەئاست ئەم ئاراستە پێچەوانەیە بێدەنگ بێت؟.

## شۆڕشگێڕی خەیاڵی

دوو جۆر لێکدانەوە و بیرکردنەوە لەلایەن خەڵکی ئاسایی بۆ کەسایەتی کەسانی شۆڕشگڕ و کرداری شۆڕشگێڕانە هەیە، یەکێکیان ئەوەیە ئەو کەسە بەشێوەیەکی خەیاڵی لەنێو مێشک و لێکدانەوەی خۆیاندا وەکو شتێکی نادیار مەزەندەکراو وێنا دەکەن، کەسێکە نەبینراوە، وەکو پاڵەوانێک، کەسێکی ڕەمزی و ڕزگارکەر و بەخشندە و میهرەبان و قارەمان و ئازای کەم وێنە و بێ هاوتا و شەڕکەر و بوێر و دەیان جۆرە وەسفی دیکە. وەسفێکی خەیاڵی مەرج نییە هەر تەنیا بەشێوەیەکی ئەرێنی و لەلایەن کەسانێکەوە ببێت، کە سەرسامن بە دیاردە و کەس و بابەت و ڕووداوەکان، نەخێر ئەم جۆرە مەزەندانە لای دوژمنەکانیش بۆ کەسانێک

دەکرێت، کە پێیان وایە لەئازایەتی و بێ وێنەیی جۆرێک لەوەسفی ئەفسانەییان پێ دەبەخشن، یان مەزەندەیەکی ئەفسانەیی بۆ دەکەن.

هەشە نەخێر وەکو خۆی وەکو کەسێکی ئاسایی، بەڵام خاوەن فکر و عەقڵێکی قووڵ دەبینرێت، واتە واقیعیانە وەسفی کەسایەتی شۆڕشگێڕەکە دەکرێت، ئەمەش پەیوەستکراوە بە هەڵسوکەوت و کردار و گوتار و قسەکانی خودی ئەو کەسەوە، کە دەیەوێت واقیعیانە وەسفی کەسێک بکات.

زۆرجار لەنێو دەقی گێڕانەوەی بیرەوەریی و ئەدەبیشدا پاڵەوانی خەیاڵی دروست دەکرێت، ئەم پاڵەوانانە دەبنە ڕزگارکەری مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و دەروونی، لەهەمان کاتدا کەسانێکی تۆمەتباری خەیاڵیش دروست دەکرێن و ئەمانیش نوێنەرایەتی خراپترین و پیسترین پێکهاتە و دۆخ و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی کۆمەڵگە دەکەن. بەواتایەکی دیکە هێزێکی خێری ئەرێنی و هێزێکی شەڕی بەد و خراپ نیشان دەدرێت.

لەهەمان کاتدا لەچوارچێوەی دەقی مێژوویی، یان واقیعی و شۆڕشگێڕی پاڵەوانی ئاسایی و سروشتی بەکاردەهێنرێن، واتە دروستکراو نین لەنێو خەیاڵدا، بەڵکو کەسانی هەقیقی و سروشتین. ئەوانە هەندێک جار لەبەر سانسۆر و ترسی پەرچەکرداری توندڕەوانە ناوەکانیان، یان کەسایەتییەکانیان لەشێوەی (هێماو ڕەمز و دەستکارییەکی بچووک لەوەسف و ناو و پیشە و شوێن و کاتەکانیان) بەکاردەهێنرێن، هەندێکجاریش وەکو خۆیان دەقاودەق بێ هیچ دەستکارییەک دەخزێنرێنە نێو بابەتی گێڕانەوە و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

لەم شیکردنەوەیەدا دەبێت هەقیقەتێک بڵێم، کە پەیوەندییەکی پتەو لەنووسین و بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبیدا لەنێوان (خەیاڵ و ڕەمز)دا بەدی دەکرێت. هەر شۆڕشگێڕێک بەسادەیی ناوێکی ڕەمزی لەپێناو ئەنجامدانی کارەکانی بەشێوەیەکی شاراوە و نادیار و لەپێناو بەئاسانی نەناسینەوەیان وەکو ڕەمزێکی شۆڕشگێڕانە بەکاردەهێنن. خەیاڵێکی هەقیقی (بەکارهێنانی ناوی نهێنی وەکو ڕەمزێک) و (خەیاڵی خەیاڵاندنی) بەرجەستەیە.

وەکو چۆن "هونەرمەندی شێوەکار بەتەواوی چیرۆکەکان دەگۆڕێت و لە شێوە ئەرکێکی ڕەمزیدا لەنێو تابلۆکەیدا بچووکیان دەکاتەوە". (برنار فالیت، ٢٠١٣، ١٨١). نووسەر لەدوو ئاستدا لەپێناو گێڕانەوە و بەکارهێنانی خەیاڵی شۆڕشگێڕیدا پەنا وەبەر دروستکردنی ڕەمز و نیشانە و بچووکردنەوەی شتەکان بەواتای داپچڕانیان لەبەهاکانی نا، بەڵکو بۆ کورت گوتن و کورت وەسفکردن و گێڕانەوەی خێرا و داتاشینەوەی بەسەرهات و کات و شوێنەکان ئەم کارە دەکات و لەهەمان کاتدا خەیاڵی شۆڕشگێڕانە وەکو بەشێک لەهەقیقەتی وەسفکردنی کارەکتەرەکان و ڕووداو و پەیامەکانی نێو خودی گوتاری شۆڕشدا بەکاردەهێنێت.

بەکارهێنانی ناوی نهێنی و ناوی شۆڕشگڕەکان لای هەر یەکێکیان ڕەمز و واتا و ئاماژەیە بۆ شتێک و مەبەستێک و پەیامێک. ئەم ڕۆمانەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەکو داتا و بابەت و مەبەست بەکاری دەهێنین، هەندێک لەڕووداوەکانیش فۆرم و ناوی ڕەمزیان پێ بەخشراوە، بەڵام دەبێت دان بەو هەقیقەتەدا بنێم هیچ یەکێک لەم شێوە فۆرم و ڕەمزانە هەقیقەتی شتەکان و واقیعی کات و شوێن و بابەت و کەسایەتییەکانمان لێ ئاوەڕۆ و ئاوەڕووت ناکاتەوە. من دوای چل ساڵ لەخوێندنەوەی سەر لەنوێی ئەم دەقە، دەزانم کەسایەتی (مەحموود)، کە بەرپرسێکی خۆ بەئەفسانە زانە کێیە!. واتە بەپێچ و پەنادابرنی خوێنەر لەڕێگەی ڕەمزە بەکارهێنراوەندا، هیچ لەهەقیقەت و ڕاستی کەسایەتی و بابەتەکانی نەگۆڕیوە.

"وەکو چۆن (شیلی) هیچ کاتێک ئامۆژگارییەکانی ئەوە نەبووە لەدەرەوەی دەقی شیعردا شۆڕش بکرێت". (کرین برینتن، ٢٠٠٩، ١٥٠). ئەم دەقەش هیچ کاتێک گوتاری ڕەخنەیی لەدەرەوەی دەقەکەیدا بەکارنەهێناوە. لەهەمان کاتدا هەشە بەکردەوە بەشداری شۆڕشی کردووە، دەقەکانیشی بەشێکن لەهاندان و خۆشکردنی گیانی حەماسەت و بەرەنگاربوونەوە و جەنگ. دەقیش هەیە لەنێو شۆڕشدا وەکو دەقێکی ڕەخنەگرانەی توند و

ئاشکرا گوتارێکی نوێی جیاوازی لەنێو گوتارە کلاسیکییەکەی شۆڕش دروستکردووە.

لەلایەک ئەمە دەبەستمەوە بە ئازادیی و دیموکراسیی خودی نووسەرەکە نەک دەوروبەر و دۆخی شۆڕش، کە دەیەوێت جیاواز بێت، لەهەمان کاتدا پەیوەستە بە دەوروبەری بۆگەنبووی نێو شۆڕش. کارەکتەرەکانیان لەدوو بەرەی ناکۆک، ئیرادەی جیاواز و لێکدانەوەی پێچەوانەی یەکتر هەڵسوکەوت دەکەن. ئەم دەقانە ڕەخنەگرن، هەرچەندە داوای شۆڕش لەنێو شۆڕشدا ناکەن، بەڵام ناتوانن لەتەک مانەوەیان لەنێو شۆڕشدا لەگێرەشێوێنی و هەڵسوکەوتی توندڕەوانەی هەندێک و فکری تۆڵە و کوشتن سڕینەوەی جیاوازییەکان بێدەنگ بن.

لەهەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە "هەندێک زمانی ئەدەبی هەن لەپەراوێزی گوتاری باودان و لەسەردەمێکی مێژوویی تایبەتدا پەرە بەمانا دەدەن" (راجێر وێبستێر، ٢٠٠٦، ٨٩). چۆن؟ سەردەمی مێژوویی شۆڕشی کوردستان، کە ئێمە شیکردنەوەی گوتاری ئەدەبی لەبارەیەوە دەکەین واتە ساڵەکانی ١٩٧٦-١٩٩١. لەم قۆناغەدا شەڕی ناوەخۆ (براکوژی) بەشێوازێکی توندتر لەکاتەکانی دیکە پەرەی سەندووە، ئەم شەڕە فۆرمی (ئایدیۆلۆژی و فکری و حزبی و سیاسی و دەسەڵات گرتنە دەست لەناوچەیەک)ی بۆ دروستکراوە، نیشاندارە کە (براکوژی وەکو جەنگێکی پێشکەوتنخوازانەیە دژی هێزە کۆنەپەرستە ڕکابەرەکانی خۆیان!!) بێگومان ئەمە پتر دروشم و بەرنامەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بووە و لەپێناسەکردنەوەی شۆڕشەکە لەسەرەتای دروستبوونیان خۆیان وەکو ئەلتەرناتیڤ و مۆدێرن لەسەرکردایەتی و جیاواز و جێگرەوەی شۆڕشی ئەیلوول خۆیان نمایش کردووە.

زمانی ئەدەبی توانا و سنوورێکی بێ سنووری هەیە، لەتوانای دایە شتەکان بگۆڕێت، لەهەقیقەت بۆ خەیاڵ و لە خەیاڵەوە بۆ هەقیقەت، یان ڕاکردن لەدەست خۆبەدەستەوەدان، یان بەپێچەوانەوە گوتاری خۆبەدەستەوەدان دروست دەکات. لەشۆڕشی کوردستاندا تاک و ئەندام و لایەنگرانی حزبەکان

گوتاری بەرەنگاربوونەوەی دژ بەدەسەڵاتی حووکمڕانی ناوەندیان لەبەغدا هەبووە، کەچی لەنێوەخۆدا سەرتاپای گوتاریان خۆبەدەستەوەدانی حزبە ڕکابەرکانی خۆیان و خۆبەدەستەوەدانی خودی ئەندامەکانی خۆشیان لەنێو چوارچێوە گشتییەکەدا هەبووە. واتا لەلایەک لەپێناو ڕووبەڕووبەنەوەی گوتارە گشتییەکدا تایبەتمەندییەکانی خۆیان دەکوژن، لەهەمان کاتدا لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی تایبەتمەندییەکانی دوژمن، هەموو گوتارە گشتیەکانی خۆیان دەستەمۆ دەکەن. ئەم دەستەمۆکردنە (ئیلتیزام) بەتەنیا دروست ناکات لەهەندک قۆناغ (نارەزایەتی و ڕەتکردنەوە و ئینشقاق و شەڕی براکوژی و ڕاوکردنی یەکتر و سزادان و لەناوبردن و کوشتنی ئەندامە تایبەتییەکانی خۆشیان دەگرێتەوە) بەڵگەش بیرەوەرییەکانی دوای ڕاپەڕینە، کە ڕاشکاوانە مەترسییەکانی ئەم دۆخ و بنکۆڵکردنەیان ئاماژە پێکردووە.

(کۆچی سوور) گوتارێکی گشتگیرە بۆ ئاشکراکردنی گوتاری دەستەمۆکردن و چۆنیەتی خۆبەدەستەوەدانی تاکەکان بۆ ئیرادەی گشتی گوتاری شۆڕش، واتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن گوتارێکی ئەدەبی دەبێتە سەرەتایەکی گرنگ بۆ شیکردنەوەی گوتاری خۆتواندنەوەی تاک بەشێوەیەکی سەپێنراو لەهەندێک دۆخدا توندوتیژانەش.


زۆر لەئەندامەکانی شۆڕش وابەستەبوون بەگوتاری شۆڕش، نەک خودی شۆڕش و کردەوەکانیان، واتە ئەوەی ئیدارەی عەقڵ و کەسایەتی تاکەکانی کردووە خودی گوتارەکە بووە، کە بریتیی بووە لە (هاندانی شۆڕشگێڕانە، هاندان بۆ چوونە ڕیزی شۆڕشگێڕان و قوربانی دانی شۆڕشگێڕانە و کارکردنی شۆڕشگێڕانەی بێ بیرکردنەوە و زەمینەی شۆڕشگێڕیی)، لەکاتێکدا کەسێک چاودێری کردەوە و خودی شۆڕشی وەکو پرۆسەیەکی پڕ لەجووڵە و کارتێکردن و توندوتیژی خستۆتە بەردەمی ئەوانی دیکە، دەزانێت گوتارە فکرییە هەمەڕەنگ و هەمە چەشنەکەی نێو شۆڕش لەسەر بنەمای گێڕانەوەی سۆزداری ڕووداوەکان و وێناکردنی خەیاڵی شۆڕشگێڕانە ڕۆنراوە، هەمان ئەو گوتارە جەستەییە نییە، کە شۆڕش بەرجەستەی دەکات.

(هەڤال کوێستانی) دەنووسێت "ئەو دەزگایە من پێشنیارم کردبوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی وردبوو لەسەر ڕژێم و نەیارانی شۆڕش. ئەو دەزگایەی ئەوان نەخشەی دامەزراندنیان بۆ کێشاوە، دەزگای کۆکردنەوەی زانیاری وردە لەسەر ئەندامانی کۆمەڵە بەتایبەتی و ئەندامانی یەکێتی بەگشتی... دیارە ئەوەش بەمەبەستی زانینی وەلا و بیروڕا و جموجۆڵیان. ئەمەش سەرەتا و ئاماژەیەکی خراپ بوو لەبەرتەسکردنەوەی پانتایی ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین لەناو کۆمەڵە و لەنێو یەکێتیشدا". (هەڤال کوێستانی، ٢٠١٧، ١٦٥).

(مەسعود موحەمەد) لەبارەی بیرتەسکی و هەندێک شتی دیکەی پەیوەست بەخۆسەپێنی بیر و ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە دەڵێت "مێشکی تەسک کە دەسەلاتی بوو جیهان بەپێی میزاجی نالەباری خۆی لەقالب دەدات، هەر کاتێکیش ڕووداو وەیا میزاجی خەڵق ئەو قالبەی نەسەلماند ئەوسا بە هیمەتی کوتەک ڕووداو و مێژوو و خەڵقیش سەر نەرم دەکات بۆ کەیفی خۆی و هەزار و یەک بەڵگەش دێنێتەوە کە خۆی ڕاستە و جیهان چەوت. لەفەرزی خۆی پێی نەکرێت دەلیلان بێنێتەوە ئەو کارە بەقۆنتەرات دەدات و کرێگرتەی زیرەک و پسپۆری بۆ دەگرێت". (مەسعوود محەمەد، ٢٠١٠، ٢١).

### جەستە وەکو ناسنامە

دەق وەکو لاشەی مرۆڤ لەدوو پێکهاتەی سەرەکی پێکدێت، کە شێوە و نێوەڕۆکە، یان جەستە و دەروونە، ئینجا فکر و واتا و گوتار دێت، چونکە من پێم وایە دەق پێکهاتە و لاشەیەکی زیندووە، وەکو هەموو بوونەوەرێکی دیکە، گەشە دەکات و دەمرێت، یان دەجووڵێت و پەرەدەستێنێت و کار لەدەوروبەری خۆی دەکات و دەوروبەریش بەهەمان شێوە کاری تێ دەکات. دەق بریتییە لەڕۆح و دەروونی گوتار.




(سوقەرات) پێی وایە سروستی مرۆڤ لە دوو بەش پێکدێت (جەستە و دەروون)، جەستەش بەشوێنی نیشتەجێبوونی دەروون دەزانێت و (ئەفلاتوون) تەنیا شتێک بۆ ئەم بۆچوونە زیاد دەکات و دەڵێت لەجیاتی شوێنی نیشتەجێبوون جەستە گۆڕستانە. لەئاینیشدا بایەخ بە دەروون و جەستە دراوە. (دیکارت)یش پێی وایە دەروون و جەستە دوو بنەمان و ئەرکی بنەڕەتیان بریتییە لە فکر و درێژبوونە. (د. ماهر الصراف، ، جريدة الدستور، جمعة ١٨ نيسان ٢٠١٤ ).


لای (نیچە)ش ڕۆح تەنیا مرازێکە بەدەست جەستەوە و هەڵی دەسوڕێنێت. مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لەمێژووی سوکایەتی بە جەستە و بۆیە (نیچە) دەڵێت جەستە بریتییە لەعەقڵێکی گەورە. (ادريس الدعيفی، مجله جيل، ٢٠٢٢ ). (میشیل فۆکۆ)ش لەکردەی شیکارییدا دەیەوێت شیکاری پەیوەندی نێوان دەسەڵات و جەستە بکات، کە زنجیرەیەکی بێ کۆتایی لەستراتیژیەت و مومارەسە و شێوازی داهێنەرانە لەلایەن لیبرالیزم و بۆرژوازیەت لەپێناو بەکارهێنان و ئیستغلالی جەستەی مرۆڤ هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەیە بانگەشە و بەرهەمهێنانی تێدا پەیڕەو بکرێت. (ادريس الدعيفی، مجله جيل ، ٢٠٢٢).

(دیکارت) پێی وایە جەستە ئامێرێکە خوا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دروستی کردووە، هەروەها (میرلوبونتی) دووانەیی ڕەتدەکاتەوە و پێی

وایە جەستە و دەروون هەردوو یەک شتن، مرۆڤ فکرێکی جیاکراوە لەجەستە نییە و هەروەها جەستەیەکی جیاکراوەش لەفکر نییە. (بنی ملال و محسن المحمدی، جریدة الشرق الوسط، الخمیس، ١٩ مایو ٢٠١٦)، لەهەمان کاتدا (فینومینولژییەکان) وا لەجەستە دەڕوانن، کە جەستە ئامرازێکە بۆ گوزارشت و بوون وای دادەنێن بوونی مرۆڤ لە جیهاندا لەڕێگەی جەستە بەدیدێت، پردی پەیوەندییە لەنێوان خوودەکان و لەڕێگەی ئەویشەوە بیروڕاکانمان و خواستەکانمان و هیواکانمان و نەسیحەتەکان، هەر ئەمەش وامان لێ دەکات هەست بەدەوروبەری خۆمان بکەین. (ادریس الدعیفی، مجله جیل، ٢٠٢٢). دەربڕین بەئاستێک گەیشتووە جەستە تەنیا و تەنیا وەکو کەلوپەل دەربکەوێت، نەک تەنیا لەبوای زانستیدا لەچاندن و فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستە، بەڵکو لەبواری ڕیکلام و مۆدێل و گۆرانی و سەما و شتەکانی دیکەشدا، سەرباری ئەوە جەستە دەتوانێت هەست بزواندن و کارتێکردن و وروژاندنی تێدا بێت، تاکو دەگاتە ئەوەی بڵێین بەتەنیا شتێک مرۆڤایەتی لەقۆناغی ڕقلێبوونەی جەستە بۆ قۆناغی بایەخدان پاز بدات. (بنی ملال و محسن المحمدی، جریدة الشرق الاوسط، ٢٠١٦). گەیشتۆتە ئەوەی (میرلوبونتی) بۆچوونەکانی لەچوارچێوەی فەلسەفەی نوێ لەوە چڕ بکاتەوە، کە جەستەمان هەر تەنیا ئامێرێک نییە، بەڵکو جەستەیەکی واقیعییە، هەر ئەو کردەوەکانمان دیاریی دەکات و کردەوە و قسەکانمان بەشێوەیەکی هێمن ئاراستە دەکات. (ادریس الدعیفی، مجله جیل ، ٢٠٢٢).

جەستەمان کاتێک هەموو شوێنێک و کاتێکی پێ تەنگ دەبێت، ناتوانێت بەئارامی بیربکاتەوە و بئاخاڤێت و هەڵسوکەوت بکات و تاکو دەگاتە ئەو شوێنەی گوتاری خەیاڵی کەسەکان لەسەر بنەمای خەیاڵ و وێناکردنی خەیاڵیی دروست دەکات، ئەمەش جیاوازە لەگەڵ گوتاری جەستە هەقیقییە نادیارەکەی خودی شۆڕش. گوتاری فۆرم و جەستە و پێکهاتە و کردەوەکانی شۆڕش جیاوازە لەگەڵ گوتار، کە قسەکردن و هاندان و

ڕاکێشان و شێوازی قسەکردنی خەڵک بۆ نێو شۆڕشە. لەم ڕۆمانەدا (یاخیبوون و نامۆبوون و خۆبەدەستەوەنەدان) وەکو گوتارێکی جیاوازی جەستەیی نێو شۆڕش بەرهەمهێنراوە، لەکاتێکدا "حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان لەو سەردەمانەی شۆڕشی کوردستان بەهێز و دەسەڵاتدار بوو لەناوچە بەرفراوانە ئازادکراوەکان لەگەڵ جەماوەر دیموکراتی نەبوون. ڕاستگۆ و دەست پاک و داوێن پاک نەبوون، هەرگیز ڕێگەمان بەخەڵک نەداوە ڕەخنە بگرن، گلەییمان لێ بکەن. چاومان بڕیبووە نامووسیان". (عەلی بچکۆل، ٢٠١٨، ٣٢٠). گوتارێکە وەکو ئامرازێک بۆ لەزەت و چێژدان بە بەرپرسێکی باڵای شۆڕش (مەحموود) لەنێو جەستەی ڕۆمان و گوتاری شۆڕشدا بەرجەستەکراوە. ئەم گوتارە کۆمەڵایەتییە ئەخلاقییە بەشێکە لە (نامۆبوون) بەبنەما ئەخلاقییە گشتییە پیرۆزەکانی خودی شۆڕش. واتە لەخەیاڵ و وێناکردنی گوتاری شۆڕشدا ، کەسی شۆڕشگێڕ (ناتوانێت و نابێت و بڤەیە) ئافرەت لەبواری سێکس بەکاربهێنێت. کەچی لەم دەقەدا گوتاری جەستەی (ئافرەت) وەکو کەرەستەیەکی پێچەوانەی تێفکرین لەگوتاری هەقیقی شۆڕشدا بەکارهێنراوە. لەکاتێکدا ئەمە هەقیقەتە، هەقیقەتێکی نەگونجاو. ئەگەر لەڕوانگەیەکی فەلسەفی سەیری جەستە بکەین ئەوە دەنوێنێت، کە "جەستە بوونێکی فیزیاوییە و بەتەواوی ملکەچی هەموو یاساکانی فیزیایە، وەکو هەر یەکێک لەبوونە فیزیاوییەکانی دیکە، جەستە بەو پێیەی جەستەی کەسێکە، یەکێکە لەگرنگترین دیارخەرەکانی ناسنامەی خودی ئەو کەسە، دەشبێتە ئەلقەی بنەڕەتی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو کەسە، کە خاوەنی جەستەکەیە و جیهانی شتەکان و بابەتەکان". (عادل ضاهر ، ٢٠٠٠، ١٧٥).




پرسیار و گریمانەی سەرەکی من لەشیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئافرەت و بەرپرس، ئافرەت و شۆڕش وەکو (جەستە و فکر و ئاخاوتن و بیرکردنەوە) لەوە چڕ دەبێتەوە، ئایا پەیوەندیی نێوان جەستەیەکی نمایشکراوی ئافرەتە لەبەردەم حەزی بەرپرسێک و کوژاندنەوەی چێژە، یان بەکردەوە ئافرەت خاوەنی جەستەی خۆیەتی لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندیانەی هەیەتی بەکەلوپەلان و بابەتەکانی دەوروبەری. جەستە هەر تەنیا تەنێکی بەرجەستەی نمایش نییە، بەڵکو نمایش و ناسنامەی کەسایەتی ئەو کەسەیە کە خاوەنی جەسەتەکەیە.

بەواتایەکی دیکە ئافرەت لەنێو شۆڕشدا دەبێت خاوەنی چ پێناسە و ناسنامەیەک بێت، ئایا لەنێوان بابەتی (شۆڕش) و کەلوپەلە (کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقییەکاندا، لەنێوان بابەت و خود)دا جەستەی ئافرەت خاوەنی چ جۆرە گوتار و ناسنامەیەکە، لەڕووی گوتارەوە جەستە هەر

تەنیا جەستەیە و هیچ هوشیاریەکی نییە؟ ئایا هوشیاریی شۆڕش وەکو لەڕۆمانی (کۆچی سوور)، یان (پێشتر لە (سەگوەڕ)، یان دواتر لەهەندێک بابەتی ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی) بڵاودەکرێتەوە و دوای ڕاپەڕینیش دەیان بیرەوەریی چاپکراون و هەقایەتی مێژوویی دەگێڕنەوە، پێناسەی ئافرەت و پەیوەندییەکانی بەشۆڕش دەکەن.

دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەو پرسیارە فەلسەفییەی کە دەڵێت "ئایا جەستەم هەیە، یان خودی خۆم جەستەکەمم؟ ئایا بەڕاستی وەکو فیساگۆرس لێکی داوەتەوە جەستە بریتییە لە زیندان؟ یان وەکو هیگل گوتیەتی کارێکی هونەریی ڕۆحە؟". (جاکلین لاغری، **https://hekmah.org/%D9%87%D**).

لایەنێکی دیکەی جەستە و ئەرک و کاری بریتییە لەوەی بوونی کەسێک بەواتای خاوەن کردارێکی ئازاد دێت، ئەمەش دەیخاتە دۆخێکی بەرجەستە، یان بەواتایەکی دیکە واتای بوونی کردەیەک دەگەیەنێت. بەبێ جەستە کەسێک ناتوانێت بەهەر شێوەیەک بیەوێت، هەبێت، بەڵام بێ جەستە کەسێک ناتوانێت هەبێت بەپێی هەر شێوەیەک، بەردەوام لەدۆخی بوونێکی دواخراودا دەبێت، یان لەدەرەوەی ئازادیدا دەبێت. (عادل ضاهیر، ٢٠٠٠، ١٧٦). مرۆڤ وەکو جەستە دەکەوێتە دەرەوەی ئازادییەکان، مرۆڤ لەئازادی دادەبڕێت و ناتوانێت ئەم شێوەیە بێت، کە خۆی دەیەوێت. بێگومان جەستەیەکی دیکەی دەبێت، کە ئەویش دەکەوێتە چوارچێوەی پێناسەیەکی دیکەی وەکو "خۆشیی بەخشی خواست و شەهوەتەکان، لەمێژووی کۆنەوە ئامانجی کۆتکردن و کەبت و تەحریم بووە". (عادل ضاهیر، ٢٠٠٠، ١٧٦).

لەنێو دەقی گوتاری شۆڕشدا لایەنی دووەمی پێناسەی جەستەمان بۆ دیاردەکەوێت، کە جەستە ناسنامەی کەسەکانە، لەهەمان کاتدا ئامانجێکی کاریگەریی سەرکوت و کۆتکردن و کەبت و تەحریم و سزادان و سوکایەتی و بەرکاهێنانی بۆ خۆشی و لەزەتی ڕۆحی بێ جەستە بووە.

جەستە نیشانەیەکە بۆ ناسینەوەی ناسنامە و خودی ئەو کەسانەی دەبنە قوربانی لەنێو شۆڕشدا. (عەلی بچکۆل) لەبیرەوەرییەکانی کە دەقی وتارێکی (بەرەی کوردستانی) بڵاوکردۆتەوە ئەو خۆی وەکو بابەتێکی ڕەخنەگرانە نووسیویەتی و دەڵێت "ئای کە خەڵکمان چەوساندەوە، زوڵممان لێکردن، سەدانیشمان بەدزی سەرنگون کرد. ئێستا جەنازەی سەدان خەڵک ونە و کەسیش ناوێرێ فوزە بکات". (عەلی بچکۆل، ٢٠١٨، ٣٢١). مەبەستم (لاشە و جەستە و جەنازەیە) کە ئەو بە (سەدان) ناویان دەبات. بۆ ئەوەی ناسنامە و کەسایەتی و بوونیان لەڕووی (جەستەیی و دەروونی و گیانییەوە) بکەنە بڵقی سەر ئاوێ و کەس جارێکی دیکە نەیانناسێتەوە، جەستەکانیان ون دەکەن و دەبنە پووشی سەر ئاوێ و ون دەبن.

لە (کۆچی سووردا) لەوێنە گێڕانەوەیەکی فکریدا لەبارەی کەسایەتی (پەروانە)ی ئافرەت، کە جۆرێکە لەقوربانی جەستە و فکر لەنێو خودی شۆڕشی داکۆکیکەر لە مافە مەدەنییەکانی ئافرەت، دەڵێت: "مەحموود توند مەچەکی دەگرێ. ئەویش کە لە هەموو ژیانیا هەر دۆخین شل بووە. بەختی مەحموود ناز دەفرۆشێ. خۆی قورس دەگرێ". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٥٠). ئەم مەحموودە بەرپرسی یەکەمی نێو شۆڕشە و کار دەکات لەڕووی جەستەوە وەکو ئەفسانەیەکی جیاواز لەوانی دیکە دەرکەوێت. واتە جەستەی ئافرەت، لەڕووی فکریی و هەروەها لاشەیشەوە، ئافرەت لەڕووی (جەستەیی و دەروونیی و گیانییەوە) قوربانی بێت. ئەمە بەکردەوە قوربانییەکانی نێو شۆڕشێکی قوربانییە. دابڕانی جەستەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەجەستە مرۆییە دیارەکە، دابڕان بەواتای ئەوەی (شۆڕش) چۆن ڕێگا بەخۆی دەدات لەکاتێکدا دەیەوێت جەستەی کۆمەڵایەتی ئافرەت لەنێو جەستەیەکی نوێی مۆدێرنی خاوەن ئیرادەی سیاسی و شۆڕشگێڕی و کۆمەڵایەتی بەرهەم بهێنێتەوە، دیقەت دەدەین ئافرەت جەستەیەکە بۆ چێژی پیاوانەی شۆڕش و دەسەڵاتی پیاوانەی شۆڕش و گوتاری پیاوانەی شۆڕش و ئینجا شێواندنی ناسنامەی ئافرەت.




"زیندووکردنەوەی جەستە، یاخود بەرجەسەتکردنی جەستە بۆ دەرەوەی جەستە شۆڕشە دژی سەرتاپای مێژووی (مەسخ کراوی) کوردی، یاخود دەبێتە نومایش کردنی شکستە یەک لەدوای یەکەکانی جەستەی کوردی، خودی ئەو هەموو شکستانەش لەەنستی نووسەردا ڕەنگدانەوەی تراژیدیای سەرجەم جەستەی کوردییە". (عەبدولمتەلیب عەبدوڵلا، ٢٠٠٤، ١٦).

بە واتایەکی دیکە لەنێو شۆڕشدا جەستە من نییە، وەکو لەفەلسەفەدا دەڵێن من جەستەکەمم، واتە کە جەستەم هەیە، من هەم، لەنێو شۆڕشدا فکری شۆڕشگێڕی دەست بەسەر جەستە و فکر و تەنیا هەست و نەستەکانیشدا دەگرێت و هەموو جۆرە پەیوەندییەکی کەسی دەکوژێت و دەیەوێت مرۆڤەکان واز لە جەسەتی خۆیان بهێنن و ببنە بەشێک لەجەستەی (ئەو/ شۆڕش). ئەم وازهێنانەش بەواتای وازهێنان لە ڕۆح و عەقڵ و بیرکردنەوەی ئازادانە و

ئینتمای خودی خۆی و خودی جەستەی خۆی و داشکانە بەرەو خۆڕادەستکردن و وازهێنان لەئیرادەی خودی و پاشکۆبوون و بوونە ئامێرێکی دوور لەعەقڵی ئازاد... تاد. لەبەر ئەوە شۆڕشگێڕەکان دەبێت واز لەئیرادەی تایبەت و کەسی و خودی خۆیان وەکو جەستە بهێنن و ببنە بەشێک لەجەستە گشتییەکە. ئافرەت دەبێتە بەشێک لەتێرکردنی چێژی بەرپرس و بەم کردەوەیە واز لەجەسەتەی خۆی، واتا واز لە (خۆی) دەهێنێت و خۆی دەسڕێتەوە و ئەو واتا و عەقڵەی نامێنێت، کە جەستە وەکو ناسنامەیەکی کەسییە. شۆڕشگێڕێک کە (بیربکاتەوە و جیاواز ببینێت) واتە (جەستەیەکی ئازاد و عەقڵێکی ڕەخنەگرانەی جیاوازی هەبێت) ئەوە (جەستەکەی لەنێو دەبرێت/ واتە خودی کەسەکە لەنێو دەبرێت و دەسڕێتەوە).

### توانەوە و بوونە کەسی شۆڕش

زۆر کەس لەنێو شۆڕشدا واز لەبەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆیان دەهێنن لەپێناو "سەرکەوتنی شۆڕش"دا. (کرین برینتن، ٢٠٠٩، ١٣٣). بەشدارن لەخەبات و قوربانی. لەبیری نەکەین ئەوانە هیچ کاتێک لەکۆتایدا ئامادەنین چینەکەی خۆیان، یان کەسایەتی و بیرکردنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکانی خۆیان بگۆڕن. کەچی لەهەمان کاتدا هەندێکیان زمانی ئاخاوتن و دەربڕین و هەڵسوکەوتی باوی خۆشیان ناگۆڕن و هەشیانە بانگەشەکارێکی توندی ناوچەگەریی دەبن. واتە شۆڕش کە نەتوانێت شێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بگۆرێت، ناشتوانێت گۆڕانکاری بنەڕەتی لەعەقڵ و پەیوەندییە باوەکانی نێو کۆمەڵگا بکات. بەپێچەوانە بەکردەوە بینیومانە بەشێکی بەرپرسەکانی نێو شۆڕش بۆ ئەوەی نیشانی بدەن خاوەنی ئیرادە و هێز و پێگە و توانایەکی گوێ لێگیراون، شێوەی هەڵسوکەتی خۆیان بۆ نیمچە کوێخوا و دەرەبەگێک و خاوەن دیوەخانێک دەگۆڕن.

(سارتەر) لەشیکردنەوەی پەیوەندییەکی قووڵ لەنێوان بۆرژوازیەت و ململانێی چینەکان و سانسۆر و گەشەکردنی ئایدیۆلۆژیا دەڵێت "بۆ یەکەم جار لەمێژوودا چینێکی بەشخوراو دەبێتە خوێنەری واقیعی نووسەر. وەلێ پتر لەوە دەرفەتی بۆ ڕەخسا کەچی ئەو چینە خوێنەرە ڕابووە، لەسەر شێوازی بیروباوەڕی کەنیسە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، نەیتوانی حزبێکی شۆڕشگێڕ، ڕێکوپێک و خاوەن ئایدیۆلۆژیای تایبەت بەرهەم بهێنێت. نووسەر وەکو دواتر دەبینین هێشتا نەکەوتبووە نێوان ئایدیۆلۆژیای چینێکی ڕوو لەداکشان و ئایدیۆلۆژیای ساوای چینێکی ڕوو لەهەڵکشان، بۆروژا ڕووەو ئاسۆ چاوەڕوانی ڕووناکی بوو، بەلێڵی هەستی دەکرد ئایدیۆلۆژییەکەی نامۆیە، بۆیە گەرەکی بوو وشیاری خۆی بێت. لەڕاستیدا دەکرێت لەناو بیروڕاکانی ئەو چینەدا چەند شێوازی ڕێکخستن بدۆزینەوە هەر لەگرووپی مادیگەرایانەوە بگرە بۆ گرووپی بیرمەندان تاکو دەگاتە ماسۆنیگەرایانی ئازاد. وەلێ ئەمانە گرووپگەلی پشکنینن، چاوەڕوانن ئایدیۆلۆژیایان پێشکەش بکرێت نەک ئایدیۆلۆژی بەرهەم بێنن. لەم چینەدا جۆرێک لەنووسینی تەواو ڕەشۆکی دەبینرا، کە بریتی بوون لەگەلێک بڵاوکراوەی نهێنی بێ ناوونیشان، بەڵام بەم جۆرە ئەدەبی بە پرۆفیشنال، ئەوەندە نەبێت، کە بانگەوازی بۆ نووسەر دەکرد و دەیووروژاند دەنا بەرکابەری نووسەری پرۆفیشنال نەدەژمێردرا، چونکە بەڵگەی داخوازیگەلێکی نادیار بوون. (ژان پۆڵ سارتەر ، ٢٠٠٩، ١٦٧-١٦٨). ئەم چین گۆڕکێیەی لەنێو شۆڕشی کوردستان قسە و بانگەشەی لەبارەیەوە دەکرا، هەر تەنیا خەیاڵێکی منداڵانەی بان چەپیی نیمچە توندڕەو لەهەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەخلاقی و دەروونی بوو.

چین تەنیا بە دروشم ناگۆڕێت، هەروەها شۆڕشیش تەنیا بە گوتاری دروشمئامێز ناتوانێت تخووبی نێوان مەسەلە فکرییەکان بگۆڕێت.

لەنێو شۆڕشی کوردستاندا وردە بۆرژوازی خۆ بەخوێندەوارزان دەمیان لەمەسەلە فکریی و ئایدیۆلۆژییەکان دەدا، بیرۆکەکانیان هەر

لەدروشمە نهێنییەکانی سەر دیوارەکان دەچوو، قسەیەکانیان قسەی تەواو نەکراو بوون، بەواتایەکی دیکە گوتارەکانیان گوتاری پچڕ پچڕی فکری و بەیەکەوە گرێ نەدراوی تەواو نەکراو بوون. نووسینەکانیان بەناوی نهێنی و ناوونیشانی نهێنی بوون، قسەکانیان شیکردنەوەی هەڵومەرج و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری نارۆشن و پڕ لەهەڵبەز و دابەز بوون، بەڵکو ئاماژە بوون بەدروشمەگەرایی و فکرگەرایی ڕەشۆکی و چاولێکەرانەی دەرەکی. واتە نووسەرەکانیشیان خۆڕسک نەبوون، بەڵکو لەژێر خواست و هەژموون و پێویستی ئەوان ڕۆژانی شۆڕش دەستیان بەنووسین و بڵاوکردنەوەی زانیاریی نێو قتووی نەکراوە و پیرۆزکراو کردبوو. لەنێو شۆڕشی کوردستاندا هیچ بیرمەندێک و ڕۆشنبیرێکی خاوەن فکری جیاواز و دابڕێنەر لەمێژووی پێشەخۆی بەدی نەکراوە. لەکاتێکدا "شۆڕش بریتییە لەگۆڕانکاریی خێرا و بنەڕەتی لەنێو توێژەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی هوشیاری". (جون فوران، ٢٠٠٧، ١٨).

(کۆچی سوور) بەواتا فکرییەکەی دەیەوێت ئاماژە بە (جیاوازی فکری و چینایەتی لەنێوان وردە بۆرژاو و پرۆلیتاریا) بکات، ئەو دەیەوێت بڵێت لەنێوان (کۆن و نوێدا) هیچ (دابڕانێک و جیاوازییەک و دەستپێک و کۆتایی هاتنێکی جیاواز) دروست نەبووە. بەتایبەتی لەبواری (سەرکردایەتی/ واتە فکر و ئایدیۆلۆژیا و شێوازی کارکردن و بیرکردنەوە و شیکردنەوەدا)، بەڕوونی پێمان دەڵێت شتەکان هەمان شتە کۆنەکانە باوەکانی پێشووترن، ئەوەی نوێیە شێوازی ئاخاوتن و گوتارێکی پفدراوە بە ژمارەیەک دەستەواژەی بەناو نوێ و هیچی تر.

لە گفتوگۆیەکی نێو دەقی (کۆچی سوور)دا بەم شێوەیە وەسفی شۆڕشە چەکدارییەکە کراوە: "بۆیە دەبێ بزووتنەوەکەمان پرۆلیتاریزە بکرێ، ئاگامان لە بۆرژوا بی، چونکە بۆرژوا لەهەموو دونیادا هەر سەڵەفێ دووانە و پاشان با دەداتەوە و ترسی شۆڕشی لێدەنیشێت". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٢٥).

پێ دەچێت شۆڕشی چەکداری کوردستانیش نزیک لەبۆچوونە شۆڕشگێڕییەکانی (دۆبرییە)، کە پاڵپشتییەکی سەختی شۆڕشی چەکداری شۆڕشگێڕانەی ئەمەریکای لاتینی بوو، نزیک لەهەمان بۆچوون کاری کردبێت و "شێوەی سەربازیی لەپێکهێنانی ڕێکخستنی پێشڕەو و چینە شۆڕشگێڕەکاندا" پایەدار کردبێت. (مجموعة، ١٩٧٠، ١٥).

لەنێو یەکێتیدا و بەتایبەتیش کۆمەڵە، کە حزبی شیوعی بە کۆسپی بەردەم گەشەکردنی ڕێکخستن و فکری خۆی دەزانێت و دواتریش حزبی سۆسیالیستی کوردستان دەکەنە ئامانج و کار بۆ بڕینەوەیان دەکرێت، وەکو ڕێکخستنێکی (مارکسی - لینینی) کە بانگەشەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیان بۆ ڕزگارکردنی کوردستان دەکرد، خۆیان لەبنەڕەتدا "زۆرینەی ئەندامەکانی لەدەستەی وردە بۆرژوازی کورد پێکهاتبوون. هەروەها کارەکانی خستبووە نێو خوێندەواران و زانستگاکان و کۆنە ئەندامەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی". (د. سروەت عەبدولرەحمان عومەر، ٢٠١١، ١٤٥٩. بۆ زانیاری پتر بڕوانە (ج. صادق، ١٩٧٩، ١٣).

بەم شێوەیە هەندێک لەزانایەکانی چەپ پێیان وایە بەناو شۆڕشی ئەمەریکی لەڕاستیدا شۆڕش نەبووە، چونکە جگە لەفۆرمێکی نوێی دەوڵەتی بۆرژوازی هیچ شتێکی دیکەی دروست نەکردووە و تەنانەت ئامانجیشی نەبووە- دەوڵەتێک کە لەلایەنگر و لەبەرژەوەندیی ئەو چینە بێت، کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کۆنترۆڵ دەکات. ( **Zinn, Howard, , Harper & Row 198**). ئەمە ئەگەر لەبارەی شۆڕشی ئەمەریکا و ڕزگاریی بوونیان لەژێر کۆنترۆلی ئینگلتەرای کۆلۆنیالزم مایەی مشتومڕ بێت، لەبارەی خەباتی چینایەتی و پێکهێنانی سیستەمێکی نوێی دەسەڵات و حووکمڕانی و هێزی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە مشتومڕی فکری نابێت، چونکە نەک لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، بەڵکو لەنێو خودی شۆڕشەکەشدا شتەکان لەقازانجی پەیوەندی نیمچە دەرەبەگی و هورتکە بۆرژوازی نیمچە خاوەن توانای خوێندەوار و نووسین (نەک

خوێندەوار) بووە و هیچ گۆڕانکارییەکی لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییە هەقیقیەکانی نێو کۆمەڵگە دروست نەکردووە، بەڵکو لەسەردەمی خودی شۆڕشەکە و لەدوای ڕاپەڕینی جەماوەریی بەهاری ١٩٩١دا چینێکی مشەخۆری لەناکاو و لەهیچەوە دەوڵەمەند بووی لەڕێگەی ئابووری بەکارهێنراو، نەک ئابوورییەکی پیشەسازی و بەرهەمهێنەر دروستکردووە، کە لەکردەوەدا (ئابوورییەکی مشەخۆرە) نەک وەبەرهێنەر.

هەندێک لەکەسایەتییەکانی نێو شۆڕش لەکاتی ئاساییدا هیچ نین و ڕێگەشیان پێ نادرێت وەکو کەسانێکی باڵادەست دەرکەون، تەنیا "کەسانی فاشیلی وا هەن لەکۆمەڵگەی کۆندا کەسانی ئاساییین و ناتوانن هیچ ئامانجێکیان بەدەستبهێنن".(کرین برینتن، ٢٠٠٩، ١٥١)، بەڵام لەسایەی شۆڕشدا دەبنە خاوەنی هەموو ئیرادە و فکر و هێزێک. ئەدەب لەنێو شۆڕشدا هەمیشە و بەشێوە گشتییەکەی ئەدەبێکی مولەتەزیمە بەهێڵە گشتییە باوە سروشتییە دیارەکانی شۆڕش و ناتوانێت لێی دەرچێت. هەر دەرچوونێک لەهێڵە گشتییەکە بەواتای (خیانەت و لادان و دژایەتی) دێت، ئەم زاراوانەش لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانەی شۆڕگێڕەکاندا بە "خیانەت" دادەنرێت و خیانەتیش تاوانێکی یەکلاکراوەیە بێ ئەوەی پێویست بەدادگا و لێکۆڵینەوە بکات سزای لەناوبردن و کوشتن و سڕینەوەی تێدایە.

بۆچوونەکەی (جان جاک ڕۆسۆ) یەکێکە لەو ڕەهەندە گرنگانەی لەبارەی ئازادی و کۆیلەبوون دەدوێت و گووتیەتی "گەلی ئینگلیز پێی وایە ئازادە، بەڵام لێرەدا بەهەڵەداچووە تاکو هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان ئازادە دوای ئەم پرۆسەیە دەبێتە کۆیلە، یان هیچ شتێکی لەدەستدا نامێنێت". (مەهدی ساڵح، ٢٠١٣، ٥١).

لەهەمان کاتدا هەشە پێی وایە "پەیامی پیرۆزی ئەدەبی ڕاستەقینەی سەر بە میللەت، دەبێت لەخزمەتی چینە چەوساوەکاندا بێت، ئەدیبانیش ئەو مۆمە داگیرساوەن، کە هەموو دەم دڕ بە شەوەزەنگی تاریکییەوە دەدەن و

بۆ مێردەزەمەکانی خوای شەڕ نایەنە سەرچۆک هەر بۆیەشە فاشیست و کۆنەپەرستەکان زۆر لە ئەدیبان و هونەرمەندانی خاوەن هەڵوێست دەترسن و تیرۆر و ئەشکەنجە و گرتن و لەناوبردنیان دەرهەق ئەنجام دەدەن". (ئیسماعیل تەنیا، ٢٠٢١، ٦).

واتا ئەدەب و شۆڕش، کە پەیوەندییان بەبوارە شۆڕشگێڕییەکانەوە هەیە، بەستراونەتەوە بە گوتاری دادکۆکی لە میللەت و لەنێو میللەتیش چینە چەوساوەکان، بێگومانیش ئەم بەیەکەوە بەستنەوە سزای ئەدیبەکانی بەدواوەیە.

## ئەدەب و شۆڕش

ئەدەب و شۆڕش پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە، لە کوردستاندا هیچ نەبێت لەڕێگەی فۆلکلۆرەوە کۆشاون گیانی پارێزگاریکردن لەبنەما نەتەوەییەکان و پاراستنی کەلتوور و زمانی کوردی پەرە پێ بدەن. کەم دەق دەدۆزیتەوە گیانی شانازیی کردن بە کوردبوونی تێدا نەبێت، ئەمەش ڕەنگە لاوازترین هەستەکانی ئەو ئەدیبانە بێت، کە نەیانویستووە بەشداری ڕاستەوخۆ و ئاشکرای شۆڕش و بەرەنگاریی بکەن.

"لەهەموو ڕاپەڕین و شۆڕشەکاندا ئەدیبان بێ پسانەوە لەخۆشی و ناخۆشیەکانی گەلەکەماندا بەشدار بوونە و ڕۆڵی خۆیان بینیوە. جا چ لەڕێگەی بەرهەماکانیان یاخود بەشداری ڕاستەوخۆ لەشۆڕشی چەکداری و خەباتی سیاسی و ژێرزەمینیدا... لەهەموو بزاڤ و خۆپیشاندان و مانگرتنێک لەدژی ڕژێمی پاشایەتی و ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی تر، ئەدیبانیش لەدەوری ئەو ناوەندە جەماوەرییە کۆبووینەوە، بەتایبەتیش ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٤٨ و مانگرتنەکەی (گاورباغی). شاعیری شۆڕشگێڕ (قانیع) باوەڕی تەواوی بەسیستەمی سۆسیالیستی زانستی هێناوە و جەماوەریشی هانداوە دژی ئاغا و دەرەبەگەکان. (بێکەس) لەڕاپەڕینەکانی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠دا و شیعرەکانی کردنە چەکی دەستی و پێیانەوە چووە شەڕی بەردەرکی سەرا و

خەباتی پیرۆزی ڕۆژی ڕەش و گەشی شەشی ئەیلول. (گۆران)یش تووشی زیندان و ئازادان بووە لەسەر بیروباوەڕە پێشکەوتنخوازکەی و پێداگری لەسەر مافە دیموکراسییەکان و نەتەوەییەکان. نووسەر و ئەدیبەکانی وەکو (جەمیل ڕەنجەر و مامۆستا سۆران و سەیدا ساڵح یوسفی و حەسەن ئەحمەد فەتاح و کاردۆ گەڵاڵی و مەلا عەلی...) لەسەنگەر و زیندان شەهید دەبن. (ئیسماعیل تەنیا، ٢٠٢١، ١٠-١٢ ).

نابێت ئەو ڕاستییە بخەینە پشت کەندوو، بیشارینەوە کە پێوانەی ئەدەبی شۆڕشگێڕانە بریتیی بوو لەخۆبەستنەوە بە (چەمکە فکری و نەتەوەیی و چینایەتییەکان)ی شۆڕش لەنێو کوردستاندا، ئەمەش ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی بزاڤە دەرەکییەکاندا لەناوچەکە و بزاڤی چەپی لەجیهاندا خۆبەستنەوە بووە بەدژایەتی فاشیزم و ئیمپریالیزم و زایۆنیزم کە دروشمی باوی سەردەمی ١٩٧٦-١٩٩١ بوون.

هیچ گومانمان لەوەدا نییە لەتەک ژمارەیەک لە ئەدیب و نووسەران لەنێو واقیعی شۆڕشی شۆڕشگێڕانەی چەکداریدا لەشاخ، ژمارەیەکی دیکەش بەنهێنی و لەچوارچێوەی خەباتی ژێرزەمینیدا و هەندێکی دیکەش لەڕێگەی دەقە مرۆییەکانیانەوە بەشداریان لەشۆڕش کردووە. لایەنگری ئازادی سیاسی و ڕزگاریی کوردستان و فکری چەپخوازنەی باوی ئەو سەردەمە بوون.

لەتەک ئەدەبی مولەتزیم بە شۆڕش، ئەدەبێکی دیکەی خودیانەی دوور لە خۆبەستنەوە بەدروشمە فکری و سیاسییەکانی شۆڕشی چەکداری لەئارادا بووە. یەک یان دوو دانە بەرهەم و نووسەر لەشاخدا جیاواز بوون و بەرهەمەکانیان ئێستا وەکو دەقێکی مێژوویی نیشان دەدرێن، کە ئازادی ئەدیب جۆرێکە لە نووسینەوەی ئازادانەی سەردەمەکانی خۆیان. ئەوانی دیکەش لەنێو شارەکاندا تەنیا لەڕێگەی (وشە و شیعر و دەقدا) گوتاری ئەدەبی خۆیان و پارێزگاریی لەکەسایەتی و کەرامەتی مرۆڤبوونی خۆیان و نەتەوەکەیان بڵاوکردۆتەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا کارمان لەسەر تاقە ڕۆمانێک کردووە و ڕۆمانێکی دیکەش وەکو بەڵگە و ئاراستەیەکی جیاواز لەنێو گوتاری ئەدەبی شۆڕشدا شی دەکەینەوە، نەمانویستووە هیچ نموونە و دەقێکی شیعریی و چیرۆک و پەخشانە شیعر و پەخشانی سیاسی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بخەینە نێو ئاقاری فکر و بۆچوونە شیکارییەکانمان.

**ڕۆمان**

پێناسەی جوودا بۆ ڕۆمان کراوە، هەر یەکێکێشیان پەیوەندی بەسەردەم و شێواز و ستایلێکەوە هەیە، گرنگ هەموو باسی ئەوەمان بۆ دەکەن ڕۆمان دەبێت چۆن بێت و ئەرک و پێکهاتە و گوتاری خودی ڕۆمان چییە.
(پیرسی لوبوک) وا پێناسەی ڕۆمانی کردووە، کە بریتییە لە (وێنەیەک ژیانمان بۆ بەرجەستە دەکات، ئەم وێنەیە، یان تابلۆیە بەژیان دەچێت، بەڵام کتومت خودی ژیان نییە). (نضال فتحی الشمالی، ٢٠٠٩ ، ٧). هەشە پێی وایە (ڕۆمان بریتییە لە گێڕانەوەیەکی تایبەت لە ئەوروپای نوێ دروستبووە، تایبەتمەندی نوێبوونەوەی بەجۆری گێڕانەوە لەخۆگرتووە، کە مرۆڤ شتەکان لەکات و شوێنی دیاریکراودا بەدی دەهێنێت. (مدحت الجبار، دون سنة، ٥٦). جارێکی دیکە ئاماژە بەبۆچوونەکانی (باختین) لەبارەی ڕۆمان دەکەینەوە و کە بریتییە لەجەخت کردنەوە لەسەر وێناکردنی فەلسەفی بەپشتبەستن بەشیکردنەوەی مێژوویی کۆمەڵایەتی، ئەوەی دیکەشیان ڕەخنەیە، کە سیمیۆلۆجیا پرسی دەقی ڕۆمانە و تێڕوانینی شیکاریی پەیوەندی ناوەخۆیی و دەرەکی دەگرێتەوە، ئەمەش تێکڕا پەیوەستە بەئاسۆی شیکردنەوەی سۆسیۆلۆجی لەبارەی کێشەی دەربڕینی ئایدیۆلۆجییەوە. (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ١٥).
"جارێک ژنە شاعیری ئەمەریکایی (گیرترۆد شتاین) بە(هەمەنگوای) دەڵێت: تۆ دەڵێیت، کە تۆ ڕۆژنامەنووسیت، ئاخر تۆ هەر باسی کەسەکان

دەکەیت. نووسەر باسی کارەکتەرەکانی ناکات. هیچ لەبارەیانەوە ناڵێت، لێیان دەگەڕێت خۆیان بژین و بدوێن. (عەرزە پاوەند)یش پێی دەڵێت: واز لەگوتەی پڤدار بهێنە، تا دەتوانیت بەساکاری باسی شتەکان بکە. (هەمەنگوای) پێی وابووە ناتوانێت هاوزەمان ڕۆژنامەنووس و نووسەریش بێت، بۆیە وازی لەکاری ڕۆژنامەنووسی هێنا و بڕیاری دا، بەباشترین و ئاسانترین شێواز، سەبارەت بەو شتانە بنووسێت، کە هەستیان پێ دەکات". (حەمە سەعید حەسەن، ٢٠٠٧ ، ٤٣). کارەکتەرەکانی (تۆماس مان) هەر ئەو کەسانە بوون، کە خۆی دەیناسین. وەلێ بەشێوەیەکی قووڵتر و دەوڵەمەندتر نیشانی دەدان. کارەکتەرەکانی وەکو هەڵسوکەت، هەستکردن، بیرکردنەوە گوێڕایەڵی ناخی خۆیان بوو، زێتر ملکەچی داهێنەرەکەیان بوو نەک کۆیلەی واقیع. (حەمە سەعید حەسەن، ٢٠٠٧ ، ٤٣).

ڕۆمان بەرهەمی شارە، شاریش بەرهەمی گەشەکردنی پیشەسازییە. گەشەکردنی ئەدەبیش بەشێکە لەو پرۆسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی لەکۆمەڵگەدا دروست دەبێت. لەشەستەکان و حەفتاکان و لەشۆڕشی ئەمجارەی کوردستاندا بایەخێکی یەکجار زۆر بەبانگەشە و گوتاری (فکری و ئایدیۆلۆژیی و حزبایەتی چەپخوازنە) دراوە، لەبەر ئەوەی نا کۆمەڵگەی کوردستانی لەڕووی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی گەشەی کردووە و کاریگەرییەکی زۆری چینی کرێکاری وەکو چینێکی بەرهەمهێنی بەهێز و شۆڕشگێڕ لەکۆمەڵگەدا هەیە و ئەرکی کۆمەڵایەتی هەبووە، نەخێر مەسەلەکە پەیوەندی بەو گەشەکردن و پەرەسەندنە سیاسییە لەئاستە جیاکانەوە هەبوو، کە لەدوای شەڕی جیهانی دووەم و بەتایبەتیش لە ئەمەریکای لاتینی و هەندێک وڵاتی ئاسیا بەدیهات و فکرەی کۆمۆنیستی و چەپخوازنە دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و بەپشت بەستن بەبزاڤی ڕزگاریخوازیی و جووتیارەکانی دێهاتەکان گەشەی کرد.

ئەدەبی کوردیش لەهەندێک بواردا وەکو بیرکردنەوە و تەکنیک کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم ئاراستە فکری و فەلسەفییە سیاسییە باوەی ئەوان

سەردەم و دۆخ و هەلومەرجەدا. لەنێو شۆڕشدا گوتاری (مارکسی – لینینی) و حزبی پێشڕەوی چینی کرێکاران و ڕەنجدەران لەفکرە باوە کاریگەرەکانی ئەوان سەردەم بوو. دەیان دەقی کوردی لەشیعر و چیرۆک و بەسەدان گوتاری سیاسی و بابەتی کۆمەڵایەتی و هونەری و ئابووری و ڕۆشنبیریی و ئەدەبی دەدۆزینەوە، کە نەک داکۆکی لەم ئاراستەیە کردووە، بەڵکو وەکو بەشێک لەجەنگێکی فکری و ململانێی سیاسی و حزبی مامەڵەی لەگەڵ کراوە. لە ئەوروپای سەدەی هەژدەم و نۆزدەمدا "دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازیی سەرەتای سەردەمێکی نوێ بوو، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی داهێنان و دۆزراوەی تەکنەلۆژی نوێ، زیادبوونی ئاش و هاڕین و کارگەر لە شارەکاندا، ئەمەش بووە هۆکار تاکو کۆمەڵگەی کشتوکاڵی بۆ پیشەسازیی بگۆڕێت". (میران الجوهری، نوفیمبر ٢٠٢١، **https://hadaarah.com/u/%D8%B9%D9**). لەتەک ئەوەشدا لەم سەردەمە نوێیەدا گەلێک لەنووسەرە هاوچەرخەکان پەنایان بردۆتە بەر "ڕەمز و وێنە بۆ هاوکاری خوێنەر لەپێناو تێگەیشتن لەنووسینەکان و دروستکردنی پەیوەندەییەکی بەهێز لەنێوان دەق و خوێنەر". (هەمان سەرچاوە).

ڕۆمانووسی کورد لەسەرەتای کاری هونەری دان بەتایبەتی لەهەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، بەپێی بۆچوونی شیکاریی (جەلال زەنگابادی) (حەمە کەریم عارف) لە کۆچی سووردا وەختێ کۆچی سووری نووسیووە و بڵاوی کردووەتەوە و پاچڤەی عەرەبی و فارسی کراوە، هێشتا ڕۆمانی هونەری کوردی (هونەری) لەهەموو کوردستاندا لە گاگۆلکێدا بووە و ژمارەی ڕۆمانی کوردی لە ژمارەی پەنجەکانی دوو دەست تێنەپەڕیووە و بەم پێیە کۆچی سوور بە یەکێک لە ڕۆمانە پێشەنگەکانی مێژووی ڕۆمانی هونەری کوردی دەژمێردرێت. (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ٩٥).

پرسیاری هەرە گرنگ ئەوەیە ئایا خۆبەستنەوەی ئەدەبی شۆڕشگێڕانە و دەقی شۆڕشگێڕانە دەبێتە هۆکار بۆ خۆبەستنەوە بەیەک فکر و ئایدیۆلۆژیا و دوورکەوتنەوە لەبیری هێزی مرۆڤانە و بنەما گشتییەکانی

مرۆڤایەتی. "سەرکوتی سیاسی و ئازاردان و هەموو شێوەکانی زولم بۆتە سەرچاوەی زۆر کاری ئەدەبی، کە پێکهێنەری بنەڕەتی زانیارین لەبارەی مێژووی قۆناغە جیاوازەکان لەژیانی گەلاندا. ئەدەبی شۆڕشگێڕانە لایەنگریی خۆدانە پاڵ لایەنێک، یان هۆز و تائیفەیەک و هەتا نەژاد و ئاین ڕەت دەکاتەوە، لەبنەڕەتدا ئەدەبی مرۆڤانە لەدروستبوونییە ئەو سنووری خۆبەستنەوە بەیەک بۆچوون و جیابوونەوە لەوانی دیکەی بەزاندووە". (سهیر السمان، ٣٠-١٢-٢٠١٤ **https://alraipress.com/news3705.html** ).

لەتەک ئەوەشدا دەق بریتییە لەکارێکی خودی و پەیوەندی بەسنووری ئازادی نووسەر و دەوروبەری کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی کردەی پەیوەندیکردن لەنێوان بەرهەمهێنانی دەق و خوێنەرەوە هەیە. "نووسین جۆرێکە لەڕزگاربوون و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان نووسەر و خوێنەرەکان پەیوەستە بەمتمانە و ئازادییەوە (سارتەر) پێی وایە هونەر لەپێناو هونەر بەرهەمهێنراوە، بەڵام ئەدەب ئیلتیزامی تێدایە هەر چەندە ناتوانرێت سیفەتی خودیەت و ئازادی وەکو دوو پێکهاتەی بنەڕەتی لەکاری ئەدەبی جیابکرێتەوە". (نذير حنافي العلي، ٢٥-٦-٢٠٢١،
**https://www.syria.tv/%D8%A7%D9%84%**

ئێمە ناتوانین سیفەتی مرۆڤبوون و بنەما مرۆڤایەتییەکان لەدەقی ئەدەبی جیابکەینەوە، چونکە لەکردەوەدا نووسەری دەقی ئەدەبی کار دەکات بۆ بەرهەمهێنانی پەیوەندی لەنێوان ئەو شتانەی دەبنە هۆکار بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی مرۆڤ بەمرۆڤەوە. ڕۆمان لەهەموو ژانرەکانی دیکە پتر کار لەبارەی پەیوەندی مرۆڤ لەنێوان کات و شوێن و کەلوپەل و وێناکردن و بیرۆکەکانی خودی مرۆڤ و ئەفسانە و هێما و واقیع و خەیاڵدا دەکات، ڕۆمان بریتییە لەدەقی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی ژیانی مرۆڤ و پەیوەندییە مرۆییەکانی نێو کۆمەڵگە.

ڕۆمان ئاوێنەی کۆمەڵایەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دەروونی و فکری و چینایەتی و کەسییەکانی مرۆڤە لەنێو کۆمەڵگەدا. واتە تەوەرەی

سەرەکی دەقی ڕۆمان پەیوەندی بەخودی مرۆڤەوە هەیە. دەق لەنێوەڕۆکدا بریتییە لەگیانی مرۆڤانەی کۆمەڵگە، بریتییە لەگێڕانەوەی مێژوو، لێکدانەوەی ئەمڕۆ و وێناکردنی بەیانی.

لەنێو ڕۆماندا هەر تەنیا ناوونیشانی خودی ڕۆمانەکە نییە، بەڵکو دەیان هورتکە ناوونیشان و سەدان بیرۆکەی ناوونیشان ئامێز لەڕووداو و بەسەرهات و وێناکردن و لێکدانەوە و فکر و کەسایەتی و شوێن و کاتدا وەکو نیشانە و هێمای سیمیۆلۆژی بەدی دەکرێت، ئەوانەش کتومت پێکهاتەی واقیعی ژیانن و بەشێوەیەکی هونەری دادەڕێژرێت. (بەمەش دەردەکەوێت تایبەتمەندی پێگە و پێکهاتە و واتاکانی وای کردووە ناوونیشان پێکهاتەیەکی هاوسەنگی گوتار بێت، بەڵکو قەوارەی نێوەندی لەپێگە و گوتار و واتادا دیاری دەکات، بۆیە ناوونیشان دەکرێت بەپێکهاتەیەکی ناوەندی ڕێکخستنی گوتار لەڕۆمان دابنرێت). (عبدالمجید نوسی،٢٠٠٢، ١٩).

**گوتار**

گوتار بەپێی هەموو لێکدانەوە زمانەوانیی و فکری و ئەدەبییەکان بریتییە لەقسەکردن و بەکارهێنانی زمان و کردەیەکە لەنێوان قسەکەر و گوێگر، یان نێرەر و وەرگر ئەنجام دەدرێت و پەیام و مەبەست و واتای تێدایە، لەڕێگەی هەندێک کەناڵەوە ئەنجام دەدرێت.

گوتار ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە، لەنێو گوتاردا واتا و مەبەستی ئاشکرا و نائاشکرا هەیە، بۆشایی هەیە کە قسەکەر بەمەبەست دروستی دەکات بۆ ئەوەی وەرگرەکانی بیربکەنەوە و کار بۆ پڕکردنەوە و دۆزینەوەی مەبەست و زانیاریی بۆشاییەکان بکەن.

گوتار لەنێو گوتاردا مەبەستمان ئەوەیە چۆن گوتارێکی ئەدەبی ڕەخنەگرانە لەهەناوی گوتارێکی مولتەزیمی شۆڕشگێڕانە لەسەردەمی خەباتی پێشمەرگانە دروست دەبێت. گوتاری فەلسەفەی ئەدەب چ

جیاوازییەکەی لەگەڵ گوتاری فەلسەفەی شۆڕش هەیە و لەکوێ دەبنە دژ بەیەک و لەکوێ هاوکار و هاوسەنگی یەکترن. گوتاری فەلسەفەی ئەدەبی هەمان واتای فەلسەفەی شۆڕش ناگەیەنێت. ئەدەب دەقێکی مرۆیانەی دوور لە فرتوفێڵ و ساختەکاریی و فریودانە، کەچی سیاسەت لەسەر بنەمای فرتوفێڵ و ساختەکاریی و توندوتیژی و بەکارهێنانی هەموو ڕێگەیەکی نەشیاو بۆ شیاندنی گەیشتنە دەسەڵاتی تێدایە. ئەدەب لەڕێگەی بەکارهێنانی وشە و ئاواز و واتا و تەکنیک و شێوازی نووسین بەرهەم دێت، شۆڕشیش لەڕێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چەکداریی و ئاشتەوایی تا دەگاتە ڕاپەڕین و خەباتی چەکدارانەی خوێناویی بەرهەم دێت.


گوتار لەڕووی کردارەوە (پەیام و مەبەست و شێواز و واتا)ی تێدایە، قسەکردنە و ئەرکی بەدیهێنانی (کردەی پەیوەندکردنە). شۆڕشیش ئامانج و قوربانی و کوشتن و ڕەتکردنەوە و سڕینەوەی ئەوانی دیکە و توندوتیژی و گۆڕانکاریی تێدایە. گوتاری ئەدەبی دەیەوێت کاریگەریی لەسەر بەکارهێنەر و وەرگرەکانی دروست بکات و بەشداری لەڕووی عەقڵی و بیرکردنەوە و شیکردنەوەی تێدایە. هەستە جیاوازەکانی مرۆڤ بەکاردەهێنێت. گوتاری شۆڕشیش کارتێکردن و حەماسەت و هاندان و ورژاندنێکی گەرموگوڕ و بەشداریی کردنی بەکردەوەی تێدایە.

لە شۆڕشدا گوتاری سیاسی پشت بە هاندانی (شۆڕشگێڕانە و تۆڵەکردنەوە و درێژەدان بە شەڕ و بەسووک سەیرکردنی دوژمن و جەستەکانیان و بەسروشتی کردنی کوشتنی دوژمن و بەردەوامی و بەرز نرخاندنی قوربانییەکانی خۆیان و بەهەق وەسفکردن و ڕەوایی دان بەهەموو تەکنیک و شێواز و بیرکردنەوەیەکی خۆیان لەخۆ گرتووە.

لەشۆڕشدا گوتار پشت بە هەموو ئامرازێک و شێوازێک لەپێناو بەدیهێنانی ئامانج دەبەستێت، بۆیە لایەنەکان لایان سروشتییە گوتارەکەیان (عەشایری و لەهەمان کاتدا پۆست مۆدیرن بێت، گوتاری خودی بەرپرسەکان بێت و ڕەشە خەڵکەکەش وەکو کارەکتەری گێڕانەوە

شتەکان بڵێنەوە. گوتاری شۆڕش بریتییە لە گوتاری دەوروبەری بەرپرسەکان، نەک جەماوەرە هەقیقییەکەی شۆڕش، نیمچە خوێندەوار دەبێتە فەیلەسوف و زانا و داناکانیش دەبنە جێبەجێکاری سیاسەتی شۆڕش، لەنێو شۆڕشدا هیچ چین و ڕەگەزێک خاوەنی گوتاری تایبەتمەندی خۆیان نین و فرە دەنگی و فرە کارەکتەریی و دەبڕین و فکر نییە، گوتاری بنەڕەتی و سەرەکی ئاخاوتنی بەرپرسە یەکەمەکانی شۆڕشە، ئەدەبی مولتەزیمیش بەشێوەیەکی گشتی بەو ئاراستەیدا دەڕوات، کە شۆڕش هێڵە گشتییە سەرەکییەکانی وەکو ستراتیژ بۆ دارشتووە.

لەکاتێدا گوتاری ئەدەبی ڕەخنەگرانەی واقیعی لەنێو خودی ئەم گوتارە مولتەزیمەی شۆڕش دەسەپێنێت، جۆرێک لەیاخیبوون و نامۆبوونی تێدایە. چونکە بیرکردنەوەی جیاواز دەخرێتە نێو گومان و گریمانەکانی (لادان و شێواندن و ئاژاوە).




(کۆچی سوور) نموونەی دەقێکی ڕەخنەگرانەی ناڕازییە لەنێو هەناوی گوتاری شۆڕشدا نووسراوە، کە دەکرێت بە دەقێکی سووتێنراو حیساب

بکرێت. ئەم گوتارە جۆرێکە لە یاخیبوونێکی ئەدەبی لەنێو یاخیبوونێکی پێشمەرگانەی شۆڕشگێڕدا.

گوتاری ئەدەبی شۆڕشگێڕانە دەبێت پشت بە چ ببەستێت، بێگومان ژمارەیەک بنەما و چەمک هەن دەبێت لەنێو ئەم جۆرە گوتارە دەقانەدا بەرجەستە ببن، کە دەکرێنە پێوانەیەکی گشتی بۆ ناساندن و لێکدانەوەی ئەم جۆرە گوتارە، لەوانە: (فکر، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئایدیۆلۆژیا، چینایەتی، ڕەخنە، مولتەزیم، بەرژەوەندی باڵای حزب و شۆڕش، نەتەوایەتی، نیشتمانی، ڕزگاریخوازی، ئاشتیانە، توندوتیژ، عادیلانە، مافی ڕەوا... تاد). لەتەک ئەوانەشدا دەکرێت لەنێو ئەم بنەما و چەمکانەدا هەر یەکێکیان چەند جۆرێک و شێواز و پەیامێکیشیان هەبێت بۆ نموونە: (کۆمەڵایەتی دابەش بێت بۆ سەر پێشکەوتنخواز و کۆنەپەرست، یان مۆدێرن و دواکەوتوو، چەپ و ئاینی... تاد) و چەمکی (فکری دابەش بێت بۆ چەپ و بۆرژوازی، سۆسیالیستی و سەرمایەداری.. تاد) یان تەنیا زاراوەی (توندوتیژیش دابەش بێت بۆ توندوتیژی و تۆڵەکردنەوەی شۆڕشگێڕانە و فاشیانە) و زاراوەکانی دیکەش بەهەمان شێوە. کەچی گوتاری دەقی ئەدەبی لەنێو هەمان گوتاری سیاسیدا گەشە دەکات ئەم جۆرە دابەشکردنە لەخۆ ناگرێت.


گوتاری ئەدەبی گوتارێکی (ڕۆمانسی، ڕیالیزمی، کلاسیکییە). پەیام و مەبەستی (کۆمەڵایەتی ودەروونی و نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆیی و.. تاد) لەخۆ دەگرێت.

پێویستە ئاماژە بە پێکهاتەیەکی گشتی گوتاری ئەدەبی لەسەرەتای دروستبوونی بکەین، کە ئەمەش لەزۆربەی ئەدەبە جیهانییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەدەب سەرەتا لەڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەی ئایینی، یان خۆنزیک کردنەوە لە گوتاری ئایینی بۆ گوزارشت لە حالەتە مرۆییە سروشتییەکان ئەنجام دراوە. دواتر هەنگاوی بەرەو (نەتەوە و چین و فکر و

دەروون و خود) بردووە. گوتاری ئەدەبیش بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە دەگۆڕێت، هەموو گوتارێکی ئەدەبی بەپێی سەردەم و شوێن کەرەستەکانی جۆرێک لە یاخیبوون و نامۆبوونی لەپێناو نوێبوونەوە تێدایە.

ئەگەر فەلسەفە شیکاری پەیوەندیی نێوان دیاردە و شتەکان بکات، ئەوە گوتاری ئەدەبی شیکاری پەیوەندیی نێوان دیاردە و شتەکان و واتاکان دەکات و کار بۆ بەجووڵە خستنیان دەکات. گوتار زمان بەکار دەهێنێت و دەقیش بریتییە لە بەرهەمی فکری زمان. زمان گوزارشتە لەبەدیهێنانی شتە عەقڵییەکان و بیرکردنەوەیە لەچۆنیەتی بەکارهێنانی وێناکردنی ئەو شتە مادیانەی لەڕێگەی مێشکەوە بەرهەم دەهێنرێنەوە و واتا و مەبەست و خواستی نوێیان پێ دەبەخشرێت. گوتار بریتییە لە سەرلەنوێ وێناکردنەوەی ئەو شتانەی لەنێو مێشکدا لەدایک دەبن و پێویستیان بە هێزی بەکارهێنانیان هەیە، دەقی ئەدەبی بریتییە لەو هێزەی شتە دروستبووەکانی نێو مێشک بەرجەستە دەکاتەوە و وێنا و دونیابینی و شێوەی نوێیان پێ دەبەخشێت. فکریش بەکردەوە بەکارهێنانی دیاردە و شتەکانە، واتا بەرهەمی بەکارهێنانی شتەکانە.

ئێستا ڕوونتر جیاوازی نێوان گوتاری ڕەخنەگرانەی ئەدەبی و یاخیبوونی ئەو گوتارەمان لەنێو خودی گوتاری شۆڕش بۆ دەردەکەوێت.




فەلسەفە بریتییە لە شیکاری دیاردە و شتەکان

گوتار بریتییە لە پەیوەندی نێوان دیاردە و شتەکان.

زمان گوزارشتە لە بەدیهێنانی دیاردە و شتەکان.

عەقڵ بریتییە لەبیرکردنەوە و بەکارهێنانی دیاردە و شتەکان.

فکریش بریتییە لە بەکارهێنان و وێناکردنەوەی دیاردە و شتەکان.

واتاش بریتییە لە بەرهەمی بەکارهێنانی دیاردە و شتەکان.

ئەمە بەئاسانی لەنێو گوتاری ئەدەبی دەتوانرێت بدۆزرێتەوە، بەڵام لەزۆر کات و شوێندا شۆڕش خۆی لەم بنەمایانە دادەماڵێت، بۆ ئەوەی (گوتارێکی پیرۆزکراوی سەپێنراوی بێ فکر و عەقڵ و واتا و لێکدانەوە) بسەپێنێت و بەکاربهێنێت، لەکاتێکدا ئەدەب کار بۆ تێکشکاندنی ئەم جۆرە سەپاندنە دەکات. ئەم جۆرە تێکشکاندنەش پێویستی بە (یاخیبوون و

نامۆبوون) دەبێت، بەواتای ڕەتکردنەوەی شتە سەپێنراوە سەرکوتکارەکان و بەدیهێنانی ئازادیی و دەربڕینی سەربەست.

لە گوتاری ئەدەبیدا نووسەر کار دەکات شتەکان لەڕێگەی سەلماندن و شیکردنەوە واتە بەکارهێنانی (عەقڵ و مێشک و تێگەیشتن و لێکدانەوە) ساخ بکاتەوە و کاریگەریی لەسەر هەستی وەرگر و بەکارهێنەرەکانی دروست بکات. کەچی شۆڕش کار دەکات هێزی (سەلماندن و شیکردنەوە) لە وەرگرەکانی وەربگرێتەوە و بیانسڕێتەوە، بۆ ئەوەی (هەموو بەیەک ئاراستە و هەڵسوکەوت و هەستدا بڕۆن، مرۆڤەکان دەکاتە ئامێرێکی شۆڕشگێڕ)، بۆیە پێویستی بە (عەقڵ و بیر و تێگەیشتن و لێکدانەوە) نابێت. گوتار ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە شتەکان سەلمێنەری بوونی دیاردە جیاوازەکانن و ئەوانیش کاردانەوەی شتەکانن.

### گوتاری ڕۆمان

(ڤان دایک) قووڵتر دەچێتە نێو باسی گوتار، ئەو لەتەک ڕۆڵی زمان و باری کۆمەڵایەتی، پەیوەندیکردنیش دەهێنێتە ئاراوە. پێی وایە چەمکی گوتار لەم سێ لایەنە پێکدێت:١- زمان بەکارهێنان.٢- دامەزراندنی پێوەندی لەنێوان باوەڕەکاندا لە ڕووداوێکی گەیاندنداو ٣- کارلێککردن لەبارێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا. بڕوانە (ڤان دایک، توین،٢٠١٤، ١١). گوتار یەکەی زمانەوانی قسەیە ئەمەش پەیوەستە بە یەکەی

پەیوەندیکردن کە پەیوەستە بە بارودۆخی بەرهەمهێنانێکی دیارکراو. وەکو گوتاری (تەلەڤزیۆن، وتاری رۆژنامە، گێرانەوە...هتد). (دومینیک مانغونو، ٢٠٠٨، ٣٨).

ڕێزمانی گوتاریش بایەخی پێدەدرێت و لای (هاریس ١٩٥٢) گوتار ڕستەیە لە یەکەیەکی زمانی پێکدێت لەسەر بنەمای ژمارەیەک ڕستە، بۆیە

لە شیکردنەوەی گوتاردا بایەخ بە لایەنی ڕێزمانی گوتار **grammar Discours** دەدات. (هەمان سەرچاوە:٣٨).

کاریگەرییەکانی فەلسەفە **Philasaphers**لەنێو کردەی گوتار چۆن شیدەکرێتەوە؟ هەروەها پەیوەندی لەنێوان مەنتیق و زمان بەتایبەتی (حجاجی) لۆژیکی پاساو لەلایەک و کاریگەری گوتاری بیستراویش هەیە. بۆیە (ئۆستن و سێرل) لەشەستەکانی سەدەی بیستەم لەڕوانگەی شیکردنەوەی لۆژیکی گوتار باسی کردە قسەییەکانیان کردووە. (بانفنیست) مەسەلەکە وابەستەی قسەکردن دەکات و پێی وایە پێویستە لەچوارچێوەی دوورییە بەرفرەکەدا سەیری گوتار بکەین، یان قسەکردن/ گوتنە بوونی قسەکەر و گوێگر دەچەسپێنێت، یەکەم نیەتی ئەوەی هەیە بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەری لەسەر دووەم دروست بکات. (هاجر مدقن،٢٠١٣، ٢٦).

بەکارهێنانی قسەکردن چاکتر ڕۆڵی گوتار دەردەخات، (میشێل فۆکۆ) (**M.Foucault**) گوتار لەبەکارهێنانی قسەکردن سنووردار دەکات و پێی وایە گوتار ژمارەیەک قسەی گوتراوە و دەچنەوە سەر هەمان پێکهاتەی گوتار، هەروەها یەکەیەکی ڕەوانبێژی و وێناکراو نین، بەڵکو دەتوانرێت بەشێوەیەکی بێ کۆتایی دووبارە بکرێنەوە. (السید ولد آباه،٢٠٠٤ ،١١٠). گوتار فراوانتر دەردەکەوێت کاتێک ئەرک و پەیوەستبوونی ئاڵۆز دەبێت لەکۆمەڵگەدا. (فۆکۆ) پێی وایە گوتار بریتییە لە "تۆڕێکی ئاڵۆز لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری، کەتێیدا چۆنیەتی بەرهەمهێنانی قسەی گوتار دەردەکەوێت، لەهەمان کاتیشدا زاڵبوون و مەترسی دەشارێتەوە". (هاجر مدقن،٢٠١٣ ،٢٧). گوتار و ڕەوشت، گوتاری چاکە و خراپە لەبەکارهێنان و دەرخستنی مەبەستەکاندا دەردەکەوێت، ئەمانەش پەیوەستن بەهەڵسوکەوت و کاردانەوە و بۆچوونەکان "گوتارە ئازادەکانی شێتی لەڕێگەی بەکۆیلەکردنی ئارەزووەکان دەردەکەوێت". (میشیل فۆکۆ ، ٢٠١٢، ١٤١ ).

گوتار زۆر جۆری هەیە و زۆربەی بوارەکانی ژیان و کۆمەڵگە دەگرێتەوە، مەبەستی ئێمە لەم ئاماژە پێکردنە پەیوەستە بەگوتاری ڕۆمان، یان شیکردنەوەی ئەو گوتارە ئەدەبییە مرۆییە کۆمەڵایەتییەی دەقێکی ئەدەبی بەرهەمی دەهێنێت. (غازی حەسەن، ٢٠٢٠ ، ٦٥).

دەبێت باسی ڕۆڵی (فردیناند دی سوسیر) لەپەیوەندی نێوان زمانو گوتار بکەین لەدیارکردنی ئەو بنەما سەرەکیانەی لە زمانەوانی بۆ جیاکردنەوەی هێما و هێمابۆکراو (دال و مەدلول) هەیە. زمانو گوتار دوو کایەی بەیەکەوە بەستراون، زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، قسەکردن وەکو دیاردەیەکی کەسی ئەنجام دەدرێت. (سوسێر) پێی وایە (گوتار یەکسانە بە قسەکردن). (هاجر مدقن،٢٠١٣ ،٢٥). (دیڤید کریستال) دەربارەی گوتار دەڵێت: زمانی قسەکردن گەورەترە، فراوانترە لە ڕستە. (**Crystal:2012,148**) یان هەندێکی دیکە پێیان وابووە، کە (گوتار قسەکردنێکی درێژە، یان بەدوای یەکداهاتنی چەند ڕستەیەکە). (هاجر مدقن،٢٠١٣ ،٢٥) . بڕوانە (غازی حەسەن، ٢٠١٦ ). کە باسی زمان و گوتار دەکەین، نابێت دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە **Social Context** بایەخی پێنەدرێت، (فێرکلاف) پێی وایە گوتار بەکارهێنانی زمانە وەکو بابەتێکی کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە گوتار ڕۆڵی شیکاریی دەبینێت، شیکردنەوەی ڕۆڵی دەقە لەدەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەدا.( د. رەحیم سورخی، ٢٠١٣، ١١).

## گوتاری ئەدەبی

مۆدێرنیتە دەستکارییەکی گەورەی ڕوانگەی مرۆڤی کرد. شۆڕشە زانستییەکان و شۆڕشی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، ڕاپسکان و پچڕان و دادڕینێکیان لەمێژوودا خوڵقاند. لەمل پەڕاندنی پادشا و پەلاماردانی دەسەڵاتی پاپا لە شۆڕشی فەڕەنسییەوە تاکو بە چەمکی "تێپەڕاندن" و گوزارەی "خودا مرد"ی نیتچە دەگات، ئەو زەمین لەرزە

بەرینە بوون، کە ئاگایی مرۆڤیان دادڕی. لەپڕدا مرۆڤی پاش مۆدێرن تێگەیشت، کە خۆی تاقانە ڕۆڵگێڕی سەرەکییە لەمێژوودا و خوداکان و هێزە نادیارەکان ڕستێک وێنای خەیاڵی ناو سەری خۆی بوون. لێرەوە و بەتایبەت لەسیاقی شۆڕشی گەورەی فەڕەنساوە، چەمکی شۆڕش گۆڕانی ڕیشەیی بەسەرا هات. گەر پێشتر چەمکی شۆڕش بەواتای (گەڕانەوە، خوولانەوە و وەرچەرخان بەرەو دواوە و بەرەو خاڵی دەستپێک) هاتبێت و (کۆپەرنیکۆس) ئەم چەمکەی بۆ وەسفی جووڵەی زەوی و جووڵەی بازنەیی هەسارە و ئەستێرەکان بەکار بردبێت و دواجار فەیلەسوفانی سەدەی حەڤدە ئەم چەمکەیان بەهەمان ماناوە بۆ وەسفی ڕووداوەکانی ساڵی ١٦٦٠ی بەریتانیا بەکاربردبێت، ئەوا لەپاش شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا چەمکی شۆڕش لەم سیاق و مانایە دادەماڵدرێت و مۆدێرنیزە دەکرێت و بەواتای سەرنگونکردنی ئێستا و وێرانکردنی ڕابردوو و خێراترکردنی ڕووداوەکان نەوەک کۆنترۆڵکردنیان، لەپێناو ڕیسکی گەیشتن بەئایندەیەکی زێڕین دێت. لەساڵی ١٦٦٠ خانەدانی ستیوارتییەکان دوای ئەوەی لەساڵی ١٦٤٨ لەحووکم دوورخرابوونەوە، هاتنەوە سەر حووکمی پادشایەتی و بیرمەندانی ئەو کات ئەم گەڕانەوەیەی ئەستێرەی بەختی پادشایەتییان بە شۆڕش وەسفکرد. (ئۆلیڤەر هۆڵمز، **https://www.negativegroup.org/item.php?id=257**). بەواتای ئەوەی پێناسەکردنی خودی شۆڕش پەیوەندی بەقۆناغەکانی گەشەکردنی فکر و فەلسەفەی مرۆڤایەتییەوە هەیە.

ئەگەر گوتاری ئەدەبی بەشیرێکی دووسەر بزانین، کە لەلایەکەوە دەتوانێت بەشیکردنەوە و تەمومژ سڕینەوە لەگریمانە، یان بەها ناڕاستەوخۆیەکانی ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبییەوە سەرقاڵ بێت، بەڵام لەلایەکەی تر نابێت "هەقیقەت"ە هەڵێنجراوەکان لەدەقەیلی تیۆرێک بێ باسوخواس و مشتومڕ پەسند بکەین. (راجێر وێبستێر، ٢٠٠٦، ١٣).

نەک هەر ئەوە (باختین) پێی وایە ڕۆمان لەچەندین توێژی گوتار پێکهاتووە، کە بەشێوازی جۆراوجۆر لەپەنا یەکتر ڕیز دەبن، هەندێکیان بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ و ڕێکوپێک و هەندێکیشیان بەشێوەیەکی دژوار و بەرامبەر بەیەک". (راجێر وێبستێر، ٢٠٠٦، ٧٧).

فرە دەنگی مەرج نییە ببێتە هاندەر بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆمانێکی فرە گوتار، چونکە گوتارێک لەنێو یەک ڕۆماندا بەرهەم دێت. زمانی ئەدەبی پیشاندەری ڕێژەیەکی باڵای گفتوگۆخوازییە و بەڕای باختین ڕۆمان نیشاندەری ئەو تایبەتمەندییە "فرەدەنگی" یان "فرەمانایی"یە، کە سەرومڕ مانا بەردەستەکانی نێو زمان ئاشکرا دەکات". (راجێر وێبستێر، ٢٠٠٦، ٧٧). لەهەمان کاتدا بیروبۆچوونی دیکە هەیە، کە دەکرێت بڵێین ڕۆمان فرە گوتارە و ئەو فرە گوتارییەی خۆشی ڕێکدەخات و بەیەکیان دەبەستێتەوە. "ڕۆمان بۆی هەیە گوتارە زۆر و زەوەندەکانی خۆی بەشێوەیلی جۆراوجۆر ڕێکوپێک بکات بەچەشنێک لەدەقێکی ڕیالیستیدا، گوتارەکان هیرەم (**Hierarchy**) و زنجیرە پێگەیەکی دیاریکراویان هەیە، کە دەنگێک، یان گێڕەرەوەیەکی دەسەڵاتدار و چەقبەستوو کۆنترۆڵ و چاودێرییان دەکات، لەکاتێکدا دەقێکی مۆدێرنیستی خاوەنی دەنگێکی ناوەندگەرای چەقبەستووی لەم شێوەیە نییە، بەڵام بەسەربەستی و ئازادیی جموجوولی پتر بۆ ئەو دەنگانە قایل دەبێت، کە هیچ کامیان بەئاشکرایی و تایبەتی دەنگی زاڵ نین. سەرەڕای ئەوانە سروشتییە ڕۆمانەکان گوتار گەلی جۆراوجۆر بەکار دەبەن، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری و پێداچوونەوەی هێزەکیی پێکهاتەی زمان و پێوەندیی کۆمەڵایەتیی. (راجێر وێبستێر، ٢٠٠٦، ٨٠– ٨١).

گوتاری ڕۆمان، یان دەقێکی ئەدەبی دەکرێت ببەسترێتەوە بەپێکهاتەی سیمیۆلۆجی و بەکارهێنانی زمان. گوتار دابەش نابێت، بەڵام دەتوانێت لەژمارەیەک پێکهاتەی لێکدابراو، یان هاوتا و تەواوکەری یەکتر پێکبێت. گوتاری ڕۆمان بریتییە لە(پێگە و واتا و مەبەست و پێکهاتەکان)ی نێو


دەقەکە. ئەمانەش هەموویان خزمەتی گوتاری ناوونیشان دەکەن، کە بریتییە لەپێکهاتەیەکی ناوەندی و سەرەکی و بەژمارەیەک پێکهاتەی دیکەی وەکو (گێڕانەوە، وێنە، ڕووداوەکان، کەسایەتییەکان هێما و نیشانە و ڕەمز و زمان و داڕشتن و کات و شوێن و تاد) پڕ وزە و هێز دەکرێت. (غازی حەسەن، ٢٠١٩، ٥٠).

گوتاری ڕۆمان و گوتاری چیرۆک و گوتاری ژیاننامە و گوتاری ئەفسانە، هەر هەموویان دەخرێنە نێو گوتاری گێڕانەوە. (د. وردة معلم، ٢٠٠٦، ٢٥). بەپێی بۆچوونەکانی (بارت) دەقی گێڕانەوە سێ ئاست لەخۆی دەگرێت لەوانە (ئاستی ئەرک، ئاستی کردەکان و ئاستی گێڕانەوە)، کەچی (جرار جنیت) وابەستەی دەکات بە(چیرۆک و هەقایەت و گێڕانەوە)، بۆیە لێکۆڵەرەوان جەخت لەسەر گوتاری گێڕانەوە دەکەن، گوتاریش ئاماژەیە بۆ هەندێک واتای زمانەوانی. (وردە معلم، ٢٠١٦، ٤-١٩).

(ئیمیل بنفیست) لەڕوانگەیەکی دیکەوە پێناسەی گوتاری کردووە و دەڵێت (گوتار نەریتێکە، کە بریتییە لەکردەیەکی زیندووی بزۆک بۆ بەرهەمهێنانی گوتراوێک لەڕێگەی قسەکەرێکی دیارکراو لەپێگەیەی دیارکراودا). (سعید یقطین،١٩٩٧ ، ١٣). هەمان زانا لەدرێژەی باسکردنی گوتار و ئەرکی لەنێو دەقدا دەڵێت "گوتار و گێڕانەوە هەردووکیان قسەکەر بەدیار دەخەن، لەگوتاردا نیەتی کارتێکردن بەدیار دەکەوێت، لەگێڕانەوەش شتێکی لەمجۆرە دەبێت. گێڕانەوە لەم سەردەمەدا تایبەتە بەدەقی نووسین، بەڵام گوتار پەیوەستە بەدەقێکی نووسراو و گوتراو". (سعید هادف، ، ٢٠٠٢، ٢٧-٢٩). گوتار بریتییە لەوەی هەموو گوتنێک قسەکەر و گوێگری تێدایە، یەکەمیان ئامانجی کارتێکردنە لەدووەمیشدا، بەڕێگایەک لەڕێگاکان شتێکی وەها دەبێت. (سعید یقطین، ١٩٩٧ ،١٩).

لەدرێژەی باسکردنی ئەرکی گوتار لەدەق و گەیاندنی پەیام زانایەکانی ئەم بوارە گووتوویانە "بۆ ئەوەی بایەخی ئەم ناوەندە واتە ناوونیشانەکە بزانین

پێویستمان بە (دیاریکردنی ئەرکی زمانە وەکو دیارکردنێکی زمانیی). (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ١٧). لەبیری نەکەین ڕەگی پرسیار پەیوەستە بەفەلسەفەی گوتارەوە، یان بەجۆرێکی دیکە ژیانی گوتار و خووڕەوشت لەنێو ئەم جیهانەدا فرەیی دەنگ و فرەیی زمانە. (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ١٧).




لەبیری نەکەین دەق بەدوای واتادا دەگەڕێت، بەتایبەتی ئێمە کە شیکاری گوتار لەنێو گوتاری دەقێکی باوی نێو شۆڕش دەکەین، لامان ڕوونە کە گوتاری دەقێکی لەم جۆرە کە گووتارێکی ڕەخنەگرانەیە، کار لەسەر لایەنە سیمیۆلۆژی (نیشانەکان) و سیمانتییەکان (واتا) دەکات، لەپێناو ئەوەی زۆرترین دەرفەت بە خوێنەر بدات بەدوای شتە هەقیقییەکان لەڕێگەی واتاکاندا بگەڕێت، یان نیشانەکان بۆ دۆزینەوە و ساخکردنەوە ئەو واتا و مەبەست و کەرەستە شاراوانە بەکاربهێنێت، کە دەرفەتی ڕاستەوخۆ گووتنیان نەبووە. سیمانتیک یان واتاسازی یەکێکە لەلقەکانی زانستی زمان "هەوڵدەدا پێوەندیی نێوان فۆڕم و چەمک دەستنیشان بکات". (د.وریا عومەر ئەمین، ٢٠١١، ١٥).

بابەتی سیمویۆلۆژی/ نیشانەکان لەشیکردنەوەی گوتاری ڕۆماندا ئاماژەیە بۆ ئەوەی شتەکان پەیوەندییان بەمەعریفەوە هەیە. (هەقایەت،

ئەفسانە، یان هەموو گوتارێک بەتایبەتمەندییەکانی گێڕانەوە دەناسرێتەوە)، ئەمەش پشت بەدوو لایەنی گرنگ دەبەستێت:

**یەکەم/** دەربڕین بریتییە لەڕووکاری زمانیی هەقایەتخوانەکە.

**دووەم/** نێوەڕۆک ئەمەش بەکورتی وەسف و شیکردنەوەی نێوەڕۆکی بابەتەکە دەگرێتەوە، واتە بابەت و واتاکان دەگرێتەوە سەرباری شێوە، ئاستی زمانەوانی دەنگ و وشە و ڕستە لەخۆ دەگرێت. (عبدالمجید نوسی، ٢٠٠٢، ٢٨-٢٩).

باسکردنی دەسەڵاتە، کە ئامادەنین مامەڵە لەگەڵ هونەر و ڕۆشنبیران بکەن، تەنیا وەکو کۆیلە سەیریان دەکەن. نێوەڕۆکەکەی باسی دەسەڵات و پێناسەی دەسەڵاتە. (پێویستە قسەکەر گوتارەکەی بەتێڕوانینێکی دیاریکراو ئاراستە بکات). (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ٥٦). لەبارەی زمانی ئەدەبی (محەمەد مەعروف فەتاح) دەڵێت: بەپێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە زمانی چیرۆک و زمانی زانستەکان، زمانی شیعر دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە چونکە نە کات (مێژوو)، نە شوێن (جوگرافیا)، نە ڕێزمان، نەیاساکانی واتاسازی، نە ڕێنووس سنووری بۆ ناکێشن و لەدەسەڵاتی کەم ناکەنەوە. (د. محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ٤٠١). ئەگەر ئەم بنەمایە لەخۆ نەگرێت، پشت بەڕەوانبێژی و چڕکردنەوەی قسەکان و شاردنەوەی مەبەستەکان ببەستێت، ئەوە گوتارەکە دەبێتە ناڕاستەوخۆ. پێویستە لەوە بگەین، کە گوتاری ناڕاستەوخۆ لەمەبەستی گشتی قووڵ کەم ناکاتەوە و لەواتای ئایدیۆلۆژیش لەنێو بەرهەمی ئەدەبی کەم ناکاتەوە. (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ٨١).

گوتاری ئەدەبی چ لەگۆشەنیگای شێوەیی و فۆرمێکەوە و چ لەڕوانگەی مێژووییەوە، بابەتێکی ڕێژەییە و هەر بۆیە بەردەوام لەحالەتی گۆڕان و ناساندن و ناساندنەوە دایە. تایبەتمەندییە فۆرمییەکانی گوتاری ئەدەبی بەجیاکردنەوە و پالاوتنی لەچەشنەکانی تری زمان و خەسڵەتەکانی

مێژوویی ئەو گوتارە لەسۆنگەی جیاوازی، یان پەیڕەوی کردن، لە گوتارە ڕەسمی و باوەکان دەردەکەون. (راجێر وێبستێر، ٢٠٠٦، ٨٨).

گوتار لەڕوانگە و ئەرک و پێکهاتەی زماندا "ئەرکێکی هەمەجۆری دەبێت ئەمەش لەچوارچێوەی بۆچوونەکانی (جاکۆبسون) و لەژێر تیشکی پراگماتیک و کردەکانی زماندا فرە سیستەمی گۆگراوەکان لەچەند ئاستێکدا دەردەکەوێت و پێکدێت لەگفتوگۆکان و قسەکانی کەسایەتییە جیاوازەکان و گشتاندنی شێوازی ناڕاستەوخۆی ئازاد و بەکارهێنانی ڕابردوو (مێژوویی) پەنابردنە بەر بەکارهێنانی ڕاناوی دیارنەکراو خۆفەرزکردنی ڕۆماننووسی تێدا نییە، تاکو شێوەی هەواڵ بەشتەکان بدرێت، بەشێوەیەکی بێلایەنانە و لەڕوانگەی زانستییەوە گوزارشت دەکات. ئامادەبوونی نادیار و شاراوەیی نووسەر لەو گوتراوانەی لەچوارچێوەی هەموو ڕاگەیەنراوەکاندا کەمکردنەوە لەبەکارهێنان و تەکلیفکردنە". (برنار فالیت،٢٠١٣، ١٧٨ ).

**گوتاری شوێن**

شوێن وەکو هەر پێکهاتەیەکی نێو ڕۆمان کاریگەریی و ئەرک و پەیام و گوتاری تایبەت بەخۆی هەیە، شوێن تەنیا جواگرافیایەک نییە، بەڵکو بریتییە لەپێکهاتەی کۆمەلایەتی و دەروونی و جەستە و فکر و هێما و نیشانە زمانەوانییەکانیش. دەق خودی دەق شوێنێکە پڕیەتی لەژیان و بیرکردنەوە و ململانێ و ناکۆکی و شتەکانی دیکەی ناو ژیان. دەق شوێنە و پڕیەتی لەشوێنی جیاواز. بۆیە وەکو بوویەرێک و چەمکێکی فکری و فەلسەفی لەشوێن لەنێو دەق و دەقی شوێن دەڕوانین. من لەڕێگەی خوێندنەوەی دەقێک هەر تەنیا شوێنەکە ناناسمەوە، یان چێژی لێ وەرناگرم، بەڵکو دەچمە نێو هەقیقەتی شوێن و هەست بەهەموو پێکهاتە و گۆڕانکاریی و لایەنە سروشتی و خەیاڵییەکانی شوێن دەکەم، وەکو ئەوەی بەهەقیقی لەنێو

ئەم شوێنەی نێو دەقدا بژیم، کە بەکردەوە دەق شوێنی بیرکردنەوەی من و گێڕانەوە و بیرەوەریی و وێناکردن و شتەکانی دیکەیە.

"واتای شوێن لەفەرهەنگی نوێدا ڕووداو، بوون و گۆڕینی دۆخ، نیشتەجێبوون، جیهانی بوون و گەردوون دەگرێتەوە، دەکرێت شوێن مەسەلەی شتێک بیت، پێگە، پلە و پایە، بەرزی و شتی دیکەش بگرێتەوە". (عبدالله توام، ، ٢٠١٦، ٤٢).

لەڕووی فەلسەفییەوە "شوێن چەمکێکی زهنییە تەنیا لەئەنجامی وابەستەبوون بەشتەوە دروست بووە". (علی بن حامد الجرجانی،١٩٩٨، ٢٩٢)، بۆچوونێکی دیکەش پێی وایە شوێن "بەشێکی جیانەکراوەیە لەهەموو ئەو شتانەی هەن". (عبدالله توام، ٢٠١٦، ٤٣).

(ئەفلاتون) ئاماژەی بەشوێن کردووە لەبەرئەوەی بەکاری دەهێنین و پێیەوە بەندین، دەتوانرێت دەرکی پێبکەین لەڕێگەی بزاوتنەوە لەکاتی گوێزانەوە لەشوێنەکەوە بۆ جێگەیەکی تر. (مهدی عبیدی، ٢٠١١، ٢٨). بەپێی لێکدانەوەی سیمیۆلۆژی و زمانەوانی دەتوانین بگەیەنە ئەو بۆچوونەی شوێن لەڕۆماندا "تۆڕێکە لەپەیوەندی و تێڕوانین و بیروبۆچوون، کە هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ دەرخستنی کەشوهەوای ڕۆمان، کە ڕووداوی تێدا دەقەومێن". (عبدالله توام، ٢٠١٦، ٤٧).

شوێن دەبێتە مەسەلەیەکی زهنی و دەئاخڤێت و بیرەوەریی دەگێڕێتەوە و مرۆڤەکان بێزار دەکات، یان چێژیان پێ دەبەخشێت بەشێکە لەو بیرۆکە فیزیکییەی جەستە بەکردەوە دەتوانێت پەیوەندیی بەمرۆڤ و هەستەکانییەوە بکات. لەهەمان کاتدا دەکرێت شوێن دۆزەخ ئاسا ببێتە هێمایەک بۆ کوشتنی ئارەزووی مرۆڤ و ئازاردان و مەینەتی.

نووسەر خاوەنی گوتار و پەیامی خۆیەتی لەنێو دەقدا، کارەکتەر و کەلوپەل و کات و شوێن و دۆخە دەروونی و نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و ڕووداوەکانیش خاوەنی گوتاری تایبەتی خۆیانن، لەهەمان

کاتیشدا دەقەکەش خاوەنی خۆیەتی، خوێنەر و وەرگریش لەئەنجامی هەستپێکردن و دەرککردن و لێکدانەوەی بابەت و پەیام و مەبەستی دەقەکە گوتارێکی دیکە بەرهەم دەهێننەوە. واتە کردەی گوتاری دەق کردەیەکی هەمەلایەنی فرەڕەگەز و مەبەست و کارەکتەرە. (غازی حەسەن، ٢٠٢٠، ١٢٠).

**دە ڕۆمانی شۆڕشگێڕانە**

ئێمە هەر گاڤێک باسی شۆڕش و هەقایەت و بۆچوون و ئەدەبیاتی شۆڕش، یان هەر بابەتێکی دیکەی شیکاری، شیعر و ڕۆمان و چیرۆک بکەین لەبارەی خودی شۆڕشەوە، سنوورێکی بێ کۆتایی لەکۆشش و بەرهەمی فکری و سیاسی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەریت و دەروونی ... تاد دەدۆزینەوە. ئەمانە ئەگەر پێوانەش نەبن بۆ باسی شۆڕش، بەڵام دەبنە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و پڕ بەها بۆ لێکدانەوەکانە مێژوویی و هەمەلایەنەکان لەبارەی خودی شۆڕشەوە.

هەزاران کتێب هەیە دەربارەی شۆڕشی ئەمەریکا مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگادا بۆ کەنار دەریا، یان لەکاتی ئامادەکردنی ئەو خواردنانەی لەچێشتلێنانی حەوشەی ماڵەکەتدا ئەنجامی دەدەیت، کتێبەکان بەدەستەوە بگرێت. لە (جۆنی ترێمینی) دڵخواز لەڕۆژانی خوێندندا، تاکو ساڵی ١٧٧٦ی مۆنۆمێنتالی (دەیڤید مەککۆلۆ)، بەڵام کۆلۆنیالیکراوەکانی ئەمەریکا زەحمەت دەتوانرێت بڵێین یەکەم کەس بوون، یان دوا گروپی یاخیبووان دەبن، بۆ شەڕکردن لەپێناو سەربەخۆیی خۆیان کۆبووبنەوە. پێدەچێت خواستی سەربەخۆیی کلتوورەکانی سەرانسەری جیهان یەکبخات. فەرهەنگی مێریام وێبستەر سەربەخۆیی بەوە پێناسە دەکات، هەرکاتێک وڵاتێک، یان هەرێمێک ئازادی سیاسی لەدژی کۆنترۆڵی دەرەکی بەدەست دەهێنێت، ئەوە سەربەخۆییە. پێناسەی فەرهەنگ لەباشترین کاتەکانیدا،

تەنیا دەتوانێت هەر ئەوەندە بڕ بکات، چونکە ئەوەی پێناسەی دەکات زۆر کەمترە لەوەی هەموو ماناکانی سەربەخۆیی بگرێتەوە.

خۆشبەختانە ئەدەبیات هەیە و زۆر بابەتی ئەدەبیش هەیە و ڕۆمانەکانی نێو لیستە زۆرەکانی نێو کۆڕی خەبات لەخۆ دەگرێت، کە بۆ سەربەخۆیی ئەنجام دراون: پریشکی ئازادی، توندوتیژی (زۆرجار ترسناک)، لەدەستدانی ژیان، فشاری خوود بەدیهێنان و پرسیارەکانی شوناس کە بەدوایدا دێت.

**https://electricliterature.com/revolutionary-novels/.**

لەنێو کەلتوورە جیاوازەکاندا ڕەنگە ئەو دەقانەی لەسەردەمی ڕووداوەکاندا نووسراون، بایەخەکەیان نەگاتە ئەو ئاستەی، کە چەندین ساڵ دوای نووسینی هەمان دەق دەردەکەون، بە شێوەیەکی دیکە هەندێک دەق لەو کاتەی دەنووسرێن و بڵاودەکرێنەوە نابنە جێگەی سەرنج و بایەخی خەڵک، ناخوێندرێنەوە و تۆز دەیانگرێت، کەچی دوای چەندین ساڵ ئینجا بایەخ و لێکدانەوە و بۆچوونەکانی نێو هەمان دەق سەرلەنوێ دەبێتەوە جێگەی مشتومڕ و بایەخی خوێنەر. ئەمەش پەیوەندی بە ئاستی تێگەیشتن لەلایەک و دۆخ و شێواز و تەکنیکی نووسینەکە و لەهەمووشیان کاریگەرتر سانسۆرە باوە (سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانەوە) هەیە. ڕۆمان هەیە دوای چەندین ساڵ، پاش سەرلەنوێ لادانی تۆزی لەسەر نیشتوو لەڕێگەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی خودی دەقەکە ئینجا بایەخ و گرنگی و دەسەڵات و هێزی بەدیار دەکەوێتەوە. هەشە لەکاتی نووسین و بڵاوکردنەوەیەدا (هێزی کاریگەریی و کاردانەوە و لێکدانەوە)ی ڕاستەوخۆ دروست دەکات، هەندێک لەوانەیە دوای ماوەیەک کات تێپەڕین بەسەر ئەم کاریگەریی و کاردانەوانەی دروستی کردووە، دەبێتە بەردی بن گۆمێ و هیچ باسی ناکرێتەوە. ئەمەش ڕەنگە پەیوەندی بە دەقەکە و نزیکی لەدەسەڵات و

هێزی کاریگەریی ڕۆشنبیریی واتە ناوەندە فەرمییەکانی ڕۆشنبرییەوە هەبێت. یاخود پەیوەندی بەخزمایەتی و دۆستایەتی لەنێوان دەقەکە و خاوەنی دەقەکە و دەسەڵاتدارانەوە هەبێت و ئەوان پفی بدەن. واتە هێزی دەقەکە پەیوەندیی بەدۆستایەتی و خزمایەتی و ناوچەگەرایی و ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتەوە هەیە، نەک خودی دەقەکە. هەشیانە لەکاتی بڵاوکردنەوە و دواتریش بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هێز و گوڕ و کاریگەرییە هەمەلایەنەکانی بەردەوام دەبێت. ئەم جۆرەیان نزیکە لە ڕەسەنایەتی خودی دەقەکە.

واتە سێ جۆر ئەدەبیات و لەدایکبوون و کاریگەریی و کارتێکردن و بەردەوامی و مردنی خودی دەقەکەش هەیە:

**یەکەم:** لەکاتی نووسین و بڵاوکردنەوەی هیچ کاریگەرییەکی بەدیار ناکەوێت، دوای چەندین ساڵ ئینجا دەبێتە جێگەی قسە لەمەڕ کردن.

**دووەم:** هەیانە لەکاتی نووسین و بڵاوکردنەوەدا دەبێتە جێگەی بایەخ و دواتر دەنگی نامێنێت.

**سێیەم:** هەیانە لەکاتی نووسین و بڵاوکردنەوە و دواتریش کاریگەریی و مشتومڕەکانی و کارتێکردن و هێز و دەسەڵاتی بەردەوام دەبێت.

نموونەی هەندێک ڕۆمانی شۆڕشگێڕانە:

**دابەشبوونی هیندستان و پاکستان:**

**(منداڵانی نێوەشەو) لەنووسینی (سەلمان ڕوشدی)**

سەختە چۆنیەتی داڕشتن و نووسین و پێکهاتەی ڕۆمانەکەی (ڕوشدی)ت خۆش نەوێت، کە خەڵاتی بووکەری وەرگرتووە. هەزار کۆرپە لەدۆخێکی سەختی نیوەی شەودا لە سەروبەندی سەربەخۆیی هیندستان لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا لەدایک دەبن، هەریەکەیان دەسەڵاتی تایبەتیان

پێ بەخشراوە و کتێبەکە بەتایبەتی بەدوای یەک کۆرپەدا دەگەڕێت، کە ناوی (سالم سینایە)، کاتێک گەورە دەبێت و خێزانەکەی کۆچ دەکەن. (ڕوشدی) بە بەکارهێنانی تێکەڵەیەک لە تەمسیل و نواندن و ڕیالیزمی ئەفسوناوی و خەیاڵی مێژوویی، ئازارەکانی گەشەسەندنی (سالم) لەگەڵ ئازارەکانی گەشەسەندنی نەتەوەیەکی نوێ و وڵاتێکی تازە دابەشکراودا تێکەڵ دەکات.

### جەنگی سەربەخۆیی ئێرلەندا:

### (ئەستێرەیەک بە ناوی هێنری) لە نووسینی (ڕۆدی دۆیل)

وەک خودی ئێرلەندا، کە لەوەرچەرخانێکی دەگمەنی سەدەیەک دایە، (هێنری سمارت) بەبێ پێگە و ئیمتیاز لەدایکبووە، ڕزگاربوون لەناوچە زەبەلاحەکانی دبلن لەگەڵ دایکێکی هەرزەکاری مەشروبخۆر و یەک قاچ و باوکێک، کە ماڵەکەی بۆتە جێگەی لەشفرۆشی، لەو دۆخە ئاڵۆز و سەخت و شلەژاوەدا (هێنری) بۆ شەڕکردن ئامادە دەکات و شەڕ دەکات. (هێنری) دەبێتە سەرباز و هێزێکی کاریگەری هێرشکردنە سەر (مایکل کۆلینز) سەرکردەی (ژیانی ڕاستەقینە)ی سوپای هاووڵاتیانی ئێرلەندا. ئەوەی ڕۆمانی (دۆیل) بەرەو خوێندنەوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش دەبات، ئەوەیە هیچ کاتێک گوێیەکان ئەو دەنگ و شوێنی ڕووداوەکانی لەبیر ناچێتەوە، واتە خوێنەر تامەزرۆی گوێگرتن دەکات. شۆڕشی ئێرلەندا هەروا لەناکاو و لەبۆشاییەکدا ڕووی نەدا، بەڵکو لەشەقامە جەنجاڵ و جەنجاڵییەکانی نێو دبلن سەریهەڵداوە.

**ئاپارتایدی ئەفریقای باشوور:**

**(کچی خۆڕاگر) لە نووسینی (نادین گۆردیمر)**

بابەتەکانی نێو ڕۆمانەکەی (گۆردیمر) لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕوویانداوە و باس لە کچێک بەناوی (ڕۆزا) دەکات، کە ئەفریقاییەکی سپی پێستە و دایک و باوکی چالاکوانی دژە ئاپارتایدن لە باشووری ئەفریقا، دایک و باوکی (ڕۆزا) بەهۆی ئەوەی دەیانەوێت حکوومەتی ئەفریقای باشوور بڕووخێنن زیندانی دەکرێن و دوای ئەوەی لەنێو زیندانەدا دەمرن، (ڕۆزا) تەنیا بەجێ دەهێڵدرێت بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ میراتەکەیاندا بکات. کتێبەکەی (گۆردیمر) لە باشووری ئەفریقا قەدەغە کرابوو، کۆمەڵێک پرسیاری سەخت لەبارەی خەباتی شکان و سەربەخۆیی و کۆمەڵگایەکی فرەڕەگەزی دروستکردووە، کە چۆن دوای ڕووخانی ئاپارتاید دەتوانێت ئەم شتانە بەیەکەوە کۆبکرێنەوە.

**شۆڕشی ئێران:**

**(پەرسەپۆلیس) لە نووسینی (مەرجانە ساترابی)**

چیرۆکی گەورەبوونی (سەتراپی) لە ئێران لە سەردەمی شۆڕشی ئیسلامیدا، ڕۆمانێکی گرافیکی بەهێزە. شۆڕشەکە لەساڵی ١٩٧٩ ڕوویدا، لەو کاتدا (ساتراپی) تەمەنی شەش ساڵانە بووە، ڕۆمانەکە بەوردی باس لەوە دەکات چۆن ژیانی ئەو منداڵە لەژێر یاسای ئیسلامیدا گۆڕاوە، لەپۆشینی حیجاب بۆ جیابوونەوەیەکی کتوپڕ لەکوڕانی قوتابخانەکەی. بیرەوەرییەکانی (ساتراپی) ئەوەمان بیردەخاتەوە، کە شۆڕشەکان گۆڕانکاریی دەهێنن، جا پێشوازی لێبکرێت یان نا.

**شۆڕشی مەکسیک:**

**(مردنی ئارتێمیۆ کروز) لە نووسینی (کارلۆس فۆینتێس)**

شۆڕشی مەکسیک لەساڵی ١٩١٠ دەستی پێکرد و لەئاکامدا (پۆرفیریۆ دیاز) سەرۆک کۆمار لەدەسەڵات دوورخرایەوە. ڕۆمانە خەوناوییەکەی (فۆنتێ) ساڵانێک دواتر دەست پێدەکات، کاتێک (ئارتیمیۆ کروز) کە سەربازە و بازرگانێکی پێشووی بێبەزەییە لەسەر تەختی مردندا ڕاکشاوە. ڕۆمانەکە زنجیرەیەکی فلاشباکە و ژیانی (کروز) وەبیر دەهێنێتەوە و ئەوەمان بۆ باس دەکات چۆن سەرمایەگوزاری لەسەردەمی جەنگ چەشنە قالبێک وەردەگرێت لەپێناو کوشتن و ڕەشبگیری و بەرتیلدان، ئەمەش هەمووی لە بۆ بەدەسەڵات گەیشتن بەکاردەهێنرێت.

**شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا:**

**(دکتۆر ژیڤاگۆ) لە نووسینی (بۆریس پاستەرناک)**

ئەم ڕۆمانە شوێنپێی (دکتۆر یوری ژیڤاگۆ) دەگرێتەوە و لەمنداڵییەوە لە ڕووسیای تزاری تا شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شەڕی ناوخۆی ڕووسیا، کە لەسەردەمی ڕژێمی ستالین لەجەنگی دووەمی جیهانیدا کۆتایی هات. لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوەکانی نێو شۆڕشەکەدا، بۆ( ژیڤاگۆ) ڕوون دەبێتەوە بۆ ئەوەی هاوڵاتییەکی مەترسیدار بێت، پتر لەڕێگەیەک بۆ گەیشتنە ئەم شێوازە مەترسیدارە هەیە: لەڕێگەی توندوتیژییەوە، یان بەبوون بە چەقۆکێشی شۆڕش. ئەمەش ئاشکراکردن و دەرەنجامێکی دڵتەزێنە، کە دوای شەڕکردن و شۆڕش بۆ سەربەخۆیی لە دژی ڕژێمی تزاردا ، ئەم دۆخە دروست بێت کە بریتییە لە توندوتیژی و لەناوبردن.

**جەنگی ئەمریکا لە ڤێتنام:**

**(هاوسۆزی) لە نووسینی (ڤێت تان نگوین)**

لەئەدەبیات و فیلمی بەرهەمهێنراو بەزمانی ئینگلیزیی، چیرۆکی جەنگی ڤێتنام زیاتر لە دید و تێڕوانینی ئەمەریکییەکان گێڕدراوەتەوە. (ڤێت تان نگوین) لەڕۆمانەکەیدا، کە خەڵاتی پولیتزەری وەرگرتووە، ئەو دیمەنانەمان پێ دەبەخشێت، کە لەدیوەکەی ترەوەن، واتە لەدید و بۆچوونی ڤێتنامییەکانە. ئەویش کاپتنێکی سوپای ڤێتنامییە، کە وەکو سیخوڕێک لە گەڵ ئەمەریکا دەژی. ئەمە چیرۆکی شەڕێکە بۆ سەربەخۆیی ڤێتنام، کە دەمێکی درێژ نییە و تازەیە خۆی لەکۆت و بەندەکانی ئیمپریالیزمی فەرەنسی ڕزگارکردبوو، کەچی خێرا دەکەوێتە نێو واقیعی کاریگەرییەکانی ئەمەریکا، بەڵام بۆ کاپتنەکە، وەک زۆربەی هەرە زۆری ڤێتنامییەکان، نەهەماتییەکی ئێجگار زۆر هەیە، چونکە وەک چۆن باکوور شەڕی باشووری کرد، شەڕێکی ناوخۆش لە ئارادبوو.

**شۆڕشی کولتووری چین:**

(بالزاک و درووومانچییەکی بچووکی چینی) لە نووسینی (دای سیجی)

ئەم ڕۆمانەی (دای سیجی) جۆرێک و شێوازێکی جیاواز لەشەڕی سەربەخۆیی وەردەگرێت. لەسەردەمی شۆڕشی ڕۆشنبیری ماودا، دوو کوڕی هەرزەکار لەماڵەکەی خۆیاندا لە چینگدو دەنێردرێتە گوندێکی شاخاوی بۆ ئەوەی "پەروەردە بکرێنەوە". لەماوەی مانەوەیان لەگوندەکەدا، "درووومانکەرە بچووکەکە" دەناسن و هەر سێ کەسیان پەیوەندییەکی ڕۆمانسی لەنێوان خۆیاندا دروست دەکەن و سێگۆشەی خۆشەویستی بەلایەکدا دەیان بات. ئەم ڕۆمانە پاڵنەرێکی بێوچانی کوڕەکانە بۆ ئەو هونەر و کولتوورەی، کە ناچاربوون وازی لێبهێنن. مۆسیقا و ئەدەب و

فیلمە قەدەغەکراوەکانی (ماو) دەبنە سەرچاوە و دیارخەری ناسنامەی کوڕەکان و ئەوانیش خۆیان ڕووبەڕووی مەترسییەک دەکەنەوە لەپێناو ئەوەی بیانهێڵنەوە.

**شۆڕشی میسر:**

(شاری خۆشەویستی و خۆڵەمێش) لە نووسینی (یوسف ئیدریس)

ڕۆمانە خەڵاتکراوەکە لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا نووسراوە: قاهیرە، ژانویەری ١٩٥٢. لەچەند مانگێکی ڕووداوەکانی لەناوچوونی دەسەڵاتی پاشایەتی میسری لەخۆ دەگرێت، واتە ڕووداوەکان باسی سەردەمی فاروق پاشا دەکەن، کە وەکو حکوومەتێکی بووکەڵە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کۆنترۆڵکرابوو. شاری خۆشەویستی و خۆڵەمێش چیرۆکی خۆشەویستی دوو گەنجی یاخیبووە بە ناوەکانی (حەمزە و فەوزیە)، کە شەڕ بۆ ئازادی میسر دەکەن و گریمانە و پرسیاریی ئەوەیان هەیە چۆن دوای قۆناغی کۆلۆنیالیزم و جەنگ ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن.

**شۆڕشی فەرەنسا:**

**(چیرۆکێک لە دوو شار) لە نووسینی (چارڵز دیکنز)**


چیرۆکێکی دوو شار یەکێکە لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانە سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسا ڕۆمانەکە لەنێوان لەندەن و پاریسە و ڕووداوەکانی ئەو کات دەگێڕێتەوە. سەرەتا ژیانی دڕندەی جووتیارانی فەرەنسی و هەژارانی بەریتانیا لەسالانی پێش شۆڕشدا دەخاتەڕوو و نیشانیان دەدات، کە ژیان چۆن چۆنی بووە. لەگەڵ پەرەسەندنی شۆڕشی فەرەنسا، توندوتیژی و زیندانیکردنی بێ پاساو و نەهامەتی گشتی پەرەدەستێنێت. دیمەنەکان کۆتایی ئاماژە بەداهاتوویەکی هیوابەخش بۆ فەرەنسا دەکەن، بەڵام وەک

زۆربەی شۆڕشەکانی دیکە (دیکنز) جەخت لەوە دەکاتەوە خەرجی و تێچووی ژیانی مرۆڤ گەلێک زۆرە. **10 Novels about the Struggle for Revolutio**

**https://electricliterature.com/revolutionary-novels/.**

لەفەرەنسای سەدەی هەژدەهەم بەشی زۆری ئەدەب بەسۆسیۆلۆژیا بەسترابۆوە، لەم ڕێگەیەوەش ژمارەیەک گلەیی و ڕەخنەگرتن باوبوون. لەم قۆناغەدا حەماسەتی چاکسازیی و گەشبینی بەدی دەکرا. لە ڕوسیاش پتر لەپڕوپاگەندەی سیاسی لەنێو ڕۆمانەکان دەبینرا، ئەمەش وایکردووە، کە ڕۆشنبیریی ڕوسی ببێتە بەشێک لەڕۆشنبیریی هەموومان، بێگومان ئەو کات ڕەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ڕوسیای قەیسەری دەگیرا. لە ئەمەریکا مەسەلەکە هێندە ڕوون و ئاشکرا نییە. لەشەستەکانی سەدەی هەژدەهەمدا لە بۆستن ژمارەیەکی زۆری کەسایەتی، یان ڕۆشنبیرەکان زۆر دژی هاندان و یاخیبوون بوون، هەروەها لەساڵانی ١٧٥٠- ١٧٧٥دا لایەنگری و بەرهەڵستکاری سیاسەتی بەکردەوەی ئیستعمار هەبوو. بزاڤی ڕێنسانس بەتایبەتی لەڕێگەی (لۆک و مۆنیسکیۆ) گەیشتە ویلایەتە کۆلۆنیلکراوەکانی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا وەکو ئەوروپا ڕۆشنبیران باسی مەسەلەی مافە سروشتییەکانی مرۆڤیان دەکرد. ڕۆشنبیرانی ئەمەریکا لەسەدەی هەژدەهەمدا وەکو ڕۆشنبیرەکانی فکتۆرییە هەستیان بە دابڕان و گۆشەگیریی بەرانبەر شتەکانی وڵاتەکایان دەکرد. لەو وڵاتەی لەلایەن سەرمایەدارانی نا ڕۆشنبیرەوە بەڕێوە دەبرا. (کرین برینتن، ٢٠٠٩، ٧٧). لەکاتێکدا ئەوانەی ڕەخنە لەبۆچوونەکانی (دۆبرییە لەنێو کتێبەکەی بەناوی (شۆڕش لەناو شۆڕش) دا دەگرن، پێیان وایە ئەم لەبۆچوونەکانی لەبارەی (چاکسازیخوازەکان) توندبووە و ئاماژەی بەوە کردووە، کە لەپێناو وەڵامی چاکسازیخوازەکاندا پێویستە "بۆسە و لەسێدارەدان و چەککردنی دوژمن و دواترین نیشانیش

ئەنجامدانی کردەی سیاسی سەربازییە، کە پێشەنگەکان ڕای دەپەڕێنن" بەڕێوە ببرێت. (مجموعة، ١٩٧٠، ١٧ ). لەڕووی کردەییەوە لەنێو شۆڕشی چەکداری کوردستانیشدا ئەوانەی بانگەشەی پێشەنگایەتی ئایدیۆلۆژیی و فکری چەپخوازیان بەخەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانە لەنێوان ١٩٧٦-١٩٩١ بەستاوەتەوە، ڕێک بەشێکیان وەکو (دۆبرییە) بیریان کردۆتەوە و کاریان کردووە لەڕێگەی پەلاماری پێشمەرگانە و چەککردنی ئەوانی دیکەی ناڕازیی و ئیعدامکردنی شۆڕشگێڕانەوە هێزی چەکدار خستنە پلەی یەک لەنێو سیاسەتدا، وەلامی ئەو گروپە چاکسازیخواز و ناڕازیی و جیاوازانەی خۆیان بدەنەوە، کە ببە نەگونجاو لەگەڵ خۆیان داناون.




بۆیە هەر کاتێک دەقێکی ئەدەبی ڕەخنەگرانە بێت و گوتارەکەی شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان تاک و شۆڕش و پەیوەندیی نێوان بێ ئومێدبوون و ڕەشبینی و نامۆبوون وەکو فەلسەفەیەکی چەپخوازیی شۆڕشگێڕانە بێت لەنێو خودی شۆڕشدا بێگومان لەسایەی گوتاری هێزی چەکداری پێشەنگدا بێ سزا نابێت. بیر بکەوە (سزای دەق وەکو سزای جەستە) دەدرێت و دەسووتێنرێت، سزای دەق وەکو ڕۆح و گیان و فکر دەدرێت و قەدەغە دەکرێت و خەڵکی لەدژ هان دەدرێت و لە سەگوەڕدا

(مام جەلال) لە پێشەکییەکدا پاساوێکی سیاسی لەپێناو دەربازکردنی دەقەکە و نووسەرەکی لەسزا و سڕینەوە دەهێنێتەوە. (مام جەلال) دوای شەش ساڵ لەنووسینی ئەم ڕۆمانە لەنێو شاخدا بۆ داکۆکیکردن لە دەقەکە و خودی (نووسەر) دەڵێت: (زۆری نەخایانە دەنگی تووڕەیی و ناڕەزایی لەنێو هەندێ کادیر و پێشمەرگەی "ی.ن.ک"دا دژی سەگوەڕ بەرز بووەوە و پرتە و بۆڵە لەملا و ئەولا پەیدا بوو... ئەو ڕاستیەم بۆ هەمووان دووپات کردەوە کە دەبێت "ی.ن.ک" هەڵگر و بەدیهێنەری دروشمی دابینکردنی ژیان بێت بۆ نووسەران و ئەدیبان، کەڵکە زۆر و زەوەندەکانی ئەو دروشمەم نیشان دان، لەوەڵامی هەندەک پێشمەرگەدا پرسیم کە مامۆستا موکری چی تێگرتوون؟ گولله؟ یان گوتە.... (محەمەد موکری، ٢٠٠٨، ٥- ٨ ). ئەو بەدرێژیی باسی ئەرکی نووسینی ڕەخنەگرانە و نووسین لەسەردەمی دیکتاتۆری و پیاو خراپەکان و لەسەردەمی شۆڕشی نوێی یەکێتی و ئەرکەکانی ئەو هێزە لەدابینکردنی ئازادی و ژیان بۆ نووسەران دەکات. لەکردەودا ئەم قسانەی (جەلال تالەبانی) بۆ ئەوەیە دەق و نووسەرەکەی لە مردن ڕزگار بکات و دووریان بخاتەوە لەکاردانەوەی توندوتیژانەی کادیر و پێشمەرگەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان.

بەواتایەکی دیکە گوتاری چاوترساندنی ڕکابەرەکان و لایەنە جیاواز و ئەوانەی بەلادەر و تێکدەر و ناحەزی فکریی و ڕکابەریی ڕقلێهەڵگرتوو دادەنرێن، بەباشترین شێوازی چارەسەری ئەو کێشانە دەزانن، کە پێیان وایە دەبنە کۆسپ لەبەردەم سەرکەوتنەکانی ئەوان. واتە بەرهەمهێنانی گوتاری توندوتیژی لەچوارچێوەی (چاوسووررکردنەوە و تۆقاندن و ئیعدام و پاکتاوی کەسی و فکرەکان و خۆسەپاندن و تاکڕەویی و حاکمڕانی چەکداریی شۆڕشگێڕانەی پارتیزانە و دانانی بەناو دادگا بۆ سزادانی خەڵک و ڕکابەرەکانیان و جووتیار و ئەو گروپانەی دژ بەخۆیان حیساب دەکرێن.. تاد).

لەبیر نەکەین شۆڕشی کوردستان لەسەر بنەمای ڕزگاریی و ئازادیی نەتەوەیی دروستبووە، ئەمەش دەمانبەستێتەوە بەهەندێک چەمکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و هوشیارییەوە، کە ئەدەبی کوردی لەسەردەمە جیاوازەکاندا گوزارشتی لێکردووە. "دەوڵەتی نەتەوەیی ئابووری نەتەوەیی فەراهەم دەکات و ئەوەش دەوری دەبێت لەپتەوکردنی یەکێتیی نەتەوەیی و لەهەڵومەرجی خەبات بۆ ئازادیی نەتەوەییدا دروست دەبێت". (د.رەشاد میران، ٢٠٠٩، ١٠٠).

لەنێو دەقە ئەدەبییەکانی سەردەمی شۆڕشی چەکداریدا گوتاری نەتەوە و ڕزگاری نیشتمانی و ئازادی نەتەوە لەئارادبووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ستراتیژی گوتاری دەوڵەتی نەتەوەیی لەئارادا نەبووە. ئەمەش ڕەنگە ئەم چەمکەمان لا خاو بکاتەوە، کە نووسەران پتر لەژێر کاریگەریی فکری مارکسی و چەپخوازیی خۆیان بەفکری کۆمەڵایەتی بەستبێتەوە، خۆ بەستنەوەکەشیان لەچوارچێوەی (تێڕوانینی وردە بۆرژوازی ڕاڕا و خاوەنی نەبوونی گوتارێکی ستراتیژی جیاواز بووە).

بەپێی بۆچوونەکانی (سارتەر) "مەبەستی ئەدەب هەوڵ و تێکۆشانە بۆ بەدەستهێنانی ئاگایی، دۆزینەوەی ڕاستی و ئازادی مرۆڤ لەم ڕووەوە نووسەر لەبەرانبەر ئەوەی دەینووسێت بەرپرسە. بۆ دەنووسێت؟ چیکردووە، ئەو کارە بۆ هانی داوە پەنا بەرێتە بەر نووسین؟ چونکە واتا لەحووکمی ئەنجامدانی کار دایە". (جان پۆل سارتەر، ٢٠٠٩، ٣٦).

یەکێک لەکێشەکانی ڕۆشنبیرانی ئەمەریکا ئەوەبووە، کە هیچ نیشانەیەکی ئەنجامدانی شۆڕشیان تێدا دەرنەکەوتووە. ڕۆشنبیرانی ئەمەریکا هەمان هەستی مارکسییەکانیان نییە، ئەمەش خەونێکی کۆنە و دوورە لەوەی ببنە شۆڕشگێڕی هەقیقی. (کرین برینتن، ٢٠٠٩، ٧٩). لە کوردستاندا قسەی سەر زار و بن زاری شۆڕشگێڕەکان لەو پانتاییەی ڕۆمانی (کۆچی سوور)ی تێدا نووسراوە، چەپخوازیی بووە، لەهەندێک

کاتدا بە توونڕەویی و شیکردنەوەی هێندە دوور لە واقیع ڕەفتاریان کردووە، کە سنوور و ناسنامەی تایبەتی خۆشیان ون بکەن.

ڕۆشنبیرانی نێو شۆڕش لە کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتی لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی شۆڕش و کەشوهەوای چەپخوازیی مارکسیستی بوون.

بەشداری لەگەڵ گەل لە جەنگە گەورەکەیاندا دژی گەندەڵی و دیکتاتۆریەت و توندوتیژی و سەرکوت و جیاوازیی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و خۆسەپاندنی ئیستعمار و ئەو دابەشکردنەوەی بەسەر نیشتمانی عەرەبدا سەپێنراوە. هەندێک لە ئەدیبەکان کە پەیوەندیان بە ڕووداوە گەورەکانەوە هەبووە لەنێو کۆنەپەرستی نقووم بوون، لەکەشوهەوای تەمومژاوی نقووم بوون، ئەو کەشەی لەنێو ناخی خۆیاندا بۆخۆیان و ڕەشبینییەکەیان دروستیان کردووە. (عبدالله نیازی، ١٩٦٩، ٢٤).

(ئەلبێر کامو) دەڵێت: :ناتوانین کارێک ئەنجام بدەین تەنیا لەچوارچێوەی سەردەمی خۆماندا نەبێت، لەنێو ئەو خەڵکانەی دەوروبەری خۆماندا نەبێت، هیچ شتێک نازانین، لەبەر ئەوەیە هێشتا نازانین ئایا مافی ئەوەمان هەیە ئەو کەسەی لەپێشمانە بیکوژین، یاخود ڕازیی بین بە کوشتنی". (البیر کامو، ١٩٨٣، ٨).

وەکو (سارتەر) ئاماژەی پێکردووە "سەدەی ئێمە سەدەی پرسین و گومان و خۆ بەئاگا کردنە، ئەدەبیش لەم حووکمەی سەردەم بێبەش نەبووە". (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ٣٦).

ئەمە بنەمای ئەو پرسیار و گریمانەیە لە دەقی ئەدەبی لەناکۆکی لەگەڵ خودی شۆڕش، یان خزمەت بە شۆڕش دروستی دەکات و گوتاری ئەدەبی بێ سنوورە و کاریگەرییەکانی زەمەنە جیاوازەکان دەبڕن و لە کات و شوێنی جیاوازدا کاریگەریان دەبێت.

## کوشتن

(ئەلبێر کامۆ) لەبارەی کوشتن و تاوان دەڵێت: "هەموو کارێک لەم ڕۆژانەدا بەرەو کوشتنمان دەبەن، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بۆیە ناتوانین هیچ کارێک بکەین پێش ئەوەی بزانین ئایا پێویستمانە، لەبەرچی پێویستیمانە کردەی کوشتن ئەنجام بدەین". (البیر کامو، ١٩٨٣، ٩). لەباسی (سەگوەڕ)دا و شیکردنەوەی پێکهاتەی دەقەکەدا هاتووە "بەدحالی بوون دەلالەت لەترۆپکی ڕەشبینی دەکات، چونکە هەرگیز دەریچەیەک بۆ خۆشی لەژیاندا نامێنێت، مردن لەهەموو لایەک ئابلوقەمان دەدات، بۆ هەر کوێ ڕابکەین مردن لەپێشمانەوەیە، هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئاشتی خستۆتە نێو خراپترین تاوان". (عەبدلموتەلیب عەبوڵلا، ٢٠١٠، ١٤). (موکریش) دەڵێت: "هەموو شەوێ بۆنی مەرگ دەکەی! بەپەلەیت و حەز دەکەی تا زووە نۆبەش بگاتە سەر تۆ، تا بۆ دواجار زڕەی زنجیرەکانی دەست و پێی خۆت ئاوازی ماڵئاواییت بۆ ساز دات... ڕۆحت بەرەو دونیای یەکسان هەڵدەفڕی... ڕاستە ئێستا حەزت لەمەرگە و مەرگ بووەتە ئاواتت و ناتەوێ خۆشت بکوژی...". (موحەمەد موکری، ٢٠١٨، ٣٨). ئینجا موکری دەڵێت: "لەسەدەی بیستەمدا، هەر کەسێ ئاسوودەیی بوویێت، ئەوا بەهەڵە لەو سەردەمەدا لەدایک بووە!.... تا لەشوێنێکی دیکەی ڕۆمانەکەیدا دەبێژێت: چێژی ژیان ئەوەندە بەتەمەن نییە چێژی ڕاستەقینە و تێربوون لە مردندایە! جۆری ژیان و هەوڵدان بۆ چاکتر تەنیا مەبەست هەڵبژاردنی جۆری مردنە واتە ژیان مەشقە بۆ فێربوون و ڕێز لە مەرگ گرتن... جۆری مەرگ کەسایەتی کەسەکە دەردەخات!". (موحەمەد موکری، ٢٠١٨، ٤٦– ٦٩). (حەمە کەریم عارف)یش لە کۆچی سووردا ڕاشکاوانە "مەرگ بە مەحەکی ژیان" دەزانێت.

چۆن نووسەر لەدۆخی شۆڕشگێڕییەوە دەبێتە یاخیبووێکی بێ ئاکام، یان لە یاخیوونێکی سەرکێشانە دەبێتە شۆڕشگێڕێک و داوای گۆڕانکاری

دەکات لە (فکر و شێواز و هونەری نووسین و ئەرکی ئەدەبدا). "بۆروژوا بەباشی دەزانێت نووسەر بەدزییەوە لایەنی حزبی بۆرژوا دەگرێت، چونکە بۆ پاساودانی هونەرەکەی لەهەمبەر دوژمنایەتی و بەرهەڵستکردن پێویستی پێیەتی، هەر لەوێش ئەو پارەیە وەردەگرێت، کە خەرجی دەکات و خوازیاری پاراستنی ڕژێمی کۆمەڵایەتییە تاکو هەست بکات لەو نێوەندەدا بێگانەیەکی نەمرە بەکورتی ئەو یاخییە نەک شۆڕشگێڕ". (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ٢٠٤).

لەنێوان یاخیبوون و شۆڕشگێڕیدا جیاوازییەکی دیار هەیە، وەکو چۆن (موکری) لەیاخیبووندا دەگاتە ئەوەی (یەکسانی) تەنیا لەنێو مەرگدا هەیە، ژیان پووچە و مرۆڤەکان تەواو و ئازاد و یەکسان نین. نووسەری بۆرژواش لەپێناو جوانکردنی ژیانێک کە هیچ بەهایەکی نییە، چونکە هەموو شتێک تێیدا نامۆیە، ناتوانێت شۆڕشگێڕ بێت، داوای گۆڕانکاریی بکات.

لەسەردەمی شۆڕشدا ئەگەر بەبیرەوەرییەکانی نووسەراندا بچینەوە بەنموونە ئەگەر دوو یادەوەریی (هەڤال کوێستانی) و(پشکۆ نەجمەدین) کە بەشێواز و زمانێکی ئەدەبی و گوزارشتێکی چڕ و پڕ لەواتا نووسراون، سەرباری زانیارییە ورد و درووستەکانیان وەربگرین ئەم پەیوەندییە لەنێوان یاخیبوون لەدژی بەرهەڵستکارە ناڕەزاییەکان و بەدەستهێنانی نەمریی لەپەنای گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵاتدارانی شۆڕش لەدژی ناڕازییەکان "دۆخی شۆڕشگێڕی" دەسەلمێنرێت لەچ بوارێک و پێوانەیەکدا بووە. بۆیە ئەم دوو بیرەوەرییەم هەڵبژارد، چونکە هەردووکیان ئاگاداری ناکۆکیی و ململانێی نێوان نووسەران و دەسەڵاتدارە یاخیبووەکانی نێو شۆڕش بوون، هەروەها هەردوو بیرەوەرییەکە لەدوو دۆخ و لێکدانەوە و فکری هاوبەش و لەهەمان گاڤیشدا جیاوازدا نووسراون، لەهەمان کاتیشدا لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)دا ژیاون و ئەندامی ئەم بزاڤە بوون،

که (سەگوەڕ) و (کۆچی سوور) و (کێوی مەزن) و (بەرهەمەکانی حەمە سەعید حەسەن)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

ئەم یاخیبوونە هەندێک لەنووسەرانی شۆڕش پەیڕەوی دەکەن، یاخیبوونە لەدۆخێک و خۆبەستنەوەیە بە خۆبەستنەوەیەکی نادیار بەئایدۆلۆژیای شۆڕش و پێناسەکردنەوەی گوتاری شۆڕش لەپێناو پاراستنی نێوبانگی خۆیان. بۆیە گوتاری ئەدەبی پەیوەندیی بە جۆری دەقەکە و ئەو مەبەست و شێوازنەوە هەیە، کە نووسەر بەرهەمیان دەهێنێت، گوتاری یاخیبوون، بەواتای خۆدابڕین لەواقیع نایەت، یان پازدان بەسەر بیروەریی و هەقیقەتی شەتەکان نایەت، بەڵکو هەڵگێڕانەوەی واقیعە بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی بەرانبەر بەهەقیقەتی شتەکان، کە دەبنە جێگەی گومان و گریمانە و ئازاردانی بەکارهێنەرەکانیان.

"کوشتارگە ڕێکخراوەکانی ڕوسیا و کردەی ئیعدامی بێ دادگا لە ئەمەریکا و شۆڕش و ئاژاوەکان دوو زاراوەی وەکو یەکن بێ یەکتر نابن. کاری وەحشیگەرانەی نێو شۆڕشەکان بریتییە لەوەحشیەتی غافلکوژی بەخوێنێکی ساردەوە، هەندێک ئەمە بەڕیسواییەکی گەورەتر لەوەحشیەت دەبینن". (کرین برینتن، ٢٠٠٩، ١٥٥). لەبیری نەکەی (چەک تەنیا لەگەڵ چەک قسە دەکات). (مجموعة، ١٩٧٠، ٢٣). بەواتایەکی دیکە گوتاری چەک، تەنیا پەیوەندیی و وەڵامێک بۆ گوتاری چەک دروست دەکات. کاتێک گوتاری (چەک) باڵادەست دەبێت و گوتاری (گفتوگۆ و دانوستان و چاکسازیی و لێبوردەیی و لێک تێگەیشتن) پێگەیەکی کارای نابێت، ئەوەی باڵادەست و بەهێز دەبێت (خودی گوتاری چەکە بەرانبەر چەک).

(کامۆ) لەبارەی خۆکوشتن و گزی کردن لای مرۆڤ و دیاردەی کوشتن دەڵێت: کوشتن هۆکاری خۆی هەیە ڕەتمانکردە و زۆرمان ڕەتکردەوە تەنیا خودی خۆمان وەکو خۆکوشتن ڕەتکردەوە، خوا گزی دەکات و هەموو

خەڵک گزی دەکەن، تەنیا من خودی خۆشم گزی دەکەم، لەسەر ئەو بنەمایە من دەمرم. بۆیە خۆکوشتن تەوەرەی باباتەکەیە". (البیر کامو، ١٩٨٣، ٩).

جیاوازییەکی تر پێویستە. شۆڕشەکان ڕەنگە توندوتیژی، یان ناتوندوتیژی بن و ڕەنگە بەشێوەیەکی ناتوندوتیژ دەست پێبکەن و توندوتیژ بن. ئەم جیاکارییە، هەرچەندە دیارە گرنگە، بەڵام ئەوەندە ورد نییە، کە مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە، چونکە ئەوەی وەک توندوتیژی ئەژمار دەکرێت، ڕەنگە جێی مشتومڕ بێت. بۆ نموونە، هەوڵەکان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتێک بەتەکنیکە تێکدەرەکان (بۆ نموونە ئەنجامدانی لێدانی گشتی، لەکارخستنی تۆڕەکانی کارەبا، یان داخستنی ڕێگا سەرەکییەکانی گواستنەوە) توندوتیژ نین بەو شێوەیەی کە تەقاندنەوەی چەکی ئاگرین یان تەقاندنەوەی تەقەمەنی هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕەنگە زیانێکی کوشندەیان لێبکەوێتەوە . تەوەری سەرەکی ئەم هاتنە ژوورەوە شۆڕشی توندوتیژییە، کە "توندوتیژی" بە بەهێزترین شێوە و وەک ئەوەی لەسەر ئاستێکی بەرفراوان ڕوودەدات تێدەگات؛ بەواتایەکی تر، بابەتەکە شەڕی شۆڕشگێڕانەیە وەک چۆن لە چەمکی "جەنگ" تێ دەگەین. ( **Singer, J.David and Melvin Small, , 1994: 5**)

(سارتەر) لەبوارێکی دیکەدا ئاماژەی پێکردووە "نووسەر دەتوانێت بەرەو ئەو شوێنە بتبات، کە مەبەستیەتی، باسی خانووچکەیەکت بۆ بکات، دەتوانێت لەوێوە لەستەمی کۆمەڵایەتی ئاگادارت بکات و هەستی هاودەردیت بجووڵێنێت، وەلێ وێنەکێش خامۆشە، ئەو تەنیا خانووچکەیەکت دەخاتە بەردەم بەڵکو ئازادی لەوەی چۆنی هەڵدەدیتەوە". (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ٥٢).

لەهەمان کاتدا دەتوانرێت بڵێین ئەوەی لەبارەی ئەدەبی بەرەنگارییەوە ئاماژەی پێ دەکرێت "ئەو ئەدەبەیە لەناو جەرگەی جەنگ و شەڕدا سەریهەڵداوە و پێشکەتووە شەڕی ناوەخۆیی و جەنگی دەرەکی، لەهەر

کوێی دونیادا ڕوودبات، بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە مایەی دروستبوونی وەرچەرخان، یەکێک لەم وەرچەرخانانە بریتییە لەگۆڕانی هزر و بیر. گرنگترین زەمینەی ئەم وەرچەرخانەش گۆڕانکارییە لەهونەر و شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەهۆی جەنگەوە. ئەدەبیات و ئەدەبیاتی چیرۆک، وەکو لقێکی هونەر، لەم مەسەلەیە بەدەر نییە و بەهۆی زەمینەی کۆمەڵایەتی و مرۆییەوە، بەقورسی دەکەوێتە ژێر کاریگەری مەسەلەی جەنگەوە. لەهەندێک لەقۆناغەکانی زمان و هەندێک زماندا، ئەدەبیاتی جەنگ لەدایک دەبێت. بەشێکیش لەم ئەدەبیاتی جەنگە، ئەدەبیاتی بەرەنگارییە". (نەوزاد عەلی ئەحمەد، ٢٠٢٢ ، ٢٤).

کوشتنی (سیابەند) لە ڕۆمانی (کۆچی سوور) یەکێکە لەو وێنا و بیرکردنەوانەی نووسەر بەستاویەتییەوە بە کارەکتەر و کردەی گزیی کەرە ساختەکارە درۆزنە ڕاپۆرتنووسە فیتنە چییەکانی نێو شۆڕش، ئەوانەی هەمیشە لەپێناو خزمەتکردنی خودی (بەرپرسی یەکەمی نێو شۆڕش) ئامادەن گزی و ساختەکاری لەهەموو شتێک بکەن. ئەمە یەکێکە لەو وێنا کردنە فیکریانەی لەنێو دەقەکەدا بەڕوونی و قووڵی بەرجەستەکراوە و نیشانی دەدات چۆن مرۆڤ لەم سەردەمەدا لەپێناو خودی ساختەکارانەی خۆی گزی لەهەموو شتێک لەئەخلاق و ئایدیۆلۆژیا و فکر و قوربانی و شۆڕش لەپێناو ئازادی دەکات.

(موحەمەد موکریش) دەگاتە ئەوەی بڵێت (ئەوەی لەسەدەی بیستەمدا ئاسودەیی بوویێت، ئەوا بەهەڵە لەو سەدەیەدا لەدایک بووە!.. تا لە گفتوگۆ و گێڕانەوە و وێناکردنێکی دیکەدا دەڵێت: ئەم ژیانەی ئێمە موختەبەرە و ئێمەیش مشکین! مشکێ لەنێو قەفەسی زاناکان.. پێم وابوو گەر هەوڵی ئەوە بدەم بێ دیدم بۆ ژیان بگۆڕێت، هەر بۆیە چەند جارکێکیش داوام لێ کردی لەگەڵتا بم و بەشداری بکەم، کەچی دەتوت نەکەی! دوایی هەزار قسە و قسەڵۆکت بۆ هەڵدەبەستن.. نازانی ئێمە ئەوەندەی قسە کارمان تێ

دەکات، گولله ئەو کارەمان لێ ناکات! من دڵنیام لە تۆ.. بەڵام خەڵکەکە..). (موحەمەد موکری، ٢٠١٨، ٤٦- ٧٠).

کوشتنی ئەوانەی دیکە لای (ئەلبێر کامۆ) وا وەسف دەکرێت (تیۆرە ئایدیۆلۆژییەکان لەسەردەمی ئێستادا هیچ شتێک ناکەن تەنیا ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە نەبێت، گزیی کارەکان خۆیانن، لەسەر ئەو بنەمایە ئەوانی دیکە دەکوژن" (البیر کامو، ١٩٨٣، ٩). وەکو (ئەدۆنیس) ئاماژەی پێکردووە ئەدەبی بەرەنگاریی بریتییە لە "دژە هێرشی کولتووری بەرامبەر بە کولتووری داگیرکردن". (نەوزاد عەلی ئەحمەد، ٢٠٢٢، ٢٥). ئەمە لەکاتێکدا لەنێو گوتاری ئەدەبی بەرەنگارییدا، گوتارێکی ڕەخنەگرانە نەک لەکەلتووری داگیرکەران دروستبووە، بەڵکو ڕەخنەیە لەخودی ڕەخنە شۆڕشگێڕییەکانی شۆڕش دژی دەسەڵاتی داگیرکەرانی فاشیستەکان، جۆرێکە لەڕەتکردنەوە و شیکردنەوەی گوتارە باوە فەرمییەکەی نێو ئەو شۆڕشەی دژی داگیرکەر و کەلتووری داگیرکارانەی دوژمن هەیە. واتە گوتارێکە ڕەخنە لەڕەخنە دەگرێت. ئەدەبێکە بەدوای شیکردنەوەی ئەدەبێکی بەرەنگارییە.

گوتاری شۆڕش گوتارێکی ڕەوایە بەرانبەر ستەم و زۆرداری دوژمنە سەرکوتکارە فاشی و دڕندەکان. لەنێو ئەم گوتارە ڕەوایەدا گوتارێکی دیکەی بەرەنگاری و یاخبووانە لەنێو هەناوی بەرەنگاریی دروست دەبێت، یەکەمیان بەرپەرچی گوتاری هێرشبەرانەی ناڕەوای دوژمن دەداتەوە، ئەوەی دووەمیان شیکردنەوە و لێکدانەوەی خودی ئەو گوتارەیە، کە لەدژی دوژمن لەئارادایە. (موکری) لە دەقی (سەگوەڕ)دا نووسیویەتی و ڕەخنە دەگرێت، ڕەخنەکەی لای چەکدارە تووڕەکانی (ی.ن.ک) و کادیرەکانی بەیاخیبوون لە گوتاری شۆڕش دادەنرێت و لێی دەچنە سەر دارێ و دەیانەوێت سزای بدەن. ئەو گوتیەتی "هەموو ئەو جوامێر و عەگید و ڕۆستەمانەت بینی کە چۆن بەشەو و ڕۆژێ پێستێ شێریان لەبەر داماڵین و کورتانیان لێ نان...

ئای کە پێبکەنیت بەخۆت و بەقوڕبەسەریی میللەتەکەت دەهاتەوە کە دەتبینی، زۆربەی زۆری سکرابە سیاسییەکان هەریەکە و حیزبێکی دامەزراند.. هەموویش هەر دەیووت حوکمی زاتی حەقیقی! و لەسەر ڕێبازی مارکسی". (موحەمەد موکری، ٢٠١٨، ٦٣).

(کۆچی سوور) نۆڤلێتکە ساڵی ١٩٨٨ لەشاخ چاپ و بڵاوبۆتەوە، ئەدەبێکی شیکاری ڕەخنەگرانەیە، کە خاوەنی گوتارێکی یاخیبووانەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەی واقیعییە و لەشێوەی بەرەنگاریدا لەنێو ئەدەبی بەرەنگاریی سیاسی شۆڕشگێڕانەی شاخدا نووسراوە. (کۆچی سوور) دژی ڕەوایەتی و دادپەروەریی و مێژووییەتی شۆڕشی چەکداری لە کوردستانی باشوور نییە، بەڵکو ڕەخنەگرە و شیکاری ڕووداو و فکر و ئاراستە ناکۆک و ڕووداوە مەترسیدارەکان دەکات. ئەو هیچ ڕەواییەک بەدوژمن نادات، هیچ هەستێک دژی شۆڕش دروست ناکات، بەڵکو شیکاری ڕەفتار و ئەخلاق و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی توندوتیژی و جۆری بیکردنەوە و کەسایەتی ئەو کارەکتەرە فەرمیانە دەکات، کە خاوەنی گوتاری فەرمی شۆڕشن و هیچ کاتێکیش لایەنگریی پاکتاوکردن و سڕینەوەی ئەوانی دیکە لەڕێگەی شەرعیەتی شۆڕشگێڕانەی چەکداریی ناکات.

(حەمەکەریم عارف) دژی شۆڕش نییە و ئەو خۆی وەکو پێشمەرگەیەکی نووسەر، نەک پێشمەرگەیەکی خاوەن چەک و جەنگاوەرێکی خاوەن زەبروزەنگ، بەڵام ناتوانێت پێشوازیش لەفکرەی توندوتیژی و سڕینەوەی کەسەکان و لایەنە ناکۆکەکان و کوشتن و فشار و زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە بکات، کە بەشێکی ئەندامەکانی خۆی دەخوات و دەسڕێتەوە و لەناویان دەبات.

(سەگوەڕ)یش نۆڤلێتێکی (محمد موکرییە) و لەساڵی ١٩٨٢ لەشاخ چاپکراوە و باس لە جەستەیەکی یاخی دەکات، جەستەیەکی بێ ناوونیشان، کە لەدژی دەسەڵات و ملکەچی ڕادەبێتەوە و خۆی دەخاتە

باوەش گروپێکی شۆڕشگێڕ، لەوێدا بۆ فەراهەمکردنی ئازادی درێژە بەیاخی بوونی خۆی دەدات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەنجامی شۆڕشەکە (درۆزنە دەرەنجام) بەرهەم دێنێت، یان لەبەر ئەوەی نابێتە بەدیلێک بۆ ئازادی، بۆیە دووچاری (کاردانەوە) و(بێهودەیی) دەبێتەوە دوور لەجەستە بەرەو ڕۆح هەنگاو دەنێت". (عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ١٤).

دەتوانم بڵێم هەردوو دەق پەیوەندیی فکرییان بە (نامۆ)ی (کامۆ)وە هەیە، یان سوودیان لە پێکهاتە فکریی و یاخبوون بەواتا شۆڕشگێڕییە چەپخوازییەکە وەرگرتووە، بەتایبەتی لای (حەمە کەریم عارف) ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی هێمن و قووڵ و شاراوەتر لەوەی (موحەمەد موکری) ڕەنگی داوەتەوە.

هەردوو نووسەر کەرکووکین و کەشوهەوای (کەرکووک) بەئاشکرا، یان ئاشکرایەکی شاراوە لەنێو دەقەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر نووسەرانی دیکەی نێو شۆڕش لێم نەچنە سەر داری ڕقەوە، دەتوانم بڵێم نووسەرانی کەرکووک بەهۆی ئەو زەمینە هەمەلایەنەی لەنێو کەرکووک وەکو زولم و چەوسانەوە بەدرێژایی مێژوو دژیان پیادە دەکرێت، جۆرێک لەپێشەنگایەتیان لە یاخیبوون تێدایە، یاخیبوونێکی فکری و بەشێکی دیاری کارەکانی نووسەرانی شاخیش لەلایەن خودی نووسەرانی کەرکووکەوە، یان کەرکووکییەکانەوە ڕاپەڕێنراوە. بێگومان ئەمە بەواتای کەمکردنەوەی ڕۆڵ و ئەرک و پایە و کەسایەتی نووسەران و کاریگەریی و بەشداری هیچ ناوچەیەک لەنێو شۆڕش نایەت، کە هەریەکەیان بەپێی قەناعەت و کەسایەتی و ئیلتزامیان بەڕێکخستن و ئایدیۆلۆژیا و حزبێک و خەتێک و هێزێکی چەکداریی شۆڕشگێڕەوە، هێلی کار و بیرکردنەوە و تێکۆشانی سیاسی شۆڕشگێڕی خۆیان نەخشکردووە.

زمان بەکارهێنانی مەبەستە، مرۆڤ دەتوانێت ئەوەی لەمێشکیەتی بیشارێتەوە و بیگۆڕێت و وێناکردنی خەیاڵ، یان واقیعی بۆ بکات، بەڵام

کاتێک قسە لەزار دەرچوو ناتوانرێت بگۆڕێدرێت، مەگەر واتاکەی شرۆڤە بکرێت و بخرێتە نێو ڕەهەندی جیاواز. بۆ نموونە لەکاتی ئاخاوتن بەکەسێک دەڵێین: "تەواو" بەپێی مەبەستی بەکارهێنانەکەی واتا و ئەرکی وشەکەش دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانە ناتوانین بگۆڕین، چونکە لەکاتی گفتوگۆکە شتەکان، کە بەوشە وێناکراون لەزار دەرچوون ناگەڕێنەوە، بەڵام دەکرێت شرۆڤەی جیاوازیان بۆ بدۆزینەوە. "تەواو" دەکرێت هەواڵی گەیاندنی زانیاری بێت دەربارەی تەواوبوونی شتێک، یان هەواڵی کۆتایی هاتنی شتێک بێت. لەهەمان کاتدا لەشێوەی گوتنەکەیدا دەکرێت ئاگاداری بێت و بەشێوەی "تەواو" دەری ببڕین. یان هوشدارییە "تەواو.. تەواو!!". واتە جۆر و شێوازی بەکارهێنانی وشەکە، واتا و مەبەستەکە دەگەیەنێت، لەبەر ئەوە زمانی دەق، لەکردەوەدا بەکارهێنانی زمانە لەپێناو گەیاندنی پەیامێک و ڕاپەڕاندنی گوتارێک.

ئارگومێنتی ئەرکی سروشتی بەرەوڕووی نارەزایەتییەکی ئاشکرا دەبێت: ئەگەر حکوومەتی ئێستا ئەوەندە ترسناک بێت، کە تەنانەت نزیکبوونەوەیەکی شایستەی بەدیهێنانی مافی گشتگیریش پووچەڵ بکاتەوە و ئەگەر شۆڕش ئاسۆیەکی باشتر بۆ ئەو کارە بخاتەڕوو، ئەوا پابەندبوونی ئەخلاقی بۆ دروستکردنێ مەرجەکانی بەدیهێنانی مافی گشتگیر لەبەرژەوەندی شۆڕش قسە دەکات، نەک دژی شۆڕش. (**Finlay,Christopher J., 2006, 19-52**).

(سارتەر) دەڵێت: "لای شاعیر وشەکان مەبەستن، وشە بۆ ئاخێوەر نۆکەرێکی ملکەچە وەلێ بۆ شاعیر یاخییەکی سەرکێشە، کە هێشتا ڕام نەبووە". (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ٥٦). "ئەدەبی بەرەنگاریی ئەدەبی هوشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانی و سەنگەر پتەوکردن بووە بەرانبەر بەسیاسەتی داگیرکاری و چەوساندنەوە و جینۆسایدکردنی نەتەوە. ئەدەبی شەڕ و جەنگێکی ڕەوایە، ئەگەر ژینگەی خەبات و تێکۆشانی ئەو

ئەدەبە جیاوازیش بێت، بەڵام لەچەندان خاسیەت و تایبەتمەندیدا لەیەک نزیکن، لەکاتی دەقە پراکتیزەکراوەکاندا دەرک بەو خەباتی هاوبەشە دەکرێت". (نەوزاد عەلی ئەحمەد، ٢٠٢٢، ٢٦).

دەق لەکردەوەدا تۆمارێکی مێژووی ڕووداوەکانی سەردەمی نووسینەوەی دەقەکەیە، یان بریتییە لەگێڕانەوەی ڕووداوەکانی پێشتر، یان لەشێوەیەکی هونەریدا پێشهاتی هەندێک شت لەئایندەدا دەکات، ئەمانەش هەموویان پەیوەندییان بە گوتاری چۆنیەتی پەوەندیکردنی دەقەکە بە خوێنەرەکانییەوە هەیە. دەق جەستەیەکە لەنێو جەستەیەکی پڕ لەململانێدا دەژیت، جەستەی گوتار بریتییە لەناسنامەی دەق.

ئەرکی گوتاری دەقی بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردنە لەنێوان نێرەر و وەرگرەکانی خودی دەقەکە، دەق هەڵگری ژمارەیەک پەیامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە و ئەوانیش پەیوەندییان بەشێواز و کەناڵەکانی گوتار و جۆری ڕاگەیاندن و زانیاریی و شیکردنەوەی نێو دەقەکە و پێکهاتەکانییەوە هەیە. زمان وەکو ئامرازێکی پەیوەندیکردن لەنێوان گروپە جیاکانی مرۆڤەوە بەکاردەهێنێت.

زمانی ڕۆمان بریتییە لەزمانی کۆمەڵایەتی ئاخێوەرەکانی نێو دەقەکە، چونکە (ڕۆمان ئاوێنەی ژیانە، پەیوەندیی بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و کەسەکانەوە هەیە). واتە ڕەنگدانەوەیەکی واقیعی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی و تەنیا ئاستی ڕۆشنبیریش بەشێوازی ئاخاوتنی کارەکتەرەکانییەوە دیارە. هەندێک جار لەڕێگەی شێوەی ئاخاوتنی کارەکتەرەکان، یان ناوەکانیان، یان وەسفی شوێن و نەریتەکانیان بۆمان دەردەکەوێت ئەم کارەکتەرانە سەر بە چ گروپێک و چ ناوچەیەک و چ چینێک و چ زار و چ پلەیەکی کۆمەڵایەتی و چ ئاستێکی ڕۆشنبیریشن. لەڕێگەی زمانەکەوە نەک تەنیا شێوەی جەستە و جۆری مرۆڤەکان و ڕووداوەکان و دۆخی دەروونی کەسەکان دەناسینەوە، نەخێر هەر

لەڕێگەی زمانەکەوە ناخی ناوەوە نادیارەکانی بیرکردنەوە و تێڕوانین و بۆچوونە شاراوە و شتە نادیارەکانی دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکانیش دەناسینەوە، کە بینەر بەئاسانی ناتوانێت بیانبینێت و هەستیان پێ بکات. ئەمەش هەمووی پەیوەستە بەچۆنیەتی ڕاپەڕاندنی کردەی پەیوەندیکردن لەنێو خودی دەقەکەوە. کردەی پەیوەندیکردنیش ئەگەر ئامرازەکانیشی دیار بن، بەڵام مەبەست و خواست و واتا و لێکدانەوەکانی هەر هەموویان ئاشکراو دیار نین.

کەسایەتییەکانی نێو (سەگوەڕ) و (کۆچی سوور) ئەوەمان بۆ ساخ دەکەنەوە کارەکتەر و کەسایەتییەکان لە کەرکووکەوە دەست پێ دەکەن، کەسانێکی نامۆ و یاخین دژی دەسەڵاتی چەوسێنەری باڵای خۆسەپێنی سیاسی، کەچی لەنێو باوەشی شۆڕشی ڕزگاریشدا تووشی هەمان نامۆیی و یاخیبوون دێن، ئەمەی دوایان یاخیبوونە لەدژی لایەنە ئاشنا و پێکهاتە ئاشناکانەوە. مەرگ لەهەندێک بواردا بەدیاردەیەکی لەبارتر لەژیان دەبینن، بەڵام بەواتای هەقیقی (مردن) نا، بەڵکو بەواتای فەلسەفەیی و بێزاربوون لەدیاردە بۆگەنەکانی ژیان، یاخیبوون لەدیاردە دزێو و خراپەکانی نێو ژیان. واتە زمانەکە ئەوەمان نیشان دەدات، ناخی بیرکردنەوەی کەسەکان لەچ ئاست و بوارێک دایە. ئەو ناخەی نادیارە و ناڕاستەوخۆیە و لایەنە شاراوەکانی نێو جەستەیەکی دیار و بەرجەستەن. ئەمەش لایەنە گرنگ و وروورژێنەرەکانی خودی گوتارەکەیە.

# بەشی دووەم

## شیکردنەوەی دەق

### ڕۆمانی کوردی لەشاخ

قۆناغی سەختی سیاسی و خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانە لە ١٩٧٦-١٩٩١ دژوار و ئاڵۆزە، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆمان و بڵاوکراوەکان کارێکی ئاسان و بێ کێشەنەبوون، هەرچەندە لەم قۆناغەدا بایەخێکی زۆر بە چاپخانە و ئێزگە و بڵاوکراوەکان دراوە، بەراورد بەشۆڕشەکانی دیکە. سەرباری سنووردارییی چاپ و بڵاوکردنەوە، ئەم پرۆسیە بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجام دەدرا. سانسۆر و قەدەغەکردنی ئەم چاپکراوانە هەندێک جار پەیوەندی بە فشار و چاودێری موخابەرات و پۆلیس و حکوومەتی بەغداوە هەبوو، هەندێک جاریش پەیوەندی بەململانێ و بڤەبوونی بڵاوکردنەوەی بەئاشکرای ئەم چاپکرانە هەبووە لەناوچەیەکانی ژێر دەسەڵاتی حزبە کوردستانییە ناکۆکەکاندا. واتە دەتوانم بڵێم دوو جۆرە سانسۆری (حکوومەت و خودی حزبە کوردستانییەکان) هەبووە، سەرباری ئەوەش سانسۆرێکی دیکەی نێو خودی حزبیش دژی هەندێک لە بۆچوونە

جیاواز و گوتارە ڕەخنەگرەکان و ئەو ئاراستە یاخیبووە ئەدەبیەش هەبووە، بۆ نموونە تووڕەبوونی کادر و هەندێک لەپێشمەرگەکانی یەکێتی دژی (سەگوەڕ) و دواتریش سوتاندنی (کۆچی سوور).

ئەدەبیات و چاپی شاخ بریتییە لەو بەرهەمانەی لەشێوەی نامیلکە و کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و بەیاننامە و پۆستەر و... تاد لەشاخ چاپ و بەنهێنی بڵاوکراونەتەوە و بەردەوام و بەتوندی لەلایەن حکوومەتە دیکتاتۆر و زالمەکانەوە چاودێری کراون و سزای توندی هەتا لەسێدارەدانیشی دژی ئەو کەسانە بەدواوە بووە، کە ئەم جۆرە بەرهەم و بڵاوکراوانەیان خوێندۆتەوە، یان لا ئاشکرابووە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی شاخ بەگشتی پەیوەندییان بەهاندان و بڵاوکردنەوەی گیانی بەرەنگاریی و بایەخدان بە دۆزی سیاسی و مرۆیی کوردستان و کورد و وەڵامدانەوەی حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە هەبووە، سەرباری ئەوەش لەهەندێک قۆناغدا توانای سەرەکی ئەم چاپکراوانە بۆ شەڕی (براکوژی) تەرخانکراوە. لەشاخدا چەند کورتە ڕۆمانێک چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دەیان چیرۆک و کورتە چیرۆک و شیعر و پەخشان چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

نووسەرانی کوردستان وەکو ڕێکخراوەیەکی پیشەیی لەشاخدا لەنێو شۆڕش و لەگەرمەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکداریدا کاریان کردووە و گۆڤار و کتێبیان چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

من نامەوێت لێرەدا بەدرێژی و بەتایبەتی بەمێژووی ئەم چاپکراوانە و نووسینی چیرۆک و شیعر و ڕۆمانی کوردی لەشاخدا بچمەوە، چونکە (سابیر ڕەشید) لە گۆڤاری (نووسەری نوێ)ی زمانحاڵی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد بابەتێکی شیکاری وردی لەبارەی سەرچاوەکان و شیکردنەوەی هەڵومەرجی نووسین و بڵاوکردنەوەی لەشاخ لەبارەی

ڕۆمانی کوردی و ساخکردنەوەی لایەنە مێژووییەکەی بڵاوکردۆتەوە، کە دەکرێت وەکو پیازێکی سپیکراوی جێگەی متمانە سەیر بکرێت.

لەشاخدا ئەم ڕۆمانانە چاپ و بڵاوکرانەتەوە:

١- موحەمەد موکری. سەگوەڕ، ڕۆمان، ناوزەنگ چاپی یەکەم ١٩٨٢.

٢- موحەمەد موکری، هەرەس، بەرگی یەکەم، ڕۆمان، بەرگەلو، چاپی یەکەم ١٩٨٥.

٣- موحەمەد موکری، تۆڵە، ڕۆمان، سەرگەلو، چاپی یەکەم، ١٩٨٥.

٤- موحەمەد موکری، هەرەس ، بەرگی دووەم، ڕۆمان، یەخسەمەر، ١٩٨٧.

٥- کاروان عەبدوڵڵا، نامەیەکی بەپەلە، کورتە ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی حزبی شیوعی عێراق، ١٩٨٧.

٦- حەمەکەریم عارف، کۆچی سوور، کورتە ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید سەیدا ساڵح یوسفی، ١٩٨٨.

٧- کاروان عەبدوڵڵا، کێوی مەزن، کورتە ڕۆمان، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان، ١٩٨٩. (سابیر ڕەشید، گۆڤاری نووسەری نوێ، ٢٠٠٦، ٧٨).

بەرهەمهێنانی ڕۆمان لەشاخدا، یان دەرفەتی نووسینی ڕۆمان لەشاخدا پەیوەندیی بە ژمارەیەک هۆکاری گرنگی ئەو کاتەوە هەیە، کە ئەم ژانرە ئەدەبییە دەربکەوێت. یەکەمیان ژمارەیەک لەچیرۆکنووسی کورد بەکردەوە وەکو پێشمەرگە لەشاخ بوون و بەشداری خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکدارییان کردووە. (موحەمەد موکری) لەڕێگەی نووسین و بڵاوکردنەوەی (سەگوەڕ) دەرگا و دەرفەتێکی گرنگ لەبارەی نووسینی ڕۆمان لەشاخ دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەم ڕۆمانە دەبێتە مایەی کاردانەوەیەکی توند لەلایەن هەندێک لەکادران و پیشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و تاکو دەگاتە ئەوەی بیر لەبەکارهێنانی توندوتیژی لەپێناو سزادانی نووسەرەکەی بکەنەوە. لەکردەوەدا خاوەنی گوتارێکی یاخیبوونە لەنێو هەناوی یاخیبوونی بەکردەوەی

شۆڕشدا، گوتارێکی ڕەخنەگرانەی ڕەتکردنەوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی توند و خراپی شۆڕشی لەخۆگرتووە. بەپێی زانیارییەکانی من (موحەمەد موکری) کە دەچێتە شاخ سەرەتا دەچێتە (ڕاژان) و لەبەر چی و بۆچی لەوێ نامێنێتەوە ئەو زانیاریی و هۆکارانەم بۆ ساخ نەبۆتەوە، دواتر دەچێتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و دوای ئەوە لەساڵی ۱۹۸۲ یەکەمین ڕۆمانی کوردی لەشاخ چاپ و بڵاودەکاتەوە.

دوای ئەم ڕۆمانە بە شەش ساڵ (حەمەکەریم عارف)یش کورتە ڕۆمانی (کۆچی سوور) لە ڕاگەیاندنی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان و لەچاپخانەی شەهید ساڵح یوسفی) چاپ و بڵاودەکاتەوە. پێش ئەوەی بە کوردی چاپ بکرێت، ڕۆمانەکە دەکرێتە فارسی و لەلایەن گروپە چەپەکانی ئێران چاپ و بڵاودەبێتەوە. دواتر دەکرێتە عەرەبیش. واتە چاپە کوردییەکی دوای چاپە فارسیی و عەرەبییەکەی بڵاو دەبێتەوە. ئەم ڕۆمانەش خاوەنی گوتارێکی ڕەخنەگرانەیە، خاوەنی تەکنیکێکی هونەریی نوێیە، بریتییە لە یاخیبوون و نامۆبوونێکی نوێ لەنێو شۆڕشدا. گرنگی ئەم دەقە لەوەیە لەنێو هەناو و لەنێو جەرگەی شۆڕش لەشاخدا نووسراوە و بڵاوکراوتەوە. ئەم کورتە ڕۆمانە هەر لەشاخ کۆکراوەتەوە و لە قاسمە ڕەش لەلایەن پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەسووتێنرێت.

ئەو کات دوای ۱۹۸۸ و پاش نسکۆی خەباتی چەکداری شۆڕش لە کوردستانی عێراقدا، ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی) پەنجەرەیەکی ڕەخنەگرانەی لەخودی شۆڕش دەست پێکردبوو، لەکردەوەدا پەنجەرەکە بۆ شیکار و لێکدانەوەی هۆکارەکانی نسکۆی ئەمجارەی شۆڕشی چەکداریی فرە دەنگ و فرە هێز و فرە حزب بوو. ڕەخنەکان هێندە ڕاشکاوانە بوون لەئاکامدا بڕیاری لەسێدارەدان لەلایەن بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بۆ (عەلی بچکۆل)ی بەرپرسی دیاری ئەو کاتی (یەکێتی) لەئێران

دەردەچێت و هەر بەهۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانە (ئەرسەلان بایز)یش لە بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەکە دوور دەخرێتەوە.

(کاروان عەبدوڵڵا)ش دوو کورتە ڕۆمان لە شاخ چاپ و بڵاودەکاتەوە، مشتومڕ و نووسینیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام ئەو نابێتە هۆکار بۆ بەکارهێنانی (سانسۆر دژیی و سزادان و قەدەغەکردنی ڕۆمانەکە). لەبارەی ئەو وتار و نامیلکانەی لەبارەی ڕۆمانەکان نووسراون بگەڕێنەوە سەر بابەتە شیکارییەکەی (سابیر ڕەشید لە گۆڤاری نووسەری نوێ).

هۆکارێکی دیکەی نووسینی ڕۆمان لەشاخدا گرنگیدان بوو بەوەرگێڕانی ژمارەیەک ڕۆمانی بێگانە. لەتەک ئەوەشدا نووسەری کورد لەنێو شۆڕشدا بەدوای شێوازێکی نوێ بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی خودی شۆڕشی چەکداری گەڕاوە، ئەمەش وایکردووە بیر لە زەرورەتی نووسینی ڕۆمان بکەنەوە، کە لەم ڕێگەیەوە توانیویانە بەشێوەیەکی فراوانتر لە چیرۆک بەسەرهات و ڕووداو و فکر و پێکهاتە و کەرەستەکانی نێو خودی شۆڕش لەنێو دەقەکانیاندا بەرجەستە بکەن.

ڕۆماننووسەکانی کورد لەشاخ وزەی گوتار بەرهەمهێنیان لە گوتار کورت کورت و کورتە چیرۆک پتر و بەهێزتر بووە، بۆیە بیریان لە نووسینی ڕۆمان کردۆتەوە. هۆکارێکی دیکەش ئەوە بووە لە(شۆڕشی درێژخایەن)دا نووسەرەکانیش کاتێکی زۆریان بۆ خوێندنەوە و ئینجا نووسینی درێژ و بابەتی وەکو ڕۆمان لەبەردەستدا بووە. بەلای منەوە بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی پەیوەندیی و خودی گروپە چەپەکان لەو کاتدا زەمینەیەکی فکری و ڕۆشنبیریی دیکەیە بۆ ئەوەی هەندێک لەم نووسەرانە بەدوای کەرەستە و ژانر و بەرهەمی دیکەی نووسین و بیرکردنەوە لەنووسینی (ڕۆمان) بگەڕێن. هۆکارێکی دیکە ئەگەر زۆر کاریگەریش نەبێت بەڵام جۆرێک لە زەمینە خۆشکردنی بۆ بیرکردنەوە لەنووسینی ڕۆمانی بەرهەمهێناوە، ئەویش (فرەلایەنیی و دابەشبوونی ناوچەکان بەپێی هێز و باڵادەستی و

فەرمانڕەوایی لایەنە چەکدارە کوردییەکان) بووە. ناتوانم بڵێم ئازادی سیاسی هەبووە، بەڵام ئازادی لەدروستکردنی ناوچەی ڕزگارکراوی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە هەبووە. بەم جۆرە دەبینین لەنێو هەموو ئاستەنگ و دژواریی و سەختییەکانی قۆناغی خەباتی چەکداری، کە هەڵگری سیفەت و شێواز و ئاکار و ڕەوشتی تایبەتمەندە، لەشاخدا ڕۆمانی شاخ لەدایک دەبێت.

ئەم پێشەکییە کورتەم بۆ ئەوەبووە تاکو بزانین نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕۆمان لەشاخ کارێکی قورس و ئاڵۆز بووە، هەروەها دەرکەوتنی ڕۆمانی ڕەخنەگرانە لەنێو هەناوی شۆڕشی چەکداریدا خۆی لەخۆیدا کارێکی قورس و ئاڵۆزە و پرۆسەیەکی مەعریفی ئاوس بەپرسیار و گریمانە و لێکدانەوەی نا باوی دروستکردووە.

**ناوونیشانی ڕۆمانەکە**

ناوونیشان لەلێکۆڵینەوەی کوردیدا زۆر گرنگی پێ نەدراوە، ئەوەی هەشە پتر لەڕوانگەی پێناسە ڕووکەشەکەی نووسەرانی کوردستانە، کە پێیان وایە ئەمە بەشێکە لەدەق و دەرگامان بەڕووی دەقدا بۆ دەکاتەوە. لەکاتێکدا لای ڕۆژئاواییەکان و بەتایبەتیش لای (گیرار گنیت و هێنری مەتراند و لۆسیان گۆڵدمان و چارل گریڤل و ڕۆگەر ڕۆفەر و لیۆ هۆیک) ڕەهەندی دیکەی هەیە، کە کاریان لەبارەی ئەم بابەتە کردووە و پێیان وایە "ناوونیشان بریتییە لەکۆمەڵێک دەلالەتی زمانەوانی، دەتوانرێت لەسەرەتای دەقدا جێگیر بکرێت". (د. جمیل حمداوی، **https://www.arabicnadwah.com/article**). واتە ئەگەر بمانەوێت لەناوونیشان بدوێین دەبێت لەڕوانگەی زمانەوانیی لەم دەقە بنۆڕێن و پێکهاتە و نیشانە و هێماکانی شی بکەینەوە، کە بەلای منەوە ناوونیشان خۆی لەخۆیدا و بەتەنیا دەقە، هەڵگری توانا و چەمک و دەلالەتی هەمەلایەنی دەقئامێزە. لەهەمان کاتدا "ناوونیشان وێنەیەکی ڕەمزی ئاڵۆزە". (د. جمیل الحمدانی، مجلة ندوة).




واتە دەتوانین بڵێین کۆمەڵێک پێکهاتەی گرنگ لەنێو دەقدا هەیە، بۆیە لای من وەکو (هاندان، سەرچاوە، گێڕانەوە، ئاماژە، گوزارشت، پاساو، لێکدانەوە، ئامۆژگاریی، هوشداریی، پرسیار، سەرسوڕمان، گریمانە، زانیاریی، وێنەی خەیاڵی و واقیعی و ڕەنگ و وێناکردنی هزری و .. تاد) کۆ دەکرێتەوە، ئەمانەش لەبەکارهێنایان پەیوەستن بەهێزی زمانەکە، هێزی گوزارشت و دەربڕین و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی خودی گوتاری ناوونیشانەکە. کە ئاماژە بە (سەگوەڕی/ساڵی ١٩٨٢) دەکرێت، بیرمان بۆ کەش و دۆخێکی جوگرافی و شوێنێک لە گوند دەچێت، هەروەها (سەگوەڕ) لەهەمان کاتدا دەکرێت ئاماژەیەکی خراپی بەکارهێنانی زمان لەوەسفی هەندێک کەس بێت، کە لەقسەکردن و ئاخاوتندا سنوور دەبەزێنن، یان جێگەی ڕەزامەندی گوێگرەکەی نییە. واتە وێنەیەکی

سروشتی ئاسایی گوندە، یان بوارێکی زمانەوانی واتا هەڵگری واتا شاراوەیە. بۆیە دەڵێم (سەگوەڕ) چونکە ئەم ڕۆمانە کە پێش (کۆچی سوور) نووسراوە کەشێکی هاوشێوەی (کۆچی سوور) و گوتارێکی نیمچە هاوبەش و لێکچوویان هەیە. من گومانیشم لەوە نییە لێکچوون و بوونی شتی هاوبەش لەبەها و سەربەخۆیی و گرنگی هیچ یەکێک لەم دەقانە کەم ناکاتەوە.

(کۆچی سوور) ناوونیشانێکی تەقلیدیی باوی بێ ڕەهەند نییە، ئێمە دەزانین ناوونیشان دەبێتە ناسنامەی دەقەکە، هیچ لەخودی دەقەکە کەمتر نییە، بەڵکو بەپێچەوانە ناوونیشان ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بینین و بیرکردنەوە و بڕیار و لێکدانەوەی خوێنەر لەبارەی سەرتاپای دەقەکە دەبێت.

ناوونیشان هەر تەنیا پێناسەیەکی خێرای خودی دەقەکە نییە، بەڵکو خۆشی دەبێتە دەقێکی سەربەخۆ، دەتوانێت وێنەیەکی قووڵ زۆر بەکورتی لەبارەی سەرجەم ڕۆمانەکە بە خوێنەر بدات. نابێت ئەوە بشارینەوە کە ناوونیشان لەچەند ئاستێکدا ئەرکی هەیە لەوانە لەئاستی ڕاگەیاندن و ڕیکلام، دووەم لەئاستی فکری و سێیەم لەئاستی ئێستیتیکا (جوانبێژی). سەرباری ئەوش ناوونیشان بۆ نووسەر و خوێنەر هەمان کاریگەریی هەیە، چونکە کۆکەرەوەی هەموو دەقەکە و پوختکراوەکەیەتی. (د. ادریس الناقوری، ١٩٩٥، ٥١-٥٢ ).

پێش ئەوەی باسی ئەم ناوونیشانە بکەین بەپێویستی دەزانم پێناسەیەکی گشتی و خێرای ئەم بوارە بکەم. ناوونیشان نیشانەیە لەڕۆمانی هاوچەرخدا سنووری نیشانە هونەری و جوانبێژی تێ دەپەڕێنێت و دەچێتە نێو پەیوەندی ئاڵوگۆڕی ئابووری و بازرگانی، کتێب لەبواری ئابووریدا بەرهەمێکی بازرگانی نییە، تاکو نیشانەیەکی نایابی هەبێت، بەڵام ڕێکوڕەوان بەو ناوونیشانەی هەیەتی، وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەریی دەبێتە کەرەستەیەک، کە شیاوی بەکارهێنان بێت. سەرباری ئەوەش هەر ناوونیشانێک دەبێتە بەڵگەیەکی یاسایی و

سەنەدێکی شەرعی سەبارەت بەموڵکایەتی کتێب و دەقەکە و خاوەنداریەتی و ڕەگەزی دیاریکراوی ئەدەبی و هونەری. (ادریس الناقوری،١٩٩٥، ٢٤). ناوونیشان دەمانگەینێتە کۆمەڵێک کۆد و واتا کە هەندێکیان سروشتین و دیارن، هەندێکیان شاراوە و نادیارن. ئەوانەش "دەبنە هاوکارمان بۆ کردنەوەی ڕەمزەکانی دەق، ئاسانکاریشمان بۆ دەکەن بۆ چوونە نێو پێچ و پەنا سەخت و تەنیا ئاڵۆزییەکانیش". (جەمیل حمداوی، ٢٠٠٠، ٩٠). لەهەمان کاتدا زۆر بەسادەیی دەتوانین بێژین "بریتییە لەژمارەیەک نیشانەی زمانەوانی وشە و دەستەواژە و ڕستە، دەکرێت لەبەشی سەرەوە و سەرەتای هەموو دقێکدا دابنرێت و ڕەنگدانەوەی نێوەڕۆک بێت و ئەو جەماوەرش بجووڵێنێت کە مەبەستیەتی". (د. حبيب بوهرور، بدون سنة، ١٥٩).

ناوونیشان قسەیەکی نووسراوە لەسەرەوەی دەقی شیعر(دەق) دێت، ئەگەر (فێری) ئەمەی تایبەت کردبێت بە شیعر، دەکرێت ئەمە لەسەر جۆرەکانی دیکەی ئەدەبیش بچەسپێت، وەکو چیرۆک و نامە و شتەکانی دیکە. (ج. جێنێت) ناوونیشان ڕۆنانێکە و شتێکی دروستکراوە بەمەبەستی وەرگرتن و لێکدانەوە.

(محمد رشد، **http://www.diwanalarab.com/spip.php?page=article**).

ڕەگەزی ناوونیشان هیچی لەڕەگەزە پێکهێنەرە بنچینەییەکانی تری چیرۆک کەمتر نییە، لاوازیی ناوونیشان، یان کاڵوکرچی ناوونیشان، واتە کاڵوکرچی دەق، چونکە یەکەم بەرکەوتنی لەگەڵ ناوونیشاندا هەیە و پاشتر لەگەڵ دەستپێک و ئەوسا ڕووبەڕووی ناوەڕۆکی دەق بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتەوە. (ئارام سدیق، ٢٠٠٩، ١٦).

(لوسییەن گۆڵدمان) پێیوایە ناوونیشان سوورەیای دەقە. (ئارام سدیق، ٢٠٠٩، ٢٣)، بڕوانە (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠٠٦). ئەگەر ناوونیشان ئەوە بوو، ئەدی دەقی ناوونیشان بۆ خودی خۆی دەبێتە چی؟. واتە زمان لەنێو زمان، وێناکردن

لەبارەی وێناکردن و واتای واتا و هەستێک لەناخی هەستدا، بۆیە ئاساییە هەندێک نووسەر لەهەندێک دەربڕینەکانیاندا (زمانی ناخ) بەکاربهێنن، چونکە ناوونیشانیش دەبێتەوە زمانی ناخی خۆی. (غازی حەسەن، ٢٠٢٠).

(کۆچی سوور) لەڕووی جەستە و واتای دەرەکی و ئاشکرا و پێکهاتەی زمانەوانی لە دوو وشە پێکهاتووە، سەرباری (ی) . (کۆچ) و (سوور) ناوە و دیار نییە کۆچێکی ناسراوە، یان نەناسراو، بەڵام ئاماژە بەوەکراوە کە کۆچەکە (سوور)ە. (کۆچ) بەواتای (خەبات و شۆڕش و تێکۆشان و هەنگاوی شۆڕشگێڕانە) دێت. ئەم سوورە ژمارەیەک واتای نادیارمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەکرێت بڵێین (مارکسی و شۆڕشگێڕ و چەپ و پیشکەوتنخوازە) و (خوێناوییە). ئەمە واتا نادیارەکانی نێو واتە سروشتییە دیارەکەیە. ئێمە دەزانین "ناوونیشان وەکو ناسنامەی کتێبە و لەپێشەوەی دەقە و دوای دەقەکەش هەر دەمێنێت". (عبدالمالک اشبهون، ٢٠١١، ١٥).

دەکرێت ناوونیشانەکە (ڕەخنە بێت لەوەی کە (کۆچەکە/ شۆڕشەکە) خوێناوییە، مەترسیدارە، قوربانی زۆری تێدایە. لەهەمان کاتدا دەکرێت پیاهەڵدانیش بێت، بەواتا ئەرێنییەکەی خەبات و کۆشانێکی خۆڕاگرانەی قارەمانانەی بەشانازییەوە قوربانی دانێکی شۆڕشگێڕانەیە.

ڕەنگی سوور گەلێک واتای هەیە، کە هەندێکیان دوورن لەو واتا و مەبەست و خودی گوتار لەناوونیشانی (کۆچی سووررد)دا. بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین لەم ناوونیشانەدا بەشێکی ئەو نیشانە و ڕەمز و واتا و مەبەستانە بەکارهێنراوە، کە پەیوەندییان بەدەوروبەری بەکارهێنانی وشەکەوە هەیە. سوور نیشانەیە بۆ خۆشەویستی ڕۆمانسی و ورژاندن و توندوتیژی و مەترسی و تووڕەبوون و سەرکێشی. لەپێش مێژووشدا، یان لەسەردەمی کەونارادا ئەم ڕەنگە نیشانە و هێما و واتا بووە بۆ ئاگر و خوێن و هێزی ژیانی سەرەتایی، هەروەها ڕەنگێکی سیحری و ئاینیشە و ڕەمزیشە بۆ پاڵەوانیەتی مرۆڤایەتی و دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان و

ڕەنگێکیشــە دەبەســترێتەوە بە لەخاچــدانی مەســیح. ڕەنگــی ســوور دوای ڕەنگــی ســپی و ڕەش دێت و لەڕاگەیانـدن زۆر بەکاردێت و نیشــانەیەکی نێودەوڵەتیشە بۆ وەستان بەکاردێت.

ســـوور لای چینیەکـــان ویســـتێکی بەخـــتەوەرانەیە و ڕەنگێکـــی زۆر بەربـڵاوە لە چـین. زۆربەی منـداڵە ژاپۆنییەکـان هێڵێکـی بـازنەیی سـوور بەدەوری ڕۆژدا دەکێشن، لەبازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا ڕەنگی سـوور بـۆ بەرزبـوونەی نرخـی بۆرســە بەکاردێـت، لەبازاڕەکـانی ئەمەریکـای باکوریشـدا ڕەنگـی سـوور بـۆ دابەزینـی نرخـی بۆرسـە بەکاردێت. ڕەنگـی سوور یەکێک لەو ڕەنگانەیە دوای زەرد بەخێرایی کاریگەریی لەسەر بینین دروست دەکات، بۆیە لەنیشـانەکانی هـاتوچۆ و وەسـتان و ئـاگرکوژێنەوە بەکاردەهێنرێـت، تـاکو بەزووی خەڵـک ئامـاژە و نیشـانەکە ببینێـت. وەکـو بەشێک لەنەریتێکی کۆندا دەیبەستنەوە بە بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و زیـادکردنی لێـدانی دڵ و ڕەنگێکـی بەهێـزە، بەشـێوەیەکی خێـرا بەڵام بـۆ ماوەیەکی کاتی کاریگەریی دروست دەکات.

لەبواری دەروونناسیشدا شیکاری ئەم ڕەنگە و کاریگەرییەکانی کراوە و دەیبەستنەوە بەوەی، کە ڕەمزە بۆ خۆشەویستی و ئینتما و کاردانەوە و کاریگەریی لەسەر خانەکانی هەستکردن و بەهێزکردنـی گیانی ئینتمـا لای ئەو کەســـانەی کێشـــەی نـــامۆبوون، یـــان تەنیـــایی و دوور کەوتـــنەوە لەخانەوادەیـان هەیە. سـەرباری ئەوەش ڕەمـزە بـۆ جەسـتە و ئـازایەتی و گەرمبـوونەوە و هێـز و وزەیەکـی ئەرێنـی و ورووژانـدن و ئـامرازێکی بنەڕەتییە بـۆ مـانەوە و پیـاوەتی و ڕاکـردن و ڕاونـان و گەیشـتنی نـامەی دوژمن و دەربڕینێکی دوژمنکارانەشە. ڕەنگێکە پڕە لەجووڵە و پڕە لەژیان. (بسمة حسن، ١٥ نوفیمبر ٢٠١٨، **https://www.almrsal.com/post/736568**).

بێگومـــان لێکـــۆڵینەوە لەڕەنگـــی ســـوور پێویســـتی بەپێـــداچوونەوە و لێکدانەوە هەیە لەزۆر بـواری هەمەلایەنـدا، بەڵام بەکـورتی دەتـوانین بڵێین

ئەم ڕەنگە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە. لایەنە ئەرێنییەکانی بریتییە لە (بزاڤ و وزە و کاریگەریی خێرا و گەرمکردنەوە و سەرنجڕاکێشان و خۆڕاگریی و چالاکبوون و پەرەپێدان و ورووژاندن و هێز و سۆز و خواستی مانەوە لەژیان و ئینتماش لەخۆ دەگرێت). لایەنە نەرێنییەکانیشی بریتییە لە (دەربڕینی نیشانەکانی دوژمنکارانە و سەرکووت و خۆدزینەوە لەبەرپرسیاریەتی و ماندووبوون و تووڕەیی و میزاجیەت و یاخیبوون و لاملی و توندوتیژی و هۆڤایەتی و دوورکەوتنەوە لەئاسودەیی و بەختەوەریی). (دلالة اللون الاحمر، https://e3arabi.com/arts-and-entertainment/%D9%81).

ئێمە کە شیکاری ناسنامەی ڕۆمانەکەی (حەمە کەریم عارف) دەکەین ، ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە کە لایەنە نەرێنییەکانی واتا و دەربڕین و نیشانەکانی ڕەنگی سووری هەڵبژاردووە و واتا سروشتییەکە، کە (سوورە) واتای نادیاری (خوێن و خەبات و قوربانی و خۆڕاگری و تۆڵە و مردن و یاخیبوون و کاری دوژمنکارانە و کوشتنی خۆشەویستی و سەرکوت و هۆڤایەتی و دوورکەوتنەوە لەبەرپرسیاریەتی لەنێو شۆڕش و مزاجیەت و ... تاد) دەگرێتەوە، یان بەکورتی ئاماژەیە بە (شۆڕشێکی خوێناوی توندوتیژانەی نامۆ و یاخیی). خوێناوی بەواتای کارێک لەدەرەوەی عەقڵ و لۆژیک و کار و کردەی توندوتیژیی تێدا پەیڕەو دەکرێت.

(سوور نیشانە و هێماش بووە بۆ فکری مارکسی شۆڕشگێڕانەی چەکداریش)، سوور نیشانە و هێمایە بۆ حزبیە شیوعییەکان و بزاڤە شیوعییە مارکسییەکان. واتە ناونیشانەکە و فکرەی ڕۆمانەکە و ڕووداو و پێکهاتە و کەرەستەکان و شۆڕشەکەش پەیوەندییان بە (نیشانە و هێمای سوورەوە) هەیە.

بەپێی شیکردنەوەی دەقەکە ناونیشانەکەش (گوتارێکی ڕەخنەگرانەی مەبەستەتە، کە شۆڕشەکە خوێناوییە، نەک پرۆلیتاریی دژ بە بۆرژوازیەت).

کاتێک باسی ئەستێرەی سوور وەکو ڕەمزێکی کۆنی شۆڕشگێڕی دەکرێت، پەیوەندیی بەبەکارهێنانی سوور وەکو هێما و نیشانە و ڕەمزەوە هەیە. ڕاستە ئەم ڕەنگە، یان شێوەی ئەستێرەکە لە شارستانیەتە کۆنەکان بەکارهێنراوە، بەڵام لەسەدەی ڕابردوو ئەم ڕەنگە (هەر تەنیا وەکو هێمای خۆشەویستی بەکارنەهێنراوە، بەڵکو بۆتە ڕەمزی یاخیبوون و شۆڕش و سەربەخۆیی، لەگەڵ مەیل شکانەوە بەرەو خوێنڕشتن و بۆیە دەروونناسەکان پتر ئەم ڕەنگە دەبەستنەوە بە دوژمنکارییەوە. لەشۆڕشی ١٩١٧ی بەلشەفی لە ڕوسیا ئەستێرەی سوور وەکو هێمایەک لەسوپا بەکاردێت بۆ دیارکردنی ئەو کەسانەی لە سوپای سووردا کار دەکەن). (لماذا كانت النجمة الحمراء رمزا للجيش السوفيتي؟ حلم اي دولة له نجمة خماسية؟ علم نجمة خماسية، **https://kerchtt.ru/ar/pochemu-simvolom-sovetskoi-armii-byla-** /).

جەستەیەک دەکرێت بڵێین هێما و نیشانەیە بۆ (خوێن و ئازار و قوربانی و سڕینەوە و مەینەتی و یاخیبوون و توندوتیژی) واتە گەڕانەوەیە بۆ ئاشکراکردنی ونبوونی ڕۆحی چەپڕەوانەی پرۆلیتاریانە لەنێو خودی شۆڕشەکە. ناوونیشانەکە بەئاسانی واتا و مەبەستە سەرەکییەکەی دەقەکە پێناسە ناکات، بەڵکو دەبێت بەشێکی ڕۆمانەکە بخوێنینەوە، ئینجا بگەڕێینەوە سەر واتا و مەبەستی دەقەکە، چونکە مەبەست و واتا سادە و سروشتییەکە، واتا شاراوەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناگەیەنێت. بەواتایەکی دیکە "لێکدانەوەی ناوونیشان وەکو دەقێکی بچووککراوەیە لەدەرەوەی ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ دەقەکە هەیە". (عبدالمالك اشبهون، ٢٠١١، ٦٩). واتە ئەوەی لەنێو (کۆچی سوور) وەکو لێکدانەوە دەبینرێت دەقێکی بچووکراوەیە لەنێو دەقێکی گەورەدا. بێگومان ئەم بۆچوونە لەنێو ڕۆماندا باشتر دەردەکەوێت. یان دەکرێت بێژین شوێنێکە لەنێو شوێنێکی فراوانتردا.

ئەم جـۆرە ناوونیشـانانە دووجـۆرە ئەرک و پەیـام دروسـت دەکەن. یەکێکیان ئەوەیە پێویستی بەلێکدانەوە و شیکردنەوەی زۆر و مژولکردنی خـوێنەر دەبێـت. دووەمیشـیان ئەوەیە ئاسـانە (کـۆچی سـوور لەئـارایە). هەموومـان بـێ لێکـدانەوە و خۆمانـدووکردن دەزانـین ئەمە چ دەگەیەنێت. لەیەک کاتدا هەم واتایەکی (ئاسـان و سـادە، هەم واتـایەکی ئـاڵۆز و چڕە)، یـان دەتـوانین بڵێـین لەلایەک واتـایەکی (ئاشـکرای هەیە لەلایەکـی دیـکەدا واتایەکی شاراوە و نادیار و ڕەمزدارانەی) هەیە، یـان واتـایەکی ئەرێنـی و نەرێنی لەیەک کاتدا بەرجەستە دەکات. بۆ ساخکردنەوەی واتـا هەقیقییەکە و مەبەسـتە نادیارەکـان، دەبێـت ناوونیشـانەکە لەنێـو دەوروبەری ڕووداوەکانی نێو دەقەکەدا شی بکەینەوە، ئەم شوێنە بچووکە لەنێو شوێنە گەورەکەدا شی بکەینەوە.

ناوونیشان کار دەکات "مانـا تۆمـار بکـات و دەلالەتەکان لەتێگەیشـتنی وەرگرەکان نزیک بخاتەوە". (شعیب حلیفی، مجلة الکرمل، العدد ٤٦، ١٩٩٢، ٨٦). بەشێوەیەکی دیکە ناوونیشانی (کۆچی سـوور) گەڕانە بەدوای واتـا و مەبەسـت لەپێنـاو نزیککـردنەوەی وەرگـر و خوێنەرەکـانی لەو دەلالەت و ئاماژانەی بەرهەمی هێناوە لەڕێگای ناوونیشانەکە.

خودی ناوونیشانە پەیوەندییەکی پتەو و فراوانی بە دەقەکە و مەبەست و خواسـت و گوتـاری دەقەکە هەیە، لێـرەدا ناوونیشـان واتـای (شـۆڕش، بەڵام شۆڕشێکی چەپخوازنەی خوێناوی و کوشتن و سـڕینەوەی یەکتـر و هەنـدێک بنەمـای دوژمنکـارانە و نـامۆیی و یـاخیبوون و کوشـتنی ئینتمـا و کوشـتنی خۆشەویسـتی) بەرهەمهێنـاوە، ئەم گوتـارە پەیوەسـتە بە گوتـاری (شۆڕشی هەقیقی لە کوردستاندا).

یەکێک لەشێواز و تەکنیک و مەبەستی دەق بەرهەمهێنانی گوتارێکی ڕەخنەگرانەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، بێ ئەوەی نووسەر خۆی ببێتە بەشێک لەبەسەرهات و ڕووداوەکان، واتە نووسەر فکری خۆی بەسەر هیچ یەکێک لە کارەکتەر و بەسەرهاتەکاندا فەرز ناکات. بۆ نموونە ئەدەبی (نەجیب مەحفوز) لەدوو تەوەردا خۆی بەرجەستە دەکات یەکەمیان ڕەخنەگرتنە لەواقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی. دووەمیان باسکردنی ئەو ئایندەیە، کە هەندێک لەترس و مەزەندە نادیارەکانی بەدی دەکرێت ، ئەمەش وا دەکات مەزەندە و وێناکردنەکان نادیار بن. (د. احمد کریم بلال، ٢٠١٥، ٢٥).

ڕەخنەگرتن لەنێو دەقی ئەدەبیدا لەسەردەمی شۆڕشدا ئەگەر لەچوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیشدا بێت، بەڵام ناتوانیت لەفکرە و گوزارشت و ڕەهەندە گشتییە شۆڕشگێڕییەکە داببڕێت، بۆیە بریتییە لەو گوتارە شۆڕشگێڕییەی، کە ئامانجی هەمەجۆری هەیە (نوێخوازی، بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی حووکمڕانی، ستەم و دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی، ئاشکراکردنی هەقیقەتی ڕووداوەکان و بەرجەستەکردنی کەسایەتی ئەو کارەکتەرانەی بانگەشەی شۆڕشگێڕیی دەکەن و دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییە نێوخۆییەکان، کە دژ بەیەکبوونێکی سەختی تێدایە، سەرباری یاخیبوونی خودی نووسەر لەشێوازە کۆنە باوەکانی نووسین و داهێناندا... تاد). ئەمەش "لەبۆچوونی نووسەر دەردەکەوێت لەچوارچێوەی ئەو گێڕانەوەی، کە پاڵەوانەکە گلەییەکانی خۆی لەبارە ئەو شتانە دەردەبڕێت، کە دەیانگێڕێتەوە". (د. احمد کریم بلال، ٢٠١٥، ٢٧).

ڕەخنەگرتنەکە هەندێکجار لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕەمز و هێماو و نیشانە فکریی و کۆمەڵایەتیی و دەروونیی و خودییەکان ئەنجام دەدرێت

وەکـو چـۆن لە (کـۆچی سـوور)دا بەشـێک لە بۆچـوونە ڕەخنەگـرییەکە لەڕێگەی ڕەمز و هێما و نیشانە سیمیۆلۆژییەکانی ئەنجام داوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە نووسـەر خـۆی لە (سـزا) بـدۆزێتەوە و یـاخیبوونەکەی لەگوتـارە باوەکەی نێو شۆڕش، یان گوتارە ڕاستەوخۆکە نیشان نەدات بۆ ئەوەی بە (نامۆبوون و دژایەتی حیساب نەکرێت)، لەلایەکی دیکەشدا لەنێو خودی شۆڕشدا کە (پێویستیان بەدەقێکی ڕاستەوخۆی هاندان و ئاشکرا و دوور لەتەکنیک و هـونەری مـۆدێرنەی نووسـینە، زەحـمەتە دەقێکی مـۆدێرنەی نـوێی بەرهەمبێت). واتە نووسـەر وێنـاکردن و تەکنیکی نووسـینی لەدوو بواردا بەکارهێناوە (سزا) و (داهێنان)، چونکە (وێنە ڕەمـزییەکە کاردەکات سنووری پشت واقیع ببڕێت و بگاتە جیهانی ئەو فکرانەی هەیە". (تشـارلز تشـــادویک، ١٩٩٢، ٤٦ ). بەم تەکنـــیکە (حەمە کەریـــم عـــارف) خـــۆی لەڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دەپارێزێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک دەقە ڕاسـتەوخۆکەی وەکو گوتـار ناخـاتە دۆخێکی بزری ئەوتـۆ نەناسـرێتەوە، یـان دەقێک بێت لە مێـژوو دابـبڕێـت و ببێـتە ئـاژاوە چییەکـی نـامۆی بـێ ئەنجـام و خۆکـوژ. نەخێـر ئەو بینـای دەق لەپێنـاو بینـای گوتـارێکی بەرهەمهێن دەکات.

لەم دەقەدا نووسـەر دەیەوێت لەڕێـگەی وێنـاکردن و مەزەنـدەی شـتە ناخۆش و مەترسـیدارەکان، کە بـریتییە لە (نەگەڕانەوەی کـاروان، کوشـتنی دەنگە ناڕازییەکـان و لەپشـتەوە تەقەکـردن لەهاوسـەنگەرەکەیان و شـەڕی جـاش (کـورد بەکـورد کوشـتن) و تـاد)یە سـەرباری (شـێواز و بـوونی سـەرکردایەتییە کۆنەکە لەنێو شۆڕشـە نـوێیەکە). لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت بچێتە پشتی ئەو دیوی پشتەوەی ئەو فکرە و بۆچوونانەی ئەو کـات لەنێو شۆڕشدا باوبووە، یان قەوماون بۆ ئەمڕۆ دەکرێت لەچوارچێوەی ڕەخنەی مێژوویی، ڕەخنەی ڕیالیزمیی واقیعی حیسابی بۆ بکرێت.

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەوە بەدیار دەکەوێت، کە "بابەتی خۆشەویستی و بەخشش دەبێتە بابەتی توندوتیژییەکی خوێناوی و کوشتن و تۆڵەکردنەوە". (د. احمد کریم بلال، ٢٠١٥، ٢٩). نامۆبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی لەنێوان باوک و کوڕ، یان لەنێوان ئەندامەکانی شۆڕشدا، یان ئافرەت وەکو کەرەستەیەکی چێژ لەنێو خودی شۆڕشدا بەکاردەهێنرێت.

لەنێو شۆڕشی نوێدا!! لە جیاتی ئەوەی منداڵ و هەرزەکاران لەسەر خۆشەویستی بەواتای خۆشەویستی نیشتیمان و ئازادی و پەروەردە و خاونەوادە ڕابهێنرێن، شتێکی دیکەیان لا خۆشەویست دەکردن:

"لێرەش وایان لە کەسانی منداڵ و هەرزەکار دەکرد... نارنجۆکێکیان دەدایێ:

بڕۆ فلان کەسی پێبکوژە.. لە فلان شوێن بیتەقێنەوە.. بیرت نەچێ ئەڵقەکەی بێنیتەوە! ئەگیان باوەڕت پێناکەین!

ئیدی ئەڵقە بوو بوو بە سەنگی محەک!!" (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٠).

بە واتایەکی دیکە نووسەر لەچوارچێوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سیاسیدا، ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە شۆڕش چتۆ منداڵە هەرزەکارەکانی لەپێناو تاوان هانداوە و گۆشکردووە، نەک خۆشەویستی و ڕاهێنانیان بە فکر و پێگەیاندنی فکریی و لایەنە پەروەردەییە گونجاوەکان.

لەدوایین دەربڕین و گوزارشتی ڕۆمانەکە، کە بریتییە لە قفڵدانی ڕۆمانەکە لەبارەی خۆشەویستی و ژیان، بەها و بوون و کاریگەریی خۆشەویستی دەڵێت :

"خۆشەویستی لەدابڕاندا دەردەکەوێت". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٨٣). لەم گوزارشتەدا ڕوونە (خۆشەویستی) چییە، بەڵام دابڕان چەند ڕەهەند و واتا و مەبەستێک لەخۆ دەگرێت. لەوانە (مردن، جیابوونەوەی دوو کەس، دوو خانەوادە، کەسێک لە خانەوادەکەی، خۆشەویستێک لە

ئەڤیندارەکەی، کەسێک لە گروپێک دادەبڕێت، کەسێک لە زەمەنەکەی خۆی دادەبڕێت، کەسێک لە وڵاتەکەی و لەکاروانەکەی دادەبڕێت.. تاد). نووسەر لەم ڕۆمانەدا باسی مەسەلەیەکی فکری دەکات ئەویش یاخیبوون و نامۆبوونە بە شۆڕشێک، کە شۆڕشەکە خۆی کەسەکان دادەبڕێت و دەیانکوژێت. دەکرێت بەکورتی بڵێین دابڕانی کەسێک لە کەسوکارەکەیان بە مردن، یان بەکوژرانێکی نادیاری غەدارانەی پڕ لە گریمانە و گومانە.

دوای دابڕان و مردن هێزی خۆشەویستی لەنێوان کەسە نزیکەکانی یەکتر پتر دەردەکەوێت. ئەمەش نهێنیی ئەو پەیوەندییە ئەزەلییەیە، کە کەسەکان لەنێو کۆمەڵگا، لەنێو خێزان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لەهەمان کاتدا مردن و دابڕان ناتوانێت خۆشەویستی بکوژێت، بەپێچەوانە ئەم دابڕان و مردنە پێگە و هێزی گوتاری خۆشەویستی دەدرەوشێنێتەوە.

لە بۆچوونەکانی (حەمەکەریم عارف)دا گوتاری ڕەخنەگرانەکە بریتییە لە (یاخیبوون لەواقیعی سەپێنراوی توندوتیژی لەنێو خودی گوتاری شۆڕشدا). (مستۆ) وەکو گەنجێکی قوتابی زانکۆ و پێگەیشتووی تێگەیشتووی گەشێنراو لەخانەوادەیەکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و هەژار و سادەی کوردەواری لە کەرکووک پێ دەگات، یەکێکە لەو کارەکتەرانەی (نهێنییەکانی کوشتن و گوللە بارانکردنی سیابەندی بێ تاوان دەزانێت، ئەو لەچۆنیەتی کوشتن و لەناوبردنی پێشمەرگەیەکی ناڕازیی و وریا کە بیر دەکاتەوە ئاگادارە)، ئەم (نهێنییە دەبێتە سەرەخۆرە، لەهەمان کاتدا دەبێتە تەوەرەی سەرەکی و بنەڕەتی ڕووداوە گرنگە ستراتیژییەکانی نێو گوتاری دەقەکە) بۆیە هەر (مستۆ) خۆی گومان و گریمانەی ئەوە دەکات، لەبەر ئەو زانیارییە نهێنییەی کە ئەو دەیزانێت، لە دیماهیدا بیکوژن، بەڵام بەهۆی گوێ پێ نەدان و تەمەن و حەماسەتی نێو شۆڕش و بەهیچ سەیرکردنی تاوانکارەکان ئەو گومان و پێشهاتە ترسناک و ناخۆشە پشتگوێ دەخات. وێناکردنەکانی نووسەر بریتییە

لەخوێندنەوەی ئەو فکر و بۆچوون و وێناکردنانەی، کە مەترسیدارن و دواتر ڕوو دەدەن.

وەکو (ئەبو شەهاب) لەبارەی (کۆچی سوور) وشیکردنەوەی ئەم دەقە نووسیویەتی "شۆڕش بریتییە لە (نەء) و (بەڵێ)ی دوا بە دوای یەکتر و هەڤبەند، یانی شۆڕش بەبێ (نەء) دەسڕێتەوە و لە شۆڕشی دەکەوێت و بەبی (بەڵێ)ش دەبێت بە کەڵکەڵەیەکی ڕووتی نەهێلیستی و هیچی تر. بەڵام لێرەدا دوو پرسیار دێنە گۆڕێ : (نەء) بۆ چ شتێک و (بەڵێ) بۆ چ شتێک؟ بە گوتەیەکی دی چی ڕەفز بکرێت و چی پەسند بکرێت؟". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ٥٨). ئەم پرسە گرنگە یەکێکە لە بنەماکانی ئەم ڕۆمانە. (کۆچی سوور) لەپێناو نەهێلان و سڕینەوەی هەموو شتەکان ناڵێت (بەڵێ) و لەپێناو سڕینەوەی شۆڕشیش نەچۆتە سەنگەری (نەء)، ئەو ڕەخنەیەکی عاقڵانەی فکری و واقیعی، کە پڕیەتی لەبەڵگەی زیندوو، گفتوگۆی پڕ لەناڕازیی بوون و ڕەتکردنەوە و گومان و هەقیقەتی دژواری ناکۆکییەکانی نێو خودی شۆڕش و کەسایەتی گومانهەڵگری بەرپرسە یەکەمەکانی شۆڕش لە کەسایەتی (مەحموود) بەکردەوە بەرجەستەکراوە، یان گوتاری (سیابەند) لەگەڵ (مەحموود)، کە دەڵێت من ناوم (هەڵەیە و بەهەڵە لێرەم و کوڕی هەڵە، بەڵام هەڵە لەهەڵخەڵەتاندن باشترە). (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٧٤). ئەمە لەکردەوەدا ڕەتکردنەوەیەکی فکریی و تێگەیشتنێکی قووڵی فکرییە لەبارەی شۆڕش و ئاکام و هۆکارەکانی ڕەتکردنەوە. ئینجا شیکاری وشەی (هەڵە) لەچەند ڕوانگەیەکەوە دەکات، شیکار و پێناسەکەی ڕەهەندەکانی نێو شۆڕش و تێگەیشتن لەشۆڕش و ڕەتکردنەوەی بۆچوونە سەپێنراوە تاکڕەوییە یەک ڕەهەندەکانی نێو شۆڕش بە (نەء)یێکی هوشیارانەی پشت ئەستوور بە زانیاریی وردی هەمەلایەنە ڕەت دەکاتەوە. تا دەگاتە ئەوەی بەرپرسێک لە هەڵچوونێکی دەروونی تووڕەوە بە توندی لەوەڵامی گفتوگۆکانی سیابەند لەبارەی (هەڵە)وە و بوونی ئەوان بەهەڵە

لەنێو شۆڕشدا و هەموو شتەکان بەهەڵە وەسف دەکات (مەحموود)ی بەرپرسی یەکەم کە دوور نییە (خودی نەوشیراون مستەفا) بێت، بەتووڕەییەوە لەوەڵامی ئەم گفتوگۆیەی سیابەند (با، وەڵامی پرسیارەکەی تۆیە، بەڵام چونکە تۆ ... وەڵامی پرسیارەکەی خۆت ناناسیتەوە.) ئەو دەڵێت : "یەعنی من کەرم؟" (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٧٥). تاکو ڕەتکردنەوەی عاقڵانەی (سیابەند) و ڕەخنەکانی لەشێوەیەکی هێمانە دەبێتە مایەی تووڕەبوونی (مەحموود) و بەهاوار و قیژەوە دەڵێت "وەرن، وەرن ئەم هەتیوە بەرن....". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٧٥).

بێگومان بەرپرسی شۆڕش هەمیشە لەچاوەڕوانی ئەوە دان (بەڵێ) ببێتە زمانی گفتوگۆی خۆی و بەرانبەرەکەی، نەک ئەم جۆرە ڕەتکردنەوەیەی (نەء)ی زۆر بەزەقی لەخۆگرتووە، کە قووڵبوونەوە و خۆبەستنەوە بە دونیای فکر و ڕەخنەیەکی توندی واقیعی پێوە دیارە. ئەم گفتوگۆیە، کە هەم گێڕانەوەیە و هەم پشت بەستنە بەدیالۆگێکی ڕاشکاوانەی نێوان بەرپرسێکی شۆڕش و پێشمەرگەیەکی خوێندەواری هەڵگری گوتاری ڕەخنەگرانە. بۆیەشە ئاکامەکەی بەوە دەگات (سەلام و ئازاد) کە دوو کارەکتەرەی گوێڕایەڵ و بەستراوەن بە خودی (مەحموود) وەکو (جووتێ گورگی برسی و دڕندە خۆیان وەژووریدا کرد. لەچاو ترووکانێکدا سیابەندیان بەرەو دۆڵەکە فڕاند.. بەوە تاوانباری دەکەن بیری ژەهراوی بڵاودەکەنەوە". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٧٦).

(نەء)ێک کە ڕەتکردنەوەی گفتوگۆکانی سیابەندە لەلایەن (مەحموود)ی بەرپرس، بڕیار و فەرمانی سڕینەوە و کوشتنی ئەو پێشمەرگەی بەدوادا دێت کە ناوی (سیابەندە) و تۆمەتی (بڵاوکردنەوەی فکری ژەهراوی دەدەنە پاڵ). (نەء)ی یەکەمیش گوتاری ڕەخنەگرانەی کۆمەڵایەتیی و فکرییەکانی (سیابەندە)، کە بریتییە لە گفتوگۆ و یەکتر دووان و قسەکردن لەبارەی ڕەهەندێک کە پڕواپڕە لە (هەڵە). (بەڵێ)ی (سەلام و ئازاد)یش

جێبەجـێ کردنـی فەرمـانی (سـڕینەوە و کوشـتن و پاکتـاوکردنە). واتە شـۆڕش و کارەکەتەرەکـانی لەئاسـت و پـلەی جیـاواز لەنـاکۆکی و ململانێیەکی سەخت و دژواردا ژیاون. ڕەخنەگرتن باجی بەدواوە بووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە بەرپرسانی شۆڕش و خودی شۆڕشەکە ئامادە نەبوون گوتاری ڕەخنەگرانەی ڕووبەڕوو قوبوول بکەن و گفتوگۆی لەبارەوە بکەن. لەهەمان کاتدا شۆڕش ئامادە نییە جیاوازیی فکری و لێکدانەوە و شیکردنەوەی نەگونجاو لەگەڵ هێڵە گشتییە باوەکان پێشوازی لێ بکات، بەپێچەوانەوە خودی شۆڕشەکە بە (نەء) مامەڵەی لەگەڵ هەر ڕەخنە و بۆچوون و شیکردنەوەی جیاوازیی فکری و ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی نێو شۆڕش کردووە. گوتاری (نەء) باجی بەدواوە بووە، هەروەها گوتاری (بەڵێ) بریتیی بووە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکان بەشێوەیەکی کوێرانە و بێ بیرکردنەوە لەشێوەی (گورگی برسی و دڕندە) لەپێناو پاکتاوکردن و سڕینەوەی نارازییەکان. بەم جۆرێک دەتوانین بێژین (بەڵێ) بریتییە لە کوشتنی ئیرادە و (نەخێر) بوژاندنەوەی کەسایەتی و بوونەکانە لەچوارچێوەی هێزی بیرکردنەوە.

تا یەکێک لە پاڵەوانەکەی (خەلیفە) بەزمانێکی ڕەخنەگرانە لە گفتوگۆیەکی ناخەکی خۆی دەدوێنێت، بەڵام چ دوانێک و دەڵێت: " نا، نا نابێ بەم زووانە بچمەوە ئاوایی، دەبم بە مەخسەرە. خوا نەکا خەڵکی زمانیان بکرێتەوە. پیاو دەکەن بە پەڕۆی بێنوێژ، هەزار و یەک بوختانی بۆ هەڵدەبەستن، نا، نا ، نابێ بەم زووانە بچمەوە! هەرچییەک بەسەر ئەم ئاواییەدا هابێ، لەکۆن و نوێ بە ملی منیا دێنن.. پیری پیران. فریام بکەوە! هەر منداڵە ورتکە چاوم دەردێنن. هەموو کەس و ناکەسێک لێم دەبێ بەشێری مەیدان". (حەمە کەریم عارف ٢٠١٢، ١٦٣). سەیری ئەم گفتوگۆیە چڕەی خودی کارەکتەرەکە بکە. هەزار و یەک بیرۆکە و خەیاڵ و شتی واقیعی بەخەیاڵدا دێت. نەگەڕانەوە بۆ ئاوەدانی (ڕەخنەگرتنێکی پراگماتیکییە لە خودی خۆی، کە نەیتوانی وەکو سەرکردە و

کەسێکی لێوەشاوە کاروان لە نەهامەتی و کارەساتەکان ڕزگار بکات، یان هاوکارییان بکات بۆ ڕزگاربوون لەو نەهەماتییەی تووشی کاروانەکە هاتووە).

کەسێکە ڕەخنە لەخۆی دەگرێت، ڕەخنەیەک کە پەیوەندیی بە کۆمەڵگە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. خەڵک (گاڵتەی پێ دەکەن، دەبێتە پەڕۆی بێنـوێژ. مەسـخەرە، تۆمەتبـارکردنی بەشـتە کـۆن و نوێیەکـان خـراپە قەوماوەکان، منداڵ چاوی دەردەهێنن و هەموو هەیبەت و پلە و دەسەڵات و پێگەیەک لەدەست دەدات).

## کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە

دەبێت ئاماژە بەوە بکەین تەکنیکی نووسینی ڕۆمانەکە لەهەڵبژاردنی کارەکتەرەکانیدا بەشێوازێکی جیاواز لەوانی پێشەخۆی نووسراوە "ئەم ڕۆمانە بونیادێکی هونەریی سفتچنراوی جوان و یەکگرتووی هەیە و بەتایبەتی پەنای وەبەر تەکنیکی پۆلۆفۆنی (**Polyphony**) (فرەدەنگی گێڕانەوەکاری) بردووە، لەوێندەرەوە زەمینە بۆ فرەنۆڕین خۆشبکات. لە پۆلۆفۆنیدا تاکگێڕانەوەیی پاشەکشە دەکات و فرەگێڕانەوەیی شوێنی دەگرێتەوە، فرە گێڕانەوەیی ئازادی تەواو بۆ وێنەگرتنی دیمەن و هەڵوێستەکان لەڕوانگەی جیاواز و هەمەجۆرە دابین دەکات و دەرگا لەناخی کارەکتەرەکان دەکاتەوە تا بەئازادی گوزارشت لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆیان بکەن. دەنگی (گوتیاری هەمە شتزان) دەداتە کزی و ئەو دەسەڵاتە پاتریارکییەی نامێنێت کە بەخورتی و تۆبزی تاکڕوانگەیی بەسەر هاماج و ئۆتمۆسفیری ڕۆمانەکەدا بسەپێنێت". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ٧٣). لەڕاستیدا شیکردنەوەکان لەبارەی ڕۆمان ئەوەیان ساخکردۆتەوە، کە (ڕۆمانی فرەدەنگی پۆلۆفۆنی لەگەڵ دیستۆفسکی دەست پێ دەکات، بەو واتایەی پشت بە فرەیی دەبەستێت.

لەوانە هەڵوێستی فکری و جیاوازی ئایدیۆلۆژی و جەختکردنە سەر فرە کەسایەتی و گووتیار و گێڕانەوە و وەرگرەکان، سەرباری فرە شێواز و شێوە. بەواتایەکی دیکە فرە گفتوگۆیە، جۆرێک لەدیموکراسی بەخۆوە دەگرێت و لەژێر کۆنترۆلی قسەکەر (ڕۆماننووس) دەردەچێت، هەروەها لە یەک تێڕوانین و یەک زمان و شێواز دەردەچێت. کەسایەتییەکان بەشێوەیەکی ئازاد و ڕاشکاوانە گوزارشت لە هەڵوێستەکانیان دەکەن. (میخائیل باختین، ١٩٨٦، ٨٨).

لەڕێگەی کارەکتەرەکان نووسەر دەیەوێت وێناکردن و مێژووی ڕابردوو، ئەرک و شێواز و نیەت و بیرۆکەیەک دروست بکات، ئەو وێناکردنە ئەوەمان بۆساخ دەکاتەوە هەر کارەکتەرێک پاشخانێکی مێژوویی و کات و شوێنێکی تایبەتی هەیە، ئەرکی مێژوویی لەسەردەمی ڕووداوەکان (ئێستای کاتی نووسینەوەی ڕۆمانەکە) ڕادەپەڕێنێت و کاریش دەکاتە لەئایندەدا وێناکردنێکی خەیاڵی، یان واقیعی پێشبینکراو بۆ خۆی دروست بکات. "کەسێک هەوڵ دەدات لەجیهانی دەوروبەری خۆی بگات و پێشوازی لەژیان و خەڵکەکەش بکات". (یاسر محمود عطية،٢٠١٠، ٤٥). لە کۆچی سووردا کارەکتەرەکان هەر یەکەیان خاوەنی کەسایەتی و هەقایەت و باکگراوند و زمان و گوتاری تایبەتی خۆیانن، ناکۆکیی و ململانێیەکی توند لەنێوان (پێشوازیکردن لەجیهان و خەڵک و واقیعی دەوروبەری خۆیان) و (ڕەتکردنەوە و سڕینەوە و لەناوبردنی ئەو جیهان و خەڵک و ئەو واقیعەش هەیە، کە لەدەوروبەریاندا بەرجەستەیە). سەرباری ئەوەش کارەکتەرەکان لەکەسانێکی واقیعی و هەقیقی دەچن و دەکرێت لەهەمان کاتدا کارەکتەرێکی دروستکراوی خەیاڵی نووسەریش بن. دەسەڵات و هێزی بەرهەمهێنانی دەقی هەر نووسەرێک لەوەدایە، کە کەسایەتی و کارەکتەرەکانی بەم شێوەیە دروست بکات، کە ڕۆماننووس دروستی کردوون.

کارەکتەرەکان هەندێک وەکو (شا قارەمان) و هەندێکیشیان لەئاستی دیکە وەکو (ئەو) و (ئەوی ئاماژەپێکراو) دەردەکەون، بۆ نموونە:

(مستۆ) گوتیاری شا قارەمانە، بەزمانی یەکەم کەسی تاک (من) شتەکان دەگێڕێتەوە لە نۆڕینی ئەودا شوێنی گوتیار و شوێنی بابەتە گێڕدراوەکە ئاوێتە دەبن. مەنەلۆگ بەسەر گێڕانەوەکەیدا زاڵ دەبێت و هەندێجاری کەم بە شێوازی (ئیلتفاف) ئەنجام دەدرێت. (سادق) ئەمیش وەکو مستۆ گوتیاری شاقارەمانە، بەڵام گێڕانەوەکەی بەشێوەیەکی گشتی بەشێوازی ئیلتیفاتە (تیل نیگا) ئەوەیە گوتیار لەژێر پەردەی ڕاناوی دووەم کەسدا (تۆ) خۆی دەدوێنێت. ئینجا گوتیاری گۆنگ (ملتبس) ئەم گوتیارە گۆنگ و ئاڵۆزە. نازانرێت ئاخۆ لەنێو بابەتەکە و دنیای بابەتەکەوە شتەکان دەگێڕێتەوە، یان لە دەرێڕا شتەکان دەگێڕێتەوە، ئەمجۆرە گوتیارە تازەیە، بە بۆچوونی (ماریۆ بارگاس یوسا) زادە و بەرەنجامی سەرهەڵدانی ڕۆمانی مۆدرێنە، ئەم گوتیارە لە (کۆچی سوور)دا زیاتر لەگوتیاری شتزان دەچێت و ناو بەناو دەردەکەوێت و بەزمانی سێیەم کەس (ئەو) دێتە پێشێ تا بەشداری لەبەڕێوەبردنی گێڕانەوەکارییەکە بکات، بێ ئەوەی بەشداری لەڕووداوەکاندا بکات یان بەخورتی و تۆبزی بۆچوون و ئامۆژگاری و حووکمەکانی خۆی بەسپێنێت. (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ٧٤-٧٥). بەم شێوەیە دەبینی کارەکتەری فرە دەنگ و فرە ئەرک و فرە دونیابینی و فرەهەڵوێست و فرە ئایدیۆلۆژیا و خاوەنی ئیرادەی جیاواز دروست دەبێت. کارەکتەرەکان لە هاتنە نێو ڕووداوەکان ئازادن و بەشداری هەقیقی لە گفتوگۆ و بۆچوونەکان دەکەن و بەئارەزووی خۆیان بێ سانسۆر و بەشێوای کۆمەڵایەتی خۆیان دەئاخڤن. بۆیە دەبینین خاوەنی زار و شێوازی ئاخاوتن و گوزارشتی کۆمەڵایەتی تایبەتی خۆیانن. بۆ نموونە زمانی کۆمەڵایەتی ئافرەتانە، زمانی ئاخاوتن لەگەڵ ئافرەت و جوێن و شێوازی بانگکردن و دەربڕینی تایبەت بە ئافرەتی تێدا بەکارهێنراوە وەکو:

"نەبەز سەیرێکی کردین، نیگای بەئاشکرا دەیگوت: سەیری ئەم خوێڕییە بکەن. بە ویژدانتان ئەمەش پێشمەرگەیە! ئەگەر لەبەر خاتری دادەت نەبێ تۆ ئەو پیاوە نیت..

یان لەسەر زاری مێرم دەڵێت : وەرنە دەرێ ئەوە بۆ وەکو سەگی خوێڕی خۆتان لەنێو لنگی قەحپەکانتان خزاندووە...

یان لەسەر زاری ئافرەتێک و بەشێوازی ئافرەتانە دەبێژێت: ئەیەڕۆ چیای هات و نەهات! وەکو کوێر بم.. کوێر بم بۆ تۆ کاروانی خێر لە خۆ نەدیوو... سەرم لەقوڕ نێم بۆ بەخت و ئیقباڵی خوا بەتۆی دا شێخەی برام!... یان زێنێ دەڵێت : ئەیەڕۆ پیاوەکە! خۆ خاڵە حەزە دەڵێت بێفایدەیە.. چونیان بێ فایدەیە..

یان لەسەر زاری کارەکتەرێک ڕووبەڕووی زێنێ دەڵێت: تۆ خوشکی منی، دایکی منی. پێڵاوەکەت دەخەمە سەرچاو. من هەقم نییە بەسەر ئەو ڕیش پانی شاخ شکاوەوە. .... تۆ نەبی سەگ بە گووەوە دەیبا! فیرکەنی درۆزن... (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٥٦، ١٥٨، ١٧٠، ١٧٢). ئەم جۆرە گوزارشت و ئاخاوتنانە، یان ئەم گفتوگۆ کۆمەڵایەتی و جوێنانە لەسەر زاری کارەکتەرە جیاوازەکان، ئەوانەی لاوەکین و شا قارەمان نین، لەهیکرا، لەزۆر شوێنی ڕۆمانەکە ئازادانە و بەئیرادەی خۆیان دەردەکەون و دەئاخڤن و بەشداری لە گێڕانەوە و ئاخاوتن و پێشبینی و پێدانی زانیاریی دەکەن.

(ئەبو شەهاب) کە نووسەرێکی عەرەبە لەبارەی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە نووسیویەتی: "ئەوەی مایەی سەرنجە، پێناچێت قارەمانەکە، ڕەگەزێکی کارابێت لەڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا، یان کۆسپ بێت لەبەردەم ڕووداوەکاندا یان لەدروستکردنیاندا بەشدار بێت، یان کاریگەریی بەسەریانەوە هەبێت، بەڵکو لەئاوێنەیەک دەچێت وێنەی کارەکتەرەکانی دیکە بنوێنێت و لەمیانەیەوە ڕووداوەکان دوا بەدوای یەکدی بێن. ئیشکالیەتی ژیان لەنێوان ئەو یاخیبوونەدا کە دەیویست ببێت بەشۆڕشێکی

ڕاســـتەقینە و ئەو واقــیعە بــۆگەنەی بەردەوام و بێوچـــان لە هەوڵـــی دامرکانـــدنەوەی دەنگەکـــانی یـــاخیبووی ڕاســـتەقینەدایە. لەبـــارەی کارەکتەرکانیشەوە دەڵێت: ئەوپەڕی ساویلکەیی و بێهودەییە خوێنەر بەر لە خوێنـــدنەوەی ڕۆمـــانەکەدا لەڕوخســـار و ســـیما و واقیعییەکانـــدا، لەسیماکانی ناو ژینادا بۆ ڕوخسار و سیمای (مەحمـوود، مستۆ، یان سیابەند) یان کارەکتەرەکانی دیکەی ڕۆمانەکە بگەڕێت، یان ڕووداوەکانی ڕۆمـانەکە لەگەڵ ئەو ڕووداوە واقیعیـانەدا کە خـۆی دەیزانێـت، بەراورد بکات و پێکیـان بگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەگینە سیمای مەحمـوود لەزۆر سیمای دیدا ببینرێت و هەستی پێبکرێت و هەندێ خەسڵەت و سیمای مســتۆش لەچەنــد ســیمایەکی زۆر کەمــدا ببینــرێتەوە. بەڵام بەراورد و پێکگرتن جگە لە بەدحاڵی بوون هیچی تری لێ شین نابێت". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ٧٠-٧١). لەهەمان کاتدا (جەلال زەنگابادی) لەشیکردنەوەی ئەم ڕۆمانەدا دەڵێت: "سەدان هەزار کەسی وەکو کارەکتەرەکانی کۆچی سوور لەنێوماندا دەژین، هەزاران ڕووداوی وەکو ڕووداوەکانی ناو کۆچی ســوور لە کوردســتاندا ڕوویـان داوە و تـا ئەمـڕۆش ڕوودەدەن". (حەمە کەریــم عــارف، ٢٠١٢، ٨١). نەک کــارەکتەری وەکــو (مەحمــوود)، یــان (سیابەند)، یان (مستۆ و سادق و دلێر و مێرەم و زێنێ و خەلیفە خدر و میــرزا.. تــاد) وەکــو کــارەکتەری نەبەســتراوە بە خواســتی نووســەر دەردەکەون و قســەی خۆیــان دەکەن (خـــاڵە عەزە) لەهەڵســـوکەوتێکی سروشتیانەی دوور لە کۆنترۆڵ دەڵێت: خەلیفە خدر شەکری شکاندووە. نۆبەتی ئەو قەوانەیە. ئەوەتای من هەم حسێبی وەخت و ڕۆژ و ساڵ و ئەستێرە و ڕەمەزان و پارشێو و فیتار و جلەی گەورە و بچووک بۆ ئەم ئاواییە دەگرمەوە بۆ جارێ لێم تێکچووە! خەلیفە خدر ! کوڕە بەو خوایە دەزانم کەی ژنەکەشی بێ نوێژ دەبێ. خەلیفە خدر ! چاک بە حەدیسە

کێویلکە و مێویلکە گەوجی کردوون! بڕۆ هەی نۆ قەد و نێو کەرم لەدایەی خۆی و پیری پیرانەکەشی نا!. (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٥٢).

"چەند خۆشەڕابردووی لەدەست چوو، لەڕێی ژیاندنەوەی بیرەوەریی یەکێکی وەک حاجی سەر لەنوێ بهێنییەوە سەر شانۆی ژیان و دووبارە گیانی بخەیەوە بەر. مێژووناس کەم وایە بەوە ڕابگا مێژوو بکاتەوە بە چیرۆکێکی زیندووی سەرشانۆی ڕۆژگاری ئێستاکە". (مەسعوود موحەمەد، ٢٠١٠، ١٥٨). قسەکانی ئەو لەبارەی مێژووی لەبیرکراوی، نەزانراو و ئاڵۆزی حاجی قادری کۆییە. ئێمەش قسە لەبارەی مێژووی لەبیرکراوی ڕۆمانێکە، کە نزیکەی چل ساڵێک بەر لەئێستا لەبارەی ژمارەیەک ڕووداوی ژێرپەردەی خودی شۆڕشەوە نووسراوە، کە هەقیقەت و واقیعی وەکو خەیاڵێکی ئەدەبی وێناکردۆتەوە و باسی ڕووداوەکانی ئەو کاتە دەکات کە ڕۆمانەکەی تێدا نووسراوە و ئەمڕۆ بۆتە بەشێک لەمێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان. گرنگی ئەم ڕۆمانە لەوە دایە ئەو نەهاتووە مێژووی کۆن و بەسەرچوو زیندوو بکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕووداوەکانی وەکو کەرەستەیەک بۆ مێژوو، بۆ تۆمارکردنی هەقیقەتی قۆناغێکی سەخت و ئاڵۆز تۆمارکردووە. لەبەر ئەوەشە کارەکتەرەکانیشی "بەوردبینییەکی ئەوتۆ وێنە کێشراون کە وەکو کەسانی زیندووی ناو ژیان هەستیان پێدەکەین و هەر یەکەیان سیمای فیزیکی و سایکۆلۆژی و ئایدیۆلۆژی تایبەتی خۆیان هەیە و بەبیر و گوتار و کردارەکانیان لەیەکدی جیادەبنەوە و جیا دەکرێنەوە. بۆ نموونە سیابەند هەرچەندە غایبە، بەڵام ئامادەگی و حزوورێکی پڕشنگداری بۆ نموونە لەڕێگەی دایکی و سادق و مستۆ و تەنانەت ناحەزەکانییەوە پەیداکردووە". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ٧٧). بەشێوەیەکی دیکە هەتا ئەو کارەکتەرانەی کە بوونێکی فیزیکیان لەنێو دەقەکەدا نییە، بەڵام لەگێڕانەوەی ڕووداوەکان و وێناکردن و بیرەوەریی و هەتا لەپێشهاتەکانی

(مستۆ) لەبارەی (دلێر)ی کۆیلەی بەرپرسەکان کە دوور نییە لەپشتەوەڕا تەقەی لێ بکات و بیکوژێت، کەسایەتی نافیزییکی (سیابەند) دەبێتە کەسایەتییەکی فیزیکی کاریگەر و بوونێکی هەقیقی لەنێو ڕووداو و بیرەوەرییەکاندا پێ دەبەخشرێت.

نووسەر واقیعی کەسایەتییەکانی وا هەڵبژاردووە کە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی و ئەرکەکانیان بێت و لەنێو دەقەکەدا بەشدارییەکی زیندووی سەرەکیان هەبێت، بەشی زۆری کارەکتەرەکان لەڕێگەی (فرە دەنگیی و فرە کارەکتەرییەوە) بەشدارییەکی کاریگەریان لەنێو ڕووداوەکان و قسەکردن و گێڕانەوە و گفتوگۆکاندا هەیە. بەواتایەکی دیکە کارەکتەرەکان نەکراونەتەوە کۆیلە و گەمەیەکی بێ گیانی دەستی نووسەر، یان ڕێک پێچەوانەی ناوەکانیان بن. ناوەکانیشیان وایە (موستەفا) بەواتای پاکی و بێگەردی دەگەیەنێت لەکۆتایدا بەهۆی متمانە بەخوبوون و پاکییەوە دەبێتە قوربانی و لە پشتەوەڕا لەلایەن (دلێر)ی دەستەمۆی (مەحموود)ی بەرپرسی یەکەم و بالای نێو شۆڕشدا تەقەی لێ دەکرێت و دەمرێت. کەچی کارەکتەری وەکو (دلێر) ڕێک ناوەکەی پێچەوانەی ئەرک و پیشە و واتای ناوەکەیەتی، کەسێکی (دلێر) نییە بەڵکو کەسێکە ناپیاوانە هەڵسوکەوت دەکات و گەوادیشە، خوشکەکەی ڕادەستی (مەحموود)ی بەرپرس دەکات و بەراپۆرتی درۆ هاوسەنگەرەکانی خۆی لەناو دەبات.

بەپێی بۆچوونەکانی ڕۆماننووس لەبارەی کارەکتەر و پاڵەوانی چیرۆک و گوتیار نێو ڕۆماندا "گوتیار گرنگترین کارکتەرە لە هەموو ڕۆمانێکدا و هەموو کارەکتەرەکانی دیکە بەدەوری ئەودا دەسوڕێنەوە. گوتیار بوونەوەرێکە لە وشە دروستکراوە، بۆیە ناتوانێت لە دەرێی ڕۆمانەکدا هیچ بوونێکی هەبێت و گوتیار زادە و گوراوی خەیاڵە و وەکو هەموو کارەکتەرێکی دیکەی ناو ڕۆمان بەڵام لەوان گرنگترە. هەرچی ڕەفتار و کردار و گوتار و هەڵویستێکی هەیە، لەپێناو یەکێتی ناوخۆیی ڕۆمانەکەدایە

بۆیە گێڕانەوە لەسێ قالبی (من و تۆ و ئەو) دەبێت و گوتیاری قارەمان خۆی لەچیرۆکەکەدا بەشدارە. گوتیاری هەموو شتزان لەدەرێی چیرۆکەکەدایە و وابەستەی ئەو چیرۆک و بابەتە نییە کە دەیگێڕێتەوە. سێیەمیش گوتیارە گۆنگ (ملتبس)ە ئەم گوتیارە لەو چیرۆک و حاڵەتانەدا بەکار دەبرێت کە گوتیار نە (من، ئێمە)یە ونە (ئەو، ئەوان)ە بەڵکو لەڕووی دەم لە (تۆ، ئێوە)یە. واتە لە ڕێگەی دووەم کەسەوە بابەتەکە یان چیرۆکەکە دێتە گێڕانەوە". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ٤٢-٤٣).

بەجۆرێک دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە کارەکتەرانە لەنێو دەقی (کۆچی سووردا) بەشدارن و ئامادەن گفتوگۆ بکەن و بیروڕا بگۆڕنەوە، یان هەست و نەستەکانیان لەلایەن یەکێکی دیکەوە بگێڕدرێتەوە، وەکو ئەوەی خۆیان بەشداری گێڕانەوە و ئاخاوتنەکان بن.

سێکس و بەکارهێنانی ئافرەتێک بۆ دامرکاندنەوە حەزی سێکسی بەرپرسێکی باڵا و یەکەمی نێو شۆڕش لەچۆنیەتی وێنەکردنی ژوورەکەی و شێوەی ژیان و بیرکردنەوە و وێناکردنی ئەوانی دیکە بۆ خودی بەرپرسەکە جۆرێک لەو پەیوەندییە فکرییەی نێوان بەرپرس و پیشمەرگە سادەکان، بەرپرس و کار و فەرمانەکانی شۆڕش و بەرپرس و کۆمەڵگە و بەرپرس و ئافرەتمان بۆ وێنا دەکات. واتە خوێنەر دەتوانێت لەڕێگەی وەسفی شوێن و کات و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان لە (عەقڵیەت و سایکۆلۆژیا و ڕەفتار و کەسایەتی) کارەکتەرەکانیش بگات.

"مەحموود ژوورێکی بچکۆڵەی هەیە، تۆزێ چەپەکە... واباشە، موتالا زۆر دەکات. فاڵ بۆ چارەنووسی کورد دەگرێتەوە! ژوورەکەی دوو دەرگای هەیە. دەرگای چەپ هەمیشە داخراوە.. مەگەر تەنیا خۆی و هاورێ "پەروانە" لەو دەرگایەوە هاموشۆ بکەن! پەنجەرەیەکی بچووکیش کە دەڕوانێتە ڕۆژئاوا! وێنەی مارکس و ئەنگلز و لینین.. لە ژوورەوە بە

بەرزییەوە بەدیوارەکەدا داکوتروان. وێنەیەکی "ماو"یش لە خوار ئەوانەوە لەبەر خاتری خاترداران هەڵواسراوە!!

ئێستا بە ژوورەکەی خۆیدا دێ و دەچێ. خۆی دەدوێنێ: تا ئێستا باشت هێناوە مەحموود. هەر ئەوەندە کە بەتەواوی چاوترسێن بوون ئیدی داشت سوار دەبێ و بە کەیفی خۆت لێدەخوڕی". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٨). کارەکتەری ئافرەت پاکی و ناندەر و بڕوا بەخۆ و گونجاوی زۆری تێدایە لەوانە (تاتە و مێرەمی دایکی سیابەند و زێنێ و.. تاد). کەچی (پەروانە)ش هەیە، کە دەرپێ شلە و چێژ دەبەخشێتە (مەحموود). ئەم وێناکردنەی کەسایەتی پەروانە و پەیوەندییە ناشەرعییەکانی لەگەڵ مەحموود و ئەوانی دیکەش دەمانگێڕێتەوە سەر بیروڕایەکی هەقیقی نێو بیرەوەرییەکانی (هەڤال کوێستانی) کە دەڵێت: "خۆزگە سەرکردە و فەرماندەکانیش وەکو ئێمە، ئەوەندە پابەند و گوێڕایەڵی پرنسیپەکانی بیروباوەڕ دەبوون. ئەو نازانێ هەبوونی قەزیەیەک لەژیانی مندا لەهەبوونی ژن ڕێگرترە.. ئەو نازانێ ڕەنگە ژن جێ بەژن چۆڵکات، بەڵام بە قەزیە نا" (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ١٦٠).

لەهەمان کاتدا "ملکەچبوون بۆ چەوسانەوە هۆکارە بۆ دروستبوونی ترسنۆکییەکی توند، تا دەگاتە ئەوەی چەوسێنەر وا لێ دەکات بەتەواوی فکرەی ڕووبەڕووبوونەوە ڕەت بکاتەوە". (د. احمد کریم بلال، ٢٠١٥، ٦٤).


لە کۆچی سووردا هاتووە: " وەرن مەردی خوا بن، لەمەودوا بەدەهۆڵ و زوڕنای هەر کەس و نا کەسێک هەڵنەپەڕین... با لەمەودوا خۆمان بناسین. ئازایەتی ئەوەیە بزانی چیت لەباردایە و چت لە دەست دێ، نەک دەستخەڕۆی حەز و خۆزگە بی.. سواری سوار نەبێ هەر بارە بەسەر ئەسپەوە... سەر کاروانیکیش سەر کاروان نەبێت، دەبێتە باعیسی تۆپینی خۆی و زەرەری خاوەنی... کەری دێزەیە!". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٦٦).

لەم ئاخاوتنە کارەکتەرێک لەناخی خۆیدا دەئاخڤێت و لەمشتومرێکی فکری و هەڵسەنگاندنێکی ئازدانەیە، وەکو کارەکتەرێکی ئازا و هەستکردن بە کێشەی کۆیلەبوون و پاشکۆبوون و چۆنیەتی ئازادبوون لەو پاشکۆبوونە فکری و ئەخلاقی و مەترسیدارەی هۆکارە بۆ فەشەل، کارەکتەرەکە دوور لە خۆسانسۆر کردن دەئاخڤێت.

پرسیارە فکرییەکە ئەوەیە کارەکتەرەکانی شۆڕش پێویستە خۆیان لە هەست و نەستی دەروونی و عاتفی (حەز و خۆزگە) دەرباز بکەن دەبێت ببنە کەسانێکی سەرکردە و بەپرسی بەکردەوە بۆ ئەوەی کاروانەکەیان (شۆڕشەکەیان) سەرکەوتووانە بگەیننە شوێنی مەبەست. بەواتایەکی دیکە (ئازایەتی و ئازاد) بوونی مرۆڤەکان بە (خۆناسین و دۆزینەوەی ناسنامەی خۆ) دەبەستێتەوە.

لەنێو بیرەوەرییەکانی زۆر لە کادیر و پێشمەرگە و بەرپرسەکانی شۆڕشدا کە لەماوەی سی ساڵی ڕابردوو بەفەرمی بڵاوکراونەتەوە ئاماژە بە کۆیلەبوون و خۆسەپاندنی حزب وەکو ئامێرێکی بکوژی ئیرادە زیندووەکانی ئەندامەکانی شۆڕش کردووە. تاکو دەگاتە ئەوەی لەگێڕانەوەی گفتوگۆ ئامێزی ناخەکی لای (مستۆ) ئەمە بیر خوێنەر دەهێنێتەوە، کە:

"قازانجی حیزب لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، هەر کەسێ دڵسۆز بێ دەبێ ملکەچی تەواوی بڕیارەکانی حزب بێ.. ئێمە لەپێناوی پاراستنی ڕیزەکانی حیزبدا تەنانەت ئەندامەکانی خۆشمان دەکوژین. ڕێکخستنی پۆلاین ئەمەی دەوێ! ئا، دەیکوژین و پاشان لە بەرچاوی خەڵکی فرمێسکی بۆ دەرێژین..". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤١).




بەرهەمهێنانی کەسایەتی ترسنۆک، ئەوانەی خزمەتکار و پاشکۆی دەسەڵات و بەرپرسەکانن خۆیان بەتەواوی ملکەچی هەموو زولمێک کردووە لەپێناو ئەوەی دڵی بەرپرسەکانیان ڕابگرن، ئەمەش بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندیی کەسی و تایبەتییەکان. ئەوان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان نەک هەر ڕاستییەکان ئاوەژوو دەکەنەوە، بەڵکو ئامادەن "ئەوانی تریش" بسڕنەوە و بکوژن و لەناو ببەن.

ئازاد کارەکتەرێکی کۆیلەیە و بەستراوەتەوە بە بەرپرسی یەکەمی نێو شۆڕش (مەحموود) لە ئاخاوتنێک لەگەڵ (سەلام) کە ڕاپۆرتێکی بۆ بەرپرسەکەیان بە درۆ نووسیوە و دەیەوێت کەسێکی بێ تاوان تووشی کێشە بکات، دەڵێت "چۆنە ئازاد، تۆ بڵێ مامۆستا مەحموود بەدڵی بێ؟!. خۆزگە قەڵەم و ئینشای تۆم هەبایە، وەڵڵا من لە جیاتی هاوڕێ مەحموود بم دەتکەم بە مەسئولی ڕۆژنامەیەکی سیاسی. سەلام کۆڵێ کەیفی بەو

قسەیە دێت: بۆ؟!. وەڵڵا هەر بەینی خۆمان بێ، سوێن و جوێنی چاک دەزانیت". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٧٠).

لە ئاخاوتن و گفتوگۆیە کورت پڕ لەزانیاریی و ڕوونکردنەوە و پێشبینی و ختوکەدان و پاساوهێنانەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە (کەسایەتی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەنووسی سیاسی لەنێو شۆڕشدا کەسانی سوێند خۆر و جوێندەرن، ئەمەش دوو ڕەفتاری نادروستە، کە لای بەرپرسەکان گونجاون و متمانەی دروستکراو بەدەست دەهێنێت).

ناوی کارەکتەرەکان بەگشتی مەرج نییە نیشانە و هێمابن بۆ واتای ڕاستەوخۆی ناوەکانیان، بۆ نموونە:

(ئازاد) کۆیلەیە و ملکەچی بەرپرسێکی شۆڕشە.

(دلێر) هەرچی ترس و خراپەکاری و نامەردی و هاوڕێ کوشتن و پاکتاوکردن هەیە ئەنجامی دەدات.

(سەڵام) هیچ کاتێک بەدوای ئاشتیدا ناگەڕێت، بەڵکو کاری فیتنەچیەتی و ئاژاوەیە.

لەهەمان کاتدا پێچەوانەی ئەوەش هەیە:

(سادق) پیاوێکی ڕاستگۆیە و بە مێرەم دەڵێت سیابەندی تۆ شەهیدی ڕاستەقینەیە.

(مستۆ) پێشمەرگە و گەنجێکی پاکە و دەبێتە قوربانی و لە پشتەوەڕا لەلایەن دلێرەوە تەقەی لێ دەکرێت و دەمرێت.

(مێرەم) دایکی سیابەند ئافرەتێکە بەدوای هەقیقەتی کوژرانی کوڕەکەیدا هاوار دەکات و دەیەوێت ساخی بکاتەوە کوڕەکەی شەهیدە، نەک خیانەتکار و نزیکە لەناوی مریەم.

سەرباری پاڵەوانی فرەدەنگ و ئەو شێوازەی ڕۆماننووس بەکاریهێناوە دەمەوێت لەتەک بۆچوونەکانی (ئەبو شەهاب) و (جەلال زەنگەبادی) شتێکی دیکە، یان هەقیقەتێکی واقیعی و سروشتی دیکە لەبارەی

هەڵبژاردنی (فرە کارەکتەری) ئاماژە پێ بکەم. ئەوان لەڕوانگەی هونەریی و تەکنیکی نووسیندا شیکاری ڕۆڵ و ئەرکی پاڵەوانەکەیان کردووە، من دەمەوێت لەگەڕانەوە بۆ واقیعی نوێی سیاسی نێو خودی شۆڕش، کە خودی دەقەکەی تێدا نووسراوە شیکاری بەکارهێنانی ئەم جۆرە کارەکتەرە بکەم.

شۆڕش لەدوای ١٩٧٦ بانگەشەی فرە ئایدیۆلۆژی و فرە فکریی و فرە ڕێکخراوەیی و فرە دەنگی تێدا بڵاو بۆتەوە، نووسەر لەڕوانگەی دیموکراسی و لێکدانەوەی واقیعی شۆڕش و شیکردنەوەی ململانێی فکری و شیکاری جیاوازی هەلومەرجە سیاسییەکانی نێو خودی شۆڕش، ئەویش بەسود وەرگرتن لەتەکنیکی (فرە کارەکتەریی و فرە دەنگی) ژمارەیەک پاڵەوانی لەنێو ڕۆمانەکەی بەرهەمهێناوە، کە هەریەکەیان گوزارشت لە دۆخێک و فکرەیەک و بۆچوون و واقیعێکی سیاسی و فکری جیاواز بکەن و هەمووشیان ئازادن لەهەڵسوکەوت و کاردانەوە و بڕیار و سزا و کۆیلەکردن و ڕەتکردنەوەی شتە فەرزکراوەکان، وەکو ئەوەی (سیابەند)ی پێشمەرگە و (ئومێد) دۆستی شۆڕش لە قسەکانیان وەکو دوو گوتیاری نائامادە، بەڵام زیندوو لەنێو دەقەکەدا ئەنجامی دەدەن. (ئەو) لەبارەیانەوە شتەکان دەگێڕێتەوە.

واتە بەلای منی خوێنەر و لێکدەرەوەی ئەم دەقە نووسەر بە گێڕانەوەی واقیعی نوێی شۆڕش و گوزارشت و بەرجەستەکردنی کارەکتەرە هەقیقییە نوێیەکانی نێو شۆڕش پەنای وەبەر (فرەدەنگی و فرە کارەکتەریی) بردووە. لەبیری نەکەین ئەمە بەسوود وەرگرتن لەو هونەرەیە کە (دیستۆفیسکی) وەکو یەکەم ڕۆماننووس بەکاریهێناوە.

چونکە بەڕاستی واقیعێکی ئەدەبی نوێ هەیە، کە پەیوەستە بەفکری هاوچەرخەوە پێی وایە زاڵبوونی تاک گوتیاری لە جیهاندا لەسەردەمی نوێدا بۆتە شتێکی نەگونجاو، بەراورد بە گەشەکردنی فراوانی ڕۆشنبیریی

پەیوەست بە عەقڵی مرۆڤایەتی. ئەمە یەکێکە لەو ئەگەرە گرنگانەی نووسەری هانداووە لەسەردەمێکی کراوەی نوێدا، کە بانگەشەی فرەیی لەمینبەر و حزب و ئایدیۆلۆژیای تێدا کراوە، لەپێناو نیشاندانی ئەم فرەییە ئەگەر بە زارەکی و ڕۆتینییش بێت، کارەکتەرەکانی بەم شێوەیە هەڵبژاردووە و هیچیان لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا نین و کەسانێکی ئازادن و بەپێی تێگەیشتن و لێکدانەوە و تێفکیرن و وێناکردنی تایبەتی و کەسی خۆیان دەئاخڤن و بەرێک دێخنە مزگەوتی ڕۆمانەکەوە، یان وەکو( باختین) بەپێی لێکدانەوەی (ئێکسفۆرد) باسی دەکات "بریتییە لە ڕزگاربوونی دەنگی کارەکتەرەکان لەژێر دەسەڵاتی دەنگ لە کێشەکاندا".

**(https://www.oxfordreference.com/display/10.10)**

ئەمەش وایکردووە نووسەری (کۆچی سوور) خۆی لەکارەکتەرێکی سەنتریال و تاکڕەوی خاوەند بڕیارێکی ناوەندی تاکڕەوانەی کۆنترۆلکراو دەرباز بکات. چونکە فرە دەنگی لەنێو دەقدا دەبێتە هۆکار بۆ بەدیهێنانی بیروبۆچوونی جیاوازیش، لەوەی دیکەیاندا گوتیار بەپێی بۆچوونی قسەکەر لەڕێگەی پاڵەوانی ڕۆمانەکەوە شتەکان دەگێڕێتەوە، کەچی لەکۆچی سووردا هەموو کارەکتەرێک دەتوانێت شتەکانی خۆیان بگێڕنەوە. هەروەها لەهەندێک دۆخدا چیرۆکەکە لەلایەن گوتیارێک دەگێڕدرێتەوە کە بەشێک نییە لەگێڕانەوەکە و لەڕوانگەی کەسی نادیاری نائامادە چیرۆکەکە دەگێڕدرێتەوە. (**https://englishnotes07.wordpr**). لەهەمان کاتدا کارەکتەرە سەرەکییەکان دەرفەت بەبەشداری ئەوانی دیکەش دەدەن، شتەکانیان بگێڕنەوە، یان بیروبۆچوونەکانیان پێشکەش بکەن. ئەمە دروستکردنی گوتارێکی نوێیە، لەنێو گوتارێکی سەپێنراوی تاکڕەوانەی یەک پاڵەوان.

گوتاری شۆڕش گوتارێکی کۆنترۆڵکراوی یەک پاڵەوانی ناوەندی ئاراستەکراوە، بڕوای بەجیاوازیی و قبوڵکردنی ئەوانی دیکە نییە، بەڵام کاتێک نووسەر یاخی دەبێت لەم جۆرە گوتارە، دەقێکی (فرە دەنگی **Polyphony**)

بەرهەم دەهێنێت، لەپێناو دروستکردنی فرە گوتاری، ئەم فرە گوتارییەش لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای گوتارێکی ڕەخنەگرانەی یاخیبووانە دژی ئەو سەرکردانەی کاروانێک (شۆڕش)ێکیان بەرەو چیای هات و نەهات بردووە و لەوێدا تووشی نغرۆبوون و لەناوچوون و تێکشکانیان کردووە. خۆشیان پەرتەوازە و پەرش و بڵاوبوونەتەوە و چارەنووسیان دیار نییە.

لە کردەوەدا ئەم جۆرە گوتارە یاخیبووە هەنگاوێکە بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکی شۆڕش و ئەرک و گوتارەکەی، فرە دەنگی لەنێو گوتاری یاخیبووی ئەدەبدا لەنێو گوتاری باڵادەستی چەکداری لەنێو شۆڕشدا هەنگاونانە بۆ بەدیهێنانی " هاوسەنگی و بابەتی بوون لە گێڕانەوەدا" (**https://englishnotes07.wordpress.com**). ئەم هاوسەنگییە لەنێو بیرکردنەوە و کاردانەوە و هەڵچوون و گریمانەی کارەکتەرە هەمە ڕەگەز و هەمە پیشە و هەمە ئایدیۆلۆژیا و دونیابینی جیاوازیی کۆمەڵایەتییەوە بەرجەستەیە. نەک هەر ئەوە پێشبینی کارەساتی گەورەش لەبارەی گوتاری شۆڕش و فتبوونی خودی شۆڕشەکەش دەکات، ئەو کە لە ساڵی ١٩٨٨ باسی فتبوونی شۆڕش دەکات، ئەمە ڕوودەدات و شۆڕش بەتەواوی لەڕووی سەربازیی و پێشمەرگایەتییەوە تێک دەشکێت و جۆرێک لەنسکۆی دیکە بەسەر تەواوی شۆڕشدا دێت.

بەڵام نووسەر هاوسەنگی ئەم پێشبینیە ناخۆشە لەبارەی فتبوونی شۆڕشەکە دەڵێت:

"کوڕینە ئەم کاروانەشمان فت. هەموو تیکڕا وتیان: فت. خۆ ئێمە بێ کاروان هەڵناکەین!.. هەڵناکەین.. ناژین.. وەرن مەردی خودا بن، لەمەوەدوا بەدەهۆڵ و زوڕنای هەر کەس و نا کەسێک هەڵنەپەڕین..". (حەمە کەریم حارف، ٢٠١٢، ١٦٥-١٦٦).

ئەمە هاوسەنگی فرە کارەکتەریی و فرە گوتاریی هەقیقییە لەنێو گوتارێکی تاکڕەوانەی تاک پاڵەوان و کارەکتەری خودی شۆڕشی

چەکداری. هاوسەنگییەکەش لەوەیە (شۆڕشەکە تێکدەشکێت، بەڵام ئەوا بێ شۆڕش، ناژین)، پێویستە هاوسەنگییەکە بەوە دروست بکرێت، کە (چی دیکە نەکەونە دوای هیچ کەسێکی ناکەسەوە).

ئەمە ئەنجامی فرە کارەکتەرییە، ئەمە ئەنجامی فرە ڕەهەند و دونیابینی و فرە بیروبۆچوون و فرە لێکدانەوە و ئەرکە. ڕۆماننووس پێش ڕووداوەکان کەوتووە و پێشبینی (کارەسات و نسکۆیەکی نوێی شۆڕشی چەکداری) دەکات و دواتر ئەم ڕوودوانە لە ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی) و لە دوای ڕاپەڕینیش لەنێو (بیرەوەرییەکاندا) گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.

### تێکەڵبوون و ئاڵۆزکان

یەکێتی نووسەران لە شاخدا کە خۆیان وەکو (پێشمەرگەی نووسەر) وەسف دەکەن، بەکردەوە لەشۆڕشدا بوون و بەنووسینیش بەرگریان لەشۆڕش و مافی خەڵک و هوشیارکردنەوەی جەماوەر کردووە، بۆیە لە گۆڤاری (نووسەری کوردستان)دا لە پەیامێکیان ڕاشکاوانە بەمجۆرە پێناسەی خۆیان و ئەرکەکانیان کردووە: " کاتێ ئێمە دەستەیەک ئەدیبی پێشمەرگە بەئەرکی پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکردنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان هەستیان.... واتە ئەو ئەدەبەی لەناو شۆڕشدا بڵاودەکرێتەوە و دەبێت لەزۆر ڕووەوە جیاواز بێت لەو بەرهەم و ئەدەبەی نووسەرانی ناو شار بۆ بڵاوکردنەوەی ناو گۆڤار و ڕۆژنامە ئاشکراکانی ئەوێ ئامادەی دەکەن و دەینووسن.... ئەدەبی ناو شۆڕش پێویستە شان بەشانی چەکی پێشمەرگە بەگژ داگیرکەران و زوڵم دابچێتەوە و گیانی خۆڕاگرتن و بەرگری کردن لەناو کۆمەڵانی خەڵکیدا بخولقێنێ و سەر و سیما و ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەی پێوە دیار بێت". (نەوزاد عەلی ئەحمەد، ٢٠٢٢، ٥٧).

دەق و گوتاری مۆدێرن وەکو (کامۆ) ئاماژە پێکردووە لەوان سەردەمدا چەمک لێ تێکەڵبوون و سەرلێشوان و هیچ شتێکمان پێ ناگەیەنێت تەنیا (هاودژی) نەبێت، کە پەیوەستە بەکردەی کوشتنەوە، هەستکردن بەم دۆخەی بریتییە لە لێتێکەڵبوون و سەرلێشوان شتێکە لەخورەشتدا و لێی دەرباز نابین، ئەمەش وا دەکات کوشتن کارێکی پێویست بێت". (البیر کامو، ١٩٨٣، ١٠).

(نەوزار عەلی ئەحمەد) لەنامەی دکتۆراکەی کە تایبەتە بە ئەدەبیاتی شاخ چەند نموویەک دەهێنێتەوە و دەڵێت "دەسەڵات لەمەیدانی پێشمەرگایەتیدا بەتایبەتی سەرکردەکان و ڕێژەیەکی دیار لە پێشمەرگە ڕەخنەی قبوڵ نەبووە. زیندووترین بەڵگە چیرۆکەکانی (ڕەئوف بێگەرد)ە، لەگەڵ نۆڤلێتی (سەگوەڕ)ی (محەمەد موکری)، هەروەها وتارە ڕەخنەییەکانی ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی)، چەند کەسێکی ڕووبەڕووی سزا و ڕەخنە کردەوە. (ئەرسەلان بایز ئیسماعیل) یەکێک بوو لەسزادراوەکان زۆربەی سەرکردەکان تەنیا ئەدەبی ستایش و پیاهەڵدانیان قبوڵ بووە". (نەوزاد عەلی ئەحمەد، ٢٠٢٢، ٣٣). لەدرێژەی ئەم باسەدا لەهەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٤٥) جارێکی دیکە ئاماژە بەفشار دژی (ڕەئوف بێگەرد) کراوە و دەڵێت: "دوو بابەت لەدوو توێی ئەم ژمارەیەدا (نووسەری کورد) لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتی قبوڵکراو نەبوون (ڕقی پێویست و پیرۆز) نووسینی (سەعید ناکام) و ئەویتر چیرۆکی (هەنگاوێک لە ڕێگای دوورا) لەنووسینی (ڕەئوف بێگەرد) لەلایەن دەزگای پاراستن لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت و گوتیەتی "دوای بڵاوبوونەوەی چیرۆکەکەم لەلایەن پاراستن دەستگیرکرام و ئەو دەزگایە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردم و بڕیاریاندا نووسیم بۆ بڵاونەکرێتەوە. (ساڵح یوسفی) فریام کەوت و ئازادیان کردم". (نەوزاد عەلی ئەحمەد، ٢٠٢٢، ٤٤). توێژەری پێشوو پشتی بەبیرەوەرییەکانی (حوسین عارف و دیدارێکی خودی ڕەئوف بێگەرف لە ١٧-٢-٢٠٢٠) بەستووە. نازانم (کۆچی سووری) نەبینووە، یان بەئاگاییەوە ئاماژەی پێ نەکردووە، کە یەکێک لەم نۆڤلێتانەیە لەنێو

هەناوی شۆڕشدا نووسراوە و بەپێی ئەو زانیاریانەی لەچاپی نوێی لەدوای ڕاپەڕین ئاماژە بەوە کراوە، کە کتێبەکە (کۆکراوەتەوە و لەقاسمە ڕەش سوێندراوە). مەبەستم ئەوەیە (بڤەبوونی دەق) لەنێو شۆڕشدا کە هەڵگری گوتاری ڕەخنەگرانە بووە، مەسەلەیەکی مەترسیدار بووە، ئاسان نەبووە لەلایەن شۆڕش، یان هەندێک لەکارەکتەرەکانی نێو شۆڕش و فەرمان بەدەستەکانییەوە فەرمان دژیان دەرنەچێت.

دەتوانم بڵێم (کۆچی سوور) لەنێو شۆڕشی کوردستانی باشووردا، کە لە شاخدا نووسرابێت و لەنێو گەرمەی خەباتی چەکداری بڵاوکرابێتەوە، یەکەمین بەرهەمی ئەدەبییە لەشێوەی ژانری ڕۆماندا، یان چیرۆکێکی درێژ و بەتەکنیک و شێوازێکی نوێی ئەدەبی و هونەرێکی تازەی نووسیندا چاپ و بڵاوکرابێتەوە و دواتریش سانسۆر ڕێگەی بڵاوبوونەوەی گرتبێت و سووتێنرابێت، هەرچەندە (سەگوەڕی موحەمەد موکری پێش ئەو بڵاوبۆتەوە)، بەڵام ئەو هێندە بایەخی بە (فکر و شرۆڤەی فکریی و ئایدیۆلۆژی و جیاوازیکردن لەنێو ئەرکی دەقێکی بۆرژوازیی و چینایەتی و سیاسی) نەکردووە. لای من (سەگوەڕ ١٩٨٢) کە دەقێکی دانسقەیە، لەڕووی داڕشتنەوە زمانی سیاسی و جۆرێک لە تەکنیکی گێڕانەوەی ڕۆژنامەنووسی بەسەردا زاڵە، (کوچی سوور ١٩٨٨) پەیڕەوی لەتەکنیکێکی پتەوی هونەریی و فرە دەنگی لەداڕشتنی دەقەکە کردووە. هەردوو دەق وەکو فکرە کار لەسەر (یاخیبوونێکی ئەدەبی لەنێو یاخیبوونێکی شۆڕشگێڕانە) دەکەن. هەردوو ڕۆمانەکە لە کەرکووکە دەست پێ دەکەن و باس لە شۆڕش و پاکتاوکردن و سوکایەتی و کردەی نادادپەروەریی و سووتەمەنییەکانی نێو شۆڕش دەکەن.

(سارتەر) لەبارەی ئەرکی نووسین لەقۆناغە جیاوازەکانی ئەورووپا بیروڕایەکی تایبەتی هەیە و دەڵێت: "ئەو شتەی نووسەری سەدەی هەژدەهەم داوای دەکرد، بۆ ئەوەی لەدووپات کردنەوەی بێزار بێت، مافی

خۆی بوو دژی دەسەڵاتداری سەردەمەکی دژی مێژوو بیر بکاتەوە. بەمەش تەنیا بابەتە بنەڕەتییەکانی ئەدەبی شرۆڤە دەکرد. بەلای ئەوەدا نەدەچوو بیری چینایەتی بۆ خوێنەرەکەی ڕوون بکاتەوە: کارەکەی تەواو پێچەوانە بوو، ئەو بانگەوازەی ئاراستەی خوێنەرە بۆرژواکانی دەکرد، بانگەشەیەک بوو تاکو خۆشگوزەران بن و کێشە و ترسەکانیان لەبیر بەرنەوە، ئەو بانگەوازەش، کە ئاراستەی خوێنەرە ئەریستۆکراتەکەی دەکرد هاندان بوو تا واز لەخۆبەزلزانی و ئیمتیازەکانیان بهێنن. (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ١٧٢). (کۆچی سوور) لەچەرخێکی نوێی شۆڕشگێڕانە نووسراوە، داوا لە وەرگر و خوێنەرەکانی لەنێو دەقەکە و دەرەوەی دەقەکەش دەکات (واز لەو سەرکردایەتییە نەزان و خەڵک بە کۆیلەکەر و پاشکۆکردنە بهێنن، کە شۆڕشیان بەرەو تێکشکان و نەهامەتی بردووە). (مستۆ)ی شا قارەمان و پاڵەوانی چیرۆکەکە لەدواین ساتەکانی مردنی دەڵێت "کاروانێ نەزان و نەفامان سەر کاروانی بن، کەندێ کەمە، دەکەوێتە سەد کەندەوە....... ئینسان حەقیقەتێکی گەورەیە. کردار لەمەحەکی دەدا و ئهە .... ئهە... مەرگ، مەرگ، مەرگ، دوا... هە هە هە بریا...ری لەسەر دەدا". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٨٠). واتە نووسەر دەیەوێت ئەوە بە خوێنەرە شۆڕشگێڕەکانی بڵێت (مرۆڤ هەقیقەتێکە مەرگ بڕیاری لەسەر دەدات) و کاروانێک سەرکردەکانی نەزان و نەفام بن هەر جارێک نا سەد جار دەکەوێت. واتە ڕەخنە لە (کەوتنی شۆڕش و کەوتنی هەقیقەتی مرۆڤ) دەگرێت، پێی وایە مەرگ هەقیقەتی مرۆڤ ئاشکرا دەکات، کە پەیوەندی بە (کردارەکانییەوە هەیە). ئەو نایەوێت خوێنەرەکانی واز لە ڕەفتار و بیرۆکەیەک بهێنن، بەڵکو دەیەوێت پێیان بڵێت مەرگ هەموو هەقیقەتەکان ئاشکرا دەکات.

(حەمە کەریم عارف) ئەو کات خەریکی وەرگێرانی ژمارەیەک دەقی پەیوەست بەم جۆرە ململانێ و کاری شۆڕشگێڕی و خەباتی فکری و

سیاسی چەپخوازنەی پێشکەتوو بووە، خەریکی وەرگێڕانی (نامۆی ئەلبێر کامۆ) بووە، بێگومان ئاساییە بەهەمان ئاراستەدا بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی جیاواز لەدەقەکانی پێشەخۆی، دەقێک کە پەیوەندیی بەڕووداوە مێژووییەکانی ململانێی فکری و ئایدیۆلۆژی و دەسەڵاتی چەقبەستووی نێو خودی شۆڕشی چەکداری و کێشە چینایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستانی هەبێت، دەقێک بەرهەم بهێنێت لەسەر بنەمای فرەدەنگی و بەردەوامی، ئەو لەم دەقەیدا قووڵتر لەڕووداوە مێژووییە سەرکەشە ڕەشۆکییەکان و دیارەکان بڕوانێت و پێوانەی فکریان بۆ بکات. ئەو لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا دونیایەکی خەیاڵیی دروستکردووە، کە دەکرێت شتەکان هەقیقی بن و دەشکرێت هەر خەیاڵکردی خودی نووسەر بن. ڕۆمان دەقاو دەق شتەکان وەکو خۆی ناگوازێتەوە، بەڵام ئاوێنەی سەردەمەکەی خۆیەتی، یان ڕووداوە مێژووییەکان بەشێوازێکی فکری نوێ لەدیگای تازەوە زیندوو دەکاتەوە.

ئەو بیر لەئاڵۆزیی و تێکەڵبوونە فکرییەکانی ڕووداوەکان دەکات، ڕووداوەکان هەروا بۆ خۆشیی و هاندانی خوێنەرەکانی لەپێناو گەڕان بەدوای ژیانێکی خۆش و دوور لەکێشە و بەدیهێنانی ئازادی بێ تێپەڕین بەکارەسات و ناخۆشی و ململانێی و ئاڵۆزبوونی کێشەکان و فکر و ئایدۆلۆژیا هان نادات، بەڵکو وەکو دەقێکی جیاواز خۆی نمایش دەکات. نمایشێکی جیاواز لەنمایشە ئەدەبییە فکرییەکانی دیکەی پێشەخۆی. بۆیە جۆرێک لەجیاوازیی تێدایە. جیاوازییەکەشی لەوەدایە بەهۆی ئەم بیرکردنەوە فکرییە پێشکەوتنخوازە چەپگەراییە چینایەتییەی لەخۆی گرتووە، گروپە چەپەکانی ئێران پێش بڵاوبوونەوەی بەزمانی کوردی دەیکەنە فارسی و بەزمانی فارسی لەشێوە چاپێکی نهێنی شۆڕشگێڕانەدا چاپ و بڵاوی دەکەنەوە. مەبەستم ئەوەیە لەم ماوەیەدا چەپەکانی ئێران بووبوونە سەرچاوەیەکی وروژێنەر و هاندەری فکری بۆ ئەو ناوچانەی

(کۆچی سوور)ی لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشی چەکداریدا لێ بەرهەمهێنراوە. بەواتایەکی دیکە (یەکێتی و کۆمەڵە) پەیوەندییەکی توندیان لەگەڵ ئەم گروپانە لەڕووی خۆبەستنەوە بەفکری چەپخوازیی و هەروەها دروستکردنی بنکە و بارەگای گروپە چەپەکانی ئێران هەبووە.

لەژووری (مەحموود)دا وێنەی (مارکس و ئەنگلز و لینین لەژوورەوە بەبەرزییەوە بەدیوارەکەدا داکوتراون وێنەیەکی "ماو"یش لەخوار ئەوانەوە لەبەر خاتری خاترداران هەڵسواسراوە".

لەگفتوگۆیەکی ورد و جدی دەڵێت: بەکورتی پێشمەرگایەتی پوختە و کاکڵەی شۆڕشە. شۆڕشیش گۆڕانە.. گۆڕینی هەموو مەیدانەکانی ژیان.. ئەوەی تۆش پێی شوکری بەڕای من شەڕە، نیمچە بزووتنەوەیەکی چەکدارانەیە. ڕاستە شەڕی قارەمانانە دەکەین بەڵام لەوەتەی هەین هەر شەڕ دەکەین. جا ئەو شەڕە نەگۆڕین بە شۆڕش هەر ئەوە بەشمان دەبێت". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٢٤، ١٤٨).

لەشوێنێکی دیکە لەڕووی فکرییەوە، وەکو ئەوەی لە کۆلیژێکی سیاسی و ئەکادیمی بێت، گفتوگۆیەکی گەرم و پڕ واتا و سیاسی لەبارەی چەمک و ناوونیشان و ناسنامەی شۆڕشەکە دەکەن و گوتارێکی ڕەخنەگرانەی ئاشکرا نیشان دەدەن، کە دەڵێن: "خۆ خەڵکانی شۆڕشگێڕمان هەن، بەڵام حەیفێ هێشتا لەچوارچێوەی شۆڕشدا خڕ نەبوونەتەوە. بۆیە دەبێ بزووتنەوەکەمان پرۆلیتاریزە بکرێ. ئاگامان لە بۆرژوا بێ، چونکە بۆرژوا لەهەموو دونیا هەر سەڵەفێ دووانە و پاشان با دەداتەوە و ترسی شۆڕشی لێدەنیشێت". (حەمەکەریم عارف، ٢٠١٢، ١٢٥). (مامۆستا جەعفەر)یش لەبارەی (ورەد بۆرژواییەوە بەسەرهاتێک دەگێڕتەوە و دەڵێت: مام جەلال لە پیاسەیەک لەشاخ گوتی : مامۆستا جەعفەر ئێوە کادرەکانتان فێری ڕەوشتی بۆرجوازی دەکەن!. زانیم مەبەستی ناوساجییەکەی ئازادە، من بە پرسیارێک لەدەربڕینەکەی ئەو خۆمم نەبان

کرد. نازانم مەبەستت چییە! هیچ ڕوویداوە؟. مام جەلال گوتی: ئازاد نابینیت، تاوەیەکی پڕ لە ڕۆن کردووە و خەریکی ناو ساجییە؟. من گوتم: بەناو ساجییەک خەڵک دەبێتە بۆرجوازی؟. مام جەلال گوتی: ئەمە ڕەوشتێکی بۆرجوازیانەیە. ئێوە کادرەکانی خۆتان فێری ڕەوشتی خراپ دەکەن و شۆڕش بەرەو هەڵدێر دەبەن!. (مامۆستا جەعفەر،٢٠٢٠، ٣٩٣-٣٩٤). لەنێوان ئەم تێگەیشتنە و بۆچوونەکانی نێو ڕۆمانەکە مەبەست و گوتار و شیکردنەوەی جیاواز هەیە، بەڵام تێگەیشتن و پلار و لێکدانەوەی فکری جیاواز لەنێو گوتارەکانیان لەخۆ دەگرن.

(ئەبو شەهاب) لەشیکردنەوەی ئەم ڕۆمانەدا گووتیەتی " وێڕای ئەمەش دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بێگومان لەوەزع و حاڵێکی دیاریکراو ناڕازییە بۆیە دەداتە شاخ، بەڵام ناڕەزاییەکەی ناڕەزایی کۆیلەیەکە لەئاغا، ناڕەزایی چەوساوەیەکە لە چەوسێنەر، نەک ناڕەزایی و ڕەفزێک دژی جیهانی ئاغایەتی و کۆیلایەتی". (حەمەکەریم عارف، ٢٠١٢، ٦٤). (جەلال زەنگەبادی)یش دەڵێت " نووسەر لەئاستی خودی و ئەخلاقی و نەتەوەیی و مرۆڤانی تاسەر مۆخ خۆ بەخۆ و بێ هیچ واسبەتەیەکی ئایدیۆلۆژی تەسک، کەسێکی پەیامدارە و پابەندە. ئەو نیگەرانییە بەدی دەکرێت کە ئەدەبی باش لەدڵ و دەروونانی دەخولقێنێت سەبارەت بە ڕوو بە ڕووبوونەوەی جیهانی واقیعی، کە دەشێت لەهەندێ هەلومەرج و بارودۆخی دیاریکراودا بە دژایەتی دەسەلات و دامودەزگاکانی، یان بیروباوەڕ و داب و نەریتی باو لەقەڵەم بدرێت و بخوێندرێتەوە وەکو (سلاڤ هافل) دەڵێت هەر کۆمەڵگایەک تواناى (نەء) گوتنی لەدەستدا، خەڵکەکەی دەبێت بە مێگەلە مەڕ". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ٩١-٩٢).

گوتاری ڕەخنەگرانەی ئەم جۆرە دەقە ئەوەمان نیشان دەدات، کە دەق ئەگەر لەچوارچێوەیەکی بەرترسکیشدا بڵاوببێتەوە، کاریگەریی لەسەر دامودەزگا و بیروباوەڕ و دەسەڵاتدارەکان دروست دەکات، ئەگەر

هەلومەرجی ڕەخنەگرتنەکە لەنێو پرۆسەیەکی سەختی شۆڕشگێڕانەی چەکداری بێت، بێ هیچ گریمانە و پێشهاتێک کاردانەوەی توند و خراپ لەگەڵ خۆی بەرهەم دەهێنێت. گوتاری کۆچی سوور گوتارێکی ڕەخنەگرانەی شیکاریی فکریی لەخۆ گرتووە. لەلایەک پێناسەی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیای شۆڕشەکە بە (وێنەی سەرکردە کۆمۆنیستەکانی جیهان) دەبەستێتەوە، پلارێکی ڕەخنەگرانەش لەبارەی وێنەکەی (ماو) ئاراستە دەکات و لە بنەڕەتدا وەسفی هەڵواسینی وێنەکان خۆی لەخۆیدا ڕەخنە فکرییە ستراتیژیەکەیە کە نووسەر پێی وایە ئەمە (شەڕە، نەک شۆڕش) و (پێویستە بە پرۆلیتاریزە بکرێت، واتە چەپخوازنەی درۆینەیە) و (بۆرژوا باڵادەستە، کە هەمیشە لەبادانەوەیە). (فکری شۆڕشەکە ناکۆکی لەنێوان مارکس و ئەنگلز و لینین و ماو لەلایەکی دیکە لەخۆ دەگرێت). ئەمە کاکڵەی وەسف و پێناسەی فکری و ئایدیۆلۆژیای شۆڕشە چەکدارییەکەیە.

لەهەمان کاتدا لەم دەقەدا هەست دەکرێت فرە دەنگیی و فرە کارەکتەریی هەیە، هەر یەکێکیان خاوەنی گوتارێکی جیاوازن، یان لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ ڕووداو و پێشهاتەکان سەبارەت بە ئەنجام و چارەنووسی خودی کاروانەکە و ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکان هەیە. بەواتایەکی دیکە ئەم کارەکتەرانە دەتوانن مایەی دەربڕین و گوزارشت بن لەبارەی دۆخی (کۆمەڵایەتی و چینایەتی و فکری و دەروونی و ئاستی ڕۆشنبیریی و توانای لێکدانەوەی شتەکان و ڕەفتار و بۆگەنبوون و پاکتاوکردنی یەکتر و ... تاد ).

لەڕێگەی شێوازی ئاخاوتنەکان و بەکارهێنانی زاراوەکان، لەچۆنیەتی ئاخاوتنیان دەتوانرێت شێواز و جۆری کۆمەڵایەتی قسەکەرەکان و زمانی ڕەگەز و ئاستی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئایینی کەسەکان دیاریی بکرێت، بێ ئەوەی نووسەر چووبێتە نێو درێژدادڕی و وەسفکردن و گێڕانەوە لەپێناو

وەسفکردنی کەسایەتی کارەکتەرەکان و ئەو دابەشبوونە جوگرافی و کۆمەڵایەتی و زارەکییەی کارەکتەرەکان لەنێو دەقەکەدا هەیانە.

نووسەر هەر تەنیا وەسفی دۆخە سیاسییەکەمان بۆ ناکات بەڵکو لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی کۆمەڵایەتی زمانی کارەکتەرەکان ئەوەسمان بۆ وەسفدەکات، ئاستی ڕۆشنبیریی و پێکهاتەی چینایەتی و ئاستی ڕۆشنبیریی و تێڕوانیان لەباری ئافرەت و پیاو چییە. چۆن زمانی فەرمی و نافەرمی لە گوتاری دەقەکە پێگە و دەسەڵات و هێزی دەربڕین و گوتنەکان دیاریی دەکات:

"کەسێ بەشیری تۆ گۆش کرابێ، زەحمەتە خێرەوەدا ... دێڵە قۆڕی شیر سەگ.

بێ بەڵا بی پیاوەکە، تۆش بە کەر ناوێری و ...

دە فلتەفت چەتیو، بە کەل ناوێلی..". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٠٢).

لە گفتوگۆیەکەی نێوان مستۆ و خانەخوێیە لادێیەکەدا هاتووە:

"بەخێر بێی سەرچاو... تفەکەی دەمم قووت دایەوە. سەلامەت بی... بژی". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٢٠). لێرە بەکارهێنانی دەستەواژەی (بژی و سەلامەت) بیت ئاماژە بە قسەکەرێکی (ڕۆشنبیر، شاری، جیاواز لە شێوازی ئاخاوتنی گوندنشینەکان) دەکرێت. لەم دەستەواژەیە بۆمان دەردەکەوێت (پێشمەرگەی ڕۆشنبیر، شاری) بە شێوەیەکی جیاواز لەوانی دیکە (دەئاخڤێت و خاوەنی ژمارەیەک وشە و دەربڕینی جوودایە). بەواتایەکی دیکە شێوەزمانی جووتیار و مامۆستا و ڕۆشنبیر و ئایندار و ئافرەت و پیاو و سیاسی و کاسبمان... تاد بەکارهێناوە و هەر خودی زمانەکە دەبێتە پێناسە و هێماش بۆ ناسینەوەی کەسایەتی کارەکتەرەکان.

لەشوێنێکی دیکەدا هاتووە:

"ئێ کاکی پێشمەرگە دەڵێی پەلەتە...

چیت حەرز بکەم. خۆم بە پێشمەرگە دەزانم، خۆزگە هەموو کەسێک وەک جەنابت بوایە!.

خەمت نەبێت ئەو ڕۆژەش دێت.

بەڵام میرزا گیان، پێشمەرگایەتی دەبێ لە چوارچێوەی شۆڕشدا بێ، ئەگینا...

ئەوە نییە شوکور شۆڕشمان هەیە!

میرزا گیان، هەموو چەک هەڵگرێ پێشمەرگە نییە...". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٢٤). لێرەدا (کاکی پێشمەرگە) وشەیەکی میللیە، دەنا خۆیان یەکتر بە (هاوڕێ، هەڤاڵ، برادەر، هاوبیر.. ) بانگ دەکەن. بەڵام کاکی پێشمەرگە بەزمان و شێوازێکی فەرمی و بەرز و نیمچە ئاڵۆز لە واتا و قورس لە تێگەیشتن وەڵامی میرزا دەداتەوە. ئەمە نیشانی دەدات کەسێکی ڕۆشنبیر و پێشمەرگە بەشێوەیەکی جیاواز و زمانێکی نیمچە جیاواز لە خەڵکە عامییەکە دەئاخڤێت. ئەم جۆرە جیاوازییە بۆ خۆناسینەوە و پێناسەکردنی کەسەکە و نیشاندانی ناسنامەی کارەکتەرەکەیە.

یان لەدرێژەی گفتوگۆی نێوان (مستۆ و میرزا)دا هاتووە:

میرزا لێت تێدەگەم، دەزانم چ دەڵێم، ڕاست دەکەی عیبادەتە... بەڵام داخۆ ئاگات لێیە من و تۆ لە چ چڵکاوێکا دەژین! چڵکاوێ پڕە لە دز، دەست بڕ، لێبۆک، بێکار، فالچی، ماستاوچی، قۆنتەراتچی، سیاسەتچی!! بۆرە پیاو، ڕیاکار.. ئەدی ئاگات لێیە هەرچوار دەرویشمان ئاگرە! دەمێنین وردە وردە بۆنی چڵکاو دەگرین... هەڵبەتە مامۆستا ئەحمەد گوتەنی دەبێ بە چنگ چڵکاوەکە بکەین بە ئاگرەکەدا.. تا دەبین بەخاوەنی تەواوی خۆمان". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٢٥).

لەم گوزارشتە کورتەدا پێکهاتەی ئەندام و کارەکتەر و دۆخی نێو شۆڕشمان پێ دەڵێت، زمانێکی سادە، بەڵام واتابەخشینێکی ئاڵۆز و قووڵ. هەموو کەسێک دەزانێت (چڵکاو) لەڕووی سروشتییەوە چی دەگەیەنێت،

بەڵام ئاسان نییە (هاوواتا و پێکچوواندنەکە بزانێت). ئینجا پێمان دەڵێت ئەم شۆڕشە چەکدارییە کە (پێشمەرگایەتی بە عیبادەت) دادەنێت، چ جۆرە کەسێک و خەڵکێکی تێدایە، تەنیا سیاسییەکانیش سیاسەتچین، نەک کەسانی بە هەقیقی و واقیعی سیاسی. گوتارێکە لەڕێگەی ئەم وەسفە خێرا و کورتە، دونیایەک زانیاریمان لەبارەی کەسایەتی و پێکهاتە و جۆری ئەندامەکان و چۆنیەتی بیرکردنەوە و کار و ئەرک و ئاکامەکانیان پێ دەبەخشێت، پێمان دەڵێت پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ڕۆشنبیریی و ڕەفتار و ئامانجی ئەم کەسانە لەنێو شۆڕشدا چییە، کە بە (چڵکاو) وەسفی دەکات. لەبیری نەکەین بە کادر و مادرەکانیشیان دەگوت (مامۆستا). بەواتایەکی دیکە ئەوانەی قسەزان و گوتەبێژ و قسەکەری شۆڕشبوون و ناویان کادر بوو، پێیان دەگوترا (مامۆستا) بۆ ئەوەی لە ڕەشە خەڵکەکەی دیکە جیابکرێنەوە.

ئەمە گرنگە لەنێو دەق لەڕێگەی بەستنەوەی زمانە بەکارهێنراوەکە چین و توێژ و پیشە کۆمەڵایەتی و ئاست و ڕەگەزەکان بناسرێنەوە، یان وەسفبکرێن، بێ ئەوەی چەندین لاپەڕە بۆ وسفکردنیان تەرخان بکرێت. لەڕێگەی ئەم شیکردنەوەیەدا دەتوانرێت گوتاری دەقەکە، یان ئەرکی هەمەجۆر و فرەیی گوتارەکە دەست نیشان بکرێت. ئێمە دەزانین ڕۆمان واتە گێڕانەوەی ڕووداو گەلێکی کۆمەڵایەتی سەردەمێک. ئێمە لەڕێگەی کۆچی سوور هەر تەنیا دوێنێ (مێژوویی) بەسەرهاتەکانی نێو شۆڕشی چەکداری ١٩٧٦-١٩٩١ کوردستانی عێراق/ باشوور ناخوێنینەوە، بەڵکو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و دۆخی دەروونی و شێوازی ئاخاوتن و زمان و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکانیش هەست پێ دەکەین. لە ڕێگەی ئەم وەسفانە دەزانیین چ جۆرە کەسێک لەنێو شۆڕشدا ژیاون و چ جۆرە چڵکاوێکیان دروستکردووە. ئەمەش ناکۆکی لەنێوان چەمکی (پێشمەرگە وەکو عیبادەت و پیرۆزیی و شکۆ) و

هەروەها (كۆیله و دز وخراپه كار و قۆنتەراتچی و .. تاد) نیشان دەدات، چۆن ئەم ڕەفتارە خراپانە شكۆ و پیرۆزی پێشمەرگەی لەنێو شۆڕشدا شكاندووە.

تادەگاتە ئەوەی بڵێت ئەمانە (شۆڕشگێن.... نەک شۆڕشگێڕ!).

**خۆفرۆشی و لەشفرۆشی**

شۆڕش ئەركی گۆڕانكارییە، گۆڕانكاری لەسەرتاپای ژیان بۆیە لای هەندێک مەزەندەی گۆڕانكاریی ئەوەیە نیمچە ئاژاوە و دەرکەوتن لە نەریت و سیستەمە باوەكان دەربچن. هەندێكیش بەواتای دروستكردن و گۆڕانكاریی نوێ لەهەموو بوارەكان دادەنێن. مرۆڤەكان لەپێناو گەیشتنە ئامانجێكی نارەوا پەنا وەبەر فكره و لێكدانەوەكانی ماكیاڤیلیی دەبەن ئەمەش وایكردووە بەشێک لە بیروباوەڕ و ڕەفتار و نەریتی شۆڕشگێڕانە بخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە، بەتایبەتیش لەبواری كۆمەڵایەتی و چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ ئافرەت.

لەم ڕۆمانەدا ژمارەیەک كەسایەتی جیاوازی ئافرەت وەكو كارەكتەرەی بەشدار لە ڕۆمانەكە هەن، ئەوان لە پێگە و شوێنی كۆمەڵایەتی بەپێی نەریتە كۆمەڵایەتییەكان بەشداری لە ژیانی كۆمەڵایەتی دەكەن. لەوانە (زێنێ) كە مێردەكەی لە گێڕانەوەیەكدا دەڵێت : "بچم بۆ لای ئەو دەیوسە، باشە... عەزە گۆلک ، نا، نا.. زێنێ بنێرم چاكترە: هەستە حورمێ هەستە.. بڕۆ بۆ لای خاڵە عەزیز بزانە تەگبیری چییە؟!". (حەمە كەریم عارف، ٢٠١٢، ١٥٥). لەم وێنەیەدا ئافرەت بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی ڕێزلێگیراوە و خاوەن ئیرادە و كەسایەتی خۆیەتی. بوونەوەرێكی ڕێزلێگیراوە، هەرچەندە بوونەوەرێكی سادەیە، لەنێو پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتی سادە

دەژیت و هیچ گومانێکی لەخۆ نەگرتووە. نەک هەر ئەوە بوونەوەرێک نییە، بۆ ئیستغلالی سێکسی و گومانی گوماناوی.

لەهەمان دونیای ئەم ڕۆمانەدا (پەروانە)ش هەیە کە ئافرەتێکە ئیستغلالکراوە، یان خۆی لەپێناو مەرامی کەسی خۆی هەموو شتێک دەکات، لەبەشێکی ڕۆمانەکەدا هاتووە: "مەحموود بەرپرسی شۆڕش دەپرسێت، دلێر پەروانە بۆچی نەهات، بەخۆم دەچم بەشوێنیا. مەحموود لەسەر جێگاکە ڕادەکشێت، چاو دەبڕێتە بنمیچەکە..: نازانم..

لەپڕ بەئەسپایی لەدەرگا دەدرێ، دەرگا دەکاتەوە پەروانەیە... پەروانەی چی! دەڵێی تازە بە بووکی دابەزیوە، کە هەنگاو دەنێ سمت و کەف و کوڵی وەکو پرینگ دەکەوێتە سەما. چاوە باشقاڵەکانی پیاو بەنج دەکەن. مەمکەکانی چەشنی جووتێ قومری سڵ کرد و بە ئاستەم لەدرزی کراسەکەیەوە دیارن. مەحموود توند مەچەکی دەگرێ. ئەویش لەهەموو ژیانیا هەر دۆخین شل بووە. بەختی مەحموود ناز دەفرۆشێ. خۆی قورس دەگرێ.". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٥٠). لەم گێڕانەوەیەدا کە کەسی سێیەم (ئەو) شتەکان دەگێڕێتەوە، کارەکتەرەکان هەموو شتێک دەکەن و بەشدارن لە کردەی نمایش و ڕازیکردن و کارتێکردن و پێشوازیی و چێژ و .. تاد، بەڵام لەکردەوەشدا خۆیان نین، ئەوانی دیکە باسیان دەکەن. ئەم جۆرە باسکردنەش لەکردەوەدا لەڕووی هەقیقییەوە وەکو ئەوە وایە هەواڵی خراپی کەسانێک کەوتبێتە سەر زاری خەڵک و خەڵکیش لەنێوەخۆیاندا بە پسکە پسک و نهێنی و ئاماژە و لێرەو لەوێ وەکو پلار و ناڕەزایی و ڕەخنە باسی بکەن. لەم گێڕانەوەیە ڕێک دۆخی ئەو چەشنە گێڕانەوەمان دێتەوە بەرچاو، کە خەڵک باسی ئەو، یان ئەوان و تۆ و ئێمە بکەن. کەسی سێیەم، باسی کەسی سێیەم، یان دووەم، یان یەکەم دەکات، کە لێرەدا کەسی سێیەمی تاک (ئەو) باسی (ئەوان) واتە (مەحموود و دلێر و پەروانە) دەکات.

ئافرەت وەکو جەستەیەکی ئیستغلالکراو نمایش دەکرێت، سەرباری ئەوەش لەنێو شۆڕشدا، کە بانگەشەی کەرامەت و ئازادی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و پەرەپێدانی بەشداری ئافرەت لەشۆڕشی وەکو بنەما و مەبدەئی شۆڕشگێڕانەی تێدا دەکرێت، کەچی ماکیاڤیلانە پاساو بۆ ئامانجە خراپەکانی بەکارهێنانی ئافرەت دەهێننەوە.

با نموونەی کوشتنی (ڕێبوار چاوشین) ئاماژە پێبکەین، ئەو پێشمەرگەیە لە ناوچەی سێوسێنایەتی و دەیان شوێنی تری کوردستان ڕووداوێکی وا رووبدات، لەماڵە کوێخایەک کێشەکە چارەسەر دەکرێت و هیچیش ڕوونادات. پێشمەرگەکانی ((شۆڕش))ی کوردستان ڕێبواریان گرت و بەدەستی خۆیان هاوڕێیەکی دڵسۆزی خۆیان کوشت. (مامۆستا جەعفەر، ٢٠٢٠، ٤٠١). تا دەگاتە ئەوەی (ئەم پیاوە تەنیا بڕوای بە کوشتن و بڕین و زەبروزەنگە. لەنزیکترین کەس و هاوڕێی خۆی دەسپارێزی ناکات!. (مامۆستا جەعفەر، ٢٠٢٠، ٣٢٠). سەرباری لیستی ئەو ئافرەتانەی بە بڕیار و فەرمانی بەرپرسی کۆمەڵە لەنێو سلێمانی کوژراون، (مامۆستا جەعفەر) لەبارەی کوشتنی (عەبدولرەزاقی وەستا وەهابی نەقاڕ ١٩٥٦- ١٩٨٣ ناسراو بە شەهید وریا، یان (وریای وەستا وەهاب) دەڵێت: بزاڤێکی سیاسی شۆڕشگێڕی ئازادیخواز، پێویستی بە تیرۆری سیاسی و ناسیاسی نییە. پێویستی بەوە نییە ئەندامێکی خۆی بکاتە بکوژ و پاشان بە دڕندانەترین شێوە، ئەو ئەندامە فیداکار و بوێرەی خۆی بکوژێتەوە!. بەیانەکەی (م.س) کۆتایی بە (لیژنەی ئیغتیالات) و چالاکی و جموجوڵ و تیرۆری (ڕێکخراوی) ئەوان هێنا. (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ٣٦٩).

لەشفرۆشی وێنەیەکی نەرێنییە بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ سیستەمی حووکمی چەوسێنەر، کە هەژارەکان و خەڵکە سادەکە پەراوێز دەخات. ئەمەش وێنەیەکی ڕەمزییە بۆ ڕیسواکردنی سیستەمی حووکم، چونکە

سیستەمەکە هانی ڕۆلەکانی گەلەکەی دەدات بەجۆرێک لەجۆرەکان ببنە کۆیلە. (د. احمد کریم بلال، ٢٠١٥، ٦٧).

تەنیا لەئەنجامی ئەو یاخیبوونەی نووسەر لەنووسینەوەی ڕۆمانەکە پەیڕەوی کردووە، کارەکتەرەکانیش لەگێڕانەوە و خەیاڵاندن و وەسفی ئەوانی دیکە و ئەو دۆخەی تێیدا دەژین ئازادانە مەحموود لە قسەکردن لەگەڵ خۆی و ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی ناوەکی دەڵێت: "ئا، ئاگات لەم دلێرە خوشک حیزەش بێ، خەریکە خۆی لێدەگۆڕێ، وای بتەزێنە جارێکی دی نەتوانێ لەبەردەمتا چاو هەڵبێنێ. بابێ، با خوشکە قەحبەکەی بێ!... سەیرە بۆ نەهات! دوور نییە ئێستا لەژێر درەختێکا خۆی دابێتە بەر کەڵەگایەکی دی... دەبێ بی بەستیتەوە. بەڵام قوز بە قۆچەقانی پاس ناکرێ! مردوو مراوە هێندە بە ئاڵۆشە لەدامرکانەوە نایەت. ڕێ لەڕێبوار دەگرێ. وەکو مریشک بۆ هەموو کەڵەشێرێک فس دەبێتەوە. خێرومەندە دەست بە ڕووی کەسەوە نانێ... نا، دەبێ بیبەستیتەوە. ئا، پتر ڕووی بدەیە و هەندێ کاری لابەلای پێ بسپێرە، ئیدی کێ پیاوە با توخنی بکەوێ! خۆ خەڵکەکەش شوکور ئەوەندە زۆجن پێوەری ئیحترامی هەرکەسێک لەلایان بریتییە لەڕادەی پێوەندی ئەو کەسە بەم، یا بەو مەسئولەوە". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٩). لەم گوزارشت و وەسف و پاساو هێنانەوەیەدا (مەحموود) کە لەژێر وێنەی (مارکس و ئەنگلز و لینین و ماو)دا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بۆ ئیستغلالی ئافرەت دادەڕێژێت و وەسفی ئافرەت بەم شێوەیە دەکات. بەکردەوە ماکیاڤیلانەیە لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ئیستغلال لە ڕەفتارەکانی ڕەنگی داوەتەوە.

(ئاتە) یەکێکی دیکە لەو کارەکتەرانەی بەپێی پێگە و بوونی بەشداری لە گفتوگۆکان دەکات ئافرەتێکی کوردەواری ئاسایی، لە شەوی بووکێنیدا بە بەزاوا دەڵێت "ئەیەڕۆ ئەوە چییە.. حەیامان چوو! کوڕە خێراکە چیت کرد، خۆ ڕەبایە بوایە دەمێ بوو گرتبووت! لە ڕۆژی گواستنەوەشی کە لەشار

دەهێنرێتە گوندێکی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش (ئاتە) لەسەر پشتی سوار نایەتە خوارێ و دەڵێت: نایەمە خوارێ تا بەخشیشێکی چاک نەدەنە ئەم پیاوانەی سەرپەرشتی ماینەکەیان کردم. دەبێ شتێکیش لە قەبیڵی من بکەن. داخوازی بووکێ جێبەجێ کران. پاشان ژنان بە پێکەنین و شۆخییانەوە گوتیان: ئێستا کاری ئەو پیاوانە ڕایی کرا. بۆ خۆتیش جوانە گا سوورت لەقەبێڵ دەکەین!.. پاشان زانیت "جوانە گاسوور" مەبەستیان لە زاوایە!". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٣٤).

لەهەمان کاتدا ئافرەت وەکو ئامرازێکی سزا و ئازاردانی دەروونی و جەستەیی لەلایەن دەسەڵاتدارانی چەوسێنەر بەکارهێنراوە. لەزیندانی حکوومەتی بەغدادا ئەم ڕووداوە لەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئافرەت بۆ ئازاردان و تێکشکاندنی پیاو و تەسلیمبوون بەکارهێنراوە و دەڵێت "خەلەف، ئەوڕۆ ڕۆژی ڕابواردنە. هەر ئێستا دەچیت ژنە قەحبەکەی دێنی و هەر هەمووتان ڕیز دەبەستن و بە بەرچاوی خۆیەوە بەحەمەلی دێنن!". ( حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١١٣).

ئەمە بەشێکە لەواقیعی زالمانەی دەسەڵاتدارە چەوسینەرەکان لە لای بەعس و جەلادەکانی ئافرەت وەکو ئامرازێکی بۆ سزادانی ئەوانی دیکە بەکاردەهێنرێت و لەنێو شۆڕشیشدا بۆ تێرکردنی چێژی سێکسی بەرپرسە باڵاکان بەکاردێت. ئەمە جیهانی جەستە و ئیستغلالی ئافرەتە.

(مێرەم) دایکی (سیابەند)یش نمونەیەکی دیکە ئافرەتی زۆرلێکراوی ژیان پڕ لەچەرمەسەرییە و بەهەژاری و نەبوونی و بە بێوەژنی کوڕەکەی گەورە دەکات و شۆڕشیش کورەکەی بەخیانەتکار تۆمەتبار دەکات و دەیکوژێت، ئەویش هەمیشە بەدوای (هەقیقەت) و ساخکردنەوەی (پاکی و دڵسۆزیی کوڕەکەیەتی). ئافرەتێک کە هیچ دەسەڵاتێک و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی نییە، لێبڕاوانە بەدوای (هەق و ساخکردنەوەی هەقیقەتە). ئافرەتێکی خۆڕاگر و ئازا و دڵسۆز بۆ ناسنامە و نێوبانگی کوڕەکەی.

بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین ئافرەت لەنێو ئەم دەقە کە وەسفی پێکهاتەی شۆڕشی چەکداری کوردستانە، هیچ ڕۆڵێکی شۆڕشگێڕانەی نییە، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی ئاساییە، هیچ چەشنە بزاڤێکی جیاواز و یاخیبوون و ڕەتکردنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی خۆی نیشان نادات. ئافرەت لەشار و لەگوند لەنێو ماڵە، یان وەکو (پەروانە) لەنێو شۆڕشدا لەلایەن (مەحموود) و بە چاوپۆشی (دلێر)ی برای دەبێتە جەستەیەکی بەکارهێنراو بۆ تێرکردنی لەزەتی بەرپرسێک. بەرپرسەکەش تێڕوانینەکانی بۆ ئافرەت وەکو جەستە و بوونەوەر و مرۆڤ بریتییە لە سووک تێڕوانین و بەکارهێنان و داشکاندنی پلەی کۆمەڵایەتی ئافرەت. ئافرەت دەکاتە کەرەستەیەکی هەرزان بۆ بەکارهێنانی لەپێناو مەرامی سیاسی، هەروەها تێرکردنی چێژی سێکسی نێر.

لەنێو ئەم یاخیبوونە فکری و کۆمەڵایەتیی و شۆڕشگێڕییەی لەنێو دەقەکەدا هەیە، ئافرەت هیچ جۆرە کاردانەوە و یاخیبوون و ڕەتکردنەوەیەکی نائاسایی نانوێنێت، لەکاتێکدا بەپێی پێگە و بوون و هێزی کۆمەڵایەتیان لەنێو ماڵدا بەشدارن لە گفتوگۆ و گێڕانەوە و پێشکەشکردنی خزمەتی بەپیاو، لەسەر کانی گوند نەریتە کوردەوارییەکە بەرجەستە دەکەن و پلاری کچانە و ئافرەتانە لەیەکتر دەدەن. کە بریتییە لەخواستی (شاراوە و نهێنی و سنووردارکراو بە دونیای ژن و زمانێکی کۆمەڵایەتی ئافرەتانەی تێدا بەرجەستە کراوە).

لەچەند شوێنێکدا وشەی (قەحپە و دێلە سەگ.. تاد) وەک وەسفێکی نێرانە بۆ ئافرەت بەکارهێنراوە. ئەو لەڕاستیدا واقیع و هەقیقەتی شێوەی ئاخاوتن و چۆنیەتی تێڕوانینی پیاوەکانی نێو شۆڕشە، یان پیاوەکانی نێو کۆمەڵگای وەسفکردووە، تەنیا لەڕۆژی بووک گواستنەوەشدا (گاسوور) وەکو دیارییەک بۆ بووک پیشکەش دەکەن کە مەبەستیان (زاوا)یە. بەواتایەکی دیکە لەڕووی جەستە و پێگەی کۆمەڵایەتی و سێکس ئافرەت

کەرەستەیەکی بێ ئیرادەیەی مێینەیە لەپێناو چێژی نێرینە بەکار دەهێنرێت و ئەو بەشدارییە هاوبەش و هاوسەنگ و کاریگەرەی لەنێو شۆڕشدا نییە، تا ببێتە بوونەوەر و بەشدارێکی کارا و کاریگەر و بەشداری لەگۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کەلتوورییەکان بکات.

بزاڤی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە ١٩٧٦- ١٩٩١ کە (کۆچی سوور)ی تێدا نووسراوە، بزاڤێکی چەپخوازانەی پێشکەوتنخوازیی مۆدێرنە بووە!!، کەچی بەشداری و بوونی ئافرەت لەنێو گوتاری ئەم شۆڕشەشدا بەشدارییەکی کلاسیکی و بێ بەهایە و هیچ بەشدارییەکی نییە، بۆیەشە ئێستا دوای نزیکەی چل ساڵ لەنووسینی ڕۆمانەکە دەتوانرێت وەکو لایەنێک و پێکهاتەیەکی مێژوویی شۆڕشەکە شیکاری بەشداری و ڕۆلی هەقیقی ئافرەت لەم ڕوانگەیەوە بکرێت، کە ئافرەت لەم شۆڕشەدا بوونی زیندووی لەپێناو گۆڕانکاریی و دەرخستنی خواستەکانی و بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافەکانی نەبووە. جەستەیەکی پشتگوێخراوی پەراوێز بووە. ئافرەت بەشێوە تەقلیدییە باوەکە وێناکراوە و هیچ جۆرە بزاڤێکی یاخیبووانە و ڕەتکردنەوە و ناڕازییبوون دەرنابڕن، بەڵکو ملکەچی دەسەڵاتی مێرد و پیاو بوون.

نووسەر لەڕێگەی زمانە وێنە خەیاڵییەکانی نێو ڕۆمانەکە دەگۆڕێت بۆ واقیع و هەقیقەتی کۆمەڵگە، بۆیە ئافرەت وەکو خۆی لەنێو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو، کە مەحکوومە بە پاشکۆکردن و لەپەراوێز هێشتنەوەی ئافرەت لەڕێگەی زمان و گفتوگۆ بەردەوامەکانی نێوان کارەکتەرەکان وێنەی ئافرەت لەسەردەمی شۆڕش و لەنێو کۆمەڵگەی ئاسایی بۆ دەکێشێت، چونکە "زمان بنەمای مامەڵە مرۆییەکەیە و هەروەها ئامرازی گوزارشتیشە لەبارەی دۆخەکان و هەلومەرج و فکرە دیاریکراوەکان و زاراوەکان کە بنەمای زانستن، لێرەدا بایەخی دیاریکردنی چەمکی گوتار وەکو کردەیەک دەردەکەوێت". (عبدالقادر شرشار، ٢٠٠٦، ٧).

لێرەدا بایەخ و گرنگی گوتارمان لەنێو دەقی ئەدەبی باشتر بۆ دەردەکەوێت لەڕێگەی بەکارهێنانی زمان و ئەو زاراوانەی گوزارشت لەدۆخێک و کارێک و فکرە و دەروون و ڕەفتاری مرۆڤانەی هەر مرۆڤێک دەکەن، یان دڕندەیی و دەرچوون لەسروشتی ئاسایی مرۆڤەکان نیشان دەدەن.

هەرچەندە هەندێک لەوانەی لەبارەی ئافرەت و زمانی کۆمەڵایەتی دەنووسن پێیان وایە "زمان بەشێوەیەکی گشتی نە زمانێکی پیاوانەیە و نە ئافرەتانە". (فاطمة الوهبی، ٢٠٠٥، ٣٨). بە واتایەکی دیکە بەکارهێنانی شێوازی بەکارهێنانی زمانی ئافرەت و پیاو و ئەو شێوازەی قسەی پێ دەکەن و ئەو زاراوە و دەستەواژانەی گوزارشت لەتایبەتمەندی ئەم دوو ڕەگەزە دەکەن، جۆرێکە لەنیشاندانی جیاوازی کۆمەڵایەتی و پێگە و ئاستی ڕۆشنبیری و شوێنی ژیان و سەردەمەکان نیشان دەدات. ئێمە دەزانین زمان زمانە، بەڵام دەوروبەری کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر جۆر و شێوازی بەکارهێنانی خودی زمانەکە لای بەکارهێنەرەکانی دەبێت.

بۆیە وەکو بەشێک لەگۆڕانکارییە مێژووییەکان لەبارەی شوێن و کات و کەلتوور لەنێو (کۆچی سوور)دا ئاخاوتنەکان بەشێوەی قسەکردن و گوزارشتی ئافرەت و پیاو دەربڕاوە، ئەمەش لەکردەوەدا جۆرێک لەتێگەیشتن و ئاسانکاری بۆ لێکدانەوەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی زمانی کۆمەڵاتیی و بەکارهێنانی ئەم شێوازە لای ڕەگەزە جیاوازەکانمان نیشان دەدات.

بەکارهێنانی هەندێک وشەی وەکو (قەحپە، ناولنگ، دێڵەسەگ، دووبارەکردنەوەی قسەی ئافرەت بەشێوەی گاڵتەپێکردن ...تاد) ئەوەمان بۆ وێنا دەکات، ئافرەت لەنێو خودی شۆڕشدا لە چ دۆخێکدا ژیاوە و پەیوەندییەکانی ئافرەت بەشۆڕش کە بانگەشەی (نوێبوون و گۆڕانکاریی و چەپخوازی کە بریتییە لەبەدیهێنانی یەکسانی کۆمەڵایەتی) چۆن بووە.

لەهەمان کاتدا ئێمە ئەو ڕاستییە دەزانین، کە "ڕەگەزی مرۆڤ لەشێوەی نێر و مێ بەشدارییان لەبەرهەمهێنانی زمان و بەکارهێنانی کردووە و

هەردووکیشیان لەم مافە سروشتییەدا یەکسانن". (عبدالله الغدامی، ٢٠٠٦، ٢٦-٢٧). لەم ڕۆمانەدا کارەکتەرەکان بەهۆی ئەوەی ڕۆڵی (فرە دەنگیان) هەیە، فرە هەڵسوکەت و ڕەفتار و کرداری جیاوازیشن. هەر یەکێکیان بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی و توانا و بەرپرسیاریەتیان بەشداری لە گفتوگۆکان دەکەن. ئافرەت وەکو جەستە بەکارهێنراوە، ئافرت وەکو بوونێکی کۆمەڵایەتی بەشداریەکی لاوەکی لەڕووداوەکان دەکات، لەلایەک بەکارهێنراوێکە وەکو کۆیلە و بۆ تێرکردنی چێژی بەرپرسێک دەردەکەوێت، لەهەمان کاتیشدا بەکارهێنراوێکی کۆمەڵایەتییە و لەپەراوێزدا دەژێت و کاروباری نێومالْ ڕادەپەڕێنێت، یان بانگەشەی گەڕان بەدوای ساخکردنەوەی (ڕاستی) ناسنامەی کوڕەکەی دەردەکەوێت، لەم دۆخەشدا کۆمەڵگە پێشوازی لێ ناکات، تەنیا (سادق) نەبێت.

نووسەری وریا نایەوێت لەدەقێکی ئەدەبی بەشێوەیەک وەسفی پێگە و پێکهاتە و توانستی کۆمەڵایەتی کەسەکان نمایش بکات، هیچ ڕێگەیەک لەبەردەم خوێنەرەکانی بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو کارەکتەرە کۆمەڵایەتیانە نەهێڵێتەوە، کە دەبێت پتر شتیان لەبارەیەوە بدۆزرێتەوە. لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوەی بەکارهێنانی زمانە کۆمەڵایەتییەکە جیاوازییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگە و جیاوازیی لەنێوان ئافرەت و پیاومان بۆ دەردەکەوێت. واتە خوێنەر دەخاتە بەردەم گوتارێکی ئەدەبی چڕ، کە دەکرێت چەندەها ڕێچکۆکە و باریکە ڕێ لەبەردەم خوێنەر دروست بکات، هەمووشیان تەواوکاری شاڕێگا سەرەکییەکەی گوتارەکە بن.

## فرە دەنگی


فرە کارەکتەری یەکێکە لەو دیاردە باوەکانی (شۆڕشی نوێ!!) کە یەکێکە لە دروشم و زاراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لەبەرنامەکەشیاندا بەڕوونی و ڕاشکاوی کار بەم بانگەشەیە دەکەن و بەم دەربڕینە دەیانەوێت خۆیان لەمێژووی شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشەکانی دیکە جیابکەنەوە.

بەواتایەکی دیکە دەیانەوێت دابڕانێکی مێژوویی بەم دروشمە دروست بکەن. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرفەتی شیکاری ئەم ژینگە و دروشم و ئاکام و ڕەفتارانەمان نییە کە دابڕانیی مێژوویی و فرە کارەکتەریی و چەمکی فرە ئایدیۆلۆژیا و هێز و بیرکردنەوە دروستی دەکات، تەنیا ئەوە نەبێت ئەو فرە دەنگییە وەکو بەشێک لە ڕۆمانی (کۆچی سوور) شیکار دەکەین.

(فرە دەنگی) یان فرە کارەکتەری لە ڕۆماندا بریتییە لەو ڕێباز و شێوازە نوێیەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە بونیاتنانی تەکنیک و فۆرم و نێوەڕۆکی ڕۆماندا سەریهەڵداوە. وەکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژیش پەیوەندیی بە واقیعی کۆمەڵگە و گەشەکردنی سەرخان و ژێرخانی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە بیرۆکە و شێواز و تەکنیکی نووسینی دەقی تێدا گەشە دەکات.

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول حزبە سیاسییەکان بانگەشەی فرە دەنگی و فرە لایەنی وەکو ئەلتەنارتیڤێکی سیاسی و فکری بۆ هەلومەرج و پێکهاتەی شۆڕشەکە دەکەن، ئەمە وەکو (فکری نێو ڕۆمانەکە و وەکو واقیعی سیاسی نوێی نێو شۆڕشیش) هەستی پێ دەکرێت. لەکاتێکدا بەشێوەیەکی کردەیی (فرەیی) لەم دۆخەی شۆڕش لەدوای ساڵی ١٩٧٦ دەست پێ دەکاتەوە، یان درێژەی پێ دەدرێت بەواتای دابەشبوون و لەتکردنی هێزە سیاسییە چەکدارەکان دێت بۆ سەر چەند لەتێک و

لەکۆتاییدا ئەم فرەییە نەبۆتە هۆکار بۆ بەهێزکردنی دیموکراسیەت و گەشەکردنی توانا فکریی و فکرە مرۆییەکان و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان تاک و شۆڕش، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەنێو دۆخی هەقیقی شۆڕشدا، بنەماکانی ئازادی دەربڕین و بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی ڕێکخستن و پێکهێنانی گروپی نوێی جیاوازیی دروست نەکردووە، بەڵکو بۆتە هۆکار بۆ توندترکردنی بنەماکای توندوتیژیی سیاسی و ململانێی چەکداریی و ڕەتکردنەوەی یەکتر و بەکارهێنانی هێز بۆ یەکلایکردنەوەی کێشە فکری و دەروونی و هەتا کەسییەکانیش. لەتەک ئەوەشدا ناوچە و هەرێمەکانی کوردستانی خستۆتە ژێرکۆنترۆڵی هێزە چەکدارەکان و پێشمەرگەی حزبەکانەوە. بەواتایەکی دیکە (ناوچەی سەوز و زەردی) لێ دروستبووە. دەرەنجامەکەشی (ڕاونان و ڕاوکردن و گرتن و ئەشکەنجەدانی لایەنگرانی ئاڵای شۆڕش لەنێو یەکێتی) و (شەڕی براکوژی لەنێوان یەکێتی و لایەنەکانی بەرەی جود) و کێشەکانی (پارتی و پارتی گەل) و (ناکۆی نێوان سۆسیالسیت و زەحمەتکێشان و کوژرانی کەسانی تێکۆشەریی لێ دەکەوێتەوە). سەرباری کارەساتی هەکاری و بەرتەسکردنەوەی جوگرافیا لەبەردەم لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەوەی ئازادانە چالاکییە سیاسی و چەکدارییەکانیان تێدا ئەنجام بدەن. بێگومان دەیان ڕووداوی بچووک، یان نهێنی و ئاشکرا نەبوویی لەڕاونان و لەنێوبردن و پاکتاوکردن و ئازاردان و کوشتنی ئەندامی حزبە سیاسییە جیاوازەکانی لێ دەکەوێتەوە. ئەمانەش لەنێو دەیان بیرەوەری بەرپرسان و پێشمەرگە و کادیری سیاسی حزبەکان لەدوای ڕاپەڕین تاکو ساڵی ٢٠٢٢ نووسراونەتەوە و بەکتێب بڵاوکراونەتەوە. واتا گوتاری خودی شۆڕش لەنێو گشت گێڕانەوەی بیرەوەرییەکاندا ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە گوتارێک بووە بۆ سڕینەوە و لەنێوبردنی گوتارە ڕکابەر و ناکۆکەکەی خودی کورد. گوتارێک بووە لایەنەکان ئامادە نەبوون گوتاری جیاواز و دژ بەیەک قبووڵ بکەن.




(کۆچی سوور) بەکردەوە بەرجەستەی ئەم ناکۆییە سەختەیە، بەرجەستەی پێکهاتەی دەروونی و عەقڵیەتی خۆسەپێنی و دواکەوتووی نێو شۆڕشە، کە بەکردەوە گوتارێکە بۆ تێکشکانی خود، نەک بیناکردنی کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕی مۆدێرنی پێشکەوتنخوازی دیموکراسی و قبووڵکەری فرەیی و بەرەیی و هاوسەنگ بێت. خودی ڕۆمانەکە گێڕانەوەی بیرۆکە و فکر و ئایدیۆلۆژیایی (وردە بۆرژوازی) نێو شۆڕشە، کە ئەویش خۆی لە (نێوەندی پێشمەرگانەی چەکدار) دەبینێتەوە. وێنە و گفتوگۆ و فەرمان و بڕیارەکان هەموو لەو نێوەندە چڕکراتەوە کە پێی دەگوترێت (نێوەندی سەربازی/ پێشمەرگە/ چەکدار). بەواتایەکی دیکە (عەقڵ و نێوەندی سیاسی) کە نوێنەرایەتی میانڕەویی و ئاشتەوایی و بیرکردنەوەی نەرم و نیان و ململانێی فکری و ڕۆشنبیریی و گەڕان بەدوای چارەسەری فکری دەگرێتەوە، لەنێو واقیعی شۆڕشەکەدا یان نییە، یان بوونێکی لاوازیی پەراوێزخراوی لەخۆگرتووە.

لەکۆچی سووردا هاتووە: "فێری قسەی زلیان بکە. فێریان بکە چۆن درۆی باڵدار هەڵبەستن و کەس نەوێرێ پێیان بڵێ: درۆ دەکەن!.. زۆریش جڵەویان بۆ شۆڕ مەکە!..." (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٩). لێرەدا (مەحموود)

دەیەوێت هێزێکی بەرێوەبردنی سەنتریال (ناوەند) لەنێو ناوەندێکی درستکراوی ساختە و ناڕەسەن دروست بکات، کە لەسەر بنەمای (درۆی باڵدار و نەوێران و جڵەو شۆڕ نەکردن و قسەی زل) بیناکراوە.

یان دەڵێت "بە کوردستان دەبێ بیانکەین بە شێخێ شەویان لێگۆڕابێ. وتم. نا ، نا ڕێبوار گیان- دوور لە ڕووت مامۆستا- دەیانکەین بە بەردی سەر ئاودەستخانە.. لەشوێنێکی دەڵێت " وام هەست دەکرد گەلێک لەپێشمەرگەکانمان دووچاری بەزینی کاتی بوون. جا خەڵکی بەزیو زۆر جار خەتەرە، داخی بەزیوی خۆی بەسەر هەموو شتێکدا، تەنانەت بەسەر دۆستیشدا دەڕێژێ". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٣٧).

سەرباری ئەو توندوتیژییەی لەسایەی دەسەڵاتی شۆڕشدا دژی خودی پێشمەرگە پەیڕەو کراوە، ئەو پێشمەرگە، یان دۆست و هاووڵاتیانەی بیریان کرۆدتەوە و هەستیان کردووە دەبێت جیاوازبن و هەق بڵێن، تووشی کێشەکراون. (سەربەست) کە بەرپرسێکی شۆڕشە، توند دژی (ئومێد)ی دۆستی شۆڕش دەئاخڤێت، کە پێشمەرگە ماڵی ئومێدیان تاڵانکردووە و پێی دەڵێت "دەوەل بە لەبەر چاوم، ئەوە جنێو بەشۆڕش دەدەی! ئومێدیش پێی دەڵێت: نەخێر ئەو پەتۆیەی جەنابت لەسەری دانیشتوویت جنێوە بەشۆڕش، ئەو وەرەقانەی کۆنکانی پێدەکەی، ئەو قەڵەمەی تەرەقەکانی پێدەنووسیت، ئەو کتێبەی تەرەقەکانی لەسەر دەنووسیت جوێنە بە شۆڕش و... ئاخر هەر چواری وەکو تۆ ناوی پیرۆزی پێشمەرگە دەلەوتێنن جەنابی شۆڕشگێ...!". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٣٩).

واتە لێرەدا ناشیرنکردن و ڕیسواکردنی ناوی (پیرۆزی پێشمەرگە) دێتە پێشەوە، نووسەر هەروا لەگۆترە و بێ بیرکردنەوە ئەم ئاخاوتن و ڕووداوەی نەخستۆتە نێو زنجیرەیەک ڕووداوی دیکەوە، ئەو لە ڕقی هیچ کەسێک وێنە هەقیقییەکانی نێو شۆڕشی لەوێنەی هونەری نێو ڕۆمانەکەی وێنا نەکردۆتەوە، ئەو لەتێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە، لە گوتارێکی ئەدەبی

جیاواز لەگوتارە باوەکەی نێو شۆڕش بەسەرهاتێکی چنیوەتەوە، کە بریتییە لەنیشاندانی (دڵسۆزی هاووڵاتی بۆ پێشمەرگە و شۆڕش) و (هەستی دژ بەبەپرسیاریەتی لای کەسێکی بەرپرس)، تا دەگاتە ئەوەی بێژێت ئەوانەی شۆڕشیش دەکەن (شۆڕشگێڕ نین، بەڵکو وەکو بە سەربەست دەڵێت شۆڕشگێن!!).

من لەوێ نەبووم، بەڵام نووسەر کە هیچ بەسەریدا فەرز نەکراوە ڕووداو هەقیقییەکان لەنێو دەقێکی ئەدەبی (ڕۆمان)دا وەکو خۆی بێ دەستکاریی و بێ خەیاڵاندن و بێ وێناندنەوەی وێنا ئاساییەکە بەرهەم بهێنێت، ئەو گوتارێکی جیاواز لە گوتارە باوە ئاساییە ڕۆتینیەکی دروستکردووە. ڕەنگە کەسانی ئاسایی ئەم قسانەیان کردبێت، بەڵام ئەو هاتووە ئەم گوزارشتەی لەنێو زمان و دەربڕینێکی باڵا و جیاوازی بەکارهێناوەتەوە، کە لەکردەوەدا وێنەیەکی سینەمایی، بیرۆکەیەکی ڕەخنەگرانەی واقیعی ڕیالیزمی دروستکردووە.

کاتێک ئەمە بەگوتاری ناوندەی شۆڕش دەبەستینەوە، بۆمان دەردەکەوێت دیموکراسیەت و فرە دەنگیی و قبوڵکردنی بیروباوەڕی ڕەخنەگرانەی جیاواز پێشوازی لێ نەکراوە، بەپێچەوانەوە کەسە (بەرپرسەکان وەکو سەربەست) ڕاشکاونەوە و بێ بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و زانیاریی پێشوەختە یەکسەر (ئومێد و هاوشێوەکانی بە دژە شۆڕش و جنێو دان بەشۆڕش) تاوانبار دەکات، ئەم جۆرە تاوانەش تەنیا کردەی دوژمنە.

تا دەگاتە ئەوەی (سەربەست) کەناوی سەربەستە و نوێنەرایەتی فکری (سەربەستی) دەکات چەکی بۆ بەدیهێنانی (سەربەستی) هەڵگرتووە، لەکردەوەدا کەسێکی (سەرکوتکاری چەوسێنەر و خراپە) بەتووەڕیی و سووربنەوە بە ئومێد دەڵێت "پێت دەڵێم برۆ بەڕێی خۆتەوە ئەگینا یا دەت تۆپێنم، یا شەهیدم دەکەی!!". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٣٩). دیقەت لە

وشەی (تۆپاندن) و (شەهید) کردن بدە، چ خۆفەرزکردن و سەپاندن و سەرکوتکردنێکی دەروونی و ئەخلاقی لەخۆگرتووە.

بۆیە وەکو (سارتەر) دەڵێت "نووسەر کە خۆی بەرپابەرێک و سەرکردەیەکی ڕۆحی دەژمێرێت، دەزانێت ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە دەبێتەوە، کە لەهەڵوێستەکەیەوە هەڵقووڵاوە، بژارتەکەی دەسەڵاتدار ئەوەیە ڕۆژێک لەبەر بیر تەسکی پاداشتی دەکات و ڕۆژی دواتر لەزیندانی دەئاخنێت". (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ١٧٣). ڕێک ئەمە واقیعی نێو شۆڕشی کوردستانیشە. لایەنە سیاسییەکان ئەو پێوەرەی دایانڕشتووە، وەکو پێوەرێکی پیرۆز بووە، بژاردەی لایەنەکان ئەوەبووە، هەر کەسێک لەم پێوەرە لابدات، (بەقسە، بیرکردنەوە، خەیاڵاندن، یان کردەوە) ئەوە لەجیاتی ڕێزگرتن و پاداشت، سزای دەدەن و سنووری سزاکانیش دیسان لەنێو پێڕەوە پیرۆزکراوەکەدا دیاریی کراوە. ئەگەر سەیری (کتێبی مێژووی ئاگری جومعە) بکەین ئەو پێڕەوە پیرۆزکراوە بەزەقی و ئاشکرا لەنێو پەکەکەدا دیارە، کە مێژووی ئەم حزبە بەئاشکرا بریتییە لەمێژووی تەسفیەی ئەو کەس و لایەنانەی گومانیان لێ دەکەن و بە دژی خۆیان، یان ڕکابەر و جیاواز لەخۆیانیان دەزانن. یان (ئایەتەکانی ئاپۆ) بەڕوونی ئەو پیرۆزکردنە مەترسیدارە بەرجەستە دەکات. لە کوردستانی باشووریشدا ئەم پیرۆزکردنە بەئاشکرا دیارە و حزب دەخرێتە سەرووی هەموو شتێکەوە:

لەڕۆمانەکەدا چەند جۆر پیرۆزیی بەکارهێنراوە و هاتووە:

یەکەم "لەهەر شوێنێ زولم هەبێ، پێشمەرگە دەبێ". (حەمە کەریم عارف ٢٠١٢، ١٧٩).

دووەم: "چاک بە حەدیسە کێویلکە و مێویلکە گەوجی کردوون!. خوایە تۆبە، قسەی ئەو بێ و ئی من نەبێ.. تۆبە خوایە، ڕەنج بە خەسارم نەکەی...". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٥٢).

سێیەم: "قازانجی حزب لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤١).

چوارەم: پیرۆزکردنی کەسە، کاتێک هەندێک لە کەسە ملکەچە کۆیلەکانی نێو شۆڕش دەیانەوێت (مەحموود) گەورە بکەن و بیگەیننە ئاستی پیرۆزبوونەوە دەڵێن: "نەخێر هاوڕێ مەحموود هەیە و نابێ بە دوو.. بەخششی خوایە و بەئێمە عەتا کراوە!.. بابی پێشمەرگەیەکی هەرە عەگیدی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود بوو!. هەر لەخۆشی ئەویش ناو نراوە مەحموود!. بنەماڵەکەیان لەسەر کورد بڕاوەتەوە..." (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٨).

چەند جۆرێک پیرۆزکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ و ستراتیژی لەم دەقەدا لەپێناو وەسف و نمایشی هەندێک دۆزی فکری و دەروونی و ئاستی تێگەیشتنی خەڵک و چۆنیەتی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان، یان تێڕوان لەبارەی کارەکتەر و دۆخ و بابەتەکان هەیە، لەوانە:

پێشمەرگە کە بوونێکی گرنگ و زیندوو و هەبووێکی ستراتیژییە لەنێو ئەم دەقەدا، پیرۆزێکی ئەرێنییە. بێ ئەوەی پیرۆزییەکەی هیچ ناوێکی لێبنرێت، یان وەکو پاڵەوانێک و کەرەستە و بوونێکی جیاواز لەوانی دیکە دەربکەوێت، بەڵام هەتا لە دوایین قسەکانی (مستۆ) لەکاتی مردنیشدا جەخت لە بوونی پێشمەرگە وەکو نیشانە و هێمایەکی پیرۆزی ئەرێنی کراوە. بەواتایەکی دیکە خەڵک و کارەکتەرەکان تێڕوانیان بۆ ئەم بوونە، هەرچیەک بێت، تیڕوانینێکە پێگەی پێشمەرگە پەیوەست کراوە بە هەبوونی زولم، واتە پێشمەرگە بوونێکە یەکسانە بە سڕینەوە و نەهێستنی زولم. دووەم: کەمکردنەوەی پیرۆزیی هەندێک هەڵەیە، کە بەنێوی ئایین باو بووە. (ئەویش نەزانینە لەبارەی ئایین، کە دەڵێت حەدیسە کێویلکە)، بەواتای ئەوەی کەسانێک بەهەڵە پیرۆزییەکانی ئایین بەکاردەهێنن. سێیەمیش بەرزکردنەوە و پیرۆز نیشاندانی پێگە و بوونی حزبە. کاتێک

دەڵێت (قازانجی حزب لەسەرووی هەموو شتێکە)، واتا (حزب دەگەیەنرێتە قۆناغ و پلەی پیرۆزبوونەوە و دەستکاریی و بیرکردنەوەی جیاواز لەدژی حزب بەواتای جیاوازیی و تاوان و لێکدانەوەی زیانبەخش دێت.

چوارەمین شێوەی پیرۆزکردن ئەو وەسفەیە، کە بۆ (کەسێکی وەکو مەحموود) دەکرێت و خەڵکێکی نەزان و کۆیلە بۆ بەرزکردنەوە نێوبانگی کەسێک، پیرۆزکردنی ئەو کەسە بەشێوەیەک وەسفی دەکەن، کە ئیدی (مەحموود) تاکە کەسە و هیچ کەسێکی دیکەی ناگاتێ و خوا بەدیاریی بۆ ئەوانی ناردووە و هاوشێوەی دروست نەبووە. لەم جۆرە پیرۆزکردنەوە (تاکپەرستی و دیکتاتۆر و وەسفی کۆیلە بۆ خاوەن کۆیلە)ی تێدا بەرجەستە کراوە. بەشێوەیەک وەسفی دەکەن (کەسێکی پیرۆز و تاقانە و تەنیایە).

مێژووی (ئاڵای شۆڕش) و جیابوونەوەیان لەنێو یەکێتیدا بریتییە لەمێژووی ئازاردان و زیندان و سوکایەتی. بنۆڕە (بیرەوەریەکانی پشکۆ نەجمەدین، حاجی مەمۆ، مەلا بەختیار، ئیراهیم جەلال، فەرەیدون عەبدولقادر، مامۆستا جەعفەر، عەلی بچکۆل.. تاد)، بۆتان ڕوون دەبێتەوە دەسەڵاتی ناوەندی چ کاریگەرییەکی خراپی لەسەر بیرکردنەوە و خۆسەپاندن و ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە و لەوچاندنی دیموکراسی هەبووە. ئەم بیرەوەریانەش بەشێکن لەهونەری نووسین و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو شۆڕش، بریتین لەگوتارێکی دیکەی نێو گوتارە باوە گشتییەکەی نێو شۆڕش، یان گێڕانەوەی ئەو پاکتاوکردن و سەرکوتە چەکداریی و سیاسییەی، کە (شۆڕشی نوێ) وەکو بانگەشەیەکی نوێ کاری پێ دەکات. بە واتایەکی دیکە (فرەیی) وەکو جۆرێک لە (خۆسەپاندن و پاوانکردنی سیاسی و جوگرفیا و فکر) لەپەنای بەکارهێنانی (ناوەندی دیموکراسی) پاساوی بۆ هێنراوتەوە. لەکاتێکدا هیچ ناوەندێک و هێزێک نییە، کە کۆکرابێتەوە لەچنگی گرووپێکی بچووک، یان چەند کەسێک پێشێلکاری دژ بە دیموکراسی لەخۆ نەگرتبێت.

شایانی باسە هەڵوێستێک هەیە سەبارەت بە شۆڕش، ئەویش تیۆری شۆڕشگێڕانەیە دەبێتە هۆکار بۆ سڕینەوەی هەموو لادانێک لە داپەروەریی، لەکردەوەدا ئەمەش ئەو بۆچوونەیە، کە توندوتیژی شۆڕشگێڕانەی بەرفراوان هەرگیز لەڕووی ئەخلاقییەوە ڕەوا نییە، چونکە کار و کردەوەیەکی لەم شێوەیە بەڕاستی مەترسییەکی گەورەیە، چونکە هەمیشە شۆڕشی ئاشتەوایی و دوور لەتوندوتیژی کاریگەرترە و هەندێک لە زانایەکانی بواری سیاسەت بەئەزموون ئاماژەیان بەوە کردووە، کە بەڵگەی باش هەیە نیشانی دەدات شۆڕشی بێ توندوتیژیی پتر ئەگەری ئەوەی لێ ڕەچاو دەکرێت بە ئامانجەکانی بگات لەبەراورد بەشەڕی شۆڕشگێڕانە. ( **Chenoweth, Erica and Maria J. Stephan, , 2011**)

مارکسیزم "بیرۆکەیەکی تازەی داهێنا سەبارەت بەگەشەکردن، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی تیۆری ماترلیالیزمی دیالێکتیکی، کە تەماشای هەموو ماتریا و دیاردەیەک لەڕوانگەی بزاوتی هەمیشەیی، پێوەندیی هەمیشەیی، پێشکەوتنی هەمیشەیی دەکات و ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی تیۆری ماتریالیزمی مێژووییەوە لەدیاردە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانیش دەڕوانێت. واتە هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، یان کەلتووری زەمینە و پاشخانی مێژوویی خۆی هەیە و دەبێت لەچوارچێوەی قۆناغی مێژوویی خۆیدا دیراسە بکرێت و لەهەمان کاتیشدا یاساکانی ماتریالیزمی دیالێکتیکی بەسەردا جێبەجێ دەبێت". (د.ڕەشاد میران، ، ٢٠٠٩، ٣١).

بەم شێوەیە ئەگەر لە (کۆچی سوور) بڕوانین دیاردەکان و بابەتەکان نیشانی دەدەن پەیوەندییان بە چ هەلومەرج و دۆخ و نەریت و هەڵسوکەت و ڕەفتارێکی سیاسییەوە هەیە و پاشخانی ئەم شتانەش چین. بۆ نموونە (دیاردەی خۆسەپاندنی تاکڕەوانە و ڕەتکردنەوەی دیموکراسی و گفتوگۆ و درۆ و سوکایەتی بەوانی دیکە و جوێن و زمانی کۆمەڵایەتی... تاد) لەنێو شۆڕشدا چۆن بەکاردەهێنرێن.

**کوشتن و خۆکوشتن**

لای (کامۆ) کوشتن و خۆکوشتن هەردووکیان یەک ڕوون لەیەک ئاستدا بەهەمان شێوەش ئەگەر ئینکاری هۆکارەکانی کردەی خۆکوشتنمان کرد، ئەوە ناتوانین دان بەهۆکارەکانی کوشتن دابنێن. (البیر کامو، ١٩٨٣، ١٢).

کوشتن هەر تەنیا بە لەناوبردنی جەستە ئەنجام نادرێت، بەڵکو هەندێک کەس دوور لە کوشتنی جەستە، لەڕووی دەروونی و کار و ڕەفتار و خێزانەوە دەکوژرێن. لە گفتوگۆیەکی فکری و واتا بەخش لەنێوان (سیابەند و مەحموود) بەم جۆرە گوزارشت لەزۆر شت دەکرێت، کە کتومت دەڵێی دادگایی کردنە بۆ (کوشتن):

"ناوت چییە؟ هەڵە. کوڕی کێی ؟ هەڵە. جا توخوا ئەمە ناوە؟!. کاک مەحموود لە هەڵخەڵەتاندن چاکترە!. جا کێ ناوی هەڵخەڵەتاندنە؟ زۆر کەس. وەکو؟ لە خۆتان بپرسە. باشە تۆ پێم نالێی هەڵە و هەڵخەڵەتاندن چییە کوڕی باش!. لەچ ڕوویێکەوە؟ بۆ چەند ڕووی هەیە؟!. گەلێ... لەیەک ڕووەوە باسی بکە. هەر لەبەر ئەوەی خۆتان لەیەک ڕووەو شتەکان هەڵدەسەنگێنن؟ دەمت داخە، دەی شکرەکەت بخۆ.

باشە لەڕووی زمانەوانییەوە بۆتی شی دەکەمەوە. فەرموو!

هەڵە: ناوە، تاکە، گشتییە. هەڵخەڵەتاندن: چاوگە، چاوگ سەرچاوەی فرمانە، فرمانیش سەرچاوەی هەموو چاکە و خراپەیەکە. چاکەکەتان فت! چونکە لای ئێمە ڕۆژێ دەیان جار لە قەنارە دەدرێ... هەڵخەڵەتاندن: بەهۆی پاشگری "اندن" ەوە بووە بە چاوگی تێپەڕ. ئەنجام، هەڵە: لەسنووری خۆیدا دەسوڕێتەوە و پالاتنی ناخی لەگەڵدایە. هەڵخەلەتاندن: سنووری خۆی دەبەزێنێ چونکە تێپەڕە... و لەوتاندن و گلاوکردنی ناخی لەگەڵدایە.

باشە کە ئەمە بیرکردنەوەتە چ دەکەی لێرە؟!

چونکە بەئێرەوە بەستراوم. ڕەگم لێرە داکوتراوە خاوەنی ویژدانی ڕاچەنێوم.
باشە کەی ئەمە وەڵامی پرسیارەکەی منە؟
با، وەڵامی پرسیارەکەی تۆیە، بەڵام چونکە تۆ... وەڵامی پرسیارەکەی خۆت ناناسیتەوە.
یەعنی من کەرم؟
نازانم... ئەمەیان...
باشە ویژدانی ڕاچەنیو چییە؟
دانەبڕانە لەخەڵک، گوێزانەوە و قۆستنەوەی ژان و ئازاری هەژارانە.
هاوڕێ مەحموود لەژوورەوە دەنەڕێنی: وەرن، وەرن ئەم هەتیوە بەرن...." (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٧٤-١٧٥). لە ڕۆمانی (نامۆ)دا پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە (مەرسۆ) "بەشێوەیەک باسی خۆی دەکات وەکو ئەوەی یەکێکی تر بێ و بە "من" لەلای ئەو وای لێ دێت وەک "ئەو" بێ هەموو دەستەواژەیەک کە دەی درکێنێ، بەتاقی تەنیا دەوەستێ، چ پێوەندییەک بە دەستەواژەکانی دوای خۆیەوە نابەستێت، چ مانا و دەلالەتێک کۆیان ناکاتەوە، دەستەواژەکان پتر لەوەوە نزیکن کە ئیشارەتی خێرابن وەکو لەوەی زمان یان فیکری بن. دەبێ بە کۆمەڵێ هەست و دەرکی سەربەخۆ، سیستەمێکی فیکری دیار ڕێکیان ناخات، لەنێو هەر دەستەواژەیەکدا، بۆشاییەک لەبێدەنگی و نەبوون هەیە". (ئەلبێر کامۆ، ٢٠٠٣، ٩).
لە ڕۆمانی کۆچی سووردا قسەکان بروسکە ئاسان و دەربڕینەکان کورتن، هیچ لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ قسەکان لەخۆ نەگرتووە. لەگەلێک شوێندا بەدوای وشەیەک، یان گوزارشتێک نیشانەی (.......) خاڵ وەکو بۆشایی بەکارهێنراوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە خوێنەر پتر بیر لە درێژەی وەسف و قسە و شتە تەواو نەکراوەکان بکاتەوە. تەنیا لەگێڕانەوەی ڕووداوەکان و گرێچنی بەسەرهاتەکاندا، شتەکان دەپچڕێن، خەیاڵ و

بیرەوەرییەکان خێرا دێنە ناوەوە و خێراش ون دەبن، لەهەندێک شوێندا ڕووداوەکان دووبارە دەبنەوە.. واتە ئەگەر (نامۆ) قسەکان لەڕووی واتاوە پچڕ پچڕ بن، لە (کۆچی سوورد)دا وێنە و وێناکردن و گێڕانەوەی شتەکان پچڕ پچڕن، ئەمەش بەئەنقسەت و مەبەست وایلێکراوە، نەک نەزانین و دەستکورتی لە هونەری ڕۆنانی ڕۆماندا.

تەنیا (سیابەند) دەئاخڤێت، خۆی نییە دەئاخڤێت، بیرەوەریی و یەکێکی دیکە قسەکانی خودی سیابەند دەگێڕێتەوە. قسەکانی سیابەند هیچ درێژدادڕی و شیکردنەوە و لێکدانەوەی تێدا نییە، بەڵکو پوختە و تەنیا وشەیەکە، یان دەستەواژەیەکی کورتە و لەهەندێک جاریشدا (....) بەدوادا دێت.

"نێو سەدەیە لە جەنگەی خەباتی سیاسیدا پشتم چەما و سەرم سپی کرد و هێشتا وەکو وانەی یەکەمی بیابانی ژیان سەرسام و فروسماوم! نە هیچ فێربووم و نە هیچ لەدەربارەی سیستەمی کوردی تێگەیشتم". (مامۆستا جەعفەر، ٢٠٢٠، ٩). مەبەست لەم گێڕانەوە و ئاماژەیە ئەوە، هەندێک وەکو جەستە دەکوژرێن و هەندێک وەکو دەروون و تەمەن و هەشە وەکو فکر و هوشیاریی. واتە سڕینەوەی مرۆڤ چەند شێوەیەک لەنێو شۆڕش لەخۆ دەگرێت. یەکێک لەو کێشانە ئەوەی کەسانێکی زۆر لەنێو شۆڕشن بەڵام لە (گوتار و کەرەستە و سیستەم و پێکهاتە و سیاسەتی شۆڕش ناگەن). ئەمەش لەکردەوەدا جۆرێکە لە کوشتن.

بەڕای (بۆدلێر) "مۆدێرنیتە لە بەرخوردی یەکەمیدا بەمانای تێکدانی ئەو شێوانە دێت، کە بوون بە کلێشە و بوونەتە ڕێگر لەبەردەم گۆڕانی هزر و ئەدەبدا). (ڕامین جەهانبەگلو ، ٢٠٠٩، ١٤) بە بیروڕای (جۆرج بالاندیە)ش "مۆدێرنیتە بزاوتە، بەڵام دیاری نەکراوە" واتە بزاوتێکە کە ئایدیای گومان و ڕەخنە و قەیرانی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە دەکرێت لەم خاڵانەدا بکەری مۆدێرن کورت بکەینەوە

**یەکەم:** دۆخی مرۆڤ لەجیهاندا گۆڕاوە، هەر چۆن لە ڕۆژگاری کۆپەرنیکەوە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. لەڕۆژگاری دیکارتیشەوە بکەری مۆدیرن دەبێتە سەنتەری بوونەوەرەکان و سەروەر و خاوەنی سروشت. بکەری مۆدێرن دەست لەخودی بنەڕەتی خۆیەوە دەدات.

**دووەم:** ئەقڵانیەتی سەرچاوەگرتوو لەفەلسەفەی دیکارت و فیزیای گالیلۆوە پەل بۆ قەلەمڕەوی سیاسەتیش دەکێشێت. بەسەرهەڵدانی مۆدێرنیتە کۆمەڵگای سیاسی وردە وردە لەهەموو کۆتە میتافیزییەکان ڕزگاری دەبێت و دەوڵەت وەکو دەزگایەکی مۆدێرن دەبێتە بەرپرس و دەستەبەری ئازادیی بەرهەمهێنان و بەردەوامبوونی پەیمانە کۆمەلایەتییەکانە.

سێیەم: لەگەڵ (کانت)دا چاخی مۆدێرنیتە لەفەلسەفەدا دەست پێ دەکات. (کانت) یەکەم کەسە، کە جیهانی فیزیکی و جیهانی میتافیزیکی لەیەک جیادەکاتەوە. ئەو دەڵێت جیهانی فیزیکی قابیلی بینین و ڕوونکردنەوەی زانستیی، لەکاتێکدا جیهانی میتافیزیکی دەچێتە دەرەوەی سنووری ئیدارک و تێگەیشتنەوە.

چوارەم: تەوەرەی مۆدێرنیتە تەکنەلۆژیایە، کە دەشێت بەشێوەیەکی ڕەمزیی ئەو ئارەزووە پرۆمیسیۆسیەی مۆدێرنیتەی لەقەڵەم بدەین. واتە ئارەزووی سەروەری و دەستبەسەرداگرتنی سروشت. ڕەنگە بتوانی ڕووخساری بنەڕەتی تەکنەلۆژیاش لەم بیرۆکەیەی ماکس ڤێبەردا کورت بکەینەوە کە تەکنەلۆژی وەهمەکانی ئادەمیزادی نەدەهێشێت و سیحری حیکایەتە کۆنەکانی تیادا لەناو دەبرد.

پێنجەم: فۆرلەمبوونی تاک (فەرد) وەکو ڕووخساری سەرەکیی جیهانی مۆدێرن، بە دەربڕینێکی دی دەتوانین بڵێین مۆدیرنیتە سیستەمێکە لەبیرۆکە و بەها کە بەپەیدابوونی تاکگەرایی لەجیهانی مۆدێرندا هاتۆتە ئاراوە. لەم ڕووەوە ژیاری مۆدێرن لەبنەڕەتەوە لەگەڵ تەواوی ژیار و

کەلتوورەکانی تردا جیاوازە، چونکە ژیاری مۆدێرن یەکەمین و تاقە ژیاریشە کە وەکو بوونەوەرێکی ئەخلاقی، سەربەست و ئازاد بەها بۆ تاکە کەس دادەنێت، لەڕوانگەی کۆنەوە ئادەمیزاد بوونەوەرێکە لەناو چوارچێوەی سروشتدا و سروشتیش کۆمەڵەیەکە سیستەمێک بەسەریدا باڵادەستە، هەر بۆیە بنەمای سەرەکیی فیزیای ئەرستۆیی هەمان بنەمای سەرەکیی حقوقی بەر لە مۆدێرنە. (ڕامین جەهانبەگلو، ٢٠٠٩، ١٨).

لای (سارتەر) "نووسین دۆزینەوەی جیهانە". (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ١٢٢). ئەم دەقەی (حەمەکەریم عارف) بەرهەمیهێناوە، لەنێو کونە شاخێکدا نووسراوە، بە دووکەڵی چراڕەشکە، پیتە ڕەشەکانی نووسراونەتەوە، باسی کوشتن و سزادان دەکات، باسی (چاکە و خراپە) دەکات کە پێی وایە چاکە دەمێکە نغرۆ بووە و دۆزینەوەی جیهانێکی پڕ لەململانێی و جیاوازیی و هاودژی و ناکۆ بەیەک و تەنیا دژەیەکیش دەدۆزێتەوە. گوتارێکی ڕەخنەگرانە لەنێو گوتارێکی گشتی شۆڕشگێڕانە دەدۆزێتەوە کە تەبریر بۆ کوشتن و سزای ناکۆکان دەهێنێتەوە. جیهانی شۆڕشێک دەدەۆزێتەوە، کە پڕیەتی لەتێکشاکان و نامۆبوون بەهەقیقەت و ڕاکردن لە واقیعێک و لەخەیاڵ، کە مەزەندەی ئەو کەسانەدا نییە، کە خەون بە شۆڕش و کاری شۆڕشگێڕیی و ئەنجامدانی داستانێک دەبینن، کە کەس ئەنجامی نەدابێت. لەمبارە (مستۆ) شا کارەکتەری ئەم دەقە پێش چوونە نێو شۆڕش ئاماژە بەوە دەکات چۆن دەیەوێت کارێک بکات بەخەیاڵی کەسدا نەهاتبێت. ئەمەشی بۆ ئەوەیە بیسەلمێنێت کە (منداڵ نییە).

هەر کاتێک عەقڵی مەدەنی و شار و ڕۆشنبیریی لەنێو شۆڕشی چەکداری دەگۆڕێت بەواتای ئەوەی شێواز و نەریت و ڕەفتارێکی جیاواز لەو سەرەتا سیاسی و ئاشتەوایی و عەقڵیانە دێتە ئاراوە، کە بەرەو توندوتیژی دەچێت. لەبارەی شۆڕشی چەکداری و بەتایبەتی لەوەسفی ئەو کردەوانەی بەشێک لەسەرکردە و بەرپرسانەکان لە (١٩٧٦- ١٩٩١) لەنێو

شۆڕش پەیڕەویان کردووە بریتی بووە لە "هێزی سیاسی مەدەنی لەنێو بەرگی هێزی سەربازی و تفەنگی کردە شانی، بیری سیاسی، ئەخلاق، فەرهەنگ و کولتوور و نەریتی کۆمەڵایەتیش گۆڕانی بەسەردا هات. لوولەی تفەنگ، فەرهەنگ و نەریت و پێوەری تایبەت بەخۆی بەرهەم دەهێنێت. بلە، خلە و عەلە هەزار ئەوەندەی ئەلبێرت ئاینشتاین گرنگترن. دەمانچەیەکی چواردەخۆری سێ لەسەر سێ، هەموو کتێبەکانی پێشەنگای کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت دەهێنێت". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ٣٧٩). بەواتای ئەوەی (مۆدێرنێتە) و (نوێ) بەهیچ شێوەیەک ناتوانن هاوسەنگ و هاوکێشی (چەک و خەباتی چەکداریی و پاساوی بێ پاساوی توندوتیژی شۆڕشگێڕانە بن). تاکو بەڕاشکاوی نووسەری هەمان بیرەوەریی لەگێڕانەوە و لێکدانەوەی هۆکارەکان و ئەنجامی (بکوژپەرستی)دا دەڵێت "کەسانی نیشتیمانپەروەر، دڵسۆز و کادری پیشکەوتووی کۆمەڵە، یەکێتی، حسیک بەڕۆژی نێوەرۆ بەبەرچاوی خەڵکەوە ساردکراوەنەوە. پاژێک پێیان وایە زۆربەی قوربانیەکان پێشتر سەرکردە و کادری ناوداری پارتی بوون. ئەو کەسە لەدوورەوە بەنووکە قەڵەم لەپشت شاخەکانەوە بڕیاری تیرۆرکردنی داوە، هەنگاوی پێشوەختی ناوە پێش ئەوەی پارتی ببوژێتەوە. هەندێکی دیکە پێیان وایە ئەو کەسە تەنیا چاوی لەسەر تارماییەکانی ڕابردوو بووە و ویستویەتی بەدەسەڵاتی "ئەوکاتەی"ی تۆڵە لەمۆتەکە و تارماییەکانی ڕابردوو بکاتەوە. کردەوە و ڕەفتاری ئەو لەشاخ و لەشار پارتی بەهێزتر کرد، ئەم قسەیە ساڵی ١٩٧٩ لەناوەندی کۆمەڵە گووتومە، مێژوو درەنگ بێت یان زوو، لەغەدر و تاوان و بێدادی چاوپۆشی ناکات". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ٣٧٩-٣٨١). ئەمانە هەندێک لەبیرەوەری توندوتیژیی و کوشتن و سڕینەوەی جەستەی ئەوانەیە کە لەنێو عەقڵ و بیری میر غەزەبێکی شاخدا تارماییەکی تۆقێنەر بوون. کوشتن جوگرافیاییەکی ترسناکی

لەپەیوەندییە سیاسییەکان دروستکرد بوو. هیچ یەکێک لەبڕیارەکانی کوشتینیش شاراوە نەبووە و لای هەمووان ئاشکرایە ئەم میرەی بە قینەوە بڕیاری داوە کێیە.

بێگومان (ئەو) ئەوەی کە ناوبراو ناوەکەی لەدوایین لاپەڕەکانی بیرەوەرییەکانی نەهێناوە و لەبەشەکانی دیکەدا ئاماژەی پێکردووە و ناوی هێناوە (نەوشیروان مستەفا)یە. نووسەری بیرەوەرییەکان ئاماژە بەوە دەکات، کە (کتێب و ڕۆشنبیریی و زانا و دانا) لەنێو شۆڕشی کوردستاندا هیچ بەهاو پێگە و بایەخێکی نەبووە، بۆیە (دەق)یش بەهەمان شێوەی هیچ بایەخێکی نەبووە. (چەک و تۆڵەکردنەوە و بڕیاری کوشتن و سڕینەوەی ئەوانی دیکە و قبووڵنەکردنی جیاوازیی فکری و سیاسی و بەکارهێنانی توندوتیژی) پەرەی پێدراوە و ئەمەش بۆتە ئەو واقیعە هەقیقییەی ڕۆمانووس و نووسەرێکی (موحەمەد موکری) وەکو (حەمە کەریم عارف) بیر لە نووسینەوەی ڕۆمانی (سەگوەر) و (کۆچی سوور) بکەنەوە، کە ئەمەی دواییان بریتییە لەیاخیبوون لەنێو یاخیبووندا و خاوەنی گوتارێکی هوشیارانەی ڕەخنەگرانەی جیاوازە لەنێو گوتارە گشتییە باوە کلاسیکییەکەی شۆڕشی شۆڕشگێڕانەی چەکداری لە کوردستاندا. ئەم نووسەرە یاخیبوون بەواتای ڕەتکردنەوە و ڕاکردن لەواقیع و بەرپرسیاریەتی نەهاتووە، بەواتایەکی دیکە یاخیبوون بەواتا خۆکوشتن و کوشتن و سڕینەوە بەکارنەهێناوە، بەپێچەوانە ئەو هەمیشە پێداگری لەسەر ئەوە کردووە "لەهەر شوێنێک زولم هەبێت، پێشمەرگەش دەبێت".

لەبیر نەکەین (نەوشیروان مستەفا) خاوەنی ستایلێکی تایبەتی نووسین و هێرشکردن و ورژاندن و جوێن و پەلاماردانی ئەوانی دیکە بووە. ئەو لەشەستەکانەوە ئەم ڕێچکە سیاسییە باوەی لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی زبر و ناشیرنکردن و سووک سەیرکردنی بەها ئەخلاقییەکان و سیاسەت بڵاوکردۆتەوە. لە ١٩٧٦-١٩٩١یش ئەو وەکو هەندێک کەسی دیکە

لەبیرەوەرییەکانیان باسی دەکەن کەسێک بووە لە (گەرمکردنی هێرشی ڕاگەیاندن و پەلاماردانی ئەوانی دیکە ڕۆلێکی گەورەی گێڕاوە).

لەبەرانبەر ئەوەشدا لەسەردەمی شاخدا (موحەمەد موکری ) (سەگوەڕ) دەنووسێت و (حەمەکەریم عارف)یش (کۆچی سوور) دەنووسێت و سزاش دەدرێن، کە خۆی بەردەست ناکەوێت، کتێبەکەی کۆ دەکەنەوە و لەقاسمەڕەشدا دەیسووتێنن. ئەم سزایە لەکوشتن و سڕینەوەی جەستەیی نووسەرەکە ترسانکترە.

(پشکۆ نەجمەدین) لەگێڕانەوەی بەسەرهاتی نێو زیندان و فشارە دەروونی و فەرمانە توندەکانی کۆمەڵە دژیان دەنووسێت "برایم جەلال هاتە ژووری و گوتی: بەپێی بڕیاری پلینۆم و فەرمانی ناوەندی کۆمەڵە دەبێت ئێوە پاکانە بنووسن.. دوای نووسین چەند جارە خۆی دوو تێکستی دیکەی هێنابوون. یەکێکیان بڕیاری ئێعدامکردنمان بوو کە هەر جێبەجێکردنی مابوو، ئەوی دیکەشیان تێکستی ئامادەکراو بوو کە تەنها واژۆکردنی ئێمەی گەرەک بوو. برایم بەدەنگێک کە لە سووکایێتی خاڵیی نەبوو، گوتی: کاک نوشیروان دەڵێ، بواری فڕوفێڵ و ئەملاولای تێدا نەماوە. دەبێت ئەم دەقە ئیمزا بکەن، دەبێت وەها بکەن وەک ئەوەی ئێمە دەمانەوێت!. ڕۆژی پاشتر دەقی پاکانەیەک کە لەژێر حوکمی ئێعدامدا بەئێمە واژۆ کرابوو لەڕادیۆی یەکێتییەوە خوێندرایەوە. لەبڵاوکراوەکانیدا بڵاوکراویەوە و سەدان نوسخەیان بۆ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان نارد". (پشکۆ نەجمەدین، ٢٠١١، ٢٧٦).

ئێمە باسی جوگرافیای بەرهەمهێنانی ڕۆمانی (کۆچی سوور) دەکەین، ئەگەر نا دڵنیام لە نێو شۆڕشی چەکدارییدا لەسەردەمی جیاواز و لەشوێنی جیاوازدا ڕووداوی دیکەی توندوتیژی و سزا و کوشتن قەوماوە. بۆیە نموونەیەک لەچۆنیەتی کوشتن بەواتای ئەخلاق، کوشتن بەواتای دادگا و کوشتن بەواتای کۆتایی پێهێنانی جەستەیی دەهێنینەوە کە

(مامۆستا جەعفەر) لەبەشێکی بیرەوەرییەکانی وەکو فیلمێک و ڕۆمانێک و هەقیقەتێکی مێژووی دەیگێڕێتەوە، گێڕانەوەکەی بریتییە لەگفتوگۆی نێوان خۆی و نەوشیروان مستەفای سەرکردەی کۆمەڵە ڕەنجدەرانی کوردستان. گێڕانەوەکە جۆرێک لەشێوازی چیرۆکی بەخۆوە گرتووە، بەڵام واقیعە و ڕوویداوە. قسەکانی بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

بەرامبەر یەکتر دانیشتبووین. من کتێبێکم بەدەستەوە بوو، شانم دادابوو. نەوشیروان دەینووسی و تەپوودووکەڵی لێ بەرزدەبووەوە. لەپڕ سەری هەڵبڕی و ئەم پرسیارەی لێکردم: "مامۆستا جەعفەر تا ئێستا کەست نەکوشتووە؟". "نەوەڵڵا تا ئێستا کەسم نەکوشتووە!". من بەپێکەنینەوە وەڵامم دایەوە. "ئەتەوێ کەسێک بکوژیت؟". ئەو قەڵەمەکەی لەسەر کاغەزەکە دانا و ئەم پرسیارەی لێکردم و مژێکی لەجگەرەکەی داو چاوەڕوانی وەڵام بوو.

من لەدڵی خۆمدا گوتم: خودایە دیارە ئەرک و فرمانەکانی ناوەندی کۆمەڵە فرە- سەر و فرە- پەل و پۆن: دادگاییکردن و حوکمدان و جێبەجێکردنیشی دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە و ئەمە یەکەم مەلەفە، کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.. ئەمە ڕاهێنانە بۆ ئەوەی من ببمە "میر غەزەب" و "سەرپەڕێنەر". ئەمەیە "کەسی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو".

یەکەمین چرکە پێموابوو، مەسەلە سوعبەتە و نەوشیروان دەیەوێت من تاقیبکاتەوە، بۆیە گوتم: "هەر کەسێک جاش و جاسووس و بەکرێگیراوبێت، فوو لەئاو ناکەمەوە.." کتێبەکەم لەسەر بەردی قەراخ چادرەکە دانا و سەیری پێشمەرگەکانم کرد، کە لەدەرەوە وەستابوون... "جاسووسێکمان گرتووە و پێمخۆشە تۆ بیکوژیت!". نەوشیروان وەڵامەکەی منی پێخۆش بوو، وایزانی هەنگوینی لەدارا دۆزیوەتەوە، بە (فەرید ئەسەسەرد)ی گوت: "بڕۆن ئەو کابرایە بهێنن". پاش چەند دەقیقەیەک کوڕێکیان هێنا، باڵابەرز، سووروسپی، جانخاس، قژێکی ڕەش،

لەبەردەم تیشکی هەتاودا دەبریسکایەوە. تەمەنی (١٤-١٥)ساڵ دەبوو. تووک و گەندەموو بەدەم و چاویەوە نەبوو. چوار پێنج پێشمەرگە ئەملاوئەولایان گرتبوو.. نەوشیروان گوتی: "ئەمە جاسوسەکەیە برۆ بیکوژە". بەچاو دەمبینی و بەدڵ بڕوام نەدەکرد ئەم مناڵە جاسوس بێت و نەوشیروان بڕیاری وا بدات!.

گوتم: "کامیان جاسووسە؟". نەوشیروان ئاماژەی بۆ ئەو مێردمنداڵە کرد، کە لەپەنای بەردێک وەستابوو، پێشمەرگەکانیش ئەم لاو ئەولایان گرتبوو. "ئەمە هەر زۆر منالە کاک نەوشیروان!" من بەسەرسوورمانەوە وەڵامی نەوشیروانم دایەوە. ئەو گوتی: "جاسووسە و دەبێ بکوژرێت!". من گوتم: "مێرمناڵێکی وا ببێ بە ئاگر کوێ دەسووتێنێت؟". ئەو گوتی: "پیاو خراپی بەمناڵی و بە گەورەیی نییە". من گوتم: "ئەمە خۆی دانی پێداناوە کە جاسووسە؟". فەرید ئەسەرد گوتی: "ئەمە خۆی کردۆتە کەڕولاڵ". من گوتم: "ئەی لەڕێکخستنەوە نامەتان بۆ هاتووە، کە ئەمە جاسووسە؟". نەوشیروان گوتی: "نەخێر لەڕێکخستنەوە هیچمان پێنەگەیشتووە!". من گوتم: "ڕێکخستن هیچی لەسەر نەنووسیبێت لەهیچ لایەکەوە زانیاری لەسەر دزەی نەکردبێت، خۆی کردبێتە کەڕولاڵ و دانی بەهیچدا نەنابێت ئەدی چۆن دەزانن جاسووسە؟". نەوشیروان گوتی: " ئێمە خۆمان دەزانین ئەمە پیاو خراپە". من گوتم :"لەهیچ شوێنێکی ئەم جیهانە ئەم جۆرە دادگایە لەئارادا نییە، بەبێ بەڵگە خەڵک بکوژرێت.. چۆن ئێمە دەبێ بەم شێوەیە بڕیار لەسەر مان و نەمانی خەڵک دەربکەین؟". نەوشیروان گوتی: "تۆ ئەتەوێ بیکوژیت، یان ناتەوێ بیکوژیت؟". من بەڕوونی پێمگووت :" بەهیچ شێوەیەک ناتوانم بەردێکیشی تێبگرم". نەوشیروان بەو چوار کەسەی گوت: " بڕۆن بیبەن بۆ ئەو چەمە..". من هەروام زانی دەیبەنەوە بۆ شوێنەکەی خۆی، نەمزانی لەوێ لەناو چەم تیرباران دەکرێت. شاخەکانی دەوروبەری بەرخلیسک ئەگەر زمانیان هەبووایە دەبووایە تا دونیا دونیایە

ئەو تاوانەیان بۆ بەفر و باران بگێڕایەتەوە". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٠، ٢٤٣-٢٤٥).

لەنێو گوتاری شۆڕشدا دادگا و لێپێچینەوە و زانیاریی هیچ بەها و کاریگەرییەکیان لەسەر بڕیاری سڕینەوە و کوشتنی ئەوانە نەبووە، کە بڕیاری سڕینەوە و کوشتنیان دەدرا. سڕینەوە (جەستەیی و عەقڵی و دەروونی و ئەخلاقی و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی... تاد) پەیڕەو کراوە. لەگوتاری کۆچی سووردا بەڕاشکاوی و لەبیرەوەرییەکاندا ڕوونتر لەدەقێکی ئەدەبی وەکو بەڵگە و تۆماری واقیعی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان ئاماژە بە جۆر و شێواز و تەکنیک و مەرام و خواستی کوشتن و سڕینەوەی ئەوانی دیکە کراوە.

کاتێک مەحموود دەڵێت "وەرن، وەرن ئەم هەتیووە ببەن..." ڕێک ئەم قسەیە بەڵگەیە بۆ بڕیار و فەرمانی دادگایی، بڕیاری کوشتن و لەناوبردنی جەستەیی و کۆتایی پێهێنانی (سیابەند). بیرەوەرییەکان کات و شوێن و ناوەکان و چۆنیەتی بڕیار و جێبەجێ کردنی کوشتن و تیربارن کردنی کەسەکان و دۆخەکە و ناعەدالەتی و بڕیاری تاکەکەسی و زولم و ڕەتکردنەوە و گفتوگۆی درێژ لەنێوان کارەکتەرەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام لە نێو دەقی ڕۆماندا بەتەنیا یەک کورتە ڕستەی خەیاڵێندراو بە گوزارشتێکی خەیاڵی، هەقیقەتێک، یان پتر لە هەقیقەتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە. ڕۆمان بە پێنج وشە، بیرەوەریی بە پێنج لاپەڕ و پتریش ئەم بەسەر هاتە دەگێڕێتەوە.

### فرە سەنتەریی و فرە هێزیی و فرە گوتاری

وەکو (ئەلیکساندەر کویرە) دەڵێت "لەگەڵ سەرەتای چاخی مۆدرێنەدا، ئێمە لەوێنای دونیایەکی داخراوەوە بەرەو جیهانێکی بێ کۆتایی دەچین، کە تیایدا چیدی جووڵەی شتێک بەند نییە بە جووڵە و دۆخەکانی یەک سەنتەرەوە. بۆیە ئەوە دەیسەلمێنێت کە ئەوەی جووڵەی هەیە، ئەسلی

جووڵەکەی لەناو جووڵەی خودی خۆیدایە، بە دەربڕینێکی دی فیزیای مۆدێرن بە گەڕاندنەوەی هێزی بزوێنەر بۆ ناو ئەو شتە خۆی تیۆرەسازانی کاروباری مرۆیی هان دا تا ئەسلی بزاوتی سیاسی بگەڕێننەوە بۆ ئەندامانی دەستەی سیاسی". (ڕامین جەهانبەگلو، ٢٠٠٩، ٢٠). واتە لەسەردەمی مۆدێرندا شتەکان دەبەسترێنەوە بە خودی خۆیان و ئەو بزاڤ و چالاکی و جووڵەیەی دەبێت لەسەرەوەی ناوەندی هێز و گوشارەکانەوەیە، خودی شتەکان خۆیان ئیرادەی جووڵەکە دروست دەکەن. ئایا ئەمە سەبارەت بە (شۆڕشی نوێ) کە دروشمی (نوێ) وەکو بنەمایەک بۆ نیشاندانی (فرەیی و بەرەیی و دەنگی جیاواز و گوتاری جیاواز) هەڵگرتووە, ڕاستە؟. بێگومان لەشێوە و قالبدا، لە بانگەشەی ئاشکرا ئەوەی ئاراستەی خەڵک کراوە لەفۆرمدا ئەو (جیاوازیی و فرەیی و بەرەییە) هەیە، بەڵام لەکردەوەدا هەر لایەنێک (خۆی خۆی بەڕێوەبردووە و هەروەها یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە خۆی وەکو بەرەیەک نمایش دەکات دەیەوێت هێزەکانی دیکە لە نێو یەک دەسەڵات و ئیدارە و بڕیار کۆبکاتەوە. سەرەتا بزوتنەوە جیا دەبێتەوە و خۆی جیا دەکاتەوە و خودی خۆی دەبێتەوە خۆی، کۆمەڵەش لەلێکدابڕان و لەتبوون بەدوور نییە و دروستبوونی ئاڵای شۆڕش یەکێکە لە نموونەکان. دیارە ئەمانە بەشی هەرە زۆریان پەیوەندیی بە قووتدان و سڕینەوەی جیاوازییەکان بووە، نەک پەرەپێدانی جیاوازیی و پاراستنی تایبەتمەندی لایەنەکان و پەرەپێدانی فرەیی و بەرەیی و فرە گوتاری. لە (کۆچی سوور)یشدا بەئاشکرا ئاماژە بەوە کراوە، کە سەرکردایەتی کاروانەکە (هەمان شتە کۆنەکانە). لە سەرکردایەتیدا هیچ کەسێک وەکو بەرپرس ڕۆڵی نییە (مەحموود) نەبێت. واتە تاکە کەسێک نەک فرە بەرپرس و ناوەندی بڕیار دەدات، ئەمەش بەواتای سڕینەوەی فرە دەسەڵاتی و فرە گوتاری لەبڕیار و جێبەجێکردن

دێت. هەر تەنیا (مەحموود) بیر دەکاتەوە و گفتوگۆ دەکات و هەرخۆشی سەرچاوەی بڕیاری کوشتنی (سیابەند) و هاوشێوەکانییەتی.

(مامۆستا جەعفەر) لەبیرەوەرییەکانیدا لەبارەی مێژوویی شۆڕشی ئەیلوول و لێپرسینەوە لەگەڵ خدوی کاردەکانی خۆیدا دەڵێت "بەشی زۆری ئەندام و لایەنگرانی کۆمەڵە هاتبوونە شاخ و کار و چالاکی خۆیان دەکرد. ڕەخنەی توندیان لەهەندێ دیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگرت. بەدرێژایی ئەو ساڵە تەنیا لێپرسینەوەیەکی سادە لەلایەن پاراستنەوە لەگەڵ دوو کەسدا کرا. جارێکیان عیماد ئەحمەد بۆ (باوەهای) بانگکرا و جارێکیتر عەلی شامار ڕەخنەی توندی لە سەرکردایەتی شۆڕش گرتبوو. هەردووکیان ئاگادار کرابوونەوە لەهەر جۆرە سووکایەتی و ڕەخنە و قسەی نابەجێ خۆیان بپارێزن". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٠)، لەکاتێکدا ئەگەر ئەمە بەدۆخی نێو (شۆڕشی نوێ!!) و ڕووداوەکانی نێو (کۆچی سوور) و بیرەوەریی بەرپرسەکانی شۆڕش لەدوای ڕاپەڕین بەراورد بکرێت، جیاوازییەکی ئێجگار گەورەیە.

بەڵام لەنێو بزاڤی چەپخوازیی و ڕاسترەویدا، لەنێو گروپێکی (مارکسی و لینین)دا کە سەرۆکەکەیان (نەوشیروان مستەفا)یە لەبیرەوەرییەکانی دوای چەندین ساڵ لە چاندنی سیاسەتی ڕق، بانگەشە بۆ فکری چەپ و تاوانبارکردنی حزبە مارکسییەکانی دیکە بە (تەحریفی)، هەر خودی ئەم سەرکردیە دەڵێت "من بڕوام بە مارکسیەت نەبووە". لەخۆپیشاندانەکانی ١ی شوباتی بەردەرگای سەرا بۆ تێکشکاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گروپە ئیسلامییەکاندا (قورئان بەرز دەکاتەوە و زەمینەی ئەوە خۆش دەکات نوێژ بێنێتە نێو شەقام). لەتەک ئەوانەشدا کاتی خۆی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە (شۆڕشی نوێ!!؟) شۆڕشێکە لەسەر بنەمای (فرە ئایدیۆلۆژیی و فرە حزبی و فرە هێزیی) دامەزراوە، بەڵام بەشێوەیەکی بەردەوام کاریان بۆ سڕینەوەی ئەوانی دیکە و خۆسەپێنی

لەنێو یەک سەنتەری هێز و حووکمڕانی و ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە بەرجەستە کردووە. ئەدەبیاتی شاخ لە ١٩٧٦ەوە پڕە لە ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە و کارکردن بۆ سڕینەوەی جیاواز لەخۆیان و کۆنترۆڵی گۆڕەپانی خەبات و خۆسەپێنی.

ئەمە ڕێک ئەو دۆخەمان وەبیر دەهێنێتەوە، کە گومان دەکرێت (ئەم نووسەرانەی لەو چینەی خۆیان دابەزیوون و یادی دەوڵەمەند بوون دەکەنەوە، کەدەبوو لەخۆیانی حەرام بکەن، بەسەر بیرکردنەوەیاندا زاڵبوو، لەمەترسی ئەوەدا بوون (چینێکی کرێکاری جوانپۆش) لەپەراوێزی چینی کرێکاری ڕاستەقینەدا دروست ببێت، جێی گومانی کرێکاران بێ و لەڕوانگەی بۆرژواوە دەرکراوبن، داواکانیان لەبڕی جوامێری پڕبن لەتوندوتیژی و قین لەکۆتایدا هەڵوێستی دوژمنکارانە بەرانبەر هەردووکیان کرێکار و بۆرژوا وەربگرن". (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ١٨٧).

ئەم وەسفەی بۆ هەڵگەڕانەوە و لەخۆتێکچوون و چینگۆڕکێ و بیروڕاگۆڕین لەنێو چینەکان دروست دەبێت و چینی دەستکردی نمایشکەری دەستکرد دێنە ئاراوە، لەنێو ئەدەب و نووسینیشدا ئەم کاریگەریی و کارتێکردن و ئەرکگۆڕیی و فکرگۆڕییە بەرچاو دەکەوێت. لەنێو شۆڕشدا گوتاری ئەدەبی و نووسین ڕێک پێچەوانەی فرەیی و فرەسەنتەریی و دەسەڵاتە، بەپێچەوانە بەڕاشکاوی (بانگەشەی لەنێوبردنی ئەوانی دیکە دەکەن) و لە (کۆچی سوورد)دا بەڕاشکاوی ڕووداو گەلێکی سڕینەوە و لەناوبردنی ئەندامەکانی خۆشیان وێناکراوە و لەهەقیقەتی نێو واقیعی ئەو کاتدا سەرچاوەی گرتووە، کە ئەمە بەڵگەی خۆسەپێنی و یەکبڕیاریی و کوشتنی فرەسەنتەریی و فرە بیرکردنەوە و فرە ئایدیۆلۆژیایە. لەکاتێکدا ئەوان بانگەشەی (ئازادیی و فرە سەنتەری) دەکەن. ئەمە ڕێک جۆرێک لەگوتاری چەواشەکارانەی دەستکردی خۆسەپێنی بەرهەمهێنراوە، کە پێچەوانەی بانگەشەی (مۆدێرنیەت و نوێ بوونەوەیە).

دۆخی کوردستان لەنێو شۆڕشدا نەک لەناوچەکانی ژێر کۆنرۆڵی حکوومەتی فاشیستی بەعسدا ڕێک لەسەدەکانی هەژدەی ئەوروپا دەچێت، لەوێدا "لەسەدەی هەژدەهەمدا ئەو ئازادییانەی ئەدەب پێویستی بوو و داوای دەکردن، لەو ئازادابیە سیاسییانە جیا نەدەکرانەوە، کە هاووڵاتی هەوڵی دەدا بەدەستیان بێنێت، بەم پێیە نووسەر دەبوو بەهرە لەهونەری دەروونی خۆی وەربگرێت داوا تیۆرییەکانی پراکتیزە بکات تاکو ببێتە شۆڕشگێڕ. لەکاتێکدا ئەو شۆڕشەی لەقۆناغی ئامادەبوون دایە، شۆڕشێکی بۆرژوازیی بێت، ئەدەب دەبێتە ئەدەبی شۆڕشگێڕ". (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ١٨٧).

لە نێو گەرمەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی شاخدا هەندێک دەنگی جیاوازی ڕەخنەگرانە دەردەکەوێت، ئەم دەنگانە دەماری هەندێک لە بەرپرس و ئەندام و کادر و پێشمەرگە دەگرن و تووڕەیان دەکەن. (موحەمەد موکری و حەمەکەریم عارف و حەمە سەعید حەسەن و بەفرین ..) ئەمانە نووسەرێک بوون لەنێو جەرگەی خەباتدا، وەکو نووسەر لەپێناو ئازادی و ڕزگاریی دەجەنگان، بەڵام وەکو (حەمە کەریم عارف) پێناسەی شۆڕشەکەی کردووە (بۆرژوازییانە) بووە و پێویستە (پرۆلیتاریزە بکرێت). ئەمە نێوەڕۆکی شۆڕشە، ئەمە بنەمای تێڕوانینی ئەدەبە بۆ خودی ئەو گوتارەی لەسایەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکداریدا پەیڕەو دەکرێت.

وێنەیەکی سینەمایی فکرییمان بۆ دروست دەبێت، کاتێک شێوە و جۆر و هەڵسوکەوت و جلوبەرگ و کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی دەق و توانا جەستەیی و فکریی و شوێنی ژیان و شێوازی بیرکردنەوەی خاوەن دەقەکانمان دێنێتەوە نێو هزری بیرەوەرییەکانمان. نووسەرێک بۆ ئەوەی پارێزگاریی لەژیانی خۆی نەک لەترسی دوژمنی داگیرکەر، بەڵکو لەترسی تۆڵەکردنەوە و پاکتاوکردنی نێوەخۆی شۆڕش کلاشینکۆفێک لەشان بکات. نووسەرێک دەبووایە لەدەرگای لایەنە سیاسییە چەکدارەکان بدات، بۆ نان و بۆ کەرەستەی چاپ و بۆ بژێوی.

له کۆچی سوور لەبارەی بەمەرکەزکردنی دەسەڵات و خۆسەپێنی و دروستکردنی سێبەری لاواز هاتووە: "مەحموود کەم دەردەکەوت، ئەوەندە تێکەڵ بە خەڵکی نەدەبوو، ئەگەر تێکەڵیش با زۆر کەمی دەگوت. بەمە چەشنە هەیبەتێکی بۆ خۆی دروست کردبوو. دەوروبەرەکەی گەنجانی نەفام و خوێن گەرم یا کەسانی بودەڵە و ڕیپاکار بوون. بەکوتی کۆمەڵە سێبەرێک بوون بەس. ئەمانە وەکو توتی فەرمایشتەکانی هاوڕێ مەحموودیان دەوتەوە". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٧-١٤٨).

بەم شێوەیە کەسایەتییەکی نامۆ، پڕ لەگومان و خۆسەپێن لەنێو شۆڕشدا دروستکراوە، بۆ ئەوەی بە خەڵکی ئاسایی بڵێن (پیاوێکی مەزن و بیرمەندێکی بێ هاوتا و پاڵەوانێکی قارەمان و جوامێر و ... تاد)یمان هەیە، ئەمە خۆ دابڕینە لە ڕەشە خەڵکەکە لەپێناو بەهێزنیشاندانی هێزی بەناوەندیی کردنی شتەکانە، سڕینەوەی شوێنەکانە لەپێناو جوانکردنی شوێنێک، لاوازکردنی پلە و پایەی جەماوەریی ئەوانی دیکە بۆ جوانکردنی پلە و پایە تاکە کەس.

لەهەمان کاتدا فرە و پەرتبوونێکی نەرێنیشی وێناکردووە، کاتێک پێشمەرگە (تالانی ماڵی ئومێد دەکەن و گسکی دەدەن و سەربەستی بەرپرس بەتووڕەیی و تاوانبارکردنەوە قسە لەگەڵ ئومێدی دۆستی شۆڕش دەکات)، یان لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا دەبێژێت "پێشمەرگایەتی دەبێ لەچوارچێوەی شۆڕشدا بێ ئەگینا...". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٢٤). لێرەدا (پێشمەرگە) لەناوەندیی بوون و یەکهێزی و کۆنترۆڵ دەردەچێت و جۆرێک لەبەرەلایی و بێ سیستەمی و دابڕان لەبەها پیرۆزەکانی پێشمەرگایەتی دروست دەبێت. واتە لادانێکی نەرێنی لەخۆبەستنەوە (لەچوارچێوەی شۆڕش) وێنا دەکات، کە لەمەش توندتر لەگوتارێکی ڕەخنەگرانەی هەڵگێڕ و بنگێرکردنەوەدا دەڵێت "بەڕای من ئەوە شەڕە، نیمچە بزووتنەوەیەکی چەکدارانەیە نەک شۆڕش .. جا تا ئەو

شەڕە نەگۆڕین بە شۆڕش هەر ئەوە بەشمان دەبێ". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٢٤).

واتە نووسەر دەیەوێت لە نێو ئەم بانگەشە و گوتارە باوەی کە ئاماژە بە فرەیی و فرەهێزیی و فرە ئایدیۆلۆژیی دەکات، ڕێک گوتارێک لەشێوەی هەڵوەشانەوە، بێ ئەوەی درێژدارِی بکات و لەتەنیا ڕستەیەکدا هەموو ئەو شتانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە پێی دەگوترێت شۆڕش. ڕاشکاوانە لە تەنیا ڕستەیەکدا، لەتەنیا گوزارشتێکدا و لەتەنیا گفتوگۆیەکی فکریدا دەڵێت (ئەمە شەڕە نەک شۆڕش). واتە نووسەر دەیەوێت سەرکەوتن و پێشکەوتن و پێناسەی شتەکان لە (چوارچێوەی شۆڕشدا) نمایش بکات، نەک ئەو شتانەی (بەناوی شۆڕش ئەنجام دەدرێن، بەڵام لەڕاستیدا شەڕە و بەرەنگاربوونەوە و تەق و تۆقە).

نووسەر بێ ئەوەی پێناسەی (نوێ، یان شۆڕشی نوێ، یان بانگەشەی گوتاری فرەیی) بکات بەکورتی بە خوێنەرەکانی دەڵێت (ئێمە لەسایەی ئەم بانگەشەیە کە چەواشەکارییەکی تێدایە و بەکسانی سێبەر پڕکراوەتەوە و ژینگەکە چڵکاوێکە و ئەم چڵکاوە پڕە لە دەستبڕ و لیبۆک و بێکار و فاڵچی و ماستاوچی و قۆنتەراتچی و سیاسەتچی و بۆرە پیاو و ڕیاکار) بەرەو دۆخێکی نادیاری ترسناکمان دەبات، ئەویش (نەگەڕانەوە و تێکشکان و پەرتوبڵاوبوونەوەی کاروانە کە شێخ ناوێک سەرکردایەتی دەکات لە چیای هاتونەهاتدا). پیشبینی ئەوەی کردووە شۆڕشەکە بەرەو کارەسات و شکان و نسکۆ دەچێت، بەکردەوەش لە کۆتایی مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٨ دا ئەمە ڕوو دەدات، گومانیشم لەوە نییە ئەم دەقە پێش چاپ و بڵاوبوونەوەی نووسراوە، چونکە پێش چاوپە کوردییەکەی بۆ فارسی و حەرەبی وەرگێڕدراوە و چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

سەربارى ئەوەش پێی وایە (شۆڕش دەبێت چوارچێوەی هەبێت، پێشمەرگە دەبێت پەیوەست بێت بەم چوارچێوەیە و شۆڕشەکە نوێ نییە

لە سەرکردایەتی و کەرەستە و بۆچوون و شێواز و کارکردندا، شۆڕشێکە سەرکردایەتییەکەی هەر شێخ و نەزان و نەفام و هاوشێوەکانی بەڕێوەی دەبەن. ئەمە شەڕە و شۆڕش نییە).

یەکێک لەسەرکردەکانی کۆمەڵە و شۆڕشی نوێ لەبارەی (تۆقاندن و ترس و تارمایی) دەنووسێت: "لە وڵاتێک پیاوکوژ بە "ئازا" و "پاڵەوان" دابنرێت. دز و ساختەچی و دەستبڕ بە "کەسایەتی" گەورە و هێژا دابنرێت. مرۆڤی ڕووناکبیری بوێر و ڕەخنەگر، بە بێکەلک و بوودەڵە و چەنەباز دابنرێت. سیاسەتی: بەرد لەسەردانان، گونجاوترین سیاسەتە بۆ ئەوەی گەردنت بەشکاندن نەچێت. لەبن ساباتی بیرەوەرییەکانمدا جێگایەک بۆ هەڵواسینی شیعری پاکانە نادۆزمەوە. پاکانە نووسین ئەرکی ئەوانەیە، کە تا ئانیشکیان لەخوێنی هابیل سوورە". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ٣٧٤). لە گفتوگۆیەکدا (دلێر) دەڵێت "ئەوانە دەکەینە بەردی سەر ئاودەست". ئەمە وێناکردنێکە گەیشتۆتە لوتکەی سووکایەتی و سزا و سڕینەوەی جەستە.

**شەڕ و شۆڕش**

لەبارەی ئەم ناوونیشانە بە قسە و بۆچوونێکی (مەسعود موحەمەد) دەست پێ دەکەم لەبارەی فکری شۆڕشگێڕی و فەلەسەفەی کاری شۆڕشگێڕانە و ئەو هەموو گوزارشتە شۆڕشگێڕییەی لەنێو هەموو شتێکی کوردا هەیە، کەچی هیچیش نەکراوە، ئەو لەم بارەوە دەڵێت "هەڵبەت دەسەڵات گرتنە دەست وا بەئاسانی نابێت، بەڵام کە بیروباوەڕێک بەلایەوە وابێت میللەت بەدرێژایی مێژوو هێندە شۆڕشگێڕ بووە فەلسەفە و ڕۆحی شۆڕشگێڕی بخاتە ناو گوتە و پەند و قسەی نەستەقیەوە، دەبێت لێی بپرسی ئەرێ برا ئەدی بۆ بەدرێژاییی مێژوو میللەت بزوتنەوەی نەکردووە لەدژی خوێنمژ، بۆ لەماوەی دوو هەزار ساڵاندا فەلسەفە شۆڕشگێڕەکەی نەکرد بە "دستور العمل؟" ئەم پرسیارانە و هی دیکەی

وەکو ئەوان دێنە پێش لەڕاستیدا وەرامیان نییە بەڵام ئەوەی ئارەزوو بکات دەتوانێت بەپێی کەیف و خواهشتی دڵ و بیر و باوەڕی خۆی وەرامان بداتەوە". (مەسعوود موحەمەد، ٢٠١٠، ١٧٩).

پێش ئەوەی بچمە نێو شیکردنەوەی ئەو گوتارە ڕەخنەییەی نووسەر لەبارەی شەڕ و شۆڕش، یان جیاوازییەکانی نووسیویەتی، پێویستە ئاماژە بە بۆچوونێکی هاوسەنگی نوێ لەبارەی شۆڕشەکانی سەردەمی شەڕی سارد بکەم کە پێی وایە "ململانێی نەژادی زۆر و گۆڕانکاریمان لە ڕژێمەکان بینی، لەناویاندا شۆڕشی میللی لە ئەندۆنیسیا و سربیا ڕوویدا، بەڵام هیچیان بەرەنجامێکی ئەوتۆی لەگۆڕنکارییەکی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری نەبوو. بزاڤی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەئاستێکی فراوان بەردەوامە، لەبەر هۆکاری سیاسی و ستراتیژی ئەم بزاڤانە شۆڕشگێڕیی نین". (جون فوران، ٢٠٠٧، ٧٧). ئەگەر ئەمانە بەشۆڕش هەژمار نەکرێن، بێگومان کارێکی قورسە گوتاری شۆڕشی چەکداری لە کوردستاندا بە گوتارێکی شۆڕشگێڕانە هەژمار بکرێت، چونکە لە خۆخواردنەوە و جووینەوە و چاولێکەریی و پەرەپێدانی ڕق و گێڕانەوەی دەیان دیاردەی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنەوەی گیانی دەرەبەگایەتی و کوێخایەتی و دژایەتی پەیوەندیی ئازادانەی خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕ و دەستبەسەرداگرتنی زەوی جووتیاران و ئازاردانی گوندنشینەکان و چاوبڕینە ناموسی ئافرەتەکانی گوند و بردینی سەیارە و تەلەنتەر و سەرانە و وەرگرتنی بەنزین و پاتری سەیارە و شتی دیکەش، شتێکی ئەوتۆی بەرهەم نەهێناوە. سەرباری درێژەدان بە شێوازی کلاسیکی و کۆنینە لە سەرکردایەتی و پەیوەندی لەنێوان شۆڕش و جەماوەر و نەگواستنەوەی خەبات لە شاخ بۆ شار و خەباتی جەماوەریی.


لەنێو (شۆڕشی نوێدا!!) کە لەکردەوەدا من گومانم لە وشەی (نوێ و وابەستەبوونی تەواو بەشێواز و عەقڵیەت و کەرەستەی کۆن و تەنیا

پاکتاوکردن و قینی کۆن و ... تاد) هەیە، پێناچێت هەم (فکر و شێواز و ڕەمز و بیرۆکە و نیەتەکانی شۆڕشی نوێ) جیاوازییەکەی بنەڕەتی و گرنگی لەگەڵ ئەوەی پێشەخۆی کە شۆڕشی ئەیلوولە هەبێت. گوتارێکە وەکو پەرچەکردار و کاردانەوە (دژی نەک پێچەوانەی) شۆڕشەکەی بەر لەم قۆناغە هاتبێتە ئاراوە، چونکە لەکردەوە و گوتار و قسەکان و ئەدەبیاتی سیاسی و ئەدەبیدا دیارە، کە ئەوانە (خۆیان بەئەلتەرناتیڤ و جێگرەوەی سەرکردایەتی پێشتوو) دادەنێن. لەکردەوەشدا کە بانگەشەی (مۆدێرنێت و نوێبوونەوە و نوێخوازی لە ستایل و فۆرم دەکەن) دەرکەتووە لەململانێی نێوان گروپی (ئاڵای شۆڕش) و (کۆمەڵە و یەکێتی) و (بزووتنەوە و یەکێتی) و (لیستی تیرۆرکردن و پاکتاوکردنی کەسانی سەر بەپارتی لەسلێمانی و کوشتنی ژمارەیەک ئافرەت هەر لەم شارەدا) کێشەکانی گەیاندۆتە ئاستێک "هەڵمەتەکە هێندە چڕە و دەنگدانەوەکەشی لەناو پێشمەرگە و ڕێکخستنەکاندا ئەوەندەی تر فەزای سایکۆلۆژی و سیاسی و بارگاوی دەکات.. فەزایەکی وا کەس نەوێرێ بیر لەڕەخنە و نارەزایی دەربڕین بکاتەوە. ئیدی لەوێ بەدواوە، هەر کەسێ دژی نایەکسانی، نادادپەروەریی و دژی سزادانی خەڵک، لەسەر جیاوازی بیروباوەڕ و لەسەر بەرتەسکبوونەوەی ماف و ئازادییەکانی تاک قسە بێت، یەکسەر مۆری ناچەپ بە هەنیەیەوە دەنرێت". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ٣٨١). واتە کێشەکان دەگەنە ئاستێک زۆر قورس و ئاڵۆزە (ڕۆمانێک)، یان (شیعرێک) و (دەقێک و وتارێک) بتوانرێت ئەم دوو گوتارە دژ بەیەکە سارد بکاتەوە و گوتاری ڕەخنەگرانە وەکو (مەڕێکی قوربانی) نەخاتە بەردەم (چەقۆی توندی فەرمان بەدەست و باڵادەستە خۆسەپێنە هەقیقییەکانی نێو شۆڕش).

لەسەردەم و گەرمەی کارەستای ئەنفال و شکانی پێشمەرگەدا (پشکۆ نەجمەدین) زیندانی شۆڕش بووە و دەڵێت: "وەی خودایە! ئەمە ئاشبەتالێکی

جاڕنەدراوە! ئاشبەتاڵێک بەبۆنی ژەهر و خوێنەوە! ئەمە هەرەسێکی دیکەیە و کەسێک خۆی لەژێر باری قورساییە کارەساتبارەکەی نانێت! کێ بوو گوتبووی: تەرمی شۆڕش لەو گۆڕەی کەوتووە، کەسێک جورئەت ناکات بینێژێ!". (پشکۆ نەجمەدین، ٢٠١١، ٣٢٦).

بۆیە ئەم نموونەیە دەهێنینەوە کە (ڕەخنەگرتن) بێ هیچ دادگاییەکی ڕەوا (تاوانبارکردن بەخیانەتی) بەدواوەیە، هەر تاوانبارکراوێکیش بێگومان (سزا) چاوەڕوانی دەکات واتە سێگۆشەی:




لەهەمان کاتدا دەبێت هەقیقەتێکی دیکە ڕەچاو بکەین، ئەم سێگۆشەیە (ڕەخنە، تاوانبارکردن و سزا) کەشێکی تۆقێنەر و گوتارێکی ناشۆڕشگێڕانەی دروستکردووە، هیچ مرۆڤێک لەم سەردەمەدا ناتوانێت لەنێو گێڕانەوەی بیرەوەریەکانیدا هەقیقەتی ئەم سێگۆشەیە پشتگوێ بخات، لەکاتێکدا (حەمە کەریم عارف) لە ١٩٨٨ بە ڕۆمانێک ئەم هەقیقەتەی بەرجەستە کردووە، بەرجەستەکردنێکی هونەریانە و لەنێو دەقێکی ئەدەبی ڕەخنەگرانەی ڕیالیزمی، بەم شێوەیە لەزاری (سیابەند) کە قسە بۆ هەڵکەوت دەکات، دەگێڕێتەوە "شۆڕش کردن خیانەت نییە، مەرگیش مەحەکی حەقیقی ئینسانە. بەڵام مەرگی تۆ، ئەو مەرگە نابێ کە خۆت

دەتەویّ". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٧). واتە ئینسانەکە توانا و مەحەکی بوون و هەقیقەتی لیّ زەوت دەکریّت. تەنیا ئەو مەرگەی چاوەڕوانیشی دەکات، مەرگێک نابێت، کە خۆی دەیەوێت مەبەستی ئەوەیە بەدەستی دوژمن شەهید نابێت، بەڵکو لەنیوەخۆدا پاکتاو دەکرێت و دەسڕێتەوە و لەناو دەبرێت. تەنیا لەنامۆبوون لە خودی مەرگیشدا بەرجەستەکراوە. (سیابەند)ی پێشمەرگە بەشێوەیەک دەکوژرێت، لەبەر بیرکردنەوەی جیاوازیی لەنێو شۆڕشدا تاوانی خیانەتی بۆ دروست دەکرێت و (مەحموود) بیّ گەڕانەوە بیّ هیچ فرەیی و دادگا و لێکۆڵینەوەیە و زانیارییەکی پێشوەختە بەشێوەیەکی (مەرکەزی و خودی و تاکەکەسی) فەرمانی (مەرگی) سیابەند دەردەکات و ئەوانەی جێبەجێشی دەکەن، سێبەرە گەمژە و گورگ ئاساکانن. لای (ئەلبێر کامۆ) لە ڕۆمانی (نامۆ)دا مەسەلەی مەرگ بەکردەوە پەیوەندی بە فکرێکی فەلسەفیی و پرسیارێکی جددیەوە هەیە کە پێی وایە "مەسەلەی خۆکوژی حوکمدان لەسەر ئەوەی ئاخۆ ژیان ئەوە دەێنێت یان ناهێنیّ کە بژیت، ئەوە مەبەستی گەوهەری فەلسەفەکەیە". (ئەلبێر کامۆ، کۆبەرهەم، ٢٠٠٣، ١٤). لای (حەمە کەریم)یش (مەرگ مەحەکی ژیانە). واتە ژیان لەپێناو ئەوە نییە بژین، بەڵکو چۆنیەتی مەرگ پێوانەی ئەو ژیانە دەکات، کە هەمیشە جێگەی پرسیار و گریمانەیە.

کە ئاڵۆزیی و گرفت و تەنیا ناکۆکییەکی هەستپێکراوی توندیش لەنێوان سیاسییەکان و هێزی چەکداری پێشمەرگەی حزبەکان هەست پێکراو بوو. هەمیشە سیاسییەکان ڕەخنەیان لەوە گرتووە، کە بەرپرسەکانی پێشمەرگە، یان پێشمەرگەی ئاسایی هەڵسوکەوتی نەشیاوی نەگونجاوی لەگەڵ مەبدەئە سیاسییەکانی حزب دەکەن و دەسەڵات و هێز و تواناکانیان لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی و چاوسوورکردنەوە لە جووتیارەکان و دانیشتوانی گوندەکان بەکاردەهێنن. لەکردەوەدا ئەمە جۆرێکە لەئیشکالیەتە درێژخایەن و بەرچاوەکەی نێو زۆر لەشۆڕشە چەکدارییەکان. کارەکتەرە چەکدارەکان ئەوانەی شەڕی پارتیزانی دەکەن، ئەوانەی هێز و پایە و بەردەوامی خۆیان و

شۆڕش لەبەکارهێنانی چەک و توندوتیژی دەبیننەوە. لەنێو ڕۆمانی (کۆچی سوور)دا لەدیدێکی قووڵی فکرییەوە پێناسەکراوە، یان شیکراوەتەوە کە (مەسەلەکەکان دەبەستێتەوە بەسەرەتاکانی شەڕ، نەک شۆڕش).

(رۆجی دۆبریە) لەبارەی شۆڕش لە ڤێتنام و چین و هەندێک وڵاتی دیکەی ئەمەریکا سەرنجەکانی لەسەر ئەوە چڕکردۆتەوە، کە "شەڕ درێژەپێدانی سیاسەتە، بەڵام لەژێر شێوەیەک و بەئامرازی تایبەتی. بۆیە بەکردەوە سەرکرایەتی خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕ داوای سەرکردایەتی بەشێوازی نوێ دەکات، لەگەڵ جۆرێکی نوێی ڕێکخستن و تەنیا بەرپرس و تێکۆشەرەکان دەبێت بەجەستە و ئایدیۆلۆژییەکی نوێ دەست پێ بکەن". (روجی دوبریە، ١٩٨٣، ١٢٤). لەدۆخی شەڕدا نابێت لەبیری بکەین نەک هەر جەستەی ئەندام و بەرپرس و سەرکردایەتییەکە دەبێت بەکردەوە خاوەنی جەستەیەکی پتەو و ئایدیۆلۆژیایەکی ساخ بێت، بەڵکو خودی حزبیش دەبێت بەهەمان شێوە جەستەیەکی پتە و ئیرادەیەکی فکری پتەویی هەبێت، لەزۆر کاتدا ئەم (ئیرادە پتەوە) دەگۆڕێت بۆ (سەرکوت و خۆفەرزکردن و کورتبینی و ناکۆکیی و ململانێیەکی لابەلای مەترسیدار و ژینگەیەکی چڵکاویی و دەرکەوتنی کەسانی سێبەر و گومانلێکراو (شۆڕشچییەکان) و لەئاکامیشدا گوتاری (سەرکوتکردن و سڕینەوە و خۆسەپاندنی تاکڕەوانەی لێ بەرهەم دێت)، چونکە لەکردەوەدا "حزب بریتییە لەسوپا". (روجی دوبریە،١٩٨٣، ١٢٨). لای هەمووشمان ڕوونە (سوپا ئەرکی شەڕە نەک گۆڕنکاریی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری، سوپا کاری هێرش و بەرگری و خوێن ڕشتن و تۆڵە و قەومانی کوشتارگە و کوشتنە..). لە کۆچی سووردا (کاروان/ شۆڕش) لەلایەن کەسانی (نەفام و نەزان) سەرکردایەتی دەکرێت، ئەمانەش نەک هەر کەندێک دەیان کەند بە کاروان پڕ دەکەنەوە.

حزب لەشۆڕشی چەکداری و دۆخی شۆڕشگێڕانەدا دەگۆڕێت بۆ هەموو شتێک، نەک تەنیا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بەڵکو دەبێتە جەستەیەکی پیرۆز و لادان و بادانەوە و دەرچوون لەتێڕوانینە فکرییە باوە

دەستکردەکان و فەرمان و فەرمایشتە پیرۆزکراوەکانی سەرکردە باڵادەستە حوکمدارەکانی نێو حزب، بەمانای (خیانەت) دێت. ئێمە دەزانین لەسەردەم و دۆخی شەڕدا (خیانەت) یەکسانە بە (سزای لەناوبردن و تۆڵەکردنەوە و ڕەوایەتی دان بەبەکارهێنانی توندوتیژیی و غافلوکوژی و ئیعدامی شۆڕشگێڕانەی بێ دادگا، یان دادگاییەکی کارتۆنی بێ داکۆیی لەخۆکردن و بێ دادوەر و بێ پشکینین و بێ گوێگرتن لە ڕای گومانلێکراو... تاد).




ئەم ڕۆمانە بەشێکی بریتییە لەمێژووی سزادان و تۆڵە و کوشتن و ئازاردانی نێو خودی شۆڕش، واتە چۆن شۆڕشگێڕەکان، دەبنە سەرچاوە بۆ سزادان و ئازاری شۆڕشگێڕەکانی دیکە، ئەم سزایانەش بەرەو توندوتیژی و سڕینەوە و کوشتنی کەسانی دیکە دەچێت. بیرەوەرییەکانی نێو (شۆڕشی نوێ!!) بەشێکن لەڕۆمان و چیرۆکە خەمناکەکانی ئەم گوتارەی بەناوی شۆڕشگێڕییەوە دەبێتە بەرهەمهێنی گوتارێکی توندوتیژانەی خراپ. چیرۆکی (ڕێبوار چاوشین کە یەکێکە لە کوڕە قۆز و هەر لەئەکتەری هۆلیۆد دەچوو، لەهەکاری بەگوللەیەک بریندار دەبێت و قاچەکانی لە چالێکدا دەخەنە ژێر لمەوە، بەڕێکەوت جووتیارێک دەبینێت، ئەم کەسە دەجووڵێت و ڕزگاری دەکات، دوای گەڕانەوەی بۆ ڕیزەکانی یەکێتی دوای ماوەیەک پێشمەرگایەتی لە قەرەداخ، دواتر لەگوندێک دادەنیشێت و کچێک ڕەدوی کەوتبوو . لەناوچەی سێوسێنایەتی و دەیان

شـوێنی دیـکەی کوردسـتان ڕووداوێکـی وا ڕووبـدات لەمـاڵە کوێخـایەک کێشـەکە چارەسـەر دەکرێـت و هیچـیش ڕوونـادات. پێشـمەرگەکانی "شـۆڕش"ی کوردسـتان ڕێبواریـان دەسـتگیرکرد و بەدەسـتی خۆیـان هاوڕێیەکی دڵسۆزی خۆیان کوشت، کورتە چیرۆکی (هەڵاتن) کە دەیان جـار بڵاوکـراوەتەوە پەیوەنـدی بەم ڕووداوە دڵ تەزێـنەوە هەیە بەزمـانی ئەلمانیش بڵاوکراوەتەوە). (مامۆستا جەعفەر، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٠، ٤٠١).

لەکاتێکـدا نووسـەری (کـۆچی سـوور) دەڵێت ئەوەی لە کوردسـتان لە ١٩٧٦- ١٩٩١ بەڕێوە دەچێت نەک هەر شۆڕشـگێڕانە نیـیە، بەڵکو شـەڕە نەک شـۆڕش و چڵکـاوێکە بـۆ خـۆی پـڕە لەخەڵکـی گومـانلێکراوی دز و دەستبڕ و قۆنتەرتچی و شۆڕشچی و .. تاد. ئەم بیرۆکە و لێکدانەوە قووڵە فکرییە و ئەم بۆچوونە پێچەوانەی گوتاری نێو خودی شۆڕشـە، دەبێت لەچییەوە سەرچاوەی گرتبێت؟

ئەم بۆچـوونە هەر تەنیـا وەسـفێکی سـەرپێی و گێـڕانەوەی هەنـدێک بەسـەرهات لەسـەردمەی شـەڕ و جەنـگ نیـیە، چـونکە لەوەسـفکردنی جیـاوازییەکی ئێجگـار گەورەیە لەنێوان (شـەڕ و شـۆڕش)دا. لەگێڕانەوە و نووسینەوەی مێژووی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)دا نەک شیکردنەوەی ئەم مێـژووە، هەنـدێک دەڵـێن: "ئەو کـاتەی بـارزانی بڕیـاری ئاشـبەتاڵی دا، هەنـدێک لەسـەرکردەکان و پێشـمەرگەکان دژی ئاگربەسـت وەسـتان و ڕایانگەیاند ئێمە سیانزدە ساڵە بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوای خۆمان لەشاخ و داخدا خەریکی شەڕ و بەرپەرچدانەوەی هێرشـی دوژمنین. ئێمە بێ یارمەتی شای ئێران تـا دوا هەناسـە ژیانمـان درێژە بە شـەڕ دەدەین". (د. سـەروەر عەبـدولرەحمان عـومەر، ٢٠١١، ٢٨). ئەم سـەرچاوەیە، کە بریتییە لەگێڕانەوەی مێژووی یەکێتیی، لە بیرهێنانەوەی شتەکاندا پشتی بە (عیسا پژمان) بەستووە. ئەمە لای من گرنگ نییە پشتی بەچ سەرچاوەیەک و لەنێـوان گومـان و هەقیقەتـدا بەسـتووە، بەڵکـو ئەوەی مـن پێویسـتە شـیکاری بکەم وەسـتانە لەسـەر وشـەی (درێـژە بەشـەر دەدەیـن). نـاڵێن

شۆڕش بۆچی؟ واتە ئەم چەمکە پەیوەندی بەتێگەیشتن و فکر و ئاستی بەکارهێنانی زاراوە زمانەوانییەکان لای کارەکتەرەکانی نێو شۆڕش هەبووە. ئەوان درێژە (بەشەڕ) دەدەن، نەک (شۆڕش) ئەمەش دوو مانا و دونیا و مەبەست و شێواز و تەکنیک و زەمینە و هۆکاری زۆر لەیەک جیاواز نیشان دەدەن و وێناکردنە هونەرییە ئەدەبییەکەی (حەمە کەریم)یش پشت ئەستوورتر دەکەن.

شەڕەکان لەلایەنی مێژووییەوە یەکێکن لە دیاردە هەرە کۆنەکانی سەردەمی ڕابردوو، بەڵام شۆڕشەکان بەشێوەیەکی تایبەت پێش دەستپێکردنی سەردەمی نوێ بوونی نەبووە، پێچەوانەی ئەوەش شۆڕش وەکو مەبەستی شەڕ و جەنگ نەبەسترابۆوە بە فکری ئازادییەوە، تەنیا لەهەندێک حالەتی تایبەتدا نەبێت. (حنە ارندت، ٢٠٠٨، ١٤). قسەیەکی بەنێوبانگی (ترۆتسکی) هەیە دەڵێت "ئابلوقەی گەلەکان مەدەن، با شۆڕش نەکەن بۆیە تویژەران پێیان وایە گەلەکان بەئاسانی پەنا وەبەر شۆڕش نابەن، بۆیە ڕقلێبوونەوە ڕۆڵێکی گەورەی چارەنووسساز لەهەڵگیرسانی جەنگ دەبینێت، شۆڕش لەئەنجامی نەمانی هیچ ڕێگا چارەیەک دروست دەبێت". (جون فوران، ٢٠٠٧، ٨٤). لەکاتێکدا لە ئەمەریکا و بەتایبەتیش لە کوبا دەبینین "تەمەنی حزب تەمەنی خودی شۆڕشە". (رۆجی دوبریە، ١٩٨٣، ١٢٩). لە کوردستانیشدا (پارتی دیموکراتی کوردستان) پێش سەرهەڵدانی شۆڕش و خەباتی چەکداری دروستبووە، بەڵام (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ڕۆژی دروستبوونی خۆی دەبەستێتەوە بەڕۆژی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداری و خۆشی وەکو ئەلتەرناتیڤ و سەرکردایەتییەکی مۆدێرن بەپێی گوتارەکانی (جەلال تالەبانی) وەسف دەکات. لەهەمان کاتدا گومانێکی زۆر لەنێو خودی دروستبوونی یەکێتی هەبووە، کە بریتیی بووە لە (ململانێ لەنێوان بەرە و حزب) وەکو دوو پرۆژەی سیاسی و دیدگا و بۆچوونی جیاوازیی دژ بەیەک سەیرکراوە. "پرۆژەی ڕاگەیێنراوی یەکێتی شتێک بووە، پرۆژەی ڕانەگەێنراویش شتێکی

تـر. مـام خەلال لەڕوانـگەی پـڕۆژەی ڕانەگەیێنـراوی خـۆیەوە سـەیری هەڵسوکەوت و چالاکی سەرکردە و هێز و گروپە سیاسییەکانی کردووە. پڕۆژە ڕاگەیێنراوەکانیش لەسەر ڕەفە کۆنەکە تۆزیان لێنیشتووە!". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ١٧٤). ئەمە یەکێکە لەو گرێ و کۆسپ و ناکۆکییە هەقیقییەی لەنێو خودی یەکێتیدا درێژەی کێشاوە. لە ٢١-٣-١٩٧٩ سەرکردایەتی بسک (ڕەسول مامەند و حاجی حاجی برایم و قادر عەزیز) لەگەڵ ناوەندی کۆمەڵە (نەوشیروان و مەلا بەختیار و سالار عەزیز) کۆ دەبنەوە و داوایان کردووە هەڵوێستی هاوبەشیان هەبێت و یەکێتی بکرێتە بەرە و هەردوولا سەبەخۆیی خۆیان بپارێزن (نەوشیروان) بەتوندی دژی پێشنیارەکەیان بووە. (ئارام)یش پێی وابووە یەکێتی نیمچە بەرەیە و دەبێت ببێتە بەرەو نابێت ببێتە حزب. خودی (مام جەلال)یش گوتیەتی تێکشکانی حەملەی هەکاری کارەکەی لێ تێکداین پێیوابوو بەتەمابووین بۆ دۆڵە گۆستە بچین و لەوی سەرکردە مارکسییە باشەکان یەکبگرین و هەر هەموو دەبووینە یەک حزب. هەر زووش (ئازاد خۆشناو)یان لەپێش ڕاگەیاندنی یەکێتی کە نوێنەری کۆمەڵە بووە لە شام لەسەر ئەوە لەنوێنەرایەتی لاداوە کەبەنیازی پێکهێنانی یەکێتی بوون، چونکە گوتیەتی ئێمە لێرە پێکەوە دانیشتووین نوێنەری ڕێکخراو و تەیارەکانین و کەسمان نوێنەری خۆمان نین من نوێنەری کۆمەڵەم!. ئیدی لەو ڕۆژەوە لووتی لێم خواردکرد و ناوی منیان لەدەستەی دامەزرێنەر سڕییەوە! ئەمە قسەی خودی ئازادە". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ١٣٥-١٣٧).

لەهەمان بواردا (هەڤال کوێستانی) لەبیرەوەرییەکانیدا لەسەرەتای چوونە دەرەوە و لەیەکەمین دیدار لەگەڵ (مام جەلال) ئەو پێی دەڵێت: "لەوەختێکی باشدا هاتی.. دوای جیابوونەوەی باڵەکەی (ڕەسول مامەند) لە بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان، ئێستا ئێمە خەریکی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە و دانانەوەی سەرکردایەتی بزووتنەوەین. ئەمن پێم باشە ئەتو لە سەرکردایەتی نوێی بزووتنەوەدا دانێین. نامەمان بۆ ژمارەیەک برادەری

دیکەش ناردووە، ئەوانیش لەو ماوەیەدا دێنە دەرێ و ئەودەمی بەهەموومان دەتوانین بزووتنەوە هەستێنینەوە. ئەویش دەڵێت داوای لێبوردن دەکەم کە ناتوانم ئەو کارە بکەم". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ٧٣-٧٤).

مەبەستمان ئەوەیە کە لەکردەوەدا ئەم ئاراستەیە بەرهەمهێنانی ناکۆکی و یەکتر سڕینەوە و ڕەتکردنەوە و تێکشکاندنی یەکتر بووە، نەک بەرەیەکی هاوسەنگی هاوبەش و متمانەدار. بێگومان ئەگەر بە بیرەوەرییەکاندا بچینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە (نەوشیروان مستەفا) کە داینەمۆی بەرهەمهێنانی گوتاری توندوتیژییە چۆن لەئاست ئاراستە سیاسییەکانی (جەلال تالەبانی) بێدەنگ بووە و چۆن لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی خۆی وەکو جەلالیزمێکی بەستراوە بە خودی (مام جەلال) و بیرکردنەوەکانی هەڵسوکەوتی کردووە، لەپێناو ئەوەی بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵەش بێت چۆن کارەکانی بەو ئاراستەیە بردووە، کە خۆی لەناوەندی هێز و بڕیار بێت و یەکێک بووە بەردەوام کاری بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری توندوتیژیی، تۆقان و سڕینەوە و تەنیا کوشتنی کەسە گومانلێکراوەکان و پاکتاوکردن و تیرۆری ڕکابەر و ناکۆکەکانیشی پەیڕەو کردووە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەشوێنی جودا لەنێو بیرەوەرییە ڕاشکاوەکاندا ئاماژەمان بە چەندین کاری توندوتیژی و تۆقاندن و سڕینەوەی ئەوانی دیکە لەلایەن خودی ئەم سەرکردەی یەکێتی، یان بەبڕیار و ڕاسپاردە و ئیمزای خودی ئەو کردووە.

(پشکۆ نەجمەدین)یش لەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا بەشێوەیەک باسی (ڕق و سوکایەتی) دەکات، کە وەکو دوو بنەمای سەرەکی لەنێو سیاسەتی هەشتاکانی یەکێتی و ئەو شۆڕشەی دەیانکرد بەرجەستە بووە. ئەویش مەسەلەکان دەبەستێتەوە بە (نەوشیروان مستەفا و جەنەراڵەکانی نێو شۆڕش و ئەوانەی کاردانەوەی توندیان) دژی (ئاڵای شۆڕش) و سەرەتای دەرکەوتنی ناکۆکییەکان لەنێو ڕیزەکانی کۆمەڵە و یەکێتی هەبوو و دەڵێت "سکرتێری کۆمەڵە، دەستگای ڕێکخستن، کادرانێک لەڕێکخراو و کەرتەکاندا هەندێک لە ژەنراڵەکانی کۆمەڵە کە فاکتەرەکانی ڕک و تۆڵەسەندنەوە

دەیانبزووانـدن زیـاتر لەوەی کە لـۆژیکی کێشــەکان ببیـنن هەر هەموویـان لایەنـی بەسـەنگ بـوو لە ئاژووانـدنی کێشـە و ململانێکانـدا بەرەو هەڵـدێری دووکەرتبوون و لێکدابڕان". (پشکۆ نەجمەدین، ، ٢٠١١، ٢١٢-٢١٣).

(کۆچی سوور) وەسفی شۆڕش بە شـەڕ دەکات و خودی ئەو حزبەی کە بەشێکە لەڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە، یان لەکردەوەدا ڕۆمانەکە باس لەبنەما و نەریت و دۆخـی دەروونیـی و چۆنیەتی بیرکـردنەوە و ڕەوشـتی خودی ئەم حزبە دەکات، ئاماژەیە بۆ ئەوەی سیاسـەت نەک بەشێکە لەم جەنــگەی دەســتی پێکــردووە، بەڵکــو (فکــر و بنەمــا و ڕیشــەی شــەڕ) سەرکردایەتی دۆخەکە و ڕووداوەکان و بەسـەرهاتەکان و تەنیا گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکان لەنێو بیرەوەرییەکان و تێڕوانین بۆ ئایندەش دەکات. شـەڕ سەرکردایەتی حزب و دۆخە چەکدارییەکە دەکات.

لەجلــوبەرگ و لەبیرکــردنەوە و لەنەریــت و لەشــێوازی ئاخــاوتن و گفتوگۆیەکانـدا (گوتـاری شــەڕ) گوتـارێکی باڵادەسـتی یەکەمـی بەهێـزە. لە فتوگـۆیەکی گێـڕانەوە ئـامێزدا (خەلـیفە خـدر) دەبێژێـت "هەی خەجـاڵەت بـی جەنابی نا میرزا، وەکو منت لەبەرچاوی ئەو میوانە خەجاڵەت کرد. ئـاخر هەی خـوا غەوری غەزەبت بکا، ئەگەر قسـەی چـاک نـازانی، ئی خـراپ بۆ دەکەی! نەت بیسـتووە فەخـری عـالەم، جـدو ئابـادام بە قوربـانی بـێ فەرمـوویەتی: سەدەقاتون کەلیماتون تەیباتون! نەخێر هەر لەڕکی من وایگوت! ئەدی چۆن! دەزانێ من یەکەم کەس بووم کە ڕام لەسـەر سـەرکاروانی شـێخە داوە بۆیە دەمـی خێـر نـایەنێ!" (حەمە کەریـم عـارف، ٢٠١٢، ١٥٣). لێـرە تێکەڵکردنێکـی مەبەستدار لەنێوان گوتارە سـادە ڕەخنەییەکانی (خەلـیفە خـدر) و بەسـتنەوەی قسەکانی بە بەفەرموودە پیرۆزەکان کراوە.

ئینجـا لەگەڵ سـەیرکردنی خۆرنشـین و بەهەناسـەیەکی قـووڵ دەڵێـت: تەماشـا، تەماشـا.. عاسـمان غەزەبـی لێدەبارێ، سـەیرکە خـوێن و غەزەب بەری ئاسـمانی گرتـووە. خەڵـکەکە گۆڕاون! لە خـوا دوور کەوتـوونەتەوە، کار وا بڕاوت ئەرز و ئاسـمان ژێـر و ژوور دەبێ. ئـا ژێـر و ژوور دەبێ،

بەرد دەبـــارێ، بـــاهۆز و زریـــان دێ و لەوار و یۆخمـــان دەنیشـــێت. قـــڕ دەکەوێـــتە وڵات. ئـــافەت لەدەغـــڵ و دان و ڕەز و باخمـــان دەدات، ژن و منداڵمـان دەربەدەر دەبن.. بۆ نـانێ.. ئەدی چۆن بینـایی چاوان غەزەبمـان لێنـاگرێ. بـا دەیگـرێ و وەڵـڵا و وەبـیلا و وەتـیلا دەیگـرێ، دەیگـرێ و ئەولاتریش. (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٥٤).

هەروەها دەتوانم بڵێم لەنێو بەرنامەی سیاسی حزبەکان لەسـەرەتای ١٩٦٧دا بەرنامە سیاسییەکەیان ڕاستەوخۆ گوتاری دژایەتی ئەوی دیکەی کوردییە (لایـانە سیاسـییەکان)، بەرنامەکەیـان بەشـێوەیەک هەڵسـەنگاندنی سیاسی کردووە، بریتییە لە (ڕەتکردنەوە و تاوانبارکردن و کەمکـردنەوەی پـــێگەی سیاســـی و کۆمەڵایەتییـــان)، ئەمەش لەکـــردەوەدا بەرهەمهێنـــانی گوتاری (ڕقە) ڕقیش لەدوایدا بەرەو توندوتیژی دەبرێت.

لە کـــۆچی ســـــووردا، هەر تەنیـــا گێـــڕانەوەی ڕووداوە خوێنـــاوییە ناوەخۆییەکانی شۆڕشی چەکداری کوردستان نییە، کە خوێنی تێدا دەڕژێت، شۆڕش بەرانبەر شۆڕش واتە گوتار بەرانبەر گوتـار نییە، بەڵکو دیاریکردنی هێڵێکی پانی گەورەیە لەنێوان (شـۆڕش و شـەڕ). نووسـەری دەقەکە پێی وایە ئەمەی لە کوردستـاندا لە ١٩٧٦- کۆتـایی هەشـتاکان ڕوودەدات (شـەڕە) نەک (شـــــۆڕش). واتە ئەو لەتەک بەســـــتنەوەی دەقەکەی بەشـــــۆڕش، بەڵام لەڕوانگەیەکـی ڕەخنەگـرانەی ئەدەبـی قـووڵی فکریـدا دەڵێـت ئەمە (شـــەڕە) شـەڕیش تەنیـا بەردەوامـی دانە بە خوێنڕشـتن و تونـدوتیژی و هـیچ پەیـام و مەبەستێکی بە واتای (گۆڕان) کە بنەمای شۆڕشە لەخۆ ناگرێت.

(دو میستر) لەقسەیەکی بەنێو بانگدا دەڵێت "شـۆڕش بەرانـبەر شـۆڕش نابێتە شۆڕشێکی پێچەوانە، بەڵکو ئەمە دەبێتە دژی شـۆڕش" (حنە ارنـدت، ٢٠٠٨، ٢٢). لەهەمـــان کاتـــدا ئەدەب وەکـــو بەشـــێک لە گوتـــاری شـــۆڕش بەهەمـــان ئاراســـتەدا دەڕوات، نەک هەر ئەوە بەڵکـــو هەنـــدێک جـــار ئەدەب ئەرکە بنەڕەتییە فکرییەکەی خۆی لەدەست دەدات و دەکەوێتە داوی فکری شۆڕشـگێڕانەی فریـودەرانەی خـودی شۆڕشـەوە. ئەدەبێـک کەبانگەشـەی

(دیموکراسـی و ئـازادی و ڕزگـاری چیـنه چەوسـاوەکان و کەرەسـتە سـەرەکییەکەی خـۆی لەڕووی فکـری و کـردەییەوە بە کرێکـاران و ڕەنجدەران دەزانێت) ئەوانە وەکو کەرەستەیەکی فریودان بەکاردەهێنێت لەپێنـاو درێـژەدان بەشـەڕێک، کە لەکـردەوەدا شـەڕی خۆسـەپێنی وردە بۆرژاوی بێ چین و خوێنەواری ڕووکەشی دابڕاوە لە ڕیشـەی چینـایەتی، ئەدەبێـک بەرهەم دەهێنێـت کە نەک هەر شـێوەی بەڵکـو نێوەڕۆکەکەشـی شێوێندراوە. بۆیە گرنگە خوێنەر بیر لەوە بکاتە "ئەو کەلێنەی دەکەوێتە نێـوان ئەو شۆڕشـە واقیعیـیەی خەریکـی سـەرهەڵدانە و ئەو گەمە دیاریکراوانەی پێیانەوە سەرگەرمە". (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ١٩٠). لەبەر ئەوە زۆر گرنگە لەڕوانگەی تیۆری و کردارییەوە جیاوازی لەنێوان جەنگ و شـۆڕش بکەیـن، هەرچەنـدە پەیوەنـدیی هاوبەشـی پـتەویش لەنێوانیانـدا هەیە، لەهەمان کاتدا ناتوانرێت وا مەزەندە بکرێت، کە شۆڕش و جەنگەکان لەدەرەوەی توندوتیژیی دان. (حنه ارندت، ٢٠٠٨، ٢٣).

(مسـتۆ) لەسـەرەتای بـوونە پێشـمەرگە لەئاخـافتن لەگەڵ نـاخی خـۆی دەڵێـت (دەبێـت داسـتانێک تۆمـار بـکەم، کەس نەیکردبێـت) ئەمە ئەو قسـەیەمان بیر دەهێنێتەوە، کە (گیڤـارا) دەڵێت: "سـەرکەوتن ئەفسـانەیەکە هـیچ کەسـێک ناتوانێت خەونـی پێـوە ببینێت تەنیـا شۆڕشـگێڕەکان نەبن". (ڕۆجـی دوبـریە،١٩٨٣، ١٣٠). لەدوایـن سـاتەکانی ژیانیشـدا، کە خـۆی دەزانێت بەدەسـتی (دلێـر)ی پیـاو (هـاوڕێ مەحمـوود) لەپشـتەوە پێکـراوە (پێشمەرگە وەکو بوونێکی پێویست دەزانێت).

تونـدوتیژی بەشـێوەیەکی ڕەهـا، بـۆ نمـوونە لەسـەربازگەکان گـرتن و ئازاردان لەنێو سیستەمە شمولییەکاندا، هەموو شتێک و هەموو تاکێک دەبێت بێـدەنگ بێـت، لە شۆڕشـی فەرەنسـادا ئەمە هەر تەنیـا یاسـا نیـیە بەڵکـو گوزارشتی لەمە کردووە، لەبەر ئەم بێدەنگییە توندوتیژی دەبێتە دیاردەیەکی پەراوێزخراو لەبواری سیاسیدا، مرۆڤ وەکو چۆن بوونەوەرێکی سیاسییە لەهەمان کاتدا قسەکەریشـە، وەکو ئەرسـتۆ ئامـاژەی پێکردووە. (حنه ارندت،

٢٠٠٨، ٢٤). (پشکۆ نەجمەدین) لەگێڕانەوەی بەسەرهات و ئازاری جەستەیی و دەروونی لەزیندانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا سەرباری نووستنیان لە سەر چوار پایە لەنێو ژووری پڕ لەئاو و لەژێر تۆپباران و چاودێری لەدووری یەک مەتر لەکاتی ئاودەستدا دەڵێت "لەسە زگ ڕاکشام و مارفیش دەستەکانمی لەپشتەوە بەستن و پاشان قاچەکانیشم.. بەدوو پەتوو داپۆشیم و بەجێی هێشتم. مارف دەرگاکەی بەزنجیرێک کڵۆم کرد". (پشکۆ نەجمەدین، ٢٠١١، ٢٥٩). (میشێل فۆکۆ) لە کتێبەکەی بەناوی (چاودێری و سزا) ئاماژە بەوە دەکات، کە وردە وردە لەسەدەی هەژدەیەمەوە سزادانی دەروونی جێی سزادانی بەدەنیی گرتەوە. واتە سزادان ماهیەتێکی ناتوندوتیژیان بەخۆوەگرت. (گروپێک نووسەر، ٢٠٠٦، ٨٥ ). کەچی لەنێو شۆڕشی کوردستاندا توندوتیژی و ئازاردانی جەستەیی و دەروونی بەیەکەوە درێژەی هەیە.

بەپێی بۆچوونەکانی (سارتەر) نامۆیی هەندێک جار لەخۆنامۆبوونیان بەکارهێناوە، کە بریتییە لەدۆخێک و کەسێک لەجەوهەری خۆی، لەڕەسەنی خۆی، لەڕەسەنی مرۆیی خۆی دوور دەکەوێتەوە. هۆکارەکانی ئەم پرۆسەش زۆرن، وەکو زۆرجار پەیوەندی بەخاوبوونەوە یاپچڕانی پەیوەندی تاک لەگەڵ ژینگە، یان سروشتدا هەیە. لەزانستی دەروونناسیدا شێت بە خۆنامۆبوون ناودەبەن، ئەم زاراوەیە لەسەردەمی (هیگل)ەوە هاتۆتە نێو فەلسەفە و ڕۆژ بەڕۆژ پتر بایەخی پەیدا کردووە. (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ٣٣).

لەم دەقەی (حەمە کەریم عارف)دا مرۆڤ تەنیا جەنگاوەرێکی ئازای بەجەرگی تێکۆشەر نییە، بەڵکو قسەکەریشە، قسە دەکات و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و خەونی هەیە و بەخەیاڵاندن شتەکان لەمێشک و دەروون و وێناکردنی خۆیدا دروست دەکات، پێش ئەوەی بەکردەوە هەندێک لە گوتارەکانی بکاتە کردە. قسەکەرێکی زیندووە، دەربڕی ناخی خۆیەتی. پێناسەی کەسایەتی خۆی وەکو کەسێکی (نامۆ و دژ بەسیستەم و دژ بە

دیارده باوه سەپێنراوەکان) نمایش دەکات، یان وەکو کەسێکی کۆیلەی پاشکۆی ملکەچ هەڵسکەوت دەکات و دەئاخڤێت. ئێمە پێش ئەوەی کردەوەکانی ئەو مرۆڤانە ببینین، لەڕێگەی قسەکانیانەوە دەزانین نێوەڕۆک و کەسایەتی و بیرۆکە و پێگە و بیر و توانا و تەنیا هەندێک جار نیەت و شتە شاراوەکانی نێو مێشکی و چۆنیەتی بیرکردنەوەی هەر یەکێک لەم کارەکتەرانەی نێو شۆڕش چییە و خاوەنی چ جۆرە گوتارێکن.

لەبێدەنگیدا توندوتیژی و سڕینەوەی ئەوانی دیکە درێژە دەکێشێت، بەڵام کاتێک دەق قسە دەکات و کارەکتەرەکانی نێو دەقەکە لەڕێگە ئاخاوتن و گوتارێکی جیاوازەوە دەئاخڤن، درێژەکێشانی ئەم جۆرە توندوتیژییە، کە لەنێو گوتاری دەقەکەدا بریتییە لە (غافلکوژیی و ئیعدامی شۆڕشگێڕانە و پاکتاو و کوشتن و لەپشتەوەڕا تەقەکردن لە هاوسەنگەری پێشمەرگە و هاوفکری خۆی).

"فکری سیاسی ناچێتەوە سەر ڕێچکەی هیچ شتێک، تەنیا داڕشتنەوەی خودی دیاردە سیاسییەکان نەبێت". (حنه ارندت، ٢٠٠٨، ٢٥). نابێت لەبیری بکەین وەکو بەشێک لەئەفسانە و کەلتوور و بیرۆکە و کەسایەتی مرۆڤ هەر لەکۆنەوە کوشتن هەتا لەنێو ئایین و ئەفسانەکانیشدا هەبووە، بۆیە دەبینین (قابیل هابیل دەکوژێت) و (رومولس ، ڕیومس سەردەبڕێت). بۆیە هەندێک دەڵێن لەکردەوەدا هەتا (ڕێکخستنە سیاسییەکانیش لەسەر بنەمای تاوانکاری دامەزراون). (حنه ارندت، ٢٠٠٨، ٢٥). نەک هەر ئەوە دەبینی فکرە شایستەکان لەناکاو دەگۆڕێن بۆ کردەوەی نەشیاو، یان لەنێو دۆخی شەڕ و شۆڕشی چەکداریدا "میسالیەتی شۆڕشگێڕانە لەڕێگەی ئەو دروشمانەی کەهیچ ڕەنگێکیان نییە دەردەکەون". تەنیا کەسە شۆڕشگێڕەکان "هاوار دەکەن و دەقیژێنن پتر لەوەی قسە بکەن". (ڕۆجی دوبریه، ١٩٨٣. ١٣٦)

لەبوارێکی دیکەی شیکاریدا لە ململانێی فکری لەنێو شۆڕشدا، یان ئەو ستراتیژەی کە شۆڕشی لەپێناو دەکرێت و هێشتا بیرۆکەکانی بەتەواوی گەلالە نەبوون لەبارەی شۆڕشەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا بۆچوونی پێچەوانە هەن و

هەندێک کەسی وەکو (تۆماس بین) هەردوو شۆڕشی ئەمەریکا و فەرەنسا بە "دژە شۆڕش" ناو دەبات. ئەمەش لەئەنجامی ئەوە هاتووە بیرۆکەی کشانەوە بۆ دواوە و گەڕانەوە بۆ بیرۆکە و واتای کۆنینە بۆ وشەی شۆڕش هاتووە. (حنە ارندت، ۲۰۰۸، ٦١). بڕوانە (**Paine, , 1791 Tomas**.).

لە (کۆچی سوور)دا دژە شۆڕش بەر هەستمان ناکەوێت، بەڵام ڕەخنەیەکی ئاشکرا و ڕاشکاوانە لە سەرکردایەتی (شۆڕش) گیراوە. ڕەخنەکەش بەهیچ جۆرێک پێناسەیەکی نوێ، یان ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکەی لەخۆ نەگرتووە. گوتارێکی شیکاریی ڕەخنەگرانەیە لەڕێگەی فرە کارەکتەرییەوە، بۆچوونی جیاواز لەبارەی ڕووداوەکان و هۆکار و ئاکامی کاروانە لە چیای هات و نەهات دەردەبڕێت. بۆ نموونە (خەلیفە خدر و میرزا) لەدوو دید و تێڕوانین و هەستی جیاوازەوە لە کاروانەکە و سەرکردایەتی کاروانەکە دەنۆڕن.

## ڕۆشنبیر کە دەبێتە بەشێک لەئەرکە گشتییەکە

بەشی زۆری ئەو نووسەرانەی لەنێو شۆڕشدا بوون، وەکو چەمکێکی گشتی وازیان لەتایبەتمەندییە خودییەکانی خۆیان هێناوە، هەرچەندە سیاسییەکان هەمیشە بەتوندی چاودێری (وشە و ئاکار و ڕەفتاری نووسەرەکان و بەرهەمەکانیان کردووە، لەسەردەمی شاخ و خەباتی چەکداریدا بەکارهێنانی وشە و فاریزە و دەربڕین و وێناکردن و تەنیا خەیاڵاندن و گوزارشتەکانیش بەشێوەیەکی ورد کردووە). بەواتایەکی دیکە بەکارهێنانی فکر و زمان و دەستەواژە و زاراوە و وێناکردن و ژانری ئەدەبی و شێوازی نووسین پێوانەیەکی دیاری پەیوەندیی نووسەر و ڕۆشنبیران بووە بە خودی شۆڕشەوە.

(مام جەلال) لەکاتی بەسەرهاتێکدا لەبارەی ڕۆڵی شیعر و ڤیستڤالی شیعری لە سلێمانی و هەڵوێستی نیشتمانی شاعیرەکانی کورد گووتیەتی

"گویێ لەو شیعرانە بگرن، ئەودەمی تێدەگەن، کە ئێمە لەجەنگماندا دژی ڕژێم، هەر ئەو چەند هەزار پێشمەرگەی ناو ئەو شاخانە نین.. پێتان دەڵێم، مادام ئێمە لەناو شارەکاندا، خەڵکی ئاوا خاوەنبڕوا و چاونەترس و ئازامان هەن و بەشیعر شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ ڕژێمدا دەکەن، دڵنیابن سەردەکەوین.. یەکێک لە ئامادەبووانی ئەم دیدارە گووتەیەتی مادام وایە، هەقە هەر یەک لەو شاعیرانە پلەی ئامر هەرێمیان بدەینێ... (سەلاحەدینی موهتەدی)ش کە ئەو کاتە لەوێ بووە گووتیەتی: ئەو شۆڕشەی کە ئاقیبەت شای ڕووخاند، لەکۆڕێکی شیعرییەوە دەستیپێکرد، لەدانشگای تاران". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ٧٢-٧٣). مەبەست لەم گێڕانەوەیە نووسەر و ڕۆشنبیران لەهەر کوێیەک بن دەتوانن ببنە بەشێک لە هەست و ویست و نەریتی شۆڕش، هەرچەندە هەموو کەسێک ناتوانێت وەکو یەک و بەهەمان پێوانە و شێواز ڕەفتار و پەیوەندیی و هەستی شۆڕشگێڕیان هەبێت و دەربڕن، بەڵام دەتوانن لەڕێگەی وشەوە، ببنە باشترین سەنگەر بۆ بڵاوکردنەوەی بیری شۆڕشگێڕی، یان ڕەخنەگرتن لەخودی شۆڕش و بەکارهێنانی گوتاری فکری و ڕۆشنبیریی.

ڕۆشنبیرەکان لەپێش ئەوەی بەکردەوە بچنە نێو شۆڕش، وێنایەکی تایبەتی خەیاڵی و ئەفسانەیی بۆ شۆڕش و کارەکتەرەکانیان دەکێشن، وێناکردنێک، کە پڕە لەخەون و خەیاڵ. (هەڤاڵ کوێستانی) لەیەکەمین دیداری (مام جەلال) لەشاخدا و لەنێو گەرمەی شۆڕشدا دەڵێت "لەیەکەم دیدارمدا لەگەڵ مام جەلال چرژێک (درزێک) کەوتە ئەو وێنەیەی من لە سیاسیی و لەسەرکردەی (شۆڕشی نوێ)م کێشابوون". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ٧٤). (نەوشیروان مستەفا) لەبارەی لێدوانەکەی (مام جەلال) بۆ هەردوو ڕادیۆی مۆنت کارلۆ و هەفتەنامەی (الطليعة العربية) و قسەکەی لەبارەی سەدام حوسین کە (الحكم)ە نەک (الخصم) دەڵێت: "مامجەلال لەوەڵامدانەوەی پرسیاردا، زیاد لەپێویست درێژە بەقسە ئەدا، لەباسەکە دەرئەچی، باسی تر ئەهێنێتە ناو وەڵامەکەیەوە کە هیچ پەیوەندی لەگەڵ


پرسیارەکە نییە. گوێ ناداتە دەنگدانەوە و ئەنجامی قسەکانی هەندێ جار قسەکانی پێچەوانەی قسەی پێشوی خۆین ئەمە یەکێکە لە نوقتە لاوازەکانی". (نەوشیڕوان مستەفا ئەمین، ٧٧).

کێشەی گشتاندن لەدوو بواردا لەنێو شۆڕشدا دەردەکەوێت: یەکەمیان فەرمان دەکرێت هیچ کەسێک و تاکێک نابێت (خۆی بێت)، بەڵکو دەبێت (بەشێک بێت لەگشتی شۆڕش). دووەم: کەسانێک بەناوی (گشتبوونەوە، وەکو خود و کەسێتی و باڵادەستی تاکڕەوانە کار بۆ خۆدەرکەوتن و من منۆکێ و بوونی خۆیان دەکەن). لەکاتێکدا ئەدەبی شۆڕشگێڕی هەمیشە وا پێناسەکراوە کە ئەدەبێکە خزمەتی هێڵە گشتییەکانی مافی ڕەوای خەڵک و خەباتی سەرتاسەری دەکات و ئەدەبێکی مولتەزیمە بە مەسەلە گشتییە بنەڕەتییەکەی خەڵک و نەتەوە و نیشتمان و چینێک. ئەدیب دەبێت لەپێناو گەیاندنی پەیامی گشتی و خزمەتی شۆڕش و خەباتی ڕەوای کرێکاران و چەوساوە و نەتەوەی ژێردەستە واز لە تاکڕەویی و من منۆکێ و خۆویستی و شێوازی ناشۆڕشگێڕانە لەبەرهەمهێنانی دەق بهێنێت، بەواتایەکی دیکە شیعری دڵداری و ڕۆمانسی و تەکنیکی نوێی شیعریی لەبێژینگی وردە بۆرژوا لەسەرەند دەدرا، ئەمەش جۆرێک بوو لەشکاندن و بەسووک سەیرکردنی خودی دەق و نووسەرەکەشی.

زۆر کەس لەنێو شۆڕشدا دوور لەهەڵویست و کەسایەتی و بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیدا لەپێناو گشت، یان لەپێناو خۆگونجاندنی خۆی بۆ بەدیهێنانی خواستە گشتییەکان دوور لەپێناسە و خۆدەرخستن و خود خستنە نێو دەق و دەرخستنی تاکێتی کەسییەکانی و پێویستی بوونی من بەدوای ڕەوشە گشتیەکە کەوتوون. سەرکردە و کەسانی فەرمان بەدەست هەبوون (دژی شیعر بوون). هەیان بووە شیعری نوێی بەجۆرێک لەجۆرەکان بەدژی مەسەلە فکرییەکان و حەماسەت کوژی جەماوەری شۆڕش داناوە، وەکو دادگاییەک ئەم جۆرە دەقانە دەخاتە خانەی تاوانکارییەوە. تەکنیکی نوێی بەرهەمهێنانی دەق، کە پشتی بە شێوازی نوێ و گێڕانەوە و تەکنیک و ڕەمز و هێماکاری و

دروستکردنی واتا بردووه، بەلادان و دەرچوون لەبنەما گشتییەکانی شۆڕش وەسفکراوە. لەکاتێکدا کەسێکی وەکو (نەوشیروان مستەفا)، کە بەرپرسی یەکەمی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) بووە بەئاشکرا لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێت (من بڕوام بەمارکسیەت نەبووە)، بۆیە هەندێک پێیان وایە "دەبوو نەوشیروان مستەفا، یان ئەو ڕۆڵە وەرنەگرێ، یان هەر لەسەرەتاوە بڕوانەبوونی خۆی بەمارکسیزم ڕابگەینێت. ئاخر ناکرێت تۆ ڕێبەرایەتی ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازێک بکەیت و خۆت هەر لەبنچینەدا بڕوات پێی نەبێت". (هەڤاڵ کوێستانی، ۲۰۱۷، ۸٥). مامۆستا جەعفەر و هەندێکی دیکەش قسەکانی ئەم سەرکردەیە وەکو ڕەخنە هەڵدەسەنگێنن. ئەم جۆرە خۆ گونجاندنە لەگەڵ گشت، لەکردەوەدا کارکردنە بۆ بەهێزکردنی خود و دەسەڵاتی تاکەکەسی نەک وازهێنان لەبنەما کەسی و خودیی و خواستەکانی خودی خۆی.

لەمەش توندتر ئەوەیە بەشێوەیەک ئەم گشتاندنانە باڵ بەسەر ڕەفتار و ئەخلاق و پەیوەندییەکانی ئەندامەکانی شۆڕش دادەگرێت، یەکتربین و سەردانی هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانیش بڤە و قەدەغە و سانسۆر بکرێت، بەتایبەتی ئەم دۆخە توندترە بووە کەسەکان لەحزب و گروپێکی سیاسی جیاواز بووبن، بەواتایەکی دیکە سڕینەوەی تایبەتمەندی و شتی کەسی و خودییە و ئەم بڤە بوونە سزای توندتری بەدوادا هاتووە. ئەگەر ئەم دۆخە کەسیانە بەسەر ئەدەب و بەرهەمی فکری و بیروڕای جیاوازدا پێوانە بکرێن، ئەوە هیچ گومانی تێدانییە دەبێت گریمانەی زۆر توند و خراپ و سەختیشی تێدا بکرێت.




(هەڤال کویستانی) دوای جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست، کە ئەو کۆمەڵە بووە سەردانی هاوڕێیەکی لەنێو بزوتنەوە دەکات و گروپەکەی بەمە دەزانن و لەکۆبوونەوەیەک دەیانەوێت (ڕەخنە لەخۆی بگرێت)، ئێمە دەزانین ڕەخنە لەخۆگرتن لەنێو حزبدا بەواتای ساخکردنەوە ئەو گشتاندانەیە، کە بەسەریدا دەسەپێنرێت، ئەو دەڵێت: "هەرچەندە ڕەخنەکە بۆ ئەندامانی کۆبوونەوەکە ئاسایی بوو، بەڵام بۆ منێکی ڕانەهاتوو لەگەڵ زەبتورەبتی ڕێکخستندا نائاسایی بوو. چاوەڕێ بوون ڕەخنە لەخۆم بگرم و داوای بووردنیش بکەم. بەجۆرێک لەبڕوانەکردن و حەپەسانەوە وتم: بۆ سەردانی هاوڕێش پرسی حزبی دەوێ؟! گووتیان بەڵێ بۆ ئەو حاڵەتەی وەکو ئەوەی تۆ دەیەوێ. یانی ئەگەر هاوڕێیەکمان لەحزبێکی تر بێ، یان بیروباوەڕی جیاواز بێ، ئازادیی ئەوەشمان نیە سەردانی بکەین؟!. نەخێر ئەمە پەیوەندی بەئازادی و جیاوازی بیروباوەڕەوە نییە، ئەمە پەیوەندی بە جیاوازی سەنگەرەوە هەیە". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ٨١-٨٢).

مەبەستمان لەم ئاماژە و گێڕانەوەیە و گەڕانەوە بۆ هەندێک ڕووداوی هەقیقی نێو شۆڕشە، کە ڕەنگە لای زۆر کەسی دیکەش ئەم شتانە و

خراپتریش قەومابێت، پەیوەندیی بە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و کەلتووری کوردستانەوە هەیە، کە (شۆڕشی نویّ!!)، یان ئایدیۆلۆژیا بەهەموو هێزییەوە لەژێر ناوی بەرژەوەندی باڵای حزب و شۆڕش و سەنگەر بەندییەوە نابێت ئەم جۆرە پەیوەندییانە، کە تایبەتین بیّ ئاگاداری دەسەڵاتدارانی حزب و شۆڕش بەڕێوە بچێت.

دەق دەیەوێت پەیوەندییەکی تایبەت لەگەڵ خوێنەرەکانی و وەرگرەکانی دروست بکات، لەکردەوەدا ئەمە ئەرکی دەقە ئەم جۆرە پەیوەندییە دروست بکات، نەک هەر ئەوە پەیوەندیی و تەواوکارییەکی بنچینەیش لەنێوان دەق و گوتار هەیە، بەڵام دەبینین شۆڕش لەجیاتی دروستکردنی ئەم پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییە، دەیەوێت لەژێر هەژموونی بەرژەوەندی گشتیدا هەموو شتێک لەقالب بدات.

نەمانی پەیوەندیی و سزادان و لێپێچینەوە لەم جۆرە پەیوەندییانە بەواتای کوشتنی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و لێکدانەوەی شتەکان بەپشت بەستن بەزانیاری دروست دێت.

لەبەشێکی بیرەوەرییەکانیدا (هەڤاڵ کوێستانی) لەبارەی (خود و گشتدا) لەگێڕانەوەی بەسەرهاتێکدا لەنێوان ڕۆمانسیەت و شۆڕشگێڕیدا دەڵێت: "من پیشمەرگەم، پێشمەرگەش موڵکی بیروباوەڕەکەیەتی نەک خۆی. ئێوە بە بیروباوەڕەکەتانەوە جوانترن.. ئەو وا دەڵێت بەڵام نازانێت کە بیروباوەڕ بوو بە خاوەن، خاوەنداریێتی هیچ کەسی تر قبوڵناکات...". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ١٥٦). ئەمە باشترین گوزارشتە کە مرۆڤ خودی خۆی دەسڕێتەوە و دەبێتە بەشێک لەگشت.

لەگێڕانەوەیەکی گفتوگۆ ئامێزدا لە (کۆچی سووردا) هاتووە: "کە بارتان خوار دەبێت ئەوجا ئێمە و مانانتان بیر دەکەوێتەوە ئێستاش کیّ خێر و بێری کاروان دەخوات با ئەو بچیّ بە شوێنیدا... خێر و بێری کاروان لەوەتای هەیە هەر ئێوە خواردووتانە.. ئێمە هەر دەست و پا بووین، زەقەی چاومان هاتووە. گامان لەگاڕان نەبووە و پێمان بەفر بردوویەتی.

ئەگەر پیاوەتی بێ بەسە، ئەگەر گەوجێتیش بێت هەر بەسە". (حەمە کەریم عــــارف،٢٠١٢، ١٢٢). ئەم گوزارشــــت و بیرکـــــردنەوە و هەڵوێســــتە ڕەخنەگرانەیە هەولێکە بۆ پێناسەکردنی ئەو گشتاندنەی خودی هاڕییە و لەنێو خۆیدا پێچایتەوە و کارەکتەرەکان دەیانەوێت ئەمجارە تایبەتمەندی و بەرژەوەنــدی خۆیــان پێناســە بــکەنەوە، بەواتــایەکی دیــکە گەڕان و ساخکردنەوەی ناسنامەی خۆیان لێرەدا دەست پێ دەکات.

لەم گوزارشتەدا نووسەر دەیەوێت خۆی لەنێو گشتاندنی شۆڕشدا جیا بکاتەوە و ئەو خۆی وەکو خۆی و ناسنامەی خۆی نیشان بدات، گەڕان بەدوای ناسنامە هیچ کاتێک دژ بەگشتیی و بەرژەوەندی گشتیی و خەڵک نییە، بەڵکو هاوتا دەبن. نووسەر نایەوێت چی دیکە لەنێو گشتدا ناسنامەی خۆی و تێگەیشتن و لێکدانەوەی تایبەتی خۆی بزر بکات، ئەو ناسنامە ونبووەکەی دەبەستێتەوە بە (کاری بەپیاوەتی و گەوجێتی). واتە گوتارەکە یەکسانە بە دەق لەبارەی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ناسنامەی خود و بەرژەوەندییەکانی خود، بەرانبەر ئەو گشتەی باش و خراپی تێکەڵ کردووە.

بێگومــان ئەم خۆناســین و ناســنامە جیــاکردنەوەیە لەنێــو شۆڕشــی چەکداریی و فکری گشتیدا پێشوازی لێ ناکرێت، یان لەوەسفی پێشمەرگەدا دەچێــتە نێــو پێناســە گشــتییەکە، بەڵام ئەم گشــتاندنە ناخــاتە ســنووری سەپێنراوی توندڕەویی پیرۆزکردنی ئایدیۆلۆژیا و دەڵێت "پێشمەرگە ئەو کەسەیە بێ ڕیا، بێ چاوەڕوانی پاداشت لەبەر پێی خەڵک و خاکدا گیان دەسپێرێ و دەبێ بە گوڵێکی هەمیشە بۆندار.... خاکی بێ پێشمەرگە وەکو باخی بێ پەرژینە". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٢٣). ئەم جۆرە گشتاندنانە لەو گشتاندنانە ناچێت کە مرۆڤ ملکەچی یاسا گشتییەکان دەکرێت و خۆی لەپێناو ئیرادەی کەسانی دیکە دەسڕێتەوە و بەواتایەکی دیکە هەندێک جۆر گشــتاندن هەیە بــریتییە لە کــۆیلەکردنی مرۆڤەکــان، هەنــدێک گشــتاندنیش پێناسەیەکی گرنگە بۆ پاراستنی سنوور و بەها و دەسەڵاتی خود لەنێو شتە گشتێنراوەکاندا و ئاشکراکردنی تایبەتمەندی ناسنامەیە.

(کۆچی سوور) وێنەیەکی نوێ لەپێناو ئازادبوون و دەرچوونی لە بازنەی کۆیلایەتی و پاشکۆبوون دروست دەکات، کە چی دیکە قسەکەر و هەندێک لەگوتیارەکانی بە (پیاوەتی) خزمەتی شۆڕش ناکەن، یان چی دیکە (گەمژە نابن و گەوج نابن). لەدۆخی دووەمدا گشتاندنی پێناسە و ناسنامەی پێشمەرگە، ئەو پاشکۆبوونە ئایدیۆلۆژییە حزبییە سەپێنراوە نییە، بەڵکو پێشمەرگە (گوڵی بۆنداره و خاکێک کە پێشمەرگەی نەبێت، سنوور و پەرژینیشی نابێت). پێشمەرگە هیچ یەکێک لەتایبەتمەندییە خودییە کەسیی و هێزە تایبەتییەکەی خۆی لەنێو گشتدا ون نەکردووە. تاکو دەگاتە ئەوەی لەپێناو پاراستنی ناسنامە و تایبەتمەندی ناوی پێشمەرگە دەڵێت پێشمەرگایەتی عیبادەتێکی تەواوە. پێشمەرگایەتی ئەشقێکی پاک و بێگەردە دەرهەق بە خەڵک و خاک و ئازادی. پێشمەرگە ناز هەڵگری خەڵک و خاکە.

لە بوارێکی دیکەدا کارەکتەرەکان دەبەستێتەوە بەگشت کاتێک باسی (مستۆ) دەکرێت کە منداڵە و زانکۆی تەواو نەکردووە، لەیەکێک لەگفتوگۆکاندا هاتووە: "کوڕم خەمی تەواو نەکردنی جامیعەکەت مەخۆ، کۆمەڵ جامیعەیە... شۆڕش زیندووترین وانەیە". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٣). لێرەدا زۆر بەڕاشکاوی ڕۆشنبیر و کارەکتەرەکەی دەبەستێتەوە بە بەژرەوەندی گشتی، بەڕاشکاوی دەڵێت (کۆمەڵ جامیعیەیە) واتە تاک دەبێت لەپێناو بەرژەوەندی گشتی خۆی ببەستێتەوە بەم جامیعیەیە و قوربانی بدات و واز لەبیرۆکە و بەرژەوەندی تایبەتی خۆ و شتە کەسییەکانی بهێنێت. تاکو دەگاتە ئەوەی بڵێت (شۆڕش زیندووترین وانەیە). مانەوە و بەردەوامیی و مەعریفەی تاک و خودی کەسەکان بەستراوەتەوە بە (کۆمەڵ/ گشت) و (شۆڕش/ زیندوومانەوە و بەردەوامی) و (زانکۆ تایبەتە و کۆمەڵ گشتییە. خود و زانین تایبەتە و شۆڕش و زیندووترین وانە گشتییە).

بەدەرکەوتنی ڕۆشنبیرانی وەکو (ڤۆلتێر و دیدرۆ و مۆنتیسکۆ و ڕۆسۆ) لە فەرەنسا و (کانت و فیشتە) لە ئەلمانیا و بەهەڵسەنگاندنی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەخنەگرتنیان بە ماف و ئەرکی خۆیان دەزانی لەپێناو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی تر و برایانەتر و چالاکتر دوای سەد ساڵ لەمەڕ ڕۆشنبیرانی ڕوسی بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بۆ یەکەمجار لەکاری ڕۆماننووسێکدا کەناوی (بۆ بریکین) بوو وشەی (ئیتلیجبتس) کە هەمان وشەی لاتینی (ئیلیگنتسیا)یە بۆ وەسفکردنی هەموو ئەو کەسانە بەکارهێنرا، کە دژ بە نایەکسانییەکانی کۆمەڵگەی تزاری قەیسەری ڕوسیا دەجەنگان. بەمجۆرە هاتنە ناوەوەی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیران بۆ ناو مەیدانی خەباتی مۆدێرنیتە وەکو گروپێکی کۆمەڵایەتی، کە بەپشتبەستن بە کۆمەڵێک ئامانجی عادیلانەی ئەخلاقی، پەردەی لەسەر بێ ڕوویی و بێ پەروایی دەسەڵات هەڵدەماڵێ

بێ ئەوەی بەپێویست وابەستە بێت بە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە. (ڕامین جەهانبەگلو، ٢٠٠٩، ٣٠).

لەدوای (کانت) فەلسەفەی ئەلمانی کاریگەرییەکی بەکردەوەی زۆری لەسەر بواری فکری و بیرکردنەوە لە ئەوروپا لەسەدەی بیستەم دروستکرد، لەهەمان کاتدا فەلسەفەی (هیگل) کە جەخت لەسەر کارکردن لەبارەی کاروباری مرۆڤایەتی دەکات، کاریگەریی لەسەر ڕەوشە گشتییەکانی فکر و بیرکردنەوە لە ئەوروپا هەبووە. دەرک کردن بەهەقیقەت و گۆڕانکاریی مێژوویی بیرکردنەوە و هیوای دروستکرد. ئەمەش وایکردووە بنەمایەکی پتەو بۆ بایەخدان بەلێکدانەوەی مادی مێژوو و گەشەکردنی کۆمەڵگە دابڕێژرێت و ببێتە سەرەتایەکیش بۆ کاری سیاسی نوێ. کاریگەرییەکانی (هیگل) لەسەر (کارل مارکس و ئەنجلس) ئاشکران، کە دواتر ئەم فەلسەفەیە دەبێتە بنەما بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی

ڕوسیا و بەدیهێنانی جیهانێکی شۆڕشگێڕی نوێ لەسەر بنەمای فکری سۆسیالیزم و تێکشکاندنی ڕژێمی قەیسەری کۆن و بەدیهێنانی جیهانێکی جیاوازی فکری و چینایەتی. لێرەدا مرۆڤ دەبێتە تەوەری سەرەکی و بنەڕەتی بایەخ و فەلسەفە و کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو ئەو بزاڤ و کۆششانەی دەیانویست شۆڕش بکەن، یان گۆڕانکاری هەمەلایەنە لەفکر و کۆمەڵگە و ئابووری و سیاسی دروست بکرێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە "خواستەکانی ئێستامان وێناکردنەکانی ئایندەمان دەنەخشێنێت". (جون فوران، ٢٠٠٧، ١٠٢). ئەمە لەبارەی شۆڕش و کارەکتەرەکانیانەوە، کە بەخەیاڵ وێنایەکی دوور لەواقیع لەمێشکی خۆیاندا وێنا و مەزەندە دەکەن و مەزەندەی ئەوە دەکەن شۆڕش ئیدی لەماوەیەکی کورتدا، یان بەشێوەیەکی نوێ و جیاواز دونیایەکی لەخەیاڵ نەخشێنراویان بۆ بەدی دەهێنێت.

لە (کۆچی سوور)دا لەتەک ئەوەی (کۆمەڵ بە جامیعە وەسف دەکات)، هاوڕێ (مەحموود) لەناخدا بەکەسێکی (پۆلیسیی و سەرکوتکار و سانسۆرچی و بکوژ و تۆقێنەر) وەسف دەکات، کە دەڵێت "مەحموود، ڕۆحم بێدار بۆتەوە و بەرۆکم بەرنادات، مەحموود بەرتیلە بزە، ڕوخۆشی درۆ، زۆر بڕ ناکات. جا هەر دەمامکەکەت توند بکە! هەر بە سەرچاوەی دەسەڵاتی خۆتی بزانە! کەسانێ هەن پۆلیسەکەی ژێرەوەی بەزەقی دەبینن! خۆزگە تۆش گوێت لێدەبوو بابم چی بۆ گێڕامەوە". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٣). لێرەدا گەڕانەوە بۆ (گێڕانەوەکانی باوکی، ڕۆحت بێدار دەکاتەوە و وەسفی مەحموود وەکو پۆلیس دەکات، کە پۆلیسیش بەواتای سەرکوت و سانسۆر و ڕاونان و زیندان و کوشتن.. تاد) دێت.

لێرەدا (شۆڕشگێڕ و پۆلیس) یەکسانن لەو هەڵسوکەوتەی سەرتاپای (درۆ و بزەی درۆ و بەرتیلە درۆیە)، (دەمامکەکانی) دەسەڵاتداری نێو شۆڕش جۆرێکە کەسانی دیکە ژێرەوەی کە (پۆلیس)ە دەبینن. ئەمەش

بەواتــای ئەوەی ئەو هەڵســکەوت و بانگەشــە و درۆیــانەی بەرپرســێکی شۆڕش ئەنجامی دەدات، لای خەڵک ئاشکرایە.

(کـۆچی سـوور) بەهەمـان واتـا لەنێـو شۆڕشـی کوردسـتانی عێراقـدا گوتارێکی جیاوازیی ڕەخنەگرانەی بۆ گوتـارە تەقلـدییە شۆڕشـگێڕییەکەی شـۆڕش دروست نەکردووە، واتە ئەو لەسـەر هـیچ بنەمـایەکی فەلسـەفەی جیـاواز، یـان ئایـدیۆلۆژیایەکی جیـاواز لەفکـرە بـاوە کـۆنینە گشـتیەکە دەقەکەی خۆی و گوتـارێکی جیاوازیی بەرهەم نەهێنـاوە، بەڵکو شـیکاری ڕووداوە کۆنەکان دەکات، کە هێشتا کۆیلە و پاشکۆی فکری کۆنینەن و شێوازی بیرکردنەوەی کۆنینە لەنێو شۆڕشدا درێژەی هەیە.

لەکاتێکدا "مام جەلال لەسەر دەقێکی شیعری بەتوندی ڕەخنەی لە فـازیلی مەلا مەحموود گرتووە و گوتیەتی ئەمە شـیعری بۆرژوازییە، دەبێت پیـاوی شۆڕشگێڕ لەسەر دەست و بازووی پڕۆلیتاریا شیعر بنووسێت دیارە ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵە بووە بۆ مارکسیەت. مارکس دوو دیوانی شیعری هەیە و زۆربەی شـیعرەکانی دڵـدارین...". (مامۆسـتا جەعفەر، بەرگـی دووەم، ٢٠٢٠، ١٧٨). گوایە ناوبراو لەسەر کچێک بەنـاوی ناسـک شـیعرێک بـۆ وەسـفی ئەم کچە دەنووسـێت، بـۆیە (مـام جەلال) ڕەخنـەی لێگرتـووە. مەبەسـتمان ئەوەیە ڕەخنەگـرتنیش لەئاسـتی بـاڵادا وابەسـتەکراوە بەپێـوانە ئایـدیۆلۆژییەکان و لەکردەوەشدا تێگەیشـتنێکی هەڵە بۆ خـودی ڕەخنە و ئەرکـی بەرهەمهێنـانی گوتـاری دەقـی ئەدەبی هەبـووە، بەتـایبەتیش لەقۆنـاغی شۆڕشـگێڕیدا. ئەگەر سـەرکردەکان لەوەسـفی ئافرەت تـووڕە بـووبن لەنێـو دەقدا، دەبێـت چەنـدە لەڕەخنەگرتنـی سیاسـی و فکـری جیـاواز و نـاکۆک بەخۆیـان تووڕەبـووبن، بەتایبەتیش ئەگەر ڕەخنەگرتنەکە خودی خۆیانی گرتبێتەوە.

بەپێـی زۆربەی سـەرچاوە سیاسـییەکان و بەڵگەنـامە و بیرەوەرییەکـانی پێشــمەرگایەتی، دەتــوانین بڵێــین گوتــاری شۆڕشــگێڕانەی توونــدڕەو لەناوچەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی یەکێتـی بەسـتراوەتە بە خـودی کەسـایەتی (نەوشیروان مستەفا)، ئەویش خاوەنی گوتـار و ڕەفتـار و ڕەوشـتی سیاسـی

توندی بنبڕ بووه و پشتی بە"تۆڵەسەندنەوە و شکاندنی ئەم و ئەو بەگوێرەی میزاج" بەستووە. (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ١٧٩).

لەکاتێکدا لەباسێکی سیاسی، یان لێکۆڵینەوە لەهەڵە و کەموکورتی و شتە خراپەکان و گومانەکانی نێو شۆڕش (ڕەخنە بە تاوان) دانراوە. (مامۆستا جەعفەر) لەبارەی قۆناغی سەرەتایی کۆمەڵە و کێشەی گیرانی سەرکردایەتی و ناکۆکیی هەرێمەکان بە سووکی و هەتا زارەکیش ڕەخنەگرتنیان لەخۆیان پێ کارێکی باش و شیاو نەبووە و لەم بارەوە دەڵێت: "پاشماوەی سەرکردایەتی پێشوو، بەرژەوەندییان لەوەدا بوو، هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو قۆناخە نەنووسرێت و پەنجە بەکونە زەردەواڵەدا نەکات، ڕەخنەگرتن بە (تاوان)ێکی گەورە دادەنرا". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٠، ٤٢٦). گوتاری ڕاگەیاندنی شۆڕش ڕەخنەگرتنی ئازادانە بوو لە ڕکابەر و ناکۆکەکانی خۆیان، بەڵام داخراو و بڤەش بوو ڕەخنە لەخۆیان بگرن.

قەشە (جۆن) گوتیەتی (لەدەستپێکدا وشە هەبووە). (حنه ارندت، ٢٠٠٨، ٢٥). ئەمە بەواتای ئەوەی دەستپێک (توندوتیژی نەبووە)، بەڵکو (بەکارهێنانی وشە و ئاخاوتن) هەبووە و مرۆڤ لەپێناو گەیاندنی پەیامەکانی و گەیشتنە ئامانجەکانی وشەی بەکارهێناوە و گوتار هەبووە، نەک هێز و توندوتیژی و بیرکردنەوە لەکوشتن لەنێوان براکاندا. (کۆچی سوور) ئاماژەیەکە لەقۆناغ گەلێکی باڵا و سەردەمیانە کە بەرهەمی کوشتنی براکانە و بەری توندوتیژی و بیرکردنەوەیە لەبەکارهێنانی کوشتنی یەکتر و سڕینەوە و لەناوبردن و ئازاردانی هەموو ئەوانەی لەنێوە خۆشیاندا و لەنێو یەک گروپ و حزبدا ڕەخنەی گرتووە، بیر لەفتکردنی کراوەتەوە. ئەمە لەبواری شیکردنەوەی گوتاری مرۆڤانەدا، ئەوەمان بۆساخ دەبێتەوە، کە چەمکی (ئازادی) بەکردەوە لەدەرەوەی کەسایەتی (پێشمەرگە) و مەبەست و ئامانج و بەکارهێنانی خودی مرۆڤەکانی نێو شۆڕش بووە، کە بانگەشەی (ئازادبوونیان) لەدەست

ڕژێمێکی دیکتاتۆری خوێناویی و کوشندەی مەترسیداری و هار و هاج کردووە، کەچی لەئاکامی ئەو گفتوگۆ و گوتارە ئاخاوتنەوەی لەنێوان (مەحموود و سیابەند) ئەنجام دەدرێت، کۆتاییەکەیە ئەوەیە (سیابەند)ی پێشمەرگە لەلایەن خودی پێشمەرگە هاوڕێکانی خۆی گوللەباران دەکرێت.

بۆ ئەوەی کەسانێک ڕەش بکەنەوە یەکسەر تۆمەتباریان کردوون بەوە "دەیکوژن!! پیاو کوشتن هەندە ئاسانە... بیری ژەهرواي بڵاو دەکاتەوە.. ئا دەیکوژن و پاشان لەبەر چاوی خەڵکی هەندێ فرمێسکی بۆ دەرێژن... دەیکوژن ! دەیکوژن!! پاشان گەلێک بوختانی بۆ هەڵدەبەستن و بە خاینی گەورەی لەقەڵەم دەدەن". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٧٦).

ئەوان لەپێناو مانەوەی خۆیان و شێواز و ئەو بیرۆکانەی لەناخی خۆیاندا وێنایان کردووە و ناتوانن بەئاشکرا و لەگوتارێکی ڕاشکاوانەی ڕاستەوخۆ بە خەڵکی بڵێن، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی کەسانێکی وابەستەی پاشکۆ بەخۆیان، کە هەڵسوکەت و نمایشی کۆیلەدارانە دەکەن، کردەی توندوتیژی پیادە دەکەن و سنووری نێوان جیاوازییەکان تۆختر دەکەن و دادگای شۆڕشگێڕانە، کە (چەک و خوێن و سزا) بالادەستە، براکان... براکان لەنێو دەبەن. ئەمە بەردەوامی دانە بە چەمک و سیستەم و بنەما سەرەکییەکانی شەڕ و جەنگ نەک شۆڕش.

لەدوای ١٩٧٦دا لە کوردستانی عێراقدا (باشوور) بەناوی فرەدەنگی و فرەحزبی و فرەهێزی و فرە سەرکردایەتی کەشێکی نوێی شەڕ هێنرایە کایەوە، لەجیاتی ئەوەی شۆڕش بکەن لەپێناو گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایدیۆلۆژی و دەروونی و کەسایەتی و چەمکی سەرکردایەتی لەنێو شۆڕشدا، شەرعیەتیان بە شەڕ و درێژەدان بەتوندوتیژی مۆدێرن و دروستکردنی لیستی خائینان کردووە و لەنێو چوارچێوەیەکی نوێدا ئەم کارانەیان ئەنجام داوە و یەکسەر تۆمەتی (خیانەتی گەورەشیان بۆ هەڵبەستوون). پێشتر شەڕی باڵ بالانێ بوو، ئەمجارە شەڕی ئایدیۆلۆژی، لەکاتێکدا دروستکردنی بنەمای شەرعیەتدان

بـوو بەتونـدوتیژی. ئەم تونـدوتیژییە هەر تەنیـا لەدەرەوەی ئایـدیۆلۆژیاکان نەبـوو، بەڵکـو لەنێـو خـودی یەک ئایـدیۆلۆژیاش درێـژەی کێشـا. (کـۆچی سـوور) وێـنەی ئەم تونـدوتیژیەمان لەنێـو یەک نـاوچەی ژێـر دەسـەڵاتی بەشێک لەهێزی چەکداری پێشمەرگە، وەکو خاوەنی یەک ئایدیۆلۆژیای فرە شـۆڕش و فـرە سـەرکردایەتی و فرەحزبـی بـۆ وێنـا دەکـات و هەقـایەتی هەقیقـی نێـو خـودی شۆڕشـی شـەرعیەتدان بەتونـدوتیژی لەپێنـاو دەسـتپێکردنی شۆڕشـمان بـۆ دەگێـڕێتەوە، بەڵام زوو خـودی شۆڕشـەکە بەتونـدوتیژی نێوەخـۆیی و لەنـاوبردن و کوشـتنی قسـەکەرە پێچەوانەکـانی خۆیان دەست پێ دەکات.

(مامۆسـتا جەعـفەر) لەبیرەوەرییەکانیـدا لەبـارەی تونـدوتیژی و بڕیـاری کوشـتن لەلایەن خـودی بەرپرسـانی کـۆمەڵە و یەکێتـی زۆر لەو بەسەرهاتانەی گێڕاونەتەوە و بە ناو ئاماژەش بەسـەرچاوەکانی توندوتیژی دەکات و دەڵێت: "لەهەر کارێک نەوشێروان سـەردانی مـام جەلالـی دەکـرد و ئەو هێڵی گشتی کۆبوونەوە و بڕیارەکـانی بۆ دیاری دەکـرد ئەویش تەنیا جێبەجێ کردنـی لەسـەر بـوو. کەسـێک سـەرنج و تێبینـی لەسـەر قسـەیەک لەقسـەکانی مـام جەلال هەبـووایە، مـام جەلال بەتـیلەی چـاو سـەیرێکی (نەوشـیراون)ی دەکـرد، ئیـدی ئەو بەتونـدترین شـێوە بەگژیـا دەچـوو. تەنیـا دەنووسێت: مام جەلال لەناو پلینیۆمی چوارەم (٢٩-٢٠٠٩/١٠/٣١) لەبـارەی نەوشـیروان گـوتی: لەڕووی فکـرییەوە بەئاشـکرا دەیگـووت کە مارکسـیزم گەڕوگـول بـووە و سۆشـیالیزم بـاوی نەمـاوە کەچـی خۆشـی سـکرتێری کـۆمەڵەی مارکسـی لینینـی بـوو. لەنـاو خۆشـماندا بێ ئاگـاداری سـکرتێری گشتی و نیوەی م.س و ناوەندی کۆمەڵەش بڕیاری کوشتنی خەڵکی لە شـار و لادێ دەردەکرد. ئەمەش بوو بەهۆیەکی گەورەی ناکۆکی ئێمەمانان لەگەڵ هێڵـی نەوشـیروان. لەسـاڵی ١٩٨١ەوە لەنـاو کـۆمەڵەدا تـا کـار گەیشـتە ئەو ڕادەیەی هەڕەشـەمان کـرد بە بەجێهێشـتنی وڵات ئەگەر کوشـتار لە شـار و لادێ ڕانەوەسـتێنێت. هەرچەنـدە سـەرەتا ئەنجامـدانی ئەو تاوانـانە و گەلـێ

بڕیاری ترمان لێ دەشاردرایەوە، بەڵام سەرەنجام دوای ماوەیەکی کەم لەڕێگەی بەرپرسانی گەورەی ناو شار، ڕاستیەکانمان هەموو زانی و چیکە فرۆفێڵ دادی نەدەدا. ئەم ڕاستیانەش وای لێکردین بتوانین دوا سنوور بۆ پاکتاوی جەستەیی ناڕەوا دابنێین! ئەمە یەکەمین ناکۆکی و دووبەرەکی ناڕاستەوخۆی گرنگی نێوانمان بوو. لەگەڵ پەیڕەوانی توندوتیژی". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ١٧٩-١٨١).

واتە بەشێوەیەک خەونەکانی سەرکردایەتی سیاسی لەکار و کردەوە لەچوارچێوەی شەرعیەتدا دەبێت و لەهەمان کاتیشدا بەرانبەرەکەی گروپە چەکدارەکانی نێو شۆڕشە، ئەمەش مەیلی توندوتیژی هەڵچووانە لەشار و مەیلی کردەی چەکداری توندوتیژانە لەگوندەکان دروست دەکات. (روجی دوبری، ١٩٨٣، ٩٤). لەکردەوەدا لەنێو شۆڕشی چەکداریدا بەدەیان کردەی توندوتیژانە و هەڵچوون و بەگژداچوونەوە و لادان لەیاسا سیاسی و ئەخلاقی و ڕێکخراوەییەکان دەبینرێت، ڕەنگە لەکاتی ڕوودانی ئەم شتانە بابەتەکان و خودی بەسەرهات و ڕووداوەکان هێندە گرنگ نەبن، وەکو ئەوەی دوای پتر لە چل ساڵ، یان نیو سەدە جارێکی دیکە بەشداربووانی خودی شۆڕشەکە بەسەرهاتەکان بەگیانێکی ئارامتر و بەعەقڵیەتێکی کراوەتر دەنووسنەوە و نهێنییەکانی نێو خودی شۆڕش لەبارەی توندوتیژی و پاکتاو و کوشتنی جەستەیی و ڕۆحی و ئەرکی لەڕێ لادراوی پێشمەرگایەتی ئاشکرا دەکەن.

حزبەکان لەشاخدا بەهێزی چەک و ژمارەی ئەندام و دەسەڵاتی چەکدارنەیان لەناوچەکاندا بڕیار و فەرمانیان بەدەست بووە، نەک (یاسا و دەستوورێکی نووسراوەی هەڵبژێردراو و عەقڵ و لۆژیکی سیاسی و ئەخلاقی، دەستوور و یاسایان بەرنامەی سیاسی و پەیڕەو و پرۆگرامی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی نێو شۆڕش بووە). (دکتۆر مەحموود لەبارەی مام جەلالەوە) دەڵێت "مام جەلال پیاوێکی ڕۆشنبیرە و هەرچی بوویت دەتوانێت بەقسە قەناعەتت پێبکات و ئەو لەسەر ڕاستە و تۆ لەسەر

هەڵەیت. کەچی خراپ تووڕە دەبێت و هەوڵ دەدات کێشە بچووکەکان بەتوندوتیژی و زەبروزەنگ و دەنگە دەنگ چارەسەر بکات". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ٤١). هەمان بەرپرس و ئاگادار لەڕووداوە وردەکانی ئەو سەردەمە بەسەرهاتی پڕ لەتوندوتیژی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "شەوێک دەستەیەک لە (پ.م)ی بزووتنەوەی سۆسیالست باڵی ڕەسوول مەمەند دەرگای زیندان دەکەنەوە و پێشمەرگە دەست بەسەرکراوەکەیان بردبوو، لەزەڵێ بە بەرد سەریان پان کردبووەوە!"، (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ٤٠). دوای ئەوە کادرەکانی یەکێتی بەیانێک دژی ئەم کردەوەیە دەردەکەن ئەمە بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دڕندانە و فاشیانە وەسف دەکەن و بزووتنەوەش بەیانێک دەردەکات و (مام جەلال) بە دیکتاتۆر و تاکڕەو دادەنێن. لەتۆڵەی ئەم بەیانەش (مام جەلال) دەیەوێت هێزێک ڕەوانەی زەڵێ بکات و سەرکردایەتی بزووتنەوەی سۆسیالستی کوردستان تەمێ بکات، دیارە ئەو کات بەپێی قسەکانی (مامۆستا جەعفەر)، (د. مەحموود) و خۆی دەکەونە بەینەوە و (مام جەلال) سارد دەکەنەوە و وای لێ دەکەن بەناوی (کۆمیتەی سەنگەسەری) یەکێتی وەڵامێکی بزووتنەوە بدەنەوە. من لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کردەی گوتاری توندوتیژی و گوتاری توندوتیژانە لەنێوەڕۆکدا کردەی توندوتیژانە بەرهەم دەهێنێت. گوتار، کە پشت بەقسە و گوتن و وشە دەبەستێت کاریگەریی لە (خودی کردەی کوشتن و سەرپانکردنەوەی پیشمەرگەکە) پترە، (مام جەلال) بەوە تووڕەبووە، کە بە دیکتاتۆر وەسفی دەکەن، لەوەڵامی ئەم گوتارە توندە بیر لەبەکارهێنانی (هێزێک بۆ تەمێ) کردنی سەکردایەتی بزووتنەوە دەکاتەوە. لە (کۆچی سوور) لەوەسفی هەندێک ڕەفتاری خراپی پێشمەرگەدا (ئومێد) دەڵێت: "بزانە لەشکری مەغۆلیش شتی وایان کردووە!". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٣٩)، یان لەسەر ڕاهێنانی منداڵان لەسەر کوشتن و تەقاندنەوەی نارنجۆک و ڕۆڵی سەرکردە لەبەرهەمهێنانی گوتاری (گەوجاندن و توندوتیژی) دەڵێت: "ئای خولە قوچ! زۆلی بیژی! چ

ئاوێکت ڕشتووە! چەند کەست لەوتاندووە! خستوونەتە ڕیزی تاوانکارانەوە، چەند کەست بەدناو کردووە!. .. خولە قوچ حەرامزادە... ئەمەت کردبوو بە کوتەکی دەستت، چاک و خراپت پێ سەرکوت دەکرد...". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٠-١٤١). بەوردی کە دیقەتی هەر وشەیەک لەوەسفی (خولە قوچ) دەدرێت، دونیایەک لەدونیای ئەم بەرپرسەی شۆڕشمان ئاشکرا دەبێت و لەبەها و بیرکردنەوە و شێوازی کار و چۆنیەتی بەکارهێنانی شۆڕش لەپێناو سەرکوت و شتی دیکەش دەبینرێت. ئەم وشانە وەکو فیلمی سینەمایی بیرەوەرییەکانمان بیر دەهێننەوە.

لەم گوزارشت و وێناکردنەدا نووسەر خۆی لەدرێژدادڕی وەسف و هۆکار و ئەنجام و ئاماژە بە قوربانییەکان بەدوور دەگرێت و سوودی لەکورتکردنەوەی وەسف و بە ئابوورەکردنی شوێن لەنێو دەقدا بەستووە و کارەکەی بەشێوەیەک ئەنجام داوە هەر لەنێو گوتاری هەر وشەیەکدا پاشخانێکی گەورە بەدی بکرێت و لەوەسفی سەرکردەدا دەڵێت: (خولە قوچی بیژی و حەرامزادە) بە کەسی بەکارهێنراوی قوربانیش دەڵێت: (لەوتاندراو، تاوانکار و بەدناو، سەرکوتکراو). ئەو دەیتوانی لەوەسفی سەرکردە ژمارەیەک ڕستە و وێناکردن و ڕووداوی دوور و درێژ دروست بکات و بەپێی خەیاڵ و خەیاڵاندنی شتەکان چی گەرەک بێت لەبارەی (خولە قوچ/ مەحموود) بنووسێت. بەشێوەیەک بنووسێت ئیدی کۆتایی نەیەت، بەڵام ئەو هێندە دەربڕین و گوزارشتەکەی چڕکردۆتەوە، بەخوێنەرەکانی دەڵێت ئەم (بەرپرس و سەرکردەیەی شۆڕش کەسێکی بیژی و حەرامزادەیە) خوێنەری وریا تێ دەگات واتا و مەبەست و ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقیی و ئەدەبییەکانی نێو ئەم دوو گوزارشتە ئەدەبییە چ دەگەیەنێت و هەر یەکێکیان دونیایەکی تایبەت و فراوان لەهۆکار و ئەنجام و ڕەفتار و کردار و پێکهاتەی دەروونی و چۆنیەتی هەڵسوکەت و کاردانەوە و بەرهەمهێنانی ڕق و قین و تۆڵەکردنەوە و ڕقبوونەوە لەپاشخان و باکگراوندی ئەو کارەکتەرە

بەرهەم دەهێنێت. ئەم دەستەواژانە دەبنە هۆکار بۆ بەرهەمهێنانی چ جۆرە گوتارێک لەنێو گوتارە باوەکەی شۆڕشدا.

ئەم دیاردەیە و دەیان دیاردەی دیکە لەنێو شاخدا، یان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی چەکداری شۆڕشگێڕانەدا و لەژێر فەرمان و بڕیار و فەرمایشتەکانی سەرکردە شۆڕشگێڕەکان، کە خەباتیان بۆ دەربازبوون لەتوندوتیژی دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا کردووە، خۆشیان چۆن و بە چ شێوازێک بەشداربوون لەبەرهەمهێنانی گوتارێکی دیکەی توندوتیژانە و دەقی کردەی توندوتیژی. (کۆچی سوور) لەشێوەی گوتارێکی هونەریانەی مۆدێرن و دەقێکی ئەدەبی هاوچەرخ و کەم وێنەدا وێنە و وێناکردنی ئەو ڕووداوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە خاوەنی گوتارێکی شۆڕشگێڕانەن و کەچی لەجیاتی دروستکردنی دۆخێکی نوێی جیاواز لەسەرکوتکردن و دژە ئازادی، گوتارێکی توندوتیژانە بەرهەم دەهێنن و لەئاکامیشدا گوتارە توندوتیژەکە، کە بە (قسە و وشە و ئاخاوتن) دەستی پێکردووە ئاکامەکەی دەبێتە (کوشتن و سڕینەوە و لەنێوبردنی ڕکابەرەکان، یان ئەوانەی وەکو ئەوان بیر ناکەنەوە). لە (کۆچی سوور)دا لەسەر زاری (مستۆ)ی شا پاڵەوانی ڕۆمانەکەدا لەسەرەمەرگەدا دەڵێت: "ئینسان حەقیقەتێکی گەورەیە.. کردار لە مەحەکی دەداو ... ئـهە.. ئـهە... مەرگ، مەرگ، مەرگ دوا... هە هە هە بریا... ری لەسەر دەدا". بەڵێ ئەمە یەکێکە لە هێڵە ستراتیژییە بنەڕەتییەکانی دەقەکە (مرۆڤ و کردار و مەحەک). سێکوچکەیەکی دیکەی بیرکردنەوەی فکری نێو دەقەکەیە. لەسێ وشە و دۆخ و دەربڕین و وێناکردندا بەرجەستە کراوە.

کردارەکانی نێو شۆڕش بوونەتە مەحەک و پێوانە بۆ جۆری ئینسان بوونی کارەکتەر و کەسەکانی نێو شۆڕش، نەک بانگەشە و وێنەی سەر دیوار و قسە و ئاخاوتنە فریودەر و فکرە هەڵگەڕاوەکانیان.

لەنێو شۆڕشی نوێ !!ی کوردستانی عێراقدا توندوتیژی بەجۆرێک پەرەی سەندووە، کە گوتارێکی نامۆ، یاخیبوون لەنێو یاخیبوون دروست

بکات "مەخابن شۆڕش ڕۆڵە دڵسۆزەکانی خۆی نەدەناسییەوە و دەیان مرۆڤی دڵسۆز ناچار کران ڕێگای ناڕاست و هەڵە بگرن و ملی خۆیان بەشکاندن بدەن!". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٢، ٣٨١). ئەمە دیاردەیەکە بەشێوەیەک بەرجەستە و هەستپێکراوە ئێستا وەکو هەقیقەتێکی مێژوویی و سیاسی و درکپێکراو شیکار دەکرێت، بەشێکی ڕووداوەکانی نێو (کۆچی سوور) بەزمان و شێوازێکی ئەدەبی پڕ لەخەیاڵ و ڕەمز و هێما و هەقیقەتێکی مێژوویی نووسراون، ئەو دیاردانەیان تۆمارکردووە، کە چۆن شۆڕشی شۆڕشگێڕانە، شۆڕشگێڕەکانی خۆی لرف دەکات و دەکوژێت و دەشکێنێت، دەهاڕێت و دواتر تووشی شکان و لەهەندێک وێناکردندا دووچاری سزا و لەناوبردنیش دەبنەوە.

وەکو (کوندورسیە) ئاماژەی پێکردووە "وشەی شۆڕش بەسەر هیچ شۆڕشێکدا ناگونجێت، تەنیا ئەوانە نەبێت، کە ئامانجیان ئازادییە". بۆیە تێگەیشتنمان بۆ ئازادی بەستراوەتەوە بە شۆڕشگێڕی ڕەسەنەوە". (حنە ارندت، ٢٠٠٨، ٣٨). (کارل پۆپەر) لەگەڵ (کانت) هاوڕایە، کە دەڵێت "کەس ناتوانێت ناچارم بکات قەناعەت بەو بەختەوەرییە بکەم کە لەگەڵ سەلیقەی ئەودا گونجاوە". (ڕامین جەهانبەگلو، ٢٠٠٩، ١٤٣). وەکو چۆن هێڵی سیاسی و سەربازی (پێشمەرگایەتی) زۆر بەزەحمەت دەتوانێت وەکو یەک بن، گونجان یەکێکە لەو بنەما تەکتیکی و ستراتیژیانەی گوتاری شۆڕشی لەسەر بیناکراوە، لەکاتێکدا لەکردەوە و پراکتیکدا وەکو شتێکی پراگماتیکی ئەم دوو هێڵە لێکجیاوازن:

جەماوەر و هێزی پاڵپشتی شۆڕش و گوندنشینەکان بەگیانێکی خۆیی پشێوازی لەو پیشمەرگەیە دەکەن، کە دەیەوێت ژن بهێنێت و خۆیان ماڵ و تەدارەکی بووک گواستنەوەکە و هێنانی بووک لەشاری بۆ ڕێکدەخەن و هەموو گوند بەشداری ئاهەنگ و ئامادەکردنی خواردن و پێویستیەکانی بووک گواستنەوەکە دەکەن. کەچی کەسانی باڵادەستی نێو شۆڕش و ئەندام و پێشمەرگەکان ناتوانن ئەو پێشوازییە هاوبەش و یەکسان و

گونجاوە لەنێوان خۆیاندا دروست بکەن. تەنیا لەنێوان کوردا ئەمە بەدی ناکرێت و لەوێنەیەکدا شەڕ لەگەڵ جاشەکان دەقەومێت .

لەگێڕانەوەی چۆنیەتی ژنهێنانەکەی (سادق) و (ئاتە) زۆرترین پانتایی بۆ ئەم بیرەوەرییە و چۆنیەتی هاوکاری خەڵکی گوند لەئامادەکردنی زەماوەند و خواردن و تەدارەکی ئاهەنگەکە و نەریتی کۆنی کۆمەڵایەتی شەوی زاوایەتی و ... تاد تەرخان کراوە. هیچ بیرهێنانەوەیەک هێندە بایەخی پێ نەدراوە. لەڕاستیدا نووسەر دەیەوێت نەریت و خوویێکی کۆمەڵایەتی کوردەواریمان بۆ بگێڕێتەوە، ئەویش پەیوەندیی بە (پەیوەندییەکانی نێوان کچ و کوڕ و داخوازیی و پێکهێنانی خێزان و چۆنیەتی ژنهێنانی پێشمەرگەیەک و هاوکاریی و بەشداریی خەڵکی گوند لەئاهەنگی بووک گوازستنەوە و هاوکارییە هاوبەش و خۆڕایی و کردەوەی پەیوەندییە سەرەتاییە سادەکانی نێوان خەڵکمان نیشان دەدات، ئەو نمایشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمانەمان بۆ دەکات، کە هێشتا مرۆڤەکان بەسادەیی دەژیان و دوورن لە نەریت و پەیوەندییە تێکچووەکانی شار. لەڕاستیدا ئەمە خۆی لەخۆیدا کەرەستەی بابەتێکی کۆمەڵایەتی و نەریتە دیارە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەیە بۆ نووسینی ڕۆمانێک.

تاکو لەوەسفی بەرپرسی شۆڕشدا دەڵێت "مەحموود باوەڕ بکە، سەد ئەوەندەی تر ویژدان و ئەقڵ بلەوتێنی ئەوجاش بۆت ناچێتە سەر. گۆڕی خۆت هەڵدەکەنی. تۆ بابایەکی بۆرژوا سروشت و بیری". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٢).

لەشوێنێکی دیکەدا لەبارەی شەڕ دژی جاش، یان کورد دژی کورد دەڵێت "نەختێ هەڵدەکشێم.. جاشی دونیا هاتووە: پەحا! کورە خۆ ئەوە شەڕی پێشمەرگە و کوردە!". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٧٧). (مستۆ) لەنێو گەرمەی شەڕدا بیر لە قسەکانی (میرزا و خەلیفە خدر) دەکاتەوە کە دەڵێن (کاروانێ نەزان و نەفامان سەر کاروانی بێ، کەندێ کەمە، دەکەوێتە سەد کەندەوە). لەم چرکە ساتە سەخت و دژوارەدا کە لەپشتەوە (دلێر)ی

پاشکۆ و کۆیلەی بەرپرس دەبیێکێ، لەم چرکە ساتەدا بیر لە قسە و ڕەخنەکانی کەسانێک دەکاتەوە کە پێیان وایە (شۆڕش)ەکەیان بێ سەرکردە و بەرپرسە بۆیە دەکەوێت و سەدان جار دەکەوێت. لەم چرکە ساتەدا نووسەر وێنەی ئەوەی کردووە هەرچەندە (شۆڕش بەم شێوە خراپە) بەڵام لای (مستۆ) هێشتا (پێشمەرگایەتی ئەشقێکی ڕووتی بێ ڕیبایە). باش بیر بکەوە نووسەر (نالێ پێشمەرگە)، بەڵکو دەڵێت (پێشمەرگایەتی) ئەشقێکی بێ ڕیبایە. ئەمەش بەکردەوە جیاوازیی کردنە لەنێوان (کەس) و (فکر و ڕێباز و ئامانج و کردار).

دووەم: واتە گوتاری دەقەکە، گوتارێکە لەبارەی (فکر و ڕێباز و ئامانج) نەک خودی (کەسەکان)ە. بەهەمان شێوە وەسفی مەحموود دەکاتە کە کارەکتەرێکی (سروشت و بیر) بۆرژوازییە. ئەمەش لەڕوانگەیەکی فکری قووڵ پێناسە دەکات. ئەمە جیاوازییە گرنگەکەی دەقێکی هونەری خودان فکرە، لەگەڵ دەقێک کە شتەکان و بابەتەکان بەشێوەیەکی سادە و گێڕانەوەی بیرەوەری خەلکزان و ڕووداوە باوەکان لەخۆ دەگرێت.

نووسەر کۆشاوە وەسفەکانی زۆر و درێژ نەبن، بەتەنیا لەچەند (وشە و دەربڕین و گوزارشت و زاراوەیەک)دا کورتیان دەکاتەوە، ئەو کە دەڵێت بە (سروشت و بیر) بۆرژوازییە، کاتێک سەری داخراوی لەودە و کادینی ئەم دوو وشەیە لادەبەین، دونیاک واتا و مەبەست و دیاردە و پێکهاتەی فکری و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرمان دێتە بەرچاو. کە ئەمانە دەمان بەنە دونیاییەکی فراوانی بێ کۆتایی. بەهەمان شێوەش (پێشمەرگە) و (پێشمەرگایەتی) هەمان ئەرک و گوزارشت و دەربڕینیان هەیە.

"سیاسەت لەلایەک و سەربازی لەلایەکی دیکە، شەڕی گەڵ تەکنیکە و ناوەندەکەی لە گوندەکانە و بەستراوەتە بەهێلی سیاسی، کە بریتییە لە تەکنیکی باڵا، ئەم هێلە بەتەواوی تیۆریی و سیاسییە. بۆیە دەڵێن ئاسمان فەرمان بەسەر زەویدا دەکات، دەروون فەرمان بەسەر جەستەدا دەکات، سەر فەرمان بەسەر قۆڵەکان و وشەش پێش کار دەکەوێت، جێگرەوەی

عەلمـــانی بـــۆ کـــارکردن وەکـــو قســـەکردن وایە، گوتارەکـــان و کـــۆڕ و کۆبوونەکـان لەپێشـەوەن و ئەمـانە چـالاکییە سـەربازییەکان لەئاسـمانەوە هەڵدەسـوڕێنن". (روجـی دوبـریە، ١٩٨٣، ١٠٩). لەبیرەوەریەکانـدا بەشـی زۆری غافلکوژی و کوشتنی بەمەبەست و تیرۆری سیاسی لەنێو شۆڕشدا چ لەشـــارەکان و چ لەگوندەکانـــدا دەخـــرێتە ســـتۆی خـــودی کەســـێکی دیـاریکراوی نێـو شـۆڕش، نەک هەر ئەوەش ئەو کە خـۆی بەخوێنـدەوار دەزانیت و پێی وایە یەکێکە لەڕۆشنبیرە خاوەن قەڵەمەکانی نێو شۆڕش و بەشـی زۆری گوتـار و بـابەتە تیۆری و باسـە سـەرەکییەکانی (کۆمەڵە)ش ئەو دەینووسی، لەپێناو دروستکردنی هاوسەنگی، یان بەدەستهێنانی توانـا و لێهـاتوویی پێشـمەرگانە خەونـی زۆری هەبـووە و تەنیـا "کە نەوشـیروان پیـــاوێکی ســـەربازی نەبـــووە، بەدرێژایـــی ژیـــانی دەیویســـت وەکـــو ســـەرکردەیەکی عەســـکەری دەربکەوێـــت، دامـــاوە هەر بـــۆی نەدەهـــات.. بەگوێرەی بیرەوەرییەکانی خۆشی بێت لوولەی تفەنگەکەی لەشـەڕی دژ بەڕژێم سارد و لەشەڕی کورد بە کورد گەرم بووە. بیرەوەرییەکانی ئەوە دەسـەلێمنن نەوشـیروان مسـتەفا زۆر سـەرقاڵی شـەڕی براکـوژی بـووە بەدەگمەن خۆی لەشەڕی سوپای داگیـرکەری کوردسـتان داوە". (مامۆسـتا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ١٨٢-١٨٣).

ئەم نەگونجـانە لەنێـوان سیاسـەت و هێـزی پێشـمەرگەدا لەوە بەدی دەکرێت وەکو چۆن لە ئەمەریکای لاتینیدا لەسـەردەمەکانی شۆڕشـی کوبـا و شۆڕشـــە چەکـداریـیەکانی دیـکە بڕوایـان بەوە هەبـووە چـالاکییەکی چەکـــداریی و کوشـــتنی پۆلیســـێک بەرانـــبەر ســـەدان (گوتـــارە)، لە کوردستانیشـــدا بەهـــۆی هەلـــومەرجی شـــۆڕش و دڕنـــدەیی دوژمـــن بەکارهێنانی دەستەواژەی (تۆڵەی شۆڕشگێڕانە) و بانگەشـەی (نێـو ڕادیـۆ کە هاندان بوو بۆ تۆڵە و شـەرعیەت دانە بەکوشـتن و لەنـاوبردنی دوژمـن لەڕێـگەی چەک و شـــەڕەوە)، ئەم دۆخە هاوســەنگ نابێـت و نەگونجـاوە

لەگەڵ (گوتاری ڕۆمان)، یان هەر گوتارێکی سیاسی کە پشت بەئاشتەوایی و نەرموونیانی و دوورکەوتنەوە لە کەشی توندوتیژی دەبەستێت.

ئەم بـزاڤە وایکـردووە تونـدوتیژی و سـزادان و نەگونجـان بگـاتە نێـو خـودی (شـۆڕش)یش، بەواتـایەکی دیـکە پەلامـاری یەکتـر بـدەن، یەکتـر بسـڕنەوە و یەکتـر بکـوژن. لەمێـژووی شـۆڕش لەسـاڵی ١٩٧٦- ١٩٩١ دەکرێت سەدان نموونەی نەگونجاوی نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان گوتاری سیاسی و گوتاری پێشمەرگایەتی بهێنینەوە، یان ئەوە ساخ بکەینەوە کە چـۆن عەقڵیەتـی چەکـداریی و تونـدوتیژیی بەسـەر عەقڵیەتـی سیاسـی و میـانڕەودا زاڵبـووە، کە بەرهەمـی تونـدوتیژی چەکداریی شۆڕشـگێڕانەیە، بەرهەمـی تۆڵە و لەنـاوبردن بەهۆکـاری دروسـتکردنی تۆمەتی خیانەت و سڕینەوەی دەنگە ناڕازیی و ناکۆکەکانە. لە (کۆچی سووردا) وەکو نموونە، وەکــو مشــتێک لەخەروارێــک و دڵۆپێــک لەدەریــایەک ئەم ڕووداوانە بەسەلیقەیەکی ئەدەبی بەرز، بەشێواز و تەکنیکێکی نوێی چیرۆکنووسین و ڕۆماننووسی بەرجەستە کراوە.

(جەلال زەنگابـادی) لەبـارەی (کـۆچی سـوور) و نووسـەرەکەی گـوتیەتی: "نووسـەر لە ١٩٨٦/١١ بەدەم ژیـانی پێشـمەرگایەتییەوە (نـۆ سـاڵی تەمەنـی لەسـەنگەری پێشـمەرگایەتییدا بەسـەر بـردووە) لە گونـدی یاخسـەمەری ڕزگـارکراودا نووسـیوە، بەڵام بە نوسـخەی زۆر کەم لەسـاڵی ١٩٨٨دا بڵاوکراوەتەوە و خێرا لەلایەن هەندێک سەرانی ئەوسای حزبێکی کوردییەوە کە ئـاوارەی شـاری سـەقزی کوردسـتانی ئێـران بـوون، فتـوای سـووتاندنی دەرچـوو، لەخـاڵی قاسمەڕەشـی نێـوان سـنووری عێـراق و ئێـران لەنـاوچەی سەردەشت کۆکرایەوە و سـووتێنرا. بەڵام وێڕای ئەوەش لەنـاو پێشـمەرگەی ڕۆشنبیر و خوێندەواردا بـایی خـۆی بڵاوبـووەوە و دەسـتاو دەسـتی کـرد و زۆر بـاش دەنگـی دایەوە. کۆچی سـوور کەشـفێکی پێشـوەختە و هونەریـانەی سـەردەمی خـۆیەتی، هاوارێـک بـوو، بانگەوازێـک بـوو، گوتارێـک بـوو تـا ئەو بـارودۆخ و پێکهـاتەیەی دەسـەڵاتی چەکـداری ئەو قۆنـاغە بێـتە گـۆڕین.

(سەگوەر)یش هاوشێوەی کۆچی سوور لەوای ڕەخنەگرتن لە سلبیاتەکانی بزوتنەوەی چەکداریی کورد و پەردە هەڵماڵینی ئازایانە لەڕووی پەنهان و دیزە بە دەرخونە کراوەکان، کە ئەویش زۆربەی سەرانی سیاسی و ڕۆشنبیرانی قەڵس و تورەکرد، بەڕادەیەک سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان جەلال تالەبانی بەخۆی کەوتە ناوبژی و پێشەکییەکی بۆ چاپی دووەمی نووسی". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ٩٢-٩٤).

ئەو کاتانەی مرۆڤ (لەلایەن مێژووەوە دەستخەڕۆ دەکرێت و نەزانی دەستی مێژوو دەبن). (حنه ارندت، ٢٠٠٨، ٧٩ ). دەق و ئەدەبیش لەهەندێک بواردا دەکەونە ژێر هەژموونی ئەم ئاراستە شێوێنەرە و وەکو بەرهەمێکی سلبی دەردەکەون. بەپێی بۆچوونەکانی (ماکس ڤێبەر) بەپاشماوەی ئەم پەیوەندیی و ملکەچبوونەی دراوەتە دەوڵەت لەچوارچێوەی مێژوو و لەم ڕێگەیەشەوە دەستەبژێرێکی دیاریکراو دەستبەسەر توندوتیژیدا دەگرن. شۆڕش بەپێی پێناسەی من وەکو توندوتیژییەکە کە گەلی سەرکوتکراو بەکاری دەهێنێت. (جون فوران، ٢٠٠٧، ١٢٧). ئەمە یەکێکە لەو بۆچوونە گرنگانەی کە شۆڕش لەکردەودا بریتییە لەتوندوتیژی، هەر بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەکیش بەپێی تیۆرانینی چینایەتیان پێناسە و ناسنامەیەک دەبەخشنە شۆڕش. مەترسیدارترین شۆڕشیش ئەوەیە، کە بانگەشەی ئازادبوونی مرۆڤەکان بکات، کەچی خۆی بەلێشاو مرۆڤ کۆیلە بکات و پاکتاو و ڕیسوایان بکات. بۆیە ئاماژەمان بەم نموونەیە کرد، چونکە زۆرجار شۆڕشی چەکداری، کە خاوەنی گوتارێکە کار بۆنەهێشتنی توندوتیژی دەکات، کەچی ئەندامە دیاریکراوەکانی خودی ئەم شۆڕشە لەچوارچێوەی هەلومەرجی تایبەتی خۆیاندا وا لێ دەکەن پەنا وەبەر توندوتیژی ببەن، ئەمەش دەبەستنەوە بەهۆکاری مێژوویی، قەناعەتی فکری و ئاسایشی شۆڕش و سزادانی خیانەتکار و لادەر و گێرەشێوێنەکان و خەت مایلەکان. نموونە لەم جۆرە زۆرە، هەندێکیان هێندە زەقن خەڵک دەینووسێت و لەبیرەوەرییەکانیاندا دەیانگێڕنەوە،

هەشیانە وەکو پووشی بەردەم ڕەشابا شون بزر دەبن. شێوازی کوشتنی (سیابەندی پێشمەرگە) ڕەنگە یەکێک لەو نموونە زۆرانە بێت، کە لەنێو بیرەوەری زۆر کەسدا ماون.

لەتەک ئەم باسە با چیرۆکی (مامۆستا نەریمان/ عوسمان حسێن ئیسماعیل عوزێری) بگێڕینەوە، ئەوەشمان وەکو خۆی لەزاری (مامۆستا جەعفەر) وەرگرتووە کە لەبیرەوەرییەکانیدا بەم شێوەیە ئاماژەی پێکردووە: (لەسەر کێشەی گیرانی م. عەزیز کرایە بێژینگ و کەس نەیزانی قەسابەکان لاشەکەیان لەکوێ فڕێدا؟ دوا وشەی مامۆستا نەریمان داوایەکی زۆر قورس بوو: دەمکوژن قەیناکات، بەڵام تاوانی خیانەت مەخەنە پاڵم. من خیانەتم نەکردووە و بەغدر دەمکوژن...". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٠، ٣٨٤). هەر لەم بیرەوەرییەدا ئاماژە بەوە کراوە کە (مام جەلال) بەم (مامۆستا عەزیز)ە، کە ئەندامی سەرکردایەتی بووە، گوتووە: دڵنیام سەدی سەد دەگیرێیت و ئیعدامت دەکەن و منیش یەک دێڕت لەسەر نانووسم، چونکە قسەی ئێمە دەشکێنیت و سێ چوار ڕۆژیتر بەرەو ناو شار دەکشێیت.. کفتەی سابونکەران و یاپراخی گەلامێ و گیپەی لا تەراف بمگرە و هاتم. لەپەراوێزی هەمان لاپەڕە و بۆ هەمان بابەت گوتیەتی لە "کتێبی لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕەی ناوزەنگدا لەلاپەرە ١٧٣دا بەزەقی ئاماژە بۆ ناوی مامۆستا نەریمان کراوە، گوایە جاسوسی ڕژێم بووە و ئەو ئارامی لەخشتە بردووە. ئەمە غەدرێکی گەورەیە کراوە. ناوەندی کۆمەڵە بەووردی لێپێچینەوەی لەگەڵدا کردوو قەناعەتی ٪١٠٠ کرد، کە ئەم کادرە زۆر پاکە و هیچ لەکە و گومانی پێوە نییە. مەبەستم لەگێڕانەوە ئەم بەسەرهاتە وەکو بەڵگەیەکی گرنگی نێو شۆڕشە کەچۆن زاراوەی (خیانەت) دەکەنە مۆرێکی لەکەداری گەورە دژی هەر کەسێک ویستبیان لەناوی ببەن، یان لەژێر پەردەی ئەم ناوە تۆمەتی خەڵکی دیکە بدەنە پاڵ کەسانی دیکە. لەکاتێکدا (خیانەت) لەسەردەمی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکداریدا هیچ (مەبەست و ئامانج و گوتارێکی) لەخۆ ناگرێت، تەنیا ئەوە نەبێت بەشێوەیەکی

شۆڕشگێڕانە بڕیاری (ئیعدامی شۆڕشگێڕانە) دژی کەسی تاوانبار و خائین بدرێت و بەجەستە و فکر و پاشخان و بیرەوەریی لەنێو ببرێت و بسڕێتەوە و هەموو شوێنەوارەکانی لەناو ببرێت.

لەکۆچی سووردا سنووری تاوانبارکردنەکان بەم شێوەیە وەسفکراوە:

نهێنی حیزبی درکاندووە!

جنێوی داوە...

پێوەندی بە دەوڵەتەوە هەیە!

خەتەرێکی گەورەیە!

پوازە...

بیری ژەهراوی بڵاودەکاتەوە. (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤١).



لەنێو کۆچی سووردا نووسەری دەق هەولی داوە ئەم پەیوەندییە لەنێوان ڕووداوە مێژووییەکانی شۆڕشەکانی پێشتر و کردەوەکانی ئێستای شۆڕش لە گوتارەکەدا بەرجەستە بکات، کە بریتییە لە (فریودان و نەزانین و خۆڵکردنە چاوی ئەو کەسانەی بەناوی شۆڕش تێدەکۆشن).

لە کۆچی سووردا هاتووە: 'کەبیری لە چارەنووسی کاروانەکە دەکردەوە دنیای لەبەر چاو تاریک دەبوو... خۆشی خۆشی کاروان ببێ بە کاروان و بکەوێتە ڕێ.. شێخ و شێخزادە و مورید و خەلیفە و .. لێت قوت ببنەوە و ببن بە دەمڕاست و دەم سپی و شێری مەیدان". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٦٥).

"مەحموود بابەیەکی سیاسەت چییە، سیاسەت چی نابێ بە دۆستی کەس! مەسڵەحەت، تەنیا دۆستی مەسڵەحەتی خۆیەتی!". (حەمە کەرێم عارف، ٢٠١٢، ١٤٦).

ئەمەش لەکردەوەدا ڕەنگە پەیوەندیی بەپێکهاتەی سیاسی و پێشمەرگایەتی نێو شۆڕشەوە هەبێت، چونکە لەزۆر کات و سەردەمدا لەبارەی بنەما مەبدەئییەکانی نێو شۆڕش، یان چۆنیەتی بەستنەوەی ئەندامەکان بەسەرەتا مەبدەئییەکانەوە گوتراوە، کە "مەبدەئەکان تەنیا یەک ڕوویان بۆ جێبەجێکردن نییە" (روجیە بارودی، ١٩٨٣، ١١٣). واتە لایەنە فکرییەکان و ئەو سەرەتایانەی شۆڕش وەکو ئەخلاق و بنەما و ڕێسا و دەستووری نێو شۆڕش لەلایەن دەستەیەکی شۆڕشگێڕەوە بڕیاری لێدراوە، مەرج نییە بنەمایەکی گونجاو بێت بۆ جێبەجێکردن و بەکارهێنان لەلایەن خودی ئەندامەکانی شۆڕشەوە، یان تەنیا دەستوور و فکرەیەک بن دەستکاری نەکرێن و تەنیا یەک ڕوویان هەبێت. فکرەی شۆڕش هەمیشە لەچەند ڕوانگەیەوە شیکار دەکرێت، بۆ ئەوەی بەردەوام دەرفەتی مانۆڕ و چوونە پێش و پاشەکشەیان هەبێت، چونکە ئەم سەرەتایانە چەند ڕووێک و ئاراستەیەک و واتایەک و مەبەستێک لەخۆ دەگرن، هەندێک بەشێوەیەک داڕێژراون دەتوانرێت لێکدانەوەی جیای لەکاتی بەکارهێنان بەپێی کات و

شــــوێن و جـــۆری کارەکتەرەکـــانی بـــۆ بکرێـــت. ئەمەش دەرفەت بـــۆ دروستکردنی جیاوازیی و شیکردنەوەی جیاواز و لێکدانەوەی نەگونجاو لەگەڵ دیاردەکـان و خواسـت و هەڵسـوکەوت و ڕەوشـتی کەسـەکان و بەهای شتەکان بکرێت.

لەکردەوەدا بیرکردنەوە لەنووسین و بەرهەمهێنانی (کۆچی سوور) یان (سـەگوەر) وەکـو دوو نمـوونەی ڕۆمـانی کـوردی لەژێـر کـۆنترۆڵ و دەسەڵات و ناوچە نیمچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بەشێکە لەم جیاوازیی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتەی لەنێو خودی شۆڕشدا نەگونجان لەنێوان مەبدەئە مرۆیی و ئەخلاقیی و سیاسییەکانی نێو شۆڕشی لەگەڵ هەڵســـوکەوت ڕەوشـــتی پێشـــمەرگانە و تـــۆڵەکردنەوە و ســـڕینەوە و لەنـاوبردن و پاکتـاوکردن و ئـازاردانی ئەوانـی دیکەی لێ دروسـت بـووە. بـۆیە ئاسـاییە لە وەهـا دۆخێکی ئـاڵۆز و پـڕ لەگومـان و تاوانـدا، دەقێکـی جیاواز ئەگەر بەژمارەش کەم بێت بەرهەم بهێنرێت.

قسەکردن هیچ واتایەکی نییە، کاتێک لەبارەی مەعریفەی ناعەقلانی بێت دواتـریش لەبـارەی عـاتیفەی مەعریفەیـی بێـت. (عـادل ضـاهر، ٢٠٠٠، ١٩). بـۆیە کاتێـک قسـە لەسـەر ئەخـلاق دەکەیـن، نـاتوانین بێ زانیـاریی و شـتە مەعقوڵە واقیعییەکان و زانیارییە مێژووییە دروستەکان ئەم شتانە بگۆڕین بۆ قسەیەکی واتاداری کـاریگەر. لەدەقێکـی ئەدەبیـدا، کە هەمیشـە خەیـاڵ و واقیـع بنەمـای سـەرەکی پێکهێـنەری دەقەکەن و زۆرجـاریش خەیـاڵ پـێش واقیع دەکەوێت، پێویستیمان بە مەعـریفە و زانیـاریی دروسـت و هەقیقـیش دەبێـت. گێـڕانەوەی ڕووداوەکـانی نێـو ڕۆمانێـک، کە دەربـارەی هەقیقەتـی شۆڕشێکە، پێویستی بەزانیاریی هەقیقی و واقیعیی هەیە. چونکە بەکـردەوە ئەمە تۆماری ڕووداوە هەقیقییە مێژووییەکـان دەگـرێتەوە، هەتـا لەشـێوەی خەیاڵ و دەستکاری ناو و شوێنەکانیش ئەنجام درابێت، بەڵام گوتـارەکەی پەیوەســـــتە بەڕووداوە مێژووییەکـــــانی ئێســـــتا و دواتـــــریش دوای بڵاوبـــوونەوەی دەقەکە بـــابەتەکە بەشـــێوەیەکی بنەڕەتـــی و ڕیشـــەیی

دەبەستریتەوە بەمێژوو. بیرەوەرییەکان و ڕووداوە مێژووییەکانی دوێنێ دەگێڕنەوە، دەقی ئەدەبیش ڕووداوە مێژووییەکانی ئێستا بە تێکەڵکردن لەگەڵ خەیاڵ لە سبەینێ دەگێڕێتەوە.

ئەخلاق کارێکە لەگەڵ بەهاکان هاوسەنگە، ئەو بەهایانەش لەبنەڕەتدا سروشتی بایۆلۆژییەکە و ئامادەبوونی سایکۆلۆژی بڕیاری لێ دەدات . (چون کارل فلوجل، بدون سنة، ٢٤ ). دەتوانین بڵێین بەهای هەڵسوکەوت و ڕەفتار و کردە ئەخلاقییەکانی هەر کارەکتەرێکی نێو شۆڕش پێوانەیە و پەیوەستە بەسروشتی بایۆلۆژی و پێکهاتەی سایکۆلۆژی کەسەکانەوە. هەڵسوکەوت و ئەخلاق و کردەوەکانیان پەیوەستن بەو بنەما بنەڕەتیانەی لەڕووی بایۆلۆژییە هەر شۆڕشگێڕێک لەخۆی گرتووە. کەسێکی توندوتیژ لەڕووی دەروونیی و بایۆلۆژییەوە کێشەی هەیە، کەسێکی توندوتیژ لەبنەڕەتدا دوور نییە کێشە کۆمەڵایەتییەکان ئەویان بەم هەڵسوکەوت و ڕەفتارانە گەیاندبێت.

(کۆچی سوور) ڕۆمانێکە بەرجەستەی گوتاری ئەم جیاوازیی و نەگونجان و ئەخلاقە مەترسیدارە دەکات، کە گوتاری شۆڕشی لەنێو شۆڕشدا بەرهەمهێناوە، گوتاری ڕۆمانەکەش گوتارێکە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم گوتارە توندڕەوییەی شۆڕش دروستی کردووە، بێ ئەوەی هیچ وەسفێکی توندڕەوانەی نەگونجاو بۆ ڕەفتار و ئەخلاقی ئەو کەسانە بکات، کە وەکو کارەکتەریی جیاو و لە ئاست و پلە و بەرپرسیاریەتی و ناوچەی جیاواز و پێکهاتەی چینایەتی و ڕۆشنبیریی لێکجیاواز لەنێو ڕۆمانەکە ئەرکیان هەیە.

کارەکتەرێک لەڕوانگە و تێفکرینی خۆیەوە پێناسەی کارەکتەرێک دەکات وەکو: (سادق دەڵێت سیابەند خاین نەبوو) ئەم قسەیە وەکو بەڵگەنامەیەکی فەرمی لای (مێرەم) پێشوازی لێ دەکرێت. (هەڵکەوت) لە پێناسەی مەحموود دەڵێت (مەحموود بابایەکی سیاسەت چییە، سیاسەت چی نابێ بە دۆستی کەس). (مەحموود) لە وەسفی (دلێر)ی خزمەتکار و

پێشمەرگەی بەردەرگای خۆی هاتووە: (ئافات لەم دلێرە خوشک حیزەش بێ خەریکە خۆی لێدەگۆڕێت). (خاڵە عەزە) لەوەسفی (خەلیفە خدر) دەڵێت: (خەلیفە خدر شەکری شکاندووە...). گوزارشت و وەسفی لەم جۆرە هێندە کورت و پوختە، هێندە کوردیانەیە خوێنەر بێزار ناکات، بەڵام دەبێت خوێنەر کاتێکی باشی بەدەستەوە بێت بۆ ئەوەی ئەم وەسفانە بەجوانی و پوختی لێک بداتەوە و بزانێت کەسی وەسفکراو چۆنە و چ بابەتە. ئەمەش پەیوەندی بەهێزی گوزارشت و بەکارهێنانی زمان و دروستکردنی گوتارەوەکە و توانای خوێنەر لە لێکدانەوەی شتەکان هەیە، پەیوەندی بەهێز ڕاپەڕاندنی ئەرک و بەدیهێنانی پێویستییەکانی گوزارشت کردنەوە هەیە لەپێناو بەدیهێنانی ئەو مەبەستەی نووسەر دەیەوێت بەچڕی و پوختی دروستی بکات.

**ئیستغلالکردن**

ئیستغلال یەکێکە لەو بنەمایانەی سەرمایەداری هێزی بەرهەمهێنانی لەسەر بینا دەکات وەکو پرۆسەیەکی ئابووریی، کرێکاران بەهۆی ئیستغڵاکردن و بەکارهێنایان لەکاری زۆر و بەمووچەی کەم تووشی دۆخێک دێن لەلایەک داچۆڕان و تەسلیم بوونە، لەلایەکی دیکەشدا ڕەتکردنەوە و نامۆبوونە بەو واقیعیەی بۆیان دروستکراوە. (مارکس) ئەم مەسەلەیە وەکو بنەمایەکی گرنگی شۆڕش و ڕەتکردنەوە و بەیەکەوە بەستنی ڕووداوەکان لەڕوانگەی مێژوویی و ئابووریی شتەکانی شیکردۆتەوە. بەواتایەکی دیکە (مارکس) کێشەی کۆمەڵایەتی گواستەوە بۆ هێزی سیاسی لەچوارچێوەی زاراوەی ئیستغلالکردن. (حنە ارندت،٢٠٠٨، ٨٥). دەزانن بۆ ئەم ئیستغلالە لەنێو شۆڕشدا ڕوودەدات، چونکە کەمایەتی بەژمارە کەم هەمیشە دەیانەوێت خۆیان وەکو پێشەنگ و زانا و بیرمەند و سیاسی و دەمڕاست و کوێخا و ئازا و قارەمان و شۆڕشگێڕ و خوێندەوار

و گوتـــارزان نیشـــان بـــدەن، بەمەش عەقڵـــی خەڵـــک کـــۆنترۆڵ دەکەن و ئیستغلالی سۆز و هەست و نەستی جەماوەر دەکەن و ئەندامەکانی خۆیان لەتەک ئیستغلالکردن وەکو بارمتەیەکی شۆڕشگێڕانە و بەستنەوەیان بە پیرۆزیـــی مەبـــدەئەکان و ســـزادانی تونـــدوتیژانەی ئەوانەی لادەدەن و دەغەزرن و لاملـــی دەکەن، دەبەســـتنەوە. وەکـــو دەڵـــێن "سیاســـەتی پێشەنگایەتی ڕەنگدانەوەی هوشیاریانەی جووڵاندنی گروپەکانە، کە هێشتا هوشـــیار نـــین". (جـــون فـــوران، ٢٠٠٧، ١٢٧). لەکاتێکـــدا جوگرافیـــای بەرهەمهێنـــانی دەقـــی ئەدەبـــی جیـــاوازیی وەکـــو (کـــۆچی ســـوور) لەژێـــر باڵادەستی و خۆسەپێنی هێزی بەگوڕ و هێزداری کۆمەڵە بووە، کە خۆیان بەخـــاوەنی فکـــری مارکســـی – لینینـــی و مـــاویزم دانـــاوە، هەروەهـــا وەکـــو هەندێک لەبیرەوەریی گێڕەوەکانی نێو خودی کۆمەڵە و یەکێتـی ئاماژەیـان پێکردووە ئەم گروپە سیاسییە "نەیانتوانی دەقێکی خۆماڵیی زانستی تێر و تەسەل بەرهەمبهێنن ئەوان دەچوون دەقەکانی (ماوزەتۆن)یان وەردەگێڕا. بەشێوەیەکی گشتی شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەجیاوازییەکانی نێوان لینین و پلیخـانۆف و ڕۆزا لۆکسـمبورگ و گرامشـی نەبوو. لەشـیکاری سیاسـی و تیـۆریی کـۆمەڵایەتییەوە دووربـوون، دڵنیـام کەسـیان نەیانـدەزانی تیـۆری فاشیزم چییە؟ تیۆری دەوڵەت چییە؟ دەربارەی بیری نەتەوەیی و بزاڤی نەتەوەیـی چەنـد فێـرگە هەن؟ لەئەدەبیـاتی چینـی هەنـدێک دەسـتەواژە و تێگەیشـتن و چەمـک دەکـوردێنرا و تـۆزێکیش دەکـوڵێنرا و پێشکەشـی دەروێشانی ئایدیۆلۆژیا دەکرا". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ١٥٨-١٥٩). واتە ئیســـتغلالکردنێکی نەگونجـــاو لەپێنـــاو بەرهەمهێنـــانی گوتارێکی نەگونجاو لەئارا بووە، ئەمەش جۆرێکە لەپاشـەگەردانی فکـری و بەرهەمهێنانی دەقی نەگونجاو و بیر نەکردنەوە لەنێو بیرکردنەوەدا و هەتا هەڵسوکەوت و کرداری سیاسـی و ڕەفتـاری نەشـیاوی نـا دروستیشـیان بەناوی ڕەفتار و شێوازی شۆڕشگێڕانە بەرهەمهێناوە. لەبەر ئەوە دەبینین کـۆمەڵە وەکـو هێزێکـی چەکـدار حەزی نەکـردووە و نەیویسـتووە هـیچ

هێزێکی سیاسی دیکە لەو ناوچەیەدا گەشە بکات، کە ئەو هەموو شتێکی تێدا ئیستغلال کردبوو، تەنیا لەسەرەتای دەرکەوتنی یەکێتیش کە خۆی وەکو بەرەیەک نمایش دەکات!! نایانەوێت (خەتی پان و بزوتنەوەی سۆسیالیست) گەشە بکات و چالاکی بنوێنن. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە (مامۆستا جەعفەر بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانی).

ئێمە باسی جوگرافیایەک دەکەین، کە پەیوەندی بەو بەشە شوێنەوە هەیە، کە یەکێتی و کۆمەڵە تێیدا باڵادەست و حاکمی شۆڕش بوون، ئەوانیش بەتایبەتی کۆمەڵە بەچاولێکەری گروپە شۆڕشگێڕەکانی ئەمەریکای لاتینی و ئاسیا و مارکسییە چەپەکان و ماوییەکان دەیەوێت بەچالاکی کوشتن و تیرۆر و تۆقاندنی (دوژمن!!!!) لەنێو شارەکاندا شۆڕش بکرێت، لەکاتێکدا (مامۆستا جەعفەر) لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "سەرکردایەتی کۆمەڵە بەگشتی ئاستی ڕۆشنبیری و تیۆرییان بایی ئەوە نەبووە، هێزێکی سیاسیی تۆکمە دروست بکەن، یان بزاڤێکی فیکریی نوێ پەرەپێبدەن. هیچ تێڕوانین و تێزی خۆیان نەبوو لەسەر داهاتووی وڵات". (مامۆستا جەعفەر بەرگی یەکەم ،٢٠٢٠، ١١٤). ئەمە لەکردەوەدا کارەساتە، کە کەسانێک خۆ بەپێشەنگزان دانێن و هەموو ئەوانی دیکە ملکەچی فەرمان و بڕیار و ڕێساکانی نێو شۆڕش دەکەن و هەر خۆشیان وەکو گروپی پێشەنگ یاسا و ڕێسا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی شۆڕش دادەنێن و تەنیا بۆچوون و تێزەکانی خۆیان دەگەیننە ئاستی فەرمان و دەقی پیرۆز و دەستکاری و لێلادان و گاڵتەپێکردنیان یەکسان دەکەن بەتۆمەتی (خیانەت) و سزای خیانەتیش (سڕینەوە و کوشتنە بەڕێگەی توندوتیژانە). لەچوارجێوەی ئەو دیموکراسییەی بانگەشەی بۆدەکەن (کەمینەی بەنێو زۆرینە) حوکمی (زۆرینەی ملکەچ پێکراوی بەکەمینەکراو) دەکەن. لە (کۆچی سوور)یشدا دەسەڵات و بڕیار و فەرمان لەدەست (مەحموود)ە، یان (سەربەستی) بەرپرسی پێشمەرگەیە و خەڵکیش دەڵێن بەسە و "ئازایەتی ئەوەیە پیاو خۆی بناسێت". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٦٤).

وەکو (رۆجی دۆبریە) ئاماژە بەم دۆخە دەکات و ئەو لەنێو شۆڕشدا هەندێک لەم دۆخانە بە(خیانەتی بابەتی) وەسف دەکات "جیاوازی لەبیرکردنەوە و ڕەوشت لەنێوان هەندێک لەهاوڕێکان لەنێوان خۆیاندا. هەندێک هاوڕێ لەشار، یان لە پەناهەندەیی کە کاری مەترسیداریان پێ سپێردراوە، دەخرێنە نێو بازنەی خیانەتەوە، کە بەرپرسی گروپە چەکدارەکانی شۆڕش لەگەڵ بەرپرسەکانیان لەشار، یان پەناهەندەیی قسە دەکەن، وەکو بۆرژوازی شۆڕش مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن". (روجی دوبریە، ١٩٨٣، ٩٠). لەوە دەگەین لەدوو ڕوانگەوە ئەندامەکانی شۆڕش یەکتر تاوانبار دەکەن، ئەوانەی لەدەرەوەی خەباتی شاخن و پێشمەرگە نین، یان ئەوانەی لەهەندەرانن و کاری شۆڕش بەڕێوەدەبەن، لەلایەن سەرکردەکانی شۆڕش، یان بەرپرسانی شۆڕش بە (ئەفەندی) ناودەبرێن، ئەمە خۆی لەخۆیدا تاوانبارکردنێکی بابەتیانەیە، یان وا وەسف دەکرێن، کە ئەمانە وردە بۆرژوای شارن و بەهیچ ماندوو نەبوونە و برسیەتی و ساردی و گەرمی و شەڕ و ئازاریان نەدیتووە.

نەک هەر ئەوە یەکێک لەدەستڕۆیشتووترین سەرکردەکانی شۆڕشی نوێ کە بانگەشەی مۆدێرن و ئازادیی و جیاوازیی و تێپەڕاندنی شۆڕشی پێشەخۆیان دەکرد هاو سەنگەر و هاو فکرەکانیان بەم شێوەیە وەسفی یەکێکی وەکو (نەوشیروان مستەفا) دەکەن، کە یەکێک بووە لەوانەی بەکردەوە و بێ سلەمینەوە و بەئاشکرا دەستی هەبووە لە سەرکوتکردنی ناڕازییەکان و ڕکابەرەکانیان و پەرەپێدانی توندوتیژی فکری و سیاسی و چەکداریی و کوشتن و پاکتاوکردن. ئەو بەم شێوەیە، یان ئەوان و ئەوانی دیکەش بەم شێوەیە وەسفی دەکەن: "نەوشیروان مستەفا نە بڕوای بەدیموکراسی هەبوو نەدەیزانی مافی مرۆڤ چییە! ئازادی تاک، دیل نەکوشتن، ئازادی بیروباوەڕ لای ئەو هیچ نرخێکی نەبوو" (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ١٨٦). ئەمە لەکردەوەدا ئەو گوتارەمان بۆ ساخ دەکاتەوە، کە بیرکردنەوە و نەریت و ڕەفتاری جیاواز لە ڕەفتارە

گشتییە باوەکەی نێو شۆڕش، دەبووایە بەپێی پێوانە و مەزاجی ئەو کەسە دەستڕۆیشتووانە بێت، کە لەتوندوتیژی پتر بڕوایان بەهیچ شتێکی دیکە نەبووە. ڕەتکردنەوەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازدی تاک و کوشتنی دیل و سەرکوتی بیروباوەڕی ئازاد، یەکسانە بە دیکتاتۆریەت و شتی دیکەش. ئەم پرۆسەیە کە (پشکۆ نەجمەدین) ناوی ناوە (پاکسازیی) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "نەوشیروان مستەفا و مام جەلال خۆیان سەرپەرشتی پرۆسەی پاکسازییەکەیان دەکرد و کادرانی کۆمەڵە جێبەجێیان دەکرد. ئەم پرۆسەیە هەموو ئەو کادرانەی کۆمەڵەی دەگرتەوە کە تەنها سووکە گومانێکیان لێ کردابایە، یاخود پەیوەندیی کەسەکی و دۆستانەیان لەگەڵ ئێمە هەبایە، بەشێک لەو کادرانە بۆ سەرکردایەتی بانگ دەکران و ئەو دوو زاتە خۆیان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردن و زۆربەیان ناچار دەکردن کوردستان بەجێ بهێڵن، یاخود لەبارەگایەکدا لێی دابنیشن و لەژێر چاودێریدا ژیان بگوزەرێنن". (پشکۆ نەجمەدین، ٢٠١١، ٢٥٣). لە (کۆچی سوور) لەبارەی (مەحموود) هاتووە: " کە مرۆڤ نەیتوانی خودی خۆی بێ ئیدی بۆ دەروویەک دەگەڕێ، بۆ پەنایەک دەگەڕێ جا بە هەر ڕێگەیەک بێ، تاوان، زەبر و زەنگ، چەوساندنەوە... تامەزرۆیی هەموو شتێکیان لا دەسڕێتەوە، ویژدانیان سڕ دەکات. زمانیان گرێ دەدات، ڕاستیان لا دەکوژێ، کە ڕاستیش مرد یا زیندەبەچاڵ کرا ئیدی هەموو شتێک... بەڵام مەحموود باوەڕ بکە، سەد ئەوەندەی تر ویژدان و ئەقڵ بلەوتێنی ئەوجاش بۆت ناچێتە سەر". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٢).

(پشکۆ نەجمەدین)یش مەسەلەکە بە زاراوەی (پاکسازیی ڕێکخستنەکان) دەبەستێتەوە. واتا (پاکتاو و پاکسازیی) دوو هەنگاو و دەستپێکی توندی نێو یەکێتی بوون دژی ئەوانەی مەیلیان بەرەو ڕەخنەگرتن و نارەزایەتی دژی سکرتێری کۆمەڵە و سیاسەتی ئەو کاتی کۆمەڵە بووە، کە پێیان وابووە سەربەخۆیی خۆی و هێڵە فکرییەکانی لەدەستداوە. "ئاراستەیەکی دیکەی ئەم سیاسەتە زەبرئامێزە، ڕووی لەپاکسازیی ڕێکخستنەکانی

کۆمەڵە بوو لەهەر ڕەگەز و دەنگێک، کە لەدەرەوەی سیاسەتی ڕەسمیی کۆمەڵەی پاش کۆنفرانسی سێ بوون". (پشکۆ نەجمەدین، ٢٠١١، ٢٢٤).

گوتاری شۆڕش خۆی لەخۆیدا لەناکۆکیی و جیاوازیی و تاوانبارکردن دایە، لەم دۆخەی شۆڕشدا کارێکی زێدە زەحمەتە دەقێکی جیاواز لەلایەن ئەفەندەییەکی نووسەر و خوێنەر بەرهەم بێت و گوتارەکەی لەگەڵ مەزاج و بیرکردنەوە و خواست و ئاراستەکانی بەرپرسانی چەکداریی لەنێو شۆڕشدا گونجاو و هاوسەنگ نەبێت.

ئیستغلالی پێشەنگەکان بەناوی شۆڕشگێڕی بڕیاری (ناوەندی شۆڕش و حزب) گەیەنراوەتە ئاستێک، کە پیرۆزبوون لەخۆ دەگرێت. واتە گروپی پێشەنگ کە چەند کەسێکن سەدان هەزار کەس ئاراستە دەکەن بەپێی ئەو هوشیارییەی خۆیان پێناسەی دەکەن و فۆرمی بۆ دادەنێن و دەسەڵاتی پێ دەبەخشن و بەرپرسیاریەتی جێبەجێکردن و ئیلتزام پێکردنی دەخەنە ئەستۆی ئەندامە دڵسۆزەکانیان و خۆشیان وەکو خاوەنی گوتار، گوتارە گەرم و درێژ و جوواوەکانیان بەردەوام لەکاتی قەیران و تێکشکان تۆمەتی شکان دەخەنە ئەستۆی ئەوانی دیکە و دوژمن و کەسی لاواز و لادەر و ... تاد. لەستایشی قوربانییەکان لەپێناو ئیستغلالی "ئەوانی تر" بەشێوەیەکی کارا وشەکانیان ئاراستە دەکەن. تەنیا دەیانەوێت قوربانییەکانیش بەپێی هوشیاری و ئیلتزامەکانیان ستایش بکەن.

(ناوەندیی بوون بەواتای بڕیار و حووکمی ئەو کەسانە دێت، کە خۆیان بەخاوەن حزب و شۆڕش و شەڕ) دەزانن، ئەم (ناوەندیی بوونە) لەنێو بزاڤە چەپەکاندا بەستراوەتە بە (ناوەندی دیموکراسی) کە لەکردەوەدا جۆرێکە لە(تاکڕەویی و بڕیاری دیکتاتۆریانەی کەمینە بەناوی دیموکراسی). لەکاتێکدا لەدۆخی شەڕ و خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکداریدا ئەوانەی "بیانەوێت بگەنە ناوەندی سیاسی دەبێت بە ناوەندی سەربازیی (چەکداری) دەست پێبکەن، بەڵام بەناوەندی سیاسی دەستیان پێکرد، جۆرێک لەموستەحیل لەخۆ دەگرێت بۆ ئەوەی بگاتە ناوەندی سەربازی" .

(رۆجی دۆبریە، ١٩٨٣، ١٤٤). واتە کاتێک ئەدەب و گوتار دەبەسترێنەوە بە (سیاسەت) و دەسەڵاتی (ناوەند) لەنێو شۆڕشی چەکداریدا، دەبێت ئەدەب و گوتارێکی نزیک و پاشکۆ و بەستراوە بێت بە (ناوەندی سەربازی و چەکداریی و پێشمەرگانە) بۆ ئەوەی بتوانێت پێگەیەکی بەهێزی لەنێو خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکداریدا هەبێت، بەپێچەوانەوە هیچ دەقێک و گوتارێکی فکری ناتوانێت پێگەیەکی سیاسی بەهێز و کاریگەر دروست بکات، لەنێو دۆخ و سەردەمی خەباتێکدا کە شۆڕشگێڕانەی خوێناویی و چەکداریی و جەنگئامێزە. جەنگ خۆی لەخۆیدا واتای توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت. تەنیا هەندێک جار لەپێناو "پاراستنی شۆڕش، یاساکانی شۆڕش لەلایەن شۆڕشگێڕەکان بەکاردەهێنرێت". (جمال علی زهران، ٢٠١٣، ١٧).

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین لەهەشتاکانی سەدەی بیستەمدا فکری چەپخوازی مارکسی باو بوو، باڵادەست و خاوەنی گوتاری تایبەت و کاریگەری سیاسی و ئەدەبی و ئەخلاقی خۆی بوو. ئەدەبی مولتەزیم یەکێک بوو لەو بوارانەی چ وەکو واقیعی سۆسیالیستی، یان وەکو ئەدەبی مولەتزیم پێناسە دەکرا و ڕاستەوخۆش بەسترابۆوە بە ئەدەبی چینایەتی و فکری کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیای مارکسی – لینینی. بێگومان لەنێو شۆڕشی چەکداری و خەباتی چەکداری ١٩٧٦-١٩٩١ کە بارگاوی بوو بە فکری چەپخوازیی، گروپە مارکسییەکان لەو دەڤەرەی (کۆچی سووری) لێ بەرهەمهێنراوە، یان ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەی ئەم دەقەی تێدا نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە و سزاش دراوە، ژینگەیەکی باوی بانگەشەکەرانەی چەپخوازیی بووە. (کۆمەڵەی مارکسی – لینینی) کە دواتر ناوەکەی دەکرێتە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) و ئینجا (گروپە چەپەکانی ئێران لەهەمان دەڤەردا) دەسەڵاتداری بەکردەوەی ئەو گوتارە باوەبوون. بۆیە دەبێت ئاماژە بە ئەدەبی مولەتزیم بکەین، کە چییە؟ (چەمکی ئیلتیزام لەبنەڕەتدا ڕەهەندێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بەشێوەیەکی گشتی هەیە، ئیلتیزام لەڕووی مەبدەئەوە لەسەر خاوەنی

ئینتما سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکان جێبەجێ دەبێت، هەندێک لەبیرمەندەکان ئیلتیزامی ئەدەبی دەبەستنەوە بە ئەدەبێک، کە خاوەنی بیری نەتەوەیی و ئیسلامی و مرۆیی و و جودییە. دەتوانرێت وێنەی ئیلتیزام بەپێی وێنەی ئیلتزام کەرەکان دیاریی بکرێت، لەکاتێکدا مەسەلەی ئیلتیزام بەشێوەیەکی بەڵگەدار بەستراوەتە بە تیۆری واقیعیەی سۆسیالسیتی، ئەو بیروباوەڕەی سەرچاوەکەی مارکسیزمە". (مجموعة، ، ٢٠٠٨، ١٠٧). لەهەمان کاتدا هەندێکی دیکە ڕەخنە لەو پێناسەیەی پێشتووتر لەبارەی ئیلتیزام و ئەدەبی واقیعیەی سۆسیالسیتی دەگرن و پێیان وایە مارکسییەکان لەبارەی ئەدەب و هونەر پێیان وانییە ئەدەب گوتارێکی پروپاگەندەییە، کە قسە لەبارەی کرێکاران و چینەکەیان و هەڵوێستی خەباتکارانەیان دەکات. (مجموعة، ٢٠٠٨، ١٠٧).

کۆچی سوور و سەگوەڕیش پێشتر لەنێو دۆخی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکداریی پێشمەرگانە لەنێو شاخ و لەناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا (یەکێتی) بەرهەمهێنراون، ئەم دوو دەقە گوتارێکی جیاواز و شیکردنەوە و بیرۆکەی جیاوازیان لەخودی ناوەندەی پێشەنگانەی چەکداری باڵادەستەکانی نێو شۆڕش هەبووە. گوتاری ڕەخنەگرانەیان ئەوە دەسەلمێنێت کارێکی ئەستەم و قورسە نووسەرێکی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ، گوتارێکی ڕەخنەگرانەی فکری، سیاسیی، یان هونەریی قبووڵ بکات و پێی هەزم بکرێت. گوتاری شۆڕشی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگایەتی (هاندان و جۆشدان و خرۆشاندنی خەڵکە) و (گوتاری ئەدەبی ئەم دوو دەقەش هاندانی بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن و ئاشکراکردنی هەڵسوکەوتە نابەجێ و خراپەکانی خودی ئەو شۆڕشەیە کەبانگەشەی جۆشدانی بێ بیکردنەوە دەکات).

"هەرچەندە خودی شۆڕش لە پێشە، بەڵام هێشتا زۆر کەسی کۆن لە کۆمەڵگەدا هەن بەهیچ شێوەیەک ئامادەنین یەکسەر بگۆڕدرێن بۆ کەسانی ستایلی نوێ. مێشکیان پڕە لەبیرکردنەوە و شتی کۆن. لەگەڵ گۆڕانی

وردە وردەی ژینگەکەیـان، هەمـوو شـتێک کـاریگەری لەسـەریان دەبێـت، دواتـر ئاسـوودەیی سـەردەمی کۆنیـان بیـردەکەوێتەوە و سـۆزیان بـۆ کـۆمەڵگەی کـۆن دەچێت. بەم پێـیە جۆرێـک لەئەدەبیـات بە بەکارهێنـانی زمانی کۆن و کۆنەپەرستانە دروست دەکەن". (https://lithub.com/lu-xun-/what-is-revolutionary-literature ). واتە لەنێو شۆڕشدا ئاسـاییە ئەدەبێـک دژی ئەو ئەدەبە ڕەخنەگرانەیە هەبێت و کەسانێک بۆ تێشکاندنی گوتـاری ڕەخنەگـرانە، بـکەونە هانـدان و فریـودان و بوختـانی نـابەجێ دژی ئەم ئاراسـتەیە و داوای مەرگـی کتێـب و نووسـەرەکانیان بـکەن، هەروەهـا "گوتاری داهێنراو لەهەمـوو شۆڕشـێک و بزاڤێکی یاخیگەرانەی کۆن، یـان نـوێ و هـاوبەش لەهەمـان کاتـدا، کـاری لەسـەر پاراسـتنی ڕابردوو ناکـات بڵکو دەیەوێت هیواکانی لەنێو گوتاری شۆڕش و چالاکییەکـانی بپارێزێت". (جـون فـوران، ٢٠٠٧، ١٣٠). لەکـردەوەدا بەشـێک لەپرۆسـەکانی شـۆڕش توندوتیژی لەخۆ دەگرێت، تەنیا هەندێک گوتار و قسە و وشە هێندە زبر و تونـد و برینـدارکەرن، لەکـردەوەدا وەکـو سـزا و لێپرسـینەوە و سـڕینەوە بەکاردێت. بـۆیە ئەگەر دیقەتـی ئەدەبیـاتی سیاسـی سـەردەمی شۆڕشـی چەکداری لەشـاخ لە کوردسـتان بـدەین، هەنـدێک (دروشـم، هەنـدێک گوتـار لەشەڕی براکوژیدا) هێندە توندن مرۆڤ (موچڕکی بەلەشدا دێت و هەست بەبڕیـار و فەرمـانێکی بەکـردەوەی کوشـتن و سـڕینەوەی ئەوی دیـکە دەکات). (سموئێل هەنتگون) لەبارەی شۆڕش کە بەهـای توندوتیژی لەخـۆ دەگرێت، دەڵێت "شۆڕش بریتییە لەکردەیەکی گۆڕانکاریی ئامێز لەپێکهاتە و خێر و توندوتیژیش لە بەها و چەمکە کۆمەڵایەتییە باوەکانـدا". ( Samual P. Huntington, 1973, 264). واتـا دەقـی ئەدەبـی کـار لەسـەر بنیاتنـانی بەهـای ئەخلاقی و شۆڕشگێڕانە دەکات، بێگومان دەبێت قسە لەسـەر ئەو بەهایـانە بکات، کە شۆڕش وەکو بەهایەکی توندوتیژانە بەرهەمی دەهێنێت.

پێش ئەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین هەتـا لە فەرەنسـاش پەیدابوونی حزبی سیاسی کارێکی نوێیە، هۆکاری سەرهەڵدانی حزبی سیاسیش زۆرن

لەمانە هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسی جگە لەمانەش بیروباوەڕ و نەریت و جیاوازی ئایینی و ڕەگەزیی کاریگەریی تەواویان هەیە بۆ پەیدابوونی حزبی سیاسی، هەروەها ستەم و زوڵمی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن کەمایەتییەکەوە بەکاردەهێنرێن). (مەهدی ساڵح، ٢٠١٣، ٤٨-٤٩). مەبەستمان ئەوەیە هەندێک لەسەرکردە و بەڕێوەبەرانی حزب و شۆڕش دەیانەوێت هۆکارەکانی دەرکەوتنی حزب و شۆڕش بۆ ئیستغلالیی کەسەکانی نێو شۆڕش بەکاربهێنن، ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ (شێوازی کۆن، پەرەپێدانی هۆکارەکان نەک چارەسەریان، شاردنەوەی هەقیقەت، شێواندنی ڕاستی و فریودانی تاک). بێگومان ئەمانە دەبنە هۆکاریش بۆ دەرکەوتنی گریمانەی نوێی سەبارەت بەدەرکەوتنی شێوازێکی نوێی بیرکردنەوەی گوتار لەنێو گوتارە گشتییەکەی شۆڕشدا. ئەویش بریتییە لەجۆرێک لەجۆرەکانی ڕەتکردنەوەی (ئیستغلالی شۆڕشگێڕانە)، دەزانن بۆ من ناوم ناوە (ئیستغلالی شۆڕشگێڕانە) چونکە هەتا کوشتنی تاک و ئەندامەکانی خودی شۆڕشەکەش بێ دادگا و بەشێوەیەکی ناڕەوا بەکارێکی شۆڕشگێڕانە دەزانن. (بەکارهێنانی ئەندام و پێشمەرگە و هەتا لایەنگرەکانیشیان) بێ (بیرکردنەوە و بڕیاری پێشوەختە و زانیاریی و باکگراوندی پێشوەختانەی پێویست) ئیستغلال دەکەن بۆ بەکارهێنانیان. ئیستغلالی ئەو خەڵکە لەژێر ناو و هۆکار و خواستی شۆڕشگێڕانە لەکردەوەدا ئیستغلالە، وەکو چۆن سەرمایەدار کرێکاران لەپێناو بەدیهێنانی (هەقدەست و دابینکردنی گوزەرانی ڕۆژانە و بەردەوام بوون لەسەر کارەکەی) ئیستغلال دەکات، شۆڕشیش ئەندامەکانی لەپێناو (تۆمەتبارنەکردنیان بە خیانەت) و پاراستنی (دڵسۆزیی و وەفا بۆ شۆڕش) بەکاردەهێنێت. بەکارهێنانیان بێ ئەوەی ئیرادەی ئازادانە هەڵبژاردنی (شوێن و کات و شێواز و بیرکردنەوەی تایبەتیان) پێ بدرێت، کەسایەتی و قەناعەت و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و شێوازی ئاخاوتن و ئەو زاراوانەی بەکاریشیان دەهێنن و ڕێگە شێوازی گوزارشت و

گفتوگۆکانیشیان دەبێت هەمان ئەو شێوازانە بێت، کە شۆڕش بڕیار و فەرمانی لێداوە، نەک ئازادانە هەڵسوکەت و بیرکردنەوە و مافی تاکە کەسەکان. ئەمە لەکردەوەدا ئیستغلالێکی دەروونی و فکرییە و بەجۆرێک لە جۆرەکان بەئامێرکردنی کەسەکانە.

لەنێو گوتاری (کۆچی سوور)دا کار لەسەر ئەوە کراوە لەڕووی مرۆییەوە چۆن شۆڕش لەنێو گوتارەکەی خۆیدا ئیستغلالی ئەم مرۆڤانە دەکات، کە ئامادەن بێ بەرانبەر شۆڕش بکەن. بەواتایەکی دیکە نووسەر دەیەوێت کێشەی مرۆیی (کە بریتییە لە دەربازبوون لە زولم و زۆرداری دوژمن) چۆن ئیستغلال کراوە لەلایەن (بەرپرسەکانی شۆڕش) بۆ بەدیهێنانی مەبەستی کەسی و خودی خۆیان بۆ ئەوەی نیشانی بدەن، کە کەسانی (ئازا و زیرەک و خاوەن فکر و لێوەشاوەیی و پلە باڵای هێزداری بێ ڕکابەرن). ئەم ئیستغلالە لەڕووی (مێژوویی و کەلتووری و فکرییەوە) بەکارهێنراوە بۆ گوزارشت لەپەیوەندییە خراپەکانی نێو ئەو گوتارەی، کە شۆڕش دەیەوێت مرۆڤە سادە و تێکۆشەر و دڵسۆزەکان لەقازانجی تایبەت و بەرژەوەندی بچووکی خۆی بەکاربهێنێت.

لەکۆچی سووردا هاتووە: "هەر ماڵێ کە سەگ ڕادەگرێ، هەر بە توتکی گوێی دەکەن، گوێجکەکانی دەرخوارد دەدەن، گوایە دڕ دەبێ!.... لێرەش وایان لە کەسانی منداڵ و هەرزەکار دەکرد.... نارنجۆکیان دەدایێ: بڕۆ فلان کەسی پێبکوژە.. لەفلان شوێن بیتەقێنەوە.. بیرت نەچێ ئەڵقەکەی بێنیتەوە! ئەگینا باوەڕت پێناکەین!". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٠).

لەم گوتارەدا دەقنووس دەیەوێت مرۆڤەکان هان بدات بۆ ڕزگاربوون لەو ئیستغلالە فکرییەی گوتاری شۆڕش هەیەتی، یان دەیەوێت گوتارێکی خاوەن ئیرادەیەکی جیاوازی تاک و خودی بەرانبەر گوتارە گشتییەکەی شۆڕش دروست بکات، کە بریتییە لەئیرادەی ئازادانەی (هەستکردن و بیرکردنەوە و لێکدانەوە و بەدیهێنان و ڕاپەڕاندنی کارێکی نوێ).

بەواتــایەکی دیــکە کــردەی (هەســتکردن) بەکێشــە بنەڕەتییەکــانی نێــو گوتاری شۆڕش وەکو ئەوە وایە نووسەر بیەوێت ڕێگەی بیرکردنەوەیەکی جیاواز نیشانی کارەکتەرەکان بدات، یان نیشانی بدات گوتاری شۆڕش لەسەر بنەمای ئیستغلالی دوور لە هوشیاری و هەستکردن و فکرێکی پێشکەوتنخوازانە ڕۆنراوە. واتە گوتاری شۆڕش کارکردن نییە لەپێناو بەدیهێنانی دونیایەکی نوێتر و تازەتر، بەڵکو خۆبەستنەوەیە بەهەمان نەریت و خووی کۆنینە و لەوەپێش، بەڵام بە قسە و دەربڕینی نوێ. یان (شۆڕشی نوێ!!!) لەکردەوەدا گوتارە کۆنە جواوە باوە بەسەرچووەکانە.

هەستکردن و دەرکردن بەپێکهاتەی نێو گوتاری شۆڕشگێڕانەی شۆڕش، وەکو ئەوە وایە مرۆڤ (هەست بە خەیاڵێکی نەبینراوی هەستپێکراو دەکات)، ئەم گوتارە خەیاڵییە، دەبێتە سەرچاوە بۆ ئیستغلالی ئەندامەکانی نێو شۆڕش، هەموو کاتێک نا، بەڵکو هەندێک جار ئەمەش لەهەندێک سەردەمدا کە توندوتیژی زۆر بەهێزە، یان فکر و گفتوگۆی فکری نەبۆتە نەریت و سەرەتایەکی متمانەدار بۆ چۆنیەتی پەیوەندیکردن لەنێوان ئەندامەکانی شۆڕش و هەروەها جەماوەر و شۆڕش لەلایەکی دیکەدا، دەبینرێت (فکری خۆسەپاندن و بەکارهێنانی هێز بۆ خۆسەپاندن) شوێنی گوتارە فکرییە چالاکە هاوبەشەکان دەگرێتەوە. خەڵک لەنێو شۆڕشدا لەسەر ئەو شتانە کار ناکات کە لەبەردەستیەتی، بەڵکو (پشت بەگێڕانەوەی هیواکانیان دەبەستن)، ئەو هیوایانەی هێشتا وەکو شتێکی ماددی بەرجەستەی فیزیکی بینراو لەئارادا نییە، ئەوەی هەیە لەنێو خەیاڵدا وێناکراوە و ئاست و وزە و حەماسەتی خەیاڵی ئەندامەکانی شۆڕش و پتەو و بەهێزکراوە، هەست دەکەن ئەم خەیاڵەی وەکو هیوا تێی دەڕوانن بۆتە واقیع و بۆ نموونە بەدیهێنان و هەڵسوکەوت و نەریتی ئازادانە بیرکردنەوە بۆتە کەرەستەیەکی فیزیاوی بەرجەستە و شۆڕش خۆی ئەم بنەمایە پیادە دەکات و پەرەی پێ دەدات، کە بانگەشەی بۆ دەکات. لەکاتێکدا بەپێی گەڕانەوە بۆ سەردەمی کۆنی مێژوویی و ئێستاش دەبینین

شۆڕش لەژێر دروشمی (بەرژەوەندییە باڵاکانی شۆڕش و حزب، لەپێناو شکاندنی ڕکابەرە کۆنەپەرەستە فکرییەکان و خۆسەپاندن وەکو تاکە هێزی شۆڕشگێڕیی بێ ڕکابەر) شەرعیەت بەنەهێشتنی ئەوانی دیکە دەدات، کە ئەمە لەبنەڕەتدا نەهێشتنی ئازادیی سیاسیی و بیرکردنەوە و شیکردنەوە و کارکردنی ئازدانە دەگرێتەوە. بۆیە "ئەمە هانمان دەدات بیربکەینەوە لەپەیوەندیی بەرهەڵستکارانە، کە خۆی لەخۆیدا چالاکە و خاوەنی دیدگایەکی دیاریکراوی دەرککردنی هەستپێکراوە، مەزەندەی بکە کە ناتوانین ببیبنین، ئەمەش جۆرێکە لەبەکردەوە میسالیەت بوون وەکو دووپشک لەخۆی هەڵدەگەڕێتەوە". (جون فوران، ٢٠٠٧، ١٣٠). (ئاوت عەبدولغەفور) لەباری بیرۆکەی خۆسەپاندن و دروستکردنی ئەلتەرناتیڤ لەنێو خودی شۆڕش، ڕێک بەواتای ئەوە دێت کە گوتارێکی جیاوازیان لەنێو گوتاری گشتی شۆڕشی ئەیلوولدا هەبووە و دەڵێت "خۆمان بە ئەلتەرناتیڤیش دەزانی کە ڕۆژێک لەڕۆژان خەبات بکەین بۆ ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش بگرینە دەست، بەڵام لەبەر شەڕی بەعس ناڕەوا بوو و سەرکردایەتی بارزانیش ڕەوا بوو بەشداری بزوتنەوەکە بووین). (ئاوات عبدالغفور ، کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٠٣، ١٣-١٠-٢٠٠١). بڕوانە (د. سەروەت عەبدولرەحمان عومەر، ٢٠١١، ١٣٤).

لەهەمان کاتدا بەڕاشکاوی لەبارەی ناو لێنانەوە (مامۆستا جەعفەر) دەڵێت " هەرچی حزبی کۆمۆنیستی و کرێکاری هەیە، نە کۆمۆنیستی و نەکرێکاری و نە سۆسیالیستین! ناونان بۆ خۆ جیاکردنەوە و خۆناسین و خۆناساندنە. لەڕێگەی ناوەوە دەزانێت ناسنامەی هێزە سیاسیەکە چییە". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی یەکەم ٢٠٢٠، ٦٢). واتە بەکارهێنانی ناو تەنیا بۆ ئیستغلال و خۆ پێناسەکردن بووە، مەرج نییە ئەوانەی ئەو شێوەیە لەڕێگە ناوەکانیان لەخۆ دەگرن لەکردەوە و نێوەڕۆکدا هەمان شت بن.

لە (کۆچی سوور)دا هاتووە: " کوڕم، باوکی باوکم.. ئازایەتی ئەوەیە پیاو خۆی بناسێت، بزانێ چی لەباردایە و چی لەدەست دێ، نەک بەحەز و

خۆزگە، خۆی و خەڵک و خوا دەستخەڕۆ بکات. چیت پێیە وەرە مەیدان و مەترسە". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٦٤). لێرەدا مەسەلەی (خۆناسین) وەکو (ناسنامە) وایە، بابەتێکی گرنگی جێگەی بایەخە، تۆ ناتوانیت سەرکەوتووانە بەشداری شۆڕش بکەیت هەر تەنیا (حەز و خۆزگەت) هەبێت، پێویستە بەر لەوە (خۆت بناسیت)، واتە خۆناسین بنەمایەکی گرنگ و پتەوە بۆ سەرکەوتن و دەستنیشانی کەسایەتی هەر کارەکتەرێک و توانا فکری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکردووە لەم شیکردنەوەیەدا کارمان لەسەر کاتێکی دیاریکراو ١٩٧٦-١٩٩١ و ئینجا ناوچەیەکی تایبەتی ژێر کۆنترۆڵی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) کردووە، کە ئەم (ڕۆمانە لەناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەودا نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە و بابەت و ڕووداوەکانیش پەیوەندییان بەم هێزەوە هەیە و دواتریش دەقەکە سوتێنراوە). لەپێناسەیەک لەبارەی یەکێتیدا هاتووە "شوناسی یەکێتی وەکو هێزێکی سەرەکی دوای ساڵی ١٩٧٥ شوناسی کۆی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان بوو. یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەهەمەڕەنگی شوناسی خۆیەوە لەساتەوەختی شۆڕشدا بەسەر کارەسات و نەهامەتی گەورەدا کەوت." (د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، ٢٠١١، ٨-٩ ). وایە یەکێتی خۆی وەکو خاوەنی (هەموو ڕەنگەکان) نمایش دەکات، ئەمەش پێشوازیی کردنی لەبارەی ئەوانی دیکەی تێدا نییە، چونکە خۆی نوێنەرایەتی هەموو ڕەنگەکان دەکات و ئەوانەی بێ ڕەنگن، یان هەمان ڕەنگیان لەدەرەوەی پێناسەی ئەوان هەیە دەکەونە ژێر گومانەوە. ئینجا خۆی تووشی (نەهامەتی و کارەساتی گەورە) کردووە.

دروشمی (کۆمەڵە و یەکێتی) لەدوای ساڵی ١٩٧٦ بریتیی بوو لە گوتاری (شۆڕشی نوێ) واتە گوتاری نوێبوونەوە لە (فکر و شێواز و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شۆڕش و ئایدیۆلۆژیا و کەرەستەکانی نێو شۆڕش) لەکاتێکدا گوتاری (کۆچی سوور) کە گوتارێکی ئەدەبی ڕەخنەگرانەی یاخیی شیکاریی

هونەرییە، دەیەوێت نیشانمان بدات (یاخیبوون لەنێو یاخبوونەکانی نێو شۆڕشی نوێ) بریتییە لەڕەتکردنەوەی ئەو ئیستغلالە زەقەی، کە سۆسیالیت و چەپ و مارکسییە ماوییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن و ڕێک وەکو ئەو ئیستغلالە وایە کە (مارکس) لەبارەی سەرمایەدارییەوە، یان ئابوورییەوە ئاماژەی پێ دەکات و دواتر دەیگۆڕێت بۆ کردەیەکی سیاسی و فکری لەپێناو هاندانی هەژارەکان بۆ ڕزگاربوونیان لەو ئیستغلالە سەختەی سەرمایەداری دژیان پیادەی دەکات.

ڕۆماننووسیش بیرۆکەی بەکارهێنانی ئیستغلالی وەکو ئەو مەسەلەیە بەکارهێناوە و ئەو لە (یاخیبوون و نامۆبوونی) کامۆیانەدا بەرجەستەی کردووە. ئەو پێ دەچێت بەهۆی وەرگێڕانی دەقی (نامۆ)ی (ئەلبێر کامۆ)، کە پێش نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆمانە کردوویەتی، وەکو چەپێکی شۆڕشگێڕ و نووسەرێکی یاخی لەنێو یاخیبووەکاندا ئەم دەقەی نووسیبێت، من ناڵێم ئەو کۆپی نامۆکەی کردووە، بەڵام دووریش نییە لەسوود وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەو ئاراستە مرۆییە ڕزگاریخوازییەی، دەبێت لەپێناو بەدیهێنانی ئازادییەکانیدا، بیر لە (ڕزگاربوون لەئیستغلالی نێو شۆڕش و کارە پووچ و قێزەوەنەکان بکاتەوە).

"مەرگ مەحەکی حەقیقەتی ئینسانە.... هەموو هەقیقەتێک هەتاوی خۆی لەگەڵدایە، ڕۆژێ دێ لەناوەوە هەڵدێ و تیشک دەخاتە سەرخۆی... با هەر لە خوا بپاڕێتەوە و وەکو ژن بگری... چما خوا ئەوەندە بێ عەقڵە... ڕیشی خۆی بداتە دەست فیرکەنێکی واوە، بە قسەی ئەو بکات!! .... جا ئەو شین و شەپۆڕەی بۆ چییە. مانگا مردوو دۆ بڕا، کەی کاروان خێری بۆ ئێمە و مانان بووە، تا ئەوەندە بە خەمییەوە بین! کاروانی چی! هەی سەری ساحێبی بخوا وەکو خواردی... شێخە توخوا ئەوە پیاوی سەر کاروانییە.. ئاخر پیاو بوایە هەقی .... ئاخر زەلامە، ئاخر زەلام!!... کوڕینە ...م...ن، ناتوا....نم بێمەوە. تازە ڕووی ئاوەدانیم نەما. دەچمە خزمەتی پیری پیران، دەغیلی دەبم.." . (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٥٦- ١٤٥- ١٦١-١٥٨- ١٦٣).

له وەڵامدانەوە یاخیبوونێکی زەقی توندی ئەو ئیستغلالە زەقەی لەنێو شۆڕشدا هەیە، (سیابەند) لە گفتوگۆیەکی کراوە کە لەسەر زاری (مستۆ) دەگێڕدرێتەوە دەڵێت: "چونکە من بەهەڵە لەدایک بووم... قوربان لەبەر خاتری تۆ بەهەڵەش دەژیم... بەهەڵە بیرەوەش بەستراوم.". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٦٨).

لەنموونەیەکی دیکەی ئیستغلالێکی زەقی ترسێنەری فکریدا لە کۆچی سووردا هاتووە "گوڵ تا پەینی بکرێتە ژێر زووتر دەڕوێ و چاکتر دەگەشێتەوە... کۆمەڵیش تا زیاتر داوەشێ، بیر خێراتر لەدایک دەبێ و دەست لە ملی چەک دەکات..). (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٦٩). ئەم گوزارشتە، کە قسە و گوتاری قسەکەر و بەرپرسی شۆڕشە، زەقترین و مەترسدارترین دیاردەی ئیستغلالی فکری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لەخۆگرتووە.

ئەگەر شیکاری ئەم دۆخانە بکەین (بێ ئومێدبوون لەشۆڕش بەزەقی و ڕوونی وێناکراوە) و لەهەمان کاتیشدا (یاخیبوون لە شۆڕش هەیە، کە ئیدی پێویستیان بەم جۆرە شۆڕس و کاروانە نابێت، وێناکردنی (شێخە) وەکو ڕێبەرێکی فاشیل و دۆڕاو، جۆرێکی دیکە لەڕەتکردنەوە و یاخیبوون، بەڵام یاخیبوونێکی عاقڵانەی فکری قووڵ، بەواتای بەرهەمهێنانی گوتارێکی ڕەخنەگرانە. سەرباری ئەوش (پشتکردنە ئاوەدانی) جۆرێکی دیکە لە یاخیبوونێکی نەرێنی، خۆ دزینەوەیە لە ڕەخنە و گلەیی خەڵک.

ئەم یاخیبوونەوە لەدەربڕینێکی فەلسەفی زەقتر لەوانی دیکە بەدیار دەکەوێت کاتێک (سیابەند) بە (مەحموودی بەرپرسی یەکەمی شۆڕش) دەڵێت: (من بەهەڵە لەدایکبووم و بەهەڵە لێرە و لەبەر تۆ بێرە بەستراومەتەوە بێرە). هۆکار و ئاکامی ئیستغلالیش بەشێوەیەکی دیکە بەرجەستەکراوە، کە بۆ شۆڕش پەنا وەبەر دواکەوتن و بەدواکەوتوویی هێشتنەوەی میللەت دەبەن. چەمک و ئامانجی ئیستغلالەکە هێندە بەهێزە، وەکو دەربڕینێکی شەرمەزارکەر بەرچاو دەکەوێت، کە بەرپرسەکە (لەپێناو هاندانی خەڵک بۆ چەک هەڵگرتن، پشت بە فەلسەفەی کۆمەڵ

داوەشاندن) دەبات. بەواتایەکی دیکە (داوەشاندن و دواکەوتن باشترین زەمینەیە بۆ چەک هەڵگرتن، نەک هوشیاری و سیاسەت و فکر و ئایدیۆلۆژیا و ڕۆشنبیریی).

لەهەمان کاتدا ئەو کاری لەسەر ئاشکراکردنی نێوەڕۆک و فکر و جۆری کەسایەتی و بنەمای گوتار و کەسایەتی (دەستەی حووکمڕانەکانی شۆڕش) کردووە. گوتاری یاخیبوونی شۆڕشی ڕزگاربوونە لەدەستی حووکمڕانەکانی بەغدا، گوتاری یاخیبوونی کۆچی سووریش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (ئاشکراکردن و نیشاندانی فشەلی دەستەی نەزان و نەفامی حووکمڕانەکانی نێو شۆڕشە). ئەم ئاراستە فکرییە بێگومان هەڵگری (پەیام و مەبەستێکی جیاوازە) لەوانی دیکە. ئەدەبی سیاسی لەسەردەمی شۆڕشدا ئەدەبی بەرەنگاریی و دژایەتی حکوومەتی فاشسیت (یان، ڕەفتار فاشیست) بووە. لەسەردەمانێکدا بەغدا بە (داگیرکەر) وەسف ناکرێت، بۆیە ئەگەر داگیرکاری نەبێت پرۆسەی (ڕزگاریش) بەرجەستە نابێت. کاتێک حکوومەتێک ڕەفتارەکانی فاشیستانە بێت، تەنیا بەگۆڕینی ڕەفتارەکانی، دەکرێت زۆر لەمەسەلە بنەڕەتییەکانی چەوسانەوە و بەدەستهێنانی مافە ڕۆتینییە ڕۆشنبیرییەکان چارەسەر بکرێن.

لەکاتێکدا لەنێو گوتاری دەقی کۆچی سووردا چەندین نموونەی ڕەفتاری (خراپ و نابەجێ و نامرۆڤانە و ئیستغلال و تاکو گەیشتنە ئاستی کوشتن و لەنێوبردن و سڕینەوەی کەسەکانیش) بەهۆی (جیاوازیی بیروڕا و بیرکردنەوە و شێوازی گوزارشت لەناخی خۆیان) ئەنجام بدرێت.

لەکاتێکدا کۆمەڵگەی کوردەواری هێندە سادە و سەرەتایی وێناکراوە، کە "ئالێرەدا، لەباوەشی ئەم دۆڵەدا، ئێستاش پێوەری سەرەکی وەخت هەتاوە: بەیانی، نێوەڕۆ، ئێوارێ..". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٥١). هەر کاتێک کۆمەڵگە لەنێو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی سەرەتایی و سادە بێت، دوور بێت لەگەشەکردن و پێشکەوتن و پێوەری کات هەر ڕووداوە سروشتییەکان بێت، ئیستغلالیشی ئاسان و خێرا و بێ گرێتر دەبێت.

من هاوار دەکەم و دەڵێم بڕوام بەهیچ نییە، پێویستە لەسەرم بەلای کەمەوە متمانە و ئیمانم بە هاوارەکەی خۆم هەبێت. (البیر کامو، ١٩٨٣، ١٥). (ئەدۆنیس) بەدەنگێکی شاعیرانە، سەیری ئایۆلۆژیا و کێشەکانی ژیان و مردن و گەردوون و گۆڕان دەکات و شیعر بە بەیەکێک لەپێویستییە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەزانی. (محەمەد حەمە باقی، ٢٠١٣، ٦٩).

دەقی کۆچی سوور لەبڕوابوونێکی فکری و ئەدەبی قووڵەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، ئەم دەقە هەر تەنیا ڕووداوەکان بەزمانێک و فەلسەفەیەکی سادە لەپێناو گێڕانەوە و بەیەک بەستنەوەی ڕستەکان و بەیەکەوە گرێدانی هەندێک وێنەی لێکدابڕاوی بزرکاو و کاردانەوەی کاتی دژی دیاردەیەک و هۆکارێک نییە، نووسەر گوتار لەپێناو گوتارێکی سەرچلانە بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو دەزانێت لەگەڵ عەقڵ بئاخڤێت، بۆیەشە ئەوانەی تێی گەیشتوون زوو بێ هیچ دەرفەتێک بڕیاری (سووتاندنی خودی دەقەکە دەدەن). بەپێی هەموو پێوانە و وێناکردن و پێکچوواندنی کەسەکان بێت ئەمەی نێو (مەحموود)ە، ڕێکوڕەوان بەرپرسی یەکەمە، وەکو سەرکردەیەک لەنێو ڕۆمانەکە دەبێتە خاوەنی گوتاری (توندوتیژی و پاکتاوکردن و سڕینەوەی ئەوانەی دیکە). لە کردەوەدا پێ دەچێت لە واقیعیش هەر ئەو لەدەرەوەی دەقەکە زۆر ورد لە دەقەکە و پەیام و مەبەستەکانی گەیشتبێت. ئەم ڕاستیەش لەلایەن (مامۆستا جەعفەر) زۆر ڕاشکاوانە دوای چەندین ساڵ لەتێپەڕینی ڕووداوەکان لەبارەی (نەوشیروان مستەفا) ساخکراوەتەوە و دەگێڕێتەوە کە "ئەو دەنووکی تەنیا لەسەر هێزە کوردستانییەکان دانابوو. ڕۆژێک دژی حیسک و پاسۆک و پارتی کۆمۆنیست گوتاری ئاگرینی دەنووسی، ڕۆژێکی تر لە ئێستگەوە (قیادەی موەقەتە لە چ بەرەیەکدا وەستاو!) مێشکی ئەو، ڕووبەری جوگرافی شەڕی ناوخۆی تێنەدەپەڕاند. کەسێک ڕەخنەی لەتێزەکانی ئەو بگرتایە، شەو و ڕۆژ دەکەوتە داشۆرینی ئەو کەسە و هەوڵی ناوزڕاندنی دەدا". (مامۆستا جەعفەر،بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ١٨٧). ئەمە واتای ئەوەمان بۆ دەردەخات

ڕەخنەگرتن و جیاوازی بیروڕا چەندە کردەیەکی مەترسیدار بووە، سەرکردە وەکو هێزێکی خۆسەپێن کاردانەوەی توندی دژی هەر ڕەخنەیەک هەبووە، کە هاوسەنگ نەبوون لەگەڵ فکر و بەرژەوەندیی و بۆچوونی ئەو.

لەکۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا موفەکیرەکان بەنووسەر و مۆسیقاژەن و هونەرمەند و ئەکتەر و مامۆستا و گوتارخوێنەکان دادەنرێن، لەم سەردەمە هاوچەرخەدا ڕۆشنبیران هەڵوێستی ڕەخنەگرانەیان بەرانبەر ژیانی ئاسایی و کاروباری مرۆڤایەتی هەیە.

بیرۆکەی بێدەسەڵاتی، یان حووکم نەکردن پەیوەندی بەبیرۆکەی یەکسانییەوە هەیە. ئەوانەی لە شار، یان دەوڵەتدا بانگەشەی یەکسانبوون بەرانبەر یاسا دەکەن، ئەوانەن کە لەبنەڕەتدا بڕوایان بەوە بوو لەجیاتی دیموکراسی پێویستە یەکسانی بوون لەبەردەم یاسادا پەیڕەو بکرێت، دیموکراسیەت گوزارشت بوو لە حووکمی زۆرینە، ئەم حووکمی زۆرینەیە لەبنەڕەتدا ئەوانە دایانهێنا، کە دژی بیرۆکەی یەکسانبوون لەبەردەم یاسا بوون، واتە لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا نەدەگونجان بۆیە پەنایان بۆ دیموکراسیەت و حووکمی زۆرینە برد. پەنا بردنە بەر بیرۆکەی (بێدەسەڵاتی و نا حووکمڕانی/ اللاحکم) لەڕاستیدا جۆرێکی دیکە لە حووکمڕانی، خراپترین شێوازی حووکمە، واتە حووکمکردن لەلایەن گشتەوە. (حنا ادرینت، ٢٠٠٨، ٤٠). لەبیری نەکەین دەق بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە پڕە لەبیرۆکە و تێڕوانین و دەسەڵات و بێدەسەڵاتی و وێناکردن و هەست و نەستی کۆمەڵایەتی خودی مرۆڤەکان و شێوازی حووکم و حووکمڕانی و بڕیار و فەرمان و بانگەشە و پڕوپاگەندە و ئاگادارکردنەوە و هوشداری ... تاد. تەنیا ئەو مرۆڤانە دەبنە بەردیش و لەنێو دەچن و دەمردن، هێشتا لەنێو بیرەوەریی مرۆڤە زیندووەکاندا بوونێکی زیندووی پڕ بزاڤیان هەیە و بەشدارن لەنێو خەونەکان و بیرەوەرییەکانی خودی مرۆڤە زیندووەکاندا. بۆیە بیرکردنەوە لەجۆری حووکمیش، یان چۆنیەتی داڕشتنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی

و فکرییەکانی نێوان مرۆڤ و گروپە جیاوازەکانیش بەشێکە لەخودی دەق. دەق هەر تەنیا بیرۆکەیەکی داپچڕاو لە ژیان نییە، بەڵکو دەق خودی ژیانە بەشـــێوەیەکی تـــایبەت و لەســـەردەمێکی جیـــاواز و گونجـــاو لەگەڵ بیرکردنەوەی خاوەن دەقەکەدا بەرهەم دەهێنرێت.

نووسەر لەم ڕۆمانەی لەشاخدا دەنووسرێت و بڵاودەکرێتەوە، لەجیاتی پیاهەڵدان و فوودانی هەستی شۆڕشگێڕانە و جۆشدانی خەڵک بۆ ڕیزی شۆڕش و داتەپاندنی باری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی خەڵک چەک هەڵبگرێت و بێتە ڕیزەکانی شۆڕشی چەکداری، ئەو بەبڕوابوونێکی پتەو ڕەخنە لەڕەفتارەکانی شۆڕش دەگرێت و (شۆڕش بە شەڕ) دەچووێنێت، (شۆڕش بە بزاڤێکی چەکداری دەچووێنێت) و سەرکردەکانی شۆڕش بە نەفام و نەزان دەچووێنێت. ڕەخنەگرتنەکەی یاخیبوونێکی سەرشێتانەی خۆکوژانە نییە، بەڵکو ئەو یاخیبوونە ڕەخنەگرییەکەی بەوە دەبەستێتەوە کە "ڕۆحم بێدار بۆتەوە.. ئۆقرەم لەبەر بڕاوە. شاشەی خەیاڵم قەرەباڵغە. سیمای شەپرێوی هەڵکەوت، دەنگە هێمنەکەی، مێشک و گوێم فەتح دەکەن". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٦).

لێرەدا سەیری دەستەواژەی (شاشەی خەیاڵ) لەنێو شاخدا بکەن و ئەم بیرۆکەیە چۆن دروستبووە؟ کە (شوێن / مێشک، شوێنی بیرکردنەوە و شوێنی خەیاڵدانی) بە قەرەباڵغ وەسف بکات. ئەم شاشەیە لەبێ کارەبایی و لەبێ تەلەڤیزۆنی و لەنەبوونی سینەمادا لەکوێ خزێنراوەتە نێو ئەم وێناکردنە وەسفییە.

ئینجا ئەو مەسەلەکان بە (مێشک و گوێ) دەبەستێتەوە. واتە (بیستن و بیرکردنەوە) و وەکو دوو کردەی گرنگ وەسفکراوە. ئەو ئۆقرەی لێهەڵگیراوە، لەدۆخێکـــی دەروونـــی ســـەختی یـــاخیبوون و نیگەرانـــی و دڵتەنگـــی و بیرکردنەوەی زۆر ئاڵۆز دایە. شتەکانی گوێ لێ دەبێت و بە مێشک لێکیان دەداتەوە. واتە سەرچاوەی ڕەخنەگرتنەکەی (مێشک و وەرگرتنی زانیارییە لەڕێگەی بیستنەوە)، هەروەها ژینگەی شۆڕش بە چڵکاو وەسف دەکات. تاکو

دەڵێت "كاروانێ نەزان و نەفام بەڕێوەی بەرێ بەسەد زاناو و فامیدە ناهێنرێتەوە سەر ڕێگا... تا ئێستا تەنیا پرسە گورگانەتان بە ئێمەومانان كردووە.. ئێمە هەر شاهید بووین و بەس... بەڵام كە بارتان خوار دەبێ ئەوجا ئێمەومانتان بیر دەكەوێتەوە". (حەمە كەریم عارف،٢٠١٢، ١٢٢). واتە ڕوونە ڕەخنەكانی نووسەر لەشۆڕش ڕەخنەی ڕق و تۆڵەكردنەوە نییە، بەڵكو بیركردنەوەیە بەمێشك و عەقڵ، گوتیار ئەوەمان پێ دەڵێت، كە ئیدی هەر تەنیا لەكاتی كەوتن و نسكۆ نابنە هێز و پاڵپشتی شۆڕش و نایانەوێت چی دیكە بەكاربهێنرێن و تەنیا شاهید بن. ڕەخنەیەكی لۆژیكی دوور لەكاردانەوەی توند، یاخیبوون بە مێشك و عەقڵ، نەك بۆ تێكدان و هەڵوەشانەوەی شتەكان و بێ بەهاكردنی ئەوەی هەیە.

**فەشەل**

گوتاری بانگەشەی پێچەوانە دژ بەخۆڕادەستكردنی واقیع یەكێكە لەبنەماكانی كاری شۆڕشگێڕان لەكات و سەردەمی نسكۆ، یان هەرەس و یان پاشەكشە و تێكشكان، چونكە "فەشەڵ سەبارەت بەشۆڕشگێڕەكان هۆكارێكی یارمەتیدەرە: فەشەڵ لەڕووی تیۆرییەوە زۆر لەسەركەوتن دەوڵەمەندترە، ئەمە وادەكات ئەزموونەكە ببێتە مەعریفە". (روجی دوبریە، ١٩٨٣، ٣٦). لەكردەوەدا وەكو چەپەكان لەڕوانگەی تیۆرەكانی لینینەوە فێربوون، دەڵێن (پێویستە لەژێركەوتن فێربین)، گوتاری شۆڕشی كوردستانیش كە یەكێتی وەكو بەرەیەكی چەپخواز بانگەشەی بۆ كردووە، گوتارێكی نوێ و جیاوازە لەشۆڕشی چەكداریی و میللیی ئەیلوول و ئەوان دەیانەوێت لە (پاشەكشە و نسكۆی شۆڕشی ئەیلوول)دا فێربن و خۆیان بەئەلتەرناتیڤی پارتی و شیوعییەكان) نمایش بكەن، بۆچی؟

لەكاتێكدا (كۆچی سوور) بەڕاشكاوی ئاماژەی پێكردووە (سەركردایەتی كۆن) لەنێو شۆڕشی نوێدا باڵادەستە و ناتوانێت (كاروان لەنەهاماتی و تێكشكان و كارەسات) دەرباز بكات و دەڵێت "كاروان لەچیای هات و نەهاتدا

گیری خواردووه و کائینات ڕزگاری ناکات.... کوڕینه ئەم کاروانەشمان فت.. هەموو تێکڕا وتیان: فت". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٥٨).

بەڕوونی نووسەر پێشبینی نسکۆی ئەم شۆڕشەی کردووە و بەکردەوەش لەکۆتایی ١٩٨٨دا ئەم نسکۆیەمان بینی و شۆڕشی چەکداری خەریک بوو نووزەی لەبەر ببڕێت.

**بێ متمانەیی**

لەنێو سەرکردە و ئەندامەکانی شۆڕشدا بێ متمانەییەکی زۆر هەبووە و کۆچی سووریش ئەم بێ متمانەییەی لەچەند وێنە و دەربڕینێکدا وەسفکردووە بەتایبەتی لەپەیوەندی نێوان (میرزا و خەلیفە خدر) و (سیابەند و گومانلێکراوەکانی دەوروبەری مەحموود) و (خودی مەحموود و دلێر). (مستۆ گومان لە دلێر) دەکات و خەونەکەی دایکی و لێکدانەوە باوە میللییەکان لەبارەی وەڕینی سەگ و وەرگێڕانی پێڵاو و ئینجا چۆنیەتی بیرکردنەوە لەبارەی (دەنگدانەوە لە گوێ و گوتنی وشەی مرد... مرد) و .. تا ئەمانە لەدیمەن و وێناکردنی جیاوازدا بێ متمانەیی نێوان کارەکتەرەکانی نێو شۆڕش و گێڕانەوە و بەکارهێنانی هەندێک نەریتی کۆن لەبارەی پێشهاتی ڕووداوەکان و خەون بینین و نەبوونی متمانەی بەکارهێنراون.

(ڕۆجی دۆبریە) نموونەی بۆچوونێکی (چی گیڤارا) دەهێنێتەوە، کە دەڵێت: (ئێمە نهێنییەکانی خۆمان لەجووتیارەکان دەشاردەوە، ئەگەر ئێمە بۆسەیەکمان دانابایەوە و جووتیارێک بەلامانـدا تێپەڕیبووایە، لای خۆمان گلمان دەدایەوە، تاکو ئەرکەکانمان لەم بۆسەیەدا تەواو دەبوو". هەرچەندە ئەو دەڵێت ئەمە بێ بڕوایی و بێ متمانەیی نییە. (روجیە دوبریە، ١٩٨٣، ٦٠). لەڕاستیدا ئەمە لەکۆتایدا دەبێتە یەکێک لەو هۆکارانەی کە (بێ متمانەیی لەنێوان دانیشتوانی ناوچەکە و سەرکردە و خودی شۆڕش) دروست دەکات. بێ متمانەیی لەنێو

ڕۆمـانەکەی (حەمە کەریـم عـارف)دا بـێ متمـانەیی بەسـەرکردایەتی کـاروانەکە نیشان دراوە. تەنیا ئەم بێ متمانەییە دەچێتە خانەی گومان و پرسیارەوە "چاک بە حەدیسە کێویلکە و مێویلکە گەوجی کردووین.. برۆ هەی نۆ قەد و نیو کەرم لەدایەی خۆی و پیری پیرانەکەشی نا...".

ئەم بـێ متمـانەییە سـەرەتا لە نێـوان (مسـتۆ و بـاوکی) دەردەکەوێـت، لەنێوان (خەلیفە خدر و میرزا) و (مەحموود و سیابەند) و (خەڵک و سـەر کاروانەکە) بەرجەستە کراوە.

## ڕەتکردنەوە و سڕینەوە

بێگومـان جیـاوازییەکی گەورە لەنێوان ڕەتکـردنەوە و سـڕینەوەدا هەیە، یەکێکیان دان بەبوونی شتەکاندا دەنێت و ئەوی دیکەشـیان بەرەو نەهـێڵان و سـڕینەوە و لەنـاوبردن دەچێـت. ئەو ڕۆشـنبیرەی هەسـت بەڕازیبـوون بکـات وەکـو چـۆن لەخـودی خـۆی ڕازیـیە، ئەمـانە ڕۆشـنبیر نـین. (کـرین برینتن، ٢٠٠٩، ٧١). لەهەمان کاتدا (ڕۆجیە دۆبری) ئاماژە بەوە دەکات، کە "پاراسـتنی هاووڵاتیـانی سـقیل و بەرگـری لەخـود وا لەچەکـدارە شۆڕشـگێڕەکان دەکـات ڕۆڵـی پێشـەنگی گەل لەدەسـت بـدەن". (روجـیە دوبری، ١٩٨٣، ٦٢). کردەی یاخیبوون و نامۆبوون لەنێو شۆڕشدا بەرەو لەدەسـتدانی ئەم پێشـەنگییە دەچێـت، واتە نیگەرانیـی و دوودڵییەکـی زۆر لەڕۆڵـی پێشـەنگبوونی سـەرکردەکان و خـودی شـۆڕش ڕوودەدات و لەچوارچێـوەی ئەو گوتـارەی لەسـەر زاری کـارەکتەرە دیارەکـانی نێـو شۆڕشدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕادەپەڕێنرێن.

یەکێک لەشاعیر و ڕۆشنبیرەکانی نێو شۆڕشـی کوردسـتانی دوای پتر لە سـی سـاڵ بیرەوەرییەکـانی خـۆی دەنووسـێتەوە و بەوردی و بەشێوەیەکی قووڵ دەنووسێت "جاران تا سنووری پیرۆزکردن، سـەرکردە و سیاسییەکانم خۆش دەویست.. وامدەزانی هەریەکێک لەوان، پاسـەوانێکی

بەئەمەک و دڵسۆزی میللەت و کلیلدارێکی ئەمینی دەرگای بەهەشتی ئازادیە، وامدەزانی لەخەمە گشتییەکانی خەڵکدا دەتوێنەوە و خەمە کەسییەکانی خۆیان بیر دەچێتەوە، وامدەزانی هەریەک لەوان قوتابخانەیەکی فیکری و سیاسی و ئەخلاقی گەورەن و لەسێبەریاندا خەڵکانی گەورە هەڵدەکەون.

جاران وامدەزانی ئەوانەی پیشەی سیاسەت هەڵدەبژێرن، پڕپڕن بە ڕۆشنبیریی و بەبیروبۆچوون و بەحیکمەت و بەدووربینی. وامدەزانی سیاسییەکان لە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئەندامەکانی ڕێکخراوەکەی خۆیاندا جگە لەپێوەری دڵسۆزی و پاکی و ئازایەتی و لێهاتوویی پێوەرێکی دیکە پەیڕەوناکەن. جاران وامدەزانی هەموو ئەو دروشمانەی بەرزدەکرانەوە هەموو ئەو قسانەی لەسەر ڕابەرایەتی بەکۆمەڵ و لەسەر دیموکراسی و ئازادی تاک و دادی کۆمەڵایەتی و ئازادی ژن و یەکسانی مرۆڤەکان و خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی دەوترێ، هەر هەموویان لەقەناعەت و بیر و باوەڕی قووڵی سەرکردەکانەوە هەڵقووڵاون. جاران وامدەزانی و کۆنفرانسیش شتێکی دیکەی پێووتم". (هەڤاڵ کویستانی، ٢٠١٧، ١٩١). لێرەدا لەڕێگەی ئەم وشانە، کە بریتین لەتێڕوانین و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی دۆخی نێو شۆڕش بەڕوونی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە زۆر لەو بنەمایانەی مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان لەخەیاڵ و بیرکردنەوە و لێکدانەوەکانیان بۆ شۆڕش دروستیان کردووە، وێناکردنێکی تۆباوییە بەدیوی هەقیقەتدا. بەڕاستی مرۆڤە دڵسۆز و سادەکان ئەوانەی بەدوای شۆڕش دەکەون، نە ئەوانەی دەیانەوێت شۆڕش ئاراستە بکەن شۆڕشچین و شۆڕش بەرپا دەکەن و شۆڕش دەگۆڕن و دەیانەوێت گوتاری شۆڕش بریتیی بێت لەخواست و ئیرادە و ویستی تاکەکەسی ئەوان، ئەوان کە دەیانەوێت هەموو شۆڕش لەنێو بەرژەوەندی گشتی هەموو تاکەکان لەنێو ڕەوشی گشتیدا ملکەچ و پاشکۆ و نۆبەدار بکات، کەچی لەهەمان گاڤدا دەیەوێت هەموو ئەو گشتە بخاتە ژێر ڕکێف و خواست و ئیرادەی خۆیی

و ئەو هەموو شۆڕشە لەخودی خۆی لێکدەداتەوە. ئەمە ئەو جیاوازییە کە دەقـی ڕەخنەگـری بەرهەمهـێن، جیـاوازی لەنێـوان کـۆچی سـوور و ئەم بیروباوەڕانەی لەدوای ڕاپەڕین و دوای ماوەیەکی زۆر نووسراون دەکات و نیشانی دەدات کۆچی سوور لەنێو خوی شۆڕشدا و لەنێو گوتاری باوی ئەم ئاراستە نـاکۆک و خۆسـەپێنەدا نووسـراوە، کە هـیچ دەرفەتێکیـان بـۆ بەهەشتی ئازادی نەهێشتۆتەوە.

لەم سەردەمەدا لەپەیمانە کۆمەڵایەتییەکاندا، یان لە بواری پەیوەندیی و شـیکردنەوەی دۆخـی کۆمەڵایەتیـدا "گەلێـک وشـەی ڕەهـا و پیـرۆز و گەورەکردن (پفدان) بەکاردێت". (البیر کامو، ١٩٨٣، ١٤٨). پێچەوانەی ئەمە دەقێکی وەکو (کۆچی سوور و سەگوەڕ و کێوی مەزن) لەبارە گێڕانەوەی ڕووداوە هەنووکەییەکانی سەردەمی نووسینی دەقەکان بڵاوببنەوە.

ڕۆماننووس لەنێوان گێڕانەوەی بەسەرهاتە مێژووییەکان و ئاماژەکردن بەکەلتووری کوردیی و ڕووداوەکانی ئێستای نێو ڕۆمانەکە و مێژووی ئێستای نووسینەوەی ئەم شیکردنەوەیە، ئەوەمان بۆ دەردەخات گوتارێکی ڕەخنەگرانەی واقیعی شۆڕشگێڕانەی سیاسی و فکری، بەپشت بەستن بەئەزمـوونە مێژووییەکـان و بەسـەرهاتە هەقیقـی و خەیاڵییەکـان بەرجەستەکراوە، کە دەکرێت وەکو گوتارێکی فکری شیکاریانەی گەڕان بەدوای کەموکورتییەکـان و بیرکـردنەوە لەفکرێکـی گونجـاو بـۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دابنرێت و وەکو سەرچاوەیەک بۆ گێڕانەوەی هۆکارەکانی بێ متمانەیی دابنرێن.

گوتـارێکی یـاخیبووانە لەپێنـاو نمایشـی بەسـەرهات و ڕووداوەکـانی یـاخیبوونێکی فراوانتـر و گشـتگیرتر. گوتـار کـردەی ڕاپەڕانـدنی پەیـامێکە لەپێنـاو گەیانـدنی مەبەسـتێک بەشـێوازێکی تـایبەت و لەدۆخێـک و هەلومەرجێکی دیاریکراودا دەبێت.

بیروبۆچوونێک هەیە پێی وایە لەسایەی شۆڕشدا هیچ دەقێکی ئەدەبی بەرهەم ناهێنرێت، چونکە شۆڕش بەکار و ئەرکی دیکە مژول دەبێت، نەک

بیرکـــردنەوە لە بەرهەمهێنــانی دەقــی ئەدەبــی. ئــێمە دەزانــین شۆڕشــی چەکداری لە کوردسـتاندا پێویسـتی بە(جەنگـاوەر هەبـووە، نەک ئەدیـب و دەق) و (هەروەهـا خوێنـدەوار لەنێـو شۆڕشـدا ئەوانە بـوون کە مـولتەزیم بوون، نەک سەرکێش و یاخیی و تووڕە) بۆیە بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی لەم هەلومەرجەدا کارێکی ئاسان و بێ کێشە نییە. (ئو ئێکسون) کە یەکێکە لە ئەدیبەکـانی چـین لەبـارەی ئەم دۆخە و پەیوەنـدی نێـوان ئەدەب و شۆڕش پێی وایە "کاتێک شۆڕش هات، ئیتر ئەدەب نامێنێت، دەنگ نامێنێت و ئەمەش لەبەر ئەوەیە، لەژێر کاریگەریی شـەپۆلی دەریـای شۆڕشگێڕیدا، هەمـوو کەسـەکان لەهـاوارەوە گـۆڕاون بـۆ کـردار، هەمـووان سـەرقاڵی شۆڕشن و هیچ کاتێکی بەتاڵ و بێ مژولبوونیان بۆ باسکردنی ئەدەبیات نیـیە. ئەگەر ئەمە لەگۆشـەیەکی تـرەوە سـەیر بکرێـت، کاتێـک ژیـان هـیچ شتێکی هاوبەشی تێدا نییە و مرۆڤەکان تەنیا بیر لەدۆزینەوەی خواردنێک دەکەنەوە، کە لەبنەڕەتدا خواردنەکە بوونی نییە، ئایا لەدۆخێکی وەهـادا و لەچوارچێـوەی بـارێکی دەروونیـدا لەم جـۆرە شـتانە چ ئامـادەییەک بـۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەدەب دەبێت؟ لەبەر ئەوە کەوتـوونەتە بەر گـورزی دەریا شۆڕشگێڕییەکە، ئەوانەی تامەزرۆی ڕابواردنیـان هەیە و تـووڕەن و چیتـر نـاتوانن خۆیـان بەو ئەدەبیـاتەوە سـەرقاڵ بـکەن. هەنـدێک دەڵـێن "ئەدەب لەکاتی نەهامەتیدا دەنووسرێت". بەڵام مەرج نییە ئەمە ڕاست بێت؛ لەوانەیە لەکاتی نەهامەتیدا هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی نەبێت.

**(https://lithub.com/lu-xun-what-is-revolutionary-literature /).**

هەنـدێک جـار سـڕینەوە هەر تەنیـا لەنـاوبردن و کوشـتنی مرۆڤەکـان بەرجەستە نییە، بەڵکو هەندێک کات کار دەکرێت پاشماوە و بیرەوەری خودی مرۆڤەکان دوای مردنیشیان لەنێو مێژوو و بیرەوەریی و فکری و یـــادکردنەوەی کەســـە زیندووەکانـــدا بســـڕێنەوە، ئەمەش جـــۆرێکە لەپەراوێزخستن و لەناوبردن و سڕینەوە. هەندێک جار سڕینەوە پەیوەندی بەسڕینەوەی فکر و بیرۆکەی ئەوانـی دیکە و جیاواز هەیە. هەنـدێک جـار

پەیوەستە بەسڕینەوە و سەرکوت و لەناوبردنی گروپە فکری و سیاسی کۆمەڵایەتی و نەژادییەکان.
دیاردەی شۆڕش و شەڕ و کوشتن و خۆکوشتنیش وایە. نووسەر لەنێو دەقدا بەدوو ئاراستە کار دەکات (ڕەتکردنەوە بەواتای ڕەخنە و نیشاندانی کەموکورتییەکانی نێو شۆڕش)، کە ئەمەیان دەقی کۆچی سوور کاری لەبارەوە کردووە.
(سڕینەوە) ئەو کردەیە، کە زۆر لەسەرکردەکانی شۆڕش لەڕێگەی چەورە و داروەدەستە نەخوێندەوارە هەڵپەرستە ئایدیۆلۆژیی چییەکانەوە دەیانەوێت (پێشمەرگەی ڕەخنەگری ڕەتکەرەوەی واقیعی هەڵە)ی پێ (لەنێوببەن و بسڕنەوە و بکوژن و کۆتایان پێ بهێنن و بەرەو نەهێلانیان ببەن). سەرباری ئەم دوو کردەیە لەبواری (فکری)یشدا کاریگەریی و شون و بوونیان لەبواری سڕینەوە و ڕەتکردنەوەدا هەیە. تەنیا لەهەندێک بواردا کارەکتەرە لاوەکییە نیمچە بەدیارکەوتووەکانیش ئەوانی دیکە لەبەر هۆکاری (تێگەیشتنی عەقڵی بێت)، یا (بوونە بەشێک لەپرۆسەی کۆیلەبوون) کردەی ڕەتکردنەوە ئەنجام دەدەن.
(سادق دۆغری) لەکاتی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێو شۆڕشدا دەست لەخەباتی چەکداریی هەڵدەگرێت، بەڵام پەیمان بەخۆی دەدات خیانەت لە کورد و خاک نەکات. واتە (خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتی وەکو هەڵوێستێکی ئەخلاقی) ڕەت دەکاتەوە و لەهەمان کاتیشدا (خیانەت کردن لە کورد و خاک) ڕەت دەکاتەوە. (سادق) ناوەکەی (دەربڕی هەڵوێست و کەسایەتی و ڕەفتارەکانییەتی) کەسێکی (ڕاستگۆیە، هەقبێژە و ئەو شتانە ڕەت دەکاتەوە کە بە هەقیان نازانێت). تەنیا (هەڵوێستی خۆشی ڕەت دەکاتەوە دەربارەی (مستۆ)، کاتێک دەیەوێت ببێتە پێشمەرگە، (سادق) ئەمە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت هێشتا منداڵی، بەڵام لەدیماهیدا (سادق) ڕەئییەکەی خۆی ڕەت دەکاتەوە و بڕیار دەدات لەشاخ سەردانی (مستۆ) بکات. واتە جۆری ڕەتکردنەوەکان جیاوازن.

"ئەدەبی بەرەنگاری هەر تەنیا پەیوەست نییە بە تاوان و ستەمەکانی داگیرکەر و دەسەلاتدارانی دیکتاتۆر، ئەمە بۆ هەموو نەتەوە و ولاتێک ئاسایی نییە، چونکە لەخەباتی درێژخایەنی چەکداریدا سەرکردەکان ناتوانن تاسەر جڵەوگیری هەموو جومگەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی بکەن. لێرەوە ئەرکی هونەرەکانی ئەدەب سەختر دەبێت، کە بە چ کەرەستەیەک خەوش و کەموکورییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی بخاتە چوارچێوەی دەقەوە". (نەوزاد عەلی ئەحمەد، ٢٠٢٢، ٣٣).

لەنێو دەقدا جۆرەکانی ڕەتکردنەوە و بیرۆکەی قبوڵنەکردنی ئەوان دیکە و شتەکانی دیکە هەیە، ئەمەش نابێتە کەموکورتی لەدەقدا، بەڵکو ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانە، چونکە لەژیانی هەقیقدا کارەکتەرەکان دەتوانین بیروباوەڕەکانیان بگۆڕن، یان پێشوازی لە بیرۆکەیەک بکەن، یان ڕەتی بکەنەوە. بۆیە ئاساییە ئەگەر ببینین بیروباوەڕێک ڕاستەوخۆ بیرۆکە و شتێک ڕەت بکاتەوە و ڕەخنەی هەبێت، یان فکرەیەک بەئاراستەی سڕینەوە و قبوڵ نەکردنی ئەوانی دیکە بەمانای کوشتن و لەناوبردن و سڕینە دێت.

"شۆڕشە کەلتوورییەکان بەپێچەوانەی شۆڕشە سەربازییەکان، ناتوانرێت بە سەرکەوتوویی بسەپێنرێن، بەڵکو دەبێت لەخاکی ئەزموونی هاوبەشەوە گەشە بکەن". (**http://www.let.rug.nl/usa/outlines/literature-1991/**). "مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە ئەوە ڕەت دەکاتەوە ئەو شتەیە کە هەیە". (البیر کامو، ١٩٨٣، ١٦). شۆڕشی چەکداری بێ جەماوەر و ناوچە و پاڵپشتی خەڵک بەرەو توانەوە دەچێت، بۆیە هەر بزاڤێکی چەکداری هۆکاری سیاسی لەپشتە و پێویستی بە جەماوەرە. "بۆیە کردەی بڕواپێهێنانی جەماوەر سەرناگرێت، تەنیا بڕواهێنان بە جەماوەر نەبێت، ئەمەش لەڕێگەی دواندن و ئاخاوتن و گوتار و بەیاننامە و شیکردنەوەکانیان دەبێت ". (روجیە دوبری، ١٩٨٣، ٦٣). گوتاری شۆڕش ناتوانێت مرۆڤەکان ڕەت بکاتەوە، بەلام مرۆڤەکانی نێو شۆڕش لەچوارچێوەی گوتار و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانیان دەتوانن مرۆڤەکانی دیکە کە بەپێی مەزندەکانیان لەگەڵ

ئەوان نــــاگونجێن و بەهۆکــــاری جیــــاواز و بەشــــێوازی ڕاســــتەوخۆ و ناڕاســــتەوخۆ ڕەتــبکەنەوە. بــۆیە دەبینــین کردەیەکــی زەق و ئاشــکرای (ڕەتکــردنەوەی کەســانەی دیــکە) بەشـێوەیەکی ئاسـایی و سروشـتی بەدی دەکرێــت، ئەم (ڕەتکــردنەوەیەش) لەهەنــدێک شــوێندا نزیــک دەبێــتەوە لە ڕەتکــردنەوەی گروپەکــان و فکرەکــان و ناوچەکــانیش و لەهەنێــک بــواردا دەچێتە خـانەی (کوشـتن و سـڕینەوە و سـزادانی دەروونـی) و لە هەنـدێک بواریشدا دەچێتە بواری فکری و سیاسی.

ئەو شۆڕشگێڕانەی لەژێر کاریگەریی فکری فەیلەسوف و شۆڕشـەکانی دەرەوەی کوردســتان بیریــان کــردۆتەوە، یــان لەڕووی ڕۆشــنبیرییەوە ســوودیان لێوەرگرتــوون، بێگومــان دوور نیــیە بەشــێکیان لەژێــر ئەم کــاریگەرییە هەڵسوکەوتیشــیان کردبێــت. (مامۆســتا جەعــفەر) دەڵێــت: "کتێبەکەی ڕێژێ دۆبرەم دەخوێندەوە، کەنـاوی شـۆڕش لەنـاو شۆڕشـی لێنـاوە دەستەیەکی چەکدار (فۆکۆس) دەتـوانن بزاڤێکـی چەکدار دروست بـکەن و شـۆڕش هەڵگیرسێنن. نە حـزب و نە چـاوەڕوانکردنی پێگەیشتنی هەل و مەرجـی شۆڕشـگێڕانە پێویسـت نـین. بـارودۆخی وڵاتـانی بەنـاو جیهــانی ســێیەم لەگەڵ جیهــانی یەکەم و دووەمــدا زۆر جیــاوازە. یەک فۆکۆسی شۆڕشگێڕانە دەبێتە هـۆی ئەوەی سەرانسـەری ئەو وڵاتە کڵپەی شــۆڕش بەرپابێــت و دەســەڵاتی سۆسیالیســتی دامەزرێــت". (مامۆســتا جەعفەر، بەرگـی یەکەم، ٢٠٢٠، ٣٩). لەسـەر ئەو بنەمـایەش لەگەڵ بـوونی لێکدانەوەی جیـاواز بـۆ ئەنجامـدانی کـاری شۆڕشـگێڕانە کـۆمەڵە لیسـتێک ئامـادە دەکـات بـۆ کوشـتن و سـاردکردنەوەیان لەوانە (مـولازم جومێر بـۆ بەغـدا گەڕاوەتەوە لیسـتێکی ٧٥ کەسـیی پێیە، هەر کەسـێکیانی بەردەست کەوت ساردی بکاتەوە. عیماد دەڵێت: لەناو حزبی بەعس مـحەمەد عـایش، بـدن فاضـل، عوسـمان مـحەمەد فـایق.. لەنـاو کـوردیش مەلا مـاتۆر، شـێخ سـتار، حەبیب مـحەمەد کەریم، دارا توفیـق، سـاڵح یوسـفی.. تـاد". هەبـوو (مامۆستا جەعفەر، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٠، ٤٠).

واتا ئەم ڕەتكردنەوەیە هەر تەنیا پەیوەندیی بەو كەسانەوە نییە كە لەحزبی بەعسدا بوون و دژایەتی كورد و شۆڕشیان كردووە، نەخێر كەسانی وەكو (سالّح یوسفی و دارا تۆفیق و حەبیب موحەمەد كەریم)یشی تێدابووە. ئەمە لەكردەوەدا ڕەتكردنەوەی دوژمن نییە، بەڵكو ڕەتكردنەوەی ئەوانەشە كە لەڕووی فكریی و سیاسی و ڕێكخستنەوە جیاوازن و بەناكۆكی خۆیانیان دادەنێن.

هەموو یاخیبوون و ڕەتكردنەوەیەكیش هۆكار و بنەهۆكاری خۆی هەیە، شۆڕش كە لەكردەوەدا كردەیەكەی یاخیگەرانەی ڕەتكردنەوەی زولم و چەوسانەوە و خۆسەپێنی و كوشتوبڕ و توندوتیژیی دەوڵەت و دیكاتۆریەت و سیاسەتی سڕینەوە و ڕاگواستنە، پەنا وەبەر توندوتیژیش و ڕەتكردنەوەش لەهەمان كاتدا دەبات. ڕۆشنبیرە ماركسیستە شۆڕشگێڕەكان ئەمەیان ناو لێناوە "توندوتیژی شۆڕشگێڕانە" و لەنێو شۆڕشی ماركسیستە توندڕەوە كوردییەكانیشدا "زەبر و تۆڵەی شۆڕشگێڕانەی" ناو لێنرابوو. (كامۆ) لەڕوانگەیەكی فكری قووڵەوە سەیری ئەم دیاردەی كردووە و پێی وایە "هەموو یاخیبوونێك كۆتاییەكەی بەوە دێت، كە تەبریر بۆ كوشتنی سەرتاسەری بدۆزێتەوە، یان بەپێچەوانە ئارەزووی ئەوەی نییە تاوانبار نەبوونێكی یەكلاكەرەوەی هەبێت". (البیر كامو، ١٩٨٣، ١٦).

یاخیبوون و ڕەتكردنەوەیەكی ئەرێنی لەنێو دەقی (كۆچی سوور)دا بەم شێوەیە بەرجەستەكراوە لەڕێگەی گفتوگۆی سیابەندی كوژراوی بەناهەق و مەحموودی بەرپرس: "ناوت چییە؟ هەڵە. كوڕی كێی؟ هەڵە. جا توخوا ئەمە ناوە؟! كاك مەحموود لە هەڵخەڵەتاندن چاكترە! جا كێ ناوی هەڵخەڵەتاندنە؟ زۆر كەس." (حەمە كەریم عارف، ٢٠١٢، ١٧٤).

مەبەستم ئەوەیە یاخیبوونی دەقەكە، یاخیبوونێكی لۆژیكییە بۆ ڕەتكردنەوەی دەسەڵاتی خۆسەپێنی (مەحموود)، یان دۆخی ئەو شۆڕشەی (مەحموود) ڕێبەرایەتی دەكات و لەكردەوەدا (لە بیر و سروشتدا) كەسێكی بۆرژوازییە. ئینجا دەڵێت "هەڵخەڵەتاندن سنووری

خۆی دەبەزێنێ چونکە تێپەڕە... و لەوتاندن و گڵاوکردنی ناخی لەگەڵدایە". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٧٥). بەم شێوەیە ڕەخنە و گوتاری ڕەتکردنەوەکە لەڕێگەی شیکردنەوە و دۆزینەوەی لۆژیک پەیڕەو کراوە، واتا نووسەر لە گۆترە و بێگەڕان بەدوای لێکدانەوە و شیکردنەوە بیروباوەڕ دەرنەبڕیوە و کەسانی دیکە و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری شۆڕشی ڕەت نەکردۆتەوە.

ڕەتکردنەوەی شۆڕش، کە بریتییە لە لیستی پاکتاوکردنی کەسە جیاوازەکان، وەکو ڕەتکردنەوەی کەسانی ڕەخنەگر و خودان فکری جیاوازی نێو خودی شۆڕش نییە. لەیەکەمیان (ڕەتکردنەوە بەواتای کوشتن و سڕینەوە و پاکتاو) دێت، ئەوەی دووەمیان بەواتای (ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەی هەڵوێست و بۆچوونەکانەی خودی شۆڕشە، واتا ڕەتکردنەوەیەکی فکریی و لۆژیکییە).

## مرۆڤی یاخی، دەقی یاخی و گوتاری یاخی

یاخیبوون پرسیارێکی جددییە و بەڕاستی ئەوانەی یاخین، یان هەر کردەیەکی یاخیبوون پەیوەندییەکی بەشێتایەتی و ڕەتکردنەوەی نا لۆژیکی و توندوتیژی و پەنابردنە بەر تۆڵە و سڕینەوەی ئەوانەی دیکەوە هەیە، یان کردەیەکە لەپێناو بەدیهێنانی مافێکی ڕەتکراوە و سڕاوە و پەراوێزخراو و هەق ڕادەپەڕێنرێت؟.

دوژمنەکانی کورد شۆڕشی کورد و پێشمەرگەکان بەکردەیەکی یاخیبوون و یاخیبووەکان ناو دەبرد، واتا دەیانوویست لەڕێگەی ئەم وەسفەدا ڕەوشتێکی (شێتانە و ناشیرن و خراپ و ڕەتکەرەوە و تێکدەرانە و تاوانکاریی) بدەنە پاڵ شۆڕشگێڕەکانی کورد. لەکاتێکدا مرۆڤی یاخی یەکێکە لەو کەسانەی دەیەوێت شتە کۆنە بەسەرچووە بۆگەن بووەکان

تێک بشکێنێت بەشێوازێکی تایبەت و بەبڕواییێکی متمانەداری پتەوی خۆیەوە ڕەتی بکاتەوە.

نازانم لەکوێ و چەند پەیوەندیی لەنێوان (یاخیبوون و نامۆبوون) دروست دەبێت، خزمایەتیی ئەم دوو چەمکە لەکوێیە، بەڵام هێندە دەزانم هەردووکیان دوو دیاردە و چەمکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونین پەیوەندییان بە ناخ و دەروون و ڕەوشت و ڕەفتاری مرۆڤەکانەوە هەیە و ڕەتکردنەوە و کاردانەوە و ناڕازیبوونی تێدایە.

"ئەگەر جووتیارەکان بەرەو ئەوە نەبوون متمانە بەقسەکانی شۆڕشگێڕەکان بکەن، پێویستە لەو کاتەدا متمانەیان لەنێو بچێنین، بەئیمانی شۆڕشگێڕانە وزەبەخشیان بکەین، تاکو ئیمان بەو شۆڕشگێڕانە بکەن، کە قسەیان بۆ دەکەن" (روجیە دوبری، ١٩٨٣، ٦٣). لەهەمان کاتدا لەبارەی شۆڕش و ئیمان و یاخیبوون و بیری شۆڕشگێڕی هاتووە: "شۆڕش لەبیرۆکەی ناوەندی، کە مرۆڤی بەکۆمەڵ دەبێت ببێتە تاکە خاوەنداری سەرەکی، سنووری هێزەکەی پەیوەستە بەهێزی سروشتی و تواناکانی لەبەکارهێناندا، بۆیە هونەری نوێ لەگەڵ ڕەشبینی و گومان و شێوەکانی دیکە و دارمان و ڕووخانی ڕۆحی یەکناگرێتەوە". ( **Leon Trotsky,s Literature and Revlution, /2000 21:32:34]**). بەواتایەکی دیکە یاخیبوون لەنێو ئەم دەقە هاوچەرخەی نووسەری ڕۆمانی (کۆچی سوو)دا یاخیبوون و نامۆبوونەکەی بەواتای ڕەشبینی و ڕووخان و داتەپینی ڕۆحی نییە، بەڵکو بەشێکە لەپرۆسەی ڕەتکردنەوە و یاخیبوون پێچەوانەی کۆیلەبوون و پاشکۆیەتی و سەرکوتکردن و ڕەتکردنەوەی ئەو نوێیەیە، کە لەنێوەڕۆک و نیازدا کۆن و لەشێوەدا چاولێکەری بیرۆکەی بیانییە و لەهەڵسوکەوتدا کۆنەپەرستانەی ناوچەگەریی بەسەرکردایەتی شێخ و ئاغا و مەلا و بۆرژوازییە. سەرکردایەتییەکی نەزان و نەفامە و دەیەوێت بەوەهم خۆی بە کەسایەتییەکی بەهێزی زیرەک و بەتوانا و ئەفسانەیی نیشان بدات لەڕێگەی لەوتاندن و گەوجاندنی خەڵک.

لەبیری نەکەین زاراوەی (گەوجاندن) لە ١٩٨٨ لەلایەن (حەمە کەریم عارف) لە شاخ بۆ پێناسەی هەڵسوکەوتی (مەحموودی بەرپرسی شۆڕش) بەکارهێنراوە، کەچی (نەوشیروان مستەفا) دوای چەندین ساڵ و لەشار لەدوای راپەڕین خۆی دەکاتە خاوەنی ئەم زاراوەیە و دژی دەسەڵاتی کوردی بەکاری دەهێنێتەوە.

(بەلزاک) گەورە نووسەری جیهانی پێی وایە نووسەری ڕۆمان دەبێت هەندێک ئامرازی بەکاربێنێت، ئەمەشیان مافێکی سروشتیی خۆیەتی، سروست بەبەردەوامی لەو داهێنەرترە، هەروا سروشت چیرۆکەکەی بەڕادەیەک ڕاستییەکی کردۆتە بانگە و چۆنی دیتووە و هەستی پێکردووە ئەوهاش دەیخاتە ڕوو، ڕووداوەکان و کەسایەتییەکانی بەرهەمهێناوە و هەموو شتێکیش دەزانێت و خاوەن بەڵگەنامەی مێژووییە، ئەگەر ناچار بێت پشتیان پێ دەبەستێت، هەرچەندە لەهەندێک جاردا تەواو نین، بەم هۆیەوە پەنا بۆ ئەگەرەکان دەبات، تاکو بەم شێوەیە ڕۆماننووس وەکو نووسەرێکی مێژوو هەوڵ بدات هەندێک وشە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان بەکاربێنێت. (مەهدی سالّح، ، ٢٠١٢، ١٢-١٣). تەنیا میسرییەکان لەوەسفی شۆڕشی بەهاری عەرەبیدا پێیان وایە ئەوەی لە میسر ڕوودەدات و کۆتایی بەدەسەڵاتی (حوسنی موبارەک) دەهێنێت و گۆڕان لەدامەزراوە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن دەکات گومانی لێ دەکرێت بزاڤێکی شۆڕش ئامێز بێت و ڕەخنەیان گرتووە و پێیان وایە "بەداخەوە هیچ کارێکی ئەدەبی لەجووڵاندنەوەی شۆڕشگێڕی دەرنەکەوت، تەنیا ئەو وتارانە نەبێت کە (ئەدیب و شاعیر فاروق جویدة) نووسیەتی و باس لەشۆڕشێکی چاکسازیخواز لەئاییندە دەکات، هەرچەندە چەندین فیلم و ڕۆمان لەبارەی ئەم شۆڕشەش بڵاوکراونەتەوە".

(د.رانیا الوردی، ، **https://alresala-alarabiya.com/1188/** ).

لەگێڕانەوەی ڕووداوەکانی پشتئاشان و کارەساتەکانی ئەو کات قەوماون، زۆر نووسراوە، لەو هێرشانەی دژی بەرەی جود کرا، سیاسەتی (پەرێز

پاکی) بەکارهێنراوە، کە یەکێکە لەقسە بەنێوبانگەکانی (جەلال تالەبانی) ئەم دەستەواژە و فەرمان و بڕیار و سیاسەتە بۆ ئەوەیە هیچ کەسێک ئیزن نەدرێت و هەر کەسێکیان لە پێشمەرگەی لایەنەکانی دیکە بەدەست کەوت بیانکوژن و لەناویان ببەن. لەبارەی بەڵگەنامە و زانیاریی و ئەو سەرچاوانەی ئەو کات یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەڕاگەیاندنی دەدات و هانی پێشمەرگەی پێ دەدات، ئەندامێکی کاراو و بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی، کە ئەو کات بەشداری ڕاستەوخۆ و کارای هەبووە، لەبیرەوەرییەکانیدا بەم شێوەیە باسی زانیاریی و سەرچاوەکان و شەڕی پشتئاشان دەکات: "باری چەند هێستریکیان لەو کتێب و نامە و دۆکۆمێنت و نووسراوانە بۆ ناردین، کە لەو شەڕەدا گیرابوون، زۆربەی ئەو شتانەش لەبارەگایەکانی حزبی شیوعیدا دەستیان بەسەردا گیرابوو. ئێمە لەکاتی خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕ و لەکاتی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکەشدا پشتمان بەو زانیاریانە دەبەست کە لەلایەن سەرکردایەتییەوە لەسەر ئەو لایەنانە پێمان دەدران. زانیارییەکان زەخیرەی نووسینی ئاگرین و حەماسەت خولقێنیان بۆ هاندان و جووڵاندنی هەستی پێشمەرگە بۆ ڕەوایی دان بەهەڵوێستەکانی یەکێتی دەداینێ. تەنانەت ئەگەر بەڵگەی حاشاهەڵنەگریش لەسەر تاوانباری ئەوان لای سەرکردایەتی هەبووبن، بەڵام ئەوەی من لەتەواوی ئەو نامە و دۆکۆمێنت و نووسراوانەدا خوێندمنەوە، ئەو زانیاریانەیان پشتڕاست نەدەکردەوە، کە پێمان درابوون، ئەمەش بۆ من مایەی ئازارێکی ویژدانی زۆربوو، بەتایبەتیش کە من نووسەری زۆرینەی وتارە سیاسییەکانی ئەو کاتانە بووم. لەهەمووشی ئازاراویتر ئەو سیاسەتی (پەرێز پاکی)یەی فەرماندەی ئۆپەراسیۆن و ئەو چیرۆکە ویژدان ڕووشێنانەبوون کە لە دەمی چەند هاوڕێیەکی بەشداربووی ئەم شەڕانەوە لەسەر شڕەخۆری و دیل کوشتن دەمبیستن". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ٢٥٩).

دەق بەڵگەیەکی زیندووە بۆ نووسینەوەی ڕووداوەکانی سەردەمێک، بیرەوەریش وەکو دەقێکی ئەدەبی وایە، بنەما و تەکنیکی گێڕانەوە و

وێناکردن و ورژاندن و کارتێکردن و سەرچاوە و کارەکتەری تێدان. دەقی ڕۆمـــان لەوان ســــەردەمدا خــۆی لەخۆیــدا بەڵگەیەکــی مێــژووییە بــۆ نووسینەوەی ڕووداوەکانی سەردەمێک کە پڕە لەململانێ و جیاوازیی و توندوتیژی و گوتاری چەواشەکاری و هاندان و حەماسەت و فریودان و ... تاد. نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیش تام و شێواز و تەکنیکی ڕۆمانیان لەگێــڕانەوەی ڕووداوە مێــژووییە سیاســی و کــۆمەڵایەتی و ئیــداریی و هــونەری و وەرزشــی و زانســتی... تــاد تێــدایە. شــۆڕش، کە خــاوەنی گوتـاریکی شۆڕشـگێڕانەی هانـدان و حەماسـەت بـووە، دەقـی ڕۆمـانیش بریتییە لەگوتارێکی عەقڵانی پڕ لەبیرکردنەوە و وێناکردن و دونیابینی و گێڕانەوەی هونەریانەی ڕووداو گەلێکی ئەو سەردەمەی ڕۆمانەکەی تێدا نووسراوە، یان سەردەمانێک کە ڕۆمانەکە باسی لێوە دەکات. بەواتایەکی دیکە ڕۆمان دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی لێکدانەوەی پێکهاتەی فکری و دەروونی سەردەمێک لەسەردەمەکانی نێو دەق. لای من (کۆچی سوور) و (ســەگوەڕ) و (کێــوی مەزن) بــریتین لە ســێ بەشــە مێــژووی فکــری و کــۆمەڵایەتی و سیاســی و دابــونەریتی کــوردەواری و ئاســتی زمــان و گوتاری سیاسی ئەوان سەردەم کە تایبەتن بە شۆڕش و خەباتی سیاسی و چەکداری و ناکۆکییەکانی نێو خودی شۆڕشی چەکداری لە کوردستاندا.

"ئەو مرۆڤەی دەڵێت نا، لەبەر ئەوەی شتێک ڕەت دەکاتەوە ئەو پشت ناکاتە هەمـوو شـتێک و وازیـان لـێ ناهێنێـت. ئەو مـرۆڤەی دەڵێـت بەڵـێ، لەیەکەم دەستپێشــخەرییەکانیدا ئەو دەبێــتە کــۆیلە و مــاڵیکراو، لەهەمــوو ژیانیدا فەرمانی پێ دەکرێت، لەناکاودا شتێکی نوێ ڕوودەدات و شتێکی پێ دەگات، کە جێگەی ڕەزامەندی نییە، ئەویش کردەی (نا)یە". (البر کامو، ١٩٨٣، ١٨). لە هەمـان کاتـدا هەنـدێک لە "عەرەبەکـان پێیـان وایە"شـۆڕش چەندە مەترسیداریش بێت هەرچەندە کاریگەری قووڵیشی لەسەر ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگە هەبێت، ئەدەب لەناکاودا ناگۆڕێت". (ادب الثورة و ثورة طه حسین، **/https://www.hindawi.org/books/75174724/10**).

یاخیبوون لەنێو یاخیبووندا پەیوەستە بەو پەیوەندییەی لەنێوان نووسەر و ئەدیبەکان و سیاسی و سەرکردەکانی نێو شۆڕش هەیە. پێ ناچێت ئەدەبی ڕەسەن، یان ئەدەبی خاوەن گوتار و وشەی بەهێز و کاریگەر لەهیچ سەردەم و شوێن و دۆخێکدا پێشوازی لێ بکرێت. تەنیا لەنێو خودی شۆڕشدا، کە یاخیبوونە دژی ستەم و سەرکوت و زۆرداری و چەوسانەوە لەژێر دروشم و نیەت و مەبەستی شۆڕشگێڕانەدا ئامادە نین پێشوازی لە دەنگی جیاوازی ئەدەب بکەن. چۆن؟ بەرپرسێکی سەرکردە لەنێو کۆمەڵە و لەڕاگەیاندنی یەکێتی لەشاخ لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "کێشە لای شاعیر و نووسەرکان نەبوو، کێشەکە لای ئاستی ئەقڵی سیاسی کوردییە، کە ناتوانێت سنووری لۆژیکی کوێخایەتی تێپەڕێنێت و لەیەک بازنەی بەتاڵدا دەسووڕێتەوە.. پاش بڵاوبوونەوەی شیعرەکەی ئەنوەر قادر موحەمەد لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٥ بەناوی (وەرە خوارێ ئەی خوای غەریبان) لوتکەی ئاڵەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە بوو. ڕوناکبیرانی ئەو سەردەمە شیعرەکە بەیەکەم پریشکی ئاگری شۆڕش دادەنێن. دەزگای سانسۆری ڕژێمیش بەیەکەم نیشانەی سەربەرزکردنەوە و هەڵسانەوەی تێگەیشتن دەزانێت. پاش ئەمە چەند قسەیدەیەکی ڕەمزی و نیمچە ڕەمزی بڵاوکرانەوە، کە بەئاسانی بۆنی نارەزایی و یاخیبوونیان لێ دەکرا. بۆیە مەرج نییە سەرجەمی شاعیر و نووسەران بۆ چیا بڕۆن! مەرجیش نییە ئەوەی لەشاخ بێت دەبێتە گوڵ. ئێمە لەو شاخە دووپشک و قاڵۆنچەشمان بینیوە." (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ٢٤٠).

واتە مەرج نییە ئەوەی چۆتە شاخ بەتەواوی کەسێکی پاک و شۆڕشگێڕ و بێ گرێی دەروونی و مرۆڤ شکێن نەبووبێت، هەروەها مەرج نییە ئەو دەقانەی لەشاخدا لەسایەی گوتاری حزب بەرهەمهێنراون دەقێکی بەرزی ئەدەبیی و شایستە بن. یان ئەو نووسەرانەی لەشاخ بوون، ئاگایان لەکوشتنی خەڵکی بێ تاوان نەبووبێت. لەمەش پتر (مامۆستا جەعفەر)، کە شاهیدی سەردەمێکی غەدارە لەنێو شاخدا و ئاگاداری نەریت

و هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕەکانە دەڵێت "شاعیر لەتاریکترین مێژووی لەناوبردنی کوردا، چۆک دانادات، سەنگەر لێ دەدات، بەتوندترین شێوە هێرش دەکاتە سەر ڕژێم. هەمان شاعیر ڕوو لەشاخ دەکات، پاژێک لەکەسایەتی و سیاسەتی کوردی بەدڵ نابێت، بەرانبەر ڕێباز و ئاکاری ناڕاست بێدەنگی هەڵنابژێرێت. ئامادە نابێت ببێتە (شاعیری حزب) چەپڵە بۆ کەس لێنادات و سەرکردەکان تووڕە دەکات. لەو ڕۆژەوە (حەمە سەعید حەسەن) لای ئەوان لەدەفتەری (نەبوون)دا ناوی دانراوە و کەس بۆی نییە ئەوەی بیر بکەوێتەوە! گۆنەری شیعری بەرەنگاری زۆر کورت بوو. هەڤال لەشار نەمایەوە و ڕوویکردە شاخ. شاخ پێویستی بە (مامەڕیشە) و (فەرەج تریفەیی) و (ئەحمەد گریانە) و (ئاسۆی دەلاک) بوو نەک شاعیر و چیرۆکنووس و هونەرمەند". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ٢٣٩- ٢٤٢).

لەکاتێکدا "شۆڕش بزاڤێکی سەرتاسەری و بەردەوامی جەماوەرییە، ئامانجی گۆڕینی فەلسەفەی حووکمە نەک کەسە دەسەڵاتدارەکان، دەبێت واقیعە خراپەکە بڕوخێنێت بەشێوەیەکی خێرا و لەناکاودا". (ابراهیم محمد صادق عامر، بدون سنة، ٢٦٢). ئەمە بنەمایەکی کورتی شۆڕشە، شۆڕش ناتوانێت خۆی بگۆڕێت و فەلسەفەی ئیدارەدانی شۆڕش بگۆڕێت، تاکو ئەدەبێکی نوێی هاوچەرخی کاریگەر بەرهەم بهێنێت، بەپێچەوانەوە، لەڕووی فکری و کەلتوورییەوە دەکەوێتە دژایەتی هەر دەقێک، کە لەدەرەوەی بازنە و فەرمایشت و دروشمەکانی ئەواندا بەرەو فەلسەفەی بیرکردنەوەی جیاواز هەنگاو بنێت. لەپێشتر ئاماژەمان بەهەندێک ناو کردووە، کە چۆن لەبەر ڕەخنەگرتن، بەرهەمهێنانی دەقی جیاوازی ئەدەبی لەژێر کاریگەریی و فەرمایشتی بەرپرسە دەسەڵاتدارەکان دەکەونە ژێر فشار و کاردانەوەی توندی کادر و پێشمەرگەی نێو شۆڕش لەو ناوچە و کاتەی بانگەشەی (شۆڕشی نوێ)ی تێداکراوە. (نوێ بەواتای ڕەتکردنەوەی ئەوەی پێشەخۆی دێت، نوێ بەمانای باشتر و جیاوازتر

لەشۆڕشــەکانی دیـکە، نـویێ بەواتـای شـێوازی کـاری نـوێ و فەلسـەفە و فکری سیاسی و ڕۆشنبیریی جیاواز و باڵاتر لەوەی پێشەخۆی دێت، نوێ بەواتای کرانەوە و پەرەپێدانی ئازادییەکان و ئازادی ڕادەربڕین و نووسین و ڕەخنە و سەرکردایەتییەکی نوێی مۆدێرن... تـاد) کەچـی ئەگەر شیکاری کردەوە و کاردانەوە و کارەکانی نێو شۆڕشی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەنی چەکداری کوردستانی باشـور ١٩٧٦-١٩٩١ بکەیـن لەتەک بانگەشـەی ئەم بنەمایە سەرەکیانە و شانازیی پێوەکردنی و نیشـاندانی وەکو جیاوازیی و پێشکەوتنخوازیی و دژایەتـی کۆنەپەرستی لەنێـو کۆمەڵگەدا، لەکـردەوەدا پێشـێلی ئەم بنەمایـانە کـراوە. شۆڕشـەکە پـێچەوانەی ئەوەیە (خێـرا بێـت، درێژخـایەنە) و (جەمـاوەریی نییە، بەڵکـو چەکدارییە و لەشـێوەی گروپـی پارتیزانی بەڕێوە دەچێت) و (هیچ فەلسەفەیەکی جیاواز لەنێو شۆڕشـەکەدا نیـیە)، (شۆڕشــەکە لەناکـاو ناقەومێـت و ئامــانجی گـۆڕینی فەلســەفەی حـووکمڕانی نەبـووە، بەڵکـو تەنیـا ڕووخـانی ڕژێـمە و لەهەنـدێک کاتیشـدا ململانێیەکـی تونـدی نـاوەخۆیی لەنێـو یەکێتیـدا دەرکەوتـووە، کە ئایـا شۆڕشـێکی عێراقـی بـن، یـان کوردسـتانی و لەکردەوەشـدا ئەم نـاکۆکییە پەیوەنـدیی بە کـورتبینی و ئامــادەنەبوون و لاوازی لەڕووی فەلســەفەی شــــۆڕش و ئامانجەکـــانی و هەڵکشــــان و داکشــــان و تەســــکبینیی لەبیرکــردنەوەدا بــووە). (شــۆڕش لەپێنــاو ڕێزگرتنــی جیاوازییەکــان و بەدیهێنـانی یەکسـانی و دادپەروەریـی و ئـازادی دروسـت دەبێـت، کەچـی دەبینرێت ئەم بنەمایـانە لەنێـو خـودی گوتـاری شۆڕشـدا لەلایەن خـودی شۆڕشگێڕەکان پێشێلکراوە). واتە شۆڕش لەجیاتی کارکردن لەسـەر عەقڵ و کەسایەتی تاک و ئەندامەکانی خـودی شۆڕشـەکە، بەپێچەوانەوە پەرەی بەتونـدوتیژی و سـڕینەوە و لەنـاوبردن و سـزای ئەوانـی دیـکە داوە، کە عەقڵیـان کراوەتـر و بیروڕا و لێکدانەوە و هەسـتیان جیـاوازتر بـووە، یـان هەسـتیان بەپێویسـتی (ڕەخنەگرتنــی زارەکـی نەک کردەکـی کـردووە). بێگومــان قبــوڵکردنی یەکتــر پــێش هەر شــتێک پەیوەنـدی بە (گفتوگـۆ و

ڕێزگرتن و گوێگرتن لەیەکتر و ڕەخنەگرتنە). ئەگەر ئەم بنەمایانە لەئارادا نەمان زەمینەی ئاشتەوایی و گوتاری نەرم و قبوڵکردنی یەکتر لەناو دەچێت. (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) وەکو بەرەیەکی هاوسەنگ لەنێوان سێ گروپی سیاسی خۆی نمایش کردووە، بەهۆی جیاوازیی و نەبوونی هاوسەنگی و نەمانی بنەماکانی گفتوگۆ و دادپەروەریی لەنێوان هەر سێ گروپدا تووشی (سزا، لێکجیابوونەوە و دواتر شەڕی چەکداری خۆبەخۆ و سڕینەوەی یەکتر، تا دەگاتە سیاسەتی (پەرێز پاکی) هاتووە. ئەمانەش بەکردەوە بەواتای (پاکتاوکردن و لەناوبردن و زیندانی و هەڕەشە و سوکایەتی و ڕەتکردنەوەی جیاوازیی دێت).

لەنێو شۆڕشی چەکداریدا دۆخەکە بەو ئاسانییە نییە، گوتارێکی ئەدەبی فکری ڕەخنەگرانەی زەق و ڕاستەوخۆ هەبێت بەدەگمەن لەنێو شۆڕشی چەکداریدا ئەم ئاراستەیە بەدی دەکرێت، بەڵام لە نێو شۆڕشی کوردستاندا دوو نووسەری (کەرکووک) کە هەردووکیان لەشاخن و نووسەری پێشمەرگەن لەجیاتی وتاری ڕەخنەگرانەی ڕۆژنامەنووسی و سیاسی، ڕووداوە فکریی و مێژوویی و کێشە هەنووکەییەکان و بابەتە گرنگەکان لە ڕۆماندا دەنووسنەوە. ئێمە دەزانین بەو هۆیەی هێز باڵادەستە و چەک لەشوێنی لۆژیکدا بڕیار دەدات و مرۆڤەکان بەفکری شۆڕشگێڕیی تاکو توندوتیژی تۆقێنەرانە و زیانبەخش دەکرێن، بۆیە لەم دۆخەدا "پێکهێنانی سوپایەکی سیاسی پێویستە بۆ پاراستنی سوپا". (روجیە دوبری، ١٩٨٣، ٦٦) نەک پێکهێنانی ئەدەبێکی بەهێزی ڕەخنەگرانە بۆ پاراستنی هێزی پێشمەرگە. پێویستە لەتەک ئەو هەموو ڕەخنانەی لە (نەوشیروان مستەفا) دەگیرێت، کە وەکو بەکردەوە ئەنجامدەری توندوتیژی و کوشتن و ڕقدروستکردن لەمێژووی ململانێی سیاسییە و ئاماژەی پێ دەکرێت لەبارەی (شاعیر و شۆڕش، ڕۆژنامەنووس و نووسەر) بگەڕێنەوە سەر بۆچوونێکی تایبەتی ئەو لەبارەی ئەدەب و شۆڕش، کە کاتی خۆی بە (هەڤاڵ کویستانی) گوتووە "حەز دەکەم یەک ئامۆژگاریت بکەم. تۆ

شاعیری و ئێمە لەناو کۆمەڵەدا تەنیا یەک شاعیرمان هەیە، بەڵام دەیان کادری سیاسی و ڕێکخستنمان هەن. بەڕای من ئەکەی تۆ هەر بەشاعیری بمێنەرەوە و هەقت بەسەر ناکۆکیەکانی بەینی ئێمەدا نەبێت. خۆت مەکە بەتەرەف لەگەڵ هیچ لایەکماندا. تۆ شاعیری هەموومان بە ئەمە بۆ خۆت و بۆ کۆمەڵە و بۆ شۆڕشیش باشترە. من ئەمەت لەتەجرەبەی خۆمەوە پێ ئەڵێم. من ئەگەر وەختی خۆی ئەو بیرکردنەوەیەی ئێستام هەبووایە، هەر خەریکی کاری ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیات دەبووم و توخنی سیاسەت نەدەکەوتم. ئەوە تازە بۆ من دڕەنگە بەڵام بۆ تۆ هێشتا زووە. من ئەوەم وەکو ئامۆژگارییەکی زۆر بەسوود وەرنەگرت، بۆیە زۆر بەمتمانەیکی بێماناوە گووتم: ئەگەر من کاری سیاسەت نەکەم بۆ بووم بە پێشمەرگە! خۆ ئەگەر لێرە هەر خەریکی شیعربم ناو شارم باشتر بوو. لەوێ باشتر دەمتوانی پەرە بەتوانای شیعریی و ڕۆشنبیریی خۆم بدەم". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ١٩٨). کورد گوتنەی قسەیەکیش بۆ دز بکرێت، بۆچوونێکی واقیعیی سیاسیی گونجاوە، پێویستە ئەدیب و ڕۆشنبیر و شاعیر ئەگەر هەڵوێستی سیاسیشیان وەکو مرۆڤێکی تێکۆشەر هەیە، بەڵام توانا ئەدەبی و شیعرییەکانی خۆیان لەنێو چوارچێوەی کێشە و ململانێی حزبدا نەکوژن.

واتە ناکۆکییەکی توند و سەخت لەنێوان سیاسییە شۆڕشگێڕە چەکدارەکان و خودی نووسەر و شاعیر و ئەدیبەکانی نێو شۆڕش هەبووە. شاعیر خۆی کردۆتە بەشێک لە (گشت) لەلایەک دەبووایە واز لەتایبەتمەندییە پسپۆرییەکەی خۆی بهێنێت و لەلایەکی دیکە دەبووایە ببێت بە بەشێک لەململانێ و ناکۆکی گروپە سیاسیی و ئاراستە جیاوازەکانی نێو حزب و شۆڕش و گروپە جیاوازەکان.

گوتاری ئەدەبی بەهۆی هەڵوێست و وتار و بیرکردنەوە و بۆتە بەشێک لەململانێیە ئایدیۆلۆژی و فکری و کەسییەکانی نێوان گروپە جیاوازەکان، بەکردەوە دەبێتە بەشێکیش لەگوتارە باوە دژوارەکەی نێو شۆڕشیش.

لەبەر ئەوە لایەنی چەکداریی و پێشمەرگایەتی زاڵ دەبێت بەسەر ڕەوشە فکری و ئەدەبییەکان، بێگومان ڕەهەندی سیاسی لەپاشەکشە دەبێت و دۆخی ڕۆشنبیریش خراپتر دەبێت. هیچ ڕۆشنبرییەک ناتوانێت شانازی بەهێز و ڕێگرتن بکات و پایەکی گونجاوی پێشوازیی لێکراویشی هەبێت، ئەگەر هاوشان و خۆبەستنەوە بەسەرەتا دیار و گشتییەکانی شۆڕشی تێدا نەبێت. هەر (هەڤال کوێستانی) لەشوێنێکی دیکەی گێڕانەوەی بیرەوەریەکانیدا دەڵێت: (لەسەر بڵاوکردنەوەی نامیلکەیەکی چل لاپەڕەیی لەبارەی پێویستی پارتێکی چەپی کوردستانی و داواکردنی بەرنامەیەکی ئایینی لە ڕادیۆی یەکێتی تووشی لێپێچنەوە و ڕاپۆرت لەدژ نووسین دەبم. ڕاپۆرتنووسێک لەناو یەکێتی من بەئیسلامدۆست و کۆنەپەرست ناو دەبات). (هەڤال کوێستانی، ٢٠١٧، ١٩٥-١٩٨).

لەڕۆمانی (کۆچی سوور)دا (خەلیفە) کەسە ناودارەکان کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەدوای سۆراخی کاروانە بێ سەروشوێنەکەدا بچن، کە دەشزانن کۆششێکی سیاسیانە و هاوکاریی و پاڵپشتییەکی بێ ئاکامە، ئەوان لەجیاتی فکری سیاسی بەدوای خەیاڵاتی سۆزدارانەن. "کەبیری لەچارەنووسی کاروانەکە دەکردەوە دنیای لەبەر چاو تاریک دەبوو.. خۆشی خۆشی کاروان ببێ بە کاروان و بکەوێتە ڕێ... شێخ و شێخزادە و مورید و خلیفە و .. لێت قوت ببنەوە و ببن بە دەمڕاست و دەم سپی و شێری مەیدان..." (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٦٥).

(سان ستیورات میل)ی فەیلەسوف بەڕاشکاوی گووتیەتی "پێویستە ڕێگا لەسەربەستی بیرکردنەوە و گفتوگۆی مرۆڤ نەگیرێت بەمەرجێک ئەگەر بێت و زیان بە کۆمەڵ نەگەیەنێت. باشترین کۆمەڵگەی سیاسی ئەوەیە ڕێگا بەڕۆڵەکانی بدات بەشێوەیەکی سەربەست و ئازادانە بیربکەنەوە و گوزارشت لەبیروباوەڕەکانیان بکەن، کە دوور بێت لەکرداری ترس". (مەهدی ساڵح، ٢٠١٣، ٣٦). لەنێو ڕووداوەکانی کۆچی سووردا لە گفتوگۆی نێوان (سەربەست)ی بەرپرسی پێشمەرگە و (ئومێد)ی هاووڵاتی لایەنگری

شۆڕش بەزەقی پێشێلی ئەو بنەمایە دەکرێت و سەربەست پێی دەڵێت (یان دەتتۆپێنم، یان شەهدیم دەکەی). ئەمە لەکردەوەدا هەڕەشەیەکی توندە دژی گفتوگۆ و ئازادی دەربڕینە. بەهەمان شێوەش لەقسەکانی نێوان (مەحموود و سیابەند)یشدا هەمان شێواز و پێشێلکاریی و سەرکووت دەبینرێت. لەڕاستیدا هەندێک لەکارەکتەرەکان خاوەنی گوتاری (نا)ن. ئەمەش بەمانای یاخیبوونێکی خاوەن ئیرادە و دەنگە.

ئەم (نا)یە ڕەنگە شۆڕشێک بێت، لەشێوەی گوتار و بەقسە وەکو (یاخیبوون) دەرکەوێت، یان کردەیەکی بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی، فکری، سیاسی بێت و لەشێوەی (نا) بۆ ڕەتکردنەوەی دۆخێک و فەرمانێکی سەپێنراو هاتبێتە بەرهەم، یان (نا) گوتارێک بێت و بریتی بێت لەکردەی ڕاپەڕاندنی مەبەستێک لەپێناو گەیاندنی پەیامێک، کە بریتییە لە (یاخیبوون و نامۆ بوون و گەیاندنی فکرەیەک و بیروبۆچوون و دۆخێک و دیاردەیەک) بەمەبەستی ڕەتکردنەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوە و کارتێکردن و گەیاندن و دروستکردنی ڕای گشتی. وەکو (ئەبو شەهاب) لەبارەی ئەم ڕۆمانە گوتیەتی :"شۆڕش بریتییە لە (نەء) و (بەڵێ)ی دوا بەدوای یەکتر و هەڤبەند. یانی شۆڕش بەبێ (نەء) دەسڕێتەوە و لەشۆڕشی دەکەوێت و بەبێ (بەڵێ)ش دەبێت بەکەڵکەڵەیەکی ڕووتی نەهێلیستی و هیچی تر". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ٥٨). لە گفتوگۆی نێوان (مەحموود و سیابەند) لەبارەی هەڵخەڵەتاندن هاتووە: "لەچ ڕوویێکەوە؟ بۆ چەند ڕووی هەیە! گەلێ... لەیەک ڕووەوە باسی بکە. هەر لەبەر ئەوەی خۆتان لەیەک ڕووەوە شتەکان هەڵدەسەنگێنن؟. دەمت داخە، دەی شەکرەکەت بخۆ." (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٧٤). قسەکانی بەرپرسەکە (هەڕەشەیە، جوێنە و سوکایەتییە کە دەڵێت (دەمت داخە، شەکرەت بخۆ). قسەکانی سیابەندی خاوەنی (نەء) کە (بەڵێ) لەچوارچێوەی لۆژیکی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە ڕەت دەکاتەوە، جۆرێکە لەیاخیبوون، لەهەمان کاتدا نامۆبوونیشە بەواقیعێکی سەپێنراو لەلایەن خودی شۆڕشەوە، کە ئەو بە (هەڵە) ناوی دەبات و پێناسەی دەکات.

شۆڕش دەیەوێت ئیرادەی (بەڵێ) لە (دلێر و سەلام) و هاوشێوەکانی پەیڕەوی دەکەن بسەپێنێت، کەسانی دیکەش کە بیردەکەنەوە و گوتاری ڕەخنەگرانەی یاخیبوونیان لەنێو یاخیبووندا هەیە بە (نەء) دەئاخڤن. بێگومان خاوەنی (نەء)ەکان دەبنە قوربانی و (سیابەند) لەلایەن هاوڕێکانی و کۆنە ئاشناکەی کە (مەحموود)ە گوللەباران دەکرێت و (مستۆ)ش لەپشتەوەڕا لەلایەن دلێری هاوسەنگەری خۆی بەمەبەست دەکرێتە ئامانج و دەکوژرێت. لەڕاستیدا شتەکان بە چاکە و خراپە بەستراوەتەوە و لەهەمان کاتیشدا گوتراوە "چاکەکەیان فت چونکە لای ئێمە ڕۆژێ دەیان جار لە قەنارە دەدرێت..!". بێگومان لەهەر شوێن و سەردەمێکدا (چاکە) سڕابێتەوە (نەء) و یاخیبوون و نامۆبوون دروست دەبێت. لەم دەقەدا هاوسەنگی لەنێوان (بەڵێ) و (نەء) لەنێو گوتاری شۆڕشدا نییە، چونکە (چاکە) فتکراوە. بۆیەشە گوتاری یاخیبوون بەئاشکرا دەردەکەوێت و لەئاکامیشدا بەهۆی خۆسەپێنی (خراپە) و دەسەڵاترۆیی (بەڵێ)، (نەء) لەناو دەبرێت و سزا دەدرێت. (بەڵێ) پاساویش بۆ هەموو کردەوە و ڕەفتارێکی خرپیان دەهێننەوە و مەرج نییە پاساوەکانیان گونجاو و یان ڕاستگۆیانە بێت.

لەنێو گوتاری دەقی (کۆچی سوور)دا وێناکردنێکی واقیعی و لەهەمان کاتدا پڕ لەڕەمز و نیشانە و هێما و بەکارهێنانی (پەند و قسەی نەستەق و بەسەرهاتی دیکە)، بۆ ئەوەی (یاخبوونی نێو ناخی یاخیبوونەکانی شۆڕش) لەچوارچێوەی ڕەخنەگرانەی (نێو دەقێکی یاخیبوو) نمایش بکرێتەوە، کە بریتییە لەڕەتکردنەوەی (کوشتن و لەناوبردنی بەئەنقەستی یەکتر) و (لەناوبردنی پێشمەرگەی ناڕازیی و وشیار و خۆ بەنامۆ زان) لەنێو شۆڕشدا، بریتییە لەئاشکراکردنی (خراپەکاریی) و نەمانی (چاکەکاری).

(سیابەند) لەدرێژەی ئەو مشتومڕەی دەبێتە بنەما بۆ سڕینەوە و کوشتنی وەکو جەستە و فکر لەوەڵامی بەرپرسی یەکەمی شۆڕشدا دەربارەی دەستەواژەی (ویژادنی ڕاچەنیو) دەڵێت: "دانەبڕانە لەخەڵک، گوێزانەوە و قۆستنەوەی ژان و ئازاری هەژارانە" و لەئاکامدا (مەحموود)

تـــووڕە دەبێـــت و لەژوورەکەی دەنەڕێنـــێ: "وەرن.. وەرن ئەم هەتیـــوە بەرن....". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٧٥). ئەم قسـەیە دەبێتە (حووکم و یاسا و فەرمـانیش بۆ فتکردن و سڕینەوەی عەقڵ و جەستەی سیابەند). (سـیابەند) کـوفر دەکـات کە (نەء)ی کـردۆتە سـتراتیژی بیرکـردنەوە و گوتاری یاخیبووانەی خۆی و (وەرن بیبەن) یەکسانە بە (بڕیاری کوشتن و گوللەبارانکردنی سیابەند). بەکارهێنانی وشەی (هەتیو) نیشـانە و هێمایە بە (تاوانبـار و لاواز و سـزادراوی بەخیانەتکـار نمایشـکراو... ). نووسـەر یەک (وشـە) بـۆ دونیـایەک وەسـف و پێناسـە و لێکـدانەوە و شـیکردنەوە بەکاردەهێنێت. خـوێنەر و وەرگـری وریـا دەزانێت ئەم تـاقە وشـەیە چۆن دونیـــایەک هەقــایەت و گێـڕانەوە و لێکــدانەوە و دۆخـــی کـۆمەڵایەتی و دەروونی و بڕیار و تاوانبارکردن و سزا لەخۆ دەگرێت.

(دلێـر و سـەلام) وەکـو (گـورگی برسـی و دڕنـدە) وەسـفکراون، کە (سیابەند) دەکوژن و دەڵێن (فکری ژەهراوی بڵاو دەکاتەوە).

تەنیـا گەیشـتۆتە ئەوەی هەنـدێک لەوانەی دەیانەوێـت دوای دەیـان سـاڵ لەدوای شۆڕشـی نـوێ ڕاسـتگۆیانە لەبـارەی پەیوەنـدی ئەدەب و سیاسـەت و ئەدیـب و سـەرکردەکانی کـورد لەشـاخ بـدوێن، ڕاشـکاونە دەڵـێن: "ئەو ڕەنـگە بەلایەوە ئاسان نەبووبێت وەکو حەمە سەعید حەسەن شیعر بکاتە خەنـجەر و نـووکەکەی لەبـن گـوێی ((سـەرکردە)) مەزنەکـانی شـۆڕش بچەقێنێـت. ئەو نەشـیدەتوانی وەکـو شـێرکۆ بـێکەس بەگـوێرەی دڵـی سـەرکردە و فەرمانـدەی کەرت و هەرێمەکان شیعر بنووسێت، هەر پێشمەرگەیەک شەهید بوو یەکسـەر شـیعرێکی لەسـەر بنووسـێت، شـێرکۆ شـان بەشـانی ڕاگەیانـدنی یەکێتـی کاریگەریی خۆی هەبوو. چوار ساڵ زیندانیی پشکۆ نەجمەدینی کردە شاعیر، بەشێک لەسەرکردەکان ڕقی دنیایان لەشاعیران بوو، کەش و هەوای شۆڕش یارمەتیدەری بارانی شیعر نەبوو". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ٢٤١-٢٤٢). لەکاتێکدا کەسـی یـاخیبوو "خۆی بەخـاوەن هەق دەزانێت...". (البیر کـامو، ١٩٨٣، ١٨). (سـیابەند) یەکـێکە لەو نموونـانەی بەپێداگریی و متمـانەیەکی

پتەوی خودی ئەم بڕوابەخۆبوون و خاوەن هەقیقەتەی خۆی نمایش دەکات. ئەو یاخیبوون وەکو هەقێکی ڕەوا بۆ ئاشکراکردنی نێوەڕۆکی هەڵەی شۆڕش بەکاردەهێنێت و (نەء) بۆ دروستکردنی (بەڵێ)یەکی هەقیقی و ڕەوا و بەستراوە بەمافی خەڵک و ژانی هەژاران بەکاردەهێنێت. واتە یاخیبوونەکەی لەپێناو خۆکوژی نییە، بەڵام (نەء) لای (مەحموود) بەکردەوە بۆ (ئەو کوشتنە).

(شێرکۆ)ش یەکێکە لەو شاعیرانەی لەنێو شۆڕشدا خۆی بەهەق زانیوە، هەرچەندە شیعری ئامادەبووە، بەشێک لەکێشە سیاسییەکانی بەشیعر گوزارشت کردووە. (مام جەلال) لە سورداش لەسەردەمی دانوستان لەگەڵ ڕژێمی سەدام حوسێن خوانێک بۆ ژمارەیەک نووسەر و هونەرمەندی شارەکان و چەند کەسێکی شاخ ساز دەکات. بیرەوەری بریتییە لەتۆمار و گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکان، واتە چیرۆکی ئەو چیرۆکانەیە کە ڕوویانداوە. "مام جەلال دەڵێت: با لەکاک شێرکۆ دەست پێبکەین و هەندێک شیعرمان بۆ بخوێنێتەوە.. شێرکۆ لەدەستە چەپی مام جەلال دانیشتبوو، دەست بەگیرفانی دیوی ناوەوەی چاکەتەکەیدا دەکات، چەند پارچە کاغەزێک دەردێنێت: دووڕیان ئەمە تازەترین شیعری منە. بەدەنگە زولال و جووڵە سەما ئامێزەکانیەوە هەمووماان ڕادەستی خەڵوەتی گوێگرتن دەکات.. دووڕیان باس لەو پرسیارە دەکات، کە بەسەر دەمی خەڵک و ئێمەشەوەیە. باس لە بێ ئومێدی خەڵک و حاڵەتی چەقبەستنی مفاوەزە و باس لەناڕوونی بارودۆخەکە و دڵەڕاوکێی خەڵک و باس لەخەونی تفەنگ و ئاوەدانکردنەوەی سەنگەری پێشمەرگە دەکات.. عەبدولخالق مەعروفیش لەوێ سەرنجی خۆی بەم شێوەیە دەردەبڕێت: ئەمن پێموایە ئەو شیعرە هەر قسەکانی مام جەلال بوون و کاک شێرکۆ کردوونی بە شیعر. ئەم کۆمێنتە مووەکانی سەری شێرکۆ بژ دەکاتەوە و دەموچاوی ڕەش دادەگەڕێت و بەتۆنێکی پڕ لەتوڕەییەوە ڕوو لە عەبدولخالق دەکات: تۆ کەی لە شیعر ئەزانی؟ شیعر و دەڕنەفیز! من ڕەخنەم قبوڵە، بەڵام قەت ئامادە نیم گوێ لەڕەخنەی دەڕنەفیزی بگرم. بۆ

چەند چرکەیەک بێدەنگی باڵ بەسەر دانیشتنەکەدا دەکێشێت.. جەوەکە شتێک لەگرژیەکی بێدەنگی تێدەکەوێت. مام جەلال کۆتایی بە بێدەنگیەکە دێنێت: ئەوەی کاک عەبدولخالق دەیڵێت ئەسڵەن وانییە.. شیعرەکەی کاک شێرکۆ قسەکانی من نەبوون، لەڕاستیدا قسەکانی من شیعرەکانی کاک شێرکۆ بوون". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ٣٢٨-٣٢٩). بەم دەربڕینانە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ڕەوش و ئاکامی (سەرنج) لە چ قەیرانێک بووە، یان (ڕەخنە) بێگومان وەکو کردەیەکی قبوڵنەکراو وابووە. ئەگەر ڕۆشنبیران ئامادەنەبن گوێ لەڕەخنە و سەرنج و بۆچوونە جیاوازەکان (بەوشە) بگرن، بێگومان نە (گوتاری شۆڕشگێڕی) و نە (هێزی شۆڕشگێڕانە) و نە (گروپ و لایەن و کەسە چەکدارەکانی نێو شۆڕش) دەتوانن گوێ لەڕەخنە و جیاوازیی فکری و سیاسی و ڕەفتار بگرن.

لەهەمان کاتدا ڕەنگە (شێرکۆ)ش ڕۆژگارێک دوای ئەوە لەخۆی ڕازیی نەبووبێت و ڕەخنەی لەخۆی گرتبێت. "شێرکۆ بەدێریکیش ڕەخنەی لەئیدارەدانی شۆڕش نەگرتووە، بەڵام دوایی لەو هەڵوێستەی پەشیمان دەبێتەوە: "ئەشێ لەهەندێ هەڵوێستدا ترسنۆک بووبم و نەچووبێتمەوە بەگژ مەسئولی بەرامبەردا، یان لە کات و ساتی خۆیدا لەسەر دیاردە خراپەکانم نەنووسیبێ". (نەوزاد عەلی ئەحمەد، ٢٠٢٢، ٣٣).

شۆڕش کەسانێکی دروست دەکات، یان هێز دەداتە کەسانێک، کە قورسە بۆیان گوێ لەوانی دیکە و جیاوازییەکان بگرن، تەنیا لەم گێڕانەوەیە لەوە دەگەین (مام جەلال) کە یەکەمی هێزداری نێو شۆڕشە، بۆ ئارامکردنەوەی تووڕەی ڕۆشنبیران، دەڵێت: "قسەکانی من شیعرەکانی شێرکۆیە، نەک بەپێچەوانەوە". ئەمە جیاوازیی دوو دۆخی پێچەوانەی یەکترمان بۆ دەگێڕێتەوە. پانتایی سیاسی و شۆڕشی چەکداری لەپانتایی شیعر و ڕۆشنبیریی کراوەتر و دووربینترە.

لەمەش پتر زۆر بەدەگمەن شاعیرێک و ڕۆمانووسێک دەدۆزییەوە دان بەوەدا بنێت، کە لەژێر کاریگەریی فلان کەس و لایەن دەقێکی

بەرهەمهێناوە، کەچی (مام جەلال) لە گێڕانەوەی هەندێک شت لەبارەی مەراسیمی (تۆفیق وەهبی) دەڵێت: "دەمویست لەوێ هیچ بڵێم، ئەوەی من لەوێ گوتم هەرهەمووی لەژێر تەئسیری قسەکانی کاک شێرکۆدا بوو". (هەڤال کوێستانی ٢٠١٧، ٣٤٠).

لەنێو دەقی (کۆچی سوور)دا بەهۆی ڕخنەگرتنەکەی دەقێکی (یاخیبوو) لەشاخ لەنێو شۆڕشێکی یاخیی و لەنێو گروپێکی یاخی دژی دەسەڵاتی خۆسەپێن و توندوتیژ و ملهوڕی بەغدا بەرجەستەیە. کردەی (یاخیبوون) بەمانا ئەرێنییەکەی بەرهەمهێنراوە و لەنێو گوتاری دەقەکە بەڕۆشنیی بەرجەستەکراوە. لەهەمان کاتدا کەسانێک لەڕێگەی (بێ هیوابوون، یان خۆدانە دەست قەدەری سەرکردەکان و قەدەری یاخیبوون و قەدەری بێ بیرکردنەوە) دەکەونە گێژاوێکی مەترسیدار. گێژاوی (خیانەت و کەوتنە نێو چڵکاوی شۆڕش و تۆمەتباکردن و سزا). تاکو دەگاتە بێدەنگی لەهەندێک بواردا.

"بێ هیوابوونیش وەکو سەرشێتی وایە لەبارەی هەموو شتێکەوە حووکم دەدات و حەزی لەهەموو شتێکە لەشێوە گشتییەکەدا، بەڵام حووکم لەبارەی هیچ شتێک نادات و حەزی لەهیچ شتێکیش نییە لەشێوە تایبەتییە کەسییەکەدا". (البیر کامو، ١٩٨٣، ١٩). ئەدەبیش وایە، کاتێک دەگاتە قۆناغ و پەلی بێ هیوابوون لەدیاردە باوە گشتییەکان، یان لەژینگەی دەوروبەری و کارەکتەرە چەماوەکان و کارەکتەرە خۆسەپێنەکان، لەبارەی هەموو شتێک قسە دەکات. (کۆچی سوور)یش لەبارەی هەموو شتێک قسە دەکات و ڕەخنەی هەیە و شیکاری دیاردەکان دەکات، بەڵام هیچ یەکێک لەکارەکتەرە سەرەکییە دیارەکان نمایشی خودی خۆیان وەکو خود و خواستی تاکەکەسی ناکەن، ئەوان لەپێناو لێکدانەوەی کاروانەکە و ئەنجامی ئەو کاروانە هەڵسوکەوت دەکەن.

یاخی بوون وەکو (ئەلبێر کامۆ) ئاماژەی پێکردووە دوو بوار لەخۆ دەگرێت:

**یەکەم:** بزاڤی یاخیبوون لەبنەڕەتدا بزاڤێکی خۆپەرستانە نییە، هیچ مەبەستێکی خۆپەرستانەی (ئەنانی) لەخۆ ناگرێت. یاخیبوون لەدرۆکردن وەکو یاخیبوونە دژی چەوسانەوە. ئەمەش دەبەستریتەوە بەسەرکێشی.

**دووەم:** تێبینی دەکرێت یاخیبوون وەکو پێویستییەکی بوونی چەوسانەوە دروست نابێت، بەڵکو هەندێکجار لەئەنجامی سەیرکردنی چەوسانەوە دژی کەسانی دیکە دروست دەبێت. ئەمەش یەکبوون لەگەڵ ئەوانی دیکە دروست دەکات.

نابێت لەبیری بکەین لەکاری یاخیبوون بەواتا ئەرێنییەکەیدا مرۆڤ سنووری خودی دەبەزێنێت و دەچێتە دەرەوەی ئەو سنوورەی خۆی بۆخۆی دروستکردووە، یان کۆمەڵگە و ئەوانەی دیکە بۆیان دروستکردووە. بەدوای ناسنامەیەکی دیکە لەدەرەوەی ناسنامە تایبەتییە خودییەکەی خۆیدا دەگەڕێت. مرۆڤ هەندێک جار لەبوونی خۆی بێزار دەبێت و شەقێک لەناخی خۆی هەڵدەدات، شەقێک لەفکری خۆی و کەسایەتی خۆی دەدات و خۆی لەناخی خۆی دەرباز دەکات و ئازادی بەخۆی دەدات هەندێک هەڵسوکەوت دەکات، کە پێشتر پێی شەرم بووە بیکات، کە بیرۆکە و فکر و ئایدیۆلۆژیای خۆی دەگۆڕێت، بەواتای ئەوەیە کۆتەکانی بەردەم خۆی و ناخی خۆی دەپسێنێت و خۆی ئازاد دەکات لەچۆنیەتی بیرکردنەوە و پەیوەندی سیاسی و فکری و شوێن و کات و خەڵکەکانی دەوروبەری. هەشە لەکۆمەڵگە و دیاردە و هەڵسوکەوتە باوە دیارەکانی کۆمەڵگە لەئاستە جیاوازەکاندا یاخی دەبێت، ڕەنگە لەم دۆخەدا یاخیبوونەکە تاکە کەسیی بێت، یان بە گروپ.

لەکۆچی سووردا یاخیبوونەکە نەگەیشتۆتە سنووری بەگروپ بوون، کارەکتەرەکان لەناخی خۆیاندا وەکو تاکە کەس خۆیان ئازاد دەکەن و نمایشێکی جیاواز لە نمایشە کۆیلەکراوەکان دەکەن، بەمەش دەبنە نوێنەری بیرۆکەی خۆ دەربازکردن لەو کۆتانەی لێ ناگەڕێت بیربکەنەوە و خۆیان

لە چڵکاوێک دەربازبکەن، کە مشتە لەدیاردەی خراپ و خراپەکاری و ڕەفتاری نادروست و (بەڵێ)ی خۆبەدەستەوە دەر.

## پاکتاوکردن

یەکێک لەو بیرەوەریانەی ڕاشکاوانە ئاماژە بە وشەی (پاکتاوکردن) لەڕیزی حزب و شۆڕش دەکات بیرەوەرییەکانی (مامۆستا جەعفەرە)، ئەو کەسەی لەسەرەتای شۆڕشی نوێ وەکو بەرپرسێک و ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان تێکۆشانی کردووە، ئەو لەدوو ئاست باسی (پاکتاوکردن) دەکات: ئاستی گشتی کوشتن و سڕینەوەی کەسانێک لەشار و لادێکان بەناوی (خیانەت و گومان و شەرەف و ئافرەت و پیاو)ی گرتۆتەوە. ئاستی دووەم: لەڕیزی حزب و شۆڕشە و دەڵێت: "لەدوای کۆنفرانسی مالیمۆس ژمارەیەک لەئەندامەکانی سەرکردایەتی و کادرەکانی کۆمەڵە کۆبووینەوە، ئەو ناوەکانیشی ئاماژە پێکردووە و باسی ئەوەیان کردووە، کە سوور زانیویانە ڕۆژگارێکی ڕەش و تاریک و پڕ لەململانێ و (پاکردنەوە) چاوەڕوانی داهاتووی کۆمەڵە دەکات". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی دووەم، ٢٠٢٠، ٣٥٣). ئەو وشەی (پاکتاوکردن)ی لەنێو قسەکانی خستۆتە نێو دووکەوانەی گەورەوە. بێگومان نابێت گومان بکەین، کە شۆڕش خۆی خۆی دەخواتەوە. لەنێو شۆڕشدا هێزی یەکەم و سەرەکی هێزی دووەم و لاوازتر دەخوات و فت دەکات و دەیخاتە خانەی لەبیرچوونەوە، لەکاتێکدا ئەو ڕاشکاونە هەقایەتەکانی پێش کۆنفرانسەکە و بڕیار و تەکەتول و بۆچوونەکانی (نەوشیروان مستەفا) بۆ لێدانی گروپی (هەرێمەکان) دەگێڕێتەوە. ئاماژە بەوە دەکات لەبنەڕەتدا ئەم کۆنفراسە لەجیاتی پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵە، بۆ ئەوە ڕێکخراوە ئەوانە دووربخرێنە و پاکتاوبکرێن کە پێداگری لەسەر ئەم ئاراستەیە دەکەن.

دەق لێرەدا دروست دەبێت، دەقێک گوتاری ڕەخنەگرانەی واقیعیی لەبارەی مێژووی ڕووداوە مێژووییە نادیارەکانی ئێستا بەرهەم دێنێت،

(کـۆچی سـوور) و (پێشـتریش (سـەگوەر) و شـیعرەکانی (حەمە سـەعید حەسـەن)، کە پڕبـوون لەگێـڕانەوەی هەقیقەتێکـی ڕۆشـن، کە سـەرکردە و بەرپرسە باڵاکانی نێو شۆڕش لەجیاتی دروستکردنی زەمینەی دیموکراتی و ئـــازادی و گەشــــەکردن، ئەنـــدامەکانی خۆیـــان و گوندنشـــیینەکان بەکاردەهێنن بۆ مەرامی دیکەی دژ بە ئازدی و دیموکراسی.

گرنگ دەق بەشێکە لەمێژووی سەردەمەکەی خۆی، یان شاهیدە بەسەر ڕۆژگـارەکەی خـۆیەوە، ڕەنـگە نووسـەرەکەی هـیچ مەبەسـتێکی مێژوویـی لەنووسینەوەی دەقەکەی نەبووبێت، بەڵام دەق خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکەی متمـانەداری سـەردەمەکەی خـۆیەتی و بەشـێکە لەگێـڕانەوەی مێـژووی ئێستای نووسینەکە و سەردەمێکی تێپەڕیوو لەکاتی خوێندنەوەدا.

ئەم دیاردەیە لەساڵی ١٩٧٦-١٩٩١ بەشێوەیەکی بەرچاو بەتـایبەتی لەنـاو شــاری ســلێمانیدا پەرەدەســتێنێت و ئەوانــی بیرەوەرییەکانیــان نووســیوەتە ناویـان نـاوە (پاکتـاوکردن)، کە لەکـردەوەدا وشـەیەکە لایەنـی تونـدوتیژی و فکری سڕینەوەی ئەوانی دیکە و سیاسەت و یاسایشی تێدایە. "تیرۆرکردنی جەمـال عیرفـان لە کـۆمەڵی بـابەتی ئەدەبـی و هونەریـدا ڕەنگیـان داوەتەوە. فوئادی مەجیدی میسری لەساڵی ١٩٨٠دا شەست ساڵ لەدوای ئەم ڕووداوە شانۆنامەیەک ئامادە دەکات و جەمال عیرفان دەکاتە بـابەتی شـانۆنامەکەی و ناوی دەنێت (ڕاپۆرت). لەسەر ڕاپۆرت هەندێک لەلای سەرکردایەتی یەکێتی و کۆمەڵە ڕاپـۆرت لە فوئـاد دەدەن و شـانۆنامەکەی بە دژایەتیکردنـی کۆمەڵە و یەکێتی و شۆڕش لێکدەدەنەوە، لەتەک ئەم تۆمەتە، تۆمەتی ئەوەشیان دەدایە پاڵ گوایە لەسـەر داوای حکوومەت دەیەوێت ڕێکخراوێکی مارکسـی- لینینی هاوشێوەی کۆمەڵە دروست بکات. ئەمەش وایکرد لە پایزی ١٩٨٢ فەرمـانی کوشتنی بۆ دەرکەن. وەختێک فوئـاد بەمەی زانیوە نـامەیەک بۆ نەوشـیروان مسـتەفا دەنووسـێت و لەنـامەکەی ئامـادەیی خـۆی دەربڕیـوە شـۆڕش هەر جێیەک بۆ دادگایی کردنی دەسنیشـان کات، ئامادەی بێت و لەبەردەمی ئەو دادگـــایەدا بەرگـــری لەخـــۆی بکـــات، دواتـــر دادگـــاش هەر بڕیارێکیـــدا بە

کوشتنیشەوە پیرۆزی دەبێت". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ٢٠١-٢٠٢). تەنیا لەدرێژەی قسەکانی لەبارەی (فوئاد) کە ئەو پێی وابووە نابێت کەس لەسەر جیاوازی بیروڕا بکوژرێت، دەڵێت "لەهەمووان زیاتر تووشی نیگەرانیی و حەپەسانی کردم، ڕای یەک لەهاوریێ نووسەرەکانمان بوو: با نەکوژرێ، من پێشنیار دەکەم لەبڕی کوشتن جامێک تیزابی بەدەم و چاوا بکرێت بۆ ئەوەی تا دەمرێت نەتوانێت لەئاوێنەشدا تەماشای خۆی بکات". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ٢٠٣). کاتێک نووسەر بیر لەجەلاد بوون دەکاتەوە، ئیدی هیچ شوێنێک و بەهایەک بۆ ڕەخنە و گلەییەک لەسیاسییەکان و پێشمەرگەی چەکدار و لیژنەی کوشتن و ئیختیالات و غافلکوژی و پاکتاوکردن نامێنێتەوە. ئەمە لەکردەوەدا ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە، کە چۆن (نووسەرانێک ویستویانە لەشکرێک بۆ پاراستنی سیاسییەکان) دروست بکەن.

(کۆچی سوور) ئەمە لەوە بەرجەستە دەکات کە (دلێر) بە (سەلام) دەڵێت تۆ لەو ڕاپۆرتەی نووسیوتە زمانی پیاهەڵدان و جوێنت هێندە بەرز و کاریگەرە، من بم دەتکەمە سەرنووسەری ڕۆژنامەیەک. ڕێک ئەم گوزارشت و گێڕانەوەی نێو ڕۆمانەکە و بیرەوەرییەکانی (هەڤال کوێستانی) یەکتر تەواو دەکەن، هەر کاتێک نووسەر، یان کەسانێک بوونە داردەست، ئیدی بەهای مرۆڤانە و ئازادانە بیرکردنەوە دەبێتە پەڕەموچێکی سووکی بەردەم بایەکەی بەهێز.

### گوتاری پاشکۆ بوون و کۆیلە بوون

"گوتاری ئەدەبی بەو شێوە جۆراوجۆرەی هەیە گێڕانەوە زەق دەکاتەوە و لەوانەیە بشێت بڵێین یەکێک لەگرنگترین ئەرکەکانی ئەدەب، شاندان یان دەرخستنی ئەو میکانیزم و ڕێگا و ڕەوشتانەیە، کە مانا بەرهەم دەهێنن و زۆر جار لەگوتارەکانی دیکەدا ون و نادیارن". (ڕاجێر ویبستێر، ٢٠٠٦، ١٠٦ ). من کاڤێک شیکاری دەقێکی ئەدەبی خاوەن تەکنیکێکی بەرزی

نووسین و داڕشتن و بەکارهێنانی زمانێکی پڕ و ئاوس لەواتا دەکەم، پێم وایە مرۆڤ دەبێت بەدوای واتاکاندا بگەڕێت، نەک ئەو شتانەی تەنیا وەکو فۆرم دەبینرێن. لەهەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بەگرێ کوێرەیەکی دیکەی پەیوەندی نێوان شۆڕشگێڕانی شاخ و چەکدارە شۆڕشگێڕەکان و ڕۆشنبیران و سیاسییەکانی نێو شارەکان بکەین، کە لەم دۆخەدا ڕۆشنبیران یەکێک لەو توێژانەن بەهوشیارییەکی زۆرە بەشدارییان لەپرۆسەی سیاسی کردووە و کاریگەرییان لەسەر بەدیهێنانی کردەی پەیوەندکردن و بەشداربوون لەداڕشتنی بەشێک لەپڕۆژە سیاسییەکان کردووە. ئەمەش جۆرێک لەپاشکۆبوونی بۆ بڕیار و کار و لێکدانەوە و هەتا بوارە فکرییەکانیش دروست کردووە. لە ئەمەریکای لاتین و هەندێک وڵاتی ئاسیا "پەیوەندیی چەکدارەکانی شۆڕش بە سەرکردایەتیان لەنێو شارەکاندا هەر تەنیا کەسێکی هەقیقی دروست ناکات، بەڵکو گرێ کوێرەی لاوازی فکریی و گرێی پاشکۆبوونیش دروست دەکات". (روجیە دوبری، ١٩٨٣، ٨٨). لەکاتێکدا لەشۆڕشی چەکداری لە کوردستاندا (شار) بەشێوەیەکی گشتی نامۆیە و ئامادە نییە. واتە دابڕانێکی ئاشکرا لەنێوان (شار) وەکو عەقڵ و فکر و (ناوچە ڕزگاکراوەکان) لەبەشداری شۆڕش هەبووە. سەرکردەکان هەموو لە شاخ بوون. ڕەفتار و بەکارهێنانی هێز و بیرکردنەوەیان دواکەوتووانەی گوندی و شاخاویی بووە.

لەهەمان کاتدا کاتێک لیستێک بۆ کوشتنی ژمارەیەک کەس لەبەغدا ئاشکرا دەکرێت دەڵێن: "ئەمە ئەو بڕیارەیە، کە ئەو هێناویەتی و پەیوەندی بە تێگەیشتنی منەوە نییە". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٠، ٤١). زۆربەی بیرمەندانی هاوچەرخ وای دادەنێن زاراوەی شۆڕش هێمایە بۆ گۆڕانی لەناکاو لەدۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیاریکراودا، یان ئەو کاتەی دەسەڵات دەگۆڕێت. تا وای لێدێت بۆ هەموو شتێک چاوەڕێی شتەکانی دەرەوەن. (روجشر، بیروت، ١٩٧٩، ٨٧٠).

ئایا پرسیاری ئەوەمان لەخۆمان کردووە بۆ نووسەر دەبێت غافلکوژ بکرێت، یان لەزیندانەکاندا بەهۆی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی لەڕێگەی وشەوە، نەک بەکارهێنانی (توندوتیژی و کاردانەوەی چەکداری و هێرشی جەستەیی دژی هیچ کەسێک) بکوژرێت، یان سزای زیندانی بدرێت و لەڕووی جەستەیی و دەروونی و ئەخلاقی و مرۆییەوە ئازار بدرێت.

لە کوردستاندا ژمارەیەک نووسەر دەبنە قوربانی، ڕەنگە یەکێک لەهۆکارەکان بریتیی بێت لەڕەتکردنەوەی گوتاری پاشکۆبوون و بەکۆیلەبوون، یان بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕێک کە "ئەوانی تر" بە شۆڕش، یان نیمچە شۆڕشێکی دژ بەخۆیانی دەزانن بۆیە سزای لەنێوبردن و سڕینەوەی دەدەن. "لە کوردستانیش، جەمال عیرفانی ئەفسەر و ڕووناکبیری گەورە، کە کەسایەتیی سەردەمەکەی بووە، ساڵی ١٩٢٢ بە دەستی کۆنەپەرستان تیرۆر کرا.

(عەبدولخالیق مەعرووف)یش ساڵی ١٩٨٥ لەسەر کتێبی ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا ئیسلامییەکان تیرۆر کرا.

(بەکر عەلی)ی شاعیریش لەئەنجامی هەڵوێستی جوامێرانە و لایەنگیریی چینی چەوساوە و هۆنراوە ئاگرینەکانی، بەدەستی ناسیۆنالیزمی کوردی تیرۆر دەکرێت.

مێژوونووس (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) لەپای هەڵوێستی بوێرانە و هەمیشە سەلنەکردنەوەی لە وتنی ڕاستییەکان، لە ساڵی ٢٠٠١دا لە ماڵەکەی خۆی لە بەغدا بە شێوەیەکی دڕندانە بەدەستی پیاوانی حزبی بەعس تیرۆر کرا.

(موسا عەنتەر)ی نووسەر و ڕۆژنامەنووس ساڵی ١٩٩٢ تیمەکانی تیرۆری دەوڵەتی فاشستیی تورکیا تیرۆریان کرد. ئەو بەتاوانی فیکە لێدان بە ئاوازی کوردی، پەلکێشی پۆلیسخانە دەکرێت و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێت. کاتێک دەپرسێت بۆ وای لێدەکەن؟ کۆمیسەر دەڵێت: خائینی کوڕی خائین! نازانی خەتات چییە." (سەباح ئیسماعیل،

http://kurdishbookhouse.com/ku/100-405/). (کـــــاردۆ گەلالــــــی) لەلایەن دەزگاکانی بەعســەوە شـون بزری هەتـا هەتـایێ دەکرێت، (سـالْح یوسـفی) لەبەغدا تیرۆر دەکرێت.

یەکێـک لەو بنەمایـانەی دەقــی (کـۆچی سـووری) لەسـەر ڕۆنـراوە، ڕەتکـردنەوە و یـاخبوونە لەپاشـکۆبوون و کۆیلەبـوون. بەواتــای ئەوەی بیـرۆکەی نـوێ بەشـێوازێکی نـوێ لەنێـو دەقـی چیرۆکێکـی درێـژ، یـان ڕۆمانێـک بەرهەم دەهێنێت. ئەم ڕەتکـردنەوەی پاشـکۆبوونە کۆتـایی بەوە دێـت، کە خـودی کتێـبەکە کـۆبکرێتەوە و بسـووتێنرێت. ئەمە سـزادانێکی دەروونـی و کـردەییە دژی نووسـەر و خـودی دەق. واتە لەهەر زەمەنێکدا ڕەتکـردنەوەی پاشـکۆبوون و کۆیلەبـوونی دەق لەئـارادا بووبێـت، ئەوە گریمانەی سزادانی خودی دەق و ئینجا نووسەرەکانیش دێتە ئاراوە.

لەکۆچی سووردا کار لەسەر ئەم بوارانە کراوە:

ڕەتکردنەوەی سەرکردایەتی شێخ و مەلا و کۆن

ڕەتکردنەوەی هەڵسوکەتی بەرپرسەکانی شۆڕشی نوێ!!

ڕەتکـردنەوەی کوشـتن و سـزادانی پێشـمەرگە لەبەر ئەوەی جیـاوازە لەڕەشە چەکدارەکانی دیکە و بیر کردنەوەی جیاوازە.

یاخیبوون لەواقیعی سەپێنراوی تاکڕەوانەی گروپێک لەنێو شۆڕشدا، کە دژی خۆسەپاندنی دەوڵەت و حزبی حووکمڕانی بەغدا چەکیان هەڵگرتووە.

نامۆبوون لەواقیع و دروشمەکانی بۆرژوازی لەنێو شۆڕشدا.

نمایشــی ئـافرەت لەنێـو شۆڕشــدا وەکـو کەسـێکی فریوخـواردووی، لەزەتبەخش بە بەرپرسەکان.

ئەمــانە هەموویــان لەشــێوەی وێنــاکردنی کۆیلەکــانی نێــو شــۆڕش بەرجەســتەکراون، کە دەیانەوێـت نـوێنەرایەتی ڕزگـاربوونی کـۆیلایەتی خۆیــان لەنێــو چوارچێــوە گشــتییەکەی کــۆمەڵگە بــکەن، کەچــی لەچوارچێوەیەکی تایبەتمەندتر و بچووکتر لەکۆمەڵگە لەنێو حزبدا، لەنێو ئایــدیۆلۆژیادا لەنێــو گروپــدا دەبــنەوە کــۆیلەیەکی (سیاســەتمەدار و

فەیلەسوف!!). بەواتای ئەوەی کۆیلە بەرهە شێوازێک و لەهەر سەردەمێک و دۆخێک بێت، نوێنەرایەتی کۆیلەبوونی خۆی دەکات. ئافرەت کۆیلەی جەستەکەیەتی، پێشمەرگە کۆیلەی پاشکۆبوون بە بەرپرسەکەیەتی. شۆڕش کۆیلەی شەڕە نەک (شۆڕش). بەواتای ئەوەی شەڕ کۆتایی دێت و ناتوانێت (گۆڕانکاری) دروست بکات، ئەمەش جۆرێکە لەدرێژەکێشانی دۆخی کۆیلەبوون بەشێوە گشتییەکە.

وەکو چۆن هەندێک وای لێکدەدەنەوە ڕۆمانەکەی (کامۆ) "بەرجەستەکردنی ڕوانینی نەهێلستانەیە بەرانبەر ژیان.. کەچی خۆی دەڵێت: تەنانەت ساتەکانی یاخیبوونیشم هەمیشە پرشنگدار بوون. زروف خستییە نێو کوێرەوەری و هەتاوەوە. کوێرەوەری ڕێی نەدام دوای ئەو بۆچوونە بکەوم کە دەڵێ هەموو شتێ لە مێژوودا و لەسایەی هەتاودا چاکە و بەجێیە، هەتاویش فێری کردم کە مێژوو هەموو شتێ نییە، کە ژیان بگۆڕین بەڵێ، بەرزی بکەینەوە بۆ ڕووناکی، بۆ خۆمان، بۆ گشت بەشەرییەت". (ئەلبێر کامۆ، کۆ بەرهەم، ٢٠٠٣، ١٢). لە کۆچی سووردا گەڕان و گفتوگۆ نییە بەدوای نەهێلان و سڕینەوە و خۆبەدەستەوەدان، نەخێر کە دەڵێن (ئەم کاروانەش فت)، دواتر دەڵێن (بێ کاروان ناتوانین) واتە ئەم شۆڕشەش ئەگەر سەرنەکەوێت و نەگاتە ئەنجام، ئەوە شۆڕشی دیکەیان پێویستە. مەرگ بەمەحەکی مرۆڤ دادەنێت و لەهەمان کاتدا لەسەرەمەرگدا دەڵێت (پێشمەرگایەتی پێویستە). .. تاد. یاخیبوون و نامۆ بوون ڕاکردن نییە بەرەو تاریکی، بەڵکو ئاشکراکردنی هۆکارەکانی تاریکیی و کارەسات و بیرکردنەوەی خۆسەپێنی هەندێکە لەنێو شۆڕشدا، کە دەیانەوێت (گەورەیی و باڵادەستی و خۆفەرزکردن) بسەپێنن.

ئەمانە لەنێو شۆڕشدا ئارەزووی شتیان لەشێوەی گۆڕانکاریی (ڕزگاری و ئازادی) هەیە واتە لەڕووی فەلسەفییەوە بیر لەبەدیهێنانی جەستەیەکی سەربەخۆ و عەقڵێکی کراوەی کاریگەر دەکاتەوە، بەڵام کە دێنەوە نێو دۆخی تاکەکەسی و تایبەتمەندییەوە ئەم حەز و ئارەزووەیان

نامێنێت و بەرەو کۆیلەبوون و بەکۆیلەکردن و ڕەتکردنەوە و سزادان و لەناوبردنی کەسانی دژ بەخۆیان دەگەڕێنەوە. ڕقی کۆیلە زۆر لەڕقی کەسێکی ئاسایی پترە، ئینجا ئەگەر لەدۆخێکدا ئەم ڕقە بەرانبەر کەسێکی نزیک لەخۆیان بەکارهێنرا، هیچ جیاوازییەکی تێدا نییە، کە بەرانبەر خاوەن کۆیلەیەک بەکاردێت. بۆیەشە دەبینین ڕەوایی دان بە تۆڵەی شۆڕشگڕانە لەسەر ئەوانەش جێبەجێ دەکرێت، کە (هاوفکر و هاوحزب و هاوشۆڕش و هاوخوێن و هاوزمان و هاوڕەنگی) خۆیانن. کوشتنی (سیابەند) و دواتر بڵاوکردنەوەی فیشار و پاگەندەی (خیانەت) جۆرێکە لەم ڕەتکردنەوە و سڕینەوە و نموونەیەکە لەجیاتی دەیان نموونەی دیکەی نێو شۆڕش. واتە گوتاری توندوتیژی نێو شۆڕش لەپێناو نەهێشتنی توندوتیژی گشتی لەڕێگەی شۆڕشکردنەوە وێناکراوە.

(سەلام) لە ڕاپۆرتەکەی بۆ (مەحموود) دژی (سیابەند) دەڵێت (دەیکەینە بەردی سەر ئاودەست). ئەمە کاکڵەی بیرکردنەوەی فەلسەفیی سادەی ئەو کەسانەیە کەلەنێو شۆڕشدا دەیانەوێت وەکو کۆیلەیەک خۆیان نمایش بکەن و خۆشیان هەست بەم کۆیلەبوونەی خۆیان لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بەرپرسەکە دەکەن. ئەوان (بەجەستە داگیرکراون و بەعەقڵ کۆیلە و ژەهراوین). بۆیە لەپێناو خۆ بەرزکردنەوە دەبێژن (سیابەند) "دەیکەینە بەردی سەر ئاودەستخانە". لەکاتێکدا (سیابەند) لە گێڕانەوەکەی (هەلمەت)دا بەئاشکرا ئەوە دەردەخات، کە گومانی نییە ئەوان خراپن، بەڵام مەحموود (کۆنە ناسیاوە) بڕوا ناکات بیکوژێت و لەناوی ببات. نووسەر قسەکان دەبەستێتەوە بە (بەهەڵە و فەلسەفەوە).

لەنێو شۆڕشدا دروشمەکان شۆڕشگێڕانەیە " لەناوبردنی تانکێک سەربازی دوژمن، یان لەسێدارەدانی پۆلیسێکی وەحشی لەئیعدامێکی ئاشکرادا، یەکێکە لەپڕوپاگەندە سیاسییە قووڵە هەقیقییەکان، ئەمە کاریگەری لەسەد گوتار پترە، ئەم ڕەوشتە پتر کاریگەری لەسەر بڕواپێهێنانی گوندنشینەکان دروست دەکات". (روجی دوبریە، ١٩٨٣، ٧١).

وەکو چۆن هەندێک لە هاوڕێیانی کۆمەڵە (کوشتنی خائینێکیان لە بەغدا پێ لە زۆر شت گرنگترە و لەئاکامدا زیانێکی گەورەیان بە ڕێکخستنەکانی خۆیان گەیاندووە). لەبیرەوەرییەکانیدا (مامۆستا جەعفەر) وەکو (هەلۆی سوور) باسی کوشتنی (عوسمان فایەق) دەکات لەنێو بەغدا پێی وایە کارێکی هەڵە بووە، ئەمە بۆتە هۆکار بۆ زیان گەیشتن بەئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە. لەهەمان کاتدا بەرپرسانی هەرێمەکان لە کۆمەڵە پێیان وایە ئەمە: کوشتنی بەکرێگیراوێکی وەکو عوسمان محەمەد فایەق ئەو هەموو زیان و قوربانی و کارەساتەی نەدەهێنا، کەبەسەر کۆمەڵەدا هات! پاشان ئێمە بەڕوونی داوامان لە جوامێر و سەلام و ... تاد کرد بەزووترین کات بگەنە لای سەرکردایەتی، جارێکیتر بۆ بەغدا نەیەنەوە، چونکە زانیاری زۆر وردمان لابوو، کە حکوومەت سەرەداوی دۆزیوەتەوە و لەماوەی مانگێکدا هەر هەموویان دەگیرێن و دەکوژرێن. کەچی سەرکردایەتی پێیوابوو، هەموو جارێ گۆزە بە نەشکاوی لەکانی دەگەڕێتەوە، ئەبوبەکر هەر زۆر بەگەرمی داکۆکی لە (کۆمیتەی هەرێمەکان) کرد گوتی: کوشتنی عوسمان محەمەد فایەق لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانی دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، ئەمە کارێکی سەرکەتوو بوو". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٠، ١٣٩-١٤٠).

دیارە (ئارام نازناوی ئەو کاتی ئەبوبەکر) بووە، لەگفتوگۆیەکی لەگەڵ (مامۆستا جەعفەر) لەبارەی شۆڕش و خەباتی چەکداری و هەڵوێستی (جەلال تالەبانی)، ئارام ئەو ئاراستەیە بەپەلە دادەنێت کە لەبارەی دەستپێکردنی شۆڕش هەبووە و خاوەنی بیرەوەرەییەکان دەگێڕێتەوە: ئارام گوتی ئێمە بەپەلە نەبووین و بەتەماش نەبووین شەڕی پارتیزانی بەرپا بکەین، بەپێچەوانەوە دەمانویست بەشێنەیی خۆمان ئامادە بکەین و ڕێکخستن لەشار و لادێ بەهێز بکەین و ژمارەیەک ئەندام و دۆست و لایەنگر پڕ چەک بکەین و پاش ماوەیەکی دوورودرێژ شۆڕش ڕابگەیێنین، کاتێک دڵنیا بین هەلومەرجی شۆڕش پێگەیشتووە، بەڵام (مام جەلال) لە سووریاوە کردیە

هەڵـلایەک دونیـای لێتێگەیانـدین، ڕژێمـی بەغـداش بەئاگـا هـاتەوە بەهەمـوو هێزێکیەوە کەوتە لێدانمان". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٠، ١٤٢).

(سیابەند) و (مستۆ) و هەندێکی دیکە کە بەرپرسیاریەتیان لەنێو شۆڕش نییە، پێچەوانەی گوتـاری (کۆیلەبـوون و پاشـکۆبوون) هەڵسـوکەوت دەکەن، ئەمش دەبێتە ئەنجامێک بۆ بەرهەمهێنـان و جێبەجێکردنـی زمـانێکی جیـاواز لەوانەی وەکو (پاشـکۆن و خۆیـان کردۆتە کۆیلەیەکی تەواوی یەکلابـووە بـۆ خزمەتی بەرپرس و دەسەلاتداری شۆڕش). نموونەیەکی زەقی گوتاری کۆیلە بوون لەشێوازی نووسینی ڕاپۆرتەکەی (سەلام) بۆ (مەحموود) بەزەقی دیـارە کە دەڵێت "منیش بۆ ئەوەی بیترسێنم و دووچاری غەڵەتی بکەم، نـاوی ئێـوەم هێنـایە ئـاراوە گـوتم: جنێـوت دا، بەکـێ؟ ". (حەمە کەریـم عـارف، ٢٠١٢، ١٦٧). یـان (خەلـیفە) پـێچەوانەی ئەم ئاراسـتەیە و دوای سـاخبوونەوەی ئەوەی (کـاروانەکەی ئەم جـارەش فـت) ڕاشـکاوانە بەو کەسـانەی لەگەڵیـنە دەڵێـت "وەرن مەردی خوا بن، لەمەودوا بەدەهـۆڵ و زوڕنـای هەر کەس و ناکەسـێک هەڵنەپەڕین!... یان دەڵێت ئازایەتی ئەوەیە پیاو خۆی بناسێت و بزانێ چی لە باردایە..". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٦٥-١٦٦).

لەنێـو ڕووداوەکانـدا و لەکـاتی گێـڕانەوە و بەرجەسـتەکردنی هەنـدێک وێنەی هەقیقی، یان هزری (فکری و عەقڵی و هۆشیارانە) ئەم دوو ئاراستە جیاوازەمـان بەڕوونـی بـۆ بەرجەسـتە دەبێـت، کە گوتارێـک لەپێنـاو خـۆ کۆیلەکردن و پاشکۆبوون بەهەموو هێز و بڕوایەکەوە خۆی نمایش دەکات و لەچوارچێوەی فرە کارەکتەرەیی و فرە دەنگیدا ئاراستەیەکی دیکە هەیە بەنیگەرانیی و هەستکردن بە فەشەڵ شۆڕش و ڕەخنەگرتنەوە نمایشی خۆ دەربـازکردن لەپاشـکۆیەتی و کۆیلەبـوون و گەڕان بەدوای ناسـنامەی تایبەتی خۆیان دەکەن.

**بەها**

یەکێکە لەپێوانە گرنگەکانی ئەوەیە لەهەموو سەرەتایەکدا وای لێدێت، بۆ هەموو شتێک ڕەچاوی دروستبوونی بەها لەنێو شتەکان و گوتن و ڕەفتاردا بکرێت، شتێک دەبێتە پێوەر بۆ گرنگی و کاریگەریی گوتار ئەویش (بەها)یە. ئەو بەهایەی لەنێو نەریتی کۆمەڵگە، لەهێزی ئابووری، لەنێو وشە، لەکەسایەتی تاک و لەنەریت و تەنیا لەشتە فیزیکییەکانیشدا هەیە. بەها بەدیهێنانی ئەو پێگە و هێز و شوێنەیە، کە مرۆڤ هەمیشە لەپێناویدا جەنگاوە. بەها شوێنێکی لە تایبەت لەنێو ئەخلاق و ڕەفتار و فکریش داگیر دەکات.

بەهای گوتاری شۆڕش لەکردەی بانگەشەدا نییە، بەڵکو لەباری کردەییدا جێبەجێ کردنی بەهای شتەکانە، یان کارکردنە بۆ دۆزینەوە و گێڕانەوەی بەها بۆ شتەکان. نرخی هەر هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ لەو بەها ڕۆحی و ماددیانە دەردەکەوێت، کە وەکو بەرهەمی کارکردن و تێکۆشان و پەرچەکرداری مرۆڤەکە بەدی دێت. بەهای شۆڕش و پێگەی گوتاری شۆڕش لەکردەوەکانی نێو شۆڕشدایە، نەک ئەو وێناکردنانەی بەخەیاڵ مرۆڤەکان بۆ شۆڕشیان دروستکردووە. لەبیری نەکەین "هەرگیز ماددە ناتوانێت لەدەرەوەی شوێن بوونی هەبێت، ئەمە پێناسەی شوێنە، کە شێوەی بوونی ماددەیە، هەرچی شتێک لەجیهاندا ڕوو دەدات لەچوارچێوەی (کات) دایە. کەواتە کاتیش شێوەیەکە لەبوونی ماددە". (سەباح ئیسماعیل، ٢٠٠٩، ٢٢). ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دەقی ئەدەبی کە نامۆبوون وەکو فەلسەفەیەک، نەک تەنیا وەکو کردەیەکی دابڕێنراو لە فکر و ڕەفتار و هەستونەستدا دەبێت ئاماژە بە پێگەی (بەها) لە ڕۆمانی (نامۆ) بکەین، کە خودی نووسەری (کۆچی سوور) لەشاخ بەر لەنووسینی ئەم دەقە کوردییە وەریگێڕاوە و لەبارەیەوە گووتیانە "ڕۆمانی نامۆی ئەلبێر کامۆ یەکێکە لەو کارە ئەدەبییانەی کە گەلێ گفتوگۆ و وتوێژی بەردەوامی

دروستکرد، بەهاوارێکی نائومێدانە بەرانبەر بەژیان هاتە ژماردن، هەروەها وا ژمێردرا کە بەرجەستەکردنێکی ڕوانینی نەهێلستانەی ئەوتۆتە، کە ئینکاری گشت بەهایەک دەکات، ئەمە جگە لەوەی بە نیمچە مانیڤێستێک دەربارەی ئیغتراب لە قەڵەم درا. چونکە ئەگەر هەڵە و خەتایەک هەبێ بکرێ دەرهەق بەژیان، ڕەنگە ئەو هەڵەیە نائومێدبوون نەبێ لە ژیان بەئەندازەی ئەوەی وازهێنان بێ لێی بە ئومێدی ژیانێکی دی لەئایندەدا". (ئەلبێر کامۆ ، ٢٠٠٣، ١٢-١٣). لێرەدا ڕوونتر بۆمان دەردەکەوێت، نامۆبوون بریتیی نییە لەوازهێنان و بێ بەهاکردنی ژیان، بەپێچەوانە وازهێنانە لەو شێوە ژیانە دەقگرتوو و بێزارکەرەی هیچ شتێکی نوێی تێدا ڕوونادات بۆ ئەوەی شێوەیەکی دیکەی ژیان لەئایندەدا بەدەست بهێنێت.

لە کۆچی سووردا لەنێو نامۆبوون و یاخیبوونێکی فکری قووڵدا، کە بریتییە لەنیشاندان و دەرخستنی ناسنامەی شۆڕش و پێی وایە ئەمەی ڕوودەدات (هەڵەیە) و (کەسەکان هەڵەن)... تاد. بێ بەهاکردن و وازهێنان و سڕینەوە و نەهێلانی خودی شۆڕش نییە، نووسەر بەڕوونی لەم گفتوگۆیە کورتەدا دەڵێت:

- کوڕینە ئەم کاروانەشمان فت.
- هەموو تێکڕا:
- فت.
- خۆ ئێمە بێ کاروان هەڵناکەین!...

هەڵناکەین... ناژین.." (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٦٥).

لەمەش پتر ئەو نامۆبوون لەنێو شۆڕشەکە، یان ئاشکراکردنی سەخترین (کاتی هەڵچوون و بیرکردنەوەی مرۆڤ لەکاتی نسکۆ و تێکشکان و فەشەلەدا) بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو نیشان دەدات، کە بێ ئومێدی و شکان بەواتای وازهێنان و خۆبەدەستەوەدان و ڕەتکردنەوەی یەکجارەکی نایەت، بەڵکو ئەو بەپێویستی دەزانێت، بەشێوەیەکی جیاواز سەیری ژیان و شۆڕش لەئایندە بکرێت، بە مەرجێ

"چی دیکە بەزوڕنای کەس و ناکەسان هەڵنەپەڕن... خۆیان بناسن... بزانن چیان لەبارە و چیان لەدەست دێ و دەستخەڕۆی حەز و خۆزگە نەبن". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٦٦). ئەمە خاڵی بنەڕەتی گوتار و بیرکردنەوەی هێزی بیرکردنەوە و ئاخاوتنە لەنێو دەقەکەدا. کردەی پێویستی ڕاپەڕاندنی مەبەستە لەنێو گوتارێکی خاوەن دەقدا.

ئەوان بێ (شۆڕش ناژین، بەڵام پێویستە لەئایندەدا خۆیان بناسن و نەکەونە داوی حەز و خۆزگە و ئەو شتە بکەن، کە پێیان دەکرێت و سەرکردەش "سەر کاروان" نەبێتە هۆکار بۆ تێکشکان".

فەرماندان لەنێو شۆڕشدا لەسەر بنەمای بەها ئەخلاقییەکانەوە بەڕێوەناچێت، بەقەد ئەوەی لەڕێگەی کوشتن و سڕکردن و لاوازکردنی ئەو بەهایانە بەڕێوەدەبرێت، لەپێناو خۆفەرزکردن و لاوازکردنی بەهاکان لەپێناو دیوانەدنی بەرپرسەکان گوتارێکی پێچەوانە بەناوی (بەها ئەخلاقییەکان) بەڕێوە دەبەن، کە لەبنەڕەتدا تێکشکاندنی بەهاکانە بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەم تێکشکاندنە مەزنیی و گەورەیی و بەهێزی هێزداری بۆ فەرماندە و بەرپرسە سیاسی و عەسکەرییەکانی نێو شۆڕش دروست بکرێت. لەبەر ئەوە کار دەکەن لەپێناو:

داماڵینی فکر لەبەهاکان.

داماڵینی کۆمەڵگە لەبەها کۆمەڵایەتییە باوەکان بەناوی مۆدێرن و نوێبوونەوە و خۆسەپاندن و نیشاندانی (پێشەنگایەتی لەحزب و سیاسەت و فەرمانڕەوایی لەناوچە شاخاوییە ئازادکراوەکان و گوندە وێرانکراوەکاندا، لەکاتێکدا ئەوان سەر کاروانی خراپن).

داماڵینی حزب و ڕێکخراوەکان لەبەها ئایدیۆلۆژییە ڕەسەنەکان و کۆپیکردنی بیر و بۆچوونی نامۆ لەپێناو بەرهەمهێنانی (یاخیبوون دژی ڕژێم)، لەجیاتی نەهێشتنی نامۆبوون، ریساکانی نامۆبوون و شکانی بەهێزتر کردووە. لەکاتێکدا پێشمەرگە خۆیان وا وەسف دەکەن، کە خزمەتی خەڵکی چەوساوە و جووتیاران دەکەن و خزمەتکارن، بەڵام

گوندنشینەکان، جووتیارە بەئەزموونەکان و ئەوان تێفکرینیان هەیە و دونیا دیـدەن و جـورئەتی قسـەکردنیان هەیە لەگونـدی (مچەکـوێر) (حـاجی شـەریف)، کە کەسـێکی هەقیقیـیە و لەسـەرەتای شۆڕشـدا بە (سـیروان تاڵەبانی) دەڵێت "کاک سیروان ئێوە ئێستا دە دوانزدە پێشمەرگەی داماوی لات و پـات و چـوار پێـنج تفەنگـی ژەنگاویتـان بەشـانەوەیە، هەر دەبێـت قسەی جوان بکەن و بەڵێنی گەورە بە خەڵک بدەن و خۆتان بەخزمەتکاری جووتیـار بـزانن. ئێـوە ئێسـتا دەسـەڵاتێکی ئەوتۆتـان نییە، هەر ئەم کـاک سیروانە با دوو سێ هەزار چەکداری بەدواوە بێت، ئینجا بزانە چۆن قسـە دەکات؟... سـیروان گـوتی: حـاجی شـەریف منیش وا دەبـم؟ منیش لەخـۆم دەگۆڕێم؟. حـاجی شـەریف: ئەرێ وەڵـڵا تـۆ لەوان خراپتر دەبێت! بـا دوو سێ هەزار پ.م بەدواتەوە بن، ئینجا دەتبینم بـا مـن بوێرم و بڵـێم جەنـابی کاک سـیروان سـەرووی چـاوت بـرۆی پێوەیە. دەڵێیـت: ئەم گەمـال بـاوکە، کەرامباوگایە بگرن و دوو هەزار جووتە شەقی مزری تێهەڵدەن... سـیروان: ئەم شۆڕشـە جیـاوازە.. ئـێمە بیروباوەڕمـان هەیە!." (مامۆسـتا جەعـفەر ، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٠، ١٧٥-١٧٦).

دامـاڵینی شۆڕشـی شۆڕشـگێڕانە لەئامـانجە شۆڕشـگێڕیەکان و خـۆ خەریکردن بەشـتە لاوەکییەکـان و نـاکۆکی نێوەخۆیی و تـا دەگاتە ئاسـتی بەکارهێنـانی تونـدوتیژیی بـۆ سـڕینەوەی یەکتـر و سـزادان و نەهێڵانـی ئەوانی دیکە بەشێوەیەکی مەترسیدار وێنا دەکات.

دامـاڵینی بەهاکـانی دەق و ئەدەبێـک، کە خـاوەنی ئیرادەیەکـی جیـاوازی ڕەخنەگرانە بێت و کلکاندنی بەئەدەبیاتی مـولتەزیمی حـزب و ئایـدیۆلۆژیا و شـۆڕش، دەبێتە سـەرچاوەش بۆ بەرهەمهێنـانی گوتارێک کە بریتیـی دەبێت لەدەربڕین و گوزارشت لەبەهای حزب و ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونە کەسییەکان، تـاکو دەگـاتە پاشـکۆبوون و خۆدامـاڵینی کەسـەکان لە بەهـا کەسـییەکانیان و وازهێنان لەتایبەتمەندییە فکریی و شێواز و شێوەی ژیانیشیان.

داماڵینی بەها ڕەخنەگرییە بەرهەمهێنەکان و بەستنەوەی بە (ناوەندی دیموکراسی) لە بڕیار و فەرمان و جێبەجێکردن و شیکردنەوەدا. واتە (ئەندامی شۆڕش دەکرێنە ئامێرێکی شۆڕشگێڕانە)، بەئامێربوونیش لەکردەوەدا جۆرێکە لە نامۆبوون بە (دۆخ و کاتی کۆمەڵایەتی و شێوەیە پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاک و دامەزراراوەکاندا). گوتاری دامەزراوەی شۆڕش بەشێوەیەک لەشێوەکاندا نامۆکردنی وزەی تاک و داهێنانی ئەدەبییە.

تەنیا لەنێو ئەو شۆڕشەدا کە بانگەشەی (نویێ) دەکات، هەموو پێوەرە سەرەکییەکانی (کات هەتاوە، بەیانی نێوەڕۆ، ئێوارە). ئەدی ئەمە نیشانەی نامۆبوون بە (کات) و (مۆدێرنە و نوێ!!) نییە. نووسەر دەڵێت "ئالێرەدا لەباوەشی ئەم دۆڵەدا، ئێستاش پێوەری سەرەکی کات هەتاوە..." .(حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٥٣).

یەکێک لەبەردەم (ڕەنجی کوڕی سیابەند) دەڵێت: "مامۆستا، مامۆستا باوکی کوژراوە، خاین بوو". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٥). مەحموود دەڵێت "دلێرە خوشک حیز.. با بێ خوشکە قەحبەکەی بێ!... قوز قۆچەقانی پاس ناکرێ". "خەلیفە گرێ لە شەیتان بردۆتەوە وەکو گەمال لەپاڵ پیری پیران وەردەکەوێ.... ئەو خوێڕییە لوت بەرزە، لەخۆ ڕازییە، بەبێ خوڵکاو وەکو ئەوەی ڕوو لەماڵی باوکە سەگی بکات... ئای خولە قوچ! زۆڵی بیژی! چ ئاوێکت ڕشتووە...". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢). نموونەی ئەم جۆرە دەستەواژانە زۆر بەکارهێنراون، کە لەکردەوەدا دەربڕی (بەها، یان بێ بەهاکردنی کەس و شت و ڕووداوەکانە).

لایەنێکی دیکە بریتییە لەداماڵینی کارەکتەرەکان لەبەها کەسیی و خودییە باوەکانی خۆیان و کردنیان بەبەشێک لەبەها شۆڕشگێڕییەکانی شۆڕش. ئەمانە ژمارەیەک بەهان، کە بریتین لە بێ بەهاکردنی ئەو بەها گرنگانەی لەنێو دەقدا نووسەر بەڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەچوارچێوەی گوتاری دەقێکی ئەدەبی، نەک سیاسی، گوتارێکی

ڕەخنەگرانە نەک گوتارێکی (فکری سەد لەسەد). ئەم بەهایانەی پێناسە کردووە و ناسینەوەی نیشانداون و لەهەمان کاتدا دروستکردنی کردەی کاردانەوەی توندوتیژی خودی نمایش کردووە، کە کۆتایی چیرۆکی ئەم دەقە بەکۆکردنەوە و سووتاندنی کۆتایی دێت، بەڵام گێڕانەوە لەگوتاری خودی دەقەکە کۆتایی نایەت.

نووسەری ئەم دەقە بەدوای دروستکردنی گوتارێکی بەهادارە لەنێو گوتارێکی بێ بەهاکراوی ئەدەبیی لەنێو خودی گوتاری شۆڕشگێڕانەدا، چونکە ئەوەندەی من خۆم وەکو ئەزموون لەپەیوەندی لەگەڵ شۆڕش و لەگەڵ ئەدەب سەیری بەسەرهاتەکانم کردووە، شۆڕش و شۆڕشگێڕەکانی شاخ هەمیشە (چاویان لەئەدەبێکی مولتەزیمی بەرەنگاریی بووە، ئەدەبێک شان بەشانی تفەنگ بدوێت، وشەکانی ئاگرین و دوژمن بکوژ بێت) ئەم جۆرە ئەدەبەش لەڕاستیدا داماڵینی بەها ئەدەبییە خودییە داهێنەرانەکەیە، کە گوتاری ڕەسەنی ئەدەب لەپێناو مانەوەی خۆی و پەیامە مرۆییە زەمەن بڕەکان وەکو دەق و گوتار و پەیام و شێواز بەرهەمی دەهێنێت. لەبیری نەکەین گوتاری ئەدەبی کۆن گوتارێکی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕانەی حەماسی بووە، بۆ تێکشکاندنی دیاردە باوە کۆمەڵایەتییە کۆنەپەرستییەکان و کرانەوەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگە بەرەو پێشکەوتن، لەهەمان کاتدا گوتاری نوێی ئەدەبی هاوچەرخ لەنێو شۆڕشی هاوچەرخی کوردیدا بریتیی بووە لە (هاندان و جۆشدان و ڕاکێشانی جەماوەر بەلای شۆڕشدا) واتە (پتەوکردنی دیواربەندە پڕ لەنهێنییە سەیر و سەمەرەکانی نێو شۆڕش بووە، نەک ئاشکراکردنی ئەو نهێنییە مەترسیدارانەی لەنێو شورای بەرزی قەڵای شۆڕشدا بەپیرۆز زانراون و دەستکارییان وەکو خیانەت وابووە). ئەمە لەکردەوەدا تێکشکاندنی بەهای دەقە لەبەرهەمهێنانی هێز و گوتارێکی بەکردەوەی ڕاپەڕاندنی مەبەستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و دەروونی و چینایەتی و ئابووری و ئاینی و فکریی و کەلتوورییەکاندا.

لەکاتێکـدا (دەق بەواتــا و مەبەســتی ڕەمــزی بەرەنگــاری) لەشــارەکاندا بەرهەمهێنــراون، لەهەنـدێک لەو دەقـانە کـاریگەرترن، کە لەنێـو شـۆڕش و لەشـاخدا بەرهەمهێنراون "لەتیف هەڵمەت لەدەنگە هەرە بڵندەکانی ئەو کاتی شیعری بەرەنگاری بوو. کاریگەرییەکی زۆری لەسەر قووڵکردنەوەی گیانی بەرەنگاری لەناو گەنجاندا هەبوو. لەکاتێکدا وەکو لەتیف هەڵمەت خۆی دەڵێت، ئەو شـــاعیرێکی نوێخـــوازی ئەزمـــونگەرە و حەز دەکـــات هەر ڕۆژەی بەشێوەیەکی نوێ و جیاواز بنووسێت". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ٣٤٢).

با نموونەی ئەوە بهێنمەوە ئێمە، کە منداڵ بووین لەنێو خەیاڵدانی بچووک و ساوای تەمەنی منداڵیماندا خەیاڵی سادەی گونجاو لەگەڵ تەمەنی خۆمان دروست دەکرد، بەڵام ئەمانە خەونی گەورە بوون. بەهاکانی شۆڕشیش بۆ هەندێک کەس ڕێک وەکو خەونی ئەو منداڵە وابوو، خەیاڵی سادە و خەونی گەورەی لەپـێش چـوونە نێـو شـۆڕش بۆخـۆی دروسـت دەکـرد. واتە ئەو کەسانە گوتارێکی سادەیان بەکەرەستەی ئاڵۆز و خواستی ئاڵۆز بۆ خۆیان دروســت دەکــرد، بەڵام شــۆڕش و واقیعــی خەبــاتی شۆڕشــگێڕانەی پێشمەرگایەتی ئەم بەهایانەی دەشکاند، لای هەندێک بەپێی خواستی خودی شۆڕش خەونێکی نوێیان دروست دەکرد، ئەم کەسەیان بەرەو (سیاسەت و نزیکبوونەوە لەناوەندی سیاسی و سەربازی هان دەدا)، هەندێکیان لەبنەڕەتدا (تێکدەشـکاند و دەبـووە قوربـانی و لەهـیچ بـوارێکی ناوەنـدی سیاسـی و پێشـــمەرگایەتی نزیـــک نەدەخـــرایەوە). هەشـــبوو خەونەکەی دەخـــرایە چوارچێوەی (پێشمەرگایەتییەکی ئازایانە و توندوتیژ و شەڕکەر و قارەمان، کە ئەمەش کۆتـاییەکی تراژیـدی درامـاتیکی شـەهید بـوونی هەبـووە و دوور دەخرایەوە لەناوەندی سیاسی).

(مامۆستا جەعفەر) لەبارەی شۆڕش و کۆمەڵە لەخەیاڵاندن و وەسفێکدا دەڵێــت "ســەرەتا پێموابــوو: کــۆمەڵە ڕێکخســتنێکی ڕێــک و پــێکە و لەئۆتۆمبێلێکی مەرسیدسی مۆدێل بەرز دەچێت. ئێستا بەتەواوی قەناعەتم کـردووە، عەرەبـانەیەکی شـەق و شـڕە و بەپـاڵیش ناجووڵێت". (مامۆستا

جەعفەر، بەرگی یەکەم ، ٢٠٢٠، ١١٥). ئەمە وێناکردنێکی جوانی ئەدەبییە لەنێو دەقی گێڕانەوەی بیرەوەریدا، لەهەمان کاتدا ڕەخنە لەخۆگرتنێکی ئازایانەیە، کە دەکرێت ڕەخنەش بێت لەواقیع و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و توانای کارەکتەرەکانی نێو شۆڕش.

واتە بەهاکانی مرۆڤ لەنێو شۆڕشدا بەپێی هەلومەرج و خواستی خودی شۆڕش دادەڕێژرایەوە، نەک پێویستی و خەونەکانی خودی کارەکتەرەکان. لای من دۆخەکان هەرچییەک بووبن، بێ بەهاکردنی بەهاکانی تێدایە، چونکە هیچ کارەکتەرێک ئازاد نەبووە لەهەڵبژاردنی (بەها و ناوەندەکانی سیاسی و پێشمەرگایەتی و پێوانەکردنی خەونەکانی خۆشی).

لەیەکەم وشە و ڕستەی ڕۆمانەکەدا (سادق دۆغری) لەبارەی بڕیاری (مستۆ)ی کوڕی کە دەیەوێت ببێتە پێشمەرگە دەڵێت "کوڕم هێشتا بۆنی شیری خاوت لەدەم دێ، تۆ و ئەو مەیدانە کوجا مەرحەبا! پەلە مەکە، دنیا زۆری بە بەرەوەیە. کەسێ نەمرێ نۆرەی تۆش دێت، کوڕاو کوڕی تۆش....

مستۆش کە ئەم قسەی بیر دەکەوێتە دەیەوێت پیاوەتی و غیرەتی خۆی بۆ بابی و هەموو بابێکی خۆی گوتەنی ترسنۆک بسەلمێنێ. "منداڵی ! منداڵی!" لێکردوومەتەوە وا دەزانێ هێشتا لە مەمکان نەبڕاومەتەوە. دەبێ کارێ بکەم لە ئەقڵی کەسا نەبێ، هەر کەسە و داستانێکم بۆ هەڵبەستێ". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٠١). لێرەدا نیشانی دەدات شۆڕش درێژخایەنە و چەند پشتێک درێژە دەکێشێت و هیوای سەرکەوتن و وەستان لەئارادا نییە.

کۆیلە لای خاوەن کۆیلە هیچ بەهایەکی نییە تەنیا (بەهای خزمەتکاریی بە گەیانەوەر چوواندنی مرۆڤە کۆیلەکراوەکە نەبێت)، بەهای هەقی کار لای سەرمایەدار لە قازانجی زۆر و کاری زۆر بەکەمترین هەقدەست دایە) و (بەهای گوتاری دەق لە بەکردەوە گەیاندنی مەبەست و کارتێکردن و پێویستی ڕاپەڕاندن و بەدیهێنانی کردەوەیەکی نوێیە لای خوێنەر). (بەهای ئەخلاق لەڕەوشت و ڕەفتاری مرۆڤەکانە) و(بەهای شۆڕش لەبەدیهێنانی

گۆڕانکارییە بەشێواز و فکر و هۆکاری ئەخلاقی مرۆیانەی بەرزەوە، نەک تەبریرهێنانەوە بۆ توندوتیژیی و تۆڵەی شۆڕشگێڕانە). لەکاتێکدا "داوا و بانگەشەکانی شۆڕشگێڕەکان پشت بەخەباتی هەقیقی دەبەستێت شەڕ بابەتێکی سروشتی ڕۆژانەیە، کە جووتیارەکان تێیدا دەژین، دژی هیچ دوژمنێک نییە، بەڵکو دژی دوژمنە بێگانەکانە ئەوانەی لەدەرەوە هاتوون، بەزمانی بێگانە دەئاخڤن". (روجیه دوبری، ١٩٨٣، ٦٧).

لەکاتێکدا ئێمە دەزانین دەقی شیعری لەزۆر سەردەمدا ڕۆڵی پێشەنگی لەورژاندن و هاندان و ڕشتبوونی شۆڕشگێڕانە گێڕاوە، تەنیا گەیشتۆتە ئەوەی بڵێن "شێرکۆ بەر لەوەی خۆی بێتە شاخ و ببێتە پێشمەرگە، چەند ساڵێک پێش خۆی، شیعرەکانی ببوون بە پێشمەرگە". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ٣٦٧). واتە دەقی ئەدەبی دەتوانێت بەهایەکی گرنگ و شوێن و کاتێکی بەهێز وەکو بەها لەنێو شۆڕش و کۆمەڵگە هەبێت.

بەهای شتەکان لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت لەفکری ئەمەریکادا ئەمە بەستراوەتەوە بەو سەرتا فکرییەوە، کە دەڵێت: (کردە پێش پشوودان، ئەمە دەبێتە سەرچاوەی خۆشی بەخشینمان) و ( بیکە پێش ئەوەی ڕەچاوی بکەیت و پێیەوە پەیوەست بە پێش ئەوەی مەیلی پێشوەختەت بۆی هەبێت). (حنا اردینت، ٢٠٠٨، ٤٥). بەهای ئەدەب و نووسین و گوتار لەسەردەمی خەباتی چەکداریدا ، کە داستان و سەرکەوتن و هێز دەور دەبینێت، لەم ئاستە بەرزەدا نییە، لەهەندێک کاتدا لەبنەڕەتدا لەخاڵی ژێر سفر دایە. ڕۆمان لەنێو گوندنشینە نەخوێندەوارەکاندا چ دەگەیەنێت و چ بەهایەکی دەبێت، کە ناتوانن بیخوێننەوە. ئەو جووتیارانەی لەبەر کاری قورسی ڕۆژانە و لەبەر ترسی هێرشە بەردەوامەکانی سوپای دوژمن و سزا و چاودێرییەکانی خودی شۆڕش، کاتی خوێندنەوەیان نییە، نازانن بەها و پێگەی ڕۆمان و گوتاری ئەدەبی چییە.

لەشۆڕشدا کاتێک پێیان دەگوترێت پێش بیرکردنەوە کارەکە بکە و دواتر لەئەنجامی بکۆڵەوە، ئەو ڕەشەکردارە بێ مانا و توندڕەویی و

ترسنۆکانەی لێ بەرهەم دێت، کە دواتر دەبێتە کارەسات بۆ خودی مرۆڤەکان، یان وەکو دەڵێن ئەو شتانە پێشوازی لێ بکە، کە پێش بیرکردنەوە پێیانەوە پابەست دەبیت، پێش ئەوەی لەمەیل و خولیا و بیرکردنەوەتدا هەبێت و بیرت لێ کردبێتەوە، بەکاریان دەهێنێت. بێگومان ئەمە وامان لێ دەکات لەهەندێک دۆخدا وەکو یاخیبوونێک دەربکەوێت، یان هەندێک ئیلتیزام لەکردەوەدا یاخیبوونێک لەتوانا و داهێنان و بیرکردنەوەی تایبەتمەندی کەسەکانی تێدایە.

چاودێریی و بێ بەهاکردنی دەق، بەهای خودی دەقەکە دەخاتە بەردەم دووڕیانێکی سەخت و کەسانێک، یان دامودەزگایەکی فەرمی دەکەونە دژایەتی "ڕەنگە میللەتێک هێندەی ڕووس نووسەران و داهێنەرانیان باجی بەرهەمەکانیان نەدابێتەوە. هەندێکیان لەدار دران، یان خۆیان کوشتووە، بۆ دەرەوەی وڵات دوورخراونەتەوە، یاخود بۆ دورگەی سەرما و سۆڵی سیبیریا، یانیش خراونەتە شێتخانەوە". (سەباح ئیسماعیل، **http://kurdishbookhouse.com/ku/100-405/**). لەکاتێکدا پاشکۆ نەبوون و کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئازادیی و سەربەخۆبوون لەهەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و داهێنان و بڕیاردا مەرجێکە لەهەموو قۆناغەکاندا کارێکی سەرکەوتووانە بەرهەم دەهێنێت، بەڵام مەرج نییە یەکلاکەرەوە و لەقازانجی خاوەنەکەی بێت. "لەشۆڕشی پیشەسازیدا ڕزگاربوونی کرێکاران لەقۆناغی یەکەمدا هەندێک دژ بەیەک بوو، شۆڕش کرێکارەکانی لەخاوەنێک ڕزگارکرد و ڕادەستی خاوەنێکی دیکەی کردن، کە خاوەنە نوێیەکە خاوەنی توندوتیژی بەهێزتر بوو، مرۆڤەکان بەرەو دۆخێک دەبات کەپێداگرییەکی زۆر لەبەکارهێنانی توندوتیژی دەکەن". (حنه ارینـدت، ٢٠٠٩، ٨٧). ڕەتکردنەوەی کۆیلایەتی و چەوسانەوە و چینێک بەواتای کۆتایی هاتنی توندوتیژی و چەوسانەوە و ڕزگاری یەکجارەکی نییە. بەرهەمهێنانی دەقێکی یاخیبوو، بەواتای کۆتایی هێنان بە نامۆبوون و سڕینەوەی توندوتیژی نییە.

هەنـــدێک دەق و نووســـین و بڵاوکـــراوە لەنێـــو شۆڕشـــدا مـــایەی کـــاردانەوەی تونـــدوتیژانە بـــوون. بـــۆ نمـــوونە "پەخشـــنامەیەک بەنـــاوی (هەڵوێست)ەوە بڵاودەبێتەوە و لەکۆنفرانسدا (کۆمەڵە) هەرایەکی گەورە دەنێتەوە.. لایەنگرانی (نەوشیروان مستەفا)، لایەنگرانی ئەو باڵەی کە دواتر ناونرا (ئاڵای شۆڕش) بەخاوەنداریێتی ئەو پەخشنامەیە تۆمەتبار دەکەن. هەنـــــدێک لەوانە تەنـــــانەت داوای ئیعـــــدامکردنی ئەوانە دەکەن، کە لە بڵاوکـــردنەوەی هەڵوێســـتدا پەنـــجەی تۆمەتبارییـــان بـــۆ درێـــژ دەکەن. ڕووبەڕووبوونەوەی لایەنگرانی ئەو دووباڵە ئەوەندە زبر و دوژمنکارانە دەبێت، دەگاتە ئەوەی بەرەی ناڕازیی بە پێشەوایەتی (مەلا بەختیار) هۆڵی کۆنفرانس جێبێڵن". (هەڤاڵ کوێستانی، ٢٠١٧، ٣٧٦). مەبەستمان ئەوەیە کە هەندێک جار (دەق)، یان ئەو گوتارەی دەق بەرهەمی دەهێنێت سنوورە سروشتییەکان لەدەربڕین و ئینجا لەدروستکردنی کاردانەوەش دەبەزێنێت و دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی کردەی توندوتیژانە، هەندێک لەم توندییە، مـــرۆڤ بەرەو تونـــدوتیژی لەگوتـــار و قســـەکردن، لەکـــاردانەوە و هێـــز بەکارهێنـــان، تونـــدوتیژ لەفەرمـــان و کـــاردانەوە دەبـــات. لەنێـــو شۆڕشـــی چەکداری کوردستانیشدا کە گوتاری شۆڕشگێڕانە هەمیشە ئاگراویی و باڵادەست و بەهێز و کارا بووە، کاریگەریی لەسەر (ڕەوشت و ڕەفتار و پێکهـــاتەی دەروونـــی کـــارەکتەرە ئاســـایی و بەرپرســـەکانی شـــۆڕش) دروستکردووە. بۆیە من دەڵێم گوتاری شۆڕش ڕەفتار و کردەوەکانی شۆڕشی دروست کردووە، نەک بەپێچەوانە. وەکو چۆن گوتاری دەقی ئەدەبی دەبێتە هۆکار بۆ بەرهەمهێنانی کاردانەوەی فکری و توندوتیژی هەندێک کەس.

ســـزادانی (دەق) (ســـزادانی گوتـــاری دەقە) بـــۆتە ســـەرەتایەکی نـــوێ بـــۆ (سزادانی جەستەیی و ئەخلاقی) کارەکتەر و ئەندامەکانی نێو شۆڕش. تەنیا هەندێک توندوتیژی بە (قسە و گوتار و وشە) ئەنجام دراون، هەشیانە بە (چەک و بەکارهێنانی هێزی جەستە و سڕینەوە و کوشتن بووە).

نووسەریش لەشۆڕشێک، لەگوتارێکدا دەپەڕێتەوە گوتارێکی دیکە، ئەم پەڕینەوەش هیچ کاتێک بەواتای بەدیهێنانی ئازادی تەواو نایەت. نووسەران لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا بەشدارییەکی بەرچاویان لە شۆڕشدا کرد، بەتایبەتیش لەدوای دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە "پەخشنامەیەکی ١٩٧٦دا. لەژێر دروشمی (شۆڕشی نوێ) کە ئەمە هێما و نیشانەی بانگەواز و گوتاری سیاسی و فکری (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بوو، لەنێو ئەم نوێییەدا ڕەتکردنەوەی (پاشکۆبوونی ئایدیۆلۆژی حزب و کۆیلەبوونی فکری) بێ باج نەبووە. نەک هەر تەنیا ئەندامەکانی ئەم حزبە بەهۆی ناکۆکیی و نەگونجانی حزبی و سیاسی و فکرییەوە تووشی سزادان و لەنێوبردن و سڕینەوە و پاکتاوکردن هاتوون، بەڵکو نووسەرانیش دەقەکانیان یان دەبووایە بەپێی (پێوانە و ویست و فکر و ئایدۆلۆژیای سیاسی شۆڕش بێت)، یان دەبووایە قەدەغە بکرێت، ئەگەر نا دووچاری سزای سیاسی و جەستەیی و توندوتیژی و فشاری ئەخلاقیش دەبوونەوە. (مارکس)یش لە مانفێستی شیوعیدا ئاماژەی بەوە کردووە ، کە "توندوتیژیی و چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن خودی مرۆڤە دروستکراون". (حنا اردنت، ٢٠٠٩، ٨٧).

سزادانی فکری و جەستەیی و سڕینەوەی (ئەوی تر) لەلایەن بڕیار بەدەستی یەکەمی کۆمەڵە لەسەر وتارێکی سیاسی، کە لە ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی) بڵاودەکرێتەوە یەکێکە لەو هەنگاوانەی دوای بڵاوبوونەوەی (کۆچی سوور) و چەند ساڵێکیش پێش ئەوە (سەگوەڕ) دێت. ئەمەش دواتر دەبێتە هێما و نیشانەی بەرهەمهێنانی گوتاری توندوتیژانە، ئەمە بەڵگەی سەرەتایەکی خراپە دژی (ئازادی بیرورا و ڕەخنە و شیکردنەوەی هەڵومەرجی گشتی نێو شۆڕش، یان ڕەخنەگرتن لە کردەی گوتاری شۆڕش). لەم بارە (عەلی بچکۆل) کە یەکێکە لەبەرپرس و پێشمەرگە کۆنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵە، لەنێو بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "ڕۆژی ١٩٩٠/٤/١٨ نەوشیروان مستەفا بەهۆی

وتـارەکەمەوە بروسـکەیەکی دا بەهەمـوو بێسـیمەکانی شـۆڕش، کە مـن لەڕیزەکـانی کـۆمەڵەی ڕەنجـدەران دەرکـراوم، لەبەرئەوەی نووسـینەکانم لەخزمەتـــی دوژمنـــدان، مـــنش ئەوەم ڕەتکـــردەوە و بەبڵاوکـــراوەیەک وەڵاممدایەوە و تیایدا وتم: من خاوەنی کۆمەڵەم و هیچ کەسێک ناتوانێت دام ببڕێت، هەرچەندە بڕیارە فەردیەکەی نەوشیروان ئەوەبوو من بدرێم بەدادگـا و هێزێکـی زۆرم لەدەور کـۆبکرێتەوە، بەڵام مـن ئەو بڕیـارە فەردیەم ڕەتکـردەوە. لەدرێـژەی ئەم گێـڕانەوەیەدا کە باسـێکی دوور و درێژە دەڵێت: لە ١٩٩٠/٥/٥ شێخ عوسمان سەرگەڵوی هات و وتی دلێر تاقانە باسیکردووە لەدەمی عەبدوڵا بەکرە جۆییەوە گوایە نەوشیروان داوای لە قەرارگەی ڕەمەزان کردووە هەندێک کەس لەئێمە یاخیبوون و لەئێراندا دەژین، ئەگەر ڕێگامان نەدەن بیانگرین و بیانهێنین بۆ قاسمەڕەش ئەوە ئێمە دەگەڕێینە بۆ عێراق". (عومەر بچکول، ٢٠١٨ ، ٢١٤).

لەشـــوێنیکی دیـــکەی بیرەوەرییەکانیـــدا لەبـــارەی ئەو هەڕەشـــە و توندوتیژیی و گوتارە سەختەی دژی ئەندامێکی خودی شۆڕش بەرپایان کردووە (عەلی بچکول) دەڵێت: "کاتێک وتارەکەم بڵاوبۆوە وەکو بۆمبی ئەتۆمی تەیقەوە و هەر ئەو ڕۆژە بڕیاری تاکلایەنەی کاک نەوشیروان دەرچوو و لەڕیزەکانی کۆمەڵە دەرکرام و بەناوی یەکێتیش دەیدەین بەدادگا و دەبێت ٥٠٠ پێشمەرگەش بۆ دادگاییەکە ئامادەبن، چونکە عەلی بچکول سوکایەتی بە پێشمەرگە کردووە. بەداخەوە مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی سەرکردایەتی هیچ هەڵوێستێکی ڕەسمییان نەبوو لەو بڕیارە تاکڕەویانەی دەرچووبوون. ئەو بەنیاز بوو من ملشۆڕ بکات و بچمە بن دەستیی و بەداگاییەکی ناڕاست و بەزەخت تاوانبارم بکات و وەکو مـلازم جوامێر بەخائین ناوم بزڕێنن و بمکوژن". (عەلی بچکول، ٢٠١٨، ٣١٣).

(جەلال تالەبانی) لەبۆنەیەکدا لەبارەی شۆڕشی نوێ و یەکێتی دەڵێت: "پێویستی بەڕێبازێکی نوێی شۆڕشگێڕانە هەبوو، پێویستی بەڕێبەرێکی مـۆدێرن و لەنـاوجەرگەی جەمـاوەر هەڵقـوڵاو هەبـوو". (د. سـەروەر

عەبدولڕەحمان عومەر، ٢٠١١، ١١٠). لەکاتێکدا (مامۆستا جەعفەر) دەڵێت: "کۆمەڵە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتیی شەڕی پارتیزانی پشتگوێ خستبوو. دروشمی شۆڕشی بنەڕەتی شەڕی پارتیزانی پشتگوێ خستبوو. دروشمی شۆڕشی نوێ بەرزکرابووەوە، بەڵام بەکردەیی و خۆ ڕێکخستن و پەروەردە، لەشۆڕشی پێشوو دواکەوتووتر بوو". (مامۆستا جەعفەر، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٠، ١٦٩). واتا یەکێتی بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو ئەوانی دیکە پێویستی بە (ڕێبازی نوێ و ڕێبەری مۆدێرن) هەبوو، ئەم بۆچوونە لەکردەوەدا ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکەیە. لەمەش پڕ واتادارتر و دەرخەری مەبەستی بنەڕەتی لەبەکارهێنانی زاراوەی (شۆڕشی نوێ!!) "ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی پێک بهێنن.. هەروەها وەکو ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەی تەیار و چینە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵی کوردستان گەلالە بوو". (د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، ٢٠١١، ١١١). جێگرە و ئەلتەرناتیڤ بەواتای کۆتایی هاتنی "ئەوی تر" و دروستکردنی "شتێکی نوێ لە شوێنی شتێکی بەسەرچوو" یان "ڕەتکراوەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی و بەقەناعەتەوە" دێت. لە (کۆچی سوور)دا بەڕاشکاوی پێناسەی هەقیقی ئەم جۆرە سەرکردایەتییە کراوە و هاتووە "کاروانێ نەزان و نەفامان سەر کاروانی بن، کەندێ کەمە، دەکەوێتە سەد کەندەوە". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٨٠). ئەمە خۆی لەخۆیدا ڕەتکردنەوەی "ئەوی تر"ە. گرنگ نییە "ئەوی تر" کێیە. ئەم بۆچوونە نەک هەر گروپێک، یان چەند گروپێکی سیاسی دەسڕێتەوە و دەیخاتە خانەی نەبوونەوە، بەڵکو (چینە کۆمەڵایەتییەکانیش)، کە ناچنە چوارچێوەی (پێشکەوتنخوازیی) دەخرێنە دەرەوەی ئیرادە و بەشداری لەشۆڕش و خەون بینین بە بەدیهێنانی ئازادیی سیاسی ناکات، دوور نییە ئەم شۆڕشە/ شەڕەی کە یەکێتی دەیکات بریتیی بێت لەئەلتەرناتیڤی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو چینانەی دەکەونە دەرەوەی وەسفی پێشکەوتنخوازیی. واتە ئەلتەرناتڤیکی (سیاسی و حزبی و ئایدیۆلۆژیی و

چینی کۆمەڵایەتیشە). بێگومان کە (مام جەلال) سکرتێری کۆمەڵە بووبێت لەنێو شۆڕشی ئەیلوولدا واتە ئەو کات کاریان بۆ ئەلتەرناتیڤی کردووە، فکرەکەشیان (مارکسی – لینینی ) و (ماوی) بووە.

لەهەمان کاتدا لەشیکردنەوەی گوتاری دەقدا لەنێو گوتاری شۆڕشدا دەبێت ڕەچاوی هەلومەرجە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی و کاردانەوەکان و ترس لەنێو خودی ترس و گومان لەنێو خودی گومان و تێکشکان لەنێو تێکشانی هێز و بەهایەکی ڕەسەنە لەنێو بەهایەکی دروستکراو بکرێت. وەکو چۆن نابێت ئەوە لەبیر بکرێت لەشیکردنەوەی جیاواز لەنێو شکیردنەوە باوەکانی نێو شۆڕشدا بێ باج و کاردانەوەی توند و هەولدان بۆ سڕینەوە نەبووە "دەق دەخەینە ژێر سەیوانی کۆمەڵێک گوتاری جۆراوجۆر و هەمەچەشنی وەرگیراو لە کەلتوری خۆمان و ئەزموونێک کە بەپێی شوێن و کات و خوێنەرەکەی جیاواز دەبێت". (راجێر وێبستێر، ٢٠٠٦، ١٩٦). "کێشە ئەوەیە لەڕووی دەروونناسییەوە حووکم لەسەر عەقڵی سروشتی بەپێوانەی عەقڵی ناسروشتی بکرێت". (چون کارل فلوجل، بدون سنة، ١٧). مەبەستم ئەوەیە ئەم جۆرە عەقڵیەتە لەڕووی دەروونییەوە کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەتی خودی شۆڕش بەگشتی و بەهای گوتارەکەیی و پێگەی کارەکتەرەکانی کردووە. کاتێک بیرەوەرییەکانی خودی شۆڕش دوای پتر لەبیست و پێنج ساڵ دەخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت بەهاکان بە چ پێوانەیەکی ناسروشتی عەقڵ بەکارهێنراون، کە (خەیاڵ و ناسروشتی و هەتا فریودەرانە و پفدان و پیرۆزکردن و گەورەکردنی شتەکانی بەشێوەیەکی ناسروشتی بووە).

"مرۆڤی بێ دەسەڵات کاتێ دەسەڵاتی بوو لەخۆی دەردەچێت و ڕەفتاری لەگەڵ خەڵقدا دڕ دەبێت، دەیەوێت تۆڵەی سەردەمی لاتی و بێ دەسەڵاتیی خۆی لە عالەم وەرگرێت. ئەو کەسەی مێژووی ڕاستەقینە دەسڕێتەوە و سەر لەنوێ مێژووی دەسکرد دەنووسێتەوە، نیازی ڕواڵەتی هەرچی بێت،

لەقوولایی دڵی خۆیدا خەریکە چوارچێوەیەک دروست دەکات لەدەوری ناو و وێنەی خۆی تا ئارایشی بکات". (مەسعوود موحەمەد، ٢٠١٠، ٢٤).

واتە (کۆمەڵێک گوتار) هەرگیز بێ جیاوازیی دروست نابێت. گوتاری فەرمی و نافەرمی شۆڕش، گوتاری سیاسی و ئەدەبیی جیاوازن، وەکو چۆن گوتاری ڕۆشنبیریی، ناتوانێت یەکسان بێت لەگەڵ گوتاری چەکداریی لەنێو شۆڕشدا، چونکە ئەمانە خودانی بەهای جیاوازن.

شۆڕشێک بێ بیرکردنەوە شۆڕشێک بێ فکرێکی خۆماڵی جۆرێکە لەنامۆکردنی ئەو یاخیبوونەی لەدژی زولم دەست پێ دەکات، ئەوەی هێشتا لەمەیل و خواستدا هەبێت، کردەوەیەک بکە، پێش ئەوەی ڕەچاوت کردبێت، ئەنجامێکی تەمومژاویی و ترسناکی لێ بەرهەم دێت، کە مرۆڤ ناچار بەکێشە و گرفت دەکات.

(عەلی بچکۆل) ووکو شۆڕشگێڕێکی خودی یەکێتی و کۆمەڵە لە ١٨ی ساڵی دووەمی لە مارتی ١٩٩٠ی ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا کە ئۆرگانی ناوەندیی بەرەی کوردستانی بووە، وتارێکی بەناوی (ئایا لەگەڵ جەماوەر چۆن بووین؟) و بەناوی نهێنی (باوکی کارا) بڵاوکردۆتەوە و لەسەر ئەم وتارە بەپێی زانیارییەکانی نێو بیرەوەرییەکانی (سەختەڕی ٢٠١٨) ئاماژە بەوە دەکات بەرپرسی یەکەمی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) بڕیاری دەرکردن و دادگایی بەمەبەستی کوشتنی دەردەکات. لەکاتێکدا (بەرەی کوردستانی) دوای نسکۆی چەکداری دوای ١٩٨٨ و لەپێناو پێداچوونەوە بە هەلومەرجە سەختەکانی شۆڕشی چەکداری ژمارەیەک گوتاری بیروبۆچوونی جیاوازی لە(شێوەی گوتاری) ئازاد بڵاوکردۆتەوە، دیارە (نەوشیروان) ئەو کات ئەمەی پێ هەزم نەکراوە و بڕیاری توند و هەتا پەنابردنە بەر توندوتیژیشی بۆ سڕینەوەی ئەم گوتارە ڕەخنەگرانەیە بەکارهێناوە. (عەلی بچکۆل) لەوتارەکەیدا دەنووسێت "نووسینەکانی ناو ئەم ڕۆژنامەیە جێگای لێوردبوونەوە و دیراسە کردنێکی قووڵە بۆ دەست نیشان کردنی هۆکارە خۆیی و بابەتییەکان. منیش دەمەوێت تیشک بخەمە

سـەر لایەنـی ڕابـردووی پەیوەنـدی شـۆڕش لەگەڵ جەمـاوەر. حـزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان لەو سەردەمانەی شۆڕشی کوردستان بەهێز و دەسـەڵاتدار بـوو لەنـاوچە بەرفـراوانە ئازادکراوەکـان لەگەڵ جەمـاوەر دیموکراتی نەبوون، ڕاستگۆ و دەست پاک و داوێن پاک نەبوون، هەرگیز ڕێگامـان بەخەڵـک نەداوە ڕەخـنە بگـرن و گلەییمـان لـێ بـکەن". ( عەلـی بچکـۆل، ٢٠١٨، ٣٢٠). لەشـوێنێکی دیـکەدا دەڵێـت "ئـای کە خەڵکمـان چەوساندەوە، زوڵممان لێکردن، سەدانیشمان بەدزی سەرنگون کرد. ئێستا جەنـازەی سـەدان خەڵـک نادیـارە و کەسـیش نـاوێرێ فـزە بکـات". (عەلـی بچکۆل، ٢٠١٨، ٣٢١). مەبەستمان لەم ئاماژە و گەڕانەوە بۆ بیرەوەریی و یادەوەرییەکانی خودی کارەکتەرە دیارەکانی نێو شۆڕشی چەکداری ئەوەیە ، تاکو بزانین بەهـای گوتـاری چەکدارانەی شـۆڕش لە چ ئاستێک بـووە و گوتـاری (دەق و نووسـین و بیـروڕا دەربـڕین) لەچ ئاسـتێک بـووە و چـۆن گوتـاری چەکداری و سیاسـی شـۆڕش هەڕەشـەی سـڕینەوە و کوشـتن و لەناوبردنی دەق و خاوەن دەقەکانی کردووە.

بەڵێ ئەم گوتارەی دەبووایە لەسەردەمی نسکۆی چەکداری و لەقۆناغی بەخۆداچـوونەوەی سیاسـی و فکـری لەنێـو شۆڕشـدا دروسـت بێـت، بەڵام بەهـۆی ئەوەی (گوتـاری فکـری و سیاسـی و ئاشـتەوایی و نووسـین و گفتوگۆی کراوە بوونەکەی سوودی نەبووە)، دەبینرێت (هەڕەشە و سزا و دادگـایی شۆڕشـگێڕانە و بڕیـاری تـاکڕەویی و قەدەغەکـردن تـاکو ئاسـتی کوشـتن) باڵادەسـتە، ئەم جیـاوازییە پەیوەنـدی بەئەخلاقـی بیرکـردنەوە و ئاسایشـــی شـــۆڕش و ڕەتکـــردنەوەی بیروبـــاوەڕی جیـــاواز و جیـــاواز بیرکــردنەوە و بەهاکــانی گفتوگــۆیە. گوتــار و گفتوگــۆ بنەمــای بەهــای دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی بەرهەم دەهێنن.

ئەوانەی بیر لەدروستکردنی ئازادی دەکەنەوە، پیش ئەوەی ڕزگاربین، بێگومـــان دونیـــایەکی نـــالۆژیکی بەرهەم دەهێـــنن و تونـــدوتیژی وەکـــو کردارێکی ڕەوا و دادپەروەرانە دژی ئەوانـی دیکە و تەنیـا دژی خۆشـیان

بەکاردەهێنن، ڕەوایەتی بە سڕینەوەی یەکتر و کوشتنی یەکتر دەدەن. ئەمە بەڕوونی لەنێو دەقی کۆچی سووردا بەرجەستەکراوە و بۆیەشە بڕیاری (کۆکردنەوە و سوتاندنی) دەدەن.

لای (کامۆ) مەسەلەکە بەستراوەتە بە (ڕزگاربوونی جەستە)، بۆیەشە (مەرسۆ) پاڵەوانی ڕۆمانی (نامۆ) بەشێوەیەکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ مەرگی دایکی دەکات و دەچێتە بەردەم سێدارە. لە (کۆچی سوور)دا نووسەر وای نمایش کردووە (مستۆ) بەشێوەیەکی ئاسایی لەکاتی سەرەمەرگدا لەناخی خۆیدا دەئاخڤێت و (پێشمەرگایەتی بەپێویست دەزانێت) و (سیابەند)یش کە (هەڵمەت) پێی دەڵێت (ئاگات لەخۆت بێت و دوور نییە لەناوت ببەن)، ئەو بەساردی و بێ هیچ کاردانەوەیەکی سەرنجڕاکێش و ترس و بیرکردنەوەیەک لە مەرگ و ژیان دەئاخڤێت، واتە (پێشوازیی لە بەهای مەرگ دەکات) بەتایبەتیش کە (مەرگ بە مەحەکی ژیان) دەزانێت، ئیدی (ڕزگاربوونی خود و ناخ لەو ئازارەی پێی دەڵێن ململانێ لەگەڵ هەڵەی ژیانی شۆڕش) بەشێوەیەکی سروشتی پێشوازی لێ دەکات.

### گوتاری ژانی گشتی

ئەم دەقە ئەدەبییە باسی ڕووداوەکانی ڕابردووی نێو شۆڕش ناگێڕێتەوە، بەڵکو باس لەئێستای شۆڕش دەکات و خۆی تۆماری بابەت و کەسایەتی و بیرکردنەوە و کەلتوور و ڕەفتاری خودی شۆڕش دەکات، ئەم دەقە مێژوومان بۆ ناگێڕێتەوە، بەڵکو باسی کردەی گوتاری شۆڕش و عەقڵیەتی شۆڕش دەکات. لەتەک تۆمارکردنی شتەکان، ئێستامان (کاتی نووسینەوەی ڕۆمانەکە بۆ دەگێڕێتەوە). بۆیە دەبێت ئاماژە بەڕووداوە زیندووەکانی ئەو کات بکەین.

کە یەکێتی دروست دەبێت چەند خاڵێک وەکو بنەمای گشتی ئەم حزبە سیاسییە نوێیە دادەنرێت لەوانە: (پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی) و

(ڕێکخـراوەکە حـزب نەبێت چوارچێـوەیەکی ڕێکخراوەیـی فـراوان بێـت بـۆ جـووڵانەوەی شۆڕشـگێڕانەی جەمـاوەر) و (بەرەش نەبێـت لەبەر نەبـوونی حزبێکـی پێشـڕەو و نەبـوونی حزبێکـی دیـکە) و (تەیـار و لایەنە سیاسـییە پێشـکەوتنخوازە جیاجیاکـان مـافی ململانێـی فکرییـان هەبێـت) و (کـۆمەڵە بەسەربەخۆیی بمێنێتەوە). (د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، ٢٠١١، ١١٤).

نووسـەری دەق کە باسـی شـۆڕش دەکـات لەوە زیـاتر دەزانێـت، کە پێشکەشـی دەکـات، چـونکە نایەوێـت هەمـوو شـتێک بڵێـت بـۆ؟ لەلایەک شـاردنەوەی هەنـدێک شـت بـۆ خـوێنەر بەجـێ دەهێڵێـت و لایەنە هـونەرییەکەی دەقەکەی پـێ بەهێـز دەکـات و وەکـو تـابلۆیەک دەیەوێـت خـوێنەر بەنێو بیرکـردنەوەیەکەی قووڵدا ڕابکێشـێت، وا لەخـوێنەر دەکـات هاوکـاریی بـن، بیـربکەنەوە و شـرۆڤەی ڕووداو و وێنـاکردن و بیـرۆکە و شـتەکان بـکەن. لەلایەکی دیکەدا سانسـۆری خـودی و سانسـۆری گشـتی لەنێو شۆڕشدا هەیە. ناتوانێت شتەکان هەمووی بڵێت، بۆ ئەوەی دەقەکەی شـێوە و شـێوازی مێژوونووسـی لەخۆنەگرێـت، بینـاکردنێکی هونەریـانەی پەیڕەو کـردووە، چـونکە هەمـوو گـووتن و دەقـاو دەق و وەکـو تۆمـارێکی ڕۆژانەی ڕووداوەکان ئاخـاڤتن، دەبێتە دەقێکـی مێژوویی. لەبیـری نەکەیـن دەقـی مێژوونووسـین خـاڵی لەڕووی کـات و شـوێن و کـارەکتەر و بـابەت دەستپێک و کۆتاییشـی هەیە، بەڵام ڕۆمـان پـڕە لەخەیـاڵ و خەیاڵاندنی بێ کۆتایی. بەواتای کۆتـایی هـاتنی هەمـوو ژیـان دەبێت. لەنێو ڕۆمانـدا ژیـان کۆتایی نایەت، بەڵام مێژوو ئاماژە بە کۆتایی ژیان و کات دەکات. کە ژیان کۆتایی نەیەت، واتە (یـاخیبوون و نـامۆبوونیش) ناتوانێت ببێتە بەربەسـت لەبەردەم خەم و ژان و بەها گشتییەکان.

(سـارتەر) دەڵێت "نووسـەر نایەوێـت هەمـوو شـتێک بگێـڕێتەوە، تەنـانەت ئەگەر بەنیـاز بێـت بـابەتەکەی بەکـامڵی پێشـکەش بکـات. ئەگەر ویسـتم بە دراوسـێکەم ڕابگەیەنم کە زەنگەسوورەیەک لەپەنجەرەکەوە هـاتە ژووری، پێوست بە وتەیەکی دووردوورودرێژ ناکـات، ئەوەنـدە بەسـە ئامـاژەیەک بکەم،

یان وشەیەک دەرببڕم و بڵێم: وریابە یان ئەوەتا، هەر کە چاوی پێکەوت ئیدی هەموو شت ڕوون دەبێتەوە". (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ١٣٣). شۆڕش کردەیەکی گشتییە، واتە هەستکردنە بەژانێکی گشتگیر و بۆیە بەگروپ و کۆمەڵ خەڵک بەشداری تێدا دەکەن و هەول دەرێت گوتاری شۆڕش گوتارێکی گشتی و بەگروپ بێت. کاتێک دەڵێت (شۆڕشەکەمان) واتە یاخبوونێکی گشتگیرانەیە، ئێمە دەزانین ئازاری تاکەکەسیش هەیە، بەڵام ئەمەیان هەر کاردانەوەی دروست بکات، لەچوارCێوەی بوونی کەسێکدا دەمێنێتەوە، یان دەڵێت: (شۆڕشی حزب و گروپ و ئایدیۆلۆژیەک و چینێکە) شۆڕشەکە ناسنامەیەکی تایبەتمەندی پێ دەبەخشرێت و لەگشتگیری دادەبڕێت. شۆڕشی نویَ (تایبەتمەندە و ناسنامەی گروپێکی هەیە و دژی گروپێکی دیکەی پێشەخۆیەتی، یان ڕەتکردنەوەی (کۆنە)، بەواتای ئەوەی ڕەتکردنەوەی بابەتێکی پێشەخۆیەتی). "بزاڤی یاخیبوون هەست بە ئازاری گشت دەکات، دەبێتە چارەنووسێکی هاوبەشی هەمووان". (البیر کامو، ١٩٨٣، ٢٩). یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەتەک فکری سیاسی، توندوتیژییەکی ترسناک و تۆقێنەری دژی لایەنە سیاسییەکان و جەماوەری حزبە سیاسییەکانی دیکە پیادە دەکات، ئەوان وەکو بەرە خۆیان دەرخست، بەڵام لەکردەوەدا لەخەمی هێز و ناوچەکانی خۆیان و مانەوە و خۆسەپاندن بەهێزی چەکدارانەی خۆیان دابوون "لەدایکبوونی (ی.ن.ک) لەسەرەتای قۆناغێکی نوێی کوردایەتی بوو، کە لەڕووی فکری سیاسی، سۆسیۆ – سیاسی و پراکتیزەکردنی شۆڕشدا بەشێوەیەکی ڕادیکاڵانە جیاواز بوو". (د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، ٢٠١١، ١٢٠). ئەمە بۆچوونی (ئازاد جوندیانی)یە، کە لە (ڕۆژنامەی کوردستانی نویَ ژمارە ٢١٦١ی ١-٦-٢٠٠٠دا) بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕادیکاڵبوونە ڕێک دەمانبەستێتەوە بەسیاسەت و قەناعەت و نەریت و کردەوە توندڕەوییەکانی چەکدارەکانی یەکێتی بەتایبەتی لەسەردەمی شەڕی براکوژیدا. هەرچەندە یەکێتی دەیەوێت بڵێت من (یاخیبوونێکی

شۆڕشگێڕانەم و جیاوازم و ئەلتەرناتیڤێکی پێشکەوتنخوازانەم) بەرانبەر هەرەسی شۆڕشێکی مەزن و سەرکردایەتییەکی کۆن و چینە کۆمەڵایەتییە دواکەتووە کۆنەپەرستەکان. ئەم گوتارەی یەکێتی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ هەموو ئەو کردەوانەی بەشێوەی دەستوبرد تەبریری ئەنجامدانی بۆ دەهێنایەوە و ئەو نزیک لەسیاسەت و فکری (ماکیاڤیلی) سیاسەت و هەڵسوکەوتی دەکرد (ئامانجەکان هەمیشە پاکانەیان بۆ ئامراز و شێوازەکانیان دەکرد).

(خەلیفە) لەدوای ئەوەی لە بێ ئومێدبوون لەدۆزینەوەی چارەنووسی کاروانەکە دەئاخڤێت، دەڵێت "نا، نا، نا نابێت بەم زووانە بچمەوە ئاوایی". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢،١٦٣). لەگشت دادەبڕێت و ڕوو لەدابڕان و تایبەتمەندی دەکات. (مستۆ) کە بۆ خواردن دەچێتەماڵێک لەگفتوگۆیەکی ناخەکیدا دەبێژێت "دەبا ئەمشەو چەوساوەی دەستی ئەم بیت، گوێگر بیت، خۆ مەرج نییە دڵت لێی بێ... خۆ ئەگەر ئەم ترە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە نەبوایە مرۆڤ بەتاقی تەنیا دیقی دەکرد.... بەس نییە ئەم فشە پەیوەندییانەش هەن. کە جار جارێ کەیفە کەرانەیەک بە مرۆڤ دەبەخشێ و بەدرۆ و بەڕاست خۆی لەبیر دەکات! یا بە تۆپزی تەنیایی خۆی بەملی یەکێکی دیدا دەدات...". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٢١). ئەم بەگشتی بوونە لەڕێگەی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لاواز بەرجەستەیە. لەلایەک (جۆرێک لە قایلبوون و ڕەزامەندی تێدایە بۆ ئەوەی گوێ لەخاوەنی ماڵی گوندنشین بگیرێت و لەلایەکی دیکەشدا بەگومان و گلەییەوە وەسفی زەمینەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکە دەکات و بە (کەیفە کەرانە و درۆ و ڕاست و بەتۆپزی) وەسفی دەکات. بوونە بەشێک لەگشت جۆرێک لەفشاری خودی و خۆدابڕین لەهەندێک بیرۆکە و فکر و قەناعەتی تایبەتی کارەکتەرەکەی تێدایە. من دڵنیام ئەگەر (کۆچی سوور) تایبەتمەندی خۆی نەپاراستبووایە، نەیدەتوانی بژیت و دەقێکی کاریگەر و زیندوو بێت، بەڵام ئەو تایبەتمەندییە نەبۆتە هۆکار بۆ ڕەتکردنەوەی گشت.

(عەلـــی بچکـــۆل) لەوتـــارەکەی لە (بەرەی کوردســـتانی) و دواتـــر ڕونکـــردەوەیەک لەبـــارەی بڕیـــارە توونـــدەکەی (نەوشـــیروان مســـتەفا) دەنووسێت "مـن وەک نووسـەرێک نەمتـوانییە بـاش بیپێچمەوە و بیـانوو نەدەمە دەسـت فرسـەت تەڵەبەکـان، ئەوانەی بێویژدانـانە بەدوای شـکانی تێکۆشەرەکاندا دەگەڕێن بۆ شاردنەوەی خوێنڕێژی و بێویژدانی خۆیـان و هەر تینـوی خوێنڕشـتن و پیاوکوشـتن و شـەڕ و شـۆڕش نـاوخۆیی دروستکردنن لەپاڵ چەپخوازی مارکسی لینیندا، ئەوانە لەژێر ئەم پەردانەدا و دڵڕەشـی و دەستڕەشـی و ترسـنۆکی خۆیـانی پێدەشـاردنەوە هەڵبـازانە فرسـەت دەهێنن و ملی چەنـدان تێکۆشـەر دەشکێنن و فەرمـانی کوشتنی چەنـدانیان داو چەنـدان کـچ و کـوڕی بێتـاوان بەفەرمـانی ئەوان و لەسـەر دەسـتی ماسـتاوچییە ترسـنۆکە دزەکانیـان کـوژران، هەڕەشـە و گوڕەشـە لەچەنـدان جووتیـار و کرێکـار و کاسبکار و قوتـابی و مامۆسـتا و بینـاوو پێگرتنیـان و دەرپەڕانـدنیان بـۆ ئەوەی نیشـانی بـدەن ئەو ترسـنۆکانە هەر خۆیـان پـاڵەوانی مەیـدانی ڕۆژی ڕەشـن". (عەلـی بچکـول، ٢٠١٨، ٣٢٤). مەبەسـتمان ئەوەیە بەرهەمهێنـانی دەق دەبێـتە کارەسـات بـۆ گوتـاری تونـدوتیژانەی چەکـداری، یـان ئەوانەی لەپێنـاو خۆیانـدا گوتـاری تـۆڵە و سزادان و سڕینەوەی ئەوانی دیکەیان پەیڕەو کردووە.

(مسـتۆ) لەگفتوگۆیەکـدا کە بـریتییە لە گێـڕانەوەی قسـەکانی بـاوکی و بیرهـــاتنەوەی ئەو شـــتانەی پێشـــتر گـــوێی لێبـــووە و پەیوەنـــدییان بە (سـەرکاروانی ئێسـتاوە هەیە)، دەڵێت: "کـێ هەیە کە نـاوی عەزیـز دۆغـری بێت و ڕەحمەتی بۆ نەنێرێ و ستایشـی نەکـات.. ئەگەر پێـی بڵـێم: بـابە ئەو بـۆ خـۆی کـردی بـۆ خـۆی... بەس لەسـەر حیسـابی مـردووان بـژین. بەس کۆنە دەفتەران هەڵبدەنەوە، ئـاخر ئەوە نیشـانەی ئیفلاس بـوونە! ئـاخر کـێ بەمەلەی کێ دەپەڕێتەوە!! هەی هەزار بەڵام لەو کەسەی دا کە ئەو ئەقڵەی خستە مێشکی ئێوەوە". (حەمە کەریم حـارف، ٢٠١٢، ١٢٣). لێرەدا بەزەقی

و ڕوونی ئاخێوەر و گوتیار دەیەوێت خۆی لەو تایبەتمەندییە کەسییە کۆنە داپچڕێت و لەنێو گشتدا بتوێتەوە.

نووسەری (کۆچی سوور) پێش ئەم بیرەوەریانە و پێش بڵاوبوونەوەی ئەم زانیاریی و بۆچوونە سیاسیانە لەشێوەی (ڕۆمانێک)دا بەشێکی زۆر ئەم بابەت و غەدر و هەڵە و و ئیستغلالەی لەشێوەی هێما و ڕەمز، لەڕێگەی گێڕانەوەی هونەریانە، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و ڕاستەوخۆ لەنێو دەقەکەی خۆیدا بەکارهێناوە، بەڕای من ئەم ڕۆمانە دەبێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ دەرکەوتنی ئەم جۆرە شیکردنەوە و وتار و بابەتە ڕۆژنامەنووسیانە، لەکاتێکدا لەدۆخی شۆڕشدا زۆر زەحمەتە ئەم بیروبۆچوونانە قبوول بکرێت، کە سەرکردەکان و کارەکتەرە بڕیار بەدەستەکان دەیانەوێت (گیڤارایەکی بێ ئەزموونی شەڕکەرانی باڵادەست و بەهێز و فاکتەری ئەوانی دیکە بن).

بەڵێ یاخیبوونێکی شۆڕشگێڕانە دەربڕ و گوزارشت دەبێت لەئازاری گشت، بەڵام ئەوەی لەنێو (کۆچی سوور)دا ئاماژەی پێکراوە "ڕزگاریی جیاوازە لە ئازادیی لەسەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا، ڕزگاریی بەمانای ئازادیی نایەت وەکو یەک نین، یاخود ئەو ئازادیانەی لەئەنجامی ڕزگاریخوازیی بەدەستهاتوون چیرۆکی هەموو ئازادییەکان دەگێڕێتەوە". (حنا اردیت، ٢٠٠٨، ٤٤). ئەگەر وەکو (جیفرسۆن) ئاماژەی پێکردووە لە ئەمەریکا لەسەردەمی کۆندا ململانێ (لەنێوان لایەنگرانی حکوومەتی کۆماریی و لایەنگرانی حکوومەتی مولکداریی بووبێت). ( **Tomas Jefferson, , 1994, P 117** ). ئەوە لە (کۆچی سوور)دا ململانێ لەنێوان ڕزگاریی لەبیرکردنەوە و شێوازی فکری و هەڵسوکەوتی کۆنی خۆپەرستانەی تاکڕەویی بۆرژوازیانەیە لەگەڵ بیرکردنەوەی سەردەمی خوێندەواریی و پابەستبوون بەفکری پرۆلیتاریا. جیاکردنەوەی (شەڕ و شۆڕش) وەکو جیاکردنەوەی قۆناغی ڕزگاریخوازیی و سەرەتاکانی ڕزگاریی و ئازادیخوازیی و بەدیهێنانی دۆخی ئازادبوونە لەژێر فشار و نیری باری

قورسی شۆڕش. تێگەیشتن لەم دوو چەمکە تێگەیشتنە لە دوو قۆناغی مێژوویی و فکریی و ئایدیۆلۆژی و هەتا سیاسی گرنگیش. ئەرکی ئەدەبێکی ڕەخنەگرانەی فکری، جیاکردنەوەی شتەکانە. ئەدەب و نووسین لەسەردەمی شاخدا هەڵگری فکر و بۆچوونی قووڵی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بووە. هیچ وشەیەک بێ باج و واتا و بەها و پێگە و بەرپرسیاریەتی بەکارنەهێنراوە. مامەڵەکردن لەگەڵ دەق مامەڵەی وەکو مامەڵەی دادگا بووە لەگەڵ تاوان و لێپێچینەوە و سزادان. نووسەر هەمیشە دادوەرێکی بەهێز و خاوەن ئیرادە و لۆژیک و ڕۆشنبیرییەکی قووڵ بووە، لەچۆنیەتی بەکارهێنانی وشە و بابەت و مەبەست و گوتاری نێو دەقەکەدا هەموو حیسابێکی کردووە.

(حەمەکەریم عارف) لەبەکارهێنانی زمان لەنێو دەقدا دادوەرێکی فکریش بووە، بابەتەکانی هەر وا لەگۆترە و بێ حیساب و لێکدانەوە و بێ مەبەست هەڵنەبژاردووە، ئەو خۆی بابەتەکانی هەڵبژاردووە و لە کەشوهەوای کوردییدا دەژین، یان بەواتایەکی دیکە ئەو بابەتی بۆ هەڵنەبژێردراوە. ئەو خۆی گوتاری دەقەکەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و شۆڕش بەسەریدا نەسەپاندووە و بۆی هەڵنەبژێردراوە. دەقی شۆڕشگێڕانەی بەرز لەنێو شۆڕشدا هەن، لەهەمان گاڤدا هەندێک دەق چەندیش کاریگەر بووبن و دەقەکە هەرچەندە بەرز و خاوەن پێگە بووایە وەکو ئەوە وایە دەقەکەی بۆ هەڵبژێردرابێت، بریتییە لەپێویستییە سەپێنراوەکانی خودی شۆڕش، نەک هەڵبژاردەیەکی جیاوازیی نێو خودی شۆڕشەکە.

جیاوازیی لەنێوان ئەم دوو قۆناغە، جیاوازییە لەنێوان دوو سەردەمی مێژوویی جیاواز. جیاوازیی کردنە لەنێوان ناکۆکی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێوان دوو چین و دوو شێوازی حووکمڕانی و دووجۆر شۆڕش و دوو گوتاری جیاواز و دوو ستایل و بیرکردنەوە و شێوازی نووسین.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەرێ بەڕاست شۆڕش شتە کۆنەکان تێک دەشکێنێت و لەناویان دەبات و شتی نوێیان لەشوێن دروست دەکات؟ یان

خـوولانەوەیەکە لە بۆشـاییەکی بـێ کۆتـایی و شـۆڕش لەجیـاتی شـتە نوێیەکان تەنیا شێوازێکی نوێ لەپێناو نمایشـی هەمـان ئامـانج و مەبەسـتی کۆنی باوی سەرکوتکارانە پەیڕەو دەکات؟

نـامۆبوون لەنێـو نـامۆبوونی شـۆڕش، گوتـار لەنێـو گوتـاری شۆڕشـدا، یـاخیبوون لەنێـو یـاخیبوونی شۆڕشـدا چ دەگەیەنێت؟. بەڕای مـن بـریتییە لەململانێی نێوان عەقڵی نوێ و شێوازی نوێ و خۆسـەپاندن و فریـودان و سەرکوتی شۆڕشگێڕانە!!. کە لەکردەوەدا ململانێیە لەنێـو خـودی (نـوێ)دا نەک لەنێوان (کۆن و نوێ)دا.

ئەم جۆرە گوتارە لەسەردەمی شاخدا و لەنێو شۆڕشی شۆڕشگێڕانەی چەکداری وەکو ئەوە وایە، کە (کۆمەڵە لەنێو هەناوی شۆڕشی ئەیلوولدا) دروست دەکرێت و (مام جەلال) خۆی بەرپرسی یەکەمی ئەو گروپە بووە. لەململاندا (ئالای شۆڕش) دژی (کۆمەڵە و یەکێتی) بەوە تاوانبار کراون کە تێکدەرن و "دژی کۆمەڵەن و بەشێوازی موئامەرە کاردەکەن، دەیانەوێت کۆمەڵە لەناوەوە هەڵتەکێنن. ڕێکخستن لەناو ڕێکخستندا دروست دەکەن و دەیانەوێـت دەسـت بەسـەر کـۆمەڵەدا بگـرن. پڕوپاگەنـدە و تـۆمەت بـۆ ناشـیرینکردن و سـووکردنی کـۆمەڵە و یەکێتـی و سـەرکردەکانیان هەڵدەبەسـتن ورەی پێشـمەرگە دەڕوخێـنن و هانیـان دەدەن واز لە پێشـمەرگایەتی و خەبـاتی شـاخ بهێـنن". (هەڤـال کوێسـتانی، ٢٠١٧، ٣٧٧). لەمەش ڕوونتر لەبارەی گوتـاری ئەم ناکۆکیـانە لەسـەرەتاوە بەسـتراونەتە بە (دەقی گوتار)، یان (گوتاری دەقەوە)، دەق وەکو سـەرچاوە و بەڵگە بۆ سەلماندنی گوتار لەنێو گوتاری شۆڕشدا وەکو بەڵگەنامە بۆ تاوانبـارکردن بەکـارهێنراوە. گوتـاری ڕێکخسـتنێکی نهێنـی لەنـاو ڕێکخسـتنێکی ئاشـکرا و دیـاری نێـو شـۆڕش بەکـار دەهێـنن. سـەرباری تـۆمەتە سیاسـی و ڕێکخراوەییەکـان بە دەرکردنـی کۆمەڵێـک بڵاوکـراوەش تۆمەتبـار دەکـران لەوانە "(نمانـامە) و (چیتـر بێـدەنگ نـابین) و(هەڵوێسـت) و (سـازشـی بۆرژوازییەکـان و هەڵوێسـتی مارکسـیەکان). کە لەهەر هەموویـان هێرشـی

توونت کراوەتە سەر سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتی بەگشتی و مام جەلال و نەوشیروان مستەفا". (هەڤاڵ کوێستانی ، ٢٠١٧، ٣٧٧).


لە (کـۆچی سـوور)دا بەڕوونـی جەخـت لەسـەر ئەوە کـراوەتەوە کە (سـەرکردە/ مەحمـوود) دەوروپشـتێکی لاوازی هەڵپەرسـت و پاشـکۆی دروستکردووە و (سـەر کـاروان) (نەزان و نەفـامە). ئەویـش لە (شـێخەی کوڕی کاکە شێخ) بەرجەستە کردووە.

"پێش شۆڕش، هەموو ئەدەب، بەشێوەیەکی سەرەکی، لەگەڵ نایەکسانی و ئازارەکـانی بـارودۆخی کـۆمەڵایەتی جۆراوجـۆردا هاوئاهەنـگ بـوو و ئیـنجە ئەم ئەدەبیـاتەی گلەیـی لەئـازار و نایەکسـانی دەکـات، هـیچ کـاریگەرییەکی لەسـەر شـۆڕش نیـیە، چـونکە بەهـیچ شـێوەیەک هـیچ دەسەڵاتێکی نییە؛ ستەمکار هیچ شتێکی پێ نادات. تەنانەت ئەگەر مشک لەقیژەی خۆیدا ئەدەبیاتێکی نایاب بەرهەم بهێنێت، پشیلەکە هێشتا بەبێ ڕێوڕەسـم دەیخـوات". (**https://lithub.com/lu-xun-what-is-revolutionary-literature/** ). بەواتـایەکی دیـکە گوتـاری شـۆڕش وەکـو پشـیلەکە بەشـێوەیەکی کتـوپڕ بێـت، یـان بەئاشـکرا و نهێنـی نووسـەری خـاوەنی بەرهەمی داهێنەرانە قبووڵ ناکات، تەنیا ئەو کەسانەش قوبووڵ ناکات، کە بیانەوێت تەنیا بەقسە و ئاخاوتن و بیرکردنەوەش لەسنوورێکی دیاریکراو و بەوشـەی ئاسـایی و دوور لەدژایەتـی نـاکۆک بـن لەگەڵ (پشـیلە)، ئەو کەسانە و ئەو ئەدەبە وەکو مشکەکە بێ خواستی خۆی و بێ مۆڵەت و ئاگاداری پێشەکیانە ڕاو دەکرێن و سزا دەدرێن و دەسڕێنەوە. (مستۆ) کە نهێنی جۆری پاکتاوکردنی (سیابەند) دەزانێت، لەپشتەوەڕا پاکتاوی دەکەن و (سیابەند) خۆشی لەڕێگەی دەربڕینی ڕاشکاوانەی ئاشکرای بەکارهێنانی وشـەی (پێناسـەی شتەکان و دەوروبەر و خودی کەسەکان و خۆشی بە هەڵە) پاکتاو دەکرێت.

ئایا گوتاری یاخیبوون لەنێو گوتاری شۆڕشدا بەکردەوە بیرکردنەوەیە لە چ بـابەت و مەبەسـتێک؟ ئایـا بیرکـردنەوەیە لەخـودی مـرۆڤ و

دەربازبوون لە هێزە نادیارە فیزییەکان، ئاشکراکردنی ململانێی فکری و ئایدیۆلۆژییە، یان بیرکردنەوەیە لەخودی ئەو هێزەی لەنێو شۆڕشدا دەیەوێت یاخیبوون لەپێناو نەهێشتنی گیانی یاخیبوون بەکاربهێنێت؟ ئایا بەکردەوە دەقی وشە و هێزی وشە دەتوانێت نەک هەر تەنیا وێنای یاخیبوون بکات، بەڵکو خۆی کردەیەکەی هەقیقی گوتاری یاخیبوونەوە لەپێناو ئاشکراکردنی ئەو هێزە نادیارەی دەیەوێت یاخیبوون لەپێناو تێکشکاندن و بێ هیواکردن و نامۆبوون لەنێو شۆڕشدا بەکار بهێنێت؟

(نەوشیروان مستەفا) لەبارەی ئالای شۆڕش وێڕای ئاماژەکردن بە چەندین خاڵ و ناکۆکی و مەترسییەکانی ئەم گروپە لەبەشێکیدا دەڵێت "بەم کارانە ئاش ئاژاوەیەکی فیکری و گێروگرفتێکی سیاسیی و کێشەیەکی ڕێکخراوەییان لەناو یەکێتی و هێزەکەی دا و لەپاڵ ئەوانەیشدا مەترسییەکی ئەمنییان بۆ سەر سەلامەتی یەکێتی دروستکرد بوو.. ئەبو ئیتر ڕادەیەک بۆ ئەم ئاژاوەیە دابنرێ و چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە". (نەوشیروان مسستەفا ئەمین، ١٩٩٩، ٩٨). لێرەدا دەبێت لەسەر سێ خاڵی گرنگ بووەستین: (ئاژاوە و بەزاندنی سنووری ئەمنی و چارەسەر).



ئەمە بەکردەوە سێ کوچکەی بەرهەمهێنانی گوتارێکی پڕ لەگومان و گریمانەیە بۆ چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەیەک لە بە(ئاژاوە وەسفکراوە). ئاژاوە واتا (ناڕەوا، منداڵانە، تێکدەر، خودانی کێشە) و (چارەسەر)یش پێویستی بە (حووکم و بڕیار و شێواز و ڕێگای جیاوازی چارەسەکردن و سنوور بۆ دانان و فشار و بەکارهێنانی هێز هەیە) ئەمانەش بەرانبەر دۆخی (مەترسیداری ئەمنی) دانراوە. هەر کاتێک (مەترسی ئەمنی و ئاژاوەیەکی مەترسیدار هەبێت) لەنێو دۆخی شۆڕشی شۆڕشگێڕانەی چەکداریدا، یەکسەر پێویست بە (فەرمانی کاردانەوەی بنەڕەتی شۆڕشگێڕانەی چەکداریش) دەکات بۆیە ئەم هەنگاوانە دوای ئەوەی لەچەند خاڵێک کورت دەکاتەوە و ناگەنە هیچ ئاکامێک، دەڵێت "لەهێرشەکانیاندا دڕتر بوون ناچار بووین بۆ بەرپەرچدانەوەی ئیتیهام و پڕوپاگەندەکانیان زنجیرەیەک وتار لە گۆڤاری (کۆمەڵە)دا بنووسین و بنچینە فکرییەکانیان هەڵبتەکێنین. دواتریش م. س لەکۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاری چەککردن و گرتنی سەرکردایەتییەکەی دان. جێبەجێکردنی کارەکەیش بەهەندێ لەفەرمانەکانی پێشمەرگە بەیارمەتی مەلبەندی ١ ئەگەر پێویستی کرد لەشەوی ١-١١/٢/ ١٩٨٥ هێزێک چووە سەر ماڵی مەلا بەختیار لەگوندی تەکیە و بە بێ شەڕ و تەقە خۆی و هاوڕێکانی گیران و دەزگای چاپەکەشیان کە لەماڵەکەی ئەودا حەشار درابوو دەستی بەسەردا گیرا دوایین ژمارەی ئاش و بەڵگەکانیان کەوتە بەردەس جگە لە مەلا بەختیار و شیخ عەلی و پشکۆ ئەوانی کە هەموویان ئازاد کران". (نەوشیروان مستەفا ئەمین، ١٩٩٩، ٩٩). دەبێت دان بەوەدا بنێین هیچ (پڕوپاگەندەیەکی شۆڕشگێڕانە بێ خەباتی چەکداری نابێت). (مجموعة، ١٩٧٠، ٢٦). بەو واتایەی بانگەشە و پڕوپاگەندە دژی گروپێک، یان لایەنێکی دیکە کراوە لەسەردەمی گوتاری چەکداریدا، کە بەستراوەتەوە بە گوتاری پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕانە، بێگومان بەستراوەتەوە بە گوتاری

خەبـــاتی چەکـــداری. لای هەمووشـــمان ڕوونە خەبـــاتی چەکـــداری پەیوەنـدییەکی جەدەلـی و تـۆکمەی بەتونـدوتیژی و سـڕینەی پەیوەنـدییە ئەخلاقییە کۆمەڵایەتییە باوەکانی نێو کۆمەڵگە هەیە و پشت بەبەکارهێنانی هەندێک لەدژی هەنـدێک دەبەستێت و گفتوگۆی سیاسـی لەپلەیەکی نـزم دێـت و زۆر پشـتی پـێ نابەسـترێت. ئەگەر پێـداچوونەوەیەک بە گوتـاری شۆڕشـگێڕی ئەو سـەردەمەدا بکرێـت، بەڕوونـی هەسـت بەم ئاراسـتەیە دەکرێت، کە گوتاری چەک باڵادەستە و ئەم گوتارەش ڕووبەڕووی چەکە و چەکیش وەڵامی داوەتەوە. لێرەدا تایبەتمەندییەکانی گروپ و بیرکردنەوە بەهۆی چەک و گوتاری هێز دەسڕێتەوە.

بۆچوونێکی گشتی هەیە وەکو چۆن کۆیلەکان لەڕێگەی یاخیبوونەوە دەستیان پێکرد، لای نەتەوە کۆنەکان و لەسەردەمی کۆندا ڕاپەڕین لەئارادا نەبووە، ئەوەی دەکرا هەمـووی یـاخیبوون بـووە لە دەسـەڵات و شـێوەی حـووکمڕانی کـۆن، شـۆڕش دیـاردەیەکی هاوچەرخـانەی نـوێیە، ئەوهـاش "بەشـێوەیەکی گشـتی نەتەوە چەوسـاوەکان کـردەی یـاخیبوون ئەنجـام دەدەن". (حنـا ارینـدت، ٢٠٠٨، ٤٦). (جەلال تاڵەبـانی)یش لە بـۆنەی یـۆبیلی زێڕینی یەکێتیدا دەڵێت "لێرەوە بۆ یەکەمجار لەنـاو کوردایەتی خۆیدا، واتە لەجووڵانەوەی ڕزگاری و دیموکراتی خەڵکی کوردستاندا، فرە بـاڵی و فرە بیروبـاوەڕی فەلسـەفی و سیاسـی جیاجیـا لەنـاویەک تـاکە ڕێکخسـتندا هاتەکایەوە). (د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، ٢٠١١، ١٢١).

دەبێت ئاماژە بەوە بکەین گوتاری وشـە لەنێو گوتـاری تفەنگدا بـریتییە لەگوتـارێکی لاشـەڕی فکـری و ئاشـتیانە، کە لەتەنیشـت ئەودا گوتـارێکی سـەخت و ڕەق و ئـاڵۆز و تونـدوتیژی سـەرکوتکەرانەی شـۆڕش هەیە. ئەمەش بـریتییە لەنـاکۆکی و دژبەیەکبـوونی دوو گوتـاری جیـاواز لە گوتارێکدا، کە پشت بەوشە و ئەوی دیکەشیان پشت بە چەک دەبەستێت.

گوتـاری ڕۆمـان و دەقـی ئەدەبـی بـریتییە لەگوتـاری گێـڕانەوە و بیرەوەریـی و خەیاڵانـدنی واقیـع، بەڵام گوتـاری شـۆڕش بـریتییە

لەخۆسەپاندن و بەپاشکۆکردنی هەموو شتێک لەپێناو گەیشتنە ئامانجە پیرۆزەکانی خەبات. گوتاری دەقی ڕەخنەگرانە لەنێو شۆڕشدا بریتییە لە گوتاری (ڕیسواکردن) و گوتاری شۆڕشیش بریتییە لە (سزادان و فەرمانی ناوەندیی و پێشمەرگانە) و گوتاری ئەدەبی شۆڕشگێڕانە بریتییە لە گوتارێکی شیکاریی، لەنێو گوتارێکی خۆسەپاندنی دوور لە شیکردنەوە.

بۆیە بەپێی ئەم چەمکە ئاساییە کوردیش یاخیبوون و شەڕی دژی دەسەڵاتی سەرکوتکارانەی بەغدا هەبێت، نەک شۆڕش. لەکاتێکدا یاخیبوون واتایەکی ئەرێنی دەبەخشێت، نەک نەگونجاو.

بەواتایەکی دیکە لەکوێ دەقی ئەدەبی دەبێتە بەشێک لەکردەی ڕەخنەگرانە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزە نادیارە فریودەرەی بەهەموو هێزییەوە چۆتە نێو گیانی گوتاری شۆڕش و دەیەوێت وەکو کردەیەکی شێوێنراوی تۆقێنەر بەکاربهێنرێت؟

(حەمە کەریم عارف) پێشمەرگەیەک لەنێو سەنگەرەکانی شۆڕشدا دەقێک وەکو ڕەخنەیەکی ئاشکرای ئەدەبی لەپێناو ئاشکراکردنی پێکهاتەی نهێنی نێو گوتاری شۆڕش بنووسێت. ئەو بەکردەوە بەشدارە لەڕەخنەگرتن و ئاشکراکردنی لایەنە ترسناکەکانی ئەو هێزەی خۆی وەکو هێزێکی نافیزیکی و نادیار و بەهێز و خۆ نمایش کردن وەکو خواوەند ئاشکرا دەکات، ئەم ئاشکرا کردنە ئەگەر لای دەقنووسیش مەبەست گۆڕانکاریی و لەنێوبردنی ئەو هێزە نەبێت، بەڵام خودی هێزەکە وا لە مەبەست و پەیامی گوتاری دەقەکە دەگات، کە کار بۆ هەڵوەشانەوە و سڕینەوە و ڕیسواکردنی ئەو دەکات. بۆیە سەرکردەیەک لەم دەقە یاخی دەبێت و بڕیاری سزادان و سڕینەوە و سووتاندنی دەدات.

حووکم و بڕیاری زانستی کردەیەکی عاقڵانەیە، یان کردەیەکی مەعریفییە، بەڵام حووکم و بڕیاری مەعنەوی کردەیەکی ویژدانییە. (چون کارل فلوجل، بدون سنة، ٢١). لەم کردەوەیەدا ناعەقڵانیەتی شوێنی عەقڵانیەتی ڕەخنەگرانەی هێزی وشە دەگرێتەوە. باشە بۆ دەبێت لەپێناو

لەنێوبردنی دەقێک، کە ئاماژە بەنامۆبوونی ئەندامەکانی شۆڕشی چەکداری لەسایەی هێزێکی دیاریکراو دەکات دەبێت فەرمانی سزادان و سڕینەوە و لەناوبردنی بدرێت. لەکاتێکدا ئەو دەقە تەنیا گوتارە بەوشە لەپێناو ڕەخنەگرتن وەکو یاخیبوونێک لەنێو گوتاری چەکدارانەی هێزێکی چەکداری شۆڕشدا بەرهەم دەهێنرێت و کاریگەری لەسەر هەست و نەست و بیرکردنەوەی تاکەکانی نێو شۆڕش دروست دەبێت.

سەگوەڕی (موحەمەد موکری)ش بەر لەدەقی کۆچی سووری (حەمە کەریم عارف) نووسراوە، ئەو کات دەنگۆیەکی زۆری لەلایەن ئەندامەکانی شۆڕش بەدوادا هات، ئەم دەنگۆیە دەبێتە جۆرێک لەدەمارگرژی هەندێک لەکادر و پێشمەرگەکانی نێو شۆڕش بۆیە دواتر (مام جەلال) وەکو ڕێوشوێنێکی مام ناوەندی بۆ ساردکردنەوەی دەمارگیرییەکە و دەربازکردنی نووسەرەکەی و دەقەکەش لەسزادانێکی توند، پێشکەییەک بۆ سەگوەر دەنووسیت.

لەکاتێکدا ئەم پێشەکییە بەواتای بەدیهێنانی ئازادی بۆ بیروباوەڕ نییە، بەڵکو گوتارێکە بۆ داکۆکی لەنێوبانگ و کردەوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و خودی خۆی، کە بابەتەکەی وەکو سەرکردەیەک نووسیووە، کە لەهەموو سەرکردەکانی دیکە پتر بانگەشەی ئازادی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی کردووە. ئەگەر نا بەپێی بۆچوونەکانی (ئازاد جوندیانی) "دامەزراندنی (ی.ن.ک) پێگەی کۆمەڵایەتی و هێزە بزوێنەرە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی گۆڕی. مانا و مەوداکانی (سەرکردایەتی) گۆڕی. ئەویش ڕزگارکردنی یەکجارەکی کوردایەتی لەتاکە حزبی کوردایەتی و تاکە ڕابەری کوردایەتی، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا گۆڕینی بنەڕەتی بوو لەوەی پێی دەڵێن سۆسیۆلۆژیای شۆڕش". (د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، ٢٠١١، ١٢١).

(مەحموود) دەڵێت: نەکەی بەسەر کەسیاندا باز بدەی! چاویان بکرێتەوە دەتخۆن زمانیان بپژێت لە وارو یۆخت دەنیشن. ئەم چەکل و مەکلەی

دەورویشت غافڵ مەکە! دەمیان چەور بکە با درِتر بن با کەس نەوێرێ لەئاستی ئەوانیش بکۆکێ!". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٩). ئەمە نێوەرۆکی ئەو گوتارەیە، کە دەقەکە لەپێناسەی بەرپرس و چۆنیەتی بیرکردنەوەیاندا بەرجەستە کراوە.

## یاخیبوونی شۆڕشگێڕانە

ئێمە دەزانین شۆڕشەکانی کورد لەنێوەڕۆکدا پێشکەوتنخواز و ڕەوان، هەرچەندە لەنێو شۆڕشدا دیاردەی خراپ و نامۆ و نەگونجاویش قەومان، یان هەندێک لایەن و کەسایەتی ویستویانە شۆڕش لەنێوەڕۆکەکەی دابپچڕن و لەپێناو گەیشتنە مەبەستەکانیان کاری نەشیاو لەڕێگەی ئامراز و هۆکار و شێوازی نارەوا بەدی بهێنن، یان وەکو ماکیاڤلییەکی مەڕ پەنایان بۆ ئەوە بردووە کە "ئامانج پاکانە بۆ وەسیلە دەکات".

(کامۆ) دەڵێت "هیچ شۆڕشێک بێ چاکسازی نابێت، لەنێو شۆڕشی ئابووریدا ئەگەر خوێناوی بێت، یان ئاشتیخوازانە لەبەکارهێنانی ئامرازەکانیدا، دەبێت لەهەمان کاتدا شۆڕشێکی سیاسیش بێت، بۆیە لێرەدا جیاوازیی لەنێوان شۆڕش و بزاڤێکی یاخیبوو دەکرێت. ئەمەش بێ دوو دڵی ئەوە نیشان دەدات دەبێت حکوومەتێکی نوێ بێتە ئاراوە. شۆڕش لەبیروباوەڕێک دەست پێ دەکات، ئەم بیروباوەڕە دەبێتە ئەزموونێکی مێژوویی، کەچی یاخیبوون تەنیا و تەنیا بزاڤێکە و لەئەزموونێکی تاکەکەسی دەگوزارێتەوە بۆ ئەزموون". (البیر کامو، ١٩٨٣، ١٣٦). (کۆچی سوور)یش بە زەقی ئاماژە بەوە دەکات ئەوەی هەیە (شەڕە و بزاڤێکی چەکدارییە، نەک شۆڕش).

چاکسازیی و گواستنەوەی بزاڤێک بۆ ئەزموون نەبۆتە بنەمای ئەو فکرە بنەڕەتییەی کە لەسەرەتاوە یەکێتی لەپێناو دروستکراوە، (عادل موراد) وەکو تێڕوانینێکی سیاسی و ئەزموونێکی سیاسی ئەو کات ئاماژە بەدوو هۆکاری

سیاسی و فکری و هێز لەبەردەم یەکێتی ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەوانیش (ڕێگرییەک لەلایەن ئەو بەناو بزوتنەوە چەپخوازە سەرتاسەرییەوە بوو کە لە (حشع) خۆی دەبینەوە و دەترسا کوردایەتی لەکاتی فراوانبوونی ئامانجی نەتەوەیی ڕووتەوە بۆ ئامانج گەلێکی کۆمەڵایەتی جلەوکە لەدەست ئەو دەربێنێت پاکانەی بوون و جێ پێ قایمبوونی لە کوردستان نەمێنێت. ئەوی دیکەشیان ئەو ڕەوتە کۆنەپەرستە بوو کە حەزیان بەوە دەکرد کوردایەتی هەروا دروشمێکی سیاسی بەتاڵ بێت و هیچ ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی – ئابووری کە هەڵقووڵاوی ئاستی پێگەیشتنی کوردەواری بێت لەخۆ نەگرێت ئەمەش خۆی لەقیادەی موەقەتەی (پدک)دا دەبینیەوە". (د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، ٢٠١١، ١٢٦-١٢٧). بۆ زانیاری پتر بڕوانە (عادل مراد، جريدة الاتحاد، ٣٧٣، ٢٠٠٠/٦/٩).

سەرەکیترین تیۆرییەکان سەبارەت بەشۆڕشیی ئەدەبیات بەپێی تایبەتمەندییە زمانییەکان لەلایەن ئەو گروپەوە هاتە ئاراوە کە ساڵی ١٩١٥ لە ڕوسیا پێکهات، هەنووکە زۆرجار وەک فۆرمالیستەکانی ڕوس باس لەئەندامەکانی ئەم گرووپە دەکرێت. (ڤیکتۆر شکلۆڤسکی) لەساڵی ١٩١٧ وتارێکی بەناوی (هونەر وەکو تەکنیک) بڵاوکردەوە و چەمکێکی نوێی هێنایە ئاراوە بەناو (ئاشنایی سڕینەوە) تیۆرەکە وابوو لە زۆرکردەوەدا تێگەیشتن دەبێتە پرۆسەیەکی خود بەخود و ئۆتۆماتیک، کە ئێمە گەلێ جار لێی بێ ئاگاین و بۆچوونی خۆمان لەشتەکان و پێوەندیی نێوانیان پشت گوێ دەخەین، زمانی شیعر دەتوانێت ئەم (خوو گرتووییە) تێکبدات و وامان لێ بکات تاکو لەشتەکان بەشێوەیەکی جیاواز و نوێ بڕوانین، ئەم کارە بەدەستی زمانی شیعری یان ئەدەبی دەکرێت لەپێناوی (نامۆبوون)، یان ئاشنایی سڕینەوە لەجیهانی ئاشنا و ناسراو. لەڕاستیدا ئەوە جیهان، یان شتەکان نین، کە دەگۆڕدرێن بەڵکو شێوازی تێڕوانین و شێوەی تێگەیشتنیان گۆڕانی بەسەردا دێت. (راجێر وێبستێر، ٢٠٠٦، ٧١-٧٢). ناڵێم و ناتوانم ئەوە یەکلایی بکەمەوە، کە (حەمە کەریم عارف) لەتەواوی دەق

و شـێوەی نووسـین و بیرکردنەوەکانیـدا لەنێـو (کـۆچی سـووردا) یـاخی دەبێت و شۆڕشێک لەنێو گوتاری شۆڕشدا بەرپا دەکات، بەڵام لەنێو هێز و دەسەڵات و خۆسەپێنی دەقی بەهێز پابەستە و مولتەزیمی ئایدیۆلۆژیی و حزبـی و نــاوچەگەرایی زاڵ و خۆسـەپێندا نیـیە، ئەو توانیـویەتی لەبیرکردنەوە لەنێو (نێوەڕۆک) دەربچێت و بەرەو (فۆرم) شێوەی نووسین و شێوازێکی جیاواز و دەقێکی جیاواز لەوانی دیکە هەنگاو بنێت، ئەمەش وایکردووە لەنێوان پاراستن و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان (نێوەڕۆک و فۆرمدا) خۆی لەئاشنابووەکانی ئەو سەردەمەی شۆڕشدا دەرباز بکات، کە لە (شێوەدا نویێ) و (لەنێوەڕۆکدا هەمان کۆنەکەیە بەر لەپێشەخۆیەتی).

لەم بارەیەوە دەگەڕێمەوە سەر تیۆرەکەی (شکلۆڤسکی) کە (دابڕان لەشتە نـا ئاشـنابووەکان) لەنێـو شـتە ئاشـنابووەکان لەخـۆ دەگرێت، لەم دەقەدا ئەم ئاراستەیە بەرجەستەکراوە. دەقێکی نائاشنا لەنێو کەشوهەوایەکی ئاشنا لەنێو شۆڕشدا بەرهەمهێنراوە. "تیۆری شکلۆڤسکی ئەلتەرناتیڤ و جێگرەوەی ئەو تێڕوانیانەیە، کە ئەدەبیات بەکانگا و سەرچاوەی بەها و هەقیقەتە هەرمان و جیهانییەکان دێنە ئەژمار. ئەدەبیات جۆرە کاریگەرێتییەکی زمانییە لەبوار و بەستێنێکی تایبەتدا و بەنیسبەتی جۆرەکانی مەعریفە یان گوتار بەرهەم دێت". (راجێر وێبستێر، ٢٠٠٦، ٧٤).

(پشـکۆ نەجمەدیـن) دوای چەنـدین سـاڵ دوای ڕووداوە سـەختە نـیمچە قێزەوەنەکان دەڵێت: "بڵاوکراوەی چیتر بێدەنگیی مومکن نییە! ئێمەی تووشـی سەرسوڕمان کرد و یەکێتیشی لەبەردەم ترسێکی چاوەڕوانکراودا هێشتەوە. سـەرکردایێتیی یەکێتـی و کـۆمەڵە وەخـۆ کەوتـن و بـارەکە گرژتـر بـوو. م. جەعفەر و سالار عەزیز ماوەیەک پاش ڕاگەیاندنی ئەم هەڵویستە گەڕانەوە ئێـران و لەسـنوور نزیـک کەوتـنەوە. زمـانی تێکسـتەکە زبـر و تێمـاکەی بـۆ یەکێتی جەرگبڕ بوو. ئەم تێکستە هەموو ئەو سیاسەتە نەشیاوانەی یەکێتیی بەسـەر کردبـوونەوە کە لەسـاڵانی ڕابـردوودا یەکێتـی جێبەجێـی کردبـوون. شـەڕی نێوخـۆ، مفـاوەزات، تیـرۆری شـارەکان، گومـان دروسـتکردن لەمەڕ

شەهید کاک ئارام، فەزای تۆقاندنی نێو ڕیزەکانی یەکێتی و کۆمەڵە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەم بڵاوکراوەیە بوون". (پشکۆ نەجمەدین، ٢٠١١، ٢٣٠). ئەم گوتارە ڕێک گوتارێکە لەنێو خودی گوتاری شۆڕشدا وەکو گوتارێکی ڕەخنەگرانە وابووە، دەقەکە وەکو خۆیان وەسفی دەکەن زمانێکی زبری هەبووە. گومانی دروستکردووە و یەکێتی تووڕە دەکات. گوتارێکی زبر کاردانەوەی گوتارێکی توندی زەبروزەنگ و تۆڵە و پاکسازیی و پاکتاوکردنی بەدوادا دێت. بێگومان ئەم گوتارەش دەرەنجامی دۆخێکی بارگاوی و گومان و پرسیارگەلێکی لەپێشینەن و پەیوەندییان بەجیاوازیی و ناکۆکی ئەو گوتارەوە هەیە، کە هێزێکی بەهێزی کاریگەر و خۆسەپێنی نێو کۆمەڵە (نەوشیروان مستەفا) پیادەی دەکات، بەرانبەر (هێزی گوتارێکی) دیکە کە (مەلا بەختیار و ژمارەیەک کادری دیکە پیادەی دەکەن) لەبنەڕەتدا گوتارێکی ڕەخنەگرانەی فکری و ئایدیۆلۆژی ناڕازیی و ڕەتکەرەوەی سیاسەتی فەرمی کۆمەڵە و یەکێتییە. ئەم ڕەتکردنەوەیە دەبێتە هۆکار بۆ بەرهەمهێنانی گوتارێکی نافەرمی و نهێنی و گەلالەنەبوو لەنێو گوتارێکی فەرمی شۆڕشی چەکدارانەی خاوەن هێزدا.

(کۆچی سوور) سڕینەوەی ئەو شتانەیە، کە بەناوی ئاشنابوون و زانین و خۆبەستنەوە بە پیرۆزییەکانی شۆڕش و ئەو مەبدەئانە وێناکراوە، کە مرۆڤەکان دەکاتە کۆیلە و پاشکۆ بە (بەرپرسەکان) و هەر (سڕینەوەیەکی ئەم ئاشنابوونە، نا دروست و گومانهەڵگر و نادروستانە) دەبێتە مایەی (بەرهەمهێنانی سزایەکی توند)، لەکاتێکدا ئەو وەسفی ئەوەمان بۆ دەکات، کە لەفۆرمدا (گوتاری شۆڕش گۆڕاوە، بەڵام لەنێوەڕۆک و کردار و نەریت و هەڵسوکەوت و سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی خودی شۆڕشەکە هەر وەکو خۆیەتی). ئەمە (سڕینەوەی ئەو ئاشنابوونەیە) کە (ژمارەیەک خەڵک لەپێناو بەدیهێنانی ئازادیی، ئازادییە کەسییەکانی خودی خۆیان دەسڕنەوە و لەنێو ئاشنایەتی بەدۆخێکی کۆمەڵایەتی دواکەوتووی پڕ لەسۆزی دوور لەعەقڵ و ویژدان، نائاشنابوونێکی پڕ لەگریمانە و گومان و نامۆبوون و

ڕەتکردنەوە دروست دەبێت، کە بریتییە لەبۆچوونە جیاوازەکانی گوتارێک لەنێو خودی گوتاری شۆڕشدا.

یاخیبوونی شۆڕشگێڕانە هەر تەنیا لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی و مافی قسەکردن نییە، بەڵکو بەپێی چەمکە نوێیەکان دەبێت (مافی داواکردنی داواکارییەکانیش بەشێوەیەکی ئازادانە) بگرێتەوە. شۆڕش بزاڤێکی یاخیبووانەی ڕەوایە، لەکاتێکدا لە کوردستاندا دوژمنی کورد ئەم وشەی (یاخیبوونەوە) بۆ کەمکردنەوەی بەهای شۆڕش و یاخیبوون و وەکو سوکایەتی و ناشیرینکردنی بزاڤی شۆڕشگێڕی لە کوردستاندا بەکاردەهێنا و بەبزاڤی کورد و شۆڕشەکەی دەگووت (یاخیبوون) واتە (شێتایەتی و کەمایەتی و تووڕەبوونێکی بێ بنەمای سیاسی و ئەخلاقی و تێکدەرانەوە و دەرچوون لە یاسا). لەکاتێکدا یاخیبوون بریتییە "لەڕزگاربوون لەدەسەڵاتی حکوومەتەکان، کە سنووری دەسەڵاتەکانی خۆیان دەبەزێنن و مافەکان پێشێل دەکەن، بۆیە لەسەردەمی نوێدا قورسە شۆڕش بەم شێوەیە پێناس بکەینەوە کە بایەخ بە ڕزگاربوون و ئازادی دەدات". (حنا اردنت، ٢٠٠٨، ٤٤). بۆیە کارێکی ئاڵۆزە پێناسەی یاخیبوون و شۆڕش بکرێت، کە لەم سەردەمدا پەیوەندییان بە (ڕزگاریی و ئازادیی بەیەکەوە) هەبێت، بەتایبەتی دەبینرێت شۆڕش پەنا وەبەر توندوتیژی و کوشتن و سڕینەوە و لەناوبردنی ئەندامەکانی خۆشی دەدات. ئەم یاخیبوونە شۆڕشگێڕییە دەگۆڕێت بۆ یاخیبوون لەنێو یاخیبوونێکی دیکەدا، یان بەدیهێنانی گوتارێکی ناڕازیی ڕەخنەگرانە لەنێو گوتارە گشتییەکەی شۆڕشدا.

بەڵێ کارێکی قورسە شۆڕش وەها پێناسە بکرێت، کە پرۆسەیەکە بۆ ڕزگاربوون و ئازادی. ئەوانەی بانگەشەی ئازادی دەکەن خۆیان بەناوی (ئاسایشی ڕێکخستن) و (پێشگرتن لە لەتبوون) هەموو سنوورەکانی ئازادی دەبەزێنرێت. لەسەرەتادا مەسەلەکە لەدەقەوە دەست پێ دەکات. یەکێتی لە گۆڤاری کۆمەڵە زنجیرەیەک وتار لەپێناو دەرخستنی ماهییەت و ئامانجەکانی بزووتنەوەی چەپ، یاخود بانچەپ وەکو ئەوەی کۆمەڵە

دەیبینێ بڵاوبکاتەوە. (مەلا بەختیار)یش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو وتار و بۆچوونانە بەنهێنی کتێبێکی نووسی و لەژێر ناوی (دژایێتیکردنی بانچەپ یان بزووتنەوەی کۆمۆنیستی؟)دا بڵاوکردەوە، ئەم کتێبە هێندەی تر سەرکردایەتی باڵادەستی کۆمەڵەی شڵەژان و نیگەرانی کردن". (پشکۆ نەجمەدین، ٢٠١١، ٢٣٤). تەنیا لەدرێژەی گێڕانەوەی ڕووداوە دراماتیکی و سەختەکانی ڕۆژانی گیرانی گروپەکەی (ئاڵای سۆرش) و بەدیلکردنیان دەڵێت "لەدیدی ئێمە ئەم بڕیارە و ئەم هەڵوێستەی کۆمەڵە، سیاسەتێکی کۆمەڵکوژییە و بەزیانی یەکێتی و بزووتنەوەکەش تەواو دەبێت". (پشکۆ نەجمەدین، ٢٠١١، ٢٤٧). بۆیە ئەگەر لەڕوانگەیەکی زمانەوانی، یان ئەرکی ڕاپەڕاندنی مەبەست و کار لەنێو بەکارهێنانی زماندا ئەم ڕستەیە لێکبدەینەوە ئەوە هەر "تەنیا نێوەرۆکێکی سادە ناگوازێتەوە، بەڵکو ئەرکی جیاوازی، بەپێی جیاوازیی دەوروبەر و پێگە هەمەجۆرەکەی ڕادەپەڕێنێت". (عبدالرحمن طه، ١٩٩٤، ١١). لەم ڕستەیەدا گریمانەی زیان کەوتن بە یەکێتی و بزوتنەوەکەش دەکرێت، سەرباری جەختکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کۆمەڵە دەیکات (کۆمەڵکوژییە)، ئەمە ئەرکی ڕاپەڕاندنی گەیاندن و پەیوەندیکردن لەبارەی (بڕیار لەبارەی کردارێک، هوشداری، ڕەتکردنەوە و پێشبینی و ئینجا نمایشی ئەو مەبەستەی دەیەوێت بیگەیەنێت... تاد) تێدایە.

لە (کۆچی سوور) لەسەر زاری (مێرەم) دایکی (سیابەند) بەئاشکرا و لەبەردەم خەڵک هاتووە: "هۆو خەڵک و خوا، دار و دیوار، عەرد و عاسمان، لەگەڵ ئێوەمە ها، دوایی نەڵێن مێرەمۆک پێی نەوتین! نەخەڵەتابن جارێکی دی ئەو گووە بخۆنەوە: سیابەندی مێرەمۆک خاین بوو... کوڕە فەقیر خاین نابێ نا! خوام لەو خوایە بیژەکانتان بە (رەنج)ە بلێن بابی خاین بوو. بەو کاکە حمەدی شێخە حەیا و ناموستان دەبەم. وەرنە دەرێ، وەرنە دەرێ.. هەی داوەشێن. غیرەت نەماوە! وای کە غیرەت بۆ بنیادەم شتێکی چاکە!". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٧٠). بەم جۆرە (فەقیر خاین

نابی) وەسفی پەیوەندیی نێوان (شۆڕش و هەژار و خیانەت) دەکات. لە قوتابخانە کە مامۆستا لە (ڕەنج) دەپرسێت باوکت لەکوێیە و چییە؟ منداڵە هاوپۆلەکانی دەڵێن (خاین بوو، کوژراوە). ئەمە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی (مێرەم) وەکو پەیام هەڵگرێک بە خەڵک بڵێت (سیابەند) خاین نەبووە، (فەقیر) خیانەت ناکات، ئەوەی خیانەت دەکات (بۆرژوا)کانن. "بۆرژواش تەنیا پشووی سەڵەفی- دووانی هەیە، پاشان با دەداتەوە کەندێ، گێر دەگۆڕێ و لە لۆفەی سازشکاریدا ١٢٠ قەپات دەکات و بای بای. جا بۆ خۆت هەر ئەو چۆرە ئاوەی بەر دەستتت لێڵ بکە. لێڵی بکە با لەبەر چاوی خەڵکی قووڵ بنوێنێ!". (حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢، ١٤٢).

چونکە لەکردەوەدا کردەی "ڕزگاریخوازیی بەرهەمەکەی پەیوەندی بە نەهێشتنی سەرکوتکردن و ماف و توانای هاتوچۆ هەیە، کە ئەمە هەقێکی مەرجداری ئازادییە". (حنا اردنت، ٢٠٠٨، ٤٤). لەکاتێکدا لەم دەقە هەستێکی ترسناک و پێشێلکردنێکی زەق دژی ماف و هەستی منداڵان لەژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی شۆڕش بەرجەستکراوە ئەویش گوزارشتی منداڵە هاوپلەکانی (ڕەنج)ە لە وەسفی سیابەند بە (خاین). واتە شۆڕش نەک هەر سەرکوتکردن و مافی هاتوچۆ دابین نەکردووە، بەڵکو بۆتە سەرچاوەش بۆ سوکایەتی بە (رەنج)ی منداڵیش. واتا ئازار و سوکایەتییەکە بەشێوەیەک کاریگەر و فراوان و شوێنبڕە و سەختە منداڵەکانیشی گرتۆتەوە.

ئێمە لەم شیکردنەوەیدا کار لەسەر ڕۆڵی ئەدەبی شۆڕشگێڕیی و پێگە و هێزی ئەدەبمان کردووە، کە چۆن نەک کاریگەریی لەسەر هاندانی جەماوەر و جۆشدانی هەست و نەستی شۆڕشگێڕیی دەبێت، بەڵکو دەبێتە هێزێکیش بۆ بیرکردنەوەی پێچەوانە لەنێو پرۆسەی بیرنەکردنەوە لەنێو خودی شۆڕشدا وەکو (لو ئێکسون) ئاماژەی بەڕۆڵی ئەدەبی شۆڕشگێڕی کردووە: "بەڵام دەترسم پسپۆڕانی ئەدەبیی، کە ئێستا گوێیان لەم قسانەی منە هەمیشە حەزیان لەوەیە بڵێن پەیوەندی نێوان ئەدەب و شۆڕش چەندە نزیکە. بۆ نموونە دەڵێن پێویستە سوود لەئەدەب بۆ بانگەشەکردن و پێشخستن و

هانـدان و گەشــەکردنی دۆزی شۆڕشــگێڕانە وەربگیرێـت و بەم شــێوەیەش شـۆڕش بهێنـرێتە ئاراوە. هێشـتا پێم وایە ئەم جۆرە ئەدەبیاتە هـیچ هێزێکـی نییە، چونکە ئەدەبیاتی باش هەرگیز پەیوەندی بەپەیڕەوکردنی فەرمانەکانەوە نەبـووە و هــیچ گرنگییەکــی بەم جــۆرە کاریگەرییەکــانە نەداوە. شــتێکە بەشـێوەیەکی سروشـتی لەدڵەوە سـەرچاوە دەگرێت ". (-https://lithub.com/lu xun-what-is-revolutionary-literature/ ). واتە ئەدەبی هەقیقی بەفەرمـان پێدان و جێبەجێ کردنی فەرمانەکان دروست نابێت، بەڵکو سـەرچاوەی داهێنان و فکرکـردنەوەیە. ڕۆمـان داهێنـراوێکە پەیوەنـدی بە ژیـان و فکـر و گەشـەکردنی کۆمەڵگە و بەرجەستەکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و نەریت و کەلتوور و گێـڕانەوەی بیرەوەریـی و تۆمـارکردنی هەسـت و نەسـتی خـودی مـرۆڤەوە هەیە، ڕۆمان لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا شتەکان دەگێڕێتەوە، تێکەڵە لەهەقیقەت و هێمـا و نیشـانە زمانەییەکـان، واقیـع و ئەفسـانە هاوسـەنگ و شـان بەشـانی یەکتر بەکار دەهێنێت. بۆیە لەڕێگەی ڕۆمانەوە دەتوانرێت دیراسـەی کـۆمەڵگە و ڕووداو و بـابەتە کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و دەروونییەکـانی سـەردەمێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەش بکرێت.

لەنێــو ڕۆمـــانی (کـــۆچی ســـوور)دا بەڕوونـــی ئەم فەلســـەفەیە ڕوونکـراوەتەوە، کە هەرچەنـدە شـۆڕشـی کوردسـتان (شـەر)ە و لەپێنـاو شەڕێکی ڕزگاریخوازیی بەرپابووە، بەڵام مـافی (هـاتوچۆی ئـازدانەی تێدا نیـیە، ئەنـدامەکانی ئەم شۆڕشــە مــافی گواســتنەوەیان لە فکــرەیەک بـۆ فکرەیەکی دیکە نییە، لەدونیـایەکی سیاسـی بۆ دونیـایەکی دیکەی سیاسـی ناتوانن پێگە و شوێن و بیروباوەڕی خۆیان بگۆڕێن و جیاواز بیربکەنەوە، چـونکە سـەرکردەکان هەمـان سـەر کـاروانی کـۆنی کلاسـیکین. سـەرباری ئەوەی نەک هەر سەرکوت دەکرێن لەڕووی فکریی و جەستەییەوە، بەڵکو لەنێویش دەبرێن و دەسـڕدرێنەوە و بە کوشـتن و شـوون بزرکـردن سـزا دەدرێـن. واتە دەتـوانین بڵێـین "گـوێزەرەوە (قسـەکەر) هەر تەنیـا کـارێکی تەکنیکی بەنـاوی نێرەر ڕاناپەڕێنێت، هەر تەنیـا هەواڵ نـاگوازێتەوە، بەڵکو

گوتاریش دروست دەکات، وەرگریش ئەرکی هەر تەنیا شیکردنەوەی هەواڵ نییە، بەڵکو ئەویش گوتار دروست دەکاتەوە" (عبدالرحمن طه، ١٩٩٤، ٩). مەبەستمان لەمە ئەوەیە لەنێو ئەم ڕۆمانەدا چەندین (قسەکەر و کارەکتەر و پاڵەوان) هەن سەرچاوەی گێڕانەوە و گووتنن، هەروەها خوێنەر وەکو وەرگر هەیە، سەرباری هەندێک (وەرگر) لەنێو خودی ڕۆمانەکەش ئامادەن بەشداری لەپرۆسەی گێرانەوە و گوێگرتن و لێکدانەوە و گفتوگۆ بکەن.

لەلایەکی دیکەدا هەندێک وا وەسفی ڕۆشنبیرانیان کردووە کە "کەسانێکن هەر پیشەیەکیان هەبێت، تێدەکۆشن بواری پسپۆرییان تێپەڕێنن و ئەرکیانە گرنگی بەو شتانە بدەن، کە لەکۆمەڵگەکەیاندا ڕوودەدات و بە گوتاریان و بەخستنەڕووی ڕاشکاوانەی بیروڕای گشتیان توانیویانە، یان دەتوانن کار بکەنە سەر گۆڕانی کۆمەڵگەکەیان و هەروەها سەر بزاوتی مێژوویش". (ڕامین جەهانبەگلو، ٢٠٠٩، ٣١).

ئەرکی ڕۆشنبیرە خوێندەوارەکەی نێو (کۆچی سوور) کە (مستۆ)یە تاکو ئاستی زانکۆ خوێندەواری هەیە و بیر دەکاتەوە و ڕووداو و بەسەرهات و شتەکان لێکدەداتەوە و (سیابەند) بەشێوەیەکی نزیک لە (فەلسەفە) و فکرێکی جیاواز لەوانی دیکە دەئاخڤێت و نوێنەرایەتی کەسێکی هوشیار و ڕۆشنبیر لەنێو شۆڕش دەکات دەبێتە قوربانی و ناتوانن هیچ گۆڕانێک لەنێو ڕەوشە گشتییەکەی شۆڕشدا دروست بکەن. لەکردەوەشدا لەنێو شۆڕشی چەکداریدا کارێکی زێدە قورسە ڕۆشنبیرەکان بتوانن (بۆچوون و فکرەکانیان بەسەر دەسەڵاتدار و فەرماندە و بەرپرسەکانی پێشمەرگە و سیاسییە خاوەن هێزەکانی پێشمەرگایەتی بسەپێنن)، چونکە واقیعی خەباتی چەکداریی و پرۆسەی بیکردنەوەی فکری لەهەندێک قۆناغ و کاتدا دوو کەتواری ناکۆک و نەگونجاو بەیەکترن.

(سارتەر) لەئاماژە بەکۆیلەبوونی نووسەر دەڵێت "کەواتە ئەو کاتەی هەست دەکەم ئازادی من پەیوەستە بە ئازادی خەڵکی تر و جیا نابێتەوە،

ناکرێت داوام لێبکرێت بەکاری بێنم بۆ کۆیلەکردنی هەندێکیان دژی ئەوانی تر. با نووسەر، نامەنووس، وتارنووس هەجوکار یان چیرۆکنووس بێت و باسەکەی لەمەڕ سۆزی تاکگەرایی دابێت یان هێرش بکاتە سەر سیستەمی کۆمەڵایەتی، لەهەموو حالەتێکدا پیاوێکی ئازادە و ڕوو دەکاتە خەڵکی ئازاد، تەنیا شتێک کە هەیەتی ئازادییە. نووسەرانێکم دیت پێش جەنگ لەقوولایی دڵیانەوە بانگەشەی فاشیزمیان دەکرد، هەر کە نازییەکان نازناو و شانازییان پێ بەخشین، سەرچاوەی زەینیان وشکایی هات. لەوانە لەبیرمانە بەتایبەت (دریو لارۆشیل) کە فریوی خوارد، وەلێ بۆ بانگەشەکەی خۆی دڵسۆز بوو، ئەم دڵسۆزیەشی سەلماند، پێش بەڕێوەبردنی گۆڤارێک بەئیلهامەوە کاری دەکرد، هەر لەیەکەم مانگەوە هەڕەشەی لەهاووڵاتیانی دەکرد و سەرزەنشتی دەکردن و ئازاری دەدان، کەس وەڵامی نەدایەوە، چونکە کەس ئەو ئازادییەی نەبوو بتوانێت وەڵامی بداتەوە". (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩، ١٢٥).

لە (کۆچی سوور)دا نووسەر ئازادی بەخۆی نادات سووکایەتی بەهیچ کەسێک بکات و بەجۆرێک وەسفی بکات کە شایانی نەبێت، تەنیا لەباسکردنی (دلێر و سەلام) کە بکوژی هاوڕێی پێشمەرگەکانی خۆیانن و بەکردەوە هەڵگری ئەو سیفەتانەن کە (سارتەر) ئاماژەی پێ دەکات، نووسەر هیچ دەسەڵاتێکی بەخۆی نەداوە لەخۆڕا و زیادە وەسفێکیان بکات، کە شیاوی نێو دەقەکە نەبێت. لە وەسفی (محموود)دا هیچ باسێکی زیادەی بێ مانا و ڕەزا قورس و دروستکراوی ساختەکارانە ناهێنێتە ناوەوە، کە بەدەستکرد و وێنەیەکی ساختە بچێت، کە شایانی ئاماژە پێکردن نەبێت. ئەو بەجۆرێک بینای ڕۆمانەکەی دارشتووە، ئەوانەی قسە دەکەن و گوتیارن خودی کارەکتەرە خەیاڵییە نیمچە هەقیقیەکانن قسە دەکەن و وێنا دەکەن و بیردەکەنەوە و وەسفی بابەت و کەسەکان دەکەن.

**گوتاری کۆچی سوور**

ئەمە وەکو کۆتایی نییە، بەڵکو سەرەتایەکی نوێی دیکە بۆ یاخیبوون لەو دەقەی پەیامی یاخبوونی لەنێو گوتاری شۆڕشێکی یاخیی دروستکردووە. هیچ دەقێک کۆتایی نییە و گوتاریش هیچ گاڤێک کۆتایی نایەت و دەکرێت بەردەوام لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت و بەپێی دەوروبەرەکەی بگۆڕێت.


**مەبەست لەنێو گوتاری (کۆچی سوور)دا چییە؟**

دەکرێت بەکورتی ئاماژە بەم خاڵانە بکەین:

خۆناسین کە دەڵێت: (ئازایەتی ئەوەیە پیاو خۆی بناسێت). مەبەستی ئەم گوتارە بەواتای یاخیبوون و نامۆبوونە لە (ونبوونی نێو خودی شۆڕشدا و نەبوونی ناسنامە و بەهایە) کەسەکان لەنێو گوتارێکی گشتگیردا تووشی نەخۆشیی توندڕەویی و سزا و کوشتن و کێشەی (ونبوون و لەدەستدانی ناسنامە و بزوبوون) هاتوون. شۆڕش لەجیاتی دروستکردنی ناسنامە و پێگە و کەسایەتی بۆ کەسەکان، تووشی لەدەستدانی (خۆناسینی) کردوون.

لایەنێکی دیکەی گوتاری ڕۆمانەکە چۆنیەتی وەسفکردنی دیاردەی (هەڵە و هەڵخەڵەتاندن و خۆبەستنەوەیە بە ئێرە).

لێرەدا (واتا وەکو بەرهەمهێنانەوەی دیاردە و شتەکان و شوێن پێویستە) و (فکریش وەکو بەکردەوە بەکارهێنانی دیاردە و شتەکان خۆی فەرز دەکات) و (عەقڵیش وەکو ئامرازی بیرکردنەوە لەچۆنیەتی بەکارهێنانی دیاردە و شوێن و شتە پێویستەکان) و (زمانیش دەبێتە گوزارشت لەپێناو ئاشکراکردنی دیاردە و شتەکان) و (گوتاریش پەیوەندییە نادیارەکانی نێوان دیاردە و شتەکان ئاشکرا دەکات و وێنایان دەکاتەوە) و (فەلسەفەش شیکاری شتەکانمان بۆ دەکات).




مەبەستێکی دیکە ئەوەیە کە دەڵێت: (کەی بێ ئێمە و مانانیش وا بێکەس کوژ بکرێین!). واتە لەنێو شۆڕشدا کەسانێک (بێکەس کوژ کراون و کوشتنەکەیان ئەنجام دراوە و کۆتایی هاتووە).

کاتێک شیکاری پراگماتیکی بۆ ئەم جۆرە دەقە دەکرێت، باشتر لە (مەبەست و واتا و دژە واتا و هاوواتا و فرە واتایی و شێوازی بەکارهێنانی زمان و ئەرکی زمان) دەگەین و ڕوونتر لەو دەوروبەرەش دەگەین، کە زمانی بۆچی تێدا بەکارهێنراوە. تێگەیشتن لەدەوروبەری بەکارهێنانی زمانەکە (هۆکار و بنەما و سەرەتاکانی دیاردە و شتەکانمان) بۆ ڕوونتر دەبێتەوە.

لەتەک ئەوەشدا ئەوەمان بۆ ساخ بۆتەوە، کە بۆچی لەنێو کاروانێکدا کە چارەنووسەکەی (فت بوونە) و (لەچیای هات و نەهات کائیناتیش دەربازی ناکات)، (یاخیبوونێکی ڕەخنەگرانەی ئەدەبی یاخیبوو) دروستبووە.

گوتارێکی ئەدەبی ڕیالیزمی هەقیقی و واقیعیی دوور لەشتی دەستکرد، بەڵام لەڕێگەی بەکارهێنانی خەیاڵ و زمانی ئاوس بە واتا بۆتە دەقێکی زیندوو. هێزی وشە و عەقڵ ڕێبەرایەتی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و خوێندەوەی پێشهاتەکانی ئەو ئەنجامە دەکات، کە کاروانەکە بەکردەوە بەرەو (فت) بوون دەچێت.

لە گوتاری (کۆچی سوور)دا هەندێک بنەمای پراگماتیکی لەڕێگەی بەکارهێنانی زمان بەدیهێنراوە وەکو: هێزی نواندن و نمایش، هێزی دەربڕین و گوزارشت، هێزی ڕاپەڕاندنی پێویستی بەدیهێنانی کردە قسە، هێزی گەیاندن و پەیوەندیکردن، هێزی لێکدانەوە و تێگەیشتن و شیکردنەوەی دیاردە و شتەکان، ئینجا هێزی بڕیار لەبارەی دیاردە و شتە ئاماژە پێکراوەکان وەکو ئەوەی (ئەمە شەڕە نەک شۆڕش)، (سەر کاروان نەفام و نەزان بن، نەک کەندێک سەد کەند پڕ دەکەنەوە).




لەهەمان کاتدا لەکردەی ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی مەبەست لەنێو گوتارەکەدا دەتوانین بڵێین چەند شتێک بەدیهێنراوە وەکو هێزی (گەیاندن، نواندن، بانگەشە، ڕەخنەگرتن، لێکدانەوە) ئینجا (کردەی تۆقاندن و کوشتن و لەناوبردنی جەستە و ونبوونی ناسنامە و جەستە.. تاد) بەدی دەکرێت.

لەگوتاری دەقی شاخدا ژمارەیەک بنەما و هۆکار و شێواز نەک هەر پێویستن بەڵکو وەکو شتی پیرۆز سەیر دەکرێن، لادان لێیان ڕەنگە بەجۆرێک لەیاخیبوون دابنرێت. گوتاری دەق مەبەستمان دەقی مولتەزیمە لەشاخدا پشتی بەم شتانە بەستووە: (شەهیدبوون، حەماسەت، ورەی شۆڕشگێڕانە، هاندان، بەرەنگاریی، تفەنگ، دروشمی زەق و کاتی، خۆ بەستنەوە بەبڕیارەکانی سەرکردایەتی، سەنگەر پیرۆزە، خیانەت هەقی لەناوبردنە، جاش پیسە و دەبێت بکوژرێت، پیرۆزکردنی تۆڵە، ئیعدامی شۆڕشگێڕانە، لادان خیانەتە، فکری جیاواز تێکدانە... تاد). لەکاتێکدا دەقی ڕەخنەگرانە جۆرێک لەڕەتکردنەوەی هەندێک لەم شتانە گوزارشت لێ دەکات، ئەگەر هەمووشیان نەبێت.

**پوختە و ئەنجام:**

- لەکۆتایدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی دەق هەیە ئاسانە و تەنیا لەگەڵ واقیع و دەوروبەری کات و شوێن و هەست و نەستی خوێندنەوەی خوێنەردا دەگونجێت و تاکو ماوەیەکی درێژیش کاریگەری دەمێنێت.

-هەندێک دەق هەن ئاڵۆز و فرە واتا و قورسن لەتێگەیشتن و لەگەڵ توانای فکری و شێوازی هونەری خوێنەر دەگونجێت، ئەمەش تاکو ماوەیەکی درێژ کاریگەریی لەسەر خوێنەر دەمێنێتەوە. هەیانە هەمان شێواز و ستایل و توانایە، بەڵام لەگەڵ دەوروبەری خوێنەردا ناگونجێت بۆیە تاکو ماوەیەکی درێژ لەنێو بیرەوەریی و گێڕانەوە و بیرکردنەوەی خوێنەردا نامێنێتەوە.

- دەق هەیە لەبەر فکرە زیندووە و کاریگەر و واقیعی و خەیاڵییە بەهێزەکانی لەنێو بیرەوەری خوێنەردا دەمێنێتەوە، هەشیانە بەپێچەوانە لەبەر لاوازی ئەو بنەمایانە زۆر لە بیرەوەری خوێنەردا نامێنێتەوە.

- هەندێک دەق لەبەر ئەوەی ڕووداوەکانی بێ فکرن و هەڵگری هیچ جۆرە بیکردنەوەیەک نین، ئەم بێ فکرییە وەکو کەموکورتییەکی زەق لەنێو بیرەوەری خوێنەردا دەمێنێتەوە، ئەم خاڵە لاوازە هانی خوێنەر دەدات بیر لەلایەنە گونجاو و کاریگەرەکانی پێکهاتەی دەق نەکاتەوە.

- دەق هەیە بەئاسانی تێی دەگەین و بۆ ماوەیەکی کورت، یان لەکاتی خوێندنەوەشدا لەبیری خوێنەر نامێنێت.

- دەق هەیە تێگەیشتن و لێکدانەوە و تێڕوانین و مەزەندەکردن لەبارەی ڕووداو و گێڕانەوە و خودی کارەکتەر و کاتەکانیشی قورسن، بەڵام بەزۆر لەنێو بیرەوەرییەکاندا دەمێننەوە، چونکە فکری خوێنەر مژول دەکات و وزەی بیرکردنەوە لای خوێنەر بەکار دەهێنێت.

- دەق هەیە کوتومت باسی کەتواری خوێنەر دەکات و کەسایەتی ئەو دەگێڕێتەوە و دۆخی دەروونیشی وێنا دەکات، بۆیە لەنێو مێشک و بیرەوەری خوێنەردا زۆر دەمێنێتەوە و ئەو مانەوەش بۆ زەمەن و کاتێکی درێژ کاریگەریی لەسەر خوێنەر دەبێت.

- هەندێک دەق بەهیچ شێوەیەک هیچ پەیوەندییەکی فکری و ڕۆحی و کەسی لەگەڵ کەسایەتی خوێنەر نییە، ئەمەش وەکو لایەنێکی نەرێنی پتر لەبیرەوەری خوێنەر دەمێنێتەوە و جۆرێک لەڕەخنە و پێشوازی نەکردنی تێدایە بۆیە پتر لەبیرەوەریدا دەمێنێتەوە، واتە مانەوەکەی پەیوەندیی بە نەگونجانی لەگەڵ توانا و دەوروبەر و فکری خوێنەرەوە هەیە، دژە دەق، یان دەقی دژە واقیعی خوێنەرە.

- دەق هەیە خودان فکری نەتەوەیی و سیاسی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینیی و کەلتوورییە، هەشیانە دژە خودانیەتی دەقی تێدایە. بۆیە ئەمەش بۆ ماوەیەکی درێژ لە هزر و بیری خوێنەردا دەمێنێتەوە.

- کۆچی سوور یەکێک لەو دەقانەیە بیرکردنەوەی قووڵ و قورسی تێدایە، خوێنەر بەرەو بیرکردنەوەی قووڵ دەبات، تێگەیشتن لێی ئاسان نییە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی هەمە لایەنی فکری و تەکنیک و داڕشتن و چۆنیەتی لێکدانەوەی بەکارهێنانی زمانەوە هەیە. تەکنیکێکی نوێیە لەچاو سەردەمی نووسینەکەی. من لەڕێگەی ناوی کارەکتەرەکانەوە دەتوانم بڵێم ئەم دەقە (لە کەرکووک دەست پێ دەکات و لەڕووداوەکانی نێو یاخسەمەر دەدوێت). ئەمەش وایکردووە بۆ زەمەنێکی زۆر لەبیر و لێکدانەوەی خوێنەر بمێنێتەوە. هەر ئەو هۆکارەشە وایکردووە دوای (٣٥) ساڵ لەبڵاوبوونەوەی ئەم دەقە، من جارێکی دیکە شیکاری گوتاری دەقەکە وەکو بابەتێکی ئەدەبی پەیوەست بە ڕووداوەکانی نێو خودی شۆڕشی چەکداری کوردستان بکەم، کە بۆ ئەو کات تەنیا دەقێکی ئەدەبی

ڕەخنەگرانە بوو، بەڵام بۆ ئەمڕۆ بۆتە دەقێکی مێژوویی ڕەخنەگرانە، یان ڕەخنەگرتن لە بەمێژووکردنی بابەت و ڕووداو و کارەکتەرەکانی نێو خودی شۆڕشەکە.

– گوتاری دەقەکە ئەم کاریگەرییە دروست دەکات لەهەموو دۆخێکی ئەرێنی و نەرێنیدا دەقەکە بۆ ماوەیەکی درێژ لەفکر و بیروەریی و بەکارهێنانی خوێنەردا بمێنێتەوە، چونکە گوتارێکی کاریگەر و داهێنەرانەی هەیە. هەندێک دەق، کە خاوەنی هیچ جۆرە گوتارێکی داهێنەرانە نییە ئەو کاریگەرییە دروست ناکات. کۆچی سوور بەهێواشی و دڕەنگەوە کاریگەریی لای خوێنەر دروست دەکات، چونکە دەقێکە لەگەڵ عەقڵ نەک سۆز دەئاخڤێت.

– لەبەر ئەوە تەمەنی دەق، پەیوەستە بەبنەماکانی ئەو پێکهاتانەی گوتاری دەقەکەی دروستکردووە. گوتاریش بریتییە لەبەکردەوە ڕاپەڕاندنی مەبەستێک، ئەم (بەکردەوە ڕاپەراندنە) دەبێتە مایەی دروستکردنی ماکی درێژمانەوەی دەق لەنێو فکر و خەزێنە و بیرەوەری مرۆڤەکاندا. هەندێک دەق بەزمان و تەکنیکێکی بەرز دەنووسرێن، بەڵام لەبەر ئەوی خودانی هیچ مەبەست و پەیام و گوتارێک نین، زوو وەکو منداڵێکی پەککەوتە لەنەشونما و گەشەکردن و پەیوەندیکردن بەدەوروبەرەکەی دەکەوێت و لەفۆرمێکی سەقەت، یان لاواز، یان تێکشکاو دەمێنێتەوە. دەقی گەشەکردووی ساخ و بەوزە و دوور لەنەخۆشیش خودانیەتی گوتارێک دەکات، کە دەکرێت لەهەموو سەردەمە جیاوازەکاندا لێکدانەوەی بۆ بکرێت، واتە بۆ هەموو سەردەم و دەوروبەرێک و کۆمەڵگایەک و مرۆڤێک، کە خاوەنی زمان و کەلتووری جیاوازیشە دەست بدات. (کۆچی سوور) (٣٥) ساڵە نووسراوە، بەڵام لای منی خوێنەر دەقەکە ئێستاش (پەیام و کردەی پەیوەندیکردن و ڕاپەڕاندنی مەبەست و بەدیهێنانی خواستە مرۆییەکانی تێدا زیندووە) ئەم زیندوویەتە دەقەکەی لەدەقێکی نمایشی سادەی

سەردەمێکی دیاریکراو گواستۆتە بۆ دەقێکی سەرچاوە ئامێز بۆ شیکردنەوەی مێژووی شۆڕش لە ١٩٧٦-١٩٩١ بەکاربهێنرێت.

- بۆیە دەق، کە دەئاخڤێت و بیردەکاتەوە و هەست دەکات و دەبێتە سەرچاوە و خۆی دەگێڕێتەوە، یان شتەکانی دەرەوەی خۆی دەگێڕێتەوە و پەیوەندیی بە کارەکتەرەکانی دەرەوەی خۆی لەکات و شوێنی جیا دەکات، ڕاشکاونە و بەردەوام دەبێت لەپرسیار و گریمانە دروستکردن، ئەمە واتای ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە کە دەق دەتوانێت پرۆسەیەکی بەردەوامی مرۆییانە بێت. ئەمە لەنێو دەقی (کۆچی سوور)دا هەست پێ دەکرێت.

- زمانی دەقەکە سادەیە و پڕە لەپەند و قسەی نەستەق، لەڕێگەی ئەم دەستەواژانەی وەکو ئیدیۆم بەکاری هێناوە خۆی لەگێڕانەوەی درێژ و شیکردنەوە و پێدانی زانیاریی زۆر و درێژدادڕی پاراستووە. واتە ئەو هەر بەتەنیا ئیدیۆمە کۆمەڵایەتی و کەلتووریی و فکرییەکانی تۆمار نەکردووە، بەڵکو (ئابووریانە) بۆ بەکارهێنانی کەمترین پانتایی و بەڕستەی کورت و دەربڕینی چڕ کردەی گەیاندن و پەیوەندکردن و لێکدانەوە و گێڕانەوەی شتەکانی لەچۆنیەتی بەکارهێنانی توانا زمانییەکان داڕشتووە. ئەمەش بەڵگەیە بۆ توانای ئەو نووسەرانەی چڕ دەنووسن و زۆر مەبەست و وێنە و واتا پێشکەش دەکەن، کە لەجیاتی خۆماندوو نەکردن بە داڕشتن و بەرهەمهێنانی دەقێکی دوور و درێژ، کارێکی زۆر و وزەیەکی زۆر بۆ چڕکردنەوەی گەیاندنی مەبەستەکانیان بەم شێوازە دەکەن. هەندێک پێیان وایە ئەم شێوازە بەرەنجامی خۆدزینەوەی نووسەرە لە درێژنووسین، یان تواناکەی هەر هێندە سنووری دەربڕین و گوزارشت دەبڕێت، نەخێر ئەمە لای من توانایەکی گەورەیە و نووسەر وزەیەکی زۆری بۆ نووسینی ئەم جۆرە شێوازە بەکارهێناوە و ئەمە نیشانەی دەسەڵات و هێزی نووسەر دەگەیەنێت لەنێو دونیای دەقدا.

- ئەم ڕۆمـانە باسـی مێـژووی شـۆڕش، نەک لەشـێوە و کرنۆلـۆجی کاتەکـان دەکـات، بەڵکـو شـیکاری ئەو مێژووەمـان بـۆ دەکـات، کە بـریتییە لەتۆمـاری ڕووداوەکـانی نێـو خـودی شـۆڕش لەسـەردەمێکی دیـاریکراودا. لەبیـر نەکەیـن گوتـاری ڕۆمـانی شۆڕشـگێڕی هەمیشـە مەیلێکـی بەهێـزی تێدایە بەرەو خۆبەستنەوە بەڕووداوەکـان، یـان باسـە مێژووییەکـان، یـان دوای کاتی نووسینی ڕۆمـانەکە دەبنە بـابەتێکی مێژووی هـاوچەرخی نێـو خودی شۆڕشەکە.

- گوتـاری ئەم ڕۆمـانە باسـی شـۆڕش نییە، بەڵکـو باسـی گوتـار و شـتەکانی نێـو خـودی شۆڕشـە. ئەو شـۆڕشـی وەکـو فـۆرم وەرنەگرتـووە، بەڵکو وەکو فکر و چەمک و ڕەفتار و نەریت و کردەوە بەکارهێنـاوە، بۆیە دەشـبینین گوتـاری ئەم ڕۆمـانە گوتـارێکی جیـاوازە لەنێـو خـودی گوتـاری سـەرتاسـەری شۆڕشـدا، ئەمەش وایکـردووە گوتـارێکی ڕەخنەگـرانەی ڕیالیزمیی واقیعی بەرهەم بهێنێت.

- چۆن دەمانەوێت شتەکان لەناکۆکییەکانی ناوەخۆیان بەتاڵ بکەینەوە، دەبێـت هەمـوو تایبەتمەنـدییەکی کـۆمەڵایەتی وەکـو (تـاوان، سـزادان، دادپەروەریی، ڕاستگۆیی، ئازادی، خۆشەویستی.. تاد)ش بەتاڵ بکەینەوە. (فریدریک نیتشە، ٢٠١١، ٤١) لەنێو دەقێکی وەهـا بەرجەستە بکەین، ئەگەر بەوردی شیکاری شـتەکان بکەیـن، ئەم چەمکـانە و زیـاتریش لەنێو دەقەکە بەخاوەن دەکرێنەوە.

- کۆچی سوور خۆ دووبارەکردنەوە نییە، بەڵکو بەردەوامبوونە. دەقێک لەسـەردەمی شۆڕشـدا نووسـراوە، دوای پتـر لە سـی و پێنج سـاڵ دەقەکە هێشـتا بەردەوامە، ئەمەش نیشـانەی داهێنـان و زینـدوویی دەقەکە دەگەیەنێت. دەقەکە لە ١٩٨٦ نووسراوە و ١٩٨٨ بڵاوکراوەتەوە، لە ٢٠٢٣دا بۆتە بەشێک لەگێڕانەوەی ڕووداوە ڕاستەوخۆکان و لێکدانەوە فکریی و کـۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نێـو خـودی شـۆڕش. واتە لەدەقێکی شـاهید

بەڕووداوەکانی کاتێکی دیاریکراو و تایبەت، گۆڕاوە بۆ دەقێکی مێژوویی و دەقی کاتە جیاوازەکان و گشتگیر، لەگێڕانەوەدا بەردەوامە، ئەم بەردەوامییە نیشانەی کۆن نەبوون و تەکنیکی کاریگەر و داهێنەرانەی دەقەکە دەگەیەنێت.

- خاوەنی گوتارێکی ڕیالیزمی واقیعیانەیە، دەقێکی یاخیبووە لەنێو یاخیبوونی شۆڕشدا.

- بۆ شیکردنەوەی ئەم جۆرە ڕۆمانە، پێویستە شارەزای بەرنامەی سیاسی و گوتاری سیاسی سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٦ حزبە کوردستانییەکان بین، کە هەندێکیان گوتارەکانیان هێندەی دژی حزبە کوردییەکان و ڕەخنەکانیان هێندەی سەرکوتی ئەوی دیکە بووە، هێندە بە ڕقەوە باسی دوژمن ناکات.

- ئەم ڕۆمانە نە بیرەوەرییە دوای ڕووداوەکان ڕەخنەی گرتبێت و شتەکانی نووسیبێتەوە، نە ڕۆمانێکی مێژووییە تاکو ڕووداوەکان وەکو خۆی تۆمار بکات، نەخێر ئەم ڕۆمانە تەکنیکێکی نوێ و دەقێکی ڕەخنەگرانەی ڕاستەوخۆیە لە خودی شۆڕش و لەسەردەم و لەنێو ڕووداوەکاندا نووسراوە، واتە ئەو کات دەقێکی ناڕازیی بووە، بۆ ئێستا دەقێکی ناڕازیی ڕەخنەگرانەیە و دەبێتە سەرچاوەیەکی مێژوویی بۆ لێکدانەوەی دۆخ و ڕەفتار و فکر و گوتاری ئەو کاتی شۆڕشەکە.

- ئەم ڕۆمانە کەش و زەمینەیەکی چەپخوازانە نووسراوە بۆیە ئاساییە بیری لە تەکنیکی (فرە کارەکتەریی وەکو فرە سەرکردایەتی و دیموکراسی ناوەندی کردبێتە) و پێی وایە دەبێت شۆڕشەکە بە (پرۆلیتاریزە) بکرێت و پێشمەرگە بەشێک بێت لە شۆڕش، نەک بۆرژوازیەت باڵا دەست بێت، من پێم وایە ئەم بۆچوونە چینایەتی و فکرییە کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی تەکنیکی (فرە کارەکتەریی) هەبووە. چونکە بەپێچەوانە شۆڕشی بۆرژوازی

خاوەنداریێتی تاک سەرکردایەتی و تاک ڕێبەر و تاک کارەکتەرەی واتە (یەک پاڵەوان و گوتیار) دەکات.

- ئەدەبی نامولتەزیم لەلایەن دەسەڵات و دامەزراوەکانی شۆڕش پێشوازی لێکراو نەبووە، چونکە لەکردەوەدا شۆڕش ئەدەبێکی مولەتزیمی ئاراستەکراوی جۆشدراوی ئایدیۆلۆژییە و بەتەواوی بەستراوەتەوە بە بەرژوەندییەکانی حزب. دەرچوون لەپێوەری بەرژەوەندی حزب و فەرمانی تاکڕەوانەی کەسەکان بە یاخیبوونێکی ئاژاوەگێڕانە دانراوە. ئەمەش لەکۆتایدا بڤە بووە.

- دوو دەقی (سەگوەڕ ١٩٨٢) و (کۆچی سوور ١٩٨٨) لەلایەن دوو پێشمەرگەی کەرکووکی دەنووسرێت، هەردوو دەق ڕووداوەکانی زیندان لە کەرکووک و دواتریش ڕووداوە سەخت و خراپەکانی نێو شۆڕش دەگێڕنەوە و خاوەنی گوتارێکی ڕەخنەگرانەی ئاشکران لەخودی شۆڕش و دوو تەکنیکی جیاوازن. هەردووکیان شۆڕش توورە دەکەن و خەڵک لێیان دەرەنجێت و ڕاپۆرتیان لەدژ دەنووسرێت. یەکەمیان دواتر لەلایەن (مام جەلال)ەوە بەرگری لێ دەکرێت و لەسزا و ترس دەپارێزرێت. ئەوەی دووەمیشیان کۆ دەکرێتەوە و دەسووتێنرێت. ئایا ئەمە ڕێککەوتە دوو ڕۆماننووسی کەرکووک گوتارێکی ڕەخنەگرانەی ئاشکرایان هەبێت؟ یان کاریگەریی و پەیوەندییان بەچۆنیەتی بەرهەمهێنانی ئەم دوو دەقە هەیە؟. هەر چییەک بێت، دوو دەقی کاریگەر و زیندوویان نووسیوە و دەقەکانیش شایانی لێکدانەوەن و خاوەنی تەکنیکی بەرزن.

- توندوتیژیش لەنێو شۆڕشدا کە (کۆچی سوور) و هەندێک لە بیرەوەرییەکان ئاماژەیان پێکردووە گەیشتۆتە ئاستی لەناوبردنی جەستە و پاکتاوکردن. کۆچی سوور ژینگەی شۆڕش بە (چڵکاو) ناو دەبات. توندوتیژیش هۆکاری (کەسی و شۆڕشگێڕانە و حزبی و کۆمەڵایەتی و تۆڵەکردنەوە و ڕق و کۆنەقینی.. ) هەیە. تۆڵەی

شۆڕشـــگێڕانه لەدژی حکــوومەت و لایەنه سیاســییه کوردییەکـــان و هەندێک کەسیش، که خۆیان پێشمەرگەن پیادەکراوه. تۆڵەکان (کەسی و حزبی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژین) و پاکتاویش (سیاسی و کەسی و کۆمەڵایەتی و ڕقی دەروونییه) و ڕقیش پەیوەندیی به حزب و کەس و پاشخانی کەسەکانەوه هەیه.

– ئەم ڕۆمـانه لەنێـوان واقیعـی هەقیقـی و گێـڕانەوەی خەیـاڵی دایه. شوێنەکان و هەتا کارەکتەرەکانیش دەکرێت وەکو کەسانی هەقیقی سەیر بکرێن، لەزۆر کەسی دیکه دەچن، لەکاتێکدا هەمووشیان کەسانی خەیاڵی دەســتکردی خــودی نووســەرن و شــوێنەکانیش لەتەک خەیاڵانــدنیان دەناسرێنەوه.

– ڕۆمـانێکی کـوردییه، لەزمـان و دۆخ و شـوێن و نەریـت و ڕەفتـاردا کـوردانەیه، خـاوەنی تەکنیکێکـی نـوێی ڕەخنەگـرانەیه، خـاوەنی فکرێکـی ڕوونه، بەشـێوازێکی هونەریـانەی نـوێ نووسـراوه. پشـت به گێـڕانەوه و گفتوگۆ و فره کارەکتەریی دەبەستێت.

پێش ڕووداوەکان، مەزەنده و ڕەچاوی ڕووداونـی کارەساتی نسکۆی خەبـاتی چەکداری کۆتاییەکـانی سـاڵی ١٩٨٨ی لەنێو شۆڕشـی چەکداری کوردســتانی عێراقــی کــردووه. دەتوانرێــت له ڕوانــگه و گۆشــەنیگای جیاوازەوه لێکۆڵینەوه لەم دەقه بکرێت، چونکه ڕۆمـان له ژیـان دەدوێت و ژیـانیش تەواوی پێکهـاته و بۆچـوون و نەریـت و ڕەفتارەکـانی مـرۆڤ و کۆمەڵگه دەگرێتەوه.

# سەرچاوەکان

ئارام سدیق، ناوونیشان لەچیرۆکی کوردییدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٩.

یاسر محمود عطیة، اصداء السیرة والفجوات الدلالیة، الهیئة العامة لقصور الثقافة، القاهیرة، ٢٠١٠.

ئاوات عبدالغفور، بۆ ئەوەی مێژوو وەکو خۆی تۆمار بکرێ، کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٠٣، ١٣-١٠-

ئیسماعیل تەنیا، ڕۆڵی ئەدەب لە شۆڕش و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا،هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠٢١.

ئەحمەد شەبانی، فەرهەنگی زانستی سیاسی،دانشگای کردستان، ٢٠١٠.

سابیر ڕەشید، ڕۆمانی کوردی لەشاخ، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە ٢٣، تەمووزی ٢٠٠٦.

ابراهیم محمد صادق عامر، التاصیل العملی لطبیعة الثورة وانواعها، جامعة بور سعید، کلیة التجارة قسم العلوم السیاسیة والادارة العامة، بدون سنة.

ادریس الدعیفی، اشکالیة الجسد: قراءن فی الخطاب الفلسفی، مجلة جیل العلوم الانسانیة الاجتماعیة، العام التاسع، العدد ٨٤، مارس ٢٠٢٢ .

ادریس الناقوری، لعبة النسیان، دراسة نقدیة، الدار العالمیة للکتاب، الدار البیضاء، ط،١، ١٩٩٥.

برنار فاليت، الرواية مدخل الى منهاج التحليل الادبى وتقنياته، ترجمة سمية الجراح،مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠١٣.
بنى ملال و محسن المحمدى، تصورات فلسفية متناقضة حول الجسد من مرحلة الاحتقار الى مرحلة الاهتمام به والتسليع، جريدة الشرق الوسط، الخميس، ١٩ مايو ٢٠١٦ .
البير كامو، الانسان المتمرد، ترجمة نهادر رضا، منشورات عويدات، بيروت، الطبعة الثالثة، ١٩٨٣.
پشكۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، بەرگی دووەم، چاپی سێیەم، ٢٠١١.
تشارلز تشادويك، الرمزية، ترجمة نسيم ابراهيم يوسف، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهيرة، ١٩٩٢.
ج. صادق، خەباتی چەكدار چۆن تێ ئەگەین؟ گۆڤاری كۆمەڵە، ژمارە ٥، هاوینی ١٩٧٩.
جمال على زهران، التحليل السياسى لتطور ثورة ٢٥ يناير، مركز الاستقلال للدراسات والاستشارات، القاهيرة، ٢٠١٣.
جون فوران، مستقبل الثورات، ترجمة تانيا بشارة، دار الفارابى، لبنان،الطبعة الاولى٢٠٠٧.
جەميل حمداوى، بنية النص السردى، من منظور النقد الادبى، المركز الثقافى العربى والطباعة والنشر والتوزيع، الدار البيضاء، ط٣، ٢٠٠٠.
چون كارل فلوجل، الانسان والاخلاق والمجتمع، ، دار الفكر العربى، بدون سنة.
حنه ارندت، فى الثورة، ترجمة عطا عبد الوهاب، مراجعة رامز بورسلان، المظمة العربية للترجمة، بيروت لوبنان، الطبعة الاولى، ايلول ٢٠٠٨.
حيدر محمود عمرو، الحركات السياسية الثورية فى صدر السلام، رسالة ماجستر، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، جامحة القاهرة، ١٩٨٥.
حەمە سەعید حەسەن، ڕۆشنبیر و دەسەڵات، بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەكەم، ٢٠٠٧.

د. احمد كريم بلال، الروئى الثورية فى القصة والرواية قراءات نقدية فى نماذج مصريه ١٩٨١- ٢٠١١، دار المنهاج للنشر والتوزيع، عمان، الطبعة الاولى ٢٠١٥.

د. ڕەحیم سورخی، شیکردنەوەیەکەی ڕەخنەیی گوتاری سیاسی ڕۆژنامەنووسیی کوردی (١٩١٨- ١٩٣٢)، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

د. ماهر الصراف، فلسفة الجسد، جريدة الدستور، جمعة ١٨ نيسان ٢٠١٤.

د. محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠.

د. ڕەشاد میران، ئینۆگرافیا و یەکێتیی ئێتنیکیی کورد، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

د. حبيب بوهرور، العقاب و خطاب المتخيل فى الرواية العاصرة، كلية الاداب والعلوم ، جامعة قطر، بدون سنه.

د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، مێژووی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ١٩٧٥-١٩٧٦، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چاپی دووەم ، ٢٠١١.

د. وریا عومەر ئەمین، پیتۆکەکانی زمانەوانی، دەزگای ئاراس ، هەولێر، ٢٠١١.

دومينيک مانغونو، المصطلحات المفاتيح لتحليل الخطاب، ترجمة محمد يحياتن، الدار العربية للعلوم ناشرون، الجزائر، ٢٠٠٨.

راجێر وێبستێر، تۆژینەوەی تیۆری ئەدەبی، وەرگێڕانی عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠٠٦.

ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێرنەکان، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

روجشر، بيروت، الموسوعة السياسية، عبد الوهاب الكيالى الموءسسة العربية للدراسات الجزء الاول ١٩٧٩.

روجى دوبريه، ثورة فى ثورة، ترجمة الياس سحاب، منشورات دار الاداب، بيروت، الطبعة السادسة، ١٩٨٣.

ژان پۆڵ سارتەر، ئەدەب چییە؟ وەرگێڕان مستەفا غەفوور، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، چاپی یەكەم، ٢٠٠٩.

سعيد سراج، الرآى العام، مقوماته وآثره فى النظم السياسى المعاصره، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٨٦.

سعيد هادف، مصطلحا السرد والخطاب، بين النظرية الغربية والنظرة اللغوية العربية القديمة، مجلة المبرز، ٢٠٠٢.

سعيد يقطين، تحليل الخطاب الروائى (الزمن، السرد، التبئير)، المركز الثقافى للطباعة والنشر والتوزيع، الدار البيضاء ، المغرب، ١٩٩٧.

سلمان العودة، اسئلة الثورة، مركز نماء للبحوث والدراسات، بيروت، ٢٠١٢.

سەباح ئیسماعیل، چەمك و ئیستاتیكای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر چاپی یەكەم، ٢٠٠٩.

شعيب حليفى، النص الموازى فى الرواية (ستراتيجية العنوان)، مجلة الكرمل، العدد ٤٦، ١٩٩٢.

عادل ضاهر، الشعر والوجود دراسة فلسفية فى شعر ادونيس، دار المدى للثقافة والنشر، سوريا، دمشق، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠.

عادل مراد، محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، جريدة الاتحاد، ٣٧٣، ٦/٩/.

عبدالرحمن طه، التواصل والحجاج، كلية الاداب والعلوم الانسانية الرباط، مطبعة المعارف الجديدة، رباط، ١٩٩٤.

عبدالقادر شرشار، تحليل الخطاب الادبى وقضايا النص، منشورات اتحاد الكتاب، دمشق، ٢٠٠٦.

عبدالله الغدامی، المرآة واللغة، المركز الثقافی العربی، الدار البیضاء، بیروت، ٢٠٠٦.
عبدالله توام، دلالات الفضاء الروائی فی ظل معالم السیمیائیة، روایة "الان... هنا او شرق المتوسط مرة اخری "لعبدالرحمن منیف نموذجا، رسالة دکتوراه، جامعه احمد بن بلة، وهران، کلیة الداب والفنون- قسم اللغة والاداب العربی، ٢٠١٦ .
عبدالله نیازی، الادب والثورة، الموءسسة العامة للصحافة والطباعة، بغداد، ١٩٦٩.
عبدالمالک اشبهون، عنوان فی الروایة العربیة، سوریة ، دمشق، طبعة الاولی، ٢٠١١.
عبدالمجید نوسی، التحلیل السیمیائی للخطاب الروائی البنیات الخطابیة- الترکیب- الدلالة، شرکة النشر والتوزیع المدارس، الدار البیضاء، ط١ ،٢٠٠٢.
عزمی بشارة، فی الثورة والقابلیة للثورة، المرکز العربی للابحاث السیاسیة، سلسلة دراسات واقراق بحثة، الدوحة، ٢٠١١.
علی بن حامد الجرجانی، التعریفات، تحقیق ابراهیم الانباری، دار الکتب العربیة ، بیروت، ط ٤، ١٩٩٨.
عومەر بچکول، سەختەڕێ لەچەمی ڕیزانەوە تا ترۆپک، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠١٨ .
عەبدولمتەلیب عەبدوڵڵا، سەگوەر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.
غازی حەسەن، گوتاری کۆمەڵایەتی لە رۆمانی تامەزرۆی خۆشەویستی (ئاسۆ حەسەن)دا، هەولێر، چاپخانەی تاران ٢٠٢٠ .
غازی حەسەن، سیمیۆلۆجیای گوتار لە نۆڤلێتی "ئەستێرەی ژەنیار"ی دڵزار حەسەن-دا، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٩.
غازی حەسەن، سیمیۆلۆجیای گوتاری ناوونیشانی کورتیلە چیرۆک "ئاوێنە" و "بۆنی ئەشکەوت"، هەولێر، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠.

غازی حەسەن، گوتاری سیاسی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمی کوردستان شیکردنەوەی پراگماتیکی، زانکۆی سۆران، فاکەلتی ئاداب، نامەی ماستەر، ٢٠١٦.
فريدريک نيتشه، ارادة القوة محاولة لقلب كل القيم، ترجمة محمد الناجی، دار افريقيا الشرق، ٢٠١١.
فاطمة الوهبی، المكان والجسد والقصيدة المواجهة وجليات الذات، المركز الثقافی العربی، الدارا البيضاء، المغرب، الطبعة الاولی، ٢٠٠٥.
ڤان دايک، توين، الخطاب والسلطة، ترجمة غيداء العلی، القاهره المركز القومي لترجمة، القاهره. ٢٠١٤.
كرين برينتن، ترجمة سمير الجلبی، مراجعة د. غازی برو، تشريح الثورة، الفارابی، ابو ظبی، طبعة الاولی، ٢٠٠٩.
گرووپێک نووسەر، چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی، وەرگێرانی ئازاد بەرزنجی، چاپخانە وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، هەولێر چاپی دووەم، ٢٠٠٦.
مامۆستا جەعفەر، بەخەونی گەورە کەوتینە رێ، بەرگی دووەم، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠.
مامۆستا جەعفەر، بەخەونی گەورەوە کەوتینە رێ، ، چاپخانەی تاران، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم ٢٠٢٠.
مجموعة، البوءرة الثورية والحزب الثوري مناقشات لموضوعات ريجيس دوبرية فی ثورة فی الثورة، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٠.
مجموعة، النقد الادبی الحديث، جامعة القدس المفتوحة، عمان، الاردن، ٢٠٠٨.
محەمەد حەمە باقی، ئەفسانە و ئەدەب چەپکێ بەرهەمی تەرجەمەکراو لە عەرەبی و فارسییەوە، وەرگێڕان، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، چاپی یەکەم

محەمەد موکری، سەگوەڕ، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی شەشەم، ٢٠٠٨.

مدحت الجبار، النص الادبی من منظور الاجتماعی، دار الوفاء لدنیا الطباعة والنشر والتوزیع، السکندریة، دون سنة.

مهدی عبیدی، جمالیات المکان فی ثلاثیة حنا منا، الهیئة العامة السوریة للکتاب، دمشق، سوریا، ٢٠١١.

میخائیل باختین، الخطاب الروائی، ترجمة محمد برادة، دار الفکر للدراسات والنشر والتوزیع، ط١، القاهیرة، ١٩٨٧.

میخائیل باختین، شعریة دویستفسکي، ترجمة: الدکتور جمیل نصیف التکریتي، دارتوبقال للنشر، الدار البیضاء، المغرب، الطبعة الأولی سنة ١٩٨٦.

میشیل فوکو ، نظام الخطاب، ترجمة د. محمد سبیلا، دار الفارابی، الطبعة الثانیة، دار الشویر، بیروت، ٢٠١٢.

مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەشی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، ٢٠١٠.

مەهدی ساڵح، ئەدەب و سیاسەت چەند وتارێکی ئەدەبی و سیاسی وەرگێڕدراو، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، چاپی یەکەم ، ٢٠١٢.

نضال فتحی الشمالی، قراءة النص الادبی، دار وائل للنشر والتوزیع، ط١، ٢٠٠٩.

نەوزاد عەلی ئەحمەد، ئایکۆنی بەرەنگاری لەهەردوو گۆڤاری (نووسەری کورد) و (نووسەری کوردستان)دا، بەشی کوردی کۆلیجی زمانی زانکۆی سلێمانی، نامەی دکتۆرا، ٢٠٢٢ .

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەرەم، سلێمانی.

نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناوبازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٨٤- ١٩٨٨.

هـاجر مـدقن، الخطـاب الحجـاجی انـواعه وخصائصـه، الطبعـة الاولـی، منشوارات الاختلاف، الجزائر، ٢٠١٣.
هەڤاڵ کوێستانی، ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠١٧.
ورده معلم، محاضرات فی مقیاس تحلیل الخطاب والسردیات (سردیات الخطاب)، مقدمة لطلبة ماجستر، جامحة ٨ مای ٤٥، ٢٠١٦.
ئەلبێر کامۆ، کۆبەرهەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەرێمی کوردستانی عیراق، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٣.
یوری کرازین، علم الثورة فی النظریة المارکسیة، ترجمة سمیر کرم، دار الطلیعة، بیروت، طبعة اولی، ١٩٧٥.

https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%B4%DB%86%DA%95%D8%B4
https://electricliterature.com/revolutionary-novels
https://www.encyclopedia.com/history/educational-magazines/literature-and-arts-revolutionary-era
( بسمة حسن، ما معنى اللون الاحمر، ١٥ نوفيمبر ٢٠١٨، الموقع المرسال،
https://www.almrsal.com/post/736568).
10 Novels about the Struggle for Revolution around the World
Chenoweth, Erica and Maria J. Stephan, 2011, Why Civil Resistance Works: The Strategic Logic of Nonviolent Conflict, New York: Columbia University Press, 2011
Clinton Lawrence Rossiter, The First American Revolution; the American Colonies on the Eve of Independence, New York Garcourt, Brace, 1956.
Finlay, Christopher J., "Violence and Revolutionary Subjectivity: Marx to Žižek", European Journal of Political Theory, 5(4): 373–397. doi:10.1177/1474885106067277, 2006, 19-52
Gregory Claeys and Christine Lattek, Nineteenth Century Political Thought, Edited by Gareth Stedman Jones and Gregory Claeys, Royal Holloway, University of London,2011 .
http://www.let.rug.nl/usa/outlines/literature-1991/democratic-origins-and-revolutionary-writers-1776-1820/introduction.php
http://www.let.rug.nl/usa/outlines/literature-1991/democratic-origins-and-revolutionary-writers-1776-1820/introduction.php
https://dictionary.cambridge.org/us/dictionary/english/revolution
https://electricliterature.com/revolutionary-novels
https://englishnotes07.wordpress.com/2019/09/19/polyphony-in-texts/
https://lithub.com/lu-xun-what-is-revolutionary-literature/ ).
https://ontology.birzeit.edu/term/%D8%A7%D9%84%D8%AB%D9%88%D8%B1%D8%A9

**https://www.almaany.com/ar/dict/arar/%D8%AB%D9%88%D8%B1%D8%A9**
**https://www.britannica.com/dictionary/revolution**
**https://www.collinsdictionary.com/us/dictionary/english/revolutionism#:~:text=noun,the%20state%20of%20being%20revolutionary**
**https://www.collinsdictionary.com/us/dictionary/english/revolutionism#:~:text=noun,the%20state%20of%20being%20revolutionary**
**https://www.dictionary.com/browse/revolution**
**https://www.encyclopedia.com/history/educational-magazines/literature-and-arts-revolutionary-era**.(
**https://www.hindawi.org/books/75174724/10/**
**https://www.macmillandictionary.com/us/dictionary/american/revolution**
**https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/us/definition/american_english/revolution**
**https://www.oxfordreference.com/display/10.1093/oi/authority.20110803100335937;jsessionid=4D0D974217F320A9E36FD03815CD5F81 ).**
**https://www.vocabulary.com/dictionary/revolutionism**
**Leon Trotsky,s Literature and Revlution, http://www.marxists.org/archive/trotsky/works/1924/lit_revo/index.htm (1 of 2) [22/08/2000 21:32:34]**
**Lu Xun, what is Revolutionary Literature, September 25, 2017, https://lithub.com/lu-xun-what-is-revolutionary-literature**
**Morkevicius, Valerie, 2013, "Why We Need a Just Rebellion Theory", Ethics & International Affairs, 27، , 2013, (4): 401–411. doi:10.1017/S0892679413000440**
**Nash, Gary B. The Unknown American Revolution: The Unruly Birth of Democracy and The Struggle to Create America, New York: Viking2005**
**Samual P. Huntington, Political Order in Changing Societies, New Havean: Yale Universtiy Press, London, 1968, seventh printing 1973, 264**

**Singer, J. David and Melvin Small, , “Correlates of War Project: International and Civil War Data, 1916-1992,” Inter-University Consortium For Political And Social Research (ICPSR), Institute For Social Research, University Of Michigan 1994: 5)**
**Stanford Encyclopedia of Philosophy, Aug 21, 2017, https://plato.stanford.edu/entries/revolution**
**Tomas Jefferson, The Leif and Selected Writings of Thomas Jefferson, Edited and with an Introduction, by Adrienne Koch and William Podern, New York, The Modern Library, 1994, P 117**
**Tomas Paine, The Rights of Man N,P: Everyman’s Library Edition, 1791**
**Wood, Gordon S., The Radicalism of the American Revolution, New York: Vintage, 1993**
**Zinn, Howard, , A People’s History of the United States, New York: Harper & Row**

ادب الثورة و ثورة طه حسين،

جاكلين لاغرى، هذا الجسد لى ام انا الجسد، ترجمة الحسين بوتبغة، **https://hekmah.org/%D9%87%D8%B0%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D8%AC%D8%B3%D8%AF-%D9%84%D9%8A-%D8%A3%D9%85-%D8%A3%D9%86%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D8%AC%D8%B3%D8%AF%D8%9F**

د. جميل حمداوى، صورة العنوان فى الرواية العربية، ندوة مجلة الكترونية للشعر المترجم، **https://www.arabicnadwah.com/articles/unwan-hamadaoui.htm).**

د. حسان حماد، فن الثورة وثورة الفن، ١٨ى نۆڤێمبەری ٢٠١٣، ڕۆژنامەی الاهرام، ژماره ٤٦٣٦٨، **https://gate.ahram.org.eg/daily/News/1007/59/243205/%D9%81%D9%83%D8%B1/%D9%81%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%AB%D9%88%D8%B1%D8%A9-%D9%88%D8%AB%D9%88%D8%B1%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%86.aspx**

د.رانيا الوردی، حوار مع حسن اللبان،الادب الثوری ودورة فی دعم الثوار والحراک الاصلاحی بالمجتمع، https://alresala-alarabiya.com/1188/
دلالة اللون الاحمر، https://e3arabi.com/arts-and-entertainment/%D9%81%D9%86%D9%88%D9%86/%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%86/%D8%AF%D9%84%D8%A7%D9%84%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%84%D9%88%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AD%D9%85%D8%B1/
رامین جەهانبەگلوو، ئەلبێر کامۆ و کۆمۆنیزم ، وەرگێرانی ڕەنج حەمە جەزا و دیار عەبدولباقی خەلیل، ١١ی ئایاری ٢٠٢١، https://jineftin.krd/2021/05/11/%D8%A6%DB%95%D9%84%D8%A8%DB%8E%D8%B1-%DA%A9%D8%A7%D9%85%DB%86-%D9%88-%DA%A9%DB%86%D9%85%DB%86%D9%86%DB%8C%D8%B2%D9%85/
سهیر السمان، روح الادب والثورة، ٣٠-١٢-٢٠١٤. الرآی برس، https://alraipress.com/news3705.html ).
سەباح ئیسماعیل، کتێبی تراژیدیای نووسەرای ڕووس بڵاوکرایەوە، http://kurdishbookhouse.com/ku/100-405/).
عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ، دنیابینیی لە چیرۆکی "تەنها حەوت هەنگاو"ی عەبدوڵا ئەحمەد سادقدا. ١٦-١-٢٠١٨، ماڵپەڕی پیام، https://payaam.net/ku/%D8%AF%D9%86%DB%8C%D8%A7%D8%A8%DB%8C%D9%86%DB%8C%DB%8C-%DA%86%DB%8C%D9%86%D8%A7%DB%8C%DB%95%D8%AA%DB%8C-%D9%84%DB%95-%DA%86%DB%8C%D8%B1%DB%86%DA%A9%DB%8C-%D8%AA%DB%95%D9%86%D9%87%D8%A7
عەبدولخالق یەعقووبی، ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی، ١١-٩-٢٠١٩، https://hawcharkh.net/11/09/2019/246/).

لماذا كانت النجمة الحمراء رمزا للجيش السوفيتى؟ حلم اى دولة له نجمة خماسية؟ علم نجمة خماسية، **https://kerchtt.ru/ar/pochemu-simvolom-sovetskoi-armii-byla-krasnaya-zvezda-na-flage/).**
محمد رشد، **http://www.diwanalarab.com/spip.php?page=article ).**
ميران الجوهرى، عوامل النهضة الادب فى العصر الحديث، ٢٣ نوفيمبر ٢٠٢١، **https://hadaarah.com/u/%D8%B9%D9**
نذير حنافى العلى، الشاعر والثورة .. عن "هاينرش هاينه" ونزعة للتغير، ٢٥-٦-٢٠٢١، **https://www.syria.tv/%D8%A7%D9%84%).**
نووردەین جاڤ، هونەر و شۆڕش، ٦ی ئابی ٢٠٢٢، **https://jineftin.krd/2022/08/06/%D9%87%D9%88%D9%86%DB%95%D8%B1-%D9%88-%D8%B4%DB%86%DA%95%D8%B4%EF%BF%BC**
ئۆلیڤەر هۆڵمز، چەمکی شۆڕش و پرسی مۆدێرن، وەرگێرانی وریا ئەحمەد، **https://www.negativegroup.org/item.php?id=257**
ئەردەلان عەبدوڵڵا، گرامشی فەیلەسوفێکی شۆڕشگێڕ، ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە، **https://www.rwangauraxna.com/detail.aspx?IDNews=7651**

# بەڵگە نامە

**(نان و ئازادی... مەلا بەختیاریش!**
**پشکۆ نەجمەدین**

مەلا بەختیارم، وەکو نووسەرێکی سیاسیی دیار و یادەوەرنووسێک مەبەستە، نەک سیاسەتمەدار و سەرکردەیەکەی لەهەموو سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ماندووتر! نازانم کێ بۆ یەکەم جار، دەستەواژەی "نان و ئازادی" و دابینکردنیانی بۆ نووسەران، وەکوو پێشمەرجی بەردەوامیی پرۆسەی داهێنانی نووسین و ئەدەب، بەپێویست زانیوە، بەڵام ئەوە دەزانم کە ئەم دەربڕینە، لەهەر دیدار و کۆبوونەوەیەکدا، لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیراندا، وێردی سەر زمانی مامجەلال بووە!

ئێستا با "نان" بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە، وەلا نێین، بەڵام ئازادی... ئازادیی نووسین و ڕادەربڕین، تاوڵی بەرهەمهێنانی تێکستە ناوازە و باڵاکان، ناکرێت دەستبەرداری ببین.

کتێبی "لەبری یادەوەری"، ڕەنگە لە ڕووی میتۆد، ستاییل، زمان و ڕێنووسەوە، تێکستێکی باڵا نەبێت، بەڵام لەکایەکانی نووسین و یادەوەرینووسیندا، بایەخ و پێگەی خۆی هەیە و نووسەر لەڕێڕەوی ئازادیی ڕادەربڕیندا، مافێکی سروشتیی خۆی هەیە! ئێستا سەرکردەیەتیی یەکێتی، بازنەی نووسین و ڕادەربڕینی لە مەلا بەختیار، بە سزادان، تەسک کردووەتەوە! یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەردەمی خەباتی شاخدا، هەرگیز نەیتوانی دروشمی "نان و ئازادی"، مەبەستم ئازادیی سیاسی و

بیر و بۆچوونە، دەستبەر بکات و کارەساتی بۆ تێکۆشەرانی ئەم پێناوە، ساز کردا!

ئێستا، لە سەردەمی حووکمڕانیی شاردا، هەق وا بوو، ئەم سەرکردەیەتییە نوێیە، بەفراوانکردنی بازنەی ئازادییەکان، لە هەوڵی سڕینەوەی ئەو پەڵە ڕەشانەی مێژووی یەکێتی بێت، نەک لە کرداردا، جەختیان لەسەر بکاتەوە!

ئەوی مەلا بەختیار، لەگێڕانەوەی مێژووی یەکێتی و کۆمەڵەدا، لەدووتوێی "لەبری بیرەوەری"دا تۆماری کردوون، تەنیا خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە بۆ مێژووی یەکێتی و بە نەفەسێکی یەکێتییانەش نووسیویەتی!

دەبوو لەبری مەلا بەختیار، لیژنەیەکی پسپۆڕی مێژوووناس، بە فەرمان و چاودێریی سەرکردەیەتیی نوێی یەکێتی، خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بۆ ئەو مێژووە کردبا، کادران و ئەندامانی خۆیان و خەڵکیشیان، لە دووبارەنەبوونەی ئەو سیاسەتە دژە ئازادی و دیموکراتییەی ئەوێ ڕۆژێ، دڵنیا بکردنایەتەوە!

پێم وا نییە، مەلا بەختیار، لە کتێبەکەیدا، شتێکی زیاتری لەو یادەوەرنووسانەی کە مێژووی کۆمەڵە و یەکێتییان خوێندووەتەوە، نووسیبێت. بۆیێ "لەبری یادەوەری"ی مەلا بەختیار، نە ئەو هەڵا بێمانایەی بزووتنەوەی گۆڕانی گەرەک بوو، نە سزادانی لە ماڵی یەکێتییەوە! لە کۆبوونەوەی سەد و بیست ئەندامی سەرکردەیەتیی یەکێتیدا، ئەگەر پەنجا دەنگێک، دژ بەو بڕیارە نەبووبێت، ئەوە بۆ داهاتووی یەکێتی، ئاماژەیەکی پڕ مەترسییە !). (پشکۆ نەجمەدین، لەهەولێرەوە.

https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=182054

# ڕونکردنەوەیەک لە بزوتنەوەی گۆڕانەوە
# بۆ رای گشتی کوردستان:

دوای بڵاوبونەوەی کتێبی (لەبری بیرەوەری) مەلا بەختیار، کە کۆمەڵێک تۆمەت و بوختان و حیکایەتی بێ بنەمای داوەتە پاڵ ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا، کە مێژوو سەلماندویەتی یەکێک بوە لە ڕابەرە هەرە دیارو کاریگەرەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان و قەڵەمێکی بەبڕشت و ڕاستگۆی دنیای ئەدەب و فکر و ڕۆشنبیری و سیاسەت بووە، لەمیدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا خەڵکی ڕاستگۆو پێشمەرگە دێرینە تێکۆشەرەکان و شاهید حاڵی ڕوداوەکان وخەڵکانی دڵسۆز و بەئەمەک، ئەم حیکایەتە ساختەی ناوەڕۆکی کتێبەکە و چاوپێکەوتنەکەی ناوبراویان لە کەناڵی روداو پێ قبوڵ نەکراو، هەر یەکە بەشێوازی تایبەتی خۆی، هەوڵی ڕاستکردنەوەیان دا.

نەوشیروان مستەفا یەکێکە لە رابەر و سەرکردە گەورەکانی میلەتەکەمان و لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، خەمخۆرانەو راستگۆیانەو خۆنەویستانە، کاری بۆ ئازادی و عەدالەت و رزگاری کردوە. ئەو چ لە قۆناغی شاخدا، وەک سەرکردەیەکی کارامەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵە، وەک ئەندازیار و رابەری راپەڕینی ١٩٩١، وەک پلاندانەری پرۆسەی ئاشتی و ڕێکەوتنەکانی نێوان دوو هێزی شەڕکەری یەکێتی و

پارتی، وەک کەسایەتیەکی سەرەکی لە گفتوگۆکانی دوای راپەڕین و دوای روخانی رژێمی بەعس و نوسینەوەی دەستور و پەیکەری نوێی عێراق، وە چ لە قۆناغی دامەزراندن و بەرێخستنی بزوتنەوەی چاکسازی و گۆڕانخوازی، بزوتنەوەی گۆڕان، هەمیشە لە خەمی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دیموکرات و مۆدێرندا بوە لەسەر بنەماکانی عەدالەت و رێز لە مافی مرۆڤ. بۆیە وەستانەوە بە روی ئەو چەواشەکاری و ناڕاستی و بوختان و حیکایەت داتاشینەی مەلا بەختیار و هاوچەشنەکانی، کە دەیانەوێت لەپاڵ باسکردنی مێژوویەکی ناڕاست و خەیاڵپڵاوانەی خۆیاندا، لە پرۆژە فکری و سیاسیە گەورەکەی بدەن و پەرێزی خۆیان لە دادگای گەل و مێژوو و ویژداندا پاکبکەنەوە، بە ئەرکی هەمو مرۆڤێکی راستگۆ و بەویژدانی ئەم نیشتمانەی ئەزانین، چونکە جورئەتکردن و نەسڵەمینەوە لە هۆنینەوەی کۆمەڵێک بوختانی بێبنەماو تەشهیرکردن بەسەرکردەیەکی دەستپاک و مێژوو پاکی وەک نەوشیروان مستەفا، وە خۆنەپاراستن لە بێڕیزی کردن و ناوزڕاندنی کۆمەڵێک کاراکتەری سەربازی و سیاسی میلەتەکەمان لە قۆناغەکانی رابردودا، سەرەتایەکی مەترسیدارە گەر روبەروی نەوەستینەوە.

ئێمە وەک بزوتنەوەی گۆڕان، وێڕای دەستخۆشی و پێزانینمان بۆ خەمخۆرانی نەوشیروان مستەفا و مێژووە پڕشانازیەکەی و خەباتی هاوسەنگەر و هاورێیانی، لەهەمانکاتدا رایدەگەیەنین کە بزوتنەوەی گۆڕان و هەموو گۆڕانخوازان و کەسانی دڵسۆز و راستگۆو خەمخۆری نیشتمان، بەهەموو توانایەکەوە، ئەو هەوڵە ریسوائەکەن و بەرپەرچی ئەدەنەوە، هەم لەرێگەی خستنەروو و دەرخستنی راستیەکان و هەمیش لە رێگای ئەو هەموو بەڵگانەی لەبەردەستدا هەن و لە ئایندەیەکی نزیکدا بڵاوئەکرێنەوە.

دواجار دەبێ ئەو راستیە بزانین، کە ئەو رقە پەنگخواردوەی مەلا بەختیار، تەنها پەیوەست نیە بە مێژووەوە، بەڵکو بەشێکە لە هەڵمەتەکانی دژ بە بزوتنەوەی چاکسازی و پرۆسەی ریفۆرم و عەدالەتخوازی. بۆیە بە ئەرکێکی سیاسی و ئەخلاقی خۆمان و هەمو دڵسۆزان و هاورێ و یاوەرانی کاک نەوشیروانی ئەزانین، لە دەرفەتێکی نزیکدا، کۆی چەواشەکاریەکان بۆ خەڵکی کوردستان و مێژوو رونبکەینەوەو راستی نیەتی مەلا بەختیار دەربخەین.

**بزوتنەوەی گۆڕان**

**٢٠٢٠/٩/٢١**

(بزاتنەوەی گۆڕان وەڵامی مەلا بەختیار دەداتەوە، ویستگەنیۆز،

**https://www.westganews.net/dreja.aspx?=hewal&jmara=92029&Jor=1**

ANI The Central Organ of the Iraqi Kurdistan Fron

## ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

١ ـ ئەبو بەکر خۆشناو
٢ ـ ئیدریس چەلکی
٣ ـ ئازاد جندیانی
٤ ـ ئەرسەلان بایز
٥ . ئیسماعیل هاجانی
٦ ـ ئیسماعیل مستەفا
٧ ـ ئیسماعیل ئیبراهیم بادی
٨ ـ ئەحمەد قەرەنی
٩ ـ ئەبو بەکر شاخی
١٠ ـ دانا سەعید سۆفی
١١ ـ هەڤاڵ کوێستانی
١٢ ـ هۆشەنگ
١٣ ـ هشیار ڕێکانی
١٤ ـ حسین بەفرین
١٥ ـ حەسەن نووری
١٦ ـ حەکیم مەلا سالح
١٧ ـ حازم هابانی
١٨ ـ حەکیم عەبدوللا
١٩ ـ طیب دەشتانی
٢٠ ـ تەها مانی
٢١ ـ کاکڵ حەسەن
٢٢ ـ کەریم کاکە
٢٣ ـ کەمال ڕەئوف هەنجیرە
٢٤ ـ کامیران بەرواری
٢٥ ـ کرمانج هەکاری
٢٦ ـ سەرۆ
٢٧ ـ سەعد عەبدوللا
٢٨ ـ سەید ئەحمەد حمە لاو مستەفا
٢٩ ـ محەمەد حەمەباقی
٣٠ ـ محەمەد ئەمین محەمەد سالح
٣١ ـ محەمەد ئوسمان
٣٢ ـ محەمەد مەلا قادر
٣٣ ـ عەبدوللا قەرەداخی
٣٤ ـ عیسمەت محەمەد بەدل
٣٥ ـ عەبدولسەلام عەلی میرازا
٢٦ ـ شەمال عەبەڕەش
٣٧ ـ شەمال
٣٨ ـ شێخ محەمەد بالەك
٣٩ ـ فەلەکەدین کاکەیی
٤٠ ـ فۆاد سورخی
٤١ ـ فەوزی محەمەد گیادین
٤٢ ـ نەجیبە ئەحمەد
٤٣ ـ نورەدین تەها بەرواری
٤٤ ـ نورەدین سەعید
٤٥ ـ جەمیل سندی
٤٦ ـ جەوهەر کرمانج
٤٦ ـ ڕێبوار
٤٧ ـ ڕێکار ئەحمەد
٤٨ ـ ڕەمەزان عیسی
٤٩ ـ قەچاغ

## دیلانی مرۆڤ دۆست و شیعرێکی بڵاونەکراوەی

• ڕاستی •

کوردی کورد محمە د سالح دیلان (



وەفدی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دیدەنی

بەرەی کوردستانی

الجبهة الكردستانية

ۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردستانی ● زمارە (٢) خولی دووەم سالی (٤) تشرینی یەکەم ١٩٩١ ● نرخی

# ە ژێر ئاڵای ئازادی دا ئەدیبانی کورد کۆنگرەی «ڕاپەڕین»د

شەقلاوە ـ کوردستان

کاتـی دەی سەر لە بەیـانـی ڕۆژی سێ
١٥/١٠/١٩٩١ لە ژێـر ئاڵای ئازادی و برایە
کوردستانیدا کۆنگرەی «ڕاپەڕین» ی یەکێتی ئەدیب
شەقلاوەی خنجیلانەو شاددا بەسترا و ڕابەرانی س
سیاسی حیزبەکانی نێو بەرەی کوردستانی ئامادە

★ مەسعود بارزانی و فەرمنسۆ هەریری پارتی
کوردستان

★ دکتۆر فۆاد مەعصوم و کادر حاجی عەلی کۆسر
کوێستانی «یەکێتی نیشتمانی کوردستان».

★ سامی عەبدولرەحمان «پارتی گەلی دیموکراتی

★ عەبـدوڵلا ئاگـرین پارتی سەربـەخـۆیی و
کوردستان ـ پاسوک» .

★ کەریم ئەحمەد حیزبی شیوعی عیراقی هەرێمی

★ مامۆستا سەعد : حیزبی سۆسیالیستی کوردس

★ ئەبو بەکر خۆشناو: حیزبی زەحمەتکێشانی ک

★ یوسف بطرس : بزوتنـەوەی دیمـوکـراسی ئ

## کارگێڕی سەرکردایەتی سیا
## کوردستانی ئەم دووانەی

دیسان بۆ جارێکی دی لەسەر سنوری نێوان ع
کارەسـاتی دڵتـەزێن ڕوو دەدات و ڕۆژی ١١
فرۆکـەکـانی حکـومـەتی تورکیـا ناوچـەکانی
وشۆردوگـای پیکـوفەو چوار گوندی بەخشی
ڕۆژی ١٢/١٠/١٩٩١ هەمان کردەوە لە ئۆردوگا
سوری و دووگـونـدی دی دوویـات بووەو بەه
زیـانێکی زۆری سـەروسـامـانی لەخەڵکی هەزار
ناوچـەکـەداو وەچـەندین ژن ومناڵ ومناڵ وپیرو
شەهیدو برینداركەوت.
لەکـاتێکدا سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستان
ئەو کارە نارەوایە ئیدانە دەکات و بەکارێکی نامرۆڤانە
لەهەمان کاتدا داوا لەدەوڵەتی تورکیا دەکات کە
بیـانویەك خەڵکی بێ گوناهی کوردستان بۆمباران
لەهەمان کاتیشدا داوا لەئەنجومەنی

## بانگەواز پەند لە مەزنی گەل وەرگرین

فەرهـەنـگ و مێژووی سیاسی و سەربازی گەلانی
: ئەو ڕاستیە سەلماوە: شۆڕش لە ئەنجامی کۆمەڵێ
مەرج وبنـەمـای بنچینـەیی پتەو بەرپا دەبێت.
ێنیـان چەوسـانەوەی مرۆڤە لە ڕووی سیاسی و
ی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یە.
ش واتە: گۆڕانکاری نوێ لە بوارە جیا جیاکانی
گەلدا. شۆڕشی کوردستـانیش لە ئەنجامی زوڵم
هەڵوێستی بێ بەزەییانەی ڕژێمە یەك لە دوای
ی عیراق بەرپا بووە و چیا و نشێو و دارو بەردی
ان بە خوێنی ئاڵ و پاکی سەدان هەزار ڕۆڵەی
ی سوور کردوە و ڕۆڵەکـانـی گەل (خـەڵکی
) لە ماڵ و خانەی باوانیان هەڵکەنران. ئاوارەو
ی وڵاتان بوون. ئەمە جگە لەوەی هەزارانیشی لێ
شوێن کران وبـەزەبری وەشاندنی کیمیاوی و
ناوەکان سەرەونگون کران..
رلەوەی شۆڕش کات، نە شارو شاروچـکـەو
کاول وێران کرا بوو، نە ئاوارە و دەربەدەریش
ەوانـە ئاکـامی شۆڕشـە نەك ئامـانجی واتـە:
ەك هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕش.. کەواتە گەر
پەیپێی عەقڵی سەردەم چارەسـەری کێشەی
بکـرێـت، دەبـێـت چارەی هۆی سەرەکـی
بکرێت.. گەل بەئازادی بژی، دوور لە هەموو
ـانـدنـەوەیـەك کوردیش لە سەر خاکـی
ی بێ وەیی و دوور لە هەرە شەو تۆقاندن
وشتن بێ و وەك مرۆڤێکی سەردەم بژی.
نـی کوردستـان بەرابـەرایـەتـی بەرەی
وهـاریکـاری ڕۆڵە دڵسـۆزەکـانی گەل ئەو
راو وەبەر چاو گرتووە و هاوکار بێ هیچ لە
هەمیشە باوەشی ئاشتی وبرایەتی بۆ ئەوانە
ڕاستی و بێ چاووراو دەیانەوێت بە زمانی
و عەقڵ و دوور لە بەکار هێنانی چەك و
ارەی کێشەکەیان بکەن.
هەڵوێستی بەرەی کوردستانی هێزی گەل